١٢٣٤

وەشانی
٢٠٢٤



# فەرهەنگی شاسوار

## وێنەدار

فەرهەنگی پێنج زمانەی کوردی، ئینگلیزی، نەرویجی، عەرەبی، فارسی
کۆی ئەو وشە و پەراوێزانەی گرتوتە خۆی کە
**سیامەند شاسواری**
لە هۆنراوە و نووسین و وەرگێڕانەکانیدا بەکاری هێناون

سرشناسه : شهسواری، سیامند، ۱۳۳۵ ـ

عنوان و نام پدیدآورنده : فەرهەنگی شاسوار، فەرهەنگی وشە و پەراوێز. / سیامەند شاسواری

مشخصات نشر :

مشخصات ظاهری : تهران، توکلی، ۱۴۰۰ ـ

شابک : ج.: مصور (رنگی) ؛ ۵/۱۴ x ۵/۲۱ سم.

وضعیت فهرست نویسی : 978-964-5821-89-8 : دوره؛ 978-964-5821-90-4 : ج.۱

یادداشت : فیپا

موضوع : کردی.

موضوع : کردی ــ واژەنامەها

ردەبندی کنگره : Kurdish Language ــ Dictionaries

ردەبندی دیویی : PIR۳۲۵٦

شماره کتابشناسی ملی : ۳/ک۹فا ٤

اطلاعات رکورد کتابشناسی : ۸۵۳۲۸٤۷

: فیپا


# فەرهەنگی شاسوار

## بەرگی یەکەم


دانەر: سیامەند شاسواری

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ۱٤۰۰ (۲۰۲۱ زایینی)

چاپەمەنی: تەوەکوولی

تیراژ: ۱۰۰۰ دانە

پیتچن: سەردار

چاپ و صحافی: مشکی

شابک دوره: ۸ ـ ۸۹ ـ ۵۸۲۱ ـ ۹٦٤ ـ ۹۷۸ ISBN: 978-964-5821-89-8

شابک ج ۱: ٤ ـ ۹۰ ـ ۵۸۲۱ ـ ۹٦٤ ـ ۹۷۸ ISBN I : 978-964-5821-90-4



تهران- خیابان انقلاب، روبروی دانشگاه تهران، مجتمع فروزنده، شماره ۲۲۵

تلفن: ۰۲۱-٦٦۹۵٦۹۲٦ فکس: ۰۲۱-٦٦۹۵۷۰۸۹

E-mail: tavakolipublications@yahoo.com



ئ ب پ






کوردی
سیامند شاسواری


شیرکو بیکەس
اینک دختری میهن من است
صندلی


کەلیدەر
فەرهەنگۆك
ئەسپەندەر
ژیگ
بزنمژە
پەردەنیگار
تەختی دێو
ناوگۆرك
تاوڵەمە
قەقنەس
سەمەنی
قورسی
هێمای دەستی ئوبولفەزل
تاغ



ئەفغانستان
قوچان
Quchan
Dushak
Miana
Chenaran
Sarakhs
سەرەخس
Torghabeh
مەشهەد
مشهد
Mashhad
Neyshabur
نەیشاپوور
Sabzevar
سەبزەوار
Binaloud
Malekabad
کەلیدەر
تاغی
Farhadgerd
فەریمان
Fariman
Torbat Heydariyeh
Dolat Abad
تورەت
Kashmar
کاشمەر
Bardaskan
Abdol Abad
Torbat Jam
Nil Shahr
Rashtkhar
Feyz Abad
Kariz
تایباد
Taybad
Salami
Islam Qala
Nashtifan
Gonabad
Ghasem Abad
Sangan
Kakhk
Islamiyeh
Ferdows
Ayask
Sarayan
Qaen
Esfeden
Hajiabad
Sah Deh
بیرجەند
Birjand

ڕافەی وشە بە زمانی کوردی

هاوواتاکان

جۆری ڕێزمانی وشە [ناو]

پۆلبەندی بوار و کەوشەنی ووشە

ڕاستەوخۆ واتای ئینگلیزی هاتووە

ژمارەی واتای وشە

وشەی واتاکراو

**کالەک:**① cantaloupe [ناو] کاڵەکی زەرد، میوەیەکە لە تیرەی هاروێ و کەدوو، وەکوو گرکەیە و گەورەترە. لە میوە خۆشە ئاودارەکانی وەرزە. گۆشتەکەی ئەخورێ و تووەکەی ئەبرژێنرێ. لایان وایە سەرەتاکەی هیندستانە. [ع] البطیخ الأصفر [N] cantaloupe [د] گرمک ⇦ **کالەکی گەزۆ:** Honeydew [ناو] کاڵەکێکی زۆر شیرینە، وەک هەنگوین و گەزۆ وایە [ع] المن [N] honning dugg [د] عسلک.

[د] واتای وشە بە دەری

[N] واتای وشە بە نەرویجی

[ع] واتای وشە بە عەرەبی

**لە:** نموونە   **درێژە:** درێژەی بابەت   **تێبینی:** تێبینی

**ڕیشەناسی:** واتای ڕیشەناسی وشە Etymology

⇦ وشەی نزیک لە وشەی سەرەکی،

## تێبینییەکی گرنگ

فەرهەنگی شاسوار، وشەکانی ناو هۆنراوە و نووسین و وەرگێڕانەکانی سیامەند شاسواری‌یە. یەکەم جار کە لە ٢٠١١ بڵاو بوویەوە، تەنها ٦٧ لاپەڕە بوو؛ ساڵی ٢٠٢٣ گەیشتە ٣٠٠٠ و بە ڕەنگی و بە بەرگی ناوازە لە تاران چاپ کرا و، ئێستا، ساڵی ٢٠٢٤ گەیشتووەتە پتر لە ٤٠٠٠ لاپەڕە، لە ٤ بەرگدا.

فەرهەنگی شاسوار، کۆمەڵە وتار یان ڕاڤە و پێناسەیەکە کە ئەگەر لە چەند دێڕیشدا بن، بە شێوەیەک لە شێوەکان مەبەستێکی تازەیان تۆمار کردووە؛ هەر ڕاڤەیەک وتارێکە و، هەر وتارێک چەندەش چڕکراوە، بۆ مەبەستێک گەڕاوە تا دەری بخات ئەو وشانە شیاوی مانەوە و بەکارهێنانن، سەرەڕای سینگفراوانی بۆ وشەی زانستی، پێویست بە دزین و دەرۆزەکردنی وشەی بێگانەی کۆلۆنیالیستی نیشتەجێ نییە؛ هەرچەند تێکلەڵی و هاوسابوون و دەستێوەردانی ملۆزمانەی داگیرکەران ڕێگەی لەو کادانە و هیلاوبوونە گرتووە. وشەی مەبەست بە فراوانی لە دەقەکاندا و لە چوارچێوەی ڕستەی مەبەستداری هەمەڕەنگدا پاتە کراونەتەوە. بۆ نموونە وشەی {دارەت}ی کوردی تۆمارکراو لە چەندین فەرهەنگی وەکوو: فەرهەنگی خاڵ، فەرهەنگی ئەستێرەگەشە، فەرهەنگی ناهید، فەرهەنگی کاوە، فەرهەنگی کوردەواری، فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی شارەزوور- شەفیق قەزاز، فەرهەنگی کوردستان، فەرهەنگی ڕێژگەدا تۆمار کراوە، تەنها لە وەرگێڕانی ڕۆمانی «گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو» وشەی دارەت ١٧٩٨ جار بە مەبەستی جیاواز و لە ڕستەی هەرە جۆراوجۆردا بەکارهێنراوە. هەندێ جار شێوازێک یان هەستێک بۆ تێگەیشتن لە چەمکێک بەس نەبووە و، ئەگەر پێناسەکان بە ڕاڤە و گوتە و گۆتە دەرەقەت نەهاتبێتن، ئەم فەرهەنگە تێکۆشاوە وشەکان بنەخشێنێ، تا لە ڕێگەی وێناندنەوە چەمکی تەماوی وێنا بکات تاکوو باشتر مەبەست بگەیەنن

# هێمـــــا:

١: ، ٢:

پ.ز

ن:

م.

E

N

ع

د

F

GR

L

RU

**گەڕان بە دوای وشەدا :**

بۆ دۆزینەوەی سەرەتای هەر پیتێک، بۆ نموونە پیتی ل بنووسە: Letter L هتد...



{Letter ae}




**ئا:❶** sigh [دەنگەوشە] [ناو] ئاھ، ئاخوداخ، ھەناسەی خەمباری، ئاھی تاسە و تامەزرۆیی. [ع] تحسر [N] Sukk [د] آه حسرت ن:

زمانێک، بەستەیەک، دەنگێک، نەوایەک
سکاڵایەک، ھەناسە و ئاخ و ئایەک
کە تێی ناگەم، نازانم ئەڵێ چی
بەڵام خورخوڕ لەگەڵیا گیانم ئەگری
گۆران

**ئا:❷** vigor [دەنگەوشە] [ناو] ئاھ، ھێز و وزەی کەم. [ع] قوة منخفضة [N] Vigør [د] رمق ن: ئای تێدا نەماوە، نزیک بە نەمانە.

**ئاباد:❶** prosperous [پاشگر] ئاوا، پاشگری بە واتای ئاوەدانکەرەوە.
ن: کانیاوا ن: سەروئاباد.

**ئاباد:❷** grandparents [ئاوەڵناو] باپیران، باب و باپیران، بابان. [ع] اجداد [N] besteforeldre [د] اجداد. G وشەنامە

**ئاباژۆر:** abat_jour [کەرەستە] [ناو] سەرچرا، کڵاوەی لامپا، ئامرازێکی وەک کڵاو بۆ سێبەرپێدان یان ئاراستەکردنی ڕووناکیی گڵۆپ. [ع] عاکس الضوء [N] lampeskjerm [د] آباژور.





**ئابان:** ☜ ئاقان.

**ئابدار:** tea maker ناوی بکەر چایەز، چایچی دیوەخانی گەورەماڵان. ع صانع الشايِ N tekoker د چای پز. G هەنبانە بۆرینە

**ئابدارباشی:** butler پیشە ناوی فەرمان ئابدار، سەرۆکی چایەز و قاوەچی دیوەخانی گەورەماڵان و ئێستە لە فەرمانگەکان. ع كبر الخدم N hovmester د آبدارباشی. G هەنبانە بۆرینە

**ئابدارخانە:**❶ ناوی لێکدراو ناوی جێگا باروبنەی تایبەتی پیاوی گەورە لە گەشت و گەڕاندا. G هەنبانە بۆرینە

**ئابدارخانە:**❷ ناوی لێکدراو ناوی جێگا ژووری چالێنان و قاوەسازکردن بۆ دیوەخان و ئێستە لە فەرمانگەکان. G هەنبانە بۆرینە

**ئابڕوو:** honor ناو ڕوومەت، ڕێزی بەرزی کۆمەڵایەتی؛ ڕێزێکی گەورە و شیاو. ع فخر، احترام N ære د عزت و احترام.

**ئابڕووبەرە:** desecrationist ناوی لێکدراو سووکانە، هۆی ئابڕووبردن، ڕەفتار و کردەی ئابڕووبەرەیی. ع تدنيس N vanhelligelse د تحقیرآمیز، بی حرمتی E degrading.

**ئابڕووتکاو:** disgraced داپوونەرییت ناوی لێکدراو ئابڕووچوو، کەسێکە بە هۆی نسکۆ یان کارەساتێک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێڕوومەت و سووک بووە؛ داکەوتن و دابەزین لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی یان دەسەڵات. ع موصوم N vanæret د آبرو رفته.

**ئابلۆقە:** siege ناو گەمارۆ، چواردەور گرتن، چوارلالێگرتن. ع الحصار N beleiring د محاصره.







**ئابووری:❶** economy [ناو] کۆی سامان و سەرچاوەی سروشتی و ناسروشتی وڵات یان ناوچەیەک بە تایبەت لە ڕوانگەی بەرهەمهێنان و بڕانەوەی کاڵا و خزمەتگوزارییەوە. [ع] اقتصاد [N] økonomi [د] اقتصاد. ⇐ زانستی ئابووری.

**ئابووری:❷** economy [ئاوەڵناو] {سەبارەت بە بەرهەمێک} پێشکەشکردنی باشترین بەها لە بەرامبەر پارەدا.

**ئابووریزانی:** economics [زانست] [ناوی چاوگ] زانستی ئابووری کە بە شێوەی ئابووریش بەکاری ئەهێنن، بە لقێک لە زانست ئەوترێ کە پەیوەندی بە بەرهەمهێنان و بڕانەوە و گواستنەوەی سامانەوە هەیە، یان باری ئابووری ناوچە یان دەستەیەکی تایبەت لە ڕوانگەی خۆشگوزەرانی ژیانەوە. زانستی ئابووری، زانستی یەکەمی میانەی زانستی سروشتی natural science و زانستە مرۆییەکانە humanities، چاوی لە پەیوەندی مرۆیی و پەیوەندی جیهانی فیزیکی هەیە، هەر بۆیەشە ئێکۆنۆمێتری و ئابووری بیرکاریمان هەیە، بەڵام دەروونناسی بیرکاری و کۆمەڵناسی بیرکاریمان نییە. ئێکۆنۆمێتری و ئابووری بیرکاری ئەتوانن ڕەفتاری ئابووری مرۆیی بخەنە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە. واتە ئەتوانێ تا ڕادەیەکی باش پێشبینی ڕەفتاری ئابووری مرۆیی بکات، لەکاتێکدا لە بواری زانستەکانی تردا جۆراوجۆری ئەو هۆکارە و فاکتەرە زۆرانە و ئەو هاوکۆلکەیی ئازادی کە لەوێ خۆی دەرئەخات، ڕێگە بەو پێشبینییە نادات. [ع] اقتصادیات [N] økonomi [د] اقتصاد











**ئابووریناسی ورد:** microeconomics ئابووری لقێکی ئابوورناسییە ئاکاری تاکەکان و ڕێکخراوە بچووکەکان لە کاتی بڕیاردانیان لەسەر چۆنیەتیی تەرخانکردنی سەرچاوەکاندا تاوتوێ دەکات (بڕوانە دەگمەنی). لە بازاڕ، کە شوێنی کڕین و فرۆشتنی شتومەک و ڕاژەیە، ئەمە زیاتر کاربردی هەیە. ئابوورناسیی ورد سەرنج بەوە دەدات کە چۆن ئەو بڕیارانە شوێنەواری خۆیان لەسەر داوا و دابین بەجێ دێڵن و، داوا و دابینیش چۆن نرخەکانی بازاڕ دیاری دەکەن و، بەپێچەوانەشەوە چۆن نرخەکان چەندایەتیی شتومەک و ڕاژەی داواکراو و دابینکراو دیاری دەکەن. ◀ لە بەرامبەر ئابوورناسیی ورد، ئابوورناسیی زل وەستاوە، کە کۆی گشت چالاکییە ئابوورییەکان دەگرێتەوە و لەگەڵ مژارگەلێکی وەکوو گەشە، هەڵاوسان و بێکاری سەروکاری هەیە. ع اقتصاد جزئي N mikroøkonomi د اقتصاد خرد. ☜ ئابووریناسی زل




**ئابووریناسی زل:** macroeconomics ئابووری زاراوەیەکە ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە لایەن ئابووریناسی نەرویجی ڕاگنار فریش Ragnar Frisch ـەوە ناسێندرا، لقێکی ئابوورناسییە لە ئابووریی وڵاتێک، ئابووریی هەرێمێک، یان ئابووریی گشت جیهان دەکۆڵێتەوە و، لەجیاتیی ئەوەی جیاجیا بازاڕەکانی لێک بداتەوە، وەکوو تەقاهییەک سەیری ئەو ئابوورە دەکات. ئابووریناسیی زل و ئابوورناسیی ورد، پێکەوە، دوو بوارە سەرەکییەکەی ئابوورناسی پێک دێنن. ◀ تیۆرییەکە دەست دەخاتە سەر چەند بابەتێک، لەوانە بەرهەمی گشتیی ناوخۆیی (GDP)، ڕێژەی

بێکاری. و ژمارەی پێوەرەکانی نرخ، بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئابووری ناوخۆیی و جیهانی و کارکردن بۆ پەرەپێدانیان. ◀ ئەو ئامرازانەی کە ئابووریناسان لەم بوارەدا بەکاری دەهێنن بریتین لە داهاتی نیشتمانی وڵات، بەرهەمی ناوخۆ، بەکارهێنانی ناوخۆیی، ڕێژەی بێکاری، پاشەکەوت، وەبەرهێنان، هەڵاوسان و گەشەی ئابووری. ع اقتصاد كلي N makroøkonomi د اقتصاد کلان.












**ئابێ برێمۆن:** Abbé Henri Bremond فەیلەسووف فەیلەسووف و وێژەوانی فەرانسەیی. قەشەی ژۆزویت.

**ئاپگرەید:** upgrade ئای تی کار بەرزکردنەوە، بەرزکردنەوەی ئاستی توانای ئامێرێک بە زیادکردن یان گۆڕینی پارچە یان چەند پارچەیەک. ع رفع مستوى N oppgradering د ارتقاء.

**ئاپدەیت:** upgrade ئای تی ناوی لێکدراو نوێقەکردن، گەیاندنی زانیاری بە دوایین ڕادەی نوێ و مۆدێرن. ع تحديث N oppdater د بە روز رسانی.





**ئاپۆرە:** congestion ناوی لێکدراو چڕەبەندان، کۆمای خەڵکێکی زۆر و زەبەند پێکەوە. ع اکتظاظ، احتقان N opphopning د ازدحام.



**ئاپۆفیس ٩٩٩٤٢:** Apophis 99942 ئەستێرەناسی ناو تەنێکی ئاسمانییە تیرەکەی ٣٧٠ مەترە، ساڵی ٢٠٠٤ دۆزرایەوە و زۆرترین مەترسی هەیە بدات لە زەوی.






**ئاپۆکریفا:** apocrypha ئایینناسی ناو تۆماری ساختە، ئەو بەشانەی تەوڕات و ئینجیل یان پەرتووکی پەیوەندیداری ئایینی کە جێگەی گومانن

و بە دەقی پیرۆز نازانرێن. ع ابوكريفا N apokryfene د كتب كاذبە.











**ئاپۆلۆن:** Apollo میسۆلۆجی فیلم یان ئەپۆلۆ یەکێکە لە خودایانی ئۆلیمپی لە ئایینی یۆنانی کلاسیک و ڕۆمانی و میسۆلۆجی یۆنانی و ڕۆمانی و، خوداپەرستی نەتەوەیی گریکدا، ئەپۆلۆ وەک خوداوەندی تیروکەمان و موزیک و سەما و ڕاستی و پێشبینی و چاکبوونەوە و نەخۆشی و خۆر و ڕووناکی و هۆنراوە ناسراوە، یەکێک لە گرنگترین و ئاڵۆزترین خوداوەندەکانی یۆنان، کوڕی زیۆس و لیتۆ و برای دووانەی ئارتەمیس، خوداوەندی ڕاوکردنە. ئەپۆلۆ وەک جوانترین خودا و نموونەی کورۆسەکان (ئەفەبی، یان گەنجێکی بێ ڕیش و وەرزشکار) پیشان دراوە، ئەپۆلۆ بە یۆنانیترینی هەموو خوداوەندەکان دائەنرێت. ئەپۆلۆ لە میسۆلۆجی ئەترۆسکی یۆنانی بە ئەپۆلۆ ناسراوە. ع أبولو N Apollo د آپولو.









**ئاپۆلیا:** Apulia جوگرافیا ناوی جێگا مەڵبەندێکە لە باشووری ئیتالیا لەسەر زەریای ئادریاتیک.





**ئاپۆلۆنیۆسی تیانا :** Apollonius of Tyana فەیلەسووف {٣ پ.ز† ـ ٩٧}
فەیلەسووفی یۆنانی نۆییتاگۆرسی.




**ئاپۆلیۆس :** Lucius Apuleius Madaurensis ئەفسانە نووسەر {١٢٤ـ١٧٠}
نووسەری پەخشاننووسی لاتینی، خاوەنی پەرتووکێک بە ناوی کەری زێڕین؛ پاڵەوانی ئەم پەرتووکە ئەیەوێ تەلەسمێک بکات کە ببێ بە باڵندە، بەڵام ئەبێ بە کەر! کە ئەمە ئەبێتە هۆی گەشتێکی دووروودرێژی پڕ لە سەربردەی وێژەیی و هێمایی.





**ئاتاج:** needy ئاوەڵناو نیازمەند، هەژار و نەدار، داماو. ع محتاج N trengende د محتاج :ن

ژینم لەناو پرچی لاولاوت ئەزانی چۆنە
وەک شــەوی غەریبانی رووت و ئاتاجە

**ئاتاجی:** need ناوی چاوگ کەمایەسی، نەداری و داماوی. ع احتیاج N trenge د نیازمەندی.

**ئاتر:** fire ناو ناوی فەرمان ئاتەش[ئاتەر+ش] ئاور، ئازەر، ئاهیر، سووتانی بەرەنجامی کارلێکی کیمیایی هێسنەکان لەگەڵ ئۆکسیژن، کە بە زۆری رووناکی و گەرما و دووکەڵی لەگەڵە. ع حریق N ild د آتش.

**ئاترخانە:** fireplace ئابیناسر ناوی لێکدراو ئاترگا، ئاتەشگای پیرۆزی زەردەشتیان، ئاگردانی پیرۆزی گاوران. ع المدفأة N peis د آتشگاه K tifik, atirxane ☜ ئاتەشگا.







**ئاترەخش:** lightning ناو [ئاتر+رەخش {رەخشان}] پرشەی ئاگر، تیشکی ئاگر. ع صاعقة N lyn د آذرخش.

**ئاترەڤان:** ناوی لێکدراو ئاتورنان، خاون ئاگر، سەرۆکی ئایی، سەرپەرشیارانی ئایینی زەردەشتی.








**ئاترگا :** temple fireplace ناوی لێکدراو ئاهیرگە، ئاتەشگا، ئاترخانە، پەرستگەی زەردەشتیان. ع موقد المعبد N tempelpeis د آتشکده.

**پەرستگەی ئاترگوشەسپ:** یەکێک لە سێ گەورە ئاترگەی سەردەمی ئیمپراتۆری ساسانی.

**تیکانتەپە:** تەختی سێمان ئەکەوێتە تیکانتەپە لای سەقز لەسەر پارێزگای ورمێ.

**لالەش:** پیرۆزگەی کوردانی ئێزەدی لە شارستانی دهۆک لە پارێزگای دهۆک.


ئازەرگوشەسپ ـ تەختی سلێمان ـ ورمێ


پەرستگەی کوردی ئێزیدی ـ لالەش


تیکانتەپە ـ سەقز

**ئاتۆ :** atout هێمایر ناو F فەڕانسە، پەڕەی براوە، پەڕەیەک کە بردنەوەی یاریزان مسۆگەر ئەکات؛ ئاتۆ جۆرێک یاری پەڕەیە کە خاڵەکان ڕیز ئەکرێ. ع ورقة رابحة N trumfkort د برگ برنده E Trump card

ڕیشەناسی وشەی Trump card هیی سەدەی چواردەیە لە triumphe ی فەڕانسەیی لە triumphus ی لاتین بە واتای جەژنی سەرکەوتن و پیرۆزی هاتووە. ڕەنگیشە لە ڕێگەی ئەترۆسکی لە سروود بۆ دیۆنیسۆسەوە هاتبێ بە ناوی hymn to Dionysus.







**ئاتۆلیە:** atelier ناو فەڕانسە، ستۆدیۆی کارکردنی هونەرمەند بە تایبەت شێوەکار، کارگەی کارکردن، شوێنکار. ع ورشة عمل، مشغل N verksted د آتلیە E workshop.




**ئاتەشگا:** ئاییناسر ناوی لێکدراو ئاتڕگا، ئاترخانەی پیرۆزی زەردەشتیان، ئاگردانی پیرۆزی گاوران.



**ئاتەگ:❶** پۆشاک ناو ئاتەک، شاقەل، باڵ، قۆڵ، داوێنی کەوای شۆڕ. ئاتەگی فراک. ئاتەگی سەڵتە: شاقەلی کەواسەڵتە.

**ئاتەگ:❷** پۆشاک ناو بنار و دامێنی چیا، لای خوارەوەی شاخ و گرد. ن: سوارە بە ئاتەگی شاخەکەدا تێپەڕین.



**ئاتێیزم:** atheism ڕێباز بڕوا بێخوایی، خوانەناسی، بڕوابوون بە ڕۆژەڤ ڕاستەقینە نەک بانسروشت و نارۆژەڤ. ◄ لە ڕوانگەی مرۆڤەوە جیهان دوو بەشە: یەکیان ڕۆژەوەڤە و ئەوی لە دەرەوەی بوونی ئێمە بوونی هەیە، یەکیشیان ئەوەی بەرەنجامی کاری مێشکی مرۆڤە و تەنها لە ئەندێشەدا هەیە. یەکەم ڕۆژەڤە و دووەم ئەندێشە. بڕواداراني یەکەم ماتریالیست و ئەوانەی دووەم ئایدیالیستن. ع الإلحاد N ateisme د خودانەباوەری.

**ئاتێیزم و ئانتی تێییزم:** atheism and antitheism بێخوایی و دژخوایی، بێخوایی نەرمەخواز و سەختخوازی هەیە: بێخوایی بە تەنها بڕوانەبوونە بە بوونی خوا، بەڵام دژخوایی لە بنەماکانی کۆمۆنیزمە و بڕوابوونە بەوەی کە دین دیاردەیەکی بانسروشتی شێوەزانستی دژی کۆمەڵگە و ئاسوودەیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە. دژخوایی بە توندی دژی ئایین و خوا و بەڕێوەبەرانی ئایینی بانگەشە ئەکات و، تێئەکۆشێ بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی دەسەڵاتی دامەزراوە ئایینییەکان. ع الإلحاد والمضادة N ateisme og antiteisme د خودانەباوەری و ضد خدایی.

**ئاجوور:** brick ناو کەرپووچ، خشتی سوور. ع قرمید N murstein د آجر.

⇦ **باکەف:** ناو خشتی نیوە سوورەوەکراو.

⇦ **لگبن:** ناو خشتی کاڵ ڕیشەناسی [ئاگوور= ئاگر، ئاگرخواردوو، بە ئاگر سوورەوەکراو]. ئاجوور لە زمانی دەریش هەیە. لە عەرەبی نووسیوێتی: {آجُرَة: الجمع الآجُرّ: خشت پختە (آجر) کە در زبان متداول بە آن (القَرمید) گویند.} واتە وشەکە بە عەرەبی دانانرێ و بەکاریش ناهێنرێ. بەڵام لە کوردستان بە دەرەوە تا باکووری ئەفریقا ئیتر نییە. کە ئەگەیتە لای ئەمازیغییەکان هەیە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە ئەبێ لە لایەن کوردەکانی ئەییوبییەوە برابێ بۆ ئەوێ و لەو ناوە بلاو بووبێتەوە،

وەک زۆر وشەی تری وەکوو نیشان، تازە. واتە وشەکە کوردییە تا دەری کە هەرگیز لە باکووری ئەفریقا نەبوون. ⇦ نیشان لە زمانی ئامازیغی واتە ڕاستەوخۆ، کە ڕاستەوخۆ ڕێک بەرەو نیشان ڕۆیشتنە.



**ئاچەر:** spanner ئامراز ناو کلیل، هاچەر، ئامرازی پێچ کردنەوە. ع مفتاح البراغي N skiftenøkkel د آچار.

⇦ **ئاچەرقفڵی:** adjustable spanner ئامراز ناو کلیل، هاچەر، ئامرازی پێچ کردنەوە کە ئەتوانی بۆ پێچی گەورە و بچووک بەکاری بهێنی. ع مفتاح براغي قابل للتعديل N skiftenøkkel د اچار فرانسە.



**ئاخڵە:**❶ ناو لێوارێکە بەگردی باندا دروست بکرێ.

**ئاخڵە:**❷ ناو ژوورێکی کورتەدیواری سەردانەپۆشراو بۆ کا و گیا.






**ئاخڵە ٣:** halo ناو ئاوەڵناو پەپکە، خەرمانەی مانگ؛ بازنەی ڕووناکی لە دەوری سەری پیر یان کەسێکی پیرۆزەوە بۆ پیشاندانی پیرۆزییەکەی.
ع هالة N halo د هالە.








**ئاخنین:** fill چاوگی تێپەڕ تێپەستاوتن، بەزۆرتێڕاکردن. ع ملاء N fylle د آکندن ن: ئاخنینی پێستەی پەنیر. ن: ئاخنی: بەزۆری پڕی کرد.

**ئاخنراو:** overflowing ناو سیخناخ، سەرڕێژ، شتی پڕی پەستاو، شتی بە گوشار پەستاوتن. ع فائض N overfylte د با فشار آگندن.

- سیخناخ بوون: پڕ بوونی شتێک لە شتێکی تر.
- سیخناخ کردن: پڕ کردن و ئاخنینی شتێک لە شتێکی تر.








**ئاخوڕ:** manger ناو شوێنی ئاڵف خواردنی ئاژەڵ و یاتاڵ لە گەوڕ. ع معلف مدیر N krybbe د آخور.







**ئاخوڕی بەرزە:** دەستەواژە بە فیزە و لووتبەرزە؛ وەکوو وڵاخی بەرزە کە لە غوبابیدا سەر و کلکی بەرز ئەگرێ و لەبەر دەمی ئاخوڕەکەیدا چەپۆکان ئەکات. نموونە: لە دوورەوە دیارە ئاخوڕی بەرزە. واتە ئەدگار و ڕەفتاری لووتبەرزانەی هەیە.

**ئاخوێرک:** ناو ئاخرکە، پێشکە، مێشوولەی ورد د اخکوک.

**ئاخیرتە:** میسۆلۆجی ئایینناسی ناو Apocalypse, Armageddon Gr پەسڵان، پسات، نیرڤانا، ڕۆژی پاشین، ڕۆژی پسات، ڕۆژی کۆتاییهاتنی ئەم جیهانە و پێراگەیشتنی بەغان و ئێزەدان بە چاکە و خراپەی مرۆڤ، پەسلان لە بەشی ئاشکراکردنRevelation ی پەرتووکی پیرۆزی فەلەش ئاماژەی پێکراوە. N Verdens ende ع یوم القیامة Gr Weltuntergang د روز قیامت E Day of Judgment.

**ڕۆژی بەرێ:** ڕۆژی بێ سەرەتا، ڕۆژی ئەزەڵ. ☜ چوار سوارەی پەسلان.








**ئاخێز :** arise, rise ناوی‌لێکدراو ڕابوون، هەڵسان، ڕاسان، بەرزەبۆن هەستان.
ئ: بانوو ئێز شنەفت نەجا کرد ئاخێز (خانای قوبادی). ع نهض N oppstå, stige د برخاستن. ☜ کازیوەخێز







**ئاخێزگه :** source ناوەڵکار پێگەی ڕابوون، سەرچاوە، ئەو شوێنەی کار لەوێوە دەست پێ ئەکات. ع مصدر N kilde د خاستگه.






**ئاخێوەر :** speaker ناوی‌فەرمان [ئاخێز{ئاخاوتن}+وەر] ئەو کەسەی ئەدوێ، وەگێڕ، وتاربێژ، وتاردەر، گوتەبێژ. ع متکلم، خطیب، ناطق رسمی N taler د گوینده، سخنور، سخنگو E orator.

⇦ **گوتەبێژ :** mouthpiece کەسێکە وەک دەموچاوی نوێنەر و گوتاربێژ دەرئەکەوێ.

**ئاخیلێس :** Achilles میسۆلۆجی ناوی‌تایبەت لە پاڵەوانانی یۆنانیی جەنگی ترۆی و قارەمانی سەرەکیی داستانی ئیلیادی هۆمەر. ئاخیلێس وەک

زیگفریدی ئاڵمانی و ئەسفەندیار و هەندێکی تر، لەشی نەبڕ بوو، بەڵام خاڵێکی لاوازیشی هەبوو. ئەگەر خاڵی لاوازی ئەسفەندیار چاوی و هی زیگفرید مۆرەی پشتی بوو، هی ئاخیلێس پاژنەی پای بوو، کە لە جەنگی ترۆی بە هۆی بەرکەوتنی تیرێک بە پاژنەی پای کوژرا. لە وێژەی ڕۆژئاواییدا «پاژنەی ئاخیلێس» بە واتای خاڵی لاوازە.






**ئادار :** constant ئاوەڵناو نەگۆڕ، جێگیر، بێجمین، بێجووڵە، مانی بەردەوام لە یەک شوێندا. ع ساکن N konstant د ثابت. ن: ئادار لە سەر پادار نەما: بێجووڵە لە سەر جووڵەکەر نەما، هەموو جووڵەیەک بڕا، هەموو شت خاپوور کرا.

**ئادان :** fertile ئاوەڵناو بە بەروبووم، بەبرشت، زەوی بەپیت و ڕێژەن. ع ملیئة بالبركة N fruktbar د پر برکت.

**ئادەر :** original, noble ئاوەڵناو کادانە، خانەدان، هێلاو، کەحێل، ڕەسەن و خاوەن کۆڵکە. ع اصیل، نجیب N original, edel د اصیل، نجیب.

**ئادێرال :** Adderall دەرمان دەرمانێکی دەستکردە سیستەمی دەماری هاوسۆزی و ناوەندی هان ئەدات، بۆ چارەسەرکردنی تێکچوونی کەمی سەرنج و خەواڵوویی بەکاردێت. تێکەڵەیەکە لە وەرگیراوەکانی ئەمفیتامین.




**ئادین:❶** ceremony [ناو] ئادینە، ئاهەنگ، بەرنامە، بۆنە، داب، ڕست.
[ع] مراسم [N] seremoni [د] مراسم.

**ئادین:❷** [ناو] ئایین. وشەی {ئادین} وشەیەکی کوردمادییە کە کەرتی {ئا ـ}ی لابراوە و بە {دین} براوە بۆ ناو زمانی عەرەبی، گۆڕانی دەنگی {د} بە {ی} شتێکی باوە، واتە گۆڕانەکە بەم شێوەیە بووە:
ئادین = ئایین.

**ئایەنان:** {ئادینان} چەم و گوندی ئایەنان کە هەروەها گرنگترین سەیرانگەی شاری سەقزە.

**ئادینان:** [ناو] ئایەنان، گوند و چەمی ئایەنان لە ٢٣ کیلۆمەتری شاری سەقز، هەروەها گرنگترین سەیرانگەی خۆشی ئەم شارەیە، لە ڕۆژی هەینی یان ئادینەدا.



**ئادیننامه :** regulations کارگێڕی ناوی لێکدراو پێودان، ئایـیننامه، شێوازی کار و کۆمەڵەی ئەو فێرکارییانەی لە لایەن دەزگایەکی فەرمی دەسەڵات یان دامەزراوێکی شارستانییەوە بۆ بەڕێوەبردنی یەکەیەکی ڕامیاری یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان... ع القواعد N Forskrift د آئین نامه.

**ئارا :** existence ناو جێگا، بوون، هەبوون. ع وجود N eksistens د وجود.

**ئاراس :** Arras جوگرافیا ناوەندی مەڵبەندی پادۆکاله Pas_de_Calais له باکووری فەڕانسە.








**ئاراستەکردن :** grooming چاوگی تێپەڕ بە ئاقارێکی تایبەتدا بردن. ع توجیه N lede د هدایت کردن.

**ئاراستەیەتی :** directionality ئاوەڵناوی لێکدراو ئاراستەگەرایی، ڕێڕەویەتی. ع الاتجاهیة N retningsbestemt د جهت گیری.

**ئاراسە :** remittance ئابووری داب و نەریت ناو حەواڵە، ڕەوتی ناردنی پارە یان شمەک لە لایەن کەس یان دامەزراوێکەوە بۆ کەس یان دامەزراوێکی تر؛ پارە یان شمەکێکی ڕاسپێردراو کە کەسێک لە شوێنێک وەری بگرێ. ع التحویل N remittering د حواڵه.

تێبینی: ئاراسە یان حەواڵە سیستەمێکی پارە ناردنە، باشارکردن و چاودێری کردنی یەکجار دژوار، چونکە لە سەر بناغەی متمانە، یان دەست

بەدەستی تەلەفوونی ئەنجام ئەدرێت.




**ئارام:** serene ئاوەڵناو هێور، حەساوە، لەسەرخۆ، ستارگرتوو، هێمنی دوور لە پەشێوی و شپرزەیی و گێروگرفت. ع هادئ N serene د ئارام. **تێبینی:** وشەی serene نەرویجییە و لە ئینگلیزیش بەکار ئەهێنرێ.

**ئارامشت:** tranquility, lull ناوی چاوگ ئارامش، ئارامیی، ئۆقرە، تەناهی، دڵحەسانەوە. ع راحة البال N stillhet د آرامش E serenity.

**ئەسپکەوێن:** tranquilizer دەرمان ناوی چاوگ ئارامبەخش، ئارامبەخشێکی بەهێزە بۆ کەمکردنەوەی گرژی یان دڵەڕاوکێ دەخورێت. ع مهدئ، مهدئ للأعصاب N beroligende middel د مسکن.




**ئارامپەز و هەڵمپەز و خێراپەز:** slow cooker, pressure cooker, Instant cooker ئاشپەزی ناو هەرسێکیان منجەڵی چێشتلێنانن، جیاوازییان لە ڕێژەی کاردا و تەکنۆلۆژییەکەیان دایە:

- جیاوازی ئارامپەز و هەڵمپەز لەوە دایە ئارامپەز تەنانەت سەرقاپەکەی

قفڵ ناکرێ و زۆر لەسەرخۆ ئەکوولێ، بەڵام هەڵمپەز سەرەکەی قفڵ ئەکرێ.

- جیاوازی ئارامپەز و خێراپەز لەوە دایە ئارامپەز تەنانەت سەرقاپەکەی قفڵ ناکرێ و زۆر لەسەرخۆ ئەکوولێ، بەڵام خێراپەز سەرەکەی قفڵە و خاوەنی تەکنۆلۆژییەکی بالایە.

جیاوازی هەڵمپەز و خێراپەز لە تەکنۆلۆژییەکەیاندایە، خێراپەز زۆر هێورتر و جێ متمانە ترە و ئەگەری تەقین و مەترسینانەوەی زۆر کەمە.

⇦ ع طباخ بطيء ، طنجرة ضغط ، طباخ فوري

⇦ N slow cooker, trykkoker, instant cooker

⇦ د آرام پز، زودپز، فوری پز.




**ئاران:** tropical ئاوەڵناو هەوارگەی زستانە، گەرمێن، قشلاخ، بارگە و بنە و بنگە و بنکەی مانەوەی کۆچەریان لە وەرزی سارد و سۆڵەی زستان.

ع استوائي N tropisk د گرمسیر.

ن: هەموو چونە هەواران، ئێمە ماوین لە ئاران.





**ئارانی:** tropical and equatorial ئاوەڵناو گەرمێنی، قشلاخی. ع
استوائي N tropisk د استوايی.

**ئاراندراو:** tormented ئاوەڵناوی بەرکار ئازارچەشتوو، ئەشکەنجەدراو. ع
معذب N plaget د شکنجه شده.

**ئاراندن:** چاوگی تێپەڕ ڕقکردنەوە، ئازاردان، عەزیەتدان، ئێشاندن. ع
استفزاز N provokasjon د تحریک، آزار.

**ئاربۆتۆس:** arbutus ناو درەختێکی گەرمەسێرییە لە دارتوو ئەچێ.





**ئارپیجی:** Rocket_propelled grenade یان RPG سەربازی کورتکراوە ئار.پی.جی
چەکێکی شانهاوێژی سۆڤیەت ـ ڕووسییە، بە واتای نارنجەکهاوێژی دەستی دژی تانک، بریتییە لە گوللەیەکی پڕ لە تەقینەوە و تەنێکی لولەکی. جۆری زۆری هەیە، ئارپیجی ٧ و ١٨ و ٢٨ زۆرترین ڕادەی بەکارهێنانیان هەبووە.



**ئارترایتس:** arthritis پزیشکی نەخۆشی ناو ئاوسانی جمگە، یان arteriosclerosis هەڵمسان و ڕەقبوونی بەئازاری جمگەکان. ع التهاب المفاصل N leddgikt د التهاب مفاصل.






**ئارتزیەن:** Artesian جیۆلۆجی ئاوەڵناو جۆرە بیرێکی دەستکردی مرۆڤە کە بە هۆی گوشاری بەرامبەری ئاوی هیدرۆستاتیک ناچار ئەبێ هەڵقوڵێ و سەرچاوەیەکی ئاوی هەمیشەیی دابین بکات، بەبێ ئەوەی پێویستی بە وزەیەکی تر هەبێ. ع الارتوازیة N Artesian د آرتزین.





**ئارت نوڤۆ:** art nouveau هونەر بزووتنەوە یان هونەری نوێ، بزووتنەوەیەکی هونەری کۆتایی سەدەی نۆزدەیە کە لە بن کاریگەریی تەشکی گیایی و هێڵی کەوانی و شەپۆلدار، سەرەتا لە هونەری ڕازاندنەوە و پاشان لە هۆنەرەکانی تردا بوو بە باو.







**ئارتوا :** Artois ناو مەڵبەندێکە لە باکووری فەرەنسە.





**ئارتور مایر :** Arthur Meyer ڕۆژنامەوان {١٨٤٤ـ ١٩٢٤} ڕۆژنامەوان و پاشتر بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی کۆنسرڤاتیڤی گلوا Le Gaulois.







**ئارخایەن :** confident ئاوەڵناو ئارخەیان، ئەرخایەن، بڕوابەخۆ، دڵنیا، بێگەم، بێ ترس و دوو دڵی. ع موثوق N selvsikker د مطمئن.

**ئارختەک :** nightmare, incubus دارەت ناو مۆتەکە، شەوە، کابووس،

بەختەک، جنۆکە، درنج، دێوەزمە، تارمایی مردوان، مێردەزمە. دارەتی سەنگینی و هەناسە سواربوون لە خەودا کە مرۆڤ هەست ئەکا شتێکی قورس سواری سینگی بووە، نەخۆش خووساوی لێزک دائەچڵەکێ؛ دێو، یان ئەهریمەنێکی نێر کە گوایە ئەچێتە خەوی ژنان، پەلاماریان ئەدا و سەرجێییان لەگەڵ ئەکا. ع کابوس N inkubus د کابوس.

**شەوە:** جنۆکەی ساوا خنکێن.





**ئارخەیان:** confident ئاوەڵناو ئارخایەن، ئەرخایەن، بڕوابەخۆ، دڵنیا، بێگەم، بێ ترس و دوو دڵی. ع موثوق N selvsikker د مطمئن.

**ئارداف:** ئاوەڵناو ئۆێنباز، بەپێچ، بەدەهۆ، تەفرەباز، تەفرەدەر، تەڵەتەقێن، جامباز، جەڵەب، چاپاز، چاوبەست، حەفتەڕەنگ، خاپێن، خاپینۆک، خەڵەتێن، داوباز، داولێدەر، دەسبڕ، ڕووبین، ڕیبۆ، زەخەڵ، ساختەکار، شەلاف، شێوەباز، فریودەر، فریوکار، فەنەک، فێڵاوی، فێڵوو، فێڵەباز، فریودەر، کەلاجۆ، کەللاش، کەڵەکباز، گزەون، گزیکار، گوێبڕ، گەرباز، گەرساز، مەلاق.

**ئاردوێژ:** هێماپیر ناو دەراوی دەمی بێژەر. ن: فلاّنەکەس ئاردواوێژی دەمی خۆشە.

**ئاردە:** Creature (هـ) ناو داهێنراو، ئافرێنراو، تازەداهاتوو، تازەبابەت، نۆهاتی. ع مخلوق N skapning د خلق شده.

**ئاردەقوم:** ناوێلکدراو ئاردەدۆشاو، هەڵوائاردە د اردە شیرە.





**ئاردەی:** invention {هـ} ناو ئاردەینە، نۆژەن، داهێنان، تازە داهێنراو. ع اختراع N oppfinnelse د اختراع.







**ئاردی بەسۆس:** whole grain دانەوێڵە ئاردی دارماڵ بە دانەوێڵە و پێستەکەیەوە. ع طحين القمح الكامل N fullkornsmel د آرد گندم کامل.

⟵ **سۆس:** bran دانەوێڵە ناو کەپەک، تێکوڵی دانەوێڵەی لە دەستارکراو. ع نخالة N kli د سبوس، نخاله.

**ئاردی خۆی بێژت کەپەکی خۆی ڕێژت:** دەستەواژە بەپێی ئارەزوی خۆی کاری کرد و ویستی خۆی بەجێ هێنا، وەکو ئەو کەسەی کە ئارد ئەبێژێتەوە و سۆس و کەپەکەکەی ئەڕێژێ.

**ئارسر میلر:** Arthur Miller شانۆنووس سیناریۆنووس {١٩١٥ـ٢٠٠٥} شانۆ و فیلمنامەنووسی ئەمریکایی نووسەری شانۆنامەی وەک بووتەی هەڵسەنگان و براوەی خەڵاتی پۆلیتزر بۆ دراما و زۆر خەڵاتی تر.










**ئارسم:** influenza ئـاو هەڵامەت، پەسیو. ع الانفلونزا N influensa د آنفلونزا.

**ئارسەر سی کلارک:** Arthur c. Clarke نووسەر (١٩١٧ـ٢٠٠٨) نووسەر، داهێنەر و زانای بەریتانیایی بوو. پەرتووکی وەرمەزانستی science fiction ئۆدیسەی حەوایی هینی ئەوە، کە کرا بە فیلم و خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت. لەگەڵ ڕابرت هاینلن و ئایزاک ئاسیمۆف بە سیانەی مەزنانی نووسەرانی سای-فای یان وەرمەزانست دائەنرێن. ن: هەر تەکنەلۆژیایەکی تا ڕادەیەک پێشکەوتوو لە جادوو جیا ناکرێتەوە. ئەوەی من خۆی لێی ئەپارێزم ئەوەیە کە پێویست ناکات بەدوای جادوودا بگەڕێین، تەنها لەبەر ئەوەی تێناگەین ئامێرک چۆن کار ئەکات. من تازە ڕاپۆرتێکم وەرگرتووە کە خەریکە دەست ئەکەین بە ڕووماڵکردنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان. کەمتر لە ساڵێک لەمەوبەر ئەگەر کەسانێک پێیان بوتایەتم ملیۆنان کەس هەر لەخۆوە ون ئەبن، منیش وەک تۆ ئەموت شێتن. متر










**ئارسێن لۆپەن:** Arsène Lupin کەسایەتی کارەکتەرێکی ئافرێنراوی نووسەری ڕۆمانی پۆلیسی ـ تاوانکاری فەڕانسەیی مۆریس لۆبلانە، کە لە ماوەی بڵاوبوونەوەی بیست ڕۆماندا ئەوەندە بەناوبانگ بوو کە فیلم و زنجیرەی لەسەر ساز کرا. سەرەتا لە فەڕانسە و پاشان کە ناوی لە تەنیشت شێرلۆک هۆڵمزەوە هات، لە وڵاتانی ئینگلیزی زمانیش ناوبانگی دەرکرد درێژە پێئەچێ مۆریس لۆبلان کەسایەتی ئارسێن لۆپەنی عەیاری مەردمدۆست کە دزی لە دز ئەکات، لەسەر بنەمای کارەکتەری ئەنارشیستێکی فەڕانسەیی بەناوی **ماریۆس جاکۆب** دروست کردبێت، کە دادگاییکردنی مشتومڕاوی لە مانگی ئازاری ١٩٠٥دا بووە مانشێتی هەواڵەکانی میدیای فەڕانسە. ☜ مۆریس لۆبلان












**ئارشیدۆک ڕوودۆڵف:** Archduke Rudolph شازادە کاردینال (١٨٥٩ـ١٨٨٩)
کاردینالی مەزنی ئوستریایی کە سەرەتا شاگردی بتهۆڤن بووە و ١٤ بەرهەمی خۆی پێشکەش بە ئەو کردووە. ئارشیدۆک ڕودۆڵف کە تەنها کوڕ و ئارشیدۆک و شازادەی جێگری نەمسا ـ هەنگاریا بوو، لەگەڵ دەزگیرانەکەی خۆیان کوشت.




**ئارڤێد بارین:** Arvède Barine `نووسەر` (١٨٤٠ـ١٩٠٨) سەرەڕای ئاوازی ڕووسیی ناوەکەی، نازناوی خاتوو شارڵ ڤینسنسە Charles Vincens کە دەربارەی ژن و گەشت و ڕامیاری ڕۆژ، وەکوو پیشە لە دەرباری ڤێرسای‌دا ئەینووسی.











**ئارکیپلاگۆ:** Archipelago `دێریناسر` `ناو` ناوی کۆنی زەریای ئێژەیە Aegean sea کە ئەکەوێتە نێوان یۆنان و تورکیە لەسەر زەریای سپی ناوەڕاست.





**ئارکیتایپ:** archetype سەرنموونە، نموونەی تێروتەسەل و بێخەوش.
ع النموذج الأصلي N arketype د الگو.









**ئارگۆ:** argot زمان ناو زمان یان ژارگۆنی گەلەری، زمانی هەرەمەکی شەقاوەکان. ع ارغوت N argot د آرگوت.

**ئارگۆس:** Argus میسۆلۆجی ناو لە میسۆلۆجی یۆنانیدا لۆزەندەری ١٠٠ چاوە. ع أرجوس N Argus د آرگوس.





**ئارگۆنات:** Argonauts میسۆلۆجی ناو لە میسۆلۆجی یۆنانیدا دەستەیەک لە پاڵەوانانی یۆنانی بوون کە ساڵەها بەر لە جەنگی ترۆی، دەورووبەری ١٣٠٠ پێش زایین، بە کەشتی ئارگۆ لەگەڵ جەیسن، پاڵەوانی ئەفسانەیی چوون بۆ دۆزینەوەی خوری زێڕین. جەیسن لە کلاسیکەکانی یۆنان و ڕۆما ڕۆڵێکی پاڵەوانی هەیە و لە سەردەمی نوێشدا ڕەنگی داوەتەوە، وەکوو فیلمی «جەیسن و ئارگۆناتس» لە١٩٦٣ و هەروەها زنجیرەی تلەڤیزیۆنی ساڵی ٢٠٠٠ ئەویش هەر بەم ناوە.



**ئارکیمیدز:** Archimedes {٢٨٧ـ ٢١٢پ.ز} بیرکاریناس، فیزیاناس، ئەندازیار، داهێنەر و گەردووناسێکی یۆنانی بوو. بە گشتی بە مەزنترین بیرکاریزانی چاخی کلاسیک و یەکێک لە مەزنترینی هەموو سەردەمەکان دادەنرێت. ئەرخەمێدس پێشبینی جیاکاری و تەواوکاریی و شیکاریی مۆدێرنی کرد بە جێبەجێکردنی بنچینەی نەزمێردراوەکان و شێوازی دۆزینەوەی ڕووبەری هاوکێشە بۆ دەرهێنان و بە وردیی سەلماندنی ژمارەیەک تیۆری ئەندازەیی لەوانە ڕووبەری بازنە، ڕووبەری ڕوو و بارستایی تەنی گۆیی و ڕووبەری ژێر چەماوە. [ع] أرخميدس [N] Arkimedes [د] ارشمیدس.








**ئارلێزیەن:** L'Arlésienne [وێژە] [ئۆپێرا] [مۆزیک] چیرۆکێکی ئالفۆنس دوودە و ئۆپێرایەکی ژۆرژ بیزەیە.




**ئارماند سیلڤێستەر:** Armand Silvestre {١٨٣٧ـ١٩٠١} هۆنەری شێوازی پارناسی سەدەی نۆزدەی ڕۆژنامەی Le Parnasse، کە تەنها گرنگیی بە هۆنراوەی فەرەنسەیی ئەدا، لە خولی پاش ڕۆمانتیسیسم و

بەر لە سەمبۆلیزم.





**ئارموور:** Armor یان Côtes_d'Armor یان Côtes_du_Nord دیاردە ناو
ئەماژەیە بە کەناری بریتَنی کە لە زمانی سێلتَیک بە واتای کەناری زەریا و کۆتایی دنیاشە.






**ئارنۆ:** Antoine Arnauld کاردینال نووسەر (١٦١٢ـ١٦٩٤) لە ناسراوانی ژانسنیسم و پۆرت ڕۆیاڵ و شارەزای پاتریزم واتە ناسینی نووسەرانی سەرەتای فەلەگەری.



**ئارنۆد ڤیدال:** Arnaut Vidal هۆنەر نووسەر (١٣٠٥ـ١٣٢٤) هۆنەر و نووسەری فەڕانسەیی سەدەی ناونجی.





**ئارنۆلد جۆزێف تۆینبی:** Arnold Toynbee مێژوونووس (١٨٨٩ـ١٩٧٥) مێژوونووسی ئینگلیزی، فەیلەسوفی مێژوو، نووسەری پەرتووکی لێکۆڵینەوەیەک لە مێژوو A Study of History لە ١٠,٠٠٠ لاپەڕەدا بە یەکێک لە مەزنترین پەرتووکە مێژووییەکان دائەنرێ، مامۆستای توێژینەوەی مێژووی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ئابووری لەندەن و کۆلێژی کینگ لە لەندەن بووە. لە ساڵی ١٩١٨ تا ١٩٥٠، تۆینبی بە پسپۆڕێکی پێشەنگی کاروباری نێودەوڵەتی دائەنرا؛ لە ساڵی ١٩٢٤ تا ١٩٥٤ بەڕێوەبەری توێژینەوە بووە لە چاتام هاوس، لەو پۆستەدا ٣٤ بەرگ ڕاپرسی کاروباری نێودەوڵەتی بەرهەمهێنا، بۆ پسپۆڕانی نێودەوڵەتی لە بەریتانیا.










**ئارنە ساكدۆرف:** Arne Sucksdorff سینەما دەرهێنەر {١٩١٧ـ٢٠٠١} دەرهێنەری سویدی.

**ئارەزوو:** wish, desire, ambition ناو واز، خولیا، کەڵکەڵە، ئاوات، حەز، ئیشتیا، واز، ئۆگری، ئاوەخت، تەوسا، مگێز، مەراق، واشتا، هەوەس، ئومێد، هەرەنگ، هەویا، هیڤی، قەژەن، بەرزیخواری، بەرزەفڕی N ønske ع رغبة د میل.







**ئارەزووانە:** deliberately, Intentionally ئاوەڵناوی لێکدراو [ئارەزوو+ئانە] بەئارەزوو، بەوست، هەوەسانە، مەبەستانە، دڵخوازانە. ع عمدا N Med vilje د از قصد.

**ئارەزووباز:** whimsy, sensual ناوی لێکدراو [ئارەزوو+ باز] دڵچەرێن، حەزباز، هەوەسباز، هەوەسپەرەست، تەڕپیر، ڕەداڵ. ع الشهوانیة، نزوة N innfall د هوسباز.

← **تەڕپیر:** whimsical ئاوەڵناو ڕەداڵ، پیری هەوەسباز. ع مرح، عجوز غریب الأطوار N snodig د پیر بوالهوس.

**ئارەزووبازی:** sensuality, whimsicality ناوی لێکدراو [ئارەزوو+ باز+ ی] هەوەسبازی، حەزبازی، دڵچەرێنی، دڵێزۆکی. ع غرابة N finurlighet د هوسبازی.

**ئارەزووبازینە:** Out of whim ناوی لێکدراو [ئارەزوو+بازی+نە] لە ئارەزووبازیدا. ع بدافع النزوة N innfall د از بولهوسی.

**ئارەزووبازیەنە:** ئاوەڵکردار [ئارەزوو+بازی+ئەنە] لە ئارەزووبازیدا. ع بدافع النزوة N innfall د از بولهوسی.

**ئارەزووبزووتن:** to wish چاوگی تێپەڕ [ئارەزوو+بزووتن] هەوەسهەستان، ئیشتیای جنس کردن، مەیل جووڵان. ع تمنى N å ønske د آرزو کردن.

**ئارەزووبوون:** to desire چاوگی تێپەڕ [ئارەزوو+بوون] هیواخواستن، تامەزرۆبوون، ویستن، تاسەمەندبوون، ئاواتەخوازبوون. ع رغبة N ønske د میل داشتن.

**ئارەزووپاراستن:** desire control کاری تێنەپەڕ [ئارەزوو+پاراستن]، بەر بە ئارەزوو گرتن، ڕکێفکردنی ویست. ع السيطرة على الرغبة N ønske kontroll د کنترل میل.

**ئارەزووپێدان:** stimulate چاوگی تێپەڕ [ئارەزوو+پێ+دان] هەوەس پێهەڵسان، هەوەس پێ جووڵان، هاندان، گاڵدان، تیژکردنی کەسێک، باڵ پێوەنان. ع خفز N stimulere د انگیختن.

**ئارەزووکار:** self_willed ئاوەڵناوی فرمان [ئارەزوو+کار] هەوەسکار، ئەوەی بە هەوەسی خۆی کار بکات و گوێ نەداتە کەس. ع متشبث بالرأي N egenrådig د خودخواسته.

**ئارەزووکاری:[1]** bullying ناوی چاوگ [ئارەزوو+کار+ئی] هەوەسکاری، کار بە ملهوڕی کردن. ع المتنمر N mobbing د قلدری.

**ئارەزووکاری:[2]** arbitrary ئاوەڵناو ناوی چاوگ [ئارەزوو+کار+ئی] بە دڵخواز و نابەجێ. ع اعتباطي N vilkårlig د دلخواه.

**ئارەزووکەر:** demander ئاوەڵناوی فرمان [ئارەزوو+کەر] خوازیار، بەرژەند. ع طالب N kravstiller د خواهان.

**ئارەزووکردن:** to wish چاوگی تێپەڕ [ئارەزوو+کردن] واز بۆچوون، ویستن، خواستن، ڕەچاوکردن، قەرم لێ خۆشکردن، دڵ لە دووی شتێک بوون.

حەزلێکردن. ع تمنی N ønske å د آرزو کردن.

**ئارەزووگە :** yearning ناوی لێکدراو [ئارەزوو+گە] ئەو شوێنەی جێگای ئارەزوو بێت. ع طالب N longing د آرزوگاه.

**ن:** ئەوەندەی ئەو دیمەنەم بینی، ئارەزووگایەکی وەهای بۆ ئافراندم، پێشتر هەستم پێ نەکردبوو. «سی ئێس لویس»

**تامەزرۆیی :** yearning ئاوەڵناو حەزی دیدار و ئارەزووی فراوان، کەڵکەڵە، دڵبزۆکی، عەزرەت، گیرۆدەیی، هەستی سۆز و خۆشەویستی. ع رغبة N Ønske د اشتیاق.




**ئارەزووکردن :** crave چاوگی تێپەڕ ویستن، تامەزرۆ بوون، تاسەمەندبوون، هەوەسکردن. ع یرید بشدة N higer etter د هوس کردن.

**ئارەزوولێبوون :** demanding چاوگی تێنەپەڕ [ئارەزوو+ لێ+ {هە}بوون] دڵ بۆچوون، تاسەمەندبوون. ع تطالب N krevende د مطالبەگر.

**ئارەزوومەند :** avid ئاوەڵناوی لێکدراو [ئارەزوو+ مەند] ئاواتەخواز، تاسەمەند، تامەزرۆ، بێحەژمەت،خوازیار، کەسێکەزۆر دڵی بە شتێکەوە بێ. ع حریصة N ivrig د حریص، مشتاق E eager.

**ئارەزوومەندی :** yearn ناو [ئارەزوو+ مەند+ ی] چێشکەی سەرجبیی، هەوەسی سێکس کردن. ع اشتاق N lengte د مشتاق بودن.

**ئارەزووی :** ناوی چاوگ پێشگر پێشگرێکە لەگەڵ ناو، فرمان، ئاوەڵناو دێت: ئارەزووی خۆبەختکردن، ئارەزووی یەکگرتنەوە، ئارەزووی زانین.

**ئارەزووی بۆن:** osmolagnia ئاوەڵناوی لێکدراو هەوەسی بۆن مژین، حەز لە بۆنکردن. ع أوسمولانیا N osmolagni د اشتیاق بو.

**ئارەزووی پەلەوەر:** شێوەڕستە ئارەزووی سەرکەوتن.

**ئارەزووی جووتگرتن:** tentigo, lust, satyriasis شێوەڕستە هەوەسی جووتبوون و سکسکردن. ع شهوة، وسوسە N tentigo, fristelse د وسوسە، شهوت.

**ئارەزووی دزین:** kleptomania دەروونناسی ناوی لێکدراو هەوەسی دزین، گرفتی دزین، ناسازی حەز لە دزیکردن بەبێ ئەوەی پێویستی هەبێ. ع هوس السرقة N kleptomani د جنون سرقت.

**دزیخواز:** kleptomaniac دەروونناسی ڕەفتا ناوی لێکدراو کلیپتۆمەینیاک، دزەشێتە، تووشبوو بە نەخۆشی دزی، دوچاری شێتی دزی. ع مهووس بالسرقة N kleptoman د عاشق سرقت.








**ئارەزووی دیدار:** desire ناوی لێکدراو شێوەڕستە تاسە، تاسوخ، ئارەزوومەندی. ع رغبة اللقاء N ønske د اشتیاق.

**ئارەزووی زایەندەگی:** ناوی لێکدراو شێوەڕستە ئەلەر، ئەلیا، هەوەسی بەدیهێنان بەرامبەر بە نەزۆکی.

**ئارەزووی سەیرکردن:** Mixoscopia ناوی لێکدراو هەوەسی سەیرکردنی جنسی، گرفتێکی دەروونییە کە کەس وازێکی یەکجار زۆری بۆ کوڵگرتن

و سەیرکردنی کاری جنسی خەڵکی هەیە. ع شهوة التلصص N Mixoskopi د تماشاگری جنسی.

**ئارەزووی میزکردن:** Urolagnia ناوی لێکدراو هەوەسی چێژوەرگرتن لە بینین یان بیرکردنەوە لە میزکردن. ع الولع بالبول N Urolagnia د ادراردوستی.

**ئارەزووە مەزنەکان:** Great Expectations ڕۆمان فیلم ڕۆمانێکی مێژووییە نووسینی چارلز دیکێنز، ساڵی ١٨٦١ بڵاو بووەتەوە.




**ئارێز:** ناوی جێگا کەلێکی بە ناوبانگە لە نێوان سنە و مەریوان. ◄ [ئا+ڕێز] ئامرازی نیشاندان + پاشگری ڕێز لە ڕژاندن. ◄ [ئا+ڕێز] ئای نیشانەی کۆ لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو + پاشگری ڕێز لە ڕژاندن. ◄ هەروەها بۆی هەیە ئارێز [ئار+ڕێز] بێ کە ئار ← ئەرد ← عەرد ← هەرد + پاشگری ڕێز لە ڕژاندن. ◄ هەروەها گوندی لەنگەرێز [لەنگە+ڕێز] کە پێکهاتەی وشەکەی وەکوو ئارێزە، ئەویش ئەکەوێتە سەر ڕێگەی نێوان سنە و مەریوان. ☜ شار ن: بۆ سمکۆ

لە سەر ئارێزەوە با بڕوانم
بۆنەکەی خۆشە ئەگاتە گیانم
ڕێبوار

↤ **لەنگەرێز:** ناوی جێگا گوندێکی ناوچەی کەڵاتەرزان، سەر بە شارستانی

سنەیە. خەڵکی لەنگەرێز بە شێوەزاری کوردی ناوەندی ئەدوێن.




**ئارێس:** Ares میسۆلۆجی له میسۆلۆجی یۆنانیدا هاتووه کوڕی زیۆس و هێرا، خوای جەنگ و ئازایەتی، یەکێک لە دوانزە ئێزەدانی ئۆلیمپە. بەزۆری لایەنی فیزیکی و دڕ و ڕامنەکراوی جەنگ و کەسایەتی هێشبەر و خوێنرێژ ئەنوێنێتەوە؛ لەکاتێکدا ئاسینای Athena زرێپۆشی خۆشکی، وەکوو ئێزێدێکی هۆشمەند ستراتژی و زانستی گشتی سەربازی بەکار دەهێنێ.

**ومندەر وۆمەن:** Wonder Woman فیلم فیلمی ٢٠١٧ی ژنی ناوازە، لە کۆتاییەکەیدا دەری ئەخات کە فیلمەکە لە ڕاستیدا جەنگی ژنی ناوازە، واتە ئاسینای ماخوای ستراتژی و براکەی واتە ئارێسی خوای جەنگە.







**ئارێنای نیيم:** Arena of Nîmes وەرزش وەرزشگای ڕۆمانی هیی ساڵی ٧٠ی زاینی، کەوتووەتە شاری نیيمی فەڕانسە.



**ئاریا:** aria (ئیتالیایی) موزیک ناو سۆلۆستران، تاکچڕین، هەوای موزیک، ئاوازە مێلۆدییەکی هێدی و لەسەرخۆ لە ئۆپێرا و ئۆراتۆریا و کاندانتەدا، کە ئۆپێراچڕ بە هاویاری ئۆرکێسترا بە شێوەی مۆنۆلۆگ پێشکەشی ئەکات. پێشتر ئاوازێکی ئەڤینئاوێز بووە کە بە شێوازێکی ڕەنگین ڕەنج و پەژارەی ئەنواندەوە، لە دوو بەش پێکهاتبوو بەڵام بە شێوەی A-B-A

پاتە ئەبوویەوە. ◄ بەو پێیە کە حەیران یان ئاریان بە واتای گێڕانەوەی چیرۆک و سەربردەی دڵداری بە موزیک، تەنها لە زمانی کوردیدا هەیە، وشەی ئاریا لە کوردییەوە، لە ڕێگەی شارستانیەتی ئەترووسکییەوە چووەتە ناو زمانی ئیتالیایی. ◄ هەروەها سەرچاوەکان دەری ئەخەن کە ئەترووسکییەکان Etruscan کە شارستانیەتی ئەترووسکی Etruscanی ئیتالیای لە ۷۰۰ تا ۵۰ی پێش زایینی پێکهێناوە، لە کوردستانەوە چوون بۆ ئەوێ.

**ئاریا ڤیڤاچە:** aria vivace موزیک It هەوایەکی موزیک بۆ دەنگی تاکەکەسی یان ڤاری solo لە ئۆپێرا، ئاریا ڤیڤاچە، ئاریایە لە دارەتی گرژ و زیندوویدا.

**ئاریچیتە و پالامۆ:** Palamon and Arcite ویژە ئەفسانە دوو کەسایەتی چامەی درێژی تێسەیدا Teseida نووسینی جیۆڤانی بۆکاچیۆ، ١٣٤٠، لە ١٧٠٠یشدا لە لایەن جان درایدن John Dryden وەک بەشێکی ئەفسانە کۆن و نوێکان نووسراوە و بە وەرگێڕانی چیرۆکی سوارچاکان The Knight's Taleی جێفری چووسر Geoffrey Chaucer دائەنرێ.









**ئاریستاوس:** Aristaeus میسۆلۆجی ناوی تایبەت یان Aristée، کوڕی سیرن، وەک ڤێرژیل ئەڵێ ڕۆژێک لە کەنار چەمێک ئەکەوێتە دوای ئۆریدۆس. مارێک ئەدا بە ئۆریدۆسەوە و ئەیکوژێ. خواکان لەوە تووڕە ئەبن و بۆ تەمێکردنی ئاریستۆس کە هەنگداری لە ئارکادی کردبوو بە باو، هەموو

هەنگەکانی نەخۆش ئەخەن. ئاریستۆس بۆ داوای یارمەتی لە دایکی، کە پەری دەریاییە، لە چەمێکدا خۆی ئەخنکێنێ.




**ئاریسی:** Aricie میسۆلۆجی ناوی تایبەت یان Aricia ناوێکە کە وەک هێمای پێرسۆنای ئاریشە و ڕازاوی لە ئەنییەدی Aeneid فیرژیلدا.



**ئارمسترانگ:** پیشەسازی بەرژەنگ ناو کارگەی چەکسازی بەناوبانگی شاری وۆلویچی Woolwich ئینگلیز کە ویلیەم جۆرج ئارمسترانگ، ئەندازیاری

ئینگلیزی (١٨١٠ـ١٩٠٠) ماوەی چەند ساڵ بەڕێوەی ئەبرد.






**ئاریشە:❶** mysterious ناو ئاڵۆز، ڕازاوی، دژوار، پێچەڵپێچ، پرسگر. ع غامض N mysterium د اسرارآمیز.

**ئاریشە:❷** deterioration ناو پرسگر، کێشە، دژواری، ئاڵۆزی، باری چەتوون. ع تدهور N forverring د وخامت.

**ئاریشەن:** wise ئاوەڵناوی لێکدراو هۆشمەند، فەرزانە، ژیر، بەئاوەز ، بەورە، لەدنیازان، بیرتیژ، تۆرەڤان. ع حکیم N klok د خردمند.

**ئاڕەفتە:** disjointed ئاوەڵناو شەقوشڕ، وێران و لە کەڵک کەوتوو. ع مخلع N usammenhengende د از هم گسیختە، پریشانحال.

**ئازا:❶** agile ئاوەڵناو خێرا، کوڵوگوڕج، دەسبەجێ. ع رشیق و خفیف N modig د چابک.

**ئازا:❷** brave ئاوەڵناو بەجەرگ، جەربەزە. ع شجاع N modig د نترس.

**ئازادکراو:** emancipated ڕێسا مێرمنداڵ ئاوەڵناو ناوی لێکدراو ڕێگەپێدراو، ڕزگار و ڕێگەپێدراو لە سنووردراوی ڕێسایی، کۆمەڵایەتی، و ڕامیاری، بە تایبەت مێرمنداڵ و هەرزەکاری ١٣ تا ١٩ کە پەلەیانە و ئەیانەوێ چەندە زووتر لە بن دەسەڵاتی دایک و باوک بچنە دەرەوە. ع متحرر N frigjort د رها شد.

**ئازادکردن:❶** acquittal ڕێسا چاوگی تێپەڕ بەبێتاوان ناسین؛ بڕیاری بە

بێتاوانناسینی تۆمەتبارکراو لە دادگا. ع تبرئة N frifinnelse د تبرئه.

**ئازادکردن:❷** relieve of a debt ڕێسا چاوگی تێپەڕ بەخشین، لێخۆشبوون، ئازادکردنی قەرزار لە قەرزەکەی. ع ابراء المدين من N avlaste en gjeld د رفع بدهی.

**ئازادی:❶** freedom مافرمرۆڤ ناو توانا و مافی ئاخاوتن و دەربڕین و بیرکردنەوە بەو شێوەی خودی مرۆڤ ئەیەوێ، سەربەستانە و بەبێ بەربەست و ڕێگەلێگرتن. ع حرية N frihet د آزادی.

**ئازادی:❷** Freedom پەیکەر پەرژەنگ ناو پەیکەری هەرە ناسراوی زینۆس فرۆداکیس Zenos Frudakis پەیکەرتاشی هاوچەرخی ئەمریکایی، لە ناوەندی شاری فیلادلفیا دامەزراوە، درێژییەکەی ٢٠ پێ و بەرزییەکەی ٨ پێ و، کێشی ٧٠٠٠ پاوندە، یادمانی دەرکەوتنی یەک لە دوای یەکی فیگەرێک لە چوار قۆناغی ڕزگاربوون لە دیوارێک نیشان دەدات. ع الحرية N Frihet د آزادی.



**ئازار:** agony ناو ئێش، ژان، زەبری جەستەیی یان دەروونی. ع عذاب N smerte د عذاب E algesia.

ن: له زۆری ئازار بوورایەوه و بەربوویەوه.

**ئازاربەخش:** excruciating ناوی لێکدراو پڕئازار، زۆر ناخۆش و جەخاراوی، سزای سەخت. ع طاحنة N uutholdelig د مشقت بار.

**ئازارچەشتوو:** tormented ناوی لێکدراو ئازاندراو، ئەشکەنجەدراو. ع معذب N plaget د عذاب دیده.

**ئازاردان:** injure فەرمان زیان پێگەیاندن، ئازارپێگەیاند. ع تجرح، انجرح N skade د آسیب زدن، آزار رساندن.

**ئازاری دڵ:** heartache دارەت ناوی لێکدراو ئازار یان خەمێکی سۆزداری، به شێوەیەکی گشتی بەهۆی لەدەستدان یان نەبوون و دوورکەوتنەوەی خۆشەویستێکەوه دروست دەبێت. ع وجع القلب N hjertesorg د درد دل.

☜ دڵئێشە.

**ئازاکردن:** hurrying up, hurry چاوگی تێپەڕ پەلەکردن، خێراکردن، به لەز جووڵانەوه. ع التسرع حتى N skynder seg د عجله کردن.

**ئازراندن:** provocation چاوگی تێپەڕ وروژاندن، هاندان؛ گوتار و کردارێک کەسێک توورە یان بێزار ئەکات. ع إثارة N provokasjon د تحریک کردن. G قانوونی

**ئازگار:** consecutive ئاوەڵکار لەپەسا، بەردەوام، گورگوڕ، بەدوای یەکدا، بەشوێن یەکدا، بێپسانەوه، بێناوبڕ، پەسایەسا، پەیتاپەیتا، دوابەداو، گوڕاگوڕ، بەردەوامیی بێبڕانەوه و نێوان، گەنم گردی. ع متوالي N påfølgende د مداوم، پی درپی.

**ئازوگۆز:** interplay کیمیا ناوی لێکدراو کارلێکی کیمیایی، کار و کاردانەوه، شێوازێک که تێیدا دوو یان چەند شت کار ئەکەنه سەر یەکتر: ن: ئازوگۆزی نێوان بۆماوەیی و فێربوون. ع التفاعل الکیمیائی N samspill د فعل و انفعال شیمیایی.






**ئاژان:** gendarme ناو جەندرمە، ئەفسەری پۆلیس لە دەرەوەی شار. ع الدرک N gendarme د ژاندارم.

**ئاژاوتن:** driving چاوگی تێپەڕ لێخوڕین. ع السِیاقة N kjøring د رانندگی.

**ئاژاوە:❶** chaos ناو ئاڵۆزان، ئەنگامە، پشێوی، پاشاگەردانی، شڵەژان، فەرتەنە، هۆسە، هەرمەلە، کەڵەوەکێشی، یاخیگەری، بەرخۆدان، سەرهەڵدان، سەرکەشی، لاساری، نافەرمانی، تێکچوون و بشێوی دارماڵ. ع الفوضی N kaos د هرج و مرج. ☜ تیۆری کەیۆس








**ئاژاوە:❷** commotion ناوی چاوگ دارەتی گرژی و بشێوی. ع اهتیاج N oppstyr د هیاهو، اضطراب.

**ئاژاوەگەر:** agitator ناوی فەرمان بەئاژاوە، پڕئاژاوە، پڕلەکێشە. ع المهیج N agitator د آشوبگر.

**ئاژاوەگێڕی:** anarchism ئایدیۆلۆجی ناوی چاوگ ئانارشیزم، رێبازێکی ڕامیارییە

که ئەیەوێت هەموو دەسەلاتێکی میری و دەوڵەتی هەڵوەشێنێتەوە.
☜ ئانارشیزم




**ئاژر :** furious ئاوەڵناو ڕق، تووڕەیی، قین، غەزران. ع غاضب N rasende د غضبناک.

**ئاژن :** پیاشگر پاشگرێکە بە دوای ناوەوە ئەلکێ و ئاوەڵناوی کارا دروست ئەکات.

⇦ **ن:** ئاوەڵناوی کارا دەرزیئاژن، بۆریئاژن.

**ئاژۆ:❶** driver ناو لێخور، شۆفێر.

**ئاژۆ:❷** ناو لک لێبوونەوەی ڕیشە ☜ ڕەگاژۆ.

**ئاژۆ:❸** grass ناو ئالیک، تفاق.

**ئاژۆتن :** ڕێسا چاوگی تێنەپەڕ لێخورین، گرنگترین ڕێسای لێخوڕینیش سیانە:

◁ گۆڕاوەکان لە بەرچاو بگرە، پێشبینی دەرئەنجامەکان بکە، سەرنجت چەقبەستوو بێت.

◁ Account for variables, Anticipate consequences, Stay focused.

**ئاژە:❶** situation ئاوەڵناو بارودۆخ، دارەت.

**ئاژە:❷** limestone ئاوەڵناو ئابک، قسل، کلس، ئاهەک. ع الکلس N kalkstein د آهک.

**ئاژەڵ :** animal گیاندار ناو ئاوەڵناو چوارپێی نزم، مەڕ و بزن و مێهـ و بەران

و قۆچ. ع حیوان N dyr د حیوان، دام.

**ئاژەڵ و پاتاڵ:** چوارپێی نزم و بەرز.

ن: ناو ئاژەڵی کێوی بە دژواری لەگەڵ قەفەس ڕادێن.

ن: ئاوەڵناو هێماپەر کینایە ئەو ڕژیمەی پاش هەڵبژاردن هاتە سەرکار، ئاژەڵێکی تایبەتی بوو.

**ئاژەڵداری:** animal husbandry ئاژەڵداری ناوی چاوگ زانستی پەروەردە و داشت و پارێزگاری لە ئاژەڵانی ئامۆی مەزرا. ع تربیة الحیوان N husdyrhold د دامپروری E animal breeding.



**ئاژەڵنامە:** fauna زیندەوەرزانی ناوی لێکدراو گیانلەبەر، پەیوەست بە ئاژەڵەکانی ناوچەیەک، شوێنی نیشتەجێبوون، یان سەردەمێکی جیۆلۆجی دیاریکراو. ع حیوانات N fauna د جانوران.

**گیانامە:** flora زیندەوەرزانی ئاوەڵناو پەیوەست بە گیاکانی ناوچەیەک، شوێنی نیشتەجێبوون، یان سەردەمێکی جیۆلۆجی دیاریکراو.

گیانامە و ئاژەڵنامە: flora and fauna






**ئاژەڵی مرۆڤنما:** La Bete humaine سینەما فیلم فیلمی فەڕانسەیی ١٩٣٨ دەرهێنانی ژان ڕێنوار و بەشداری ژان گابۆن، ژێوەرگرتنی ئازاد لە ڕۆمانی ١٩٨٠ی ئێمیل زۆلا.

**ئاژین:❶** ناو دابەشکردن و پەخشبوونەوەی ئاو بە ڕێکوپێکی بەسەر باخ، یان کشتوکاڵدا.

**ئاژین:❷** ئاوەڵناو زبر، دڕن، کەماچ، گرنج گرنج: وەک بڕبەندی بەرداش.

**ئاژینە:❶** ناو چەقەنەی ئاش، چەقچەق، چەقچەقە، چەقچەقۆک.

**ئاژینە:❷** ناو چەکوشی بیراز کردن کە سەرەکەی ددانەی هەیە، چەکوشی کوتان و کوتانەوە.



**ئاسانا:** asana شێوەزانست ناو ڕاهێنان و جووڵە و لەنگەرگرتنە لە هاتایۆگا hatha yoga. ئاسانا جووڵەی خۆکێشانەوە و لەنگەر و هەناسەی قووڵ هەڵکێشانە، ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەسید لاکتیکی زۆر لە ماسوولکەکاندا کۆ نەبێتەوە، ئاسانا کەرستەیەکە بۆ گەیشتن بە لەنگەر، وزەی گیانوەش، هەماهەنگی و ئەولەهی، پەرەپێدانی کەوشەنی جووڵەکان و چالاکی ئەندامەکانی لەش.

⇦ **شیرشاسانا:** shirshasana ناوی‌لێکدراو یان سالامبا شیرشاسانا، یان یۆگای لەسەرسەر، ئاسانایەکی سەرەوخوارە لە یۆگای مۆدێرن وەکوو وەرزشێک، بە پادشای هەموو ئاساناکان دانراوە.

⇦ **گیانوەش:** healthy ئاوەڵناو تەندروست، سەرازا، سەرواز. ع صحي N sunn د سالم.












**ئاسایش:** security ئاسایتر ناو پاراستن، دارەتی ئارامی و بێ گیروگرتی، ئاسایش دۆخی دووربوون لە مەترسی یان هەڕەشە. ع أمن، حماية N sikkerhet د امنیت.

**ئاسایشی گەڕەک:** precinct ئاسایتر ناو بنکەی ئاسایش، ئاسایشی بازنە، بەڕێوەرایەتی ئاسایشی گەڕەکێک، هەر شارێک ڕەنگە چەند بنکەی ئاسایشی هەبێ. ع منطقة N distriktet د حوزە، بخش.







**ئاسایشی نیشتمانی:❶** homeland security ئاسایتر ناو تێکۆشانە بۆ دەستەبەرکردنی نیشتمانێکی ئاسوودە و خۆڕاگر لە بەرامبەر کارەساتی سروشتی، تاوانی ڕێکخراو و تڕۆڕیزمی ئایدیۆلۆژیک. ع أمن الوطني N heimevern د امنیت داخلی.

**ئاسایشی نیشتمانی:❷** homeland security ئاسایتر ناو دەزگایەکی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاییە تێ ئەکۆشێ بۆ دەستەبەرکردنی نیشتمانێکی ئاسوودە و خۆڕاگر لە بەرامبەر کارەساتی سروشتی،

تاوانی ڕێکخراو و تیرۆریزمی ئایدیۆلۆژیکی وەک ئایینی، کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی و ژینگەیی. [ع] أمن الوطنيِ [N] heimevern [د] امنیت داخلی.



**ئاسایی:** ordinary [ئاوەڵناو] شتێکی چاوەڕواننەکراو کە لە دارەتی ئاسایی و ستاندار لای داوە. [ع] عاديِ [N] vanlig [د] معمولی.

↞ **نائاسایی:** anomaly [ناو] شتێکی چاوەڕواننەکراو کە لە دارەتی ئاسایی و ستاندار لای داوە. [ع] شذوذ [N] anomali [د] ناهنجاری.

**ئاسپازیا:** Aspasia [ئوستاد] [چالاکوان] {٤٧٠ـ٤٠٠ پ.ز†} خاوەنی فێرگەی پەروەردەی ژنان و هاندانیان بۆ کاری کۆمەڵایەتی، ناودارانی وەکوو سوکرات و پریکلس لە فێرگەکەی ئامادە ئەبوون. دڵدار و هاوکاری پریکلس بوو. پلاتۆن و نووسەرانی تر باسیان کردووە.



**ئاستبەرز:** upscale [ئاوەڵناو] شیانست، شیک و لێوەشاوە. [ع] راق [N] stilig [د] سطح بالا.

**ئاستەم:** difficult [ئاوەڵناو] دژوار و هەڵەمووت. [ع] صعب [N] vanskelig [د] مشکل، دشوار.

**ئاستەنگ :** blockage ئاوەڵناو ڕێگە پێگرتن و قەتیسکردن؛ جێگەی سەخت و دژوار و هەڵمووت، دەستهێنانە ڕێگە. ع انسداد N blokkering د انسداد، بازداری.




**ئاستەنگبوون :** hinder چاوگی تێپەڕ ڕێ لێگرتن و تەگەرەتێخستن. ع یعرقل N hindre د پاگیر شدن، مانع شدن.

**ئاستەنگی :** blockage ناوی چاوگ دارەتی سەخت و دژوار . ع انسداد N blokkering د انسداد، بازداری.

**ئاستەی :** permit بەڵگە پیشە ناو تازیار، هێشتن، تلین، پسوولەی ڕێگەپێدان بۆ کارکردنی کۆگا و کارگە و کۆمپانی، پسووڵەی ئازۆتن، پسووڵەی نشینگە. ع رخصة عمل N tillatelse د مجوز، پروانە کار.
هەنبانە بۆرینە وشەنامە ☜ تازیار




**ئاسفاڵت :** asphalt ئەستوو ناو یان قیر جۆرێکی نەوتی لینجی، ڕەشی لچکاوی نیمچەـڕەقە. ئەم ئەستووە لە سروشتدا هەیە، یاخود دوای

باڵاوتنی نەوت بەدەست ئەهێنرێت. سەرەکیترین پێویستی قیرٍ بۆ درووستکردنی ڕێگاوبانە، بەرێژەی ٧٠ لەسەد بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت، کە تێیدا وەک چەسپێک بەکاردێت و تێکەڵی بەردی ورد ئەکرێت تاکو کۆنکریتی قیرٍ درووستبکات. بەشێک لە پێویستیەکانی تری بریتیە لە بەکارهێنانی بۆ بنمیچی خانوو یاخود بەکارهێنانی وەک مشەما. پارێزگای ئالبێرتا لە کەنەدا دەوڵەمەندترین سامانی قیری هەیە لەسەر ئاستی جیهان، کە نزیکە ١٤٢ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ناوچەیەکی گەورەتر لە وڵاتی ئینگیز. ع أسفلت N Asfalt د آسفالت.

**ئاسفاڵت:** گەمە زنجیرەیەکی ڤیدیۆ گەمەی پێشبڕکێی ئۆتۆمۆبیلە کۆمپانیای Gameloft سازی کردووە





**ئاسکویس:** Herbert Henry Asquith ڕامیار لیبرالیست سەرۆکوەزیر {١٨٥٢-١٩٢٨} ڕامیاری لیبراڵی ئینگلیزی، سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە لە ١٩٠٨ تا ١٩١٦.







**ئاسکی میسک:** musk ئاژەڵ بەرامە ناو ئاهووی میسک، شیردەرێکی بچووکی بەتاکە، هاوشێوەی ئاسک، لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ئەژی، بێشاخە و، نێرەکەی ددانی کەڵبەی سەرەوەی درێژە و دەرکەوتووە. ◄ نێری ئەم ئاژەڵە تووەکەیەکی لە سەر سکیەتی کە میسک بەرهەم ئەهێنێ. ◄ میسک لە کۆنەوە بنەمای بۆنخۆشی بەرامە بووە. ع غزال المسك N moskushjort د آهوی ختن. ☜ میسک

**گوڵەمیسک:** musk rose گوڵ بەرامە ناو گوڵباخێکی گەورەی سپی و بەمەیە بۆنی میسکی لێدێ. ع وردة المسك N moskusrose د گل سرخ مشک.




**ئاسکی ماندوو ئەگرێت:** دەستەواژە ئەیەوێ بە بێ ئەرک و ماندوو بوون شتێ دەست کەوێت.

**ئاسکی نەگیراو ئەبەخشێت:** دەستەواژە شتێک ئەبەخشێت لە ئارادا نییە و لە کیسی ناچێت.

**ئاسکی نەگیراو زۆرە:** دەستەواژە شتێک بە کەڵکە لە ژێر دەستا بێت، ئەگینا شتی باش زۆرە و دەست نای گاتێ.

**ئاسمان ستوونی ئەوێ:** دەستەواژە ئاسمان کۆڵەکەی ئەوێ. سەیرە و مایەی سەرسوڕمانە.

**ئاسمان هینی ئێوەیە:** Le Ciel est à vous سینەما فیلم فیلمی درامای سینەمایی فەڕانسەیی ١٩٤٤، ژان گرێمیلۆن.

**ئاسمانی زەرد:** Yellow Sky سینەما فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٤٨ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ویلیەم ئەی ویلمەن.

**ئاسمانی هەراو:** سینەما فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٥٢ی ئەمریکایی، دەرهێنانی هاوارد هاوکس، هو، هونەرمەندی کرک داگلاس.








**ئاسنجاو:** flatware ناوی لێکدراو [ئاسن+ جاو {جام}] دەفر و ئامان و بەرووشی مس و زەرد یان پۆڵا و هەر کانزایەکی تر. ع اطباق N bestikk د ظروف فلزی.







**ئاسنفڕێن:** magnet فیزیک دیاردە ناو مۆگناتیس، دیاردەیەکی فیزیکییە بە هۆی جوولەی بارگەی کارەباییەوە بەرهەم دێت، لە ئەنجامدا هێزی ڕاکێشان و ڕەتکەرەوە لە نێوان تەنەکاندا دروست دەبێت. هێمایر توانای ڕاکێشانی سۆز و هەستی مرۆڤەکان. ع المغناطیس N magnet د آهن ربا.

  

**ئاسنەواڵە :** scrap ناو سکراپ، تەڵەزمە، لەتوکوت، کەرەستەی دووبارە بەکارهێنراو، بەزۆری کانزاکان، کە لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی بەرهەمدا بەجێماوە، وەک بەشەکانی ئۆتۆمبێل، پێداویستییەکانی بیناسازی و کەرەستەی زیادە. بە پێچەوانەی زبڵ، ئاسنەواڵە بەهای دراوی هەیە، بەتایبەتی کانزا وەرگیراوەکان. هەروەها کەرەستەی ناکانزایی وەکوو نایلۆنواڵە وەرئەگیرێت بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە. ع خردة N skrot د قراضە.

  

**ئاسنین :** ironclad ئاوەڵناو ئاسنپۆش، داپۆشراو یان پارێزراو بە ئاسن. ع مدرع N jernbelagt د آهنی.

**ئاسۆواری :** horizontality ناو ئاسۆیی، چۆنایەتی هاوتەریببوون لەگەڵ ئاسۆ. ن: شاوڵیواری verticality

**واری :** پاشگر پاشگرە بە واتای وەکوو، لەگوێن، چون. ☞ جیۆلۆجی ئاسۆیی







**ئاسۆی دوانە ❶:** Twilight zone **دیاردە** ناوچەی تاریک و ڕوون، دۆخ یان بوارێکی چەمکی کە بە پێناسە نەکراو، ماماوەند، یان بەنام و گۆنگ بوون تایبەتمەندە.

**ن:** ناوچەی پەنامی نێوان وردەبۆرژوازی و چینی کرێکار.

**ئاسۆی دوانە ❷:** Twilight zone **کۆمەڵایەتی** ناوچەیەکی شاری، کە لە دۆخێکی کاولبوون یان دابەزینی ئابووری دایە.

**ئاسۆی دوانە ❸:** Twilight zone **زنجیرە** زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ئەمریکایی ١٩٥٩ـ١٩٦٤، ئافراندنی ڕۆد سێرلینگ.

**ئاسۆی دوانە ❹:** Twilight zone **زنجیرە** زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ئەمریکایی ٢٠١٩ـ٢٠٢٠، ئافراندنی سیمۆن کینبەرگ. **درێژە** گەشتە بۆ ناو ڕەهەندێکی دیکە، ڕەهەندێک نە تەنها بۆ دەنگ و بینین، بەڵکوو بۆ ئاوەز. بۆ کەشێکی ناوەڕاست لە نێوان ڕووناکی و تەماردا، گەشتە لە نێوان زانست و خورافاتدا، ڕاکشاوە لە نێوان چاڵەکانی ترسی مرۆڤ و لوتکەی زانستەکانیدا. گەشتە بە ناو ڕەهەندەکانی وەژارەدا، چوونە ناو کەوشەنی ئاسۆی دوانەیە...











**ئاسوودە :** cosy ناو ئاوەڵناو فەرمان ئارام، پێخوست، دنج، کپ، کڕ، کشومات، مەند، بێوەی؛ هەستێکی ئەرخایەنی و گەرمی و دڵنیایی. ع مریح N koselig د دنج E comfortable.

**ئاسەلا :** tools ئامێر ئامێر، ئەو کەرەستانەی بۆ چاککردنەوەی شت بەکار دێت وەک ئاسەلای پاسکیل، یان وردە کەرەستەی وەک دەرزی و سووژن تا تەور و تەورداس. ع أدوات N verktøy د ابزار.



**ئاسەوار :** antiquities دێرینەناسی ناو شوێنەواری کەون و دێرس، شتەکانی ڕابوردووی کۆن، بە تایبەت قۆناغی پێش سەدەکانی ناوەڕاست. ع N antikviteter د آثار.

**چاخی دێرس :** antiquity ژیار ناو ڕابوردووی کۆن، بە تایبەت قۆناغی پێش سەدەکانی ناوەڕاست. ع العصور القديمة N antikken د دوران باستان.



**ئاسێ :** ئاوەڵناو سەخت ، دژوار.

**ئاسیێو :** calamity [ناو] تەمەرە، كارەسات، نسكۆ. [ع] مصيبة [N] ulykke [د] مصیبت [E] rampant.

**ئاسیمە :** agitated [ئاوەڵناو] پەرێشان، شڵەژاو، هەراسان، سەرسووڕماو [N] urolig [ع] مُنزعج، هائج [د] آشفته.

← **سەراسیمە :** confused [ئاوەڵناو] سەرلێشێواو، شڵەژاو، تێکەڵوپێکەڵ، تێکچوو. [ع] مشوش [N] forvirret [د] مغشوش، سرآسیمه.



**تواندنەوە ❶:** assimilation [کۆمەڵایەتی] [کیمیا] [چاوگی دوولۆ] حەلان، گرتن، مژین؛ لێکچواندن، چونیەککردن، وێکچواندن، هاوشێوەکردن، یەکسانکردن، یەکاندن، وەکیەککردن، چونیەکی. [ع] الاستیعاب [N] assimilering [د] ادغام، جذب و ترکیب.

**تواندنەوە ❷:** assimilation [ڕامیاری] [ئایدیۆلۆژیک] [هێماپەر] [چاوگی دوولۆ] لە ڕوانگەی ڕامیارییەوە بە واتای تواندنەوەی و بنبڕکردنی نەتەوایەتی دێت و لە مەزنترین تاوانەکانی داگیرکەران بووە لە دژی نەتەوە کورد. وەک تاوانی ئەنفال، نیشتەجێکردنی عەرەب و فارس و تورک لە کوردستان، جۆرەکانی پەیماننامەی وەکوو سەعدئاباد و سازکردنی پشتوێنەی سەوز و دەیانی تر. ◄ هۆکاری مانەوەی کورد زۆرن، بەڵام لە گرینگترینیان خەباتی بێوچانی ڕزگاری و سەربەخۆیی و، هەروەها باڵادەستی و دەوڵەمەندتر بوونی مێژوو و چاند و زمان و موزیک و داب و نەریتی

کورد لە داگیرکەرانییەتی، بۆیە هەمیشە لەوەدا کەمیان هێناوە کە بتوانن کورد بکەن بە هاوڕەنگی خۆیان؛ ئاراستەی مێژوو بۆ پێشەوەیە.
ع الإبادة العرقية N assimilering د نابودی قومی.





**ئاسینا هیپیا:** Athene Hippia میسۆلۆجی لە میسۆلۆژی یۆنانیدا، خوای هزر و هونەر و پارێزەری شاری ئاسینا.





**ئاش:**[1] کیمیا ناو شۆ، ئاهار، گیراوەی نشاستە و کەتیرە یان جەوی کە ئەدرێ لە کووتاڵ یان کاغەز، ڕەپ و لووسی ئەکا.

**ئاش:**[2] خۆراک ناو چێشتی تراو، سووپ، چێشتی ماست و گیا، چێشتی ماست و دانەوێڵەی لە ئاسیاو لێکراو.

**ئاشپەز:** ناوبکەر ئەو کەسەی کە ئاش لێ ئەنێ.

**ئاش:**[3] mill کارگە ناو ئاسیاو، کەرەستە یان مەکینەی هارینی گەنم و دانەوێڵە. زۆر جۆری دەستی و ئاوی و بایی و کارەبایی، کارۆئاوی و... هەیە. ع مطحنة N mølle د آسیاب. ☜ سندۆڵ ☜ ئاشەبا ☜

## ئاشی ئاو




**ئاش:**[٤] پامیاری کورتکراو کورتکراوەی ناوی ئالآی شۆڕش بوو، کە:

- سەرەتا ناوی گۆڤارێک بووە شەهید ئارام بلآوی کردووەتەوە، دواتر بووە بە رێکخراو. لە سەرەتای مانگی ١١ی ١٩٨٥دا سیان لە سەرکردەکانی وەک مەلا بەختیار، شێخ عەلی و پشکۆ نەجمەدین، لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەستگیرکراون.
- دوای دەستگیرکردنی ئەو سێ کەسە، بەسەرۆکایەتیی سالار عەزیز،

عیماد ئەحمەد، مامۆستا جەعفەر و ئاسۆ عەلی و ژمارەیەکی تر، بەردەوامییان بە ئاڵای شۆڕش لە زێوێ و خواکورک و ناوچەی بادینان و دەوروبەری هەولێر داوە.

- لە ساڵی ١٩٨٩دا کە سەرکردەکانی ئازادکران، لە شاری ورمێی ڕۆژهەڵات چالاکییان ئەنجام داوە.
- لە ساڵی ١٩٨٩ بەشێکی ئاڵای شۆڕش لەگەڵ زەحمەتکێشان یەکیان گرت.
- لە ساڵی ١٩٩٢، لە کۆنفرانسێکدا لە سلێمانی ناوەکەی گۆڕاوە بۆ {کۆمەڵەی سۆسیالیستی کوردستان} و دواتر چووەتە ناو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە.
- لە ساڵی ١٩٩٣دا مەلا بەختیار و ژمارەیەک لە ئەندامان چوونەتەوە ناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە.




**ئاشبۆبانەوە:** planning ناوی لێکدراو فەرمان گەڵاڵە و بەرنامەدارشتن بۆ کارێک. ع تخطیط N planlegger د برنانە ریزی.

**ئاشبەتاڵ:** ناوی لێکدراو دەست لەکارکێشان و وازهێنان درێژە کار و خەباتی

نیوەچڵ و وازلێهێنراو. وشەیەکی زۆر کۆنی کوردییە، لە وەتی ئاش هەیە ئەو دەستەواژەیەش سەری هەڵداوە، واتە ئەو کاتەی ئاشەوان باراشی یەکێکی لێکردووە و دانەوێڵەی لا نەماوە، بە دەنگی بەرز هاواری کردووە: ئاشبەتاڵ! واتە ئاش بەتاڵ بووە و ئەوانەی کە لە سەرەدان بزانن نۆرەیان هاتووە و بارەکەیان ببەن بۆ ئاشەوان دریژە وەکوو واتای رامیاری وشەی ئاشبەتاڵ لە پاش شکستی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥دا کەوتە سەرزاران و جەماوەر کە شکستەکەی بە شیاو نەئەزانی و بەرپرسانی تاوانبار ئەکرد، وەکوو «کینایە» و بۆ مەبەستی رامیاری بەکاری هێنا و وەک دروشمێکی رەخنەگرانە بڵاوی کردەوە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵە قۆستیانەوە و بە زۆری لە وێژە و بانگەشەی خۆیاندا بەکاریان هێنا لە دژی پارتی دێموکراتی کوردستان. بۆیە زۆر کەس ئاشبەتاڵ بە داهێنان یان بە فیتی یەکێتی ئەزانێ، لەکاتێکدا بەر لەوە لە ناو خەڵکدا بڵاو بیوویەوە بۆیە لە هەلومەرجی ناخۆش و نالەباری نسکۆدا لە هەرکەست بپرسیایەت:

ـ ئەرێ ئەوە چی ڕووی داوە؟ وەڵامەکە ئەوە بوو کە:

ـ قوڕ چوو بەسەرماندا، ئاشبەتاڵیان کرد!

زەبیحی لە واتای دووەمی ئاش بەتاڵ دا ئەنووسێ:

٢ـ "کن." واز لە کارێ هێنان و بە جێ هێشتنی بە نیوە و نیوە چڵی: هەر تاقە رۆژێ بە کارەکەوە خەریک بوون و ئاش بەتاڵیان لێ کرد. تێبـ. ـ ئەم مەعنایەی تەواو پێچەوانەی "ئاش بە تاڵ" ە کە هاواری ئاشەوانە و داوای ئیش دەکا، کە چی لێرەدا دەست لە ئیش هەلگرتن دەگەیێنێ.

**ئاشبەتاڵ:** کینایە وەک کینایە مەبەستێکی ڕەخنەگرانە دەرئەبڕێ و نالەبارییەک ئەنوێنێتەوە، دژی ئەو ڕۆژەقەی کە وا نییە، واتا «ئاشەوان دانی هەیە، کەچی ئەڵێ ئاش بەتاڵە.» ئاشبەتاڵ، یان ئاشبەتاڵکردن بە

واتای ئەوەیە ئاشەوان، ئاش بەتاڵ بکات و دەست لە کار بکێشێتەوە، لەکاتێکدا برێکی زۆر دانەوێڵەی هەیە؛ واز لە شۆڕشهێنانیش، ئاشبەتاڵە لە کاتێکدا کە شۆڕش بە سەدان هەزار پێشمەرگەی چەکدار و هێلووی تەقەمەنی و ئازووخەی لۆجستیکی و ناوچەی ئازادکراوی هەبوو. واتە ئاشەوانی شۆڕش کاتێک هاوار ئەکات ئاش بەتاڵ، کە ئاش بەتاڵ نییە و کاریان کۆتایی نەهاتووە؛ لە جیاتی بارێک بە سەدان بار باراشی لێیە و ئەوە ئەوان وا ئەکەن، شێرکۆ بێکەس وتەنی: بەرانە کێوی شاخی خۆی لێ ببێ بە بار، لێرەدایە کە (درکە و کینایە)کە واتا پەیدا ئەکات. درێژە ڕوونکردنەوەکەی زەبیحی، «تێبینی»یە و واتایەکی تریشی لێوەرئەگیرێ کە: هەرچەند واتاکە تەواو پێچەوانەیە، بەڵام وەک «کینایە» ئەلوێ و شیاوە.



**ئاشپەز:** ناوی لێکدراو چێشتلێنەر، ئازپێش [هەکاری]، چێشتکەر، ئەو کەسەی پیشەی چێشت لێنان و خواردن دروست کردن بێ.

**ئاشپەزخانە:** ناوی لێکدراو ناندێن، ئاشگە، ئەو ژوورەی بۆ چێشت لێنان تەرخان کراوە.

**ئاشپەزخانەی کوردی:** KurdishCuisine ئاشپەزیکوردی ناوی هەندێ

خواردنی کوردی:

| | |
|---|---|
| ئاشی پڕپۆڵە | ئاشی دانە کولانە |
| ئاشی کەشک | ئاوهەر |
| بامیەوگۆشت | بریانی مریشک |
| بڕوێشین | بۆڕیاو |
| بەربەسێڵ | پڕپۆڵە |
| پەڕشاو | پیازاو |
| پیرخەلێنە | تاسکەبابی |
| ترخێنە | تەڕەکەباب |
| تەماتاو | چزڵیک |
| دانوولە یان دانەکۆلانە | دۆخەوا یان دۆکوڵیو |
| دۆغرمە یان دۆغرماچ | دۆڵمە |
| دۆڵمەی سپی | دۆینە |
| ڕشتەپلاو یان | هەرشتەپلاو |
| ڕشتەوتورش | ڕشتەودۆ |
| سایلە | سەنگەسیر |
| سەنگەسیری دۆکەشک | سەوزی قاورمە |
| شلکێنە | شلەگەنم یان گونێنە |
| شۆروا یان شۆرباو | شەلەم و گیلاخە |
| شەلەمین | شیربرنج |
| شیربڕوێش | فروجاوو |
| قاورمە | قلەخەرمانە |
| قەیسیاو | قەیسی و ڕۆن |

| | |
|---|---|
| قەیماخ یان قۆیماخ | کاڵەجۆش |
| کفتەی بڕوێش | کفتەی سپی ـ دۆغەوا |
| کفتەشۆروا | کوولەکە |
| کەلانە | گێیە |
| ماووەدۆ | نیسکاو (بە نیسکی سوور) |
| نیسکێنە بە نیسکی ڕەش | هاڵاو |
| هەتیمچە | هەڵوا |
| یەکاوە | یەکاوەی بڕوێش |

**ئاشتەوایی :** reconciliation ناوی چاوگ چاککردنەوەی نێوان ناخۆشی. ع مصالحة N forsoning د مصالحە.

**ئاشدار :** ئاوەڵناوی لێکدراو دەقاق، ئاهاردار؛ ئاش گێراوەی نشاستە و کەتیرە یان جەوی کە ئەدرێ کووتاڵ یان کاغەز، ڕەپ و لووسی ئەکا.



**ئاشکراکردن :** revelations ناوی چاوگ ڕازدرکاندن، دەملەقی، سرووش. ع کشف N åpenbaring د افشاگری.

**ئاش گرمەی دێت و ئاردی دیار نییە :** خۆی ئەرەنجێنێ و بەرهەمی دیار نییە.

**ئاشگێڕ :** revelations ناوی چاوگ ئاوی ئەندازە بۆ گەڕاندنی ئاش؛ هێمایر ن: ئاشگێڕی کارەکە ئامادەیە: سەرمایە و پێداویستی ئەنجامی کارەکە

وەک کەرەستە و هێزی مرۆیی دابینە. [ع] کشف [N] åpenbaring [د] افشاگری.

**ئاشناوڕۆشنا :** دەستەواژە کەسانی ناسیاو و تێکەڵ و پەیوەندیدار.

**ئاشەبا :** windmill ئامێر ناو ئاشی گەنم و دانەوێڵە هاڕین و لێکردن کە بە وزەی هەوا و سووڕانی پەروانەیەکی گەورە کار ئەکات، ئەم زاراوەیە بۆ پۆمپ و تۆربینی باش بەکار دێت. [ع] طاحونة هوائیة [N] vindmølle [د] آسیاب بادی.







**ئاشێگە :** solid ground زەوینناسی ناوی لێکدراو ڕەقەن، زەوی سەخت و ڕەق. هێمایر پێگە و پلەی ڕاستەقینە و ئارامی دەروونی لە ژیاندا. [ع] ارض صلبة [N] fast grunn [د] زمین سخت.








**ئاشی ئاو :** water mill ئامێر ناو جۆرێک ئاشە بە وزەی کارۆئاوی کار ئەکات. ◀ ئاشی ئاو بریتیە لە خولانەوەی دوو بەرداش لە سەر یەک بە هۆی هێزی ئاوەوە، ئاوەکە بەهێزێکی زۆرەوە لە پەرەکانی تۆپ دەدات و دەبێتە هۆی سوڕانی بەرداشی سەرەوە لە سەر بەرداشی

خوارەوە، بەو سووڕانە ئەو گەنمەی لە دۆڵیانی ئاشەوە چووەتە نێوان دوو بەرداش دەهاڕدرێ و دەبێتە بە ئارد. ◀ بوونی سەرچاوەی ئاو مەرجی سەرەکییە بۆ بۆبنیاد نانی ئاشی ئاو و کارکردنی. ع مطحنة المیاه N vannmølle د آسیاب آبی E hydroelectric mill. ☜ سندۆڵ

↤ **ئاشەوان:** ئەو کەسەی ئاش بەگەڕ دەخات و دانەوێڵە دەهاڕێت.

↤ **باراش:** ئەو برە گەنم یان جۆیەی بۆ هاڕین دەبرێ بۆ ئاش، یان دوای هاڕین و کردنی بە ئارد.










**ئاغزوونە:** buckle ناو ئاوزوون، بەرەزمانە، ئاڵقەی ددانەداری کانزا کە زمانەی تێدایە و بۆ داخستنی قایشی پشت و کەوش و پۆستاڵ و گوڵی سینە و بەرەزین و تادوایی... بەکار ئەهێنرێ. ع انبعاج N spenne

د سگک.



**ئاغە:❶** سیستەم ناو خاوەن گوند.

**ئاغە:❷** پێشگر لە پێش ناوی پیاوەوە دێ بە واتەی کابرا، کاکە. ن: ئاغەی عەلیاڵی.

**ئاغەڵ:** stable ناوی جێگا گەوڕ، پشتێر، لار، کەڵەلان، ستەبڵ، گەوری زستانەی ئاژەڵ و پاتاڵ. ع الحظیرة، مستقرة N stall, låve د طویلە، اصطبل.



**ئافتاوگەردان:❶** ناوی لێکدراو پۆشاک پێشەسەرێکە درووێنەوان لە تەوێڵیان ئەبەستن تا تاو لە چاو و ناوچاویان نەدات، سەیوانی کڵاوی پاڵە، لەبە.

**ئافتاوگەردان:❷** ناو گەشت خێوەتی بچووک کە بتوانی لەگەڵ خۆت بیگێڕی.



**ئافراندن:** creation چاوگی تێپەڕ فرێسکۆ یان دیوارنیگاری بنمیچی نوێژگەی کلیسای سیستین Sistine chapel، کە بە دەستی پەروەردگار ڕووناکی لە تاریکی جیائەبێتەوە و ئافراندنی جیهان و پیاو و ژن و جیابوونەوەی ئاو و وشکی پیشان دراوە. میکل ئانژ سالآنی ١٤٧٧ تا ١٤٨٠ کێشاونی.
تێبینی: ئافران چاوگی تێنەپەڕ بە هەمان واتای ئافران چاوگی تێنەپەڕیشە.




**ئافرۆدیت:** Aphrodite میسۆلۆجی ماخوای ئەوین و جوانی و چێژ و سۆز و وەچەخستنەوە، بە پێی ئەفسانەی یۆنانی، لە کەفی زەریا لەدایک بوو.



**ئافەتە:** نەخۆشی دانکە، بزەباقە، بزن مەرگی، هاوڵەی ئاژەڵ.

**ئافەرۆز:** unacceptable ئاوەڵناو ڕووشکاو، دەرکراو، تەرەکراو. ع مرفوض N uakseptabelt د غیر مقبول. ن: «لە کۆبونەوەکەدا بوین،

هەواڵ هات حسێن کامیل و برایەکی و دوو کچی سەدام ڕایان کردوە بۆ ئوردون داوای مافی پەنابەریان کردوە. پاشان بوو بە لێدوان کە ئاخۆ هەڵوێستی موعارەزەی عێراقی ئەبێ چی بێ لەم کابرایە: بەخێرهێنان یان ئافەرۆزکردن؟ نەوشیروان مستەفا» لێرەدا بە واتای دەست لەڕووەوەنان و ڕووشکاندن هاتووە.

**ئافەرۆزکردن:** چاوگی تێپەڕ ڕووشکاندن، دەرکردن، تەرەکردن.

**ئەفرۆز:** descent ناو لە ئەژمار دەرهاویشتن، بەهیچ نەگرتن، پشتگوێ خستن، فڕێدان. ع نزول N avstamning د افت.

**ئافەرین:** bravo کاری تێنەپەڕ ئافەرەم، بە واتای زۆرچاکە، باشە، پەسەندە، بۆ وەشین و پەسنکردنی کەسێک بەکار دێت کە کارێکی بە باشی ئەنجام دابێت. ن: ئەی ئافەرەم، دەک بژی، دەستخۆش، بەهبەه، شاباش کینایە تەوسڕ و بیلار بۆ تەوس و لاتاو تێگرتن بۆ کار و کردەوەیەک کە بە باشی ئەنجام نەدراوە. ن: ئەی ئافەرەم بۆ بەڵێنت! ع احسنت N bravo د آفرین تێبینی: لە زمانی ئینگلیزیدا E **Attagirl, Ataboy:** هەمان واتا ئەبەخشن.

**ئافەرین لە تۆ:** attaboy ئ.سەرسامی دەک بژی، کوڕی زیرەک، هاندان یان پەسنکردن؛ ئادبینامە ئافرینامە لە ڕێگەی نامەوە ن: هەر بژی، بەرێوەبەر نامەی پیرۆزباییتان بۆ ئەنێری.

**ئاڤان:** ڕۆژژمێر فالبین ناو ئاوان، ئابان؛ ناوی مینەوی فریشتەی هەموو ئاوەکان و پێناسەکانی ئێزەدبانوو و ئەردی سوور ئاناهیتایە؛

لەدایکبووانی مانگی ئاڤان، وشیارن، ڕواڵەت ئارام و دەروون جۆشانن، حەزیان لە پرسی ئاڵۆزە، کۆڵنەدەر و بەئەڤانن؛

ناوی دووەم ڕۆژی هەر مانگێکی خورشیدییە؛ ناوی مانگی هەشتەمی ساڵی خورشیدییە، هەتاو لەم مانگەدا او لە کەلووی دووپشک Scorpio دا، مانگی دووەمی پایزە، ئاڤانگان جەژنی ڕۆژی دەیەمی ئاڤانە؛

خەزەڵوەر، گەڵاڕێزان، کەڵووی دووپشک، جووتەی هەنجیران:
مانگ هەشتەمش مانگ «ئاوانەن»
مانگ ئاویاری دەشت و کاوانەن
☜ ئاهر






**ئاڤدین:** vengeance کاری تێپەڕ تۆڵەکردنەوە، تۆڵەسەندنەوە. ع الانتقام N hevn د انتقام.

**ئاڤژەن:** seaman زەریاوانی ناو زەریاوان، کەشتیەوان، مێلاو، مەلەوان، شارەزای هونەری مەلەکردن؛ کرێکاری کەشتی و زەریاوانی. ع بحار، ملاح، غواص د جاشو، ملوان، دریانورد، شناگر E sailor, mariner.





**ئاڤەند:** worthy ئاوەڵناو شیانست، شیاو، شایان، لەبار، شایستە. ع ذو قیمة N verdig د شایسته E honorable, excellence.

**ئاڤێستایی:** Avestayi زمان مێژوو نەتەوە یان زمانی زەند، زمانی پەرتووکی پیرۆزی زەردەشتیان ئاڤێستایە و یەکێک لە بناغە گرنگەکانی

زمانی کوردییە. تاکە بەرهەمە کە بەم زمانە ماوە، ئاڤێستایە. لە لێکۆڵینەوەکانی ئاڤێستادا دەردەکەوێت کە دوو شێوەزاری جیاوازی ئەم زمانە لە ئاڤێستادا بەکارهاتووە و، پێدەچێت یەکێکیان کۆنتر بێت. یەکەم زاراوەی گەهانییە کە هۆنراوەکانی زەردەشتی تێدا نووسراون. جگە لەوەش یاسانەکانی ٣٥ تا ٤١ (حەوت کلاّو) و چوار نوێژ لە یاسان ٢٧ بەم شێوەزارەن. زاراوەی دواتر زاراوەی بەشەکانی تری ئاڤێستای مۆدێرنن. ◀ مەسعوود محەممەد لە لاپەڕە ٦٨ی پەرتووکی «**زمانی کورد**» کە بە عەرەبی نووسیوێتی و حەکیم کاکەوەیس کردوویەتی بە کوردی، دەڵێ:

«ئەوەی تەماشای قامووسە عارەبییەکان بکا دەبینێ قامووسی زمانی هەندێ زمانی تری لەخۆ گرتووە و هەندێکیان بە ڕەو کۆچیان کردووە و نەماون. هەر وشەیەکی لە ئاڤێستادا هەبێ کوردیە و بوونی لە ئاڤێستادا بەڵگەیە بۆ ڕەسەنایەتی ئەو وشە کوردییە و بە بێ هیچ دەمەتەقێیەک پێی دەچێ، جا لە زمانە ئێرانیەکانی تردا دەرکەوتبێ یا دەرنەکەوتبێ.»









**ئاڤینیۆن:** Avignon جوگرافیا شارێکە لە سەر چەمی ڕۆن لە باشووری فەرانسە، لە ساڵی ١٣٠٩ تا ١٣٧٧ کە پاپا لە ڕۆما تەرەکرابوو، بارەگای لەم شارە بوو.



**ئاقار:** direction ناو ئاراستە، بەرەو، بۆ یان بەرەو ئاراستەیەک چوون.
ع اتجاه N retning د اتجاه، جهت.

**ئاقار:** location ناو شوێن و جێگە؛ فەراگەرد؛ مەڵبەند و ناوچە؛ ئاراستە.
ع مكان N place د محل.

**ئاقێقی سلێمانی:** onyx ناو جۆرێ بەردی نیوە بەهاداری هەمە ڕەنگە. ع عقيق يماني N onyx د عقيق سليماني.



**ئاقێقی شیری:** milky opal ناو جۆرێ بەردی نیوەبەهاداری تەخت سپی ڕەنگنامەیە. ع عقيق حليبي N melkeaktig opal د عقيق شيرى.



**ئاكات :** ناوی تایبەت ئەفسانە {گەڕان} واتە ئاشات Achates لە زمانی فەڕانسە، کە ئاشات هاوڕێی ئەمەگداری ئانیە لە ئەنەیید Aeneidی ڤیرژیل‌دا. بەڵام لە ڕۆمانی {گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو}، جەنابی بریۆتی پیتی «ش»ـەکەی بۆ ناوتریٚ و بە ئاکات بیژەی ئاکات.



**ئاكار :** habit ئاوەڵناو خوو، ڕەوشت، کردەوە، ڕۆتین. ع سلوک N vane د خاصیت، صفت، طبیعت E manner.

**ئاكاری :** moralistic, moral ناوی‌چاوگ ڕەوشتی. ع اخلاقی N moralistisk د اخلاقی.

**ئاكاسیا :** acacia ڕووەک ناو درەختێکی گەورەی وەکوو بەڕووە، گوڵی هێشوویی زەردە، جەوتێکی لێئەگرن پێی ئەوتریٚ تانین Tannin یان جەوتی مازوو. ◄ پاشەسای نیبۆ-٨ وەرگێڕانی فارسییەکەی نووسیوێتی درەختی ابریشم، لە کاتێکدا درەختی ابریشم ئەکاتە Albizia lebbeck. جایەکان جیاوازییان هەیە پێکەوە.



**ئاکام:** result ناو دوماهی، پاشینە، بەرەنجام. ع نتیجة N resultat د نتیجە.

**ئاکری:** Acre جوگرافیا یان Akka مەبەست شاری عکایە لە فەلەستین.

**ئاکری:** Accre جوگرافیا پایتەختی کۆماری گانا Ghana لە ئەفریقا کە بێژەی کوردییەکەیان وەکوو یەکە.





**ئاکۆ:**١ نەتەوە نیشتمان ناوی هۆزێکە لە باشووری کوردستان. بەپێی دابەشکردنی جوگرافی ئەبن بە سێ بەشی ناودەشتی، شاوەر و ڕانیە.

**دۆڵی ئاکۆیان:** نیشتمان جوگرافیا ئەکەوێتە نێوان ڕەواندوز و بالیسان لە باشووری کوردستان.

**ئاکۆ:**٢ powerful ئاوەڵناو کەسی پایەبەرز و بەدەسەڵات. ع قوي N mektig د قدرتمند.

**ئاکۆ:**٣ glorious ئاوەڵناو مرۆڤی شیانست و شکۆمەند. ع مجید N herlig د باشکوە.

**ئاکۆ:**٤ peak ناو لووتکە و دوندی شاخ. ع قنة جبل N topp د قلە.

**تێبینی:** لە فەرهەنگی ئاناهیتا وشەی «ئەکووەمەن» و «ئەکەمەنە» بە «ئاکۆ» دانراوە، لەکاتێکدا مەرج نییە ئەکووەمەن، هەمان «ئاکۆ» بێ. چونکە ئەوەی کە ئەکووەمەن یان ئەکەمەنە هەمان ئەکوانی دێو بێ، خۆی جێگەی گومانە. جگە لەوەش ئەکووەمەن زیاتر بە واتای ئەندێشەی بەد هاتووە نەک ڕەوانی بەد. وەک لە ئەفسانەدا هاتووە ئەکوانی

دێو، کەرێکی زەرد بووە کە هێڵێکی ڕەش لە یاڵەوە تا کلکی کێشراوە، پەلاماری ئەسپەکانی کەیخەسرەوو ئەدات و ئەیان کوژێ، جا ئەوەی کە شوێنی پەیدابوونی «ئەکوانی دێو» ناوچەی «ئاکۆیان» بووبێ، شتێکی جیاوازە لەوەی کە «ئاکۆ» بە واتای «ڕەوانی بەد» دابنرێ.















**ئاکۆ جەلیلیان:** Ako Celilyan نووسەر لە١٩٧١ی زاینی لە ئارووناوا یان هارووناوا یان شابادی پارێزگای کرماشان لەدایک بووە. نووسەر، فەرهەنگنووس و لێکۆڵینەری کوردە کە بە هۆی نووسینی فەرهەنگی باشوور (کوردی ـ کوردی ـ فارسی) ناسراو و بەناوبانگە. جەلیلیان یەکەمین ڕۆمانی بە شێوەزاری کوردی باشووری لەژێر ناوی ئاگرمەلووچ نووسیوە. ئەو هەروەها نووسەری زانستنامەی کوردی **کوردیکا**یە،

کە تەنیا بەش واژەیلی ٣٠ بەرگە و ٣٤٠ هزار واژەی کوردی لە خوەی گرێگە.

بەرهەمەکان:

- جەلیلیان، عەبباس، تاریکخانە، بەرگی یەکم، کرماشان، ناسنامەیێکی نوێ بۆ مێژووئێکی کۆن، تهران، نشر داستان، ١٣٩٠.
- جەلیلیان، عەبباس، ڕەنگامە (چیروک)، تهران: شولا، ١٣٨٥.
- جەلیلیان، عەبباس، زەڕینە و سیمینە: (ضرب‌المثل‌های کردی)، تهران: شولا، ١٣٨٥.
- جەلیلیان، عەبباس، فرهنگ باشور (کردی ـ کردی ـ فارسی)، تهران: پرسمان، ١٣٨٥.
- جەلیلیان، عەبباس، ئاگر مەلوچ، اسلام‌آباد غرب (ئیسلاماباد): مؤلف، ١٣٨٨.
- جەلیلیان، عەباس، مورادی، محەممەد ڕەئووف، گەنجینەی شێوەزارەکانی پارێزگای کرماشان، تاران: ئەکادیمیای زمان و وێژەی فارسی، ١٣٩٦.
- جەلیلیان، عەباس، کوردیکا، کرماشان: دیباچە، بەرگی یەکەم و دووەم: ١٣٩٤. (٩ بەرگی لە چاپ دەرهاتووە و جارێ گەیشتووەتە پیتی «ژ».)







**ئاکۆنیتینە :** aconitine ڕووەک دەرمان جۆرە ژەهرێکە لە ڕووەکی ئاکۆنیتیۆم ئەگیرێ و لە پلەی ١٩٧ی سەدیدا شل ئەبێتەوە، لە چین بۆ دەرمانسازی بەکار ئەهێنرێت.

**ئاکۆیی :** ناوی چاوگ گۆترە، ڕەمەکی.

**ئاگا ❶:** smart ئاوەڵناو ئاگاه، بریڤ، زێرەڤان، وریا، هایی، هوشیار. ع
مطلع N smart د آگاه.

**ئاگا ❷:** ئاوەڵناو زانا و ئاگادار لە کاروبار.

**ئاگا ❸:** ئاوەڵناو بێدار و نەخەوتوو.

**ئاگادار :** ناوی لێکدراو وریا و ئاگاداری هەلومەرج.

**ئاگاداربوونەوە :** چاوگی تێنەپەڕ بۆ جاری دووەم هەواڵ پێگەیشتن.

**ئاگادارکەر :** ناوی فەرمان کەسێک یان تەتەرێک کە وریاکەرەوەیە بە هێنانی هەواڵ یان دانی زانیاری.

**ئاگادارکەرەوە :** ئاوەڵناوی فرمان کەسێک یان تەتەرێک کە وریاکەرەوەیە بە هێنانی هەواڵ یان دانی زانیاری.

**ئاگاداری :** ناوی چاوگ زانیاری سەبارەت بە بوویەر یان هەلومەرجێک.

**ئاگاداری ئەمیلی بە :** Occupe_toi d'Amélie سینەما فیلم فیلمی کۆمیدی ١٩٤٩ی فەڕانسە_ئیتالیایی.







**ئاگادەر :** ناوی فەرمان زانیاریدەر.

**ئاگانامە :** ناوی لێکدراو ئاگاداری، وریاکەرەوە.

**ئاگاهی :** consciousness ناوی چاوگ وشیاری، ئاگایی، نەست، زانیاری، دۆخ و دارەتی ناسین و بەئاگابوون لە فەراگەرد و هەلومەرج. ع الوعي N

bevissthet د هوشیاری، آگاهی.

**ئاگر:❶** fire ناو ئاتر، ئاتەش، ئار، ئارگ، ئازەر، ئاقر، ئاور، ئاوێر، ئاویر، ئاهر، ئاهیر، ئاهێر، ئایر، ئایەر، تەش، هاتەر، هەتەر.

**ئاگر:❷** هێمایر ناو گڕو تینی دەروون، هەست و خولیا.

**ئاگربەس:** ceasefire ناوی‌چاوگ ڕاوەستاندنی جەنگی چەکداری بە زمانی ڕامکاری نوێ، ئەو کاتەی کە دوولایەنی جەنگ ناتوانن بڕیاری ڕێککەوتن واژۆ بکەن. ع وقف اطلاق النار N våpenhvile د آتش بس.

**ئاگرپرژێن:** infernal machine چەک ناوی‌لێکدراو ناوی ئامێرێکە پێکهاتووە لە ٢٥ تفەنگی پێکەوە بەستراو، کە ژۆزێف فیسکی {Fieschi} فەڕانسەیی دایهێنا و، بەو شێوە کاری ئەکرد کە بارووتی تفەنگی ناوەڕاست هەڵئەکرا و ئاگرەکە بە هەموو لایەکدا بڵاو ئەبوویەوە و تفەنگەکان بە دوای یەکدا ئەتەقێنران. ئەم ئامێرە یەکەمجار لە ساڵی ١٨٣٥ بۆ کوشتنی لویی فیلیپ، پادشای فەڕانسە، کە بۆ ئاهەنگی جەژنی شۆڕش ئەچوو بۆ گۆڕەپانی باستیل، لە پشت پەنجەرەی خانوویەک خرایە کار. تەقینەوەی گوللەکان سامێکی مەزنی بەرپا کرد و ١٩ کەس لە دەستوپێوەندی شا کوژران و ٢٢ کەسیش بریندار بوون. بەڵام خودی شا بەرنەکەوت.



**ئاگرخۆرە:** Ostrich گیاندار ناو وشترمر. ع نعامة N Struts د شترمرغ.



**ئاگرە:❶** ناو بایەکی گەرمە زیان بە بۆ کشتوکاڵ ئەگەیەنێ.

**ئاگرە:❷** ناو ئاگرۆک، زیپکەی چەنە و دەموچاو.

**ئاگرەدیوار:** Firewall ئای تی ناوی لێکدراو [ئاگر+ ئە+ دیوار] دیوارا پاراستنێ، بریتییە لەو ڕەقەواڵەی کە بۆ جیاکردنەوەی دووبەشی فیزیایی تۆڕێک بەکار دێت و چۆنیەتی پەیوەندی کردن لە نێوان ئەو دوو بەشەی تۆڕەکەدا بە جۆرێک ڕێ پێئەدات کە لە ( بنەمای ) ئەو تۆڕەدا دەستنیشان کراوە، واتە ڕێگەدان بە گورزە، یان پاکەتە خوازراوەکان بۆ تێپەڕبوون و، ڕێگە گرتن لە گورزە نەخوازراوەکان. **ئاگرەدیوار** چاودێری و فلتەری ترافیکی تۆڕی هاتوو و دەرچوو ئەکات بە پشتبەستن بە شێوازە ئاسایشییەکانی ڕێکخراوێک کە پێشتر دامەزراوە. لە بنەڕەتیترین دارەتدا، دیواری ئاگر ئەو بەربەستەیە لە نێوان تۆڕێکی ناوخۆیی تایبەت و ئینتەرنێتی گشتیدا دائەنیشێت. ئامانجی سەرەکی **ئاگرەدیوار** بریتییە لە ڕێگەدان بە هاتنە ژوورەوەی ترافیکی بێ هەڕەشە و ڕاگرتنی ترافیکی مەترسیدار لە دەرەوە ع جدار الحماية N Brannmur د دیوارە آتش درێژە وەک باوە، کاتێک باس لە ئاگرەدیوار ئەکرێت مرۆڤ زیاتر بیری بۆ لای نەرمەواڵەکان ئەڕوات. واتە ئەو بەرنامانەی کە هاتووچۆی نێوان دووبەشی تۆڕێک ڕێکئەخەن، بەڵام مرۆڤ ئەبێت جیاوازی لە نێوان پاراستن لە بنەمای ئاگردیوار لەگەڵ هەردوو پێکهاتە سەرەکیەکەی

ئاگرەدیوار بزانێ، کە بریتین لە نەرمەواڵە و ڕەقەواڵەکان:
ڕەقەواڵەکان کە بەرپرسیاری ناردن و وەرگرتنی ڕاگوێزەکانی ناو تۆڕیان لە ئەستۆ دایە و،
هەرچی نەرمەواڵەکانیشە کاری ڕێکخستنی هاتووچۆکردنیان لە ئەستۆ دایە.






**ئاگرەسوورە:** ناوی لێکدراو [ئاگر+ ئە+ سوور+ ئە] ئەو ئاگرە کەمە یە کە ئەخوازرێت بۆ ئەوەی ئاگری تری پێبکرێتەوە هێمایی کەسی بەدفەڕ کە ئەبێتە هۆی ئاژاوەنانەوە و کۆسپخستنەوە.

**ئاگری بن خۆڵەمێش:** the calm before the storm پەند دەستەواژە هێمایی ناو مرۆڤی بە ڕواڵەت ئارام و ئاسایی کە لەپڕ هەڵئەچێ؛ دارەتی هێمن و هێوری پێش ئاژاوە و ئاڵنگاری. [ع] الهدوء الذی یسبق العاصفة. [N] stillheten før stormen [د] آتش زیر خاکستر، آرامش قبل از طوفان.












**ئاگری بن کا:** seditious پەند دەستەواژە هێمایی ناو کوڵەفیتنە، زمانگێڕ، دووزمان، تێکدەر، شەڕهەڵایسەنەر، لەژێرەوە ئاژاوە ئەنێتەوە و بە

لە سەریشەوە پچی نەکردووە. ع المثيرة للفتنة N opprørende د فتنەگر E fire under the straw.

**ئاگمێنت :** augment پیشەسازی ئای تر ناو بەهێزکراو، لێزیادکراو، مەزنکردنی هەر شتێک بە هۆی لێزیادکردنەوە N utvidet, økt ع ازداد N øke د تکمیل شده.






**ئاگۆرافۆبیا :** agoraphobia دەروونناسی ناسازی هەراسی ئاپۆرە ریشەناسی ئاگۆرافۆبیا، کۆتایی سەدەی نۆزدە، لە وشەی یۆنانی agora بە واتای شوێنی کۆبوونەوە و phobia، ترسێکی زۆر و بێناغە لە چڕەبەندان و ئاپۆرە لە شوێنە گشتییە داخراوەکاندا، نەخۆشی گۆشەگیری. ع رهاب الخلاء N agorafobi د اگورافوبيا.




**ئاگۆست کۆنت :** Auguste Comte فەیلەسووف (١٧٩٨ـ١٨٥٧). نووسەر و فەیلەسووفی فەڕانسەیی، بە خاوەنی تیۆری پۆزیتیڤیزم و سۆسیۆلۆژی

ئاکادێمیک دائەنرێ.




**ئاگۆستۆسی پۆلۆنیا :** Augustus III of Poland شا {١٦٩٦ـ١٧٦٣}
پادشای پۆلۆنیا و هەڵبژاردەی ساکسۆنی لە ڕۆمای پیرۆز کە بە فرێدریک ئاگۆستۆسی دووەم ناسرابوو.



**ئاگۆستۆسی مەزن :** hight Augustus شا {٦٣ پ.ز ـ ١٤ز} لە نەوەکانی ژۆلیۆس سزار و ناوی ئۆکتاڤیۆسە. سەرەتا دەسەڵاتی سێ کەسی لە نێوان لیپیدۆس و ئانتۆنیۆس و ئۆکتاڤیۆسدا بەدی دێ، پاشان خۆی ئەبێ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و ناوی خۆی ئەگۆڕێ بە ئاگۆستۆس،

واتە سەرکەوتوو. ئاگۆستۆس دامەزرێنەری ئیمپراتۆری ڕۆما. خولی فەرمانڕەوایی ئەو، بە هۆی ڕیفۆرمەکانییەوە بە یەکێک لە شکۆمەندترین خولەکانی مێژووی ئیتالیا دائەنرێ.



**ئالان تۆرینگ:** Alan Turing بیرکار باوکی کەمپیوتەر بایۆـ بیرکار، فەیلەسوف و کریپتۆگرافەری ئینگلیزی بوو. تۆرینگ بە باوکی زانستی کۆمپیوتەر و زیرەکی دەستکرد دائەنرێت و گرنگترین خەڵاتی زانستی کۆمپیوتەر، وەک ڕێزلێنان، ناوی لێنراوە خەڵاتی تۆرینگ.

ن: مێشک بە شێوەی ناخودئاگا دەستی ئەگاتە بە کۆمەڵەی داتا فێربووەکان و شیکاریان ئەکات، ڕێژارە یان هاندەرەکان فێربوونی ماشینییە. «تۆرینگ»




**ئالان دوان:** Allan Dwan سینەما دەرهێنەر (١٨٨٥ـ١٩٨١) دەرهێنەری ئەمریکایی.

**ئالان لەد:** Alan Ladd سینەما دەرهێنەر (١٩١٣ـ١٩٦٤) هونەرپیشەی ئەمریکایی.

**ئالتکیرش و تان:** Altkirch and Thann جوگرافیا ئاڵتکیرش بە پایتەختی هەرێمی ڕاینی سەروو ئەناسرێ و شاری تان لە نزیکی ئەوێیە.



**ئالسست و فیلینت :** Alceste and Philinte شانۆ هونەرپیشە دوو کاراکتەری شانۆگەری گەلبێزار Misanthropeی مۆلییێرن. ◄ ئالسست دڵتەر و هەستیار و مامەخمەیە کۆتاییەکەی لە خەڵک ڕائەکات و گۆشەگیر ئەبێت، بەڵام فیلینتی دۆستی لەو بێگەمترە و لەگەڵ کۆمەڵگە ڕێ ئەکەوێ.

**ئالگۆریتم :** algorithm بیرکاری بیرسا پرۆسە یان کۆمەڵە دەستوورێکە بۆ بەراورد و هەڵسەنگاندن یان جۆرەکانی تری چالاکی خۆکێشە-چارەسەرکردن، بە تایبەت لە ڕێگەی کەمپیوتەرەوە؛ بریتییە لە ڕێسا یان پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاوی شیکارکردنی پرسگرەکانی کەمپیوتەر؛ ئالگۆریتم نامیلکەی کۆمەڵە فرمانی ڕابەری شیکارکردنی پرسە دژوار و ئاڵۆزەکانی کەمپیوتەرە، بۆ نموونە چۆن کاتی کەیک لێنان پێویستمان بە ڕەچەتە هەیە، ئالگۆریتمیش ڕەچەتەی ڕابەری لێنانی کەمپیوتەرە. ع خوارزمیة N algoritme د الگوریتم.




**ئالگۆریتمی بەرنامەنووسی :** programming algorithm بیرکاری ئای تی یان بەرنامەنووسی ئالگۆریتمی، شێوازێکی کامپیۆتەرییە کە زۆر لە یەک ڕێسا یان ڕەوش ئەچێ کە بە کامپیۆتەر ئەڵێ چ هەنگاوێک بۆ چارەی کێشەیەک یان گەیشتن بە مەبەستێک هەڵبگرێ. زانیاری و پێخۆر پێی ئەوترێ «دراو» inputs و بەرەنجامەکەش «دەرکەوتە» outputsیە N programmeringsalgoritme ع خوارزمیة البرمجة د الگوریتم برنامەنویسی.








**ئالێن ڕێنێ:** Alain Resnais {١٩٢٢ـ٢١٤} سینەما دەرهێنەر دەرهێنەری فەرانسەیی.

**ئالیڤی:** Ludovic Halévy نووسەر {١٨٣٤ـ١٩٠٨} نووسەری دەقی ئۆپێراکانی ژاک ئۆفێنباخ Jacques Offenbach بوو. پرووست بە نموونەی وێژەی ڕووکەش بەڵام بە ڕواڵەت پرشنگداری ئەزانێ.









**ئالیک:** fodder ڕووەک ناو گیا، دێزیی، ئازۆ، ژەمە پێخۆری ئاژەڵان. ع
علف الماشية N fôr د وعدە علوفە.





**ئالیکاری:** help هەروەزو فەرمان کۆمەک، یارمەتی، یاریدە، هەداری، دەستگرتن، دەسیاری، بەهاناوەبوون؛ یارمەتیدان و ئاسانکاری بۆ

(کەسێک) بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یان سەرچاوەکانی خۆی. ع
مساعدة N hjelp د امداد، مساعدت.




**ئالیگر:** bias ناوی‌بکەر لایەندار، لایەنخواز، پشتیوان و لایەنگری توندڕەو و دەمارگیری کەس یان شتێک بە شێوەیەکی یەک لایەنە یان نادادگەرانە. ع انحیاز، نزعة N partiskhet د جانبداری متعصبانە ☜ لایەنگر.









**ئالێگرۆ:** allegro مۆزیک گرژ و بەخرۆش، بەشی هەستان لە سۆناتادا.




**ئالین:** platform stair ناو پێگۆڕگە، جێ سووڕانەوە و وچان لە دوای

ڕیزێک پلیکان. [ع] درج فقيِ [N] trappetrinn [د] پاگرد [E] stair with a platform.



**ئالینگ:** ivy [ڕووەک] [ناو] لاولاو، گیایەکە لە دار و دیوار ئەهاڵێ، گەڵای سوز و پێنج پەڕەیە. [ع] جامعيِ [د] پیچک.

⇦ **ئالینگی ژەهراوی:** poison ivy [ڕووەک] [ناوی لێکدراو] جۆرە لاولاوێکی ژەهراویە بوومی ئاسیا و ئەمریکای باکوورە.




**ئاڵ:❶** gremlin [ناو] هاڵە، شەوە، جنۆکەی دوژمنی زەیستان لە ڕوخساری ژنێکی لاوازی تووکندا وێناکراوە کە مناڵ یان جگەری زەیستان ئەدزێ. [ع] شبح [N] gremlin [د] آل، دیو زائوترسان.

**ئاڵ:❷** [ڕەنگەوشە] [ئاوەڵناو] چێرەیی، سووری کاڵ.

**ئاڵ:❸** [ناو] {هاڵبوونەوە} ددانی بە ترشی کول.



**ئاڵ بردنەوە:** شێوەزانست چاوگی دووڵۆ (گوایە) مردنی زەیستان یان کۆرپەی ساوا بە دەست جنۆکەی ئاڵەوە. د مرگ طفل یا مادر بوسیلە آل.

**ئاڵان:** be twisted, be involved چاوگی تێنەپەڕ پێچخواردنی دوو شت بە یەکدا، لوولبوون بە شتێکەوە. ع ملتویة N vridd د پیچ خوردن.

**ئاڵای سەروخوار:** upside_down flag کینایە نیشانەی سەربازی بۆ ڕاگەیاندنی باری تەنگانە و نائاسایی لەو نزیکانە و مەترسی گیانی لەسەر ئەو کەسە، زیاتر لە سپای ئەمریکادا. ع عَلَم مَقْلوب N opp ned_ flagget د پرچم وارو.




**ئاڵای شۆڕش:** ☜ ئاش

**ئاڵای کوردستان:** نەتەوە نیشتمان بەرژەنگ لە لاکێشەی ئاسۆیی سێڕەنگ پێکهاتوە، لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕنگی سپیە و، لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە. بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێی درێژییەکەیەتی.

دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە، ئەم خۆرە ٢١ پەڕ (تیشک)ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێیەتی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێڕین بە پەڕەکانییەوە یەک (١) پێوەرە و بەبێ پەڕەکان نیو (٠,٥) پێوەر، ئەم

پەڕانە شێوەیان ڕاستە و لە دەرەوە خالێکی تیژ دروست ئەکەن. خۆرەکە دەبێ ڕێک لە چەق (ناوەند)ی ئاڵای کوردستان جێگیر بێت. خۆر بەشێوەیەک جێگیر کراوە کە ستوونی ناوەندی ئاڵا بە ناو خاڵی تیژی بەرزترین پەڕ(تیشک)دا تێئەپەڕێت.

ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان سوور و سپی و سەوز و زەردە:

032 Red : PMS

354 Green : PMS

116 Yellow : PMS



دریژە شێوەکانی بەکار هێنانی ئاڵا

هەڵواسینی بە دارا، پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو رووەوە دیار بێت.

بەرز کردنەوەی لە باری پانی، رەنگی سوور لە سەرەوە و رەنگی سەوز لە خوارەوە.

بەرز کردنەوەی لە باری درێژی، رەنگی سوور لە لای چەپ و رەنگی سەوز لە لای راست.

لە یەخەدانی وەک رۆزێت لە سەر سینگ، لە لای چەپ لە سەر دڵ هەڵ ئەگیرێت.

لە سەر مێز دانانی، پێویستە بە لای چەپدا بشکێتەوە.

**ئاڵایی:** streamer ناوی چاوگ وەک ئاڵا، ئەو پارچە کووتاڵ و پەڕۆیەی ئەدرێ بە سەر خزنی پیر و شێخان دا یان لە داری پیرۆز گرێ ئەدرێ.













**ئاڵباتراس:** ویژە ئەمارەیە بە دێڕێک هۆنراوەی L'Albatrosی شارڵ

بودلێر Charles Baudelaire {١٨٢١ـ١٨٦٧} کە خۆی لە وەرگێڕانی بەتوانای بەرهەمەکانی ئێدگار ئالان پۆ بوو بۆ زمانی فەرانسە. ئەم هۆنراوەیە لە کۆمەڵە هۆنراوەی گوڵەکانی دۆزەخە، چەندین جار وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی:

His giant's wings hinder him from walking

باڵی زەبەلاحی ڕێگەی هەنگاوانی لێگرتبوو.







**ئالبریخت دووریر:** Albrecht Dûrer شێوەکار {١٤٤١ـ١٥٢٨} شێوەکار و هەڵکۆڵەر و کیمیاگەری ئاڵمانی.















**ئالبێر لامۆریس:** Albert Lamorisse سینەما فیلمساز فیلمسازی فەرانسەیی فیلمی کورت.

**ئاڵبۆمینۆریا:** albuminuria پزیشکی نەخۆشی نەخۆشی زیادبوونی ئاڵبۆمین لە خوێندا.

**ئاڵبێرتی:** Leon Battista Alberti شێوەکار تزیارقانی {١٤٠٤ـ ١٤٧٢} لیۆن باتیستا ئاڵبێرتی شێوەکار، هۆنەر، تزیارقان، فەیلەسووف، زمانناس و نووسەری ئیتالیایی. دامەزرێنەری بێناوی چاخی ڕێنسانسە. پڕۆژەکانی هێندە ئاڵۆزن کە تا ئێستەش جێبەجێ ناکرێن. ئاڵبێرتی تابلۆ و پەیکەر و پەرتووکی زۆری لێ بەجێماوە و هەروەها خاوەنی ژیگی ئاڵبێرتی‌یە.

⟵ **ژیگی ئاڵبێرتی:** Alberti cipher disk ئەستێرەناسی یان ژیگی جفرەی ئاڵبێرتی، کە بە فۆرمولاش ناسراوە، ژیگێکە لە لایەن لیۆن باتیستا ئاڵبێرتی لە نامیلکەی جفرە De Cifri ساڵی ١٤٦٧ پێناسە کراوە. ئەم دەزگایە یەکەم نموونەی جێگۆڕینەوەی پیتەکان و خولی بگۆڕ پیشان ئەدات، بریتییە لە دوو پەیکە یdisk هاوچەق پێکهاتووە، کە لەسەریەک دانراون و بە پێچێک پێکەوە بەستراون؛ کە ئەتوانرێ یەکیان بە گوێرەی ئەوی تر بسووڕێنرێ. پەیکەی گەورە نەگۆڕ و ئەوی بچووک ناوی بگۆڕە. چێوەی بازنەکە کراوە بە ٢٤ خانەی چوونیەک و پیتی گەورەی لێ نووسراوە، ئەوی بچووک پیتی بچووکی بەتێکەڵی لێ نووسراوە بۆ دەقی جفرە. ع قرص تشفير البرتي N Alberti krypteringsdisk د دیسک ئالبرتی.






**ئاڵپاکا:** alpaca گیاندار جۆرێکی لامایە و لە خودی لاما بچووکترە، بوومی ئەمریکای باشوورە. خورییەکەی لە هی لاما نەرمترە و وەک کوڵکەی

کشمیر وایە. ☜ لاما ☜ ڤیکۆنیا





**ئالپرازۆلام:** Alprazolam دەرمان دەرمانێکە چەندین ناوی بازرگانی هەیە وەکوو زاناکس Xanax، بۆ ئارامکردنی دڵەڕاوکە، ناسازی هەراس و ترس بەکار دێ. ئەم دەرمانە دژی خەمۆکییە و بەم پێییە دژی ناسازی خەمۆکیش بەکار ئەهێنرێ.

**ئاڵتۆپاسچیۆ:** Altopascio ئاوەڵناو ناوی جێگا دەیرێکە لە لووکا Lucca لە تۆسکانی، لەسەر ڕێگەی زیارەتکەرانی ناوچە پیرۆزەکان بووە و ناوبانگی هەبووە بەوەی سووپی لێناوە و داویە بە ڕێبواران و هەژاران.



**ئاڵدۆز:** gilded کیمیا ڕازاندنەوە شتێک کە ڕووکەش کرابێ بە زێڕ یان بە

زیو یان بە شتی تر بۆ جوانی و بەرگری لە ژەنگهێنان، زەرکەفتکراو. [ع] مذهب [N] forgylt [د] طلاکاری شده.




**ئاڵزاس:** Alsace [جوگرافیا] بە فەڕانسە و بە زمانی ئاڵزاسی ئێلزاز Elsass. یەکێکە لە ٢٢ مەڵبەندی ناوخۆی فەڕانسە، ئەکەوێتە ڕۆژهەڵات و دراوسێی ئاڵمان و سویسە. ساڵانی ١٨٧١ تا ١٩١٨ لە بن دەسەڵاتی ئاڵماندا بوو.

**ئاڵشت:** frost [ناو] ئەڵماسە، سیخوار، قەل، شەڵتە، زوقم، خووس، خویز، شەختە، زەمەگولیلک، سووخ؛ لە کەشوهەوای زۆر سارددا ئاو ئەبێ بە بلوور و زوقم و سیخوار لە سەر قەراخ وڕووکارەکان دروست دەبێت. [ع] الصقیع [N] frost [د] سرما زدگی.




**ئاڵفانۆمێتریک:** Alphanumericals [ئای تی] [بەرنامەنووسی] ئەلفژمارەیی، دەستەواژەیەکی لە بەرنامەنووسیدا و بەو ڕشتانە ئەوترێ کە تێکەڵێکی ئەلفوبێ یا ژمارەن.

**ئاڵفجاڕ:** شوێنی لەوەڕی ئاژەڵ و پاتاڵ.

**ئاڵفرێد بێگوین:** Alfred Beguin {١٨٢٥ـ١٩٠٠} نووسەر نووسەری فەرەنسەیی.

**ئاڵفرێد دو ڤینی:** Alfred de Vigny هۆنەر نووسەر {١٧٩٧ـ١٨٦٣} هۆنەر و ڕۆماننوس و شانۆگەری فەڕانسەیی، پەرتووکی یاداشتەکانی هۆنەرێک Journal d'un Poète بەرهەمی ئەوە.







**ئاڵفرێد دو مووسە:** Alfred de Musset هۆنەر نووسەر {١٨١٠ـ١٨٥٧} هۆنەر و ڕۆماننووسی فەڕانسەیی ☜ مووسە.








**ئاڵقە:** The Ring of the Nibelung ئۆپێرا ئاڵقەی نیبلونگ، ئۆپێرای تێترالۆژی یان چوارینەی ڤاگنەر، وەک سەنتێزی ئامێتەی هۆنراوە و شانۆ و موزیک و هونەری دراماتیک.

**ئاڵقەڕێز:** ئامێر ناو ئەڵقەڕێز، زنجیرۆکەی دەرگا داخستن.



**ئاڵگ:** پزیشکی نەخۆشی لووی گەورەی نەخۆشینی لارەشە یان تاعوون. E gavoccioli.

**ئاڵمان ساڵی سفر:** A llemania Anno Zero فیلم درامای سینەمایی ١٩٤٨ی ئیتالیایی، دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.




**ئاڵمانییەکانی ڕۆما:** The Germans of Rome ڕامیاری مێژوویی هەژدەی برۆمێر
لە ٩١٢ی زاینی، لە پاش مەرگی لویی سێیەم لە تیرەی کارلۆڤینیەکان، کۆنراد، دووکی فرانکۆنیا هەڵبژێردرا بە ئیمپراتۆر کە تا ئەو کاتە میراتی بوو لەناو نەوەکانی شارلمانیدا. ئەم پلەیە دواتر کەوتە دەستی ئاڵمانییەکان.

**ئاڵنگاری:** challenge ناوی چاوگ [ئاڵنگ+گار] لە زاراوەی هەورامی دەستەویەخە، ململانێ، مەیدانخوازی، ئامبازبوونەوە، بەرەنگاربوونەوە، دژوەستان، سەرپێچیکردن، دەستەویەخە. ع تحدی N Utfordring د چالش.






**ئالۆ:** aloe ڕووەک ناو ئالۆی، تاڵی شاری، دارێکی گەشە و گەڵایەکی گۆشتنی دڕکاویی هەیە، زیاتر لە ٥٠٠ جۆرە، جۆرێکی شیلەی زۆر تاڵی تیایە، جۆرێکی تر بە ناوی ئالۆڤێرا Aloe vera واتە ئالۆی ڕاستەقینە، لە پزیشکیدا بەکار دێت و کرێمی لێدروست ئەکرێت بۆ نەرمکردنی پێست و جمگە و دەرمانی سووتان، تەنانەت ڕینگاڵی لێ بەرهەم ئەهێنرێت.
ع الألوه نبات، نبات الصبار N aloe د آلوئه، آلوئه ورا.



**ئاڵۆز: ❶** intricate ئاوەڵناو پێچیاگ، لێکئالاو. ع معقد N innviklet د بغرنج.

**ئاڵۆز: ❷** unnatural, unpredictable, temperamental, squally ئاوەڵناو نائاسایی؛ پشێوی و ئاژاوە؛ پێشبینی نەکراو. ع معقد، مزاجي N innviklet د غیرطبیعی، غیرقابل پیش‌بینی.

**ئاڵۆسکاو:** intricate ئاوەڵکار ئاڵۆز، فیشاردە، زۆر دژوار و پێچەڵەپلووچ.

ع بشکل معقد N intrikat د بغرنج، پیچیدە.

**ئالۆشی ساڵی حەوتەم:** The Seven-Year Itch سینەما فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٥٥ی ئەمریکایی، دەرهێنانی بیلی وایڵدەر و بەشداری مێرلین مۆنرۆ. ◀ لە ناو جەماوەردا بڕوایەک هەیە کە ژیانی ژن و مێردی لە ساڵی حەوتەمدا تووشی نسکۆ ئەبێت و ساردی و دوخمانی و جیابوونەوە لە نێوان هاوسەراندا ڕوو ئەدات. بە واتایەک کێچ ئەکەوێتە کەوڵی هاوسەران.




**ئالۆفۆن:** allophone زمانەوانی هەر یەکە لە دەنگ یان شێوازە جیاوازەکانی فۆنێمە. لەبەر ئەوەی فۆنێم یان واچ بچووکترین یەکەی دەنگیی سەربەخۆیە کە جیاوازی واتایی پێک ئەهێنێ، بۆ وێنە لە کوردیدا «ر» و «ڕ» دوو واچن، کە لە دوو وشەی وەک {کەر و کەڕ} دا ئەبنە هۆی جیاوازی واتایی، کەواتە {ڕ} لە وشەی {کەڕ}دا ئالۆفۆن یان شێوە فۆنێمی پیتی {ر}یە لە وشەی {کەر}دا.

**دیافۆن:** diaphoneme دەنگی هاوئاواز، لە زمانناسیدا بە یەکەیەکی دەنگناسی ئەوترێ کە ئەیەرژێتە سەر جۆرە جیاوازەکانی شێوەی دەربڕینی یەک یان چەند دەنگێک لە یەک وشەدا لەسەر بناغەی شێوەزارە جیاوازەکان.

**فۆنێم:** Phoneme فۆنیم یان واچ لە زمانەوانیدا بە بچووکترین بەشی وتە {قسە} ئەگوترێت کە ئەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە.

واچەکان بچووکترین یەکەی دەنگیی سەربەخۆن کە جیاوازی واتایی پێک ئەهێنن، بۆ وێنە لە کوردیدا «ر» و «ڕ» دوو واچن، لە بەر ئەوەی کە لە دوو وشەی وەک (کەر و کەڕ) دا ئەبنە هۆی جیاوازی واتایی، بەڵام لە بڕێ زماندا (وەک زمانی ئینگلیزی و..) یەک واچن، چونکە واتا ناگۆڕن.

مۆرفێمەکان بە یارمەتی واچەکان دروست ئەبن (یەک یان چەند مۆرفێمیش، وشەیەک پێک ئەهێنن). بۆ وێنە: «تۆ» لە دوو واچی «ت» (/t/) و «ۆ» (/o/) پێک هاتووە.

**فۆنۆلۆجی :** Phonology یان واچناسی یەکێک لە لق وپۆکانی زمانەوانییە کە ئەپەرژێتە سەر سیستەمی دەنگی زمان و، جێ و شوێنی توخمەکانی دەنگ لە زنجیرەی وتەدا دەسنیشان ئەکا. لەم لقەدا، لە بابەتی وەک دەنگ، فۆنیم، بڕگە، وشە، سترێس، ئاهەنگ و کێشی هۆنراوە گفتوگۆ ئەکرێت.

**مۆرفێم :** morpheme بریتییە لە بچووکترین یەکەی زمان، کە هەڵگری باری ڕێزمانی و واتایی سەربەخۆیە. مۆرفێمەکان لە پێکەوەلکانی فۆنیمەکان پێکدێن. لە زانستی زمانەوانیدا، مۆرفێمەکان لە نێوان دوو برۆدا ئەنووسرێن، وەک: «دڵ»، «من».

مۆرفێمەکان دوو دەستەی سەرەکی مۆرفێمی ئازاد (یان ڕاستەوخۆ یان بنەما) و مۆرفێمی بەسراون.

مۆرفێمی ئازاد: تەنیا و سەربەخۆ لە ڕستەدا بەکاردێت، مۆرفێمی ئازاد بە دوو دەستە دابەش ئەبێت:

مۆرفێمی ئازادی ڕێزمانی: بە مۆرفێمێک ئەڵێن کە واتایەکی سەربەخۆی نییە؛ بەڵام لە پێکهاتەی ڕێزمانی ڕستەدا، سەربەخۆیە. وەک: بە، لە، بۆ، با.

مۆرفێمی ئازادی فەرهەنگی (یان وشەیی): مۆرفێمێکە واتای سەربەخۆی هەیە، لە فەرهەنگی وشەکاندا واتایەکی بۆ دەسنیشان کراوە. وەک:

هەور، مانگ، دەست، ئەسپ و...

مۆرفیمی بەسراو: بە مۆرفیمێک ئەڵێن کە ئەرک و واتایەکی سەربەخۆی لە نێو ڕستەدا نییە و بە مۆرفیمێکی ترەوە ئەبەسترێتەوە. مۆرفیمی بەستراو دوو جۆری هەیە:

مۆرفیمی بەستراوی ڕستەوانی: ئەو مۆرفیمانەی وشەی تازە دروست ناکەن؛ تەنیا باری وشەکە ئەگۆڕن و بۆ جێگرتن لە نێو ڕستەدا ئەیگۆڕن. وەک: «ان» لە پیاوان، «تر» لە خێراتر و... مۆرفیمی بەستراوی داڕشتنی: ئەو مۆرفیمانەی ئەبنە هۆی پێکهاتنی وشەیەکی نوێ بە واتایەکی سەربەخۆ. وەک: «ۆڵە» لە کیژۆڵە، «ەر» لە نووسەر، «یلە» لە وردیلە و...

## مۆرفۆلۆجی:

Morphology یا پێکهاتەناسی وشە، بەشێکە لە ڕێزمان کە لە پێکهاتنی وشە ئەکۆڵێتەوە. بە واتایەکی تر، مۆرفۆلۆجی ئەپەرژێتە سەر ناسینی مۆرفیمەکان و چۆنیەتی پێکەوەنیشتنیان لە ناو ڕستەدا.

کاری سەرەکی زمانەوان بۆ لێکۆڵینەوە لە مۆرفۆلۆجی زمانێک بریتییە لە: شی کردنەوەی ڕستە، دۆزینەوەی مۆرفیمەکان و وشەکان و دەستە-دەستە کردنیان بە پێی پۆلێنەکانی ڕێزمانی ئەو زمانە.

مۆرفۆلۆجی بریتییە لە زانستی لێکۆڵینەوە لە وشەکانی زمان. ئەم بەشەی زمانەوانی لە چۆنیەتی پێکهاتنی وشەکان، بنوشەکان، لکێنەکان یان دابڕەکان، پێشگر و پاشگرەکان و هتد ئەکۆڵێتەوە. لە مۆرفۆلۆجیشدا، وەکوو هەموو بوارێکی زانستی، هێندێک چەمکی گرینگ و تایبەتی هەن. مۆرفۆلۆجی لەم چەشنە پرسیارانە ئەکۆڵێتەوە: وشە چییە؟ مۆرف، مۆرفیم و ئەلەمۆرف چین؟ وشەی «تێکهەڵچوونەوە»، بۆ نموونە، لە چەند وشەی بچووکتر، یان لە چەند مۆرف و مۆرفیم پێکهاتووە؟



**ئالۆش:** itch نەخۆشی خورین، خورکەی لەش: ئالۆشی هەیە: ژنێک کە حەزی لە پیاو بێ. ع حكة N klø د خارش.

ن: ئالۆشی گرتووە: هەوەسی جوولاوە.




**ئالۆگۆڕی دراو:** money changer ئابووری کەس یان دامەزراوێک کە پارەی نەخت بە نەخت ئەگۆڕێتەوە، پیشەی گۆڕینەوەی پارەی ولاتێک بە هی ولاتێکی تر. ع الصيرفة N pengeveksler د صراف.

تێبینی: هەڵبەت لەبەر ئەوەی «بانک» بە عەرەبی «مصرف»ی بۆ دانراوە، وشەی «الصيرفة»ی عەرەبی واتای بانکداریش ئەگرێتەوە.

**دراو:** currency دراو ئابووری ناو یەکەی دراو، سیستەمێکی پارە بۆ بەکارهێنانی گشتی لە ولاتێکی تایبەت. ع عملة N valuta د ارز.




**ئالۆوال:** colored ناوی لێکدراو ڕەنگاوڕەنگ، ڕەنگی، نەخشین. ع ملون N farget د رنگی.

**ئالۆوالا:** colored goods ناوی لێکدراو کالای ڕەنگاوڕەنگ. ع البضائع الملونة

N fargede varer د کالاهای رنگی.

**ئالۆێ:** aloe ڕووەک ناو ئاڵۆ، دارێکی گەشە و گەڵایەکی گۆشتنی دڕکاویی هەیە، جۆرێکی وەکو کرێم بۆ نەرمکردنی پێست و دەرمانی سووتان بەکار دێ و تەنانەت ڕینگاڵی لێ بەرهەم ئەهێنن ☜ ئاڵۆ.









**ئالۆودە:** addict ناو تووشبوو، ئولفەتگرتوو، هۆکارە، کەسێک کە تووشی ماکێکی تایبەت بووبێ، بە زۆریش ماکێکی نارێسایی و زیانمەند.
ع مدمن N misbruker د معتاد.

**ڕاهاتوو:** accustomed خووگرتوو. ع متعود N Vant د خوگرفته

**ڕاهاتن:** acclimatize خووگرتن. ع يتأقلم N akklimatisere seg د خوگرفتن.

**ئاله:** alais ناو ١٨ی برۆمێر هەمیتەی پۆلیس لە ناو ڕێکخراوی کۆمەڵەی ١٠ی دێسەمبەردا.

**ئاڵەت:❶** pepper ڕووەک بەهارات ناو ئیسووت، بیباری هاڕاوی تیژ. ع مسحوق الفلفل N Pepperpulver د پودر فلفل.

**ئاڵەت:❷** ڕووەک چێژەمەنی گیایەکی گەرمیانییە بەرێک ئەگرێ دەنکەکەی ڕەش و خڕ و تیژ و توندە، ئەکرێتە ناو هەندێ خواردەمەنیەوە.




**ئاڵەکۆک:** Primula ڕووەک گیا هەڵەکۆک، گیایەکی بەهارییە، لە ئەسپینگ و شنگ ئەچێت. هەر زوو لە پەنا ڕنوەبەفران سەر دەردێنێت، بەڵام گەڵای پانترە و تووکنە، بستێک بڵند دەبێتەوە، گوڵێکی زەردی هەیە، ڕەگی کەم لە زەوی ڕۆ ئەچێ. بنکێکی خڕی هەیە ئەخورێت.






**ئامادە:** shoulder arms سەربازی ئامادەباش، ئـ ـ ـ ـ ا مـ ـ ـ ـ ـ ادە، چـ ـ ـ ـەک بـ ـ ـ ـ ە شـ ـ ـ ـ ان! هەروەها چەکبەشان، فیلمێکی بێدەنگی چارلی چاپلینە، هیی ١٩١٨ـەیە و ٣٦ خولەکە. ئەم فیلمە کورتترین فیلمی درێژی چاپلینە.






**ئامادەیی:** propensity ناوی چاوگ گرەوشت، واز و ویست و ئارەزووی سروشتی بۆ ڕەفتارکردن بە شێوەیەکی تایبەت. ع المیل نزوع N tilbøyelighet د تمایل.

**ئاماریلیس:** Amaryllis ئەفسانە دڵبەری دڵڕەقی شوانەیە، لە سروودی ئەوینی سێیەمی تیۆکریت و لە سروودی یەکەمدا شوانە بۆ دافینس «ئاخ هەڵئەکێشێ»، کە Daphnis شوانێکی سیسیلی داهێنەری هۆنراوەی مینەوییە pastoral poetry.



**ئامازیغ:** Amazigh نەتەوە نیشتمان ڕامیاری دانیشتوانی باکووری مەراکۆ و جەزایر و توونس و لیبی و مووریشی ئیسپانیا و چەندین وڵاتی تر کە بە بەربەریش ناسراون، لە ڕاستیدا ئامازیغین و، تا ئێستەش تەعریب نەکراون، زیاتر لە ٥٠ ملیۆن نەتەوەی ئامازیغی بە زمانی خۆیان قسە ئەکەن، ئاڵا و ئەلف و بێی تایبەت بە خۆیان هەیە.








**ئامازیغی:** زمان زمانی زیاتر لە ٥٠ ملیۆن نەتەوەی ئامازیقـیە، لە سەدەی ١٦ تا ١٩ لە لایەن ئووروو‌پاییەکانەوە بە بەربەر ناوئەبران، کە نەیانتوانیوە تەعریبیان بکەن و لە نیشتمانی خۆیان وەکوو مەراکۆ و جەزایر و توونس و لیبی و مووریشی ئیسپانیا نیشتەجێن. ئامازیغییەکان هەروەها ئالاّ و شێوە نووسینی تایبەت بە خۆیان هەیە.



**ئاماژە:**[١] mention ناوی چاوگ هێما، دەست بۆ ڕاکێشان، بەدەست پیشاندان.
ع أشير N nevne د اشاره، تلويح.

**ئاماژە:**[٢] reference زمانەوانی ئاماژە سەرچاوە؛ بە گشتی بریتیە لە پەیوەندی نێوان دوو شت کە یەکێکیان هەڵ ئەستێت بە کرداری ئاماژەکردن، یان دیاریکردنی شتێکی تر و دروستکردنی پەیوەندیەک. لە ڕێی ئەو پەیوەندیەوە شتێ ئاماژەکەر شتێ ئاماژەبۆکراو وەک سەرچاوە بەکار دەهێنێت. سەرچاوە بە زۆر شێواز هەیە لە زانینی مرۆڤدا بە گشتی و، ئەمە وا ئەکات واتاکەی ڕوون نەبێت لە هەندێک کاتدا، بۆیە پێویستی بە جیاکردنەوە و تایبەتکردن هەیە. ◄ ئاماژە بۆی هەیە پەیوەندی لەزۆر شێوازدا هەبێت وەک: بیر، هەستی بیستراو و بینراو و وێنایی و بۆنی و بەرکەوتن و سۆزی لەگەڵ سەرچاوەیەکدا. ع مرجع N henvisning د منبع.

**ئاماژە:**[٣] citation فەلسەفەی زمان واتا لە نوسینی ئەکادیمیدا، جۆرێک لە سەرچاوەدارکردنە کە بە گشتی پێک دێت لە **نووسەر—ناونیشان—ڕێکەوت** لە پێرستی سەرچاوەکان و پەراوێزەکانی نوسینێکی تایبەتدا کە ئاماژە بۆ نوسین یان بڵاوکراوەیەکی تر ئەکات. ع الاقتباس N sitering د استناد.

**ئاماژەپێوی:** citation metrics زمانەوانی ئای تی یان ئاماژەشیکاری، وەک بە ناوەکەیدا دیارە بریتییە لە پێوان یان شیکردنەوەی ئاماژەکانی نووسینێکی ئەکادیمیک. ئاماژەپێوی قۆناغی دوای نوانەسازییە و تەنها زمانە فەرمییەکانی هەندێ واڵات گەیشتوونەتە ئەو ئاستە. ◄ ئاماژەپێوی، واتە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی بەکارهێنانی تۆژینەوەکان لە لایەن توێژەرانی ترەوە و دیاریکردنی کاریگەری و ڕۆڵی تۆژینەوەکان لە پەرەپێدانی زانست و بواری تۆژینەوەکە. ◄ ئاماژەپێوی خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی کاریگەری وتارێک لە ڕێگەی ژماردنی جارەکانی ئاماژەپێدانی لە لایەن دانەرانی ترەوە لە نووسینەکاندا. ◄ ئاماژەشیکاری دەکرێت بۆ وتار، یان توێژەر ئەنجام

بدرێت. ◀ ئاماژەپێوی نەخشی سەرەکی دەگێڕێت لە ڕیزبەندی نووسینی توێژینەوییدا، بە پەرتووک و وتار و گۆڤاری ئەکادیمیکەوە.

**ئاماژەشیکاری:** analytic citation زمانەوانی ئای تر هەمان ئاماژە پێویە بۆیە ☜ **ئاماژەپێوی** ع الاقتباس التحليلي N analytisk sitering د استناد تحلیلی.

**ئامال:** ناوی‌لێکدراو مەیلەو...، لە ڕەنگی. ⇦ **ئامال ڕەش:** مەیلەوڕەش.

**ئامانجدار:** purposeful ئاوەڵناو بەمەبەست، بەئامانج، کەسێکە بۆبەدیهێنانی ئامانجێکی تایبەت کار و تێکۆشان ئەکات. ع هادفة N målbevisst د هدفدار، عمدی.

**ئامانجگەرا:** goal oriented پەروەردە دەروونناسی ناوی فەرمان کەسێکە بڕوای بە پەرەسەندن یان چەسپاندنی توانای مرۆڤ هەیە لە دارەتی سەرکەوتندا. دەرکەوتووە ئاراستەکردنی ئامانج پەیوەندی بە دەستکەوتی ئەکادیمیک و خۆگونجاندن و خۆشگوزەرانییەوە هەیە. ع التوجه نحو الهدف N målrettet د هدف مدار.

ن: {لە کاتێکدا نە کەمهۆش بوو و نە فەرامۆشکار} لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزی و ڕۆیشت بەبێ ئەوەی دەرگاکە دابخات. چونکە ئامانجی ئەو دابەزین بوو و قوتار؛ هەر وەک ئەو کاتەی لە پاس دائەبەزێ و لە مێترۆ ئەچێتە دەرەوە.







**ئامانجگەرایی:** goal_orientation پەروەردە دەروونناسی ناوی فەرمان گرەوشتی بەرەو پەرەسەندن یان چەسپاندنی توانای مرۆڤ لە بارودۆخی سەرکەوتندا. دەرکەوتووە کە ئاراستەکردنی ئامانج پەیوەندی بە دەستکەوتی

ئەکادیمیک و خۆگونجاندن و خۆشگوزەرانییەوە هەیە. ع توجیه الهدف N målorientering د هدف مدار.

**ئامای:** کاری تێنەپەڕ هاتوو، ڕەوان. ◀ سرووەی ئامای. ع منفاخ د وزان.

**ئامباز:** embrace ناو خۆ پیاهەڵواسین، بە تەوەژم دەستەملان بوون، ئاوقا، تێک هاڵانی دوو زیندوو؛ شتێکە کە ئاوقەدی شتێکی تر بووبێ. ع یعتنق N omfavne د در اغوش گرفتن.

**ئامباز بوون:** چاوگی تێنەپەڕ ئاوقەد بوون. ع تعنیق، تقبل بسرور N Klem, ta gjerne imot د با خوشحالی پذیرفتن.

**ئامپێر:** ampere یەکە ناو یەکەی پێوانەکردنی چڕی کارەبا. ع أمبیر، وحدة لقیاس الکهرباء N ampere د آمپر. ☜ وات ☜ قۆڵت




**ئامراز:** tool ئامراز هێسنێکە بۆ ئەنجامدانی کارێکی تایبەت یارمەتی مرۆڤ ئەدات، بە تایبەت ئەگەر کاتالیزۆر بێت و خۆی لێی کەم نەبێتەوە؛ ئامراز لە زۆر جێگەدا کۆی هەموو ئامرازی سادە تا هەرە پێشکەوتوو وەکوو کەرەستە و ئامێر و مەکینە و دەزگا ئەگرێتەوە. ع اداة N verktøy د ابزار.

**ئامرازی پەیوەندی:** conjunction ناوی لێکدراو پێگر، ناوبەند، وشەیەکە بۆ پێکەوە لکاندنی دوو ڕستە یان وشە و هاوسەنگکردنی وشەکان پێکەوە، یان بەستنەوەی یەکیان بەوی ترەوە. ع حرف ربط N konjunksjon د حرف ربط.

ئامرازی پەیوەندی دوو جۆری تاک و لێکدراوی هەیە:

- تاک: و، وەلێ، بەڵام، ئەگەر، ئێستا، تا، یان، نا ، هەر.
- لێکدراو: جگە لەوەی کاری پەیوەندی ئەنجام ئەدەن، ڕۆڵی ئاوەڵکاریش ئەبینن: ئەوسا، لەگەڵ ئەوەش، هەروەها، بەڵکوو، تاکوو ئەوەی، لێرەڕا، لەبەر، کەوابوو، بەوەمەرجەی، هەرچی چۆن بێ، کەواتە، چونکە .

**ئامفیێتە :** Amphietes ڕووەک ناو سەردەیەکە لە گیای بۆنخۆش. ٤ الأمفيات N Amfieter د آمفیت ها.



**ئامفیتریۆن :** Amphitryon ئایین‌وئەفسانە نازناو ئەویندار و هاوسەری ئالکمەنە، دایکی هێرکول، لە میسۆلۆژی یۆنانیدابە دڵداری ئۆلمپی ناسراوە.





**ئامفیتریتی:** Amphitrite میسۆلۆجی لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ماخوای زەریاکان، کچی ئۆشنۆس و تێتیس، یان نێریوس و دۆریس. کاتێک خوداوەندی زەریا پۆسیدۆن دەیویست بیکات بە بووکی، ئەمفیتریت بێزێزی پێکرد و لە زەریای ئەتلەسی خۆی لێی شاردەوە. ◄ دۆلفین شوێنیان هەڵگرت و هێنایاوەوە بۆ لای پۆسیدۆن. بەهۆی ئەمەوە دۆلفینەکان بە هۆی ئەو خزمەتەیانەوە جێگەیەکیان لە بەهەشتدا پێبەخشرا. ◄ بەرەنجامی هاوسەرگیری پۆسیدۆن و ئامفیتریتی مێرماسییەک بوو بە ناوی تریتۆن.




**ئامفیتریۆن:** Amphitryon میسۆلۆجی لە میسۆلۆژی یۆنانیدا پادشای تیرینس، کاتێک کە چووە بۆ جەنگ، زیۆس خۆی وەکوو ئەو لێئەکات و ئەچێتە لای ژنەکەی، ژۆژی دواتر خۆیشی لە جەنگ ئەگەڕێتەوە و ئەچێتە لای ئەلکمێنەی ژنی، لە ئەمجامدا ئەلکمێنە لفەدوانەیەکی ئەبێ بە ناوی هێرکول یان هراکلس و ئیفێکلس: کە یەکەمیان هی زیۆس و دوەمیان هی ئامفیتریۆن بووە.







**ئامفی تیاتر:** amphitheater هونەر ناوی لێکدراو بە تایبەت لە نژیارڤانیی یۆنانی و ڕۆمیدا تەلارێکی خڕ یان هێلکەیی بوو کە بە زۆری سەری نەگیرابوو، شانۆیەکی ناوەندی بوو بۆ پیشاندانی ڕووداوی دراماتیک و وەرزشی. کورسیەکانی بینەران بە شێوەی کەوانەیی بەرامبەر سەکۆی شانۆکە دانرابوون.




**ئامفیۆن و زێتووس:** Amphion and zethus میسۆلۆجی ئاماژەیە بە دوو برای موزیکزانی کوڕانی زیۆس کە بە نەوای چەنگ بەردەکانیان جوولاندووە و کۆشکەکانی شاری تەبەسیان بنیات ناوە.



**ئامۆ:❶** learned رەگرچاوگ رەگی چاوگی {ئامۆتن}، بە واتای فێرکردن. پتر وەک پاشگر لە زمانی کوردیدا ماوەتەوە. ع تعلمت N lært د آموخت.

**ن:** دەستەمۆ [دەست+ە+ ئامۆ]، وەک ئاژەڵی دەستەمۆیە، دەریشی بکەی، ناڕوات.

**ن:** نامۆ [نا+ ئامۆ]، هێشتا نامۆیە، ئەبێ ئامۆ بکرێت.

**⇤ ئامۆتن:** learn چاوگی تێنەپەڕ فێرکردن، بارهێنان. ع ليتعلم N lære د آموختن.

**ئامۆ:❷** acquaintant ناو ئاشنا، ناسیاگ؛ کەسێکە مرۆڤ دەیناسێت، بەڵام نەک وەک هاوڕێیەکی نزیک. ◄ دۆخی ئاشنابوون یان ناسراوەتی بە شێوەیەکی ئاسایی، لەگەڵ کەسێک یان شتێک **ن:** ئەوەندەی من بزانم، هیچ کەس لە ناسیاوەکانم گەشتی بە جیهاندا نەکردووە. ع أحد المعارف N bekjent د آشنا.

**⇤ ئامۆ و نامۆ:** acquaintant and stranger.

**ئامۆبیەن:** Amoebean مۆزیک لە زمانی باسکی Basque، گەرەلاوژەی دووکەسی، شێوازێکی هەڵبەست و گۆرانییە لە سەرچاوەی فۆلکلۆر لە پێشبڕکێی گەرەلاوژەی ئاواز و هۆنراوەدا بەکار دێت. زۆر ئۆپێرا و شانۆگەری لەسەر ئەو شێوازە نووسراوە.








**ئامۆزا بێت:** La Cousine Bette رۆمان نووسینی ئۆنۆرە دو بەلزاک (١٨٤٦).










**ئامۆش:** quiescent ئاوەڵناو خامۆش، ئارام، مەند، کونج، خەڵوەت. ع هامد N stille د خاموش.

**ئامۆندسن:** Roald Amundsen سینەما (١٨٧٢ـ١٩٢٨) گەڕیدەی نەروێجی دۆزەرەوەی بستووی باشوور. ئەو لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی خولی قارەمانی گەڕان بەدوای بستووی باشوور بوو.

**ئاموشۆ:** commute ناوی لێکدراو [ئام(ئامان)+و+شۆ (شیان)] هاتوچۆ، ئامشۆ، گەڕان، هاتن و چوون، سەردان. ع التنشئة الاجتماعية N pendle د آمد و شد.

خەیر وەڵڵا تا گیان نەتۆی قەفەس بۆ
کەم کەم **ئاموشۆی** ئامای نەفەس بۆ
مەولەوی تاوەگۆزی

بەڵام ئەی کوردی پەنابەر، ئەی لە هەندەران دەربەدەر
هۆ کوڕ و کچ، خانمینە!
بەخۆڕایی نەگوتراوە بەرد هەر لە جێی خۆی سەنگینە
ئەمن بەم هەموو ئەزموونە، بەم **ئاموشۆ** و بەم قاڵبوونە

بەو هەموو گەشت و گەڕانە، بۆم دەرکەوت و بوو بە وانە
نە ڕۆژئاوا نە ڕۆژهەڵات، قەت نابێتە پیرەوڵات
هەر سوارێ مەیدانێ خۆی، هەر کلچووکێ کلدانی خۆی
جیهان با هەر بۆ خۆی خۆش بێ، پیرۆزی میللەتانی خۆی
منیش ئـااااا وەک ئەو خەڵکانە، خۆشیم وڵاتی کوردانە
من کوریەمەو کۆریەی ساواش
لەناو ژنی ئەو جیهانە، هەر دایکی خۆی لەلا جوانە

عومەر دزەیی

**ئاموور:** ناو هەوجاڕ، داری مابەینی نیر و دەندە.

**ئامێدە ئایفر:** Amedee Ayfre نووسەر ئایینناس و نووسەری فەڕانسەیی.

**ئامێدە دونوا:** Amédée Dunois ڕامیار ڕۆژنامەوان {١٨٧٨ــ١٩٥} ڕامیار و ڕۆژنامەوانی فەڕانسەیی، کارگێڕی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «ئۆمانیتە».

**ئامێر:❶** tool ئامێر ناو کەرەستە و ئامرازی ئەنجامدانی کار، بە تایبەت ئەوانەی بەدەستەوە ئەگیرێن. ع أداة N verktøy د ابزار.

**ئامێر:❷** apparatus ئامێر ناو دەزگا، دەزگا و مەکینەی تەکنیکی بۆ ئەنجامی کارێکی دیاریکراو. ع جهاز N apparater د دستگاه.









**ئامێرد:** robot_human ئای ئر ئامێر ناوی لێکدراو [ئا{ئامێر}+مێرد] یان robot

وشەیەکە پێکهاتووە لە ئامێر و مێرد. هەردوک پێکەوە ئامێرد، وەک کەسێک کە هەندێ جار مرۆڤە و هەندێ جاریش ئامێرە. ئەم وشەیە یەکەمجار لە لایەن زیندەیاد «محەمەد موکری»یەوە لە چیرۆکی «ئامێردەکان» بەکارهات و، باسی ئەو کەسانەی ئەکرد کە بوونەتە پیاوی رژێمی ئەوسای بەعس. «ئامێردەکان» سالی ١٩٨٢ لە گۆڤاری «بەیان» دا بڵاوبووەوە؛ بەڵام هەر بە زوویی هەموویان لە پەرتووکخانە و بازاڕدا کۆکردەوە و بردیان.





**ئامێردی هەستیار:** Sentience ئای تر ئامێر ناوی لێکدراو جۆرێکی ڕۆبۆتە کە خاوەنی هەست و هزر و تێگەیشتنی مرۆییە، باڵاترین شێوەی ئامێردە کە مرۆڤ تا ئێستە بیر لە دروستکردنی ئەکات: مرۆڤی ئافرێنراوی مرۆڤ.










**ئامێری بایۆمەتریک:** biometric device ئاشیەزی ناو ئامێرێکی پێناسە و ناسینەوەی ڕەسەنایەتی شوناسە. ئەم جۆرە ئامێرانە ڕێگەی

ئۆتۆماتیکی بەکاردەهێنن بۆ پشتڕاستکردنەوە یان ناسینەوەی ناسنامەی کەسێکی زیندوو لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکی فیزیۆلۆژیک یان ڕەفتاری. ئەم تایبەتمەندیانە بریتین لە پەنجەمۆر، وێنەی ڕوخسار، بیلبیلەی چاو و ناسینەوەی دەنگ و پلی مرۆڤ وەک کاتژمێر. ع جهاز البیومتریة N biometrisk enhet د دستگاه بیومتریک.




**ئامیان:** yeast ئاشپەزی ناو ئامێزە، هەوێن، قارچکێکی میکرۆسکۆپی پێکهاتوو لە خانەی هێلکەیین، بە چرۆکردن زیاد ئەکەن و ئەتوانن شەکر بکەن بە ئەلکول و دی ئۆکسیدی کاربۆن. ع خمیرة N gjær د خمیرمایە.









**ئاناباسیس:** Anabasis وێژە میسۆلۆجی بە زمانی گریکی کۆن {Ἀνάβασις} بە واتای ڕۆیشتن بەرەو هەوراز یان هەڵبەزین دێت. ئاناباسیس یان ڕێڕەوی دەهەزار سەرباز، لە ناسراوترین پەرتووکەکانی یۆنانی کۆنە کە نووسەر و جەنگاوەری پیشەیی زەینەفۆن Xenophon نوسیویێتی، هەم بە باشترین بەرهەمی زەینەفۆن و، هەم بە یەکێک لە

پڕ ڕووداو و گورخترین سەرچاوەکانی مێژووی مرۆڤ دائەنرێ.

زەینەفوۆن سەربردەی خۆی و دەهەزار سەربازی بەکرێگیراوی یۆنانی ئەگێڕێتەوە، لە کوردستانی شاخاوییەوە بۆ یۆنان.








**ئاناپۆرنا:** Annapurna بەرزترین لوتکەیە لە هاوینەهەواری ئاناپۆرنا لە نیپاڵ، بە بەرزی ٨٠٩١ مەتر (٢٦٥٤٥ پێ) ◀ سینەما چیبە گەشتی شاخەوانی ئاناپۆرنای فەرەنسیەی لە ساڵی ١٩٥٠ بە سەرۆکایەتی ماوریس هێرتزۆگ کە تا لوتکەی ئاناپۆرنای یەکەم سەرکەوتن.







**ئانارشیزم:** Anarchism بیردۆز فەلسەفە لە یۆنانی بە واتای «بێ دەوڵەت» یان «بێ فەرمانڕەوا»، بزووتنەوەیەکی ئەندێشەیی لیبرالیستییە کە ئازادی بە بنەما دائەنێ و دژی بوونی هەر چەشنە دەوڵەتێکە و ئەیەوێ

کۆمەڵگە نە لە ڕێگەی دەوڵەتی ناوەندی چەقبەستووی بەهێز، بەڵکوو لە ڕێگەی دامەزراوی هاوبەشی کۆمەڵایەتییەوە بەڕێوە بچێ دریژە ئانارشیزم دوو جۆری سەرەکی هەیە و ئەویش ئانارشیزمی لیبرالیستی {تاککەرا} و ئانارشیزمی کۆمۆنیستی {هەمەگەرا}یە، کە هەردووکیان کۆمەڵگەیەکی بێ دەوڵەت و دەسەڵاتیان ئەوێ، کە مرۆڤ نەتوانێ دەسەڵاتی بە سەر مرۆڤدا هەبێ. ئەم دوو ئانارشیزمە بەڵام لە بواری ئابووریدا لێک جیاوازن. یەکەم بڕوای بە ئابووری کلاسیکی لیبرالیستی واتە بازاڕی ئازاد هەیە و، ئەوەی دووەم ڕوانگەیەکی سۆسیالیستی هەیە و لای وایە خاوەندارێتی تایبەت سەرچاوەی نابەرامبەری کۆمەڵایەتییە و ئەبێ نەمێنێ و، بەرامبەری و یەکسانی بە مەرجی بناغەیی ئازادی مرۆڤ ئەزانێ.

دریژە ئانارشیزم وەکوو بیردۆزێکی ڕامیاری نوێ لە سەدەی نۆزدەدا بە هۆی بیرمەندانی وەکوو پرۆدۆن، ولیەم گادوین، میخایل بەکۆنین دامەزرا و لە سەدەی بیستیش تیۆریسیەنی وەکوو پیێر کلاستەر Pierre Clastres، دەیڤید گۆبێرت David Goubert و جەیمز سکات James Scott کاریان بۆ کردووە.




**ئاناکاراسیس:** Anacharsis **ناوی تایبەت** پاڵەوانی پەرتووکی گەشتی ئاناکاراسیسی جەوان، نووسینی ژان ژاک بارتلۆمەیە Jean Jacques Barthelemy لە ١٨٣٠دا. بارتلۆمی گەشتی ئاناکاراسیس بۆ یۆنان، لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکەدۆنی، لە سەدەی چوارەمی زاییندا

ئەگێڕێتەوە.









**ئاناکارسیس کلووتز:** Jean_Baptiste du Val_de_Grâce خانەدان خەباتگێڕ {١٧٥٥ـ ١٧٩٤} کە زیاتر بە Anacharsis Cloots ناسراوە، خانەدانێکی پرووسی بوو کە ڕۆڵێکی دیاری لە شۆڕشی مەزنی فەڕانسەداهەبوو. ئەو هەروەها بە «گوتاربێژی مرۆڤایەتی»، «هاوڵاتی مرۆڤایەتی» و بە تایبەت «دوژمنی تایبەتی خوا» ناسرابوو. ساڵی١٧٩٠ لەگەڵ ٣٦ کەسی تر «کۆمەڵەی نەتەوەی جیهان»یان دامەزراند، نازناوی {بارۆن}ی فرێدا و لەسەر بنەمای پەرتووکەکەی «ژان ژاک بارتلۆمە» ناوی ئاناکارسیسی بۆ خۆی هەڵبژارد.












**ئاناگرام:** anagram کریپتۆلۆجی ناو وشە یان دەستەواژە یان ناوێک کە بە ڕێکخستنەوەی پیتەکانی وشەیەکی تری لێ دروست بکرێت. وەک:

دەستەبەر لە بەردەستە، پیت لە تیپ، کەوور لە ڕەوەک، هەرمێ لە هەرێم، cinema لە iceman.

**ئەیلیەس:** alias نازناو نازناوی خواستەمەنی کە کەسێک لەسەر خۆی دائەنێ و ڕەنگە بەو ناوە ناسراوتریش بێ.

**نازناو:** pen name نازناو ناوی نهێنی و ناوی نووسین بۆ هۆنەران و نووسەران.





















**ئانا مانیانی:** Anna Magnani (١٩٠٨ـ١٩٧٣) هونەرپیشە و گۆرانیبێژی ئیتالیایی، ئانا لە بنەمادا گۆرانیبێژی بەناوبانگی تراستەڤەری ڕۆما Trastevere بوو، کە هاوتای مۆنتمارتری پاریس یان کاکنی لەندن بوو. ئانا، بە هۆی بەشداری لە فیلمی سینەمایی لە ١٩٥٥ بە ناوی خاڵی گوڵەباخ The Rose Tattoo زۆر بەناوبانگ بوو.







**ئاناهیتا :** Anahita رۆژژمێر میسۆلۆجی ئاڤان، ئاوان، ئابان، ناهید؛ لە زمانی ئاڤێستاییدا ناوی مینەوی فریشتەی هەموو ئاوەکان و پێناسەکانی ئێزەدبانوو و ئەردی سوور ئاناهیتایە. ئاناهیتا خواژنی بەخشندەیی و شیردان، لە مەزنترین و خۆشەویسترین ئێزەدان بووە، پاسەوانی کانی و باران و ئاژەڵ و ئەوین و دۆستی و ڕێزەن و فراوانی بووە.

- ئاناهیتا لە ئاڤێستادا لە بەشی تایبەت بە خۆی «ئاڤان یەشت» بە شێوەی کیژێکی شەنگ و گوڵندام و باڵابەرز و کەمەرتەنگ و مەمک قوت و شیاوی پەرستن دەرئەکەوێ کە شاهان و پاڵەوانان لە دەرگانەی ئەردی سووری ئاناهیتایی ئەودا نوێژ ئەکەن و قوربانی ئەکەن و نیازی خۆیانی لێ داوا ئەکەن.
- لە شەش ئەمشاسپەند یان فریشتەکانی پاوەری ئەهوورامەزدا، سیانیان (سپەندارمەزەن، هەروەتات، ئەمورتات) مێینە وسیانی تریان (وەهمەن، ئەرتەوەهێشت، تێشتەر) نێرن. ئێزەدانی گرنگی وەک وەهرام و تیشتەر نێر و لە بەرامبەر ئەواندا ئەردی سوور ئاناهیتا و دین مێینەن. سەبارەت بە بێ جنس بوونی میترا ئەبێ بوترێ کە ئەو هێمای یەکسانی و بەرامبەری جنسییەیە کە لە ئایینی مەزدیسەنای سەردەمی ساسانیدا هەیە و، لە هیچ دینێکی تردا پێشینە و نموونەی نییە.
- سەبارەت بە گرنگی ئاناهیتا ئەبێ بوترێ کە هەندێک بە خوای نەتەوەیی ساسانییەکانی دائەنێن؛ ئاناهیتا لە سەردەمی سەرەتایی ئارياییەکان ئێزدبانووی ئاوەکان و لەسەردەمی مادەکان وەکوو ئافرۆدیتی یوونانی و ئیشتاری بابیلی وا بووە.
- شوێنەواری زۆر لە پەرستگەکانی ئاناهیتا هەتا ئێستەش لە شوێنانی وەکوو کەنگاوەر و شیانی کرماشان ماوە.
- پێویستە ئەوەش بوترێ کە هەنار بە میوەی ئاناهیتا یان ناهید زانراوە.



**ئانتۆنی ترۆلۆپ:** Anthony Trollope نووسەر {١٨١٥ـ ١٨٨٢} نووسەری ڕەوشتگەرای چاخی ڤیکتۆریا. خاوەنی یاداشتەکانی بارسێتشایر ن:
هیچکەس ئەو کەسە بە باش نازانێ کە خۆی بە کەم ئەزانێ.



**ئانتۆنی ڤەن دایک:** Anthony van Dyck تێوەکار (١٥٩٩ـ١٦٤١) شێوەکاری بەلجیکی و لە باشترین پۆرترێتکێشەکان. شێوازەکەی بۆ ماوەی ١٥٠ ساڵ شێوازێکی باو بوو.









**ئانتۆنی مان:** Anthony Mann سینەما (١٩٠٨ـ١٩٩٩) سینەماگەر و دەرهێنەری ئەمریکایی.

**ئانتۆنیۆ ستراديڤاری:** Antonio Stradivari پیشە موزیک (١٦٤٤ـ١٧٣٧)پیشەگەر و وەستای دروستکردنی ئامێری تەلداری موزیک، وەکوو هەمان و چەلۆ و گیتار و ڤایۆلا و چەنگ بوو. پێشبینی ئەکرێ ١١١١ امێری دروستکردووە کە ٦٥٠ی ماوە. دەنگی هەمانی ستراديڤاری ناوبانگێکی جیهانی و ئەفسانەیی پەیدا کردووە و نرخی هەندێکیان گەیشتووەتە چەندین ملیۆن دۆلار ☜ ستراديڤاریۆس.





**ئانتیستێنس:** Antisthenes فەیلەسووف (٤٤٥ـ ٣٦٥ پ.ز) فەیلەسووفی

ئاسینایی یۆنانی، شاگردی سوکرات. دامەزرێنەری شێوازی سنیسیزم cynicism.

**ئانتی سێمیتیزم:** anti_semitism ناوی لێکدراو دژی سامی، دژی جوولەکە، شەڕ و دژایەتیکردنی جوولەکە. ع معاداة السامیة N anti_semitism د آنتی سمیتیزم تێبینی: لە وێنەی خوارەوە، دەستی ڕاست، کوڕانی حەسەن کاشی، کە دواکەوتووترین نەتەوەی سەر عەرزن و، تەنها نەتەوەیەکن خۆیان بە مەڕ ئەزان و بڕوایان وایە ئەبێ یەکێک لێیان بخوڕێ، کەچی لەویەڕی داماوی و ئێرەییدا خۆیان لە کورد بە باشتر ئەزانن و شەروالّی کوردی بە شوورەیی! سەگ بە مانگ وەڕینە!









**ئانتیکیسێرا:** Antikythera ئامێر ئاو تر ئەندازە ئاو یەکەم ئامێری شێوە کەمپیوتەری ئانالۆگی پێش زاینە، سەبارەت بە گەردوونناسی، ئەستێرەناسی و گێران (مانگ یان خۆر) دروست کراوە. ئەڵێن داهێنانی ئارکیمیدز Archimedes ـە و هەروەها وەکوو ئامێری جەنگیش بەکار

هێنراوە.








**ئانتی هیستامین:** andante پزیشکەوانی دەرمان ناو دژەهەستیاری، دەرمان یان پێکهاتەیەکە کاریگەرییە فیزیۆلۆژییەکانی هیستامین ناهێڵێت، بە تایبەت لە چارەسەرکردنی هەستیاری وەکوو پژمە و ئاو لە لووت هاتندا زۆر سوودمەندە.

**هیستامین:** histamine ئاوێتەیەکە لە لایەن خانەکانی لەشەوە لە وەڵامی برینداربوون و لە کاردانەوەی هەستیاری و هەوکردندا دەرئەدرێت، ئەبێتە هۆی گرژبوونی ماسولکەی نەرم و فراوانبوونی موولوولەکان. حەبی هێستامین هەمان کاری ئاوێتە دەڵێنراوە سروشتییەکە دەکات.






**ئانْدانتە:** andante موزیک بەشێکی دیاریکراوی سۆناتا کە بە شێوەی خاو لێئەدرێ.

**ئاندرۆماک:**[١] Andromache میسۆلۆجی شانۆ لە میسۆلۆجی یۆنانیدا کچی ئیتیۆن یان ئیشن و هاوسەری هێکتۆر، پاش رووخانی ترۆی بە کەنیزی برا. شانۆگەری ڕاسین Racine (١٦٦٧).



**ئاندرۆماک:**❷ andromache of scythia سینەما شێوەزانست جەنگاوەری هەزار ساڵەی خاوەنی توانای بانسروشتی لە هەموو گرنگتر نەمری و وەرجاوەندییە، لە زنجیرەیەک فیلمی پارێزەرانی پیر The Old Guard سەرکردایەتی گرووپێکی بچووکی سەربازە نەمرەکان دەکات، لەکاتێکدا بەدرێژایی سەدەکان و هەتا ئەمڕۆش نوێنەری چاکەن و شەڕی خراپەیان کردووە و ئەکەن.









**ئاندرۆمەد:** Andromeda میسۆلۆجی لە میسۆلۆژی یۆنانی کچی کفیۆس و کاسیۆیە، دایکی ئەڵێ کچی من لە پەریانی زەریا جوانترە، سکاڵا ئەبەنە لای پۆسیدۆن و لە ئەنجامدا ئاندرۆمەد لە بەردەمی ئەژدیهایەکدا بە ڕەوەزێکەوە ئەبەستنەوە، پرسیۆس ڕزگاری ئەکا و ئەیخوازێ و ئەبن بە خاوەنی حەوت کوڕ و کچێک.



**ئاندرێ ئانتوان:** André Antoine سینەما {١٨٥٧ـ١٩٤٣} ئەکتەری فەڕانسەیی و ساڵی ١٨٨٧ شانۆی ئازادی دامەزراند.

**ئاندرێ بازن:** André Bazin سینەما {١٩١٨ـ١٩٥٨} ڕەخنەگر و تیۆریسیەنی بەناوبانگی فەڕانسەیی سینەما.




**ئاندرێ ژید:** André Gide نووسەر {١٨٦٩ـ١٩٥١} نووسەر و براوەی خەڵاتی نۆبێلی وێژەی ١٩٤٧ سەمبۆلیست بوو و پاشتر کەوتە شیکردنەوەی کێشە دەروونی و سۆزاوییەکانی مرۆڤ وەکوو ویست و نیاز و دڵەڕاوکە و لاوازی و توانا و ئاڵۆزییەکانی ژیان. دژی کۆلۆنیالیزم و باندۆرێکی زۆری لەسەر تۆرەمەی گەنج هەبوو.












**ئاندرێ سوارێ:** André Suarès نووسەر ـــپنەما چییە {١٨٦٨ـ١٩٤٨} مرۆڤێکی گۆشەگیر و بەدبین و لووتبەر و دەرەبەگ بوو. خولیای هەندێ تەشکی هونەر و ژیان بوو، دەربڕی قارەمانگەری و دەسەڵات بوایەت. لە پەرتووکەکانی ئەتوانین چیرۆکەکانی تۆلستۆی، پاسکاڵ، ئیبسن و داستایڤسکی ناو ببەین. وتاری «دڵی نارەسەنی چارلی» لە گۆڤاری کۆمیدیا Comædia، پاریس، سێی جولای ١٩٢٦ چاپ کراوە. جەی. بارۆنچلی لە وەڵامێکدا، کە ڕۆژێ دواتر لە هەمان گۆڤاردا چاپ کرا، وتی ئەم پەلامارە ئەوی «داچڵەکاندووە و پەڕاوەمەند»ی کردووە.

تێبینی: هیو گرەی

**ئاندرێ مالرۆ:** André Malraux نووسەر خەباتگێر {١٩٠١ـ١٩٧٦} نووسەری توانا، ڕەخنەگر و ڕامیاری فەرانسەیی، دژی ڕامیاری فەرانسە لە هێندوچین بوویەوە، دژی فالانژیستەکانی ئیسپانیا خەباتی کرد.

ن: «پیاو ئەوە نییە کە خۆی پێی وایە، بەڵکوو ئەوەیە کە شاردوویەتییەوە.»











**ئاندن:** ڕێزمان پاشگر پاشگرێکی بەهێزە **تێنەپەڕ** ئەکات بە **تێپەڕ**. وەهاش ئەبێت لە دەنگی گیانلەبەر و بێگیان دائەهێنێت. ئەگەر کارێک بە {ئا} کۆتایی هاتبوو تەنها {ندن}ی پێوە ئەلکێندرێت بۆ تێپەڕکردن. هەر فرمانێکی کۆتایی بە {ی} هاتبێت، ئەگەر {ئاندن} بەخۆیەوە بگرێت {ی} ەکەی ئەسوێت. ن: خز ـ خزی ـ خزین ـ خزان ـ خزاندن ـ خزاندنەوە

**ئان دو برۆتانی:** Anne of Brittany شاژن {١٤٧٧ـ١٥١٤} کچی دووک فرانسوای دووەم، دوو جار شاژنی فەڕانسە، هاوسەری شارڵی هەشتەم و لویی دوانزە بوو.





**ئانژەلوس:** angélus ئایینناسی نزایەکە بەیانی، نیوەڕۆ یان ئێوارە لە کڵێسا و بە زمانی لاتین بە شێوەی تاک یان کۆمەڵ ئەخوێنرێ.

**شاتۆ ئانژەلوس:** Château Angélus ناوی شەرابێکی بۆردۆیە.





**ئانسرۆپۆمۆرفیزم:** Anthropomorphism نوێگەری دین ناو مرۆڤواری، بەرجەستەگەری، بە واتای لێکدانەوەی مرۆڤانە بۆ هەر چەمک یان شتێک کە مەرج نییە سیما و فۆرمێکی مرۆیی هەبێت. ع الأنسنة N Antropomorfisme د انسان نگاری.

- بۆ نموونە لە تەلارسازیدا هەندێک چەمک ڕەگ و ڕیشەی ئەنترۆپۆمۆرفیکیان هەیە.
- گەڕاندنەوەی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ (وەک دەست و پێ و هتد) بۆ خودا یان بێگانەی دەرەکی، هەروەها جۆرێکە لە ئەنترۆپۆمۆرفیزمە.
- لە ئیسلامدا، بەگوێرەی قورئان خودا لە گوتەی فەیلەسووفە ئیسلامییەکاندا پێناسە ناکرێت، چونکە ناناسرێت نابینرێت و وەسف ناکرێت. بەڵام لە... هەندێک پەرتووکی ئیسلامی، خودا جەستەیە، وەک مرۆڤ پێ ئەکەنێ، ئەگری و دەست و پا و چاوی هەیە و، ڕۆژی پسلان قاچی ئەخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە (قورئان «یوم یکشف عن ساق» یا «یدالله فوق ایدیهم»؛ یان سوره اخلاص آیه ٤ و، ئیبن حەنبەل).






**ئانکڵ سەم:** Uncle Sam ڕامیاری مامە سەم، هێمای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە لە کاتی جەنگی ١٨١٢ی نێوان ئەمەریکا و ئینگلیز، کە لە ناوی سەمیوڵ ویلسۆنەوە هاتووە. بەرامبەر بە کەسایەتی ئانکڵ سام جان بوڵی بەریتانیایی هەیە. ☜ جان بوڵ.







**ئانکۆنا :** Ancona جوگرافیا بەندەرێکە لە ئیتالیای ناوەندی.

**ئانگلس :** François Ernest Angles ڕامیار {١٨٠٧ـ١٨٦١} زەمیندار، نوێنەری ئەنجوومەنی ڕێسادانان، گوتەبێژی پارتی تەناهی.

**ئانگلۆمەنیا :** Anglomania دەروونناسی ئایدیۆلۆجی نەخۆشی خولیا و نەخۆشینی ئینگلیزپەرستی. ع أنجليانيا N Anglomania د آنگلومانیا.

**ئانگۆلێم :** Angoulême جوگرافیا ناوەندی مەڵبەندی شارانت Charentes، لە باشووری ڕۆژئاوای فەڕانسە.





**ئانۆلمێنت :** Annulment لاتین ئابووری داد هەڵوەشاندنەوە.

له ئایینزای کاسۆلیک ← ئەوەی زۆرجار لە کڵێسادا بە «هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری» ناودەبرێت، لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنێکە لە لایەن دادگای کڵێسا {دادگایەکی کەنیسەی کاسۆلیکی}یەوە کە هاوسەرگیرییەک یەکێک لە توخمە بنەڕەتییەکانی کەمە.

له دادگای ڕێسا ← هەڵوەشاندنەوە {یان پووچەڵکردنەوە} کاتێکە کە دادوەر لە فەرمانی دادگادا دەڵێت کە هاوسەرگیری یان هاوبەشی ناوماڵەکەت لە ڕووی ڕێساییەوە کاریگەر نییە. ئەمەش واتە هەر لەسەرەتاوە شتێک لە ڕووی ڕێساییەوە لە هاوسەرگیرییەکەدا هەڵە بووە. ئەگەر بڕیاری دادگا ئانوڵمێنت ، وەک ئەوە وایە هاوسەرگیریەکە هەرگیز ڕووی نەدابێت چونکە هەرگیز ڕێسایی نەبووە.




**ئانووبانینی**: Anubanini {شا} {٢٥٠٠ پ.ز} پادشای هۆزی کوردی لۆلۆبی، لە زاگرۆس و ناوچەی هەڵەبجەی ئێستا، باپیرانی کوردن پێش مادەکان، پێشینەیان ئەگەڕێتەوە بۆ ٤٥٠٠ ساڵ پێش ئێستە، کە ئەکەدییە بیابانییەکان هێرشیان کردە سەریان.

پەیکەری ئانووبانینی لە ناوقەدی شاخێک لە دەربەندی گاوران لە قۆپی قەراخ هەڵکەنراوە؛ پەیکەرێکی تری ئانووبانینی لە سەرپێڵی زەهاو، لە ١٣٠ کیلۆمەتری کرماشان بە تەختی سینەی شاخێکەوە کە ٣٥ مەتر بەرزە هەڵکەنراوە. کەنداکە ئانووبانینی، خواژن نینی و نۆ زیندانی پیشان ئەدا، کە هی هەزارەی سێیەمی پێش زایینە.

کەندای بێستوون لە نزیک سەرپێڵ کە ٢٠٠٠ ساڵ لە دوای ئەم کەندای

ئانووبانینی دروستکراوە، نیشاندەری ئەوەیە کە داریووشی مادی بە پەیڕەوی لە باپیرانی خۆی کەندای بێستوونی دروستکردووە.




**ئانە:**❶ ئایینناسی دایکی ئایینی godmother

⇦ **تاتە :** باوکی ئایینی godfather.

**ئانە:**❷ ڕێزمان پاشگر [ـانە] پاشگری ئانە:

١. پاشگرێکە بە دوای ئاوەڵناووەدەلکێت و دەیکات بە ئاوەڵکردار. واتایەکیوەکوو {وێنەی، لە کاتی} لێ زیادئەکات:

- ئازا+ی+ئانە: ئازایانە
- پاڵەوان+ئانە: پاڵەوانانە
- شێر+ئانە: شێرانە
- ژن+ئانە: ژنانە
- پیاو+ئانە: پیاوانە
- مەرد+ئانە: مەردانە
- مەست+ئانە: مەستانە
- گەمژە+ئانە: گەمژانە

٢. پاشگرێکە بە دوای ناووە دەنووسێت و ناوێکی تازەی لێدروست دەکات و، واتایەکی وەک (کرێ و مزی کاکردن) دەبەخشێ:

: جەژن+ئانە: جەژنانە — : ڕۆژ+ئانە: ڕۆژانە

: هەفتە+ئانە: هەفتانە — : سەرقەڵەم+ئانە: سەرقەڵەمانە

: مانگ+ئانە: مانگانە — : کاڵەدڕ+ئانە: کاڵەدڕانە

٣. پاشگرێکە بە دوای ناووە دەنووسێت و دەیکات بۆ ناوێکی تازە بۆ کۆمەڵێک لە باج و پیتاکانەی دەرەبەگ لە جووتیاریان ئەسەند:

: پووش+ئانە: پووشانە — : ڕۆن+ئانە: ڕۆنانە

: سوور+ئانە: سوورانە — : فرووج+ئانە: فرووجانە

: هەنگ+ئانە: هەنگانە — : سەر+ئانە: سەرانە

**ئانەستێژیا :** anesthesia یان anaesthesia بێهەستی، بێهۆشکردن، بەنج، سڕکردن. دارەتێکی کۆنترۆڵکراو و لەدەستدانی کاتی هەستکردن یان هۆشیارییە کە بۆ مەبەستی نەشتەرگەری پزیشکی یان ڤێتێرنەری بەکار دەهێنرێت. ئەو کەسەی لە ژێر کاریگەری دەرمانی بێهۆشکەر دایە بە **بێهۆش** یان **بێهۆشکراو** ناودەبرێت. ع تخدیر N anestesi د تخدیر، بیهوشی.

**ئانێستێژۆلۆجی :** anesthesiology پزیشکی پسپۆری پسپۆڕییەکی پزیشکییە لەمەڕ ئاگالێبوونی دارماڵی ڕەوتی نەشتەرگەری لە ماوەی پێش و لەکات و دوای نەشتەرگەریدا.

**ئانێستێژۆلۆجیست :** anesthesiologist پزیشکی پسپۆری پسپۆڕی بێهۆشی، پسپۆڕێکی پزیشکییە لەمەڕ ئاگالێبوونی دارماڵی ڕەوتی نەشتەرگەری لە ماوەی پێش و لەکات و دوای نەشتەرگەریدا.

**ئانیشک :** elbow نوێکاری ناو بەلەچەق، مرک، بەلەمرک؛ جمگەی نێوان زەند و بازوو. ع مِرفَق N albue د آرنج.





**ئاوا :**❶ ئاوەڵناو دارەت، دۆخ. ✿: به هەر ئاوایەک: هەرچی چۆن بێ.

**ئاوا :**❷ ئاوەڵکار بەمجۆرە.

**ئاوا :**❸ ئاوەدان. ☜ ئاوەدانی

**ئاوا :**❹ پێوار، ون و نادیار. ✿: مانگ ئاوا بوو ✿: ڕۆژ ئاوا بێ دێمە بۆ سەردان.

**ئاوات :** hope ناو ئاوەڵناو هیوا، ئومێد، ئارەزوو، ویست، چاوەڕوانی و ئارەزووی ڕوودانی شتێکی دیاریکراو. ع أمل N håp د امید.

**ئاواتەخواز :** hopeful ناوی فەرمان ئاوەڵناوی فرمان هیوا، ئومێد، ئارەزووی مەزن، ویست، ویستی بەجۆش. ع متفائل N forhåpningsfull د امیدوار.

**ئاوارتە :**❶ emergency ناو هەلومەرجێکی هەتەر، چاوەڕواننەکراو و بەزۆری مەترسیدار کە پێویستی بە هەڵوێست و چارەسەری دەسبەجێ هەیە. ع حالة طوارئ N nødsituasjon, legevakt ع حالت اضطراری، اورژانس.










**ئاوارتە :**❷ Isolated ئاوەڵناو لە چاوگی [ئاوارتن] جیاکراوە، دەرهاوێژراو،

هەڵاوێراو، دابڕاو، چەپەک، پاوانکراو؛ بڕاردە، تەلبێژ، جیاواز، دانسقە، ژێهاتی، سەرتۆپ، شاگوڵ. ع معزول N isolert د جداشدە، استثنا.

**ئاوارە:** destitute ئاوەڵناو بەڕماڵە، بەلەنگاز، ڕەواڵ، ژار، کاسۆ، بێتووتە، لامیسک، بێئەنوا، ڕووت، هەناسەسارد، هەڵوەدا، سەرگەردان، لانەواز، لاکەوتە، بێدەرەتان، بێتوانا، ڕەببان. ئاپینر ع معوز N nødlidende د بینوا، ناتوان.

**ئاواز:** melody مۆزیک دەنگەوشە مێلۆدی، دەنگ، ئاوا، کۆمەڵە دەنگێگی بە هەوای تایبەتی جۆراوجۆری موزیکی جێگەی ڕەزامەندی بێت، لە دەمی مرۆڤ یان باڵندە بێتەدەر یان بە هۆی ئامێرێکەوە بژەنرێ.




**ئاوازدانەر:** composer ناوی فەرمان کەسێک کە پیشەی ئاواز نووسینە. ع ملحن N komponist د آهنگساز ن: مۆزارت ئاوازدانەری دڵخوازی ئەو بوو.

**ئاوازی جیهان:** Melodie der Welt سینەما فیلم فیلمی ئاڵمانی ١٩٢٩ی ڕۆتمەن.



**ئاواسی:** ناو ئەنگوچک، هەنگوچک، گوچک، سوّرانی، قوولّە کراسی فش و دریّژ. د آستین بلند.

**ئاواکردن:** build up, build چاوگی تێپەر بنیات نانی خانوو، خانوو کردن، زەوی نەکێڵدراو کێڵان و چاندن. ع بني N bygge د پی ریختن خانە.

**ئاواڵە:** ئاوەڵناو ئاوەڵە، واز، گوشاد، کراوە، لەسەرپشت. ع مفتوح N åpen د باز و گشاد.

**ئاوان:** ☜ ئاقان.

**ئاوانتە:** illicit gain ناو هەوانتە، خوّڕایی، بەلاش، مفتە، سوودی نارێسایی، خواردن و بردنی شتی مەردووم بە خوّڕایی. ع الكسب غير المشروع N ulovlig vinning د سود غیرقانونی.

⇚ **بە هەوانتە:** illicitly ئاوەڵکار بە شێوەیەک کە لە لایەن ڕێسا و داب و نەریتەوە بەرگیراو بێت. ع بشكل غير مشروع N ulovlig د به صورت غیرقانونی.

⇚ **بە هەوانتە ژیان:** scrounge a living دەستەواژە

⇚ **هەوانتەکار:** cadger ناوی کارا درۆزەکەر، گەدا، ئاوانتەچی، چنوّک، خوازەلۆک، مفتەخوّر، لاخوّر. ع المتسول، طفيلي N cadger د طفیلی.

⇚ **نارێسایی:** illicit ئاوەڵناو بەرگیراو لە لایەن ڕێسا و داب و نەریتەوە. ع غير مشروع N ulovlig د نا مشروع، خلاف قانوون.

**ئاواندۆڵە:** stone hole ناو چاڵی بەردین. ع حفرة الحجر N steingrop د گودال سنگی.

⇚ **کەندەڵان:** cavity ناو ئەسکوند، زینێ، قووڵکە، گاچاڵ. ع حفرة N hulrom د حفره.

**ئاوبارە:** Aqueduct ناوی لێکدراو بوّتک، بووت، پردی ئاو گواستنەوە. ع

جسر ماء [N] Akvadukt [د] قنطره. ☜ کۆڵ



**ئاوبەنگ:** dropsy [ئاو] ئاوبەند، یان edema کۆبوونەوەی ئاوی نائاسایی لە نێوان هۆنەکانی ناو پلازما و لە بن پێست. [ع] الاستسقاء [N] ødem [د] ورم، خیز.

**ئاوپاش:** sprinkler [کەرەستە] ئاوپاشی دەستی، ئاورشێن، ئاوپژێن، دۆڵچەیەکی کانزایە سەرێکی کون کونی پێوەیە و ئاوی پێ دەپژێنن. [ع] الرش، مرشة [N] sprinkler [د] آب پاش.



**ئاوپاشی پەپوولە:** sprinkler butterfly [ئامێر] جۆرێک کوفارە یان ئاوپرژێنە کە بە یارمەتی دوو باڵی پەروانەئاسا ئاو بە هەموو لایەکدا بڵاو ئەکاتەوە. [ع] رشاش الفراشة [N] sommerfuglsprinkler [د]

آبپاش پروانە.



**ئاوپرژێن:** sprinkler ئاودێری ناو جۆرێک کوفارەی ئاوپاشن بە سەری سۆندەوە بەستراون و لە شوێنی تایبەت دانراون، بە تاک یان بە کۆمەڵ بۆ ئاوپاشی گوڵ و چیمەن و تەرەکاڵ، یان کوژاندنەوەی ئاگر بەکار دێن.
ع الرش، رشاش N Vannkaster د آب پران.



**ئاوتێزان:** چاوگی تێپەڕ تێزان، ئاو تێدا پەیدابوون، وەک کانی و کارێز.

**ئاوداماں:** robe پۆشاک ناو کراس یان کەوای داوێن شۆڕ. ع رداء، روب N kappe د پیراهن بلند.



**ئاودانەوە:** gilt کیمیا ناوی چاوگ ڕووکەشکردن، ئاووگۆڕێکی کیمایە کە هێسنێک بە هێسنێکی گرانبایتر ڕووکەش ئەکەن، وەک ڕووکەشکردنی مس یان زیو، بە زێڕ.

⇦ **ئاودانەوەی زێڕ:** gilt.



**ئاوداهاتن:** هێمایر چاوگی تێپەڕ نەمانی گوڕ و تین. ن: ئاوی داهات: تینی و گوڕی تیا نەما.

**ئاودز:** swelling ناو تەشەنەی برین بەهۆی تەڕ بوونیەوە؛ ئاوجز، کێم کۆ بوون لە زاما؛ ئاودەڵان وەک ئاوی زەناو. ع تورم N opphovning د تورم، هو {آب دزدیدن زخم}.

**ئاودەنگ:** companion ناو هەمدەم، هاوڕێ، هاوبیر، ڕاوێژکار. ع رفیق N kompanjong د همدم.

**ئاودێر:** irrigator ئاوداشتن چاوگی تێپەڕ کەسێکە ئاودێری کشتوکاڵ و سەوزی و تەرەکاڵ ئەکات، جا هی خۆی یان وەک کرێکاری مانگی و وەرزی. ع الري N irrigator د آبیار. هێمایر ن:

جەبباری بێ فتووری، سوڵتانی بێ قسووری
ڕەزاقی مار و مووری، **ئاودێری** دێمەکاری
«حاجی گەورە»

**ئاودێران:** watering ئاوداشتن چاوگی تێپەڕ ئاوداشتن، ئاودان، شێوازی ئاودێری کشتوکاڵ. ع الري N vanning د آبیاری.




**ئاوڕ :** look back ناو بۆ دواوە ڕوانین. ع نظر للخلف N se tilbake د واپس نگری.

**ئاوڕژێن:**❷ gargoyles نژیارقانر ناو گارگۆیلز، گارگۆیل، گارگۆیلەکان، لە نژیارقانی نەریتی و بە تایبەت گۆتیک و ژاپۆنی لە جەمسری پلووسکەکاندا هەندێ گیانەوەری دشتی دەمداچەقاو ئەبینرێ کە باراناوی پلووسکەکان لە دەمیانەوە فڕێ ئەدرێتە دەرەوە. ع غرغول N Vannkaster د آب پران. ☜ گارگۆیلز







**ئاوڕێژە :** valerian ڕووەک گیایەکە هێشووە گوڵی وردی چێرەیی یان سپی هەیە، بۆ دەرمان ئەشێ، خەوهێنەرە.



**ئاوڕدانەوە :** look back چاوگی دووڵۆ لاکردنەوە، بۆ دواوە ڕوانین. ع نظر للخلف N se tilbake د واپس نگری.

**ئاوڕژاندن :** founding هێمایر چاوگی تێپەڕ ئاوڕژان، ڕەنگ ڕژاندن، ڕێباز و ڕێگەدانان بۆ کارێک، بناغەدانان. ع طرح N grunnleggelse د شالودە ریختن.

**ئاوڕێژگە :** estuary ناو ڕێژگە، ناڤگە، ڕەزاو، ڕێژاوگە، شوێنی ڕژانی چەم بۆ ناو زەریا کە وەک دورگەیەکی بچووک وایە. ع مصب النهر N elvemunning د مصب، دلتا.








**ئاوزەنگی :** stirrup ناو چوارچێوەیەکی باریک یان ئەڵقەیەک کە سوار پێی تێ ئەخات، بە تەوقێک بە زینەوە بەستراوە. ع الرکاب N stigbøyle د رکاب.









**ئاوژەن :** oar ناو سەوڵ، سەوڵی بەلەم لێخوڕین، سەوڵی کەڵکەوانی. ع مجذاف N åre د پاروی قایقرانی.





**ئاوساو :** tumescence ئاوەڵناو تۆمەسەنس، هەڵساو، دارەتی هەڵمسان، بە زۆری ئاماژە بە هەڵسانی کوز و چووک و ئامادەیی بۆ چالاکی جنس ئەدا.

**ئاودەستخانە :** water_closets ناوی لێکدراو ژوورێک بە سیفۆنی تواڵێتەوە.

**ئاوشیرینکردن :** refining ڕەوتی خاوێنکردنەوەی ئاو، بۆ ئەوەی بۆ خواردنەوە بشێ.

**پاڵاوگە :** refinery دامەزراوەیەکی پیشەسازی کە هێسنێکی تێیدا پاڵاوتە ئەکرێت.

**ئاوشینگ :** ناو هاوشینگ، مەڕ یان بزنێک بەرخەکەی مردبێت، یان بەری هاویشتبێت.

**ئاوگۆشت :** meat stew ئاشپەزی کوردی KurdishCuisine ناو گۆشتاو، چێشتێکە بە گۆشت و پیاز و پەتاتە و تەماتە و نۆک و چێژەمەنی ساز ئەکرێت بە کوڵاندن یان پیشاندن. ع مرقة اللحم N kjøttgryte د آبگوشت مرغ. ☜ پیتی





**ئاوگەردان:** آبگردان ناو کەوچکێکی زۆر گەورەی کانزایە لە مەنجەڵی گەورەدا بەکارئەهێنرێ، نزیکەی شەش لیتر ئاو ئەگرێ. ع مغرفة N øse د ملاقە.



**ئاولەمە:** fetus ناوویەرکار کۆرپەڵە، کۆرپە، مناڵی لەدایکنەبووی گواندار، بە تایبەت هی مرۆڤ لە هەشت حەفتەی پاش گرسان زیاتر بێت. ع الجنین N foster د جنین.

⇐ **کۆرپەلە:** fetus ناو نەوەی مرۆڤ یان شیردەری تر لە قۆناغەکانی گەشەکردنی پێش لەدایکبوون کە دوای قۆناغی ئاولەمە دێت و بۆ مرۆڤ بریتییە لە سەرەتای هەشت هەفتە دوای دووگیانی. ع الجنین N foster د جنین.

⇐ **کۆرپە:** baby ناو ساوای تازە لەدایکبوو. کۆرپە تا تەمەنی یەک ساڵی و، یەک تا سێ ساڵش پێی ئەوترێ مناڵی **ساوا**. ع طفل N baby د نوزاد.

⇐ **پێڕەوکە:** toddler ناو کۆرپەی یەک تا سێ ساڵە کە ساوایشی پێ ئەوترێ. ع طفل صغیر N småbarn د کودک نوپا.



**ئاونالْکە:** waterborne ئاویبەرکار ئەو چیلکەوچەوێڵەی لافاو هاوردوویەتی و داویەتە کەنار. ع تنقلها المیاه N vannbåret د آب آورده.



**ئاونشین:** float plane ئاویلێکدراو فڕۆکەی ئاونشین، جۆرێک فڕۆکەیە بۆ هەڵسان و نیشتنەوە لە سەر ئاو ساز کراوە. ع طائرة عائمة N flytefly د هواپیمای شناور.

**فڕۆکەی خاکئاو:** Amphibious aircraft ع الطائرات البرمائیة د هواپیمای دو زیست.



**ئاوۆستا:** Aosta جوگرافیا شارێکە لە باکووری ئیتالیا، تووتنی بەناوبانگە.



**ئاوەدان:** flourishing, roomy ئاوەڵناو دژی چۆڵ، ئاوا، جێگایەکە ئاوا بێ.
ع مزدهرة، فسيح N romslig د آباد.

**ئاوەدانکردنەوە:** gentrification گەشە چاوگی دووڵۆ ڕەوتی ئاوەدانکردنەوەی گەڕەکێکی شاری بە خانووسازی و ناوەندی خۆشگوزەرانی و داهات، لە لایەن کەس یان کەسانی سامان و ڕاوەندارەوە. ع التحسين العقاری N gentrifisering د اعيان سازی.

**چاکسازی:** gentrify گەشە ناوی چاوگ گۆڕینی سیمای ناوچەیەکی شاری بەتایبەت هەژارنشین، لە ڕێگەی گواستنەوەی خەڵکی دەوڵەمەندتر، باشترکردنی خانووبەرە، و ڕاکێشانی بازرگان وەبەرهێنەری نوێ، کە بە شێوەیەکی گشتی ئەبێتە هۆی ئاوارەکردنی دانیشتوانی هەنووکەی ئەو ناوچەیە، لە ڕەوتەکەدا؛ ڕەنگە بە شێوەیەکی کاتی بەربەرچی بدرێتەوە، بەڵام ئەوە بەرەنجامی ناچاری پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە.
ع استطباق N gentrifisere د اصيل كردن.




**ئاوەدانی:** prosperity ژیار کۆمەڵناسی ناوی جێگا گەشەگا، نیشتگەی پێشکەوتووی سازگار و سازکراوی ژیان و کۆمەڵگەی مرۆیی بە دەستی مرۆڤ، وەکو گوند و شارۆچکە و شار. ◄ ئاوەدانی نیشتگەی خۆشگوزەرانی و بریتییە لە ڕسکان و گەشەسەندن و بەختەوەری و پێگەی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو. ئاوەدانی زۆرجار سامانێکی مەزن بەدی ئەهێنێ کە نرخ و بەهایەکی یەکجار بەرزیان هەیە، وەک بەختەوەری و تەمەندرێژی و تەندروستی گیانی و جەستەیی. ع القرية والازدهار N

landsby, velstand د آبادانی.











**ئاوەڕووت :** pluck feather ناوی چاوگ ئاوەڕووتکردن، لێکردنەوەی پەڕەکانی لەشی پەلەوەر و باڵندەی سەربڕاو بە ئاوی گەرم. ع نتف ریشة N plukke fjær د پر کندن پرندە با آب گرم.

**ئاوەز :** mind زانست ناو دیارە ئاوەز بەدیهێنەری هەموو زانست و هەموو ڕشتەکان وەکوو فەلسەفە، بیرکاری، هونەر و، وێژەیە... ◄ بیر، ئارێش، زیری، ئەستوو یان کۆمەڵە هێسنێکە کە توانای تێگەیشتن لە جیهانی هەیە و ئەزموون بە مرۆڤ ئەدات، تا بتوانێ بیر بکاتەوە و هەست بکات، لە ڕاستیدا زانکۆی بیر و ئەندێشە و ئاگاییە.

◄ ئاوەز، کۆمەڵەی ئەو توانایانە کە لایەنی وەکوو ئاگایی و وێناندن و تێگەیشتن و بیر و هۆش و دادوەری و زمان و یادەوەری و هەروەها لایەنەکانی نەست و هەست و پێوار و ڕێزارەیە. ئاوەز وزەی بیر و تێگەیشتنی هەر تاکێکە. ئاوەز توانای لێکدانەوە و پێزانینە و بەرپرسی جۆری دەربڕینی هەست و سۆز و کردار و هەڵوێستەکانە.

◄ لە ڕوانگەی زانستی فیزیکییەوە، ئاوەز هەمانا کار و کردەوەی مێشکە، یان لانیکەم بەشێکی لە لایەن مێشکەوە بەدی دێ.

◄ ئایدیالیزم و هەموو جۆرەکانی تری بڕوای ئایینی لە دژبەرە سەرەکییەکانی لێکدانەوەی زانستی فیزیکالیستی ئاوەزن و ئەچنە خانەی شێوەزانستەوە. ع عقل N tankene د ذهن.

☜ هۆش و ئاوەز ☜ هۆش ☜ مژی







**ئاوەزگەرایی:** rationalism فێرگە بیرپەرستی، بۆچوونێکە بیر و کردەوەی لەسەر بناغەی ئاوەز و زانستە، نەک لەسەر بنەمای بواری دینی یان وەلامی هەستتەکی.

**ئاوەزمەند:** ناوی لێکدراو ژیر، تێگەیشتوو، زانستمەند، فەرزانە، فرەزان، خاوەن فەرهەنگ، کەردەی. د فرهیختە.

**ئاوەزێ:** humid, moist ئاوەڵناو تەڕەشۆ، شەدار، نمدار، زەوی زەنەک، زەویەکی ئاو دەدەڵێنێ، ئاوەزا، شوێنێکە ئاوی دزیوە و بۆ دانیشتن ناشێ. ع مرطوب N fuktig د نمناک، زمین باتلاقی.





**ئاوەزی خۆی دووبارە ئازاد بکات:** To recover his spiritual freedom
بووبەر مێژوو ئەماژەیە بە یەکێک لە ڕووداوەکانی ژیانی محەمەدی دووەمی عوسمانی لە پەرتووکی Historia turchescaی گەڕیدەی ئیتالیایی Giovanni Maria Angiolello. نووسەر، کە لە ساڵی ١٤٧٠ یەخسیری

تورکان بوو ئەنووسیٚ ڕۆژێکیان محەممەدی دووەم هەموو دەرباریانی کۆکردەوە و لە بەرچاوی ئەوان یەکێک لە ژنەکانی خۆی، کە یۆنانی و ناوی ئیرن بوو بە خەنجەر کوشت، چونکە گیرۆدەی ببوو و، بۆ ئەوەی نەهێڵێ ئەو ئەوینە کار بکاتە سەر کاروباری ئیمپراتۆری!









**ئاوەژەنە :** mill drain ئاشڕئاو ناو دەربازگە، کەلەبەری دەربازبوونی ئاوی ئاش و دوورکەوتنەوەی لە کاتی وەستانی ئاشدا. ع استنزاف مطحنة N mølleavløp د آبریزگاه آسیاب.



**ئاوەسوو :❶** ناوی‌فەرمان [ ئاو+ئە+سوو : سواو (سوان) ] دارەتی شتێک کە زۆر لە ژێر ئاودا مابێتەوە، یان زۆر ئاوی بەسەردا ڕۆیشتبێت و لیک ولووس بوبێت. ن: زیخی بن چۆمان ئاوەسوو دەبن.

**ئاوەسوو :❷** ناوی‌فەرمان دارەتی شتێک بە ئاو تەربکرێت و لە بەردەزوورە یان هەرشتێکی تر بخشێندرێت تا ساف و لووس بێت ن: هەڵماتەکەی ڕەشۆ

ئاوەسوو کراوە.

**ئاوەسوو:**❸ هێماپر ناوی فەرمان مرۆڤی لاسار و بێشۆ، چاوقایمی بێ چاوڕوو، چەقاوەسوور.

**ئاوەسووبوون:** چاوگی تێنەپەڕ سوان و لووسبوونی شت بە هۆی مانەوە لەناو ئاودا.

**ئاوەشکێنە:** چاوگی تێنەپەڕ شوێنی دابڕینی ئاوی ئاش وەک ئاوەژەنە، شوێنی ناردنی ئاو بۆ شوێنی تر.

**ئاوەکی:** ناوی لێکدراو ئاژەڵ یان وڵاخێک کە لە مێگەل و ڕەوی خۆی بزر ئەبێ و ئەکەوێتە ناو مێگەل و ڕەوەیەکی بێگانەوە ☜ پەرەم.

**گیسکە ئاوەکی:** ناوی لێکدراو گیسک لە بزنی دایکی هارترە. لە ناو کۆمەڵێک گیسک، گیسکێکیش هەیە لە هەموان هارترە . ئەم گیسکە هار و فێڵبازە هەموو گیسکە کانی تر بە دوای خۆی ئەخات {بەتەنیا ناڕوات} ئەڵێ: «وەرن ها ها، تەماشا کەن لەو بەری ئەم چەمەوە سێوەرە و پاوان و گژوگیایەکی زۆر هەیە و ئیدی بە کەیفی خۆمان لێی ئەخۆین و تێر ئەبین.» ئەم گیسکە پێش هەموان ئەکەوێ و لە ئاوی چەمی ئەدا و خۆی بەبێ کێشە ئەپەڕێتەوە و کلکیشی تەڕ نابێت، بەڵام هەموو ئەوانەی دواوە، کە بەدوای کەووتون ئەخنکێن و ناتوانن لە گەڵیدا بپەڕنەوە.

**ئاوەڵا:** loose ئاوەڵناو ئاواڵە، گوشادە، وەکری، واز، هێڵوهەراو. ٤ مرتخي N løs د باز و گشادە. ☜ دەستئاوەڵا ☜ دەستقووچاو






**ئاوەڵکار:** adverb ناوی لێکدراو ئاوەڵکردار یان ئاوەڵفرمان وشەیەکە پێناسەی کار دەکات و شوێن یان کات یان چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە ڕووندەکاتەوە. بە گشتی ئاوەڵکار بۆ تەواوکردنی واتای ڕستە بەکاردێت و، زۆر جار پێش کاری ڕستەکە دێت. ع ظرف N adverb د قید.

**نموونەی نیشانەکانی ئاوەڵکار:**

- باش، چەند، کەی، کام، هەر، سەر، خوار، کن، پێش، پاش، لا، دەر، ژوور، دوێنی، سەیزوو، تازە، ڕۆژ، شەو، ساڵ، زوو، درەنگ، نا، هەرگیز، نەخێر، تۆزقاڵ، زۆر، دوێنێ.
- پیسکانە، دادوەرانە، نافەرمی، یەکسەری، بانەوبان، کەمدوو، ناوەخت، چرکەسات، چاوترووکانێک، دەم، ساتەوەخت.
- دوودوو، پۆلپۆل، جارجار، خۆشخۆش، پسکۆپسکۆ، پەساپەسا.
- هەفتەی داهاتوو، مانگی ئایندە، ساڵی ڕابوردوو.
- بە ئێرەیی، بەپەلە، بەتوندی، بە تەواوی، بە جیاوازی، بە خێراترین، بەداخەوە، بە دڵگەرمی، بە دەگمەن، بە زۆری، بە ژاوەژاو، بە سۆزی، بە درەنگی، بە گەورەیی، بە گرانی، بە لەسەرخۆیی، بەلەز، بە نەرمو و نیانی، بە هێمنی، بەبەرگەوە، بە دڵشکاوی، بە هیچ کلۆجێک، لە کاتێکدا، لە دەرفەتێکدا.

**جۆرەکانی ئاوەڵکار:**

- ئاوەڵکاری پرسیاری: کەی ڕۆیشتیت؟
- ئاوەڵکاری چۆنێتی: هیوا بانەوبان هات و شاخەوشاخ ڕۆیشت.
- ئاوەڵکاری دڵنیایی: ئاگریش ببارێت، هەر ئەچم.
- ئاوەڵکاری سادە: یەک وشە؛ کەی، کام، باش، چەند
- ئاوەڵکاری سارستە: لە کۆمەڵێک وشە پێک دێت؛ هەفتەی داهاتوو، مانگی ئایندە، بەبەرگەوە، بەدڵ شکاوی.

- ئاوەڵکاری شوێنی: سەر، خوار، کن، پێش، پاش، لا، دەر، ژوور... جێگەی ڕوودانی کارەکە پیشان ئەدەن ❁: چۆلەکەکەم لەسەر دارەکە دی ❁: چۆلەکەکەم لە تەنیشت دارەکە دی.
- ئاوەڵکاری کاتی: کاتی ڕوودانی کارەکە پیشان ئەدات ❁: دوێنێ، سەیزوو، تازە، ڕۆژ شەو، ساڵ ❁: تازە بیری کەوتەوە ❁: سەیزوو دێم بۆ سەردانت.
- ئاوەڵکاری پەسنی: ئەو ئاوەڵناوانەن چۆن و چەند ڕائەگەیەنن، باری کار و چۆنێتی پیشان ئەدەن و توانای ئەوەیان هەیە ببن بە ئاوەڵکاری پەسنی ❁: سۆران خێرا ڕۆیشت ❁: هیوا زوو هات ❁: ئاڵا کەمدووە، ئەو بە خێراترین شێوە کارەکەی تەواو کرد.
- ئاوەڵکاری پۆلی: لە ڕستەدا بە دوای یەکتردا دێن و پاشکۆی کارەکە پیشان ئەدەن ❁: دوو دوو هاتن ❁: پۆلپۆل ئەفڕن ❁: جارجار ئەیانبینم.
- ئاوەڵکاری پاتەدوونەوە: لە ڕستەدا دووبارەبوونەوەی کارەکە ڕائەگەیەنن؛ دیسان، دووبارە، هەرجارە، ئەوەندەی: کەوەکە دیسان بە داوەوە بوو. هەر جارەی بێم دیارییەکتان بۆ دێنم.
- ئاوەڵکاری نەرێنی: لە ڕستەدا واتای نا و ڕەتکردنەوە ئەگەیەنن؛ نا، هەرگیز، بە هیچ کلۆجێک: نا، من نایەم ❁: هەرگیز نایبینیتەوە.



**ئاوەڵناو:** adjective ڕێزمان ناوی لێکدراو ڕازا، وشە یان دەستەواژەیەکە کە پێناسەی ناو ئەکات، نیشاندەری چۆنێتی یان چەندێتییە یان لە ڕوانگەی ڕێزمانییەوە پێوەی ئەلکێ تا چاک یان پەسنی بکات و بە کاتەوە نەبەستراوە. ع الصفة N adjektiv د صفت.

تێبینی: هەندێ وشە، هەم ناون هەم ئاوەڵناو، بە گوێرەی شوێنی بەکارهێنانیان. بۆ نموونە بەرووڵە، کاڵە، هاڵە هەم ناون هەم ئاوەڵناو. چونکە ئەتوانین وەکوو وشەی سەربەخۆ بەکاریان بهێنین:

- بەرووڵەی جوان و تەرچکی کڕیبوو (خودی بەرووڵە ناوە و واتای خەیاری ساوا ئەگەیەنێ و پێویست ناکات بوترێ بەرووڵەخەیار).
- ترشیانی کاڵەی ساز کردبوو (کاڵە ناوە بۆ تەماتەی شین و کاڵ).
- ئاوی هاڵەی گرتبوو (هاڵە ناوە، پێویست ناکات بوترێ هاڵەترێ).

نیشانەکانی ئاوەڵناو:

- **ئاوەڵناوی بکەر:** نووسەر، نانەوا، پینەچی، باخەوان.
- **ئاوەڵناوی بەرکار:** Objective adjective لە ڕەگی ڕابوردوو + پاشگری (ە) دروست ئەبێ، وەکوو سپاردە، ناردە، بردە، شۆردە. ع صفت مفعولی N Objektivt adjektiv د صفت مفعولی.
- **ئاوەڵناوی تەمەن:** بچووک، پیر، گەنج، زارۆ، زارۆک، ساوا، کۆرپە، لاو، منداڵ، هەراش.
- **ئاوەڵناوی چەندی:**

دیار: دە ، بیست، هەشت، هەزار.

نادیار: برێک، هەندێک .

- **ئاوەڵناوی چەندێتی:** کەم، زۆر.
- **ئاوەڵناوی چێژو تام:** ترش، مزر، شیرین.
- **ئاوەڵناوی خێرایی:** تیژ، خێرا، هێواش، هێور، هێدی

- **ئاوەڵناوی دارەت:** {ئاوی} تووکاوی، ڕۆناوی، قوڕاوی، کوڵکاوی...
- **ئاوەڵناوی ڕەنگ:** بۆر، سپی، سوور، سەوز، شین، مۆر.
- **ئاوەڵناوی کراو:** نووسراو، هەڵکەندراو. سووتێندراو.
- **ئاوەڵناوی لێکدراو:** پارەدار، جلوبەرگی پیاوانە، چاو بەکڵ، خۆراکی کوردەواری، دەست لەسەرسنگ.
- **ئاوەڵناوی ناوی فرمان:** { کار} گریە، پرسە، ترس.
- **ئاوەڵناوی هۆشەکی:** زانا، زیرەک، گەمژە.
- **ئاوەڵناوی هیمایی:**

هێمای دیار: ئەم — ئەمانە، ئەو — ئەوانە.

هیمای نادیار: گەڵێک، هیچ، فلان، هین.

## دە ئەندازەی ناسینەوەی ئاوەڵناو:

لە پەرتووکی «پانۆڕامایەک بۆ ڕێزمانی ئاوەڵناو لە ئاخاوتنی کوردیدا» نووسینی د. شێرکۆ بابان

ئەندازەی یەکەم: تەرخانکردنی ئاوەڵناو : بۆ نموونەی، دەتوانین دوو دەستەواژە بخەینە ڕوو، وەک:

- دیوار : ی: بەرز ⟵ ئامرازی خستنەسەر{ی} خراوەتە نێوان {ناو} و {ئاوەڵناو}
- دیوار: ی: خانوو ⟵ ئامرازی خستنەسەر{ی} خراوەتە نێوان {ناو} و {ناو}

دەتوانین ئامرازی {ی} لاببەین لە هەردوو نموونەکەدا، وەک:

- دیوار: ی: بەرز دیوار — بەرز
- دیواری: خانوو دیوار — خانوو

لە نموونەیی یەکەمدا، ئاوەڵناوی تەرخانکراو پەیدابووە وەک:

بالآبەرز، پاڕنەبەرز.

دیواربارێک، دیواربەرز،
دیواربۆش، دیوارپان،
دیوارپەتەو، دیوارپڕ،
دیوارتەڕ، دیوارڕاست،
دیوارزبر، دیوارسارد،
دیوارشین، دیوارگڕ،
دیوارگێڕ، دیوارلووس،
دیوارنزم، سەربەرز،
لووتبەرز.

**ئەندازەی دووەم:** ئامرازی ناساندنی {ەکە}: لە ڕاستیدا، ئامرازی {ەکە} بۆی هەیە بچێتە سەر {ناو} نەک {ئاوەڵناو}. هەر لەبەر ئەوە، ئەگەر دەستەواژەکە دوو{ ناو}ی تێدابێت، ئەوا دوو جار ئامرازی ناساندن{ ەکە} بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەگەر یەک ناوی تێدابێت، ئەوا یەک جار بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە، دەستەواژەی {دیواری بەرز} یەک{ ناو}ی تێدایە و هەر یەکجار دەتوانین ئامرازی {ەکە} بار بکەین وەک: دیوار{...}ەکە. دیوارە{بەرز}ەکە بە سەرنجێکی هورد، دەردەکەوێت کە ئامرازی ناساندن{ەکە} دەگەڕێتەوە بۆ {ناو}ی {دیوار}، بەڵام لە نێوبیری زمانی کوریدا خانەیەکی بۆش هەیە بۆ { ئاوەڵناو}، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست دا باربکرێت.

**ئەندازەی سێیەم:** وەرچەرخانی ئامرازی{ی}بۆ ڕوخساری{ ـە}. لە ئەندازەی دووەمدا، ئامرازی {ی} وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر ئامرازی ناساندن{ەکە} بکەوێتە کار لە دەستەواژەی {ناو: ناو} دا، وەک: دیوارەکە : {ی} : خانووەکە کەچی، هەمان ئامراز دەگۆڕێت بە {ـە} لە دەستەواژەی {ناو: ئاوەڵناو}دا، وەک: {دیوار: ی : بەرز} کە دەبێت بە: {دیوار :ـە : بەرز}ەکە کەواتە، ئامرازی {ی} ئەگەر بکەوێتە پێش

{ئاوەڵناو} دوو دیوی هەیە، وەک: دیوی{ی} :بۆ ئامرازی ناساندن{ەکە} دیوای{ـە} : لەگەڵ ئامرازی ناساندن{ەکە} بێگومان، ئەم ئەندازەیەش دەتوانێت سەمتی {ئاوەڵناو} جودا بکاتەوە لە سەمتی{ناو}. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر کلکی ئامرازی {ی} لەسەر {ئاوڵناو} بێت، بەزەبری ئامرازی{ ەکە} دەبێت بە{ـە}.

ئەندازەی چوارەم: ئامرازی ئاماژە: بەتەرتیبی لەگەڵ ئەندازەی سێیەمدا، ئامرازی نیشانە { ئاماژە} بۆی هەیە کە ئامرازی {ی} بگۆڕێت بە {ـە}، ئەگەر لە پێش {ئاوەڵناو}ەوە بەکارهێنرابێت، وەک:

– ئەندازەی سێیەم: {دیوار: ە : بەرز}ەکە

– ئەندازەی چوارەم: ئەو{دیوار: ە : بەرز}ە

– ئەندازەی چوارەم ئەو{دیوار : ە: بەرز}ە بەهەمان شێوە، لە دەستەواژەی ئامرازی گەیەنەردا ئامرازی {ـە} دەردەکەوێت لە پێش {ئاوەڵناو}ەوە، وەک: ئەو {دیوار: ە : بەرز}ەی کە ڕووخا

ئەندازەی پێنجەم: نیشانەی کۆ{ان}: نیشانەی کۆ لە زمانی کوریدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە ناچێتە سەر {ناو}وەک زمانانی دی بەس دەچێتە سەر{ئاوەڵناو}و تەرخانی دەکات بۆ {ئاوەڵناوی کەسان}. بە واتایەکی دی ئەگەر لە دەستەواژەیەکدا. دوو پێکهاتە هەبوو، وەک: ـ پێکهاتەی یەکەم: {ناو}ێک، یان{ئاوەڵناو}ێک بە لێلی. ـ پێکهاتەی دووەم: نیشانەی کۆ{ان} بە ڕووتی. ئەوا، پێکهاتەی یەکەم بریتیە لە{ئاوەڵناو}. لە هەڵوێستی ئاوهادا، ئەگەر لێڵی دەرکەوت، دەبێت بگەڕێین بۆ ئەو میکانیزمە ڕێزمانییەی کە ئەو{ناو}ەی گۆڕیوە بۆ {ئاوەڵناو}، وەک:

- جوان : جوانان : کەسانی جوان
- پیر : پیران : کەسانی پیر
- پیاو : پیاوان : کەسانی پیاو
- پاک : پاکان : کەسانی پاک

- کرێکار : کرێکار : کەسانی کرێکار
- مامۆستا : مامۆستایان : کەسانی مامۆستا
- دانیشتوو : دانیشتووان : کەسانی دانیشتوو
- چاولەدەر : چاولەدەران : کەسانی چاولەدەر
- چاوبرسی : چاوبرسیان : کەسانی چاوبرسی

کەواتە نیشانەی{کۆ} هێی سەمتی {ئاوەڵناو}ە، نەک هێی {ناو}، هەر لەبەر ئەوە گشت ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی دەتوانن بەڕاستەوخۆیی بە نیشانەی{ان} ببن بەکۆ .

ئەندازەی شەشەم: ناوی واتایی: هەر ووشەیەک کە { ئاوەڵناو} بێت یان تۆخمی ئاوەڵناوی تێدا هەبێت، ئەوا بۆی هەیە ببێت بە {ناوی واتایی} بە ئامرازی {یی}، وەک :

- جوان : جوانی : بەجوانی
- پاک : پاکی : بەپاکی
- مامۆستا : مامۆستایی : بە مامۆستایی
- زوو : زوویی : بە زوویی
- چاولەدەر : چاولەدەریی : بە چاوی لەدەری
- پیر : پیری : بە پیری
- دانیشتوو : دانیشتوویی : بە دانیشتوویی

وەک لەسەر نموونەکان پیشاندراوە، لە پاش ئەوەی کە {ئاوەڵناو}ەکان ئامرازی {ی} وەردەگرن، دەتوانن ببن بە ئاوەڵگوزارەی چۆنێتی بە ئامرازی پەیوەندی {بە}.

ئەندازەی حەوتەم: کاری{بریتی لە...} : کاری {بوونی ئێستایی} دەتوانێت جووت ببێت لەگەڵ {ناو}و لەگەڵ {ئاوەڵناو}، وەک:

ئەم دیوارە بەرزە{ە}

ئەم دیوارە خانوو(ە)

لە ئاستی نموونەی یەکەم دا، کە ئاوەڵناوی (بەرز) بەکارهێنراوە ناتوانین بڵێین: ئەم دیوارە بریتی یە (ـە) لە بەرز، بەڵام لە ئاستی نموونەی دووەمدا، کە ناوی (خانوو) بەکارهێنراوە، دەتوانین بڵێن: ئەم دیوارە بریتییە لە (ـە) لە خانوو.

**ئەندازەی هەشتەم:** کاری بوونی بوونایەتی: لە ئاستی کاری بوونی بوونایەتیدا، دوو بەکارهێنان هەیە، وەک: ـ سەودا کردنی (ئاوەڵناو) بەڕاستەوخۆیی، وەک:

شیلان هەر (جوان) دەبێت ـ سەوداکردنی (ناو) بە ناڕاستەوخۆیی بە ئامرازی (بە)، وەک: شیرەکە دەبێت بە (ماست) کەواتە هەردووکاری (جوان بوون)و (بوون بە شیر) دەتوانن کاریگەری بنوێنن، چونکە ناتوانین جێگۆڕکێ بکەین بە (ئاوەڵناو)ی (جوان)و بە(ناو)ی (ماست).

لە نموونەیەکی تردا، وەک: ئازاد (پیاو) بووە یان ئازاد بووە بە (پیاو) لە نموونەیە یەکەمدا، بە ئاشکرا دیارەکە توخمی (ئاوڵناو) زاڵەو.

**ئەندازەی نۆیەم:** نیشانەی بەراورد( تر، ترین): ئەم ئەندازەیە لە لایەن زۆربەی ڕێزماننووسانەوە بەکارهێنراوە، چ لە سەر ئاستی زمانی کوردیو چ لەسەر ئاستی زمانانی تردا. وەک: شیلان (منداڵ) ی (منداڵتر)ی هەیە بێگومان (منداڵ) ی یەکەم بریتیە لە (ناو)و (منداڵ) ی دووەم بریتیە لە (ئاوەڵناو).

**ئەندازەی دەیەم:** نیشانەی نەناسراوی (ێک): لەهەر جێیەکدا کە ئامرازی(ێک) بەکار هێنرا، ئەوا ئەو نیشانەیە دەگەڕێتەوە بۆ (ناو)، نەک(ئاوەڵناو). بۆ نموونە، ئەگەر گوترا (جوانێک)، ئەوا لە بنەڕەتدا نیشانەی (ێک) دەگەڕێتەوە بۆ (ناو)ێک، وەک: جوانێک : کەسێکی جوان بۆ پراوە، ئەگەر توانرا (جوانێک) بکرێت بە (کەسێکی جوان)، ئە وا وشەی( جوان) بریتیە لە (ئاوەڵناو). یان ئەگەر نەتوانرا، ئەوا ئەو وشەیە بریتیە لە

{ناو}، وەک{بەردێک، باخێک، دیوارێک، مۆمێک، گوڵێک، ...}، چونکە نیشانەی {ێک} هیی خۆیانە. لە نموونەی{جوانێک} دا، نیشانەی{ێک} درایەوە بەناوی{کەس}، چونکە هیی {ئاوەڵناو}ەکە نیە، لە ئەم ڕووەوە، ئاوەڵناوەکانی {پاکێک، زانایەک، ژیرێک، بەهێزێک، ...} دەشێت بە ئەو میکانیزمەی پێشەوە نیشانەی{ێک} فرێ بدەن، وەک:

- پاکێک : کەسێکی پاک
- زانایەک : کەسێکی زانا.
- ژیرێک : کەسێکی ژیر
- بەهێزێک : کەسێکی بەهێز

**ئاوەڵە :** ئاوەڵناو ئاواڵە، واز، گوشاد، کراوە، لەسەرپشت. ع مفتوح N åpen د باز و گشاد.

**ئاوەندیار :** ناوی لێکدراو ناوەنە، بۆری باریکی پەیوەندی وەکوو دەماری گیا و بوونەوەر، سیستەمی دەماری.

**ئاوەندی پەیوەستە :** communicating vessels فیزیک ئامێر یان دەفری پەیوەندیدار، بەو دەفرانە ئەوترێ کە لە ژێرەوە پەیوەند دراون و ئەگەر ئاو بکرێتە یەکیان، سەرەڕای تەشکی جۆراوجۆریان، ئاو لە هەموویان لە یەک ئاستدا ئەوەستێ، بۆ گواستنەوەی ئاو لە بواری کشتوکاڵدا زۆر سوودمەندە. ع أوان مستطرقة N kommuniserende fartøy د ظروف مرتبطە.

ڕێسای ئاوەندی پەیوەستە ئەوەیە کە دوو دوفری جیاواز کە ئاوی تێدایە، تا ئەو کاتەی پەیوەندییان پێکەوە نییە ئاو ئەتوانێ لە ئاستی جیاوازدا ڕابوەستێ، بەڵام ئەوەندەی کە بە هۆی لوولەیەکەوە پەیوەند دران بە یەکەوە، ئاوی ئەوەی کە لە ئاستی بەرزتردایە دائەبەزێ و ئەو دەفرەی کە ئاستی لە خوارەوە بوو، بەرز ئەبێتەوە تا ئاستی هەردووکیان وەک یەکی لێدێ.





**ئاوەنیا :** کشتوکاڵ ناو ئاوەڵناو ڕەیستە، ئاقانی، کۆڵەبەست، دەغلێک کە زەویەکەی لەپێشدا ئاو دراوە و شۆ کراوە و پاشان تۆوی لێ چێندراوە د آبستە.







**ئاوهەڵدێر :** waterfall ناو تاڤگە، ئاوێک لە بەرزاییەوە ئەڕژێتە خوارەوە، ئەو کاتەی چەم یان جۆگەلە بە هەڵدێرێکدا تێئەپەڕێ. ع شەلال N foss د آبشار.









**ئاوێتن:** pitch چاوگی تێنەپەڕ هاوێشتن، هاوێتن، تێگرتن، هاویشتن، هاڤێتن؛ فڕێدانی تۆپ لە یاری بەیسباڵ. ع قذف N Kaster د پرتاب E throw.

پێم دەڵێن «مەحبووبە» خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە؟ یا تەرازوی نازی نەختێ سەر دەکا
خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو
مەیلی راست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی کەر دەکا

«نالی»

⇦ **پەیکردن:** cut چاوگی تێنەپەڕ بڕین، بە قەڵت بڕین، پەڕاندن، پەڕاندن بە تیخ، پەلبڕین هێمایر موژەی وەک شمشێر دڵ پەی کەر دەکا. ع قطع N kutte opp د بریدن، قطع کردن.

**ئاوێتن:** pitch فیلم زنجیرەی وەرزشی کۆمەڵایەتی تلەڤیزیۆنی ٢١١٦ـ٢١١٧، ئافراندنی دان فۆگلمەن، ریک سینگر و هونەرمەندی راپلی بنبۆری.




**ئاوێتە:** fusion ناو ئاوەڵناو کردە یان بەرەنجامی تێکەڵبوونی دوو شت، بە زۆری بۆ پێکهێنانی تەنێکی یەکگرتوو. ع اندماج N fusion د امتزاج.

⇦ **یەکگرتن:** fusion چاوگی تێپەڕ یەکگرتنی دوو کۆمپانیا.

⇦ **بۆمبی هایدرۆجنی:** fusion bomb ☜ بۆمبی هایدرۆجنی






**ئاوێتەکردن:** combination کیمیا ناو موتوربە، تێکەڵکردن و یان پێکەوەدانانی دوو شت یان دوو چۆنایەتی. ع مزیج N kombinasjon د تلفیق، ترکیب. ☜ لێکدان

**ئاوێزە:❶** chandelier ناو چلچرا، چرایەکی هەڵواسراوی چەند شاخەیە، بۆ چەند لامپ یان مۆم. ع ثریا N lysekrone د ثریا.




**ئاوێزە:❷** prism ئەندازە بیرکاری ناو بیچمێکی ئەندازەیی ڕەقە کە دوو ڕووی کۆتاییەکەی لاکێشەی هاوشێوە و یەکسان و هاوتەریبن و، لایەکانی لاهاوبەرەو parallelogram بن. ع منشور N prisme د منشور.






**ئاوێنە:** mirror ناو ڕوویەکی تاودەرەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی لە شووشە دروستکراوە کە بە ئامالگامی کانزا ڕووپۆش کراوە، وێنەی هەموو شتێک بە ڕوونی تێیدا تاو دەداتەوە. ع مرآة N speil د آینە.

: جلەکانی لە بەر ئاوێنەکەدا هەڵسەنگاند و لە ڕواڵەتی خۆی دڵنیا بوو.

: ئاوێنەی دڵی پاکە: مرۆڤێکی چاکە خوازە و حەز لە خراپە ناکا.

**ئەمەلگام:** amalgam کیمیا ناو جووتی جیوە، داڕشتەی جیوە لەگەڵ کانزایەکی تر. بەپێی ڕێژەی جیوە لە داڕشتەکەدا، لەوانەیە شل، هەویری نەرم یان ڕەق بێت. ع ملغم N amalgam د آمالگام.



**ئاوێنەئازار:** Mirror_touch synesthesia دەروونناسی ئابینناسی شێوەزانست ناسازی دارەتێکە مرۆڤ هەست بە ئازاری دگەر ئەکات. ئەگەر ئازار بە کەسێک بگەیەنرێ **هەستیار** هەست بە ئازار ئەکات و، تا ڕادەیەکی پتریش ئەگەسێک درۆیەکی زەق بکات، ناساز یان **هەستیار** تووشی کاردانەوە ئەبێت و ڕەنگە بکەوێتە هێڵنجدان. ◁ هەندێ لە دینەکان لایان وایە ڕیشەی ئایینی هەیە و بە شێوەیەکی تەمێکردنی خودایی ئەزانن. ◁ هێندووەکان چاندرا Chandra خوای مانگ بە بەرپرسی ئەو دیاردەیە ئەزانن. ◁ ئەم دارەتە لە زنجیرەی Perception_S03E13 بەوردی شیکراوەتەوە. ◁ هەروەها زنجیرەی Chocago Med_S02E16 ع الحس المواکب باللمس المرآة N Speil_touch synestesi د حس لمس آینە.











**ئاوێنەگەری:** Mirroring دەروونناسی ڕەفتار ڕێباز کە بە لاساییکردنەوە یان **کاردانەوەی گاوشا** Gauchais Reaction ناسراوە، تەکنیکێکی نازارەکییە کە مرۆڤ زمانی جەستە، ئەدگارە دەنگییەکان، یان هەڵوێستی کەسێکی دیکە کۆپی دەکات. بەزۆری بە شێوەیەکی نائاگایی ئەنجام دەدرێت و دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ ئارەزوومەندی یان تەنانەت سەرنجڕاکێشان. ع انعکاس N Speiling د واکنش گوشا.









**ئاوی ژیان:** eau de vie کینایە ١٨ی برۆمێر جۆرێک شەرابە و مارکس لێرەدا یاری بە وشەکان ئەکا؛ واتە هەم شەرابیان لێ ئەسێنێ و هەم شەرابیان پێ ئەدا.

**ئاویلکە:** moribund ئاوەڵناو سەرەمەرگ، گیانکەنشت، گیانەڵا، کات و دەمی گیاندەرچوون. ع تحتضر N døende د در حال احتضار :

ئێستا پیر بووم و کەوتومەتە ئاویلکە
چاوی جوانم لێ ون دەکا چاویلکە

هێمن

**ئاویەر:❶** ناو ئاودەر، ئاوبارە.

**ئاویەر:❷** ناوی تایبەت کوردستان ناوی کێوێکە ئەڕوانی بەسەر شاری سنەدا.



**ئاهـ:❶** sigh دەنگەوشە ناو ئاه، ئاخوداخ، هەناسەی خەمباری، ئاهی تاسە و تامەزرۆیی. ع تحسر N sukk د آه حسرت ن:

زمانێک، بەستەیەک، دەنگێک، نەوایەک
سکاڵایەک، هەناسە و ناخ و ئایەک
کە تێی ناگەم، کە نازانم ئەڵێ چی
بەڵام خورخوڕ لەگەڵیا گیانم ئەگری

گۆران

**ئاهـ:❷** vigor ناو ئا، هێز و وزەی کەم. ع قوة منخفضة N vigør د

رمق ⓝ: {ئاهی تێدا نەماوە، نزیک بە نەمانە}.

**ئاهـ:❷** sigh دەنگەوشە ئاوەڵناو ئاخ، ئۆف، هەناسەیەکی درێژە لە قووڵایی سینگەوە بۆ پیشاندانی پەژارە و دەربڕینی ئازاری جێگەیەکی لەش، هەڵئەکێشرێت. ع تنهد N sukk د آه.

**ئاهر :** ڕۆژژمێر فاڵبینەر نـاو مانگی دڵخۆشی و ڕەوینەوەی پەژارە،

بە واتای ئاگری سەرچاوەی ڕووناکی و گەرمایە، ئاهر فریشەی پاسەوانی ئاگر و یەکێک لە مەزنترین ئێزەدانە و هەر بۆیەشە لە ڕیزی ئەمشاسپەندانیدا جێگەی بۆ دانراوە و بە کوڕی ئەهورامەزدایان زانیوە؛

لەدایکبوانی مانگی ئاهر، خوێنگەرم و میهرەبانن، ڕاستگۆ و بەفرسەندن، لەگەڵ ئەوەی بێ فرت و فێڵن، بیرمەند و پیتۆڵیشن؛

ناوی ڕۆژی نۆیەمی هەر مانگێکی خوردشیدییە، ناوی مانگی نۆیەمی ساڵی خورشیدییە، سێیەمی مانگی پایزە، هەتاو لەم مانگەدا وا لە کەلووی کەوان Sagittarius لەگەڵ هەماندار یەک ئەگرێتەوە، ئاهرگان جەژنی ڕۆژی نۆیەمی مانگی ئاهرە؛

سەرماوەز، سیخوار، ساران، هۆسار:

مانـگ نۆهەمـش مانـگ «ئاهـر»ەن

زێـڵ جـە پـەژارە یەکسـەر باهـرەن

میر سادقی دینەوەری






**ئاهۆ:** pandemic ئاوەڵناو پەتا، درم، نەخۆشی گیرۆ، ئازار، شێتی، لێویی، کەمایەسی، فێ، تاعوون.

ن: ئاهۆ، پەتایەکی زۆر ئەستەمە. ن: لارەشە ئاهۆیەکی کوشندەیە.

**ئاهووپا:** fast هێمایر ئاوەڵناو خێرا و تیژ، بەلەز لە ئەنجامدانی کار و ڕاسپاردەدا. ع سریع N rask د تند و سریع.

**ئاهەنگ:** ceremony ناو ئادینە، بەرنامە، بۆنە، داب، ڕست. ع مراسم N seremoni د مراسم.





**ئاهەنگی بەخشین:** Pardon {ceremony} ئایینناسر داب‌ونەریت لە جۆرنە ئایینییە هەر کۆنەکانی ناوچەی بروتنی Bretagne فەرانسەیە کە دەستەی بەشداران بە شەقامدا ئەکەونە ڕێ.



**ئاهێر:**❶ fire ناو ئاتر، ئاتەش، ئار، ئارگ، ئازەر، ئاقر، ئاگر، ئاور، ئاوێر، ئاوير، ئاهر، ئاهێر، ئاير، ئايەر، تەش، هاتەر، هەتەر.

**ئاياس:** میسۆلۆجی لە Ajax ی یۆنانی وەرگیراوە، لە جەنگاوەرانی ترۆیە، کاتێک پاش کوژرانی ئاخیلێس یان ئاشیل زرێ و سیرەکەی ئەویان پێنەدا، لە زۆری ئێرەیی تێکچوو و خۆی کوشت.



**ئایدیۆگرافی:** ideography فێرگە پێشکەشکردنی ئایدیا بە هۆی هێمای گرافیکەوە.



**ئایدیۆلۆجی:** Ideology رامیاری سکۆلاریزم رەخنە بیرمەندی ناو پێناسەکانی ئایدیۆلۆجی زۆر جیاوازن، بەڵام وەک مارکس بە روونی ئاماژەی پێداوە، وشیاری ناڕاستەقینە و دژ بە بۆچوونی ڕاستەقینەیە:

کارڵ مارکس: ئایدۆلۆژی، هاوواتای ئاگایی درۆ و ناڕاستەقینەی

ئایدیالیستییە و، بۆچوونی کۆمۆنیستیش ڕێگەی ڕاستەقینەیە.

ئایدۆلۆژی میدیایەکی کەم تا زۆر بێئاگایە لە ڕەفتاری ئاسایی {«ئایدۆلۆژیای پراکتیک»}.

- ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک بیروباوەڕ یان فەلسەفەیە کە دەگەڕێندرێنەوە بۆ کەس یان کۆمەڵێک، بەتایبەت ئەوانەی بە هۆکارێکەوە هەڵگیراون و تەنیا زانستیاری نین، بەڵکوو «تۆخمە پراکتیکییەکان بەقەد تۆخمە تیۆرییەکان تێیاندادیار و زەقن».
- مایکل فریدن لە ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفی ڕۆتلیج: ئایدۆلۆژی بریتیە لە کۆمەڵێک بیر و باوەڕ و هەڵوێستی ئاگا یان نائاگا، کە تێڕوانینە ڕاست و هەڵەکانمان بۆ جیهانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لە قاڵب ئەدەن. ئایدیۆلۆژی کاریگەری لەسەر دادوەری، ڕەفتار، بڕیار و پێشنیازەکان هەیە.

**ئایدیۆلێکت:** idiolect زمانەوانی زاراوەناسی دەربڕین دەراو، شێوەی دەربڕین و هەوا و جۆری گوتنی کەسێک لە قۆناغێکی ژیانیدا؛ خووی گوتن و دەربڕینی سەممەرەی کەسێکی تایبەت. ع لهجة فردية N idiolekt د لهجه شخصی.

- وشەی هاوپۆل: Dialekt, Etnolekt, Kronolekt, Sosiolekt, Sexolekt.




**ئایرت دی گێلدەر:** Aert de Gelder شێوەکار {١٦٤٥ـ١٧٢٧} شێوەکاری هۆڵەندی، تەنها هونەرمەندی هولەندی بوو بە شێوەی شێوازی کۆتایی ڕامبرانت لە سەدەی هەژدەدا وێنەی ئەکێشا.





**پرژێنە :** aerosol کیمیا ناو ئایرۆسۆڵ، پرژێنەک، پژێنە، پژپژە، تەنۆلکە یان دڵۆپەگەردیلەی گەرۆکن لە هەوادا وەکو تۆز و مژ و قورم و دووکەڵ. ئەندازەی تەنۆلکە لەوانە چەند نانۆمەتر تا سەدان مایکرۆمەتر لە تیرەدا بێت و دەتوانرێت دەستکرد یان سروشتی بن. ع الهباء الجوي N aerosol د آئروسل.





**ئایزاک نیوتن :** Sir Isaac Newton زانا فیزیکزان {١٦٤٢ـ١٧٢٧} سێر ئایزک نیوتن، فیزیکزان، بیرکار، ئەستێرەناس، فەیلەسوفی سروشتی، کیمیاگەر و شارەزای ئیلاهیات، خەڵکی ئینگلیز و لە ئەندامانی ئەنجومەنی پادشایی بوو. نیوتن لە لایەن لێکۆڵەران و خەڵکی ئاساییەوە وەکوو یەکێک لەو کەسانە ئەناسرێت کە گەورەترین کاریگەریی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی درووستکردووە.






**ئایزاک ئاسیمۆڤ:** Isaac Asimov نووسەر (١٩٢ـ ١٩٩٢) نووسەری وەرمەزانست و پرۆفیسۆری بایۆکیمیای ئەمریکایی.














**ئایسمەن:** Ismene ئەفسانە فێمێنیزم ناوی تایبەت یان ئیزمین، کچی ئۆدیپ، کەسایەتیی چەند شانۆنامەی سۆفۆکلێس، بە تایبەتی Antigone کە فێمێنیستەکان زۆر ئاماژەی پێئەدەن. ☜ فێمینیزم




**ئایش:** کشتوکاڵ ناو خێرتە، ئەو زەویەی لە کاتی خۆیدا نەکێڵرابێ، زەوی نۆرە.

**ئایکۆساهیدرایت:** Icosahedrite ئەستوو کیمیا یەکەم قۆناغی نیمچە بلووری ناسراوە کە بە شێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات. پێکهاتەی $Al_3Cu_{24}Fe_{13}$ ی هەیە و کانزایەکی پەسەندکراوە لە لایەن **کۆمەڵەی**

**کانزاناسی نێودەوڵەتی** لە ساڵی ٢٠١٠.

⇦ **ڕزگاری:** Salvation زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠١٧، ئافراندنی ئێلیزابێس کرووگر و کرەیگ شاپیرۆ، هونەرمەندی سانتیاگۆ کابرێرا.






**ئایکۆنۆکلاستیک:** iconoclastic پێشرەو ئاوەڵناو ڕواڵەتشکێن، کەسێکە هێرش ئەکاتە سەر باوەڕ و دامەزراوە زەبەلاح و جێکەوتووەکان و بوون بە بەرژەنگ و ئایکۆن. ع متمردي الأيقونات N ikonoklastisk د شمایل شکن.






**ئایل:** atrocious ئاوەڵناو بەدکار، بێبەزەیی، چەپگەرد، خوێنڕێژ. ع شنیع N grusomt د سفاک.

**ئاین:** sure ئاوەڵناو مسۆگەر، ڕوون و ئاشکرا، سەلماو. ع مؤكد N sikker د یقین ☀: لێم ئاینە: لامە ڕۆشن و مسۆگەرە ☀: لێت ئاین ئەبێ: لات مسۆگەر ئەبێ. ⇦ ئایین: دین.

**ئایندەئەندێشی:** futurism ناوی لێکدراو ڕامانی پاشەڕۆژ. ع مستقبلية N

futurisme د آینده اندیشی.

**ئایندەی ئاڵمان لە سەر زەریایە:** مێژوو بووپەر ساڵی ١٨٩٨، لە ئاهەنگی کردنەوەی بەندەری ئەشتین، ڤیلهێلمی دووەم وتارێکی دا کە بەم ڕستەیە کۆتایی هات: «ئایندەی ئاڵمان لە سەر زەریاکانە!»

**ئایەتی:** ڕێزمان پاشگر ایەتی: یەتی، ئەتی، ئێتی، بەتی، ئەی، یەی، پاشگرێکە

١ـ ئەلکێ بە دوای ناوێکەوە و ناوێکی تر دروست ئەکات نم: کورد← کوردایەتی، خوشک ← خوشکایەتی

٢ـ ئەلکێ بە دوای ناوی هۆز و مەڵبەند و ژینگەوە و، ناوی زێد دروست ئەکات نم: باڵەک ← باڵەکایەتی، سوێسنێ ← سوێسنایەتی.

**ئایەخ:** insignificant ئاوەڵناو ناگرنگ، ناچیزە، هیچ، کەمتەرخ، بێبەها، نارەواج. ع تافهة N ubetydelig د ناچیز.

↵ **کەمبایەخ:** trivial ئاوەڵناو ئاسایی، نەزۆر گرنگ.

↵ **گرنگ:** significant ◁ ئایەخ و بایەخ

**ئایەن:** certainty ئاوەڵناو ڕوون، ئاشکرا، مسۆگەر، سەلماو. ع یقین N sikkerhet د یقین.

↵ ئایین: دین نم: لێم ئاینە: لام ڕۆشن و مسۆگەرە.

↵ لێت ئاین ئەبێ: لات مسۆگەر ئەبێ، بۆت ئەسەلمێ.

**ئایین:** ناو دین، ◀ وشەی {ئادین} وشەیەکی کوردییە براوە بۆ عەرەبی و کەرتی {ئا ـ}ی لێکراوەتەوە و بە شێوەی {دین} بەکاری ئەهێنن. ◀ دواتریش دەنگی {د} بە {ی} گۆڕاوە و ئادین بووە بە ئایین.

↵ **ئاڤدین:** تۆڵە کردنەوە.

↵ **بابۆ:** هەستی تۆڵە.

↵ **باوەگر:** ئاوەگر، ئاوەگڵ، گلاو.

↵ **بە توون:** بە جەهەنەم! بە دەرەک!

⇦ **توون**: دۆزەخ، جەهەندەم، دەرەک.

⇦ **دەرەک**: دۆزەخ.

⇦ **ڕەسخ**: بەردەباران.

⇦ **ساگوور**: پارشێو.

⇦ **سەرۆ**: سرووش، الهام.

⇦ **شەپنیی**: تاوانبار، هەڵەکار.

⇦ **شەلف**: ژنی خۆفرۆش.

⇦ **شەلوف**: بیژوو، بیژیی، زۆڵەزا.

⇦ **شەملک**: دووگرد، بەرماڵ

⇦ **مووڕ**: ڕۆژوو.

⇦ **نووازە**: Miracle پەرجوو، دەراسا، مووزات. ع معجزة N Mirakle د معجزه.

⇦ **نهیت**: تاتەبەرد، تاتەنوێژ، بەردەنوێژ.

⇦ **نێرەنگ**: جادوو، نەیرەنگ، ئەفسوون، دیلان.

⇦ **نیرڤانا**: پەسلان.

**ئایینپەرستی بوغزاوی**: odium theologicum ئاوەڵناو لاتین بە واتای بەرچاوتەنگی ئایینی، لۆجیککوێر، نەفرەتی دینی، فەناتیزم. ع الكراهية اللاهوتية N teologisk hat د دینداری تنفری E theological hatred.

**ئاییننامە** [1]: regulations ناوی لێکدراو ئادیننامە، شێوازی کار و کۆمەڵەی ئەو فێرکارییانەی لە لایەن دەزگایەکی فەرمی دەسەڵات یان دامەزراوێکی شارستانییەوە بۆ بەڕێوەبردنی یەکەیەکی ڕامیاری یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان... ع القواعد N Forskrift د آئین نامه، مقررات.

**ئاییننامە** [2]: catechism ناوی لێکدراو پێڕەوی ناوخۆ، فێرکاری و ڕێنموونی ئایینی. ع تعليم شفهي N katekisme د تعليم و دستور مذهبی.

**ئایینی ئینویت:** Inuit religion ئایینناسی داب ونەریت ئەفسانەی ئینویت سەرچاوەی نەریتی دانیشتوانی ئالاسکا و کانادا و گرینلەندە، ئەگوازرێتەوە لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی تر. ئەم ئەفسانانە بوونە هۆی نزیکی لە نێوان دانیشتوانی باکووردا و زۆر کەس تا ئێستەش بڕوای پێیان هەیە. ◄ ئینویتەکان گەورەترین هۆزی باکوورن. ◄ قاڵاو گرینگترین بوونەوەرە لەم ئەفسانانەدا، چونکە سەرەتا تەنها تاریکی هەبووە، تا ئەو کاتەی قاڵاوی فێڵەباز هات و لە شەوی بێسەرەتادا جیهانی ئافراند؛ لێرەوە ڕووناکی پەیدا بوو.



**ئحم:** ناو گەروو پاککردنەوە.

**ئشکێل:** crucify ناو ناوی‌فەرمان چواریەل بەستن و بەعەرزا دان، چوارمێخە. ع لیصلب N korsfeste د چهار میخ کشیدن.

**ئۆباڵ:** sin ناو بەرپرس و بایەخ و بەختکردن بۆ بەجێهێنانی ئەرکی پاک؛ گوناه، هەڵە. ع خطیئة N synd د گناه، بزه.

ئۆباڵی بە ئەستۆم. هەموو هەڵە و گوناهی کە ئەی کا لە منەوە فێری بووە من بەر پرسیارم لێی.

**ئۆبزرڤاتوار:** l'Observatoire ناوی جێگا شەقامێکە لە پاریس، ناوەکەی بە هۆی ئەو چاودێرگەی ئەستێرەوانییە کە کلۆد پێرۆ پزیشک و نژیارقانی فەڕانسەیی ساڵی ١٦٦٧ لەوێ دروستی کردووە.

**ئۆبۆسوون:** Aubusson پیشەسازی بەرژەنگ ناوی کارگەیەکی پادشایی پەردەچنین بوو لە سەدەی پانزە تا هەژدە.




**ئۆبێرت ڕۆبێر:** Hubert Robert تێپوەکار (١٧٣٣ـ١٨٠٨) ئۆبێر ڕۆبێر، لە پێشڕەوانی ڕۆمانتیسیزمی فەڕانسە، وێنەگەری شوێنی کەونارا و لاواری کەلاوەکان.



**ئۆبرڤیلیە:** Aubervilliers جوگرافیا ناو شارۆچکە یان گەڕەکێکە لە نزیکی پاریس.

**ئۆبلۆمۆڤیزم:** Oblomovism ئایدیۆلۆجی دەروونناسی ئەم وشەیە لە باری دەروونی و ئەدگاری ئۆبلۆمۆڤ کەسایەتی ڕۆمانی ئیڤان گەنجارۆف

وەرگیراوە، بە واتای سستی و بێوازی نەخۆشانە و بێبڕوایی، لەدەستدانی متمانە بە خۆیی، خۆ بەکەمزانی و پشت هەڵکردن لە هەست و ئەوین و ژیان، کەسی خوێڕنگی خۆبوێری لاپرەسەن. ئۆبلۆمۆڤیزم نەخۆشی دەروونی خۆبەکەمزانی تاکی نەتەوەی بندەست لە بەرامبەر هەموو دیاردەیەکی نەتەوەی باندەستدا لە هەموو ڕوویەکەوە. [ع] ابلوموفیسم [N] Oblomovisme [د] ابلوموفیسم.

**درێژە** لە دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی ئۆبلۆمۆڤ، ڕەخنەگری جوانەمەرگ نیکۆلای دۆبرۆلیۆبۆف وتارێکی لەمەڕ ئەم ڕۆمانە نووسی کە زۆر سەرنجی ڕاکێشا و بوو بە هۆی ئافراندنی «ئۆبلۆمۆڤیزم». لە خوارە لینکی وەرگێڕانی کوردی ئەو وتارە دائەنێم کە ساڵی ٢٠١٢ وەرمگێڕا و لە ژمارە ٧٠ی گۆڤاری «سەردەم» بڵاو کرایەوە ☜ بزدراو.

https://www.scribd.com/document/401055827/Serdem-70Oblomovism




**ئۆپانیشاد:** Upanishad [ناو] پەرتووکی پیرۆزی هێندۆسی بە زمانی سانسکریت لە ٨٠٠ تا ٣٠٠ی پ.ز.

**ئۆپەرێت:** opérette [ناو] ئۆپەرای بچکۆلە [E] light opera.

**ئۆپێرای ڤالکریا:** Die Walküre [ئۆپێرا] درامای دووەمی ئۆپێرای چوارینەی بازنەی نیبلۆنگ Der Ring des Nibelungen ڕیچارد ڤاگنەرە، ساڵی ١٨٧٠ برایە سەر شانۆ.

**ڤالکریا:** valkyrja لە نوروێژی کۆن بە واتای هەڵبژادەی گیانبازان و هەروەها بە پەرستگەی ئۆدن وتراوە، ڤالکریا لە ئەفسانەی سکاندیناڤی

ماخوای شەنگی نادیدەن کە لە جەنگەکاندا بەشداری ئەکەن. لە خزمەتی ئۆدن خودای خودایان دان. ئۆدن پێویستی بە جەنگاوەری کوژراو هەبوو بۆ ڕاگنارۆک، یان ڕۆژی سەرەنجام و، ڤالکریاکان دلێرترین جەنگاوەرانیان ئەدۆزییەوە و بۆ ڤالْهالاَ یان بەهەشتی ئۆدن‌یان ئەبردن، تا خۆیان بۆ جەنگی کۆتایی ڕۆژی ڕاگنارۆک ئامادە بکەن.







**ئۆپێرای مانۆن:** Manon ئۆپێرا ئۆپێراکۆمیکی نووسینی ژوول ماسەنە، ساڵی ١٨٨٤ لەسەر بناغەی ڕۆمانی مانۆن لێسکۆت، ١٧٣١.








**ئۆپیۆید:** opioid کیمیا دەرمان کۆمەڵە پێکهاتەی کیمیایی سروشتی یان دەستکردی ئارامبەخشی وەکوو مۆرفینە، کاریگەری وەکوو ئاندۆرفین وایە و کاری ئارامکردنی دەمارەکان و دامرکاندنەوەی ئێش و ئازار لە جەستە دایە. ع أشباه أفيونيات N Opioid د اپیوئید.

**قەیران:** Crisis فیلم کلارالۆن Klaralon ئۆپیۆیدێکی وێناگەرە کە لەم

فیلمەدا شێوەیەکی بەرچاو مەترسییەکانی ئەو هۆشبەرە لەسەر مرۆڤ پیشان ئەدات، بەڵام خودانەکانی سەرمایەی میلیاردی ئەوەندە بە دەسەڵاتن، سەرەڕای کوشتاری بەرەوژووری ١٠٠,٠٠٠ کەسی، هێشتاش کەس ناتوانێ ڕێگەیان پێ بگرێ. ئەوانەی لە دوساڵی ٢١٩ و ٢٠٢٠دا بە ئۆپیۆید کوژراون ژمارەیان زیاتر لە هەموو کوژراوەکانی جەنگی ڤیەتنامە.

☜ وەرگری ئۆپیۆید









**ئۆترڤان:** custodian ئاسایی ناو باڵباز، پارازک، پارێزدار، پاژەر، پاواندار، دیدەڤان، ڕێرەڤان، هامیار؛ بەرپرسی چاودێری و پاراستنی شتێک. ٤ حافظ، ولی N formynder د نگهبان، متولی.











**ئۆتریخت:** Utrecht رامیاری پەیماننامە پەیمانی ئۆتریخت، کۆتایی بە جەنگی میراتگرانی تاج و تەختی ئیسپانیا (١٧١٣ـ ١٧١٥) هێنا. لەم جەنگەدا هەموو هێزە گەورەکانی ئەو سەردەمە بەشدار بوون.



**ئۆتۆکراتی:** Autocracy ڕامیاری ناو یان ئۆتۆکراسی، دەستەواژەیەکی یۆنانیی کۆنە، واتە فەرمانڕەوایی سەرەڕۆی تاکەکەس. بە قەبارەی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی زۆردار ئەگوترێ کە هەموو دەسەڵاتەکان لە کەسێکدا کۆ ئەکاتەوە، هەر خۆی پلانەکانی ڕامیاری دائەڕێژێ و هەر خۆی بڕیاریش ئەدات. فەرماندەری پاداشت و سزا هەر خۆیەتی، پۆستەکەشی لە ڕێی هەڵبژاردنەوە وەرناگرێ.















**ئۆخژن:** self_satisfaction ناوی چاوگ [ئۆخ+ ژن] دەنگەوشە = دەنگی ئۆخەی] ئۆقرە، ئارامش، ئاسوودەیی، ڕەزامەندی، سرەوت، هەدا، هەدان، هێسایی، هێمنی، لەخۆ ڕازیبوون. ع مسرة N selvtilfredshet د خشنودی.

وەرە ئۆخژنی سینەی پڕ گڕی من،

وەرە پیرۆزەکەی بەرزەفڕی من!

هێمن

**ئۆدن :** Odin میسۆلۆجی ناوی تایبەت ئۆدین، لە میسۆلۆجی سکاندیناڤیادا ئێزەدی ئێزەدان و باوکی هەموو Æsir یان ئێزەدەکانە. ئۆدن ئێزەدی سامناکی جادوو و، جەنگ و ئاوەز بوو و بۆ سەرکەوتن لە جەنگەکاندا پەنای بۆ ئەبرا. ئۆدن توانای ئەوەی هەبوو لەگەڵ مردوان بدوێ و ڕاوێژ لەگەڵ زاناترینیان بکات. ع أودین N Odin د اودین. درێژە بەپەڕەوانی ئۆدن لایان وایە جەنگاوەران ئەچن بۆ بارەگای ئۆدن لە ڤاڵهاڵا، بەڵام تەنها ئەو جەنگاوەرانە ئەگەنە ئەو پلەیە کە دلێرانە لە مەیدانی جەنگدا کوژرابێتن. لە ئەفسانەدا هاتووە کە فێرخوازیی و فەرزانەبوون دیاریی ئودینە. نۆ شەو و نۆ ڕۆژ لە بەخشین و سەرگەردکردنی خۆیدا، لە کاتێکدا بە نێزە بریندار کراوە، خۆی بە لقی ئیگدراسیل Yggdrasil درختی جیهاندا هەڵئەواسیێ و بەمجۆرە خۆی ئەشکەنجە ئەکا تا ئەلفوبێی ئەو جادووە فێر ببێ کە زانستی جیهان بە مرۆڤ فێر ئەکا. ئودین بە سواری ئەسپ، لە کاتێکدا سەگی دڕی پاسەوانی دەروازەی جیهانی مردوان لەگەڵیدایە، بەرەو جهانی مردوان داڕوێ، تا لەگەڵ ژنێکی خۆی، کە لە ڕاستیدا خۆیەتی بدوێ و دەربارەی مەرگی کوڕەکەی باڵدر لەگەڵی گفتوگۆ بکات. لە پەیوەندیی ئەو و ژنێک بە ناوی فریگ پێنج ئێزەد لەدایک بوون بە ناوی:

- باڵدر Baldr خوای پاکی و ڕووناکی،
- هوود Hodr خوای نابینای تاریکی و زستان،
- هێرموود Hermodr تەتەری ئێزەدان،
- تیر Tyr خوای سەرکەوتن و زۆرەبان و،
- براگی Bragi خودای هۆنراوە و ناسکبێژی دێنە دنیاوە؛

لە ماخوایەک بە ناوی یوورد Jörd کوڕێکی بوو بە ناوی

- تۆر Thor یان توور، خوای بەدەسەڵاتی بریسکە و تریشقە و باهۆز و، لە گرید jötunn Gridr یش کوڕێک لەدایک بوو، بە ناوی
- ڤیدار Vidarr خودای تۆڵە.










**ئۆدیسە :** Odysseus ئەفسانە پێرسۆنا ناوی تایبەت ئۆدیسیۆس، بە ڕۆمی یولێسیس Ulysses لە پاڵەوانانی یان هێلێنی ئەفسانەی گریک و شاکاری هۆمێر،

بە جەربەزە و هۆشمەندی و ڕابەری بەناوبانگ بوو، هۆمێر هەروەها بە «گۆری دۆژمنایەتی» دائەنێ، سەبارەت بەو هەمموو هەستە خراپەی پۆسیدۆن لە دژی ئەو نواندی.












**ئۆدیلۆن بارۆ:** Odilon Barrot **ڕامیار** ڕامیاری بۆرژوازی فەرانسە، پارێزەر، لە شۆڕشی جولایی ١٨٣٠دا بەشدار بوو، لە ساڵی ١٨٣٠ تا فێبریوەریی ١٨٤٨ سەرۆکی ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵی لایەنگری خانەدانی ئۆرلیانەکان بوو، ئەیویست بۆرژوازی پیشەسازی ڕۆڵێکی بەرفرەتری لە دەسەڵاتی ڕامیاریدا هەبێ. ئەنجوومەنی وەزیرانی بارۆ، وەک مارکس ئاماژەی پێ ئەدا، پردێک بوو لە کۆماری بۆرژوازییەوە بەرەو سەقامگیربوونی پاشایەتی. ئەم کابینەیە ڕێگەی بۆ دیکتاتۆری لویی بۆناپارت خۆش کرد.





**ئۆدین:** Udine **جوگرافیا** شارێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا لە سەر سنووری ئۆستریا و سویس.

 

**ئۆدینۆ:** Nicolas Charles Victor Oudinot ژنراڵ رامیار (١٧٩١ـ١٨٦٣) ژنراڵ، ئۆرلیانیست، لە کۆماری دووەمدا نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ڕێسادانان بوو. ساڵی ١٨٤٩ فەرماندەی سپای نێرراوی فەڕانسە بوو لە دژی کۆماری ڕۆما. ئەو هەوڵی دا لە بەرامبەر کودێتای ٢ی دێسەمبەردا بەرگری بکات.

**ئۆراتوار:** Oratoire ئابیننااسی ناوی جێگا ناوی کڵێسایەکی پرۆتستانتە لە ڕیڤۆلی پاریس.

**ئۆرتگای ئی گاسێت:** Ortega y Gasset فەیلەسووف (١٨٨٣ـ١٩٥٥) وتارنووس و فەیلەسووفی ئیسپانیایی.











**ئۆرتۆدۆکسی:** Orthodox ئایدیۆلۆجی ئاوەڵناو بیردۆز یان تیۆری ڕێگەدراو و وەکوو قانوون چەسپاو؛ بە گوێرەی ڕێسای کلیسای عیسا.

**ئۆرجیۆفانت:** orgiophant ناوی چاوگ خۆشگوزەرانی، ڕابواردن دامودەزگا کارگێڕ

کەسی دارێژەر و بەڕێوەبەری کۆڕی ڕابواردنی شێتانە، بینەری ڕابواردن.



**ئۆرستێس:** Orestes شازادە جەنگاوەر کوڕی ئاگامێنۆن، پادشای ئەفسانەیی و سەرکردەی دلاوەری یۆنانی لە داستانی «ئیلیاد»ی هۆمێر، کاتێک ئاگامێنۆن شاری ترۆی گەمارۆ ئەدا و لە پیلانێکدا بە دەستی ژنەکەی ئەکوژرێ. ئۆرستێس، پاش زانینی ئەو ڕووداوە، بە هاوکاری دۆستەکەی پیلادێس Pylades تۆڵەی باوکی ئەکاتەوە و دایکی و هاودەستەکەی ئەکوژێ. دۆستایەتی ئۆرستێس و پیلادێس بووە بە پەند.



**ئۆرسمان:** Orosmane هونەرپیشە کەسایەتییەکی پیاوی شانۆگەرییەکی ڤۆڵتێرە بە ناوی زەییر کە شەیدای زەییر ئەبێ پاش ئەوەی لە لایەن تورکانەوە ئەگیرێ.




**ئۆرسن وێڵز:** Orson Welles سینەما دەرهێنەر {١٩١٥ـ ١٩٨٥} هونەرپیشە و دەرهێنەر و نووسەری ئەمریکایی، یەکێک لە کاریگەرترین فیلمسازانی هەموو سەردەمەکان.

**ئۆرفیۆس:** Orpheus ئایین‌وئەفسانە موزیک لە ئەفسانە و ئایینی کۆنی یۆنانیدا موزیکزان و پەیامبەر بووە.



**ئۆرڤیتۆ:** Orvieto کلێسا ناو کەندا بەردینەکانی ڕووکاری سەرەکیی کلێسای ئۆرڤیتۆ لە ئیتالیا، سفری ئافراندن و ئادەم و حەوا، بەرهەمی جۆڤانی پیزانۆ.




**ئۆرک:** Ourcq جوگرافیا لە لقەکانی چەمی مارن، لە باکووری فەڕانسە.

**ئۆرگۆیوز:** orgueilleuse ناو بە واتای شانازی، دفرە.

**ئۆرلیانیست:** Orléanist ناو باڵێکی ڕامیاری لە فەڕانسە کە لایەنگری پاشایەتیی دەستووری بووk بە مەرجێک خانەدانی ئۆرلیان بێنەوە سەر دەسەڵات کە لە لایەن فیلیپی یەکەمی دوکی ئۆرلیانەوە لە ١٦٦١دا دامەزرێنراوە، دوایین پادشای ئەم بنەماڵەیە لویی فیلیپ Louis Philipp ـە لە ١٨٣٠ تا ١٨٤٨.





**ئۆرۆبۆرۆس:** Ouroboros میسۆلۆجی هێمایەکی کەونارایە کە مار لە دارەتی خواردنی کلکی خۆیدا پیشان ئەدات. لە ڕێگەی وێنەنیشانەی هیرۆگلیفی میسرییەوە وەکوو نیشانی کیمیاگەری بڵاو بوویەوە و وەرگیرا. پەیوەندی بە دۆنادۆنەوە هەیە و وەکوو چەرخەی هەمیشەیی ژیان و مەرگ و لەدایکبوونی دووبارە ناسراوە. کراژخستن بە واتای گۆڕینەوەی گیان و گەستنی کلکی مار نیشانەی زاوزێ، کلکی مار هێمای چووک و دەم نیشانەی یزدانە. ع الأوربوروس N Ouroboros د اوروبوروس.











**ئۆرووپا ٥١:** 51 Europa سینەما فیلمی ئیتالیایی ١٩٥٢، دەرهێنانی ڕۆسیلینی.

**ئۆژن ڕۆهەر:** Eugène Rouher ڕامیار (١٨١٤ـ١٨٨٤) یووجین ڕۆهەر، ڕامیاری ئیمپراتۆری دووەمی فەرانسە. لە کودێتای دووەمی دێسەمبری ١٨٥١ هاودەستی لویی بۆناپارت و زڕبراکەی مۆرنی بوو و، دەسبەجێ کرا بە وەزیری داد لە ١٨٥١ تا ١٨٥٢. ساڵی ١٨٥٥ بوو بە وەزیری بازرگانی و کشتوکاڵ و ١٨٦٣ بوو بە سەرۆکوەزیرانی.





**ئۆژن سوو:** Eugène Sue نووسەر خەباتگێڕ (١٨٠٤ـ١٨٥٧) سۆسیالیست، نووسەری ڕۆمانی کۆمەڵایەتیی هەستەکی، وەک «جوولەکەی سەرگەردان». ڕۆماننووسی فەڕانسەیی کە یەکێک بوو لەوانەی ڕۆمانی بە زنجیرەی لە فەڕانسە کرد بە باو، وەک ڕۆمانی ڕازەکانی پاریس کە لە ماوەی ١٨٤٢ بۆ ١٨٤٣ بە زنجیرە لە ڕۆژنامەدا بڵاو کرایەوە، نوێنەری ئەنجوومەنی ڕێسادانان.









**ئۆسترلیتز:** Austerlitz جوگرافیا شارێکە لە کۆماری چێک و ئێستە ناوی سلاڤکۆڤ و برنایە، لەم شوێنە، ناپۆلیۆن لە ٢ی دێسەمبەری ١٨٠٥ سەرکەوتنێکی مەزنی لە دژی هێزە هاوپەیمانەکانی پرووسیا و ڕووسیا بە دەست هێنا.





**ئۆستەند:** Ostend جوگرافیا بە هۆڵەندی Oostende لە شارەکانی بەلجیکە، لە مەڵبەندی فلاندرز لە هەرێمی فلاماندی لەسەر زەریای باکوور.





**ئۆسواڵد شپێنگلەر:** Oswald Spengler فەیلەسووف مێژوونووس (١٨٨٠ـ١٩٣٦) فەیلەسووف و مێژوونووسی ئەڵمانی. شپێنگلەر بە پەرتووکی «دارمانی خۆراوا» لە ١٩١٨ (بە ئەڵمانی: Der Untergang des Abendlandes) و (بە ئینگلیزی: The Decline of the West) ناوبانگێکی بەرینی دەرکرد. ئەم بەرهەمە دوو بەرگە، پاش کۆتابوونی جەنگی جیهانی یەکەم بڵاو کرایەوە و جۆشانێکی گەورەی پەیدا کرد و بوو بە مایەی ڕاهێزانی ئەو ڕەشبینییە فەرهەنگییەی ئەو دەمە ئەڵمانیای گرتبوو.

لە ڕوانگەی شپێنگلەرەوە ژیاری مەزن: بۆ نموونە چینی، هیندی، میسری، یۆنانی کۆن و هتد... بریتین لە دیاردەی زیندووی خاوەن هزری جیاواز. گشت ژیارێک بە بازنەیەکی دیاریکراودا ئەچەرخێ؛ سەرهەڵدان، گەشەکردن، ژاکان و ڕمان. ژیاری خۆراواش پاش هەزار ساڵ سەرهەڵدان و گەشەکردن، لەم ڕوانگەیەوە هەمان ئەنجامی ئەبێت: ژاکان و دارمان.

بۆچوون هەیە شپێنگلەر بە دامەزرێنەری جیهانبینیی نازی دائەنێت، بەڵام خودی ڕێبەرانی نازیزم کە هەوڵیان ئەدا سپێنگلەر بە هاوبیری خۆیان بزانن، لە بەرهەمەکانی دردۆنگ بوون، بەتایبەتیش لە پەرتووکی ١٩٣٣ی «ساتی بڕیاردان» (Jahre der Entscheidung).




**ئۆ سۆلە میۆ:** O sole mio مۆزیک (O my sun ئای هەتاوەکەم) گۆرانییەکی ناپۆلییە کە لە سەرانسەری جیهاندا ناسراوە، بەستەکەی هێی جیوقانی کاپووروۆیە و لە ١٨٩٨ هۆنیویەتەوە. ع یا شمسي N Å min sol د ای خورشید من.




**ئۆسیان:** Ossian ئەفسانە هونەر هۆنەری ئەفسانەیی ئێرلەندی و جەنگاوەری دەستەی پاڵەوانی فیانایە، لە سەدەی سێیەمی زایینی لەگەڵ کچی شای پەریان ئاشنا ئەبێ و ئەچێ بۆ دنیای وەرجاوەند، پاش گەڕانەوە پیر بووە و دۆستانی نابینێتەوە، چیرۆکی ئۆسیان لە ١٧٦٠ لە لایەن جەیمز مەکفرسۆنەوە James Macpherson چاپ و بڵاو کرایەوە.









**ئۆسیرس:** Osiris ئەفسانە لە ئەفسانەی میسری کەونارا ئێزەدی جیهانی ژێرزەمینی و ژیانی پاش مردنە، گیانەکان بەر لەوەی بتوانن لە جیهانی تردا بژین، ئەبێ بە بەردەمی ئۆسیرسدا تێپەڕن، چونکە تەنها ئەو ئەتوانێ وەرجاوەندی ببەخشێ.

**دەجال:** Antichrist ئایینناسی شێوەزانست لای مسوڵمان کەسێکی مەلاق و درۆزنە بەر لە هاتنی مەهدی پەیدا ئەبێ و زۆربەی مەردم فریوی ئەخۆن و لە گردی کۆ ئەبنەوە. [ع] عدو للمسیح [N] Antikrist [د] دجال.










**عیسای نەناس:** Antichrist ئایینناسی یان دژی عیسا، کە فەلەکان لایان وایە بەر لە کۆتایی جیهان پەیدا ئەبێ. دەجالی درۆزن هەمان عیسای نەناسە کە لە ئیسلامدا پەیدا بووە.

**یاماکولا:** Yamaloka ئایینناسی سانسکریت، بە واتای کەوشەن یان شوێنی ژیانی «یاما»یە کە ئێزەدی مەرگە و لە ئاڤێستاییشدا بە شێوەی «ییمە و جەم» هاتووە، بە شوێنێک ئەوترێ کە تەنها ڕاستی تێدایە.







**ئۆشیانید:** Oceanides میسۆلۆجی سێ هەزار پەریانی کچانی تیتان ئۆشیانووس و تێتیس بوون، هەرکام لەم پەریانە سەرپەرشتیی کانییەک، مێرگێک، لەوەڕگایەک، مەنداوێک، چەمێک، زێیەک، زرێبار و زرێیەک بوون. [ع]

أوشنیدس N Oceanides د أوشنیدس.



**ئۆغر بێ:** le beau voyage سینەما فیلم فیلمی فەرانسەیی ١٩٤٧ دەرهێنانی لویی کۆنی.

**ئۆفێنباخ:** Jacques Offenbach ئاوازدانەر {١٨١٩ـ١٨٨٠} ئاوازدانەر و ژەنیاری چەلۆ، ئاڵمانی بوو، بەڵام بوو بە هاوڵاتی فەرانسەیی. بوو بە سەرۆکی ئۆرکێسترای کۆمیدی فەرانسە و بە «مۆتزارتی شانزەلیزە» ناسراوە.








**ئۆڤێرنی:** Auvergne جوگرافیا یەکێک لە ٢٦ هەرێمی فەرانسەیە، ئەکەوێتە

ناوەڕاستی باشوور و کوێستانی مەزنی مەسیف سەنتراڵ Massif Central لەوێیە.

**ئۆڤیدیۆس:** Ovid هونەر (٤٣ پ.ز † ـ ١٨ز) هۆنەری ڕۆمی، لەگەڵ هۆراس و ڤێرژیل بە سێ چوکلەی هۆنراوەی لاتین دانراوە. خاوەنی پەرتووکی مێتامۆرفۆسەکان Metamorphoses یان چەرخەگۆڕانەکانە کە ئەفسانەی بەدیهاتنی جیهان و مێژووەکەی ئەگێڕێتەوە. بەیان سەلمان لە فەرەنسییەوە کردوویە بە کوردی.









**ئۆقرە:** sit, stand still, patiently ناو ئارام، ئارامی، ئارامش، ستار، هەدا، ئۆخژن. ع بصبر N sitte, stå stille, tålmodig د آرامش.

**ئۆقرەبەخش:** sedative ئاوەڵناو هەر شتێک ئەبێتە هۆی ئۆخەی و ئارامی، چ دارەت و دۆخی باش، یان دەرمان و چارەسەری گونجاو. ع مهدئ N beroligende middel د آرام بخش.

ن: ئۆقرەی لێ هەڵگیراوە. ن: ئۆقرەی گرت. ن: ئۆقرە ناگرێ.

**ئۆکارینا:** ocarina ئامێر موزیک فیکەفلووت، ئامێرێکی موزیکی بچووکی هەوایی هێلکەییە، لە گڵەچینی دروست ئەکرێت، کە جێ دەم بۆ ژەندن و چەند کونێکی هەیە بۆ پەنجە.









**ئۆكرا :** ocher کەرەستە ناو گڵەزەردە، گڵی ئۆخرا، لە یۆنانی، گڵێکە ئۆکسیدی ئاسنی ferric oxide تێدایە، زەردی ئاماڵ سوورە، بۆ ڕەنگسازی و ڕەنگکاری و نیگارکێشان سوودی لێوەرئەگرن. ع لون المغرة الصفراء N oker د اخرا.





**ئۆكلۆفۆبیا :** ochlophobia دەروونناسی ترسێکی زۆر و ناڕێرانە لە ئاپۆرە، یان حەزنەکردن لە جەماوەر و ڕەبەندان. ع رهاب الخوف N ochlofobi د اوکلوفوبیا.








**ئۆگر :** attached ئاوەڵناو خووپێگرتوو، هاودەم، هامراز، یار. ع متعلق N vedlagte د انس گرفته.

**ئۆگرەت :** habit ئاوەڵناو ئاکار، خوو، خدە، ڕەفتار. ع عادة N vane د خو.

**ئۆگرێ :** devotion ئەفسانە ئەهریمەنێکی ئەفسانەییە وەک بوونەوەرێکی زەبەلاح و قێزەون و مرۆقشێوە وێنا کراوە، کە مرۆڤی ئاسایی و، بەتایبەتی کۆرپە و منداڵ دەخوات. ئۆگرێ، زۆرجار لە ئەفسانە و فۆلکلۆر و چیرۆکی وەژارەیی سەرانسەری جیهاندا دەردەکەون.




**ئۆگری:** devotion ناوی‌یاوگ دەستەمۆیی، ڕامی، هۆگری، پەرەستن. ٤
التفاني N hengivenhet د تعلّق خاطر.

**ئۆلیمپیا:** ❶ Olympia وەرزش یۆنانی کەونارا وەرزشگایەکی مەزن بووە لە شاری ئیلیزە، بە هەموو پێداویستییەکانەوە بۆ بەڕێوەبردنی کێبەرکێی چوارساڵ یەکجاری ئۆلیمپیک، کە لە سەرانسەری ئۆرووپادا بەڕێوە ئەچوو.




**ئۆلیمپیا:** ❷ Olympia سەرگەرمی ناو ناوی یەکێک لە کابارەکانی پاریس.




**ئۆلیمپیا:** ❸ Olympia شێوەکاری ناو تابلۆی بەناوبانگی ئێدوارد مانێ،

ساڵی ١٨٦٥ زۆر دەنگی دایەوە و بوویە مایەی مشومڕ.











**ئۆلتراناسیۆنالیزم:** Ultranationalism ئایدیۆلۆجی ڕێباز ناوی لێکدراو
نەتەوەیی توندڕەو، یان باننەتەوەیی، بۆچوون و ڕێبازێکی توندڕەوانەی نەتەوەپەرستانەیە کە تەنها لە پێناوی یەک دەسەڵات یان نەتەوەدا کار و خەبات ئەکات، بە ئاقاری باڵادەستی بەرژەوەندی نەتەوەی خۆی لە سەروو هەموو دەسەڵات و نەتەوەیەکی ترەوە.

**ئۆلەی ـ ئۆلەی:** کینایە گەڕان ـ ٢ دکتۆر کوتار وەک خووی هەمیشەیی، لێرەشدا یاری بە وشەکان ئەکات، چونکە یەکەم جار کە ئەڵێ «بە شێرەوە»

بە فەڕانسەیی ئەکاتە {au lait ـ ئۆلەی} و بێژەکەی لەگەڵ {ollé ـ ئۆلەی} ئیسپانی، کە هاواری ئافەرین و هاندانە یەکە.

**ئۆلیڤیە مێترا:** Olivier Métra ئاوازدانەر {١٨٣٠ـ١٨٨٩} ئاوازدانەر و مایسترۆی فەڕانسەیی.




**ئۆلێنبۆرگ:** Eulenburg ڕامیار باڵوێزی ڤیلهێلمی دووەم لە ڤیەننا، ساڵی ١٩٠٦ بە تاوانی هاوڕەگەزبازی دادگایی کرا.

**ئۆلیگارکی:** Oligarchy سیستەم ئایدیۆلۆجی مافیا لە olígos ی یۆنانی بە واتای کەم و arkho بە واتای فەرمانڕەوایی، دەسەڵاتداری تاقمێکی بچووکە کە بوون و نەبوونی دارایی و پلەی باڵای خوێندن و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕامیاری و سەربازی جیایان ناکاتە؛ ئۆلیگارکییەکان دەستەیەکی خۆسەپێنەری سەرەڕۆن، پشتئەستوور بە هێز و توانایان. ئەرەستوو کە یەکەمجار ئەم دەستەواژەی بەکار هێناوە، بە واتای دەسەڵاتی ساماندارانی داینا‌وە. لە پاش سۆڤیەت، دەسەڵاتی ئۆلیگارکی ڕووسیە سەری هەڵداوە و بووە بە فەرمانڕەواییەکی نافەرمی نارەوا، مافیایەکی پەیوەندیدار بە باڵاترین ڕادەی دەسەڵاتی فەرمییەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەوترێ ئۆلیگارک فەرمانڕەوایی ڕووسیە ئەکات. ع حکم الأقلیة N oligarki د الیگارشی.






**ئۆڵمەک:** Olmec ژیار ناوی تایبەت یەکەم شارستانیەتی گەورەی مەکسیک بوون. ئەوان لە ناوچە نزمە گەرمەکانی کەنداوی مەکسیک لە هەرێمی ڤێراکروز و تاباسکۆی ئێستای مەکسیک دەژیان. ناوی ئۆڵمەک بە واتای خەڵکی لاستیک دێت. ع أولمك N Olmec د اولمک.




**ئۆمانیتە:** L'Humanite ڕۆژنامە ئۆرگان ڕۆژنامەیەکی چەپی بڵاوکرەوەی بیری سۆسیالیستیە، ١٩٠٤ دامەزراوە و لە ١٩٢٠ەوە ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسە و، هۆکاری پەیوەندیی لەگەڵ پارتی بووە، دروشمەکەی ئەوەیە: لە جیهانی نموونەییدا، مرۆڤایەتی بوونی نییە.




**ئۆمبێرتۆ د.:** Umberto D فیلمی سینەمایی نیۆریالیستی ئیتالیایی ١٩٥٢، دەرهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا.

**ئۆمنیپتێنس:** Omnipotence ئاییناسی ناو توانای بێسنوور، توانایی خاوەندێتی دەسەڵاتی بێسنوور. دینە یەکتاپەرستەکان بەگشتی توانای بێسنوور تەنها بە خوای خۆیان ئەزانن. لە فەلسەفەی دینە یەکتاپەرستە براییمیەکاندا، توانای بێسنوور نازناوی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خوایەکە

بریتییە لە زانایی ڕەها و هەمەلایەنە و خێرخوازی بێکەوشەن. کۆبوونەوەی ئەو هەموو لایەنە ئەرێنییە لە بوونەوەرێکدا زۆر پرسی هێناوەتە ئاراوە، کە بە شێوەی بەرجەستە پرسی «شەڕ» و خراپەیە، ئایە ئەو دەسەڵاتە بێسنوورە بۆچی ڕێگەی داوە خراپە هەبێ؟ لە فەلسەفەدا وتراوە کە تێگەیشتن لە توانای بێسنوور نالوێ.








**ئۆنێزیم:** Onesime سینەما زنجیرە فیلمی زانستی فەرانسەیی، لە ١٩١٢ـەوە.

**ئۆین:** deception ناو دەهۆ، تەفرە، جامبازی، ساختەکاری، فریو، گزە. ع خدعة N deception د حیلە.

**ئۆینباز:** beguiler, swindler ئاوەڵناو ئارداف، بەپێچ، بەدەهۆ، تەفرەباز، تەفرەدەر، تەڵەتەقێن، جامباز، جەڵەب، چاپباز، چاوبەست، حەفترەنگ، خاپێنەر، خاپینۆک، خەڵەتێن، داوباز، داولێدەر، دۆدە، دەسبڕ، ڕووبین، ڕیپۆ، زەخەڵ، ساختەکار، شەلاف، شێوەباز، فریودەر، فریوکار، فەنەک، فێڵاوی، فێڵوو، فێڵباز، فریودەر، کەلاجۆ، کەللاش، کەڵەکباز، گزەون، گزیکار، گوێبڕ، گەڕباز، گەڕساز، مەلاق. ع المحتال، غشاش، N svindler د غشاش، کلا هبردار.

**ئۆتریش:** L'Autriche جوگرافیا بێژەی فەڕانسەیی Austria ئوستریایە، خودی ئاڵمانییەکەی Österreich **ئۆستریک**، بە واتای مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتە. هەروها وشەی **نەمسا** کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکار ئەهێنرێ لە немецкий (نیمیەتسکی) ڕووسییەوە هاتوە؛ بێژەی Nemse نمزە لای ئووروویای

ڕۆژهەڵاتی باوە، کورد لە عەرەبی داگیرکەر، عەرەب لە تورکی داگیرکەری عوسمانی و تورکیش لە هەنگارییەکان وەرگرتووە. ئوتریش کۆمارێکی فێدراڵی ٩ ملیۆنییە لە کیشوەری ئورووپا، بە ئاڵمانی قسە ئەکەن.






**ئۆتۆمۆبیلی جووتوزە:** Hybrid vehicle ناو ☜ hybrid

**ئۆتۆمۆبیلی سەوز:** Green vehicle ناو ☜ hybrid

**ئۆتۆمۆبیلی هایبرید:** Hybrid vehicle ناو ☜ hybrid

**ئوتینگن:** Oettingen in Bayern جوگرافیا شارێکی بچووکە لە باڤاریای ئاڵمان، تا ١٨٠٦ میرنشین بووە.





**ئۆرتە:** ناو ناوەند، ناوەڕاست، مافوورەی گەورە لە ناوەڕاسا ڕادەخرێ د فرشی کە در وسط اُتاق اندازند.

**ئورارتوو:** Urartu مێژوو کوردستان یان ئوورارتوو یان شانشینی ئارارات، شانشینێک بووە کە لە سەردەمی ئاسن، لە سەدەی ٩ تا ٦ی پێش زایین دەسەڵاتی کوێستانەکانی دەورووبەری زرێباری وانی بە دەستەوە

بووە. ع أورارتو N Urartu د اورارتو.





**ئوردیبەهەشت:** رۆژژمێر مێژوو ئایینناسی ناو یان ئەرتەوەهێشت، لە ئایینی زەردەشتیدا یەکێک لە ئەمشاسپەندانە که لە جیهانی مینەویدا نوێنەری پاکیزەیی و لە جیهانی خاکیدا پاسەوانی ئاگر و بەرێوەبەری رۆژی ئەرتەوەهەشتە، مانگی گوڵان، مانگی شەستەباران، ناوی مانگی دووەمە لە مانگە دزراوەکانی کوردی، کە **میر سادقی دینەوەری** لە سەدەی سیانزەی هەتاوی (١٢١٨ـ١٢٨٣) بەرامبەر بە (١٨٣٩ـ١٩٠٤) زایینی، زیاتر لە پەنجا ساڵ بەر لە پەسەندکردنی رۆژژمێری تازەی ئێرانی لە لایەن (شۆرای میللی لە ١١ مانگی یەکی ١٣٠٤)دا و بە تایبەت بەر لە راگەیاندنی فەرمی ناوی (ئێران) لە ١٩٣٣دا، بە جوانی و دەروەشاوەیی پەلکەزێرینە هۆنیویەتەوە:

وەرینـان واتـەن سـاڵ دوانـزە مانگـەن
هـەر مانگـێ وێنەی مڵـک شـەش دانگەن
هـەر مانگـێ پەریـێ بەنـەن وە بـاڵاش
هـەر پەریێ سـەد رەنـگ مەنمانـۆ کالاش
مانـگ یەکەمـش مـای « فەرەودانـەن»
گـوڵ و وەنەوشـە پـەر نـە هەردانـەن
مانـگ دووهەمـش «ئەرتەوەهێشـتەن»
ئـای ئـای کوردسـتان وێنەی بەهەشـتەن

مانگ سێومشەن مانگ «هەرووەتاتەن»
مانگ هەڵاڵە و گەزیزە واتەن
مانگ چوارەمش مانگ «تێشتەرەن»
کەژ و کۆ و دەشت نەی دەم وەشتەرەن
مانگ پەنجەمش مانگ «ئەمورتاتەن»
مانگ بێ مەرگی و کام و هاواتەن
مانگ شەشەمش مانگ «شتروەرەن»
مانگ هەساره و ئافتاو و وەرەن
مانگ هەفتەمش هەر مانگ «میترەن»
مانگ شایی و وەشی و بەراتی مێهرەن
مانگ هەشتەمش مانگ «ئاوانەن»
مانگ ئاویاری دەشت و کاوانەن
مانگ نۆهەمش مانگ «ئاهرەن»
زێڵ جە پەژاره یەکسەر باهرەن
مانگ دەهەمش مانگ «دەتۆشەن»
هەر کەسێ پاک بۆ ئەو خاوەن هۆشەن
مانگ، یانزەهەمش مانگ «وەهمەنەن»
مانگ پاکان و مێردان وەنەن
مانگ دوانزەهەمش «سپەندار مەزەن»
مانگ ژنان و دویەتان گەزەن
سادق، گوفتارت خەیلێ شیرینەن
بێگۆمان ئانە واتەی دێرینەن

**میر سادقی دینەوەری**






**ئورزان:** stomping [ئاوەڵکار] سەما و هەڵپەڕکێ و پاکوتان بە شێوەیەکی ئاهەنگدار و ڕیتمیک. [ع] الدوس [N] trampe [د] پایکوبی، رقص.





**ئورکید:** orchid [ڕووەک] [ناو] گوڵێکی سوور و چێرەیی یەک ڕەگەزییە، گەڵایەکی لە دوو گەڵاکەی تری گەورەترە، لە تیرەی سارمە، سالمە کێویلەیە. ☜ گیاسالمە.



**ئورووسی:** [ناوی لێکدراو] زۆر سەرچاوە وشەکە ئەبەنە سەر ڕووسی، واتە

هەر شتێک لە ڕووسییەوە هاتبێ، وەکوو پەرنجەرەی گەورە و یان پیلاوی چەرم. پەنجەرەی ئورووسی، پەنجەرەی گەورەی سێ تاک و پێنج تاکە کە زیاتر بە ڕووی حەوشەدا ئەکرێنەوە، لە دارێک دروست ئەکرێ لە سەردەی فراکسینۆس Fraxinus و لە درەختە گوڵدارەکانی تیرەی نەعناسانانە (تێبینی: سان:٤ پاشگرە بە واتای هاوچەشن وەک هاوسان، یەکسان) و، جۆری وەن یان قەزوانی ئەم سەردەیە لە کوردستان ئەڕوێ؛ پەنجەرەی ئورووسی جگە لە داری ئورووسی کە جۆرێک قەزوانە، لە پەڵک و دارەتوو و دارگوێزیش دروست ئەکرێ. شاری سنە بە شاری ئورووسی ناوبانگی هەیە و تا بڵێی وەستای دارتاش و ئورووسی سازی هەبووە، زۆر کۆشک و سەرای ئەردەڵانییەکان هەتا ئێستاش لە سنە ماوە، کە بە زۆر نموونەی هونەرمەندانە و نەخشاوی پەنجەرەی ئورووسی ڕازاونەتەوە. هەندێ لەو کۆشکانە بە مەبەستی پاراستنیان کراون بە مۆزەخانە و ناوەندی هونەری.

درێژە ← دوو جۆر پەنجەرەی ئورووسی زیاتر لە کوردستان باو بووە، یەکیان نەخشی ئیسلیمییە کە زیاتر لە نەخشی گوڵ و گیا وەرگیراوە و لە نەخشی مافوورە و شێوەکاری تریشدا سوودی لێوەرگیراوە.

- دووەم شێوازی گرێچن، کە ئەم نەخشە سوود لە تەشکە ئەندازەیییەکان وەرئەگرێ و لە کاشیکاری و ئاجورکاریدا زۆر بەکار هاتووە.
- نەخشە سەرەکییەکان وەکوو ئیسلیمی و گرێچن، خۆیشیان نەخشی لاوەکییان هەیە و لەم ناوەدا نەخشی گوڵقولاپی گرنگی زیاتری هەیە، گوڵقولاپی بە واتای درەختی سەوڵ و هێمای ئازادییە، وەک مرۆڤی ئازاد کە ئامادە نییە سەر دابنەوێنێ، مەگەر لە بەرامبەر ئەوەدا کە بڕوای پێی هەیە. لەبەر ئەوەی پەنجەرەی ئورووسی بە زۆری بە شووشەی ڕەنگنامە و بە نەخشی جیاواز دروست ئەکرێن. پەنجەرەی ئورووسی بە ئینگلیزی پێی ئەوترێ Sash window کە Sash هەمان حەمبەل یان قردێلەی ڕەنگنامەیە کە لە هەموو وڵاتەکان باوە و بە جلی فەرمی و

سەربازی و لە بۆنەکاندا لەبەر ئەکرێ E Sash window.










**ئوریدیس:** Eurydice میسۆلۆجی لە میسۆلۆژی یۆنانی کچی ئاپۆلۆ خودای ڕووناکییە، هاوسەری ئۆریفۆس بوو کە هەوڵی دا بە مووزیکی بەسۆزی خۆی لە مەرگ بیگەڕێنێتەوە.



**ئوستاد:** master پیشە ناو پەهلەوی مەه وەستا، ئوستا، وەستا، کەسی پسپۆڕ و شارەزا لە ڕشتەیەکدا کە ئەتوانێ کەسانی تریش فێر بکات. ع الأستاذ N mester د استاد ڕیشەناسی بنجی وشەکە لە بنەڕەتدا بریتییە لە «ستاتا» {وەستاو}، سەر بە ڕیشەی «وەستان». مەبەست لە «وەستا» ئەو کەسەیە لە پێشەوە وەستاوە، واتا پێشەوا G ڕامان ◄ عەرەب بەکاری ئەهێنێ و کردوویە بە استاذ [الأستاذ: (مصطلحات): لفظ معرب بضم الهمزة، الماهر في صناعة يعلمها غيره، ج أساتذة ، واستاذون وأساتيذ. (فقهية)] G المعاني. ع استاذ N master, professor, maestro د استاد.

**معرب:** بەعەرەبکراو، وشەیەکی بیانی کە بە گوێرەی وشەسازی عەرەبی دائەڕێژرێتەوە وەک: الأستاذ و دَکْتاتُورِيّة، لەبەر ئەوەی زۆر بە کەمی ئاماژە بە سەرچاوەی وشەکە ئەکرێ، بۆیە زۆربەی «معرب»ـەکان دزراون تا وەرگیراو ☜ دزراو و وەرگیراو.

**بەرئوستاد:** pupil ناوی لێکدراو شاگرد، دەستپەروەردە، بەردەستی ئوستاد. ع التلميذ N elev د شاگرد. pupil بە بیلبیلەی چاویش

ئەوترێ. ئاناهیتا

**ئورێمیا :** uraemia پزیشکی میزاویبوونی خوێن، بە هۆی زیادبوونی ئووره لە خوێندا نەخۆش ژەهراوی ئەکا و ئەیکوژێ. ع یوریمیا N uremi د اورومی.

**ئوستادانی دەنگبێژ :** Meistersinger موزیک ئۆپێرا ئۆپێرای ریچارد ڤاگنەر.



**ئوستادی ئاسنگەر :** ئۆپێرا Le Maître de forges ڕۆمانی ژۆرژ ئۆنه، ساڵی ١٨٨٢ برایە سەر شانۆ.



**ئوستادی چێڵسی:** تێوەکار مەبەستی ویسلرە James McNeill Whistler کە ماوەیەکی زۆر لە چێڵسی ژیابوو، کە گەڕەکێکە لە لەندەن.



**ئوفتادە:** old ناوی چاوگ پیر، ئادەمیزادی پیری کەفتەکار، پیری لەکارکەوتە. ع عجوز N gamle د پیر و از کار افتادە.

ئەی تازەجوان پیر بی کە ئیفتادە و کەوتوم «نالی»

**ئولانگ:** Oolong خواردنەوە ناوی تایبەت جۆرە چاییەکی ڕەنگ تۆخی نە ڕەشی چینییە، بە گەڵاچای ژاکاوی بن هەتاوی تیژی بەر لە ئۆکسیدە بوون دروست ئەکرێت؛ وەرگیراو لە وشەی wGlóng بە واتای ئەژدیهای ڕەش. ع أولونغ N oolong د اولانگ.




**ئومنید:** Eumenid ميسۆلۆجی یان Erinyes لە ئەفسانەی یۆنانیدا ماخوای تۆورەی تۆڵەسەندنەوەی گوناهەکانی مرۆڤە. بە قژی بڕ و مار و مەشخەڵ و قامچییەوە پیشان دراوە.





**ئومێد:** hope ناو هیوا، ئاوات، ئارەزوو، هەستکردن بە چاوەڕوانی و ئارەزووی ڕوودانی شتێکی دیاریکراو. ع أمل N håp د امید.

**نائومێد:** despondent ئاوەڵناو هەستکردن بە نەمانی هیوا و ئاواتو ئارەزوو. ع یائس N fortvilet د ناامید، دلسرد E hopeless.












**ئوور :** Eure جوگرافیا پارێزگایەکە لە هەرێمی نۆرماندی باکووری فەرەنسە.

**ئوونا ئۆنیل :** Oona O'Neill {١٩٢٥ـ١٩٩١} ئەکتەری ئایریش ئەمریکایی، دوا هاوسەری چاپلین.






**ئەبداڵ :❶** substitute ئاییندناسی ئاوەڵناو عەبداڵ، عەوداڵ، دەروێشی گەڕیدە کە دەستی لە جیهان و سامانەکەی داشۆردووە و بە دوای ونبووی دا ئەگەڕێ. ع ابدال N erstatning د ابدال.

**ئەبداڵ :❷** میسۆلۆجی ئاوەڵناو لە {بَدَل}ی عەرەبی بە واتای توانای خۆگۆڕینی پیرانی سۆفی کە ئەگەر بیانەوێ یان بکەونە مەترسییەوە ئەتوانن ڕواڵەتی خۆیان بگۆڕن. ◄ بە ژمارەیەک لە پیاوچاکان {بە پێی ئەم بۆچوونە ژنیان تیا نییە}ئەوترێ کە جیهان بەوانەوە، واتە بە هۆی ئەوانەوە ڕاوەستاوە و، ئەوسا کە یەکێک لەم پیاوچاکانە ئەمرێ، خوا یەکێکی تر لە جێگەی دیاری ئەکات بۆ ئەوەی ژمارەیان کە گوایە حەوت یان حەفتا کەسە وەک خۆی بمێنێتەوە. ئەم دەستەیە لە هەموو ڕازەکانی سروشت و عەرز و ئاسمان شارەزان. نیشانەیان ئەوەیە کە منداڵ یان منداڵی نێرینەیان لێ ناکەوێتەوە. یەک لەمانە حەفتا ژنی هێنا و منداڵی لە هیچکامیان نەبوو. ئەوانەی ژمارەیان بە حەفتا ئەزانن ئەڵێن چلیان لە شام و سیەکەی تریان بە هەموو لایەکدا بڵاون. ئەوانەش کە ئەڵێن حەوتن بڕوایان وایە هەرکام لەم پیاوچاکانە دەسەڵاتی یەک هەرێم لە حەوت هەرێمی جیهانی بەدەستە و هەرکامەیان جێگرەوەی پێغەمبەرێکن. یەکەمیان جێگرەوەی ئیبراهیمی خەلیل و پارێزەری هەریمی یەکەمە، دووەمی جێگرەوەی مووسا

و پارێزەری هەرێمی دووەمە، سێیەمی جێگرەوەی هاڕوون و چوارەمی ئیدریس و پێنجەمی یووسف و شەشەمیان جێگرەوەی عیسا و حەوتەمین جێگرەوەی ئادەم و پارێزەری هەرێمی حەوتەمە.

**ئەبلە :** gullible ئاوەڵناو گێل، ساویلکە، حەپۆل، دەبەنگ، سەربەتاڵ، مووژەڵ، هێڕ، تێنەگەیشتوو، کەسێک کە بشێ بە ئاسانی سوودی لێ وەربگیرێت، بە تایبەت بە فریودان یان بەتاوانبار دانانی سەبارەت بە کارێک. ع ساذج {بەعەرەبکراوی «سادە»ی کوردی} N godtroende د ابله.

⇦ ساذج و طاذج هەردووکیان دزراون.

ن: ئەبلەخەرج: هەڵەخەرج. ن: ئەبلەڕەنج: ماندوو ئەبێ و ڕەنجی بەخۆڕایی ئەچێ.

**ئەبڵەق بوون :** startled چاوگی تێپەڕ مۆڵەق بوونی چاو، حەپەسان و چاوزەق بوون، دۆشدامان، هێدمەگرتن، داچڵەکانی کتوپڕ. ع أذهل، اندهاش N forskrekket د مبهوت شدن.

⇦ **ئەبڵەقبوون:** چاوگی تێنەپەڕ کەسێکە ناخودئاگا سەرسام ئەبێت. داچڵەکان.

⇦ **ئەبڵەقکردن:** چاوگی تێپەڕ سەرسامکردنی کەسێک بە وست. داچڵەکاندن.





**ئەبۆلۆشنیزم :** Abolitionism بزووتنەوە ڕامیاری ناو بزووتنەوەی کۆتاییهێنان بە کۆیلەداری بوو کە وەک بزووتنەوەی دژی ڕێسا و ڕێکخراوی توندوتیژ بەکار ئەهێنرێ؛ پاڵپشتی و لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی کردەوە یان دامەزراوێک، بە تایبەت سزای کوشتن یان کۆیلەداری. یەکەم ڕێسای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری ساڵی ١٥٤٥ لە ئیسپانیا دەرچوو، بەڵام

کۆیلەداری بە شێوەی بەرفرەوان لە لایەن بەریتانیا و ئەمریکا و فەڕانسە و ئەوانی ترەوە، لەساڵی ١٨٠٧ـەوە بڕیاری هەڵوەشانەوەی درا.






**ئەبولفەزل:** میسۆلۆجی عەباسی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیب، ناسراو بە ئەبولفەزل و لەبەر ئەوەی گەنجێکی قۆز و بوێر بووە لە لای شێعە بە قەمەری بەنی هاشم ناودێرکراوە، لە شەڕی کەربەلا لەگەڵ ئیمام حسێنی برای کوژراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەقا، واتە ئاوگێڕ بووە و ئاوی داوە بە هێزەکەی خۆیان، پێش ئەوەی بیکوژن، دەستیان بڕیوە.








**ئەبەڤیل:** Abbeville جوگرافیا شارێکە لە کەنار چەمی سۆم لە باکووری فەڕانسە، کە لە ڕێگەی کاناڵێکەوە ئەڕژێتە ناو زەریاوە.






**ئەبەنووس:** Ebony **ڕووەکی** **نـاو** کۆتەی ڕەش یان قاوەیی تاڵ، دارێکی گەرمەسێرییە، بۆ دروستکردنی کەلوپەلی گرانبایی بەکار دێ.





**ئەبێل گەنس:** Abel Gance **سینەما** **دەرهێنەر** (١٨٨٩ـ١٩٨١) دەرهێنەر و نووسەر و هونەرپیشەی فەڕانسەیی، تیۆریسیەن و پراکتیسیەنی پێشەنگی مۆنتاژ لە سینەما.

**ئەبێ:** **کـار** ئەبیستێ، کسێ سێیەم لە چاوگی بیستن **چاوگی تێنەپەڕ**.

**ئەپرنەی:** Epernay **جوگرافیا** لە شارەکانی باکووری فەڕانسە لە کەنار چەمی مارن.

**ئەپرونگ:** threadbare **ئاوەڵناو** شیتاڵ، کەچەڵە، تانوپۆدیار، پواو. ع ڕت N slitte د نخ نما.





**ئەپڵتینی:** appletini ناو مارتینی سێو (بە کورتی ئەپلێتینی) بریتییە لە کۆکتێڵێک کە ڤۆدکا و یەکێک یان زیاتر لە ئاوی سێو، سێو، لیکۆری سێو، یان براندی سێو لەخۆ ئەگرێت.




**ئەپۆفیس:** Apophis ئاییناسی ئەفسانە ناو ئەهریمەنێکی خراپەکار لە ئەفسانەی میسری کۆن لە تاریکییەکی ڕەهادا دەژیا. ئاپۆفیس کەسایەتی تایبەتی هەیە و شەیتان و تاریکییە و، لە بەرامبەر خوداوەندی ڕووناکی ڕا و مەعت دائەنرێت. ئەم ئێژەدە مارە هەڕەشەی لەناوبردنی خوداوەندی خۆر ڕای ئەکرد و بۆ ئەم مەبەستەش شوانە لە جیهانی ژێرزەوی (یان ئاسمان)دا ئەسوڕایەوە. لە سەرەتاوە سێس و مێهن (خودای سەر مار) بەرپرسیار بوون لە پاراستنی ڕا و خەپلەی خۆرەکەی. لە ململانێی نێوان ڕووناکی و تاریکیدا، ئەهریمەن بە چەقۆی هاوەڵانی ڕا بریندار ئەبێت. یۆنانیەکان ئەم ئەهریمەنەیان بە ناوی ئەپۆفیس ئەناسی، بەڵام ناوەکەی تری (ئەمپۆس)ە.




**ئەپیسکۆپاڵ:** Episcopal Church ئاییناسی کلیسای مەترانی، کلیسای

پرۆتستانی قەشەگەری لەئەمریکا. ئایینزایەکی هێڵی سەرەکی ئەنگلیکەنە.
ع الكنيسة الأسقفية N Episkopale kirke د کلیسای اسقفی. ☜ مەتران.






**ئەتاڤیزم:** atavism کۆمەڵناسی ناو میراتی خوێنی، وازی گەڕانەوە بۆ شێوە و خوو و ئەدگاری میراتی دا و باپیران. ع عدواني N atavisme د اتاویزم
ن: کۆمەڵگەی پێشکەوتوو زیاتر پەلاماری ئەتاڤیزمی گۆڕکراوی خۆی لە سەرە.








**ئەتالی:** Athalie شانۆ شانۆنامەی ١٦٩١ نووسینی ژان ڕاسین.

**ئەترووسکی:** Etruscan ژیار یان ئەترووسکانی شارستانیەتی ئیتالیا لە ٧٠٠ تا ٥٠ی پێش زایین کە سەرچاوە ئەترووسکییەکان وای دەرئەخەن لە کوردستانەوە چوون بۆ ئەوێ. ڕۆمییە کۆنەکان ئیترۆسکانیان بە توسی Tuscii یان ئیترووسی Etruscii ناو ئەبرد. ناوی ڕۆمی سەرچاوەی زاراوەی

توسکانییە کە ئاماژەیە بۆ ناخی مەڵبەندی ئەوان و، ئیترووریا Etruria ئاماژەیە بۆ ناوچەیەکی فراوانتر کە لە بندەستی ئەواندا بووە. مەڵبەندی ئەترۆسکی لە باکووری بۆلۆنیا تا باشووری ڕۆما هەڵکەوتوون.














**ئەتک:** mutilate [ناوی فەرمان] ئەتککردن، ئازار و جەزرەبەی بێبەزەییانە، ئەشکەنجەی بڕبڕیکردن. [ع] بتر [N] lemleste [د] مثلە کردن.

**ئەتڵەس:** Atlas [میسۆلۆجی] بە واتای وڵسات و باربەر، لە میسۆلۆژی یۆنانیدا یەکێکە لە تایتانەکانی تۆرەمەی دووەم، کە لە پاش تایتانۆماکی بە ڕاگرتنی هەمیشەیی زەوی یان ئاسمان سزا دراوە. ئەتڵەس لە تیرەی خوایانی پێش ئۆلیمپی واتە بوونەوەرانی سەمەرەیە. [شێوەزانست] ئەستێرەناسی شێوەزانست لای وایە ئەتڵەس ڕێسای ئەستێرەوانی فێری مرۆڤ کردووە و لە لایەن ئەوانەوە پلەی خوداوەندی دراوەتێ. [ع] اطلس [N] Atlas [د] اطلس.














**ئەتنیک:** ethnic مرۆڤناسی ناو نەژادی، ڕەگەزی، پەیوەندیدار بە هۆز یان بن ـ ڕەگەزێک لە مەردم یان جەماوەر (لە دەستەیەکی نەتەوەیی بە فەرهەنگی مەزنتر یان داسەپاو) بە نەریتی نەتەوەیی یان فەرهەنگی هاوبەشەوە.
ع عرقي N etnisk د قومی.

بن ـ ڕەگەز: subgroup لقێک لە ڕەگەزێک، هۆزێک.

بن ـ زاراوە: sub ـ dialect زاراوەی لاوەکی: بن ـ زاراوەی ئەردەلانی لە زاراوەی سۆرانی.

**ئەتنۆلۆجی:** ethnology مرۆڤناسی ناو ڕەگەزناسی، زانستی تۆژینەوە لە تایبەتمەندی ڕەگەز و هۆزە جۆراوجۆرەکان و جیاوازی و پەیوەندی نێوانیان

family, folk, nation, nationality, people, race, Ethnic

خێزان، مەردم، نەتەوە، نەتەوەیی، گەل، ڕەگەز، هۆز

familie, folk, nasjon, nasjonalitet, mennesker, rase, etnisk

الأسرة، الشعب، الأمة، الجنسية، الناس، العرق، الإثنية

خانوادە، قوم، ملت، ملیت، مردم، نژاد، قومی.




**ئەتەکێت:** etiquette کۆمەڵناسی داب ـ ونەریت ڕیشەناسی دابی هەڵسوکەوت، هیی سەدەی هەژدە فەرانسە، واتە زانست و پەروەردەی کۆمەڵایەتی kith بریتییە لە هەڵسوکەوت، ئاکار، ڕەفتارکردن، ڕێزگرتنی مروڤ لە خۆی و بەرامبەرەکەی، هونەری ڕەفتارکردن لەگەڵ خەڵک، هونەری ڕەوشتبەرزی

و ڕەفتارکردنێکی کۆمەڵایەتیی پەسەندکراو؛ بە واتایەکی دیکە ئەتەکێت چەمکێکە، مەبەست لێی بەگشتی بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیرییە لە ڕووە مرۆییەکانەوە، کە کەم جار لە وڵاتێکەوە بۆ ئەوی دی گۆڕانکاری بە خۆیەوە ئەبینێت. ع علم اداب معاشرت N etikette د آداب معاشرت.

دریژه «مووسا شربیل» ئەڵێت: «هەموو کۆمەڵێک بە شێوەیەکی کارا و بێ هیچ تێچوونێک داب و نەریتی خۆی پەیڕەو دەکات، ئەمەیش لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت، لە کاتێکدا هەموو هەڵسوکەوتێکی گشتی و شکۆدار و باڵا لە کۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا پەیڕەو دەکرێت، بۆیە هەموو مرۆڤێک دەتوانێت لە ڕێگەی فێربوونەوە بەدەستی بێنێت؛ ئەمەیش ئەوەیە کە ئورووپاییەکان پێی ئەڵێن etiquette

وشەی **étiquette** ی فەرانسەیی بە واتای label و لەقەمە.

**ئەتەنی:** لە {تەنین چاوگی ئێنەیەر} چنین، ڕایەخکردن، تەون تەنین، بەڕەکردن، تەنینی تەونی جاڵجاڵووکە.

**تەنینەوە:** ناوی چاوگ گیرۆیی. ن: ئەو ئاهۆیە لە تەنینەوە دایە.

**ئەتین ژول مارە:** Étienne_Jules Marey {١٨٣٠ـ ١٩٠٤} زانا و دەروونناس و کرۆنۆفۆتۆگرافەر.

**ئەختوچار:** scour ناوی چاوگ کروکاش، پەلوپۆ، قەکۆلین، لێگەڕان زۆربەتوندی. ع البحث الجاد N søker hardt د جستجو.

**ئەخەلەسێ:** immunity لە چاوگ {خەلەسان} چاوگی ئێنەیەر}، پارێزراوی پەیداکردن.

نەخۆشێک کە لە بەرامبەر نەخۆشینەکەی توانای بەرگری پەیدا ئەکا. ع مناعة، حصانة N immunitet د مصونیت.

**ئەخێورایەوە:** لە {خێورانەوە} چاوگی دوولو} واتە دڵی خەریک بوو سۆی ئەبوویەوە، دڵی خەریک بوو ئەتوایەوە، ئەم دارەتە هەم پەیوەندی بە باری دەروونی مرۆڤەوە هەیە و هەم بۆ کاتی لاوازیی بە هۆی نەخواردنەوە

بەکار دێ.

**ئەددی:** دەنگەوشە زۆر وایە، وشەیەکە بۆ پووچاندنەوەی وتەی وێژەر بە گاڵتەوە ن: ئەددی! چاک نەت بردەوە؟

**ئەددی:** دەنگەوشە وشەی سەرسووڕمان ن: یەکێک ئەڵێ: سالار ناخوێنێ. وەڵامەکەی ئەڵێ: ئەددی!

**ئەدگار:** mettle ئاوەڵناو تایبەتمەندی، توانا و بەهرەی کەسێی، فرۆزە، جۆنێتی؛ بیچم. ع مزاج، صفة N mettle د صفت، خاصیت، خصلت.

**فرۆزەمەند:** personification ئاوەڵناوی لێکدراو بەئەدگار، ئەدگارمەند، پێدانی کەسایەتی یان تایبەتمەندیی مرۆیی بە شتێکی نامرۆیی یان بە نوێنەرایەتی لە چۆنایەتی دابڕاو لە بیچمی مرۆییدا، یان بە پێچەوانە دانی تایبەتمەندیی نامرۆیی بە مرۆڤ؛ وەکوو خواوەندئاسا، فریشتەئاسا، پەریشێوە، پەریوەش. ع الصفة المجسدة، تجسید N personifisering د تجسم شخصیت.

**ئەدگارهاوێژی:** Psychological projection دەروونناسی ناسازی ناوی لێکدراو یان ئەدگارهاوێژی دەروونناسانە، کە نەخۆش کردار و کێماسی و خووی ناپەسەندی خۆی ئەداتە پاڵ خەڵکی و، ئەمە لە ڕاستیدا سیستەمێکی بەرگری و داکۆکی لەخۆکردنە. ◀ زیگمۆند فروید یەکەم کەس بوو ئەم مژارەی لە دەروونناسیدا هێنایە ئاراوە. ◀ لە واتای وشەدا هاویشتنە بۆ دەرەوە، واتە کەسان بیرۆکە و وێنا و وازی خۆیان بەسەر ژینگەی دەرەوەدا ئەسەپێنن. ◀ ئەم دەرەکیسازییە بریتییە لە وەرگرتنی چالاکی ئاوەزی، وێنا و نیشانەکان وەکوو ڕۆژەڤ (بۆ وێنە لە خەون و هورم و وەرمدا) یان شوێنگرکردنی هاندەر و کەڵکەڵەی هەبوو لە هەناوی «خود» یان ئیگۆ، لە سنووری ڕۆژەڤ یان ئۆبجێکتەکان، جەماوەر یان بوویەرەکانی تردا. ع الإسقاط النفسِ N Psykologisk projeksjon د فرافکنی روانشناختی.










**ئەدگاری فەرهەنگی:** ethos ڕەوشت فەرهەنگ گیانی تایبەتمەندی کولتوور، سەردەم، ڕەوشت یان کۆمەڵگەیەک وەک ئەوەی لە بیروباوەڕ و ئاواتەکاندا ڕەنگ ئەدەنەوە. ع روح الشعبي N etos د صفات و شخصيات.

**ئەدۆنیس:** Adonis میسۆلۆجر لە میسۆلۆجی یۆنانیدا، نیشانەی سروشت و بووژانەوەی ژیانی ساڵانەیە. ئەدۆنیس گەنجێکی قۆز و دەزگیرانی ئافرۆدیت بوو کە ئارێس ئیرەیی پێئەبرد. ئارێس خۆی ئەکا بە بەراز و ئەدۆنیس ئەکوژێ. لە خوێنی ئەدۆنیس گوڵاڵە ئەڕوێ و ئافرۆدیت خەم دای ئەگرێ. ئافرۆدیت داوا لە بریسفوونە ئەکا ڕێگە بدات ئەدۆنیس هەموو ساڵێک چوار مانگ زیندوو ببێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ زەوی، لەم ڕووەوە ئەدۆنیس بە نموودی ژیانەوەی سروشت دائەنرێ.



**ئەرابەی باڵندە:** UFO دیاردە فانتازیا شێوەزانست یوفۆ، کەشتی باڵندە، دەفری باڵندە، جۆرە کەشتییەکی باڵندەی سەممەرەیە کە لە هەندێ وڵات ئەڵێن بینیویانە و زۆر کەس پێیان وایە لە جیهانێکی غەوارەی دەرەکییە هاتوون.
ع جسم غامض N UFO د بشقاب پرندە.




**ئەرامەندە:** underdog ئاوەڵناو پەرێشان، بڕەش، بەلەنگاز، بەرچەپۆکە، بێدالدە، چەوساوە، کز، داماو، سەرکوتکراو، کەنەفت، چارەڕەش. ع
المستضعف N underdog د توسری خور:

جە واتەی شێرۆ سەرەفکەندە بین
جە سەودای گەردوون ئەرامەندە بین
خانا

**ئەرباب:** ئازناو ناو خان، خاوەن، زەویدار.

**ئەرتابان:** Artaban ژنراڵ ژنراڵێکی ئەرمەنی نەژادی سپای ڕۆمای ڕۆژهەڵات یان ئەمپراتۆری بیزەنتی لە سەدەی شەشەم لە سەردەمی جاستینیەن.

**ئەرتەوەهێشت:** میسۆلۆجی ڕۆژنامە ناو مانگی گەشانەوەی سروشت و خەمڵینی گوڵ و بوونی جیهان بە بەهەشتە، بە واتای ڕاستی و ڕێسا و ئایینی ئێزەدی و پەرەدیسە، پارێزەری ئاگرەکانی سەر ڕووی زوی؛

لەدایکبوانی ئەرتەوەهێشت کراوە و ڕووخۆشن، وازی هونەریان هەیە و تەمەنیان درێژ ئەخایەنێ؛

ناوی سێیەمین ڕۆژی هەر مانگێکی خوردشیدییە، ناوی مانگی دووەمی ساڵی خورشیدییە، لەو ماوەیەدا هەتاو وا لە کەلووی کەڵیا یان گا Taurus دا، دووەم مانگی بەهارە، ئەرتەوبەهەشتەگان جەژنی ڕۆژی سێیەمی ئەرتەوەهێشتە؛

گوڵان، بانەمەڕ، جۆدرەو و مانگی تێرەخۆرەیە:

مانگ دووهەمش «ئەرتەوەهێشت»ـەن

ئای ئـای کوردسـتان وێنەی بەهەشـتەن

هەرووەتات








**ئەرخایەن:** confident **ئاوەڵناو** ئارخایەن، ئارخەیان، بڕوابەخۆ، دڵنیا، بێگەمەر، بێ ترس و دوو دڵی. ع موثوق N selvsikker د مطمئن.

**ئەرخووت:** **ناو** لۆلەپەی مەشکە، دوو داری گرۆقەری خەڕاتیکراوی لە دۆڕەنگ خراو.








**ئەرخە: support** فەرمان یاریدەر، کۆمەگ، پشتیوان. ع دعم N brukerstøtte د حمایت، پشتیبان.

ن: ئەرخەی هەیە، بۆیە پاشگەز نابێتەوە.

**ئەرخەوانەسوور:** ئاوێلکراو زۆری و خوڕی و قورسی وەک لافاوی **ناو چەم و ڕووبارە** لە سەرەتای بەهار و سووربوونی ئەرخەواندا، کە بەفری کوێستان ئەتاوێتەوە، ئاوی سارد تاشەسەهۆڵی زەبەلاخ لەگەڵ خۆی ئەهێنێ، گڵەسوورەی سەرڕێگا ئەشۆرێتەوە و ئاوی بەتەوژم وەک قوراوی ئەرخەوانییە.

تێبینی: ئەرخەوانەسوور وشەیەکی لێکدراوی هێمایییە، وشەی سوور ئەلوێ ئاوەڵناو بێ بۆ ئەرخەوان و هەموو واتاکانی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە. بۆ نموونە هەرچەند ئەرخوان و سوور هیچ پەیوەندییان بە لافاوەوە نییە، وشەی ئەرخەوانەسوور بۆ هەموو دانیشتوانی شاری سەقز تەنها یەک وێنا ئەنەخشێنێ، ئەویش ئەو کاتەیە لە سەر پردی ئاسن وەستاوە و چاوی بە ئاوی ئەرخەوانی وەک قووڕە سوورەی پڕ لە تاشەسەهۆڵ ڕێشکەوپێشکە ئەکات.

تێبینی: ئەرخەوانەسوور، بێژەی باوی ناوچەی سەقزە و بە «ئەرخەوانسوور» و «ئەرخەوان سوور»یش تۆمار کراوە.

خاڵ ⟵ **ئەرخەوانسوور:** کاتی سوور بوونی ئەرخەوان لە بەهاردا.

⟵ **ئەرخەوانسوور:** بریتییە لە هاتنی لافاو بە زۆری.

ن: ئەوەندە باران باریوە تانجەڕۆ ئەرخەوانسوور هاتووە.

پێژگە ⟵ **ئەرخەوان سوور:** سێڵاوی بەهاران کە هەڵدەستێ و لێڵ و مەیلەو سوورە.

ن: ئەرخەوان سووری بەهارە جەغەتووی فرمێسکم ~ ئەوی سامانی دڵە بردی هەمووی فرمێسکم «بۆران»

هەنبانە بۆرینە ⟵ **ئەرخەوان سوور:** بریەتیە لە هەوەڵی نەورۆز.





**ئەردەشێری پاپەکان:** شا ناوی تایبەت یان ئەردەشێری یەکەمی ساسانی، (٢٤٢ـ١٨٠ .ز)، کوڕی بابەک، کوڕی ساسان، شاهەنشای ئاریان، دامەزرێنەری پاشایەتی ساسانی کوردە لە ساڵی ٢٢٤ی پێش زایین.





**ئەردەشێری یەکەم:** شا ناوی تایبەت یان ئەردەشێری یەکەمی مادی (مردن ٤٢٤ .ز) کوڕی خەشایارشا، شەشەمین پادشای خولی دووەمی ئیمپراتۆری ماد، لە ساڵی ٤٦٥ تا ٤٢٤ی .ز.





**ئەردەشێری دووەم:** شا ناوی تایبەت یان ئەردەشێری دووەمی مادی، یان ئەرشەک، یان ئەردەشێری مەنموون {٤٤٥ـ٤٠٤پ.ز†} نۆیەمین پادشای مادی خولی دووەم، کوڕی داریووشی دووەم و پرۆشات کە پاش مردنی باوکی بوو بە پادشا.





**ئەردەشێری سێیەم:** شا ناوی تایبەت یان ئەردەشێری سێیەمی مادی، یان وەهووک {٤٢٥ـ٣٣٨ پ.ز†} دەیەمین پادشای مادی خولی دووەم. کوڕی ئەردەشێری دووەم و ستاتیرا.






**ئەردەکان:** جوگرافیا ناوی شارێکە لە پارێزگای فارس، شارێکیش بە هەمان ناو لە پارێزگای یەزد هەیە.

**ئەرژەنگ:** ڕووەک ناو دارێکی سەختە هەمانی لێ دروست ئەکەن.

**ئەرکاشۆن:** Arcachon شار و مەڵبەندێکی زۆزانی خۆش ئاووهەوایە لە هەرێمی لاند لە باشووری ڕۆژهەڵاتی فەرانسە.

**ئەرکداری:** tenure ناو ماوەی کارکردن لە کارێکدا. ماوەی سەرۆکایەتی،

ماوەی فەرمانبەری. [ع] فترة، فترة حكم [N] funksjonstid [د] تصدی.

**ئەرکنامە :** errand ناوی لێکدراو ڕاسپاردەی تەتەری، ئەرکی چوون بۆ شوێنێک و ڕاپەڕاندنی کارێک، گەشتی ڕاپەڕاندن. [ع] مامورية [N] ærend [د] ماموریت.

**ڕاسپاردە :** messenger ناوی چاوگ کەسێک کارێکی پێسپێردرابێ، ناردراو بۆ کارێک. [ع] رسول [N] budbringer [د] فرستادە.

**تەتەر :** ناو پەیک، پۆستچی، کەسێک نامە ئەهێنێ و ئەبا؛ مرۆڤی بەلەز و خێرا.




**ئەرکی سەلماندن :** burden of proof دادوەری ناوی لێکدراو لە ناکۆکی ڕێسایی‌دا لایەنێک باری سەلماندنی لەسەرە بۆ ئەوەی نیشان بدات کە ڕاستە، لە کاتێکدا لایەنی بەرامبەر ئەو ئەرکەی لەوەوە نییە و وا گریمانە دەکرێت کە ڕاست بێت. واتە لایەنێک پێویستی بەوە هەیە بەڵگە پێشکەش بکات بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانەی کە پێویستن بۆ بەراوەردەکردنی هەموو توخمە ڕێساییە پێویستەکانی ناکۆکییەکە. [ع] عبء الاثبات [N] vitnesbyrd [د] وظیفه اثبات. G قانوونی

**ئەرمەزریا :** tenacious ئاوەڵناوی لێکدراو بنەگرتوو، بەرقەرار، پایەدار، پەیت، جێگیربووگ، خۆگرتی، داکوتیاگ، دامەزراو، ڕاوەستاو، ڕوختە، ساوکە، سفتوسۆڵ، سەقامگیر، واپەر، هەویاو. [ع] قوی [N] utholdende [د] محکم و سخت.

**ئەرنانی:❶** Hernani رۆمان دراماییەکی ڕۆمانتیکە، نووسینی ڤیکتۆر هوگۆ. ساڵی ١٨٣٠ لە پاریس برایە سەر شانۆ، زۆر دەنگی دایەوە و بوو بە هۆی جەنگی نێوان کلاسیک و ڕۆمانتیکدۆستەکان. ناوی ڕۆمانەکە لە ناوی شاری هەرنانی لە باشووری هەرێمی باسک وەرگیراوە.







**ئەرنانی:❷** Hernani جوگرافیا شارێکە لە ناوچەی گیپوزکوا Gipuzkoa لە هەرێمی باسک، لە لای چەپی چەمی ئورومیە Urumea. هوگۆ ناوی ڕۆمانی ئەرنانی لە ناوی ئەم شارە وەرگرتووە.






**ئەروە:** François_Marie Arouet نووسەر وێژە فرانسیس مەری ئەروە، ناوی ڕاستەقینەی ڤۆڵتێری نووسەر و هونەر و شانۆگەری مەزنی فەرانسەییە.
☜ ڤۆڵتێر



**ئەرەستوو :** Aristotle فەیلەسووف {٣٨٤ـ ٣٢٢} فەیلەسووف و زانای مەزنی یۆنانی، بیست ساڵ لە فێرگەی پلاتۆ خوێندوویەتی و لە زۆر بواری زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا نووسیوێتی، دانەری زانستی لۆجیکە و ناسراوە بە مامۆستای یەکەم.

ن: ئەو ژیانەی کە تەنها یەک جار نەچووەتە ژێر پرسیارەوە، بایەخی ژیانی نییە.



**ئەرەکتیۆم:** Erechtheum ئاپیینناسر ناوی جێگا پەرستگەیەکی یۆنانی بوو، لە ٤٢١ـ٤٠٦ی پ. ز. لەسەر گردی ئاکرۆپۆل دروست کرا، بۆ خزنی پۆسیدۆن خوای زەریا و ئەرکسیۆس پادشای ئەفسانەیی یۆنان، یەکێک لە دەریزانەکانی کارباتید Cariatides پەیکەری کچانی جوانە کە پێیان ئەوتر کۆرای Korai.







**ئەرێنی و نەرێنی:** positive and negative لایەنی باشە و نەباشە لە بواری

ڕێزمان و کۆمەڵناسیدا سوودی لێ وەرئەگیرێ، «کەم و کۆ» بۆ بیرکاری، بۆ فیزیک و وزە و کارەبا «سارد و گەرم» هەمان واتا ئەگەیەنن. [ع] ایجابي وسلبي [N] positiv and negativ [د] مثبت و منفی.

**ئەریبالد و گیسکار:** Heribald and Guiscard [مێژوو] دوو سەرکردەی نوورمان بوون. گیسکار (١٠١٥ـ١٠٨٥) لە دامەزرێنەرانی دەسەڵاتی نوورمانی سیسیل و باشووری ئیتالیا بوو.

**ئەریحا:** Jericho [جوگرافیا] جەریکۆ، یەریکۆ. [ع] اریحا [N] Jeriko [د] اریحا، شارێکە لە فەلەستین، لە ٣٣ کیلۆمەتری ئۆرشەلیم، لە دەراوی چەمی ئوردن. بە گوێرەی تەورات، پەرتووکی یەشوع، بەشی ٢ تا ٧: یەکەم شارە کە هۆزی ئیسرایل کاتی گەیشتن بە زەویی بەڵێندراو، واتە کەنعان، هاتە سەر ڕێیان. ئەم شارە شوورەی بەرزی هەبوو. سپای جوولەکە بۆ حەوت ڕۆژ شارەکەی گەمارۆ دا و ڕۆژی حەوتەم فوویان کرد بە کەرەنادا و دایانە قریوە. لە زۆریی دەنگی کەرەنا و قریوەی سەربازان، «شوورەی ئەریحا دارووخا.» «ئەوان چوونە ناو شار و لە پیاو و ژن و گەنج و پیر و تەنانەت گا و مەڕ و کەیان بە شمشێر قەلاچۆ کرد.»







**ئەریس:** Eris [میسۆلۆجی] لە میسۆلۆژی یۆنانیدا ماخوای ناکۆکی و ئاریشە و دووبەرەکی نانەوەیە. ناوەکەی بەرامبەر بە وشەی Discordia لاتینییە کە بە واتای «ئاژاوە»یە، پێچەوانەی یۆنانی ئەریس ئەکاتە هارمۆنیا کە بە لاتین ئەبێ بە کۆنکۆردیا. هۆمێر ئەریسی بەرامبەر بە «ئەنیۆ Enyo» ماخوای جەنگ داناوە، کە هاوتا ڕۆمییەکەی ئەبێ بە بێلۆنا. هەمسارەی

بچکۆلانەی ئەریس بە ناوی ئەم ماخواوە ناونراوە.






**ئەڕابە:** ئامێر کەرەستە عەرەبانە، کە هەم گارییە بووە و هەم جۆرێکی قورس و قۆڵی لە جەنگدا بەکار هێنراوە.



**ئەزارە:** plinth نژیارقانی ناو هەزارە، پادیوار، بەشی خوارووی ستوون و دیوار کە بە بەرد یان کەرپووچ یان کاشی یان تەختەی جیاواز ئەڕازێنرێتەوە و لە بەشەکەی تری جیا ئەبێتەوە. ع حافة، قاعدة تمثال أو عمود N sokkel د ازارە.






**ئەزبەری:** slushy ڕینگاژ ناو خواردنەوە بەستوو، جۆرێکە لە خواردنەوە بە سەهۆڵی تامدار و خواردنەوەیەک دروستکراوە. بە هۆی ئەوەی شەکری تێ دایە و پلەی گەرماکەی تۆزێک لە سەرووی سفرەوەیە بەیبەستێ. جۆرێکی گازدارە پێی دەوترێت خواردنەوەی گازی بەستوو.
ریشەناسی ئەزبەری لە وشەی raspberry بە واتای تووترکەوە هاتووە. ٤
سلاش N slush د یخ در بهشت.




**ئەزبێست:** Asbestos کیمیا ناو لۆکەی نەسووت، لۆکەی کانی، جۆرێک سیلیکات یان بەردی ئاگرینە و لە سروشتدا وەکوو داوی کانی هەیە.

فینلاندییەکان، ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەزبێستیان بۆ دروستکردنی سواڵەت و دەفری گڵینە بەکار هێناوە. ئەزبێست لە دروستکردنی ئەم بەرهەماندەدا سوودی لێ وەرئەگیرێ:

- لوولەی ئەزبێستی چیمەنتۆ،
- جلی نەسووت، کاغەزی نەسووت،
- کلاچ و لێنتی ستۆپ،
- ئاسفاڵت و سێرامیک و پلاستیک سازی.



**ئەزتەک:** نەتەوە بوومی ناوی لێکدراو دانیشتوانی بوومی ئەمریکایی، کاتی داگیرکردنی ئیسپانیا لە سەرەتای سەدەی ١٦ادا زاڵ بوون بەسەر باکووری مەکسیکدا. ئەزتەکەکان کولتوورێکی کۆچەریان هەبوو و، لە کۆتاییدا لە چەندین دوورگەی بچووک لە زرێواری تەکسکۆکۆ Texcoco نیشتەجێ بوون و ساڵی ١٣٢٥دا شارۆچکەی تێنۆچتیتلانیان دامەزراند، کە شارێکی مەکسیکی هاوچاخە.






**ئەزمان گا:** ڕووەک ناوی لێکدراو زمانەگا، گیایەکە گەڵاکەی لە زمانی گا ئەچێ، بۆ واتای «گاوزبان»، لە فەرهەنگی فارسی دێهخودا نووسراوە بە کوردی پێی ئەوترێ {ازمان غا}کە هەمان «زمانەگا» یە.

**گۆزروان:** زمانەگا، ئەزمان گا، گیایەکە گەڵاکەی لە زمانی گا ئەچێ، بۆ واتای «گاوزبان»، لە فەرهەنگی فارسی دێهخودا نووسراوە بە کوردی پێی ئەوترێ {ازمان غا}کە هەمان «زمانەگا» یە د گاوزبان N Borage ع لسان الثور E Borage.



**ئەژار :** ancestors ناو خەرمان، جێژ، شوێنی کۆ کردنەوەی دغڵ و دان. ع حصاد N innhøsting د خرمن

**ئەژدا :** ancestors ناو ئەژداد، باوداپیران. ع أسلاف و اباء N forfedre د نیاکان.

**ئەژدەر :** torpedo چەک ناو پەیکان، تیر، خەدەنگ، مووشەکی بن زەریا، تۆرپیدۆ. ع نسف N torpedo د اژدر.



**ئەسپادەم :** میسۆلۆجی یان سێنتۆر Centaur گیانەوەرێکی ئەفسانەیی، نیوە مرۆڤ نیوە ئەسپە.

**ئەسپاردە❶:** safekeeping ناوی چاوگ ئیرمان، پاراستن و پارێزگاری کردن، پارازک، پازداری، چاودێری، زێرەڤانی. ع الودیعة N oppbevaring د امانت.

**ئەسپاردە❷:** letter of Recommendation کۆمەڵناسی داب ونەریت ڕاسپاردە؛ پێشنیاز و پشتگیری بۆ یارمەیدانی کەسێک. N anbefalingsbrev ع توصیة N anbefalingsbrev د توصیه نامه.

**ئەسپۆن :** soap_root ڕووەک بەهداشت سپۆن، گیاکەفە، گیایەکە لە تیرەی chenpodiaceae گوڵی تۆپ و لقی باریک و گەڵای دڕکاوی وردی سوێر و ریشەی ئەستووری هەیە. ریشەکەی وشک ئەکرێ و ئەکوترێ، هاڕدراوەکەی وەکوو سابوون بۆ جلشۆردن بەکار ئەهێنرێ. ع صابون عشبي N oap_rot د اشنان، صابون گیاهی.



**ئەسپەرە ڕۆمی:** lavender **ڕووەکی** شارێحانە، خەزیمە کێویلە، دەوەنێکی هەمیشە سەوزە لە تیرەی نەعنا، گەڵای باریک و گوڵەکانی مەیلەوبەنەوشی بەرەو سوور_بەنەوشە. لە کۆنەوە بۆ بەرامە و بخوور سوودی لێ وەرگیراوە.




**ئەسپەندەر:** peganum harmala, wild rue **ڕووەکی** قانگ، هەرمەل، دەنکە گیایەکی بۆنخۆشی خڕە بە قەد نۆکێک ئەبێ بەڵام ناوەکەی بۆشە و تەنها چەند دانە تۆوی وردی تێدایە، بۆ چاوەزا ئەیکەنە ناو ئاگر و زیاتر ئاگری پۆلوو، کاتێ سووتان قرچەی لێوەدێ و بۆنێکی خۆش بڵاو ئەکاتەوە **هێمایە**: وەک ئەسپەندەرێک بەسەر ئاگرەوە، مایەوە: هەر دەم بۆی هەبوو

بتەقێتەوە، خوّی پێ ڕانەگیرێ و دەرپەڕێتە دەرەوە، چونکە ئەسپەندەری سەر ئاگر لەپڕ ئەتەقێتەوە. ع حرمل N peganum harmala, vill rue د اسپند.






**ئەسپی سپی:** Crin Blanc سینەما فیلم کورتەفیلمی فەڕانسەیی ١٩٥٣ی منالآن دەرهێنانی ئالبێر لامۆریس، ژێوەرگیراو لە ڕۆمانی ڕێنێ گیلۆ René Guillo.




**ئەسپی یەکشاخ:** unicorn ئەفسانە هێمایر یان یەکشاخ، ئەسپێکی ئەفسانەییە شاخێک لە ناوچاوی هاتبێ؛ پتر لە هەزار ساڵە ئەمارەی پێئەکرێ و ئەوترێ ڕەنگە لە سکاندیناڤییەوە هاتبێ. ئامارەیە بە

خوليا و ئارەزوويەک بە ئاسانی بەدەست نایەت. [ع] وحيد القرن [N] Enhjørning [د] اسب تک شاخ.






**ئەسترێلک:** Eremurus ناو سترک، سرێش، چەسپی کاغەز، لە ڕیشە و گەڵای گیای سرێش ئەگیرێ کە گیایەکە لە تیرەی گوڵاڵە، گوڵی هێشوویی و گەڵای درێژ و سەوزی هەیە، زیاتر دارتاشان بەکاری ئەهێنن و بە چەسپی کاغەزیش ناسراوە. گیای سرێش لوویەکی هەیە لە پزیشکیدا سوودی لێ وەرئەگیرێ و بۆ چاککردنەوەی ئازاری جەرگ و گەدە بەکەڵکە. [ع] عجينة اللصق [N] pasta [د] سريشم.

← **هێلم:** glue غەرە، چەسپێکی بەهێزە لە کوڵاندنی ئێسک و کرۆژە و پێستی ئاژەڵ و ماسی بەدی دێ، بۆ دارتاشی و گاوکردنی چینیش سوودی هەیە. [ع] غراء [N] lim [د] سريشم ماهی.





**ئەستۆ:** neck ناو مل، گەردن، ئەسکورد، نێوان سەر و شان. [ع] رقبه [N] nakke [د] گردن. **ن:**

← ئەستۆخوار: لارەمل، لەش بەبار، ملکەچ.

- ئەستۆکەچ
- ئەستۆی شکاند
- ئەستۆی ورد بێت
- گوناهت بە ئەستۆم
- لە ئەستۆی ئەگرم
- ئۆباڵم بە ئەستۆت
- مل، ملشکیاگ، لارەمل، نیانە مل، گیزەمل، ملقەوی، ململانێ، ملهوڕ، ملورد، مل پیا کردن، مل نەنیان ـ سنە
- گەردەنت مار پێوەی بدا، گەردەنت ئازاد بێ

خەت و زاری کە باسی کەوتە گوڵزار
کەچئەستۆ ما وەنەوشە، غونچە دڵتەنگ
مەحوی
ئەوە ئێستا پێچەوانە من لە جیاتی تۆ
لە قەفەسدام ئێشکچێتیم گرتۆتە ئەستۆ
موحەممەد ساڵح دیلان
دەستم کە لە سەد جێگە بە سەد وەعدە شکاوە
جەبری نیە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ
«نالی»
هەتا کەی زۆرڕەوشت و خوو نەچەسپێ شوێنەکەی لەق بێ
شکاتی گەردن و ئەستۆ لەسەر ئۆباڵی ناهەق بێ
کاکەی فەلاح

**ئەستوندەک:** pillar **ناو** کۆتەرە، کاریتە، داری ڕاگرتنی خێوەت. **ع** عمود الخيمة **N** teltstolpen **د** ستون خیمه.








**ئەستوو:** element ناو هێسن، تۆخم، سفن، ماک، ماکە، هێمان، ماتەر.
ع ماده، عنصر N element د ماده، عنصر.

**ئەستوویی:** ناوی چاوگ ماتەری، ماتریالیستی ن: ئەوا جیهان بۆ ئەم بوونە، کە ناوەڕۆکێکی ئەستوویی هەیە ڕاستەقینەیەکی بێگانە و ناحەزە. {هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، ل٥٠}















**ئەستووی تاریک:** dark matter گەردوونناسی ئەستێرەناسی ناو تەشکێکی گریمانەیی ئەستووە بۆ لێکدانەوەی بەشێکی گەورەی بارستایی گەردوون و بە جۆری باڵادەستی ئەستوو لە گەردووندا دائەنرێت. ◀ پێی ئەوترێت «تاریک» چونکە پێناچێت کارلێک لەگەڵ بەستەری کارۆموگناتیسیدا بکات، ئەمەش واتە تیشکی کارۆموگناتیسی ڕاناکێشێت و تاوناداتەوە و دەرنادات و، هەر بۆیە پێناسە و دەستنیشانکردنی دژوارە. ◀ ئەستووی تاریک ٩٥,١٪ ناوەڕۆکی گشتی گەردوون پێک ئەهێنێت و ئەستووی ئاسایی تەنها ٤,٩٪ـە. ◀ زانایانی گەردوونناسی جگە لە زانست و تاقیگە، تێکۆشاون لە ڕێگەی فیلم و ڤیدیۆوە ڕووناکی زیاتر بخەنە سەر ئەم مژارە گرنگە. ع مادة مظلمة N mørk materie د ماده تاریک.












**ئەستێ:** steel ئامێر ناو ئاسنێکە لە بەردی ئەدەن ئاگری لێ ئەبێتەوە. ع الصلب N stål د آهن.

**بەرد و ئەستێ:** flint and steel ئامێر بەرد و ئاسن یان ئاسن و ئاسن، یان بەرد و بەرد، بۆ ئاگرکردنەوە. ع الصوان والصلب N flint og stål د آهن و چخماخ.

ن: وەک ئەستێ و پووشوون: لەگەڵ یەک هەڵناکەن.






**ئەستێر:** pond ناو ئەستێرک، تالاو، ئاوگیر، گۆلی بچووک، هەسار، کەمە ئاو کە بەری بگیرێ بۆ ئاوداشتن. ع برکة ماء N pond د برکە، برکە مصنوعی.





**ئەستێرەگەڕ :** astronaut گەردووناسی ناو گەردوونگەڕ، کەسێکە دوای تێپەڕاندنی خولی تایبەتی، چووبێتە دەرەوەی کەشی زەوی. ئەم وشەیە بەتایبەتی بۆ ئەستێرەگەڕە پیشەییەکان بەکار دێت، بەڵام بەگشتی بە کەسێ دەوترێت کە بە جۆرێک چووبێتە بۆشاییی ئاسمانیش. بۆ نموونە زانایان، لێکۆڵەران، فڕۆکەوانان و تەنانەت گەشتیارانی بۆشاییگەڕ کە ئەزموونی گەڕان لە بۆشاییان هەبێت، بە ئەستێرەگەڕ دەژمێردرێن. هەندێ جار، بە پێی هەندێ پێناسە، تەنانەت سەرنشینانی هەندێک لە مووشەک-فڕۆکەکانیش وەکوو نۆرس ئەمەریکەن ئێکس-١٥ بە ئەستێرەگەڕ دەژمێردرێن. ع رائد فضاء N kosmonaut د فضانورد Ru cosmonaut. تێبینی: ئەمریکایی ئەستێرەگەڕ و ڕووسەکان گەردوونگەڕ بەکار ئەهێنن.







**ئەستێڵ :** swimming pool وەرزش ناو مەلەوانگە، جێمەلە، ئاوگرێکی دەستکردی تایبەت بە مەلەکردن. ع حمام السباحة N svømmebasseng د استخر.





**ئەستێڵی بەتسدا :** Pool of Bethesda بەیتـ سەیدا، ئەستێڵێکە لە بەشی موسوڵمانشینی شاری ئۆرشەلیم. ع بركة بيثيسدا N Basseng av Bethesda د استخر بتسدا.



**ئەستێو :** dustpan کەرەستە ناو ئەستیو، خاکەنازی ئاگر گوێزانەوە، خاکەنازی ئاسن. ع مجرود حديد N støvbrett د خاک انداز بخاری.

**ئەستێودان :** crypt ناو ژێرزەمین یان سەیزانی ژێر خانوو یان تەلار. ع سرداب N krypt د دخمه.



**ئەسر :** tear ناو فرمێسک، ئەسرین. ع دمعة N rive د اشک.

**ئەسکۆلاپیۆس :** Aesculapius میسۆلۆجی یان Asclepius لە میسۆلۆژی یۆنانی و ڕۆمیدا پاڵەوان و خوای پزیشکی بوو.





**ئەسكوند:** cavity جیۆلۆجی ناو کەندەڵان، زینێ، قووڵکە، گاچاڵ. ع حفرة N hulrom د حفره. ⟵ **ئاواندۆڵە:** چاڵی بەردین.

**ئەسکەناس:** banknote ئابووری ڕووسی لە assignat ی فەرانسەیی، پارەی کاغەز، پسوولەیەکی پشتیواندارە لە لایەن بانکی ناوەندی وڵاتانەوە بۆ بڕێکی دیاریکراو دەرئەچێ، بۆ دانی بڕی دیارکراو بە داواکار. ع الأوراق النقدیة N seddel د اسکناس ☜ دراو.








**ئەسڵ لیلیان ڤۆینیچ:** Ethel Lilian Voynich لە بنەماڵەی جۆرج بۆڵ، کە یەکێکە لە زانا دیارەکانی ئینگلیز. لە ١١ی مەی ١٨٦٤ لەدایک بووە. باوکی مامۆستای بیرکاری، دایکی بەناوی ماری ئێڤرێست، بابەتی لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان نووسیوە. جۆرج ئێڤرێست، مامی دایکی، جوگرافیناسی

بەناوبانگ بوو، بەرزترین لوتکەی جیهان، لە چیای هیمالایا، بە ناوی ئەووەوە ناونراوە.

- لە ئاڵمان موزیکی خوێند. ١٨٨٧ چوو بۆ ڕووسیا، فێری ڕووسی بوو، لەگەڵ ویلفرێد ڤۆینیچ، شۆڕشگێڕی پۆڵەندی هاوسەرگیری کرد. بەرهەمەکانی داستایڤسکی Dostoevsky، گۆگۆڵ Gogol، شچێدرین Shchedrin، ئۆسپێنسکی Ouspensky و کۆمەڵێک نووسەری دیکەی ڕووسی و پۆڵەندی و ئۆکراینی و فەڕانسەیی وەرگێڕا بۆ ئینگلیزی.
- ١٨٩٧ یەکەم ڕۆمانی بە ناوی مێشەکەرانە سەبارەت بە سەربەخۆیی ئیتالیا و ڕێسوایی کلیسا نووسی. چوار ڕۆمانی تری بڵاوکردەوە بە ناوی:
  - جەک ڕەیمۆند ١٩٠١،
  - ئۆلیڤەر لاسام ١٩٠٤،
  - دۆستی پچڕاو ١٩١٠،
  - پێڵاوەکانت داکەنە ١٩٤٥.




**ئەسمەرپێچ:** ناوی لێکدراو ڕەشماڵ، کۆن، ڕەشماڵی جاف.



**ئەسەسن:**❷ assassin ناو سەدەی شانزە لە فەڕانسە، لە وشەی (حشاش) و (حشاشوون)ی عەرەبی بە واتای بەنگخۆر، بە پەیڕەوانی حەسەنی سەباح لە سەدەی دوانزەوە هاتووە، کە بە عەرەبی حشاش و حشاشین، لە ئینگلیزی بووە بە assassin چونکە بەنگخۆران لە یەکەم دەستەکانی بکوژ و تروریستن لە جیهاندا سەریان هەڵداوە. ⇦ ئەسەسن هەروەها ئەوتریٚ لە ڕیشەی (اساسیون asasiyyun) کە هەمان (ع اصولی د اصولگرا E Fundamentalist)ە بە واتای بڕوامەندی ڕاستەقینە، ئەو کەسەی بۆ بڕواکەی ئەمریٚ؛ کە لە ڕاستیدا، بڕواداریی کوێرانەیە ☜ بەنگخۆران ☜ سەباح ⇦ **میٚرکادەر:** Mercader تیرۆریزم ناو بکوژی کەسێکی گرنگ لە هێرشێکی لەناکاودا بە هۆکاری ڕامیاری یان ئایینی. ناوەکەی لە تیرۆریستی ئیسپانیایی ڕامۆن میٚرکادەر Ramón Mercader وەرگیراوە، کە ساڵی ١٩٤٠ لە لایەن ئیستالینەوە نێردرا بۆ میکزیکۆ و لەویٚ بە سەهۆڵشکێن لیۆن ترۆتسکی کوشت. ☜ سەهۆڵشکێن ☜ چەکوشی سەهۆڵ.




**ئەسەمبلی ناسیۆنال:** L'Assemblée nationale رۆژنامە ناو رۆژنامەی پاشایخوازانی لۆرێتمیست بوو، لە ساڵانی ١٨٤٨ تا ١٨٥٧ بڵاو ئەبوویەوە.


L'ASSEMBLÉE NATIONALE

**ئەسر:** Æsir و Åsynjer میسۆلۆجر لە میسۆلۆژیای سکاندیناڤیدا ئەسر یان ئەزیر بە واتای ئێزەد و ئۆسینیەر بە واتای ئێزەدبانووە و، ڤیان ئۆدن، ئێزەدی ئێزەدانە. بە بڕوای نووربەرەکان Norrøne و هۆزە ئاڵمانییە لە ئاسگارد ئەژیان و یەکێک لە نۆ جیهانی ئەفسانەی نوورس لە بەرزترین لقەکانی ئیگدرسیل درەختی گەردوون ژیاون. ع ایسر د آسیر. هەروەها بۆ ئێزەدبانووەکان

ئەسرەکانی بن فەرماندەیی ئۆدن بەم شێوەیە ناویان هاتووە:

- باڵدر Baldr خوای پاکی و ڕووناکی،
- براگی Bragi خودای هۆنراوە و ناسکبێژی دێنە دنیاوە،
- تیر Tyr خوای سەرکەوتن و زۆرەبان و،
- تۆر Thor یان توور، خوای بەدەسەڵاتی بریسکە و تریشقە،
- لۆکی Loki ئێزەدی ئاگر و لاساری،
- فۆرستەتە Forsete ئێزەدی دادوەری،
- ڤیلیە Vilje و ڤە Ve برای ئۆدن،
- فرۆی Frøy ئێزەدی باراب و ڕێژەن،
- ڤۆراڤ نیۆرد hvorav Njord ئێزەدی زەریاکان،
- هەیمدال Heimdall پاسەوانی پردی بێفرۆست،
- هوود Hodr خوای نابینای تاریکی و زستان،
- هێرموود Hermodr تەتەری ئێزەدان،
- ڤیدار Vidarr خودای تۆڵە.

☜ ئۆسینەر.








**ئەسیۆپیا :** Ethiopian وڵات وڵاتێکە لە کیشوەری ئەفریقا کە ئێستە ناوەکەی

بە فەرمی «کۆماری دیموکراتیکی فیدراڵی ئەسیۆپیا»یە، دانیشتوانی ١٠٢ ملیۆنە و پایتەختەکەی ئادیس ئابابایە. وەک تایبەتمەندییەکی دیار، ئەسیۆپیا هەرگیز کۆڵۆنیی هیچ وڵاتێک نەبووە و هەمیشە سەربەخۆیی خۆی پاراستووە. ئیتالیا ساڵی ١٩٣٦ ئەسیۆپیای داگیر کرد، بەڵام ١٩٤١ لە دوای ئەوەی لە لایەن هاوپەیمانانەوە شکستی پێ هێنرا، چۆڵی کرد.





**ئەشتاو:١** acceleration ناو لەز، پەلە،گوڕ، هەشتاو، لەزاهی؛ هەڵپە، تاڵووکە، گورجی، کوڵووکی. ع التسریع N akselerasjon د شتاب.

**لەزدان:** accelerate چاوگی تێنەپەڕ تاودان.

**ئەشتاو:٢** hustle ناوی‌فەرمان گوڕ، جووڵە و چالاکی خێرا، هاندانی کەسێک بۆ گوڕبەستنەوە بە ئاراستەیەکی دیاردا. ع ضغط N mas د فشار.





**ئەشتاو:٣** acceleration فیزیک ناو کوڵووکی، چەندێتی ئاڵوگۆڕی خێرایی بەپێی کات {سەنتیمەتر لە چرکەدا}.







**ئەشقی:** fugitive ئاوەڵناو ڕاکردوو لە دەستێ داد، گوێنەدەر بە ڕێسا.
ع الطريد N rømling د فراری. ⇦ **هەڵاتوو:** absconded کار
کەسێک کە خۆی لە ڕێسا شاردبێتەوە و بە نهێنی بژی.

**ئەشکۆڵ:** ناو کەرەستە شەوژەن، داری پشت دەرگا بۆ داخستن.







**ئەشکەبووس:** ئەفسانە ناوی تایبەت جەنگاوەرێکی کەشانی بوو، لە شەڕی ئێران و تووران یارمەتێ ئەفراسیاوی توورانی کرد و لە شەڕی کامووس، ئەفراسیاو ئەوی نارد بۆ یارمەتێ پیرانی وەیسە. ڕۆستەم بە پیادە شەڕی لەگەڵ کرد و بە تیرێک کوشتێ.





**ئەشکەڵە❶:** finger crasher ئامراز ناو ئامرازێکی جەزرەبەدان بوو، قامکی تاوانباریان لەناو دەنا و بە پەت جەرەبەبایان دەدا. ع محطم الاصبع N fingerkrasj د گیرە شکنجە.



**ئەشکەڵە❷:** clamp ئامراز ناو گیرە و مەنگەنەی ئاسنگەر. ع ملزم أداة N klemme د گیرە. ☜ کۆت shackle ☜ بەست



**ئەشکەنازی:** Ashkenazi مرۆڤناسی ئایینناسی جوولەکەی بنەچە ئورووپای ناوەڕاست و ڕۆژهەلاتی، کە لە سەدا هەشتای هەموو جوولەکە پێک ئەهێنن. زمانیان عیبرییە، بەڵام هەندێکیان هێشتا بە زمانی یدیش Yiddish قسە ئەکەن، کە تێکەڵێکی ئاڵمانی و عیبرییە. ع اشكنازي N Ashkenazi د اشکنازی.

**ئەغز:** oppression ئاوەڵناو لەتم، ستەم، زۆرکاری. ع ظلم N undertrykkelse د ظلم و بیداد.

**ئەڤانتی:** Avanti ڕۆژنامە ڕۆژنامەیەکی ئیتالیایی بوو، لە ساڵی ١٩٠٦ بە دواوە بوو بە ئۆرگانی پارتی سۆسیالیستی ئیتالیا.




**ئەفاسیا:** aphasia پزیشکی نەخۆشی لەدەستدانی توانای تێگەیشتن یان دەربڕین بە هۆی جەڵتەی مێشکەوە ☜ نووکەزمانی.




**ئەفتاولان:** کەلوپەل ناوی لێکدراو مەسینە و لەگانە بۆ دەستشۆردن و زیاتر بۆ دەستشۆردنی میوان.

**ئەفتاوە:** مەسینە.

**لەگان:** لەنگان، قاپی خڕی گەورەی لێوار هەڵگەڕاوە؛ لەگان بۆ میزتێکردنی مناڵ و نەخۆشە.



**ئەفتاولەگان:** ☜ ئەفتاولان.

**ئەفراز:**❶ ئاوەڵناو فەراز، فراز، بڵند، بەرز، باڵا. ⇦ {بەرز و ڕاوەستاو: سەرئەفراز، سەرفەراز، سەرفراز}.

پیر تەیمور بانیارانی یارستان ئەفەرمێ:

**داوودی بەشەر**

**مورگی دیم نە زیل داوودی بەشەر**

**ئەلماس هژمەت بوڕەندەی دوو سەر**

**فەتات و فتوور فەتح فانیکەر**

**سێ قالب، یەک مەغز، چل شەم، یەک فەنەر**

**دو کان، یەک کالا، سێ زەوج، یەک بەشەر**

**تەیموورم تاووس موستەفام نە زیل**

**دیدەی شەکاکان پۆشان پەردەی لیل**

**شۆن شەم وەستەن نە جامەی حەیاس**

**ئاخیز کەرد نە چەپ وەست نە تەخت راس**

**حەیدەرەن موسی ڕەمز ساحبکار**

**شەش زات نە سێ زیل یەک جەسەد قەرار**

**سێ دیدە، یەک دل، سێ زات، یەک ئەنداز**

**تەیموور یار نەو دەم مەبۆ** سەر ئەفراز

پیر تەیمووری بانیارانی لێرەدا ئاماژەی بە هەندێ هێما و ڕازی جیهانبینی مۆغان و ئایینی یارسانە. ناوهێنانی خۆی. وێنای بنەڕەتی و سروشتی مرۆڤە؛ ئاماژە ئەدا بە هێسن و گەوهەری شاراوەی ئەهورامەزدا لە هەموو گیانێکدا، کە لە گەڕان بۆ خودی مرۆڤ، وەکوو مورگێک ئەفا لە شەقە باڵ و ئەبێ بە فرووهەر. خوا، شابازی شاراوەی گیانەکانە. خوا ڕووژە و گەوهەری بوونی ئەو گیانەیە لە گەڕان بۆ خۆیدا ئاشکرا ئەبێ و ئەدرەوشێتەوە. ژیان لە گەردوون، لە ڕاستەقینەدا، کۆگایەکە بۆ خۆدۆزینەوە و کڕینوفرۆشی ئەو ڕووژە پەنامەی دەروونی مرۆڤ. تاووس، وێناندنی خودایەکی پلوورەوارانەیە کە ڕەنگەکانی خۆی لە جیهاندا بلاو ئەکاتەوە و، بە پەرەپێدانی هێسن و مانزای ڕەنگینی خۆی، گەردوون ئەڕەنگێنێ. ئەو هەروەها ئاماژە بە جیهانبینی «سێ ئێزەدی» یان «پەرێ تەنی» یان «سەهاکی» ئەدات کە بنج و تۆوی درەختی جیهان و گەردوونە...



شۆنگەی گۆران پیر تەیمووری بانیارانی

**ئەفراز:**[٢] ناو پوختە، هەلاو، شیلە. ← **ئەفرازبوون:** چاوگی تێنەپەڕ

پوختەبوون. ⇦ **ئەفرازکردن:** چاوگی تێپەڕ پوختەکردن.

**ئەفرۆدیزیاک:** aphrodisiac ناو بزوێنەر، بزوێنەری ئارەزووی سێکسی، دەرمان، خوراک یان ئەستووی بزوێنەری وازی جنسی. ع مثیر للشهوة الجنسیة N afrodisiakum د مقوی باء.




**ئەفرۆز:** depreciation ناو دابەزینی بەها، لە هەژمار دەرهاویشتن، بەهیچ نەگرتن، پشتگوێ خستن، فڕێدان د خفض د افت ارزش.

**ئەفریقا لەگەڵتان ئەدوێ:** L'Afrique vous parle سینەما فیلمی سینەمایی ١٩٣٠.









**ئەفسانە:** myth, legend ناو جەفەن، داستان، بەسەرهات، سەربردە، سەربردەیەکی ئاسایە کە هەندێ جار وەکوو چیرۆکێکی مێژوویی خۆیا ئەکات، بەڵام هیچ بەڵگە و پشتیوانێکی سەلماندنی نییە.

**ئەفسانەزان:** mythologist ناوی فەرمان خوێندکار یان پسپۆڕی ئەفسانە.

**ئەفسانەزانی:** mythology ناوی چاوگ میسۆلۆجی، زانستی ئەفسانە،

پەرتووکێک لەمەڕ ئەفسانە، ئەفسانەی نەتەوە یان ئایین یان سەردەمێک.
ع الميثولوجيا N mytologi د اسطوره شناسی.











**ئەفسانەی زێڕین:** Golden Legend ئایینناسی پەرتووکێکە لە سەدەی سیانزەدا نووسراوە و بەسەرهاتی زۆربەی پاکیزانی فەلەی تێدا هاتووە.







**ئەفسانەی یووسف:** Josephs Legende میسۆلۆجر بالێتێکە ساڵی ١٩١٤ لە پاریس هاتە سەر شانۆ. مۆزیکەکەی شتراوس داینابوو، دێکۆری شانۆ ماریا سێرت و دیزاینی سەما هێری کۆنت کێسلر بوو.






**ئەفسوون:❶** magic ئایینناسی شێوەزانست ناو جادوو، دیلان، نەیرەنگ. ع سحر، شعوذة N magi د جادو. ڕیشەناسی magi و magic لە وشەی مۆگی کوردمادی زەردەشتییەوە هاتووە کە مەزنانی دینی زەردەشتی یان پەرەمێکی تایبەتی ئەوان توانای تەردەستی و کاری بانسروشتیان هەبووە.




**ئەفسوون:❷** Sortilèges سینەما فیلم درامای سینەمایی فەرانسەیی ١٩٤٥، دەرهێنانی کریستیان ژاک E The Bellman.

**ئەفسوونباز:** ئاوەڵناو جادووگەر، نەیرەنگباز.

**ئەفسوونگەر:** ئاوەڵناو جادووگەر، نەیرەنگباز.

**ئەفەرۆز:** unacceptable ناو ئافەرۆز، ڕووشکاو، دەرکراو، تەرەکراو. ع مرفوض N uakseptabelt د رفض شده ن: «لە کۆبونەوەکەدا بوین، هەواڵ هات حسێن کامیل و برایەکی و دوو کچی سەدام ڕایان کردوە بۆ ئوردون داوای مافی پەنابەریان کردوە. پاشان بوبە لێدوان کە ئاخۆ هەڵوێستی موعارەزەی عێراقی ئەبێ چی بێ لەم کابرایە: بەخێرهێنان یان ئافەرۆزکردن؟ نەوشیروان مستەفا» لێرەدا بە واتای دەست لەڕووەوەنان و ڕووشکاندن هاتووە

**⇐ ئەفەرۆزکردن:** descent ناو لە هەژمار دەرهاویشتن، بەهیچ نەگرتن، پشتگوێ خستن، نەویستن و دوورخستنەوە و فڕێدان. ع نزول N avstamning د افت.

**ئەڤان:** volition, will ناو ویست، بڕیار، لێبڕان. ⇐ ئێتیمۆلۆژی: [ئە +

ڤان] {ئە} [ئەمە، ئەز] بە واتای من و {ڤان} بە واتای ویست و نیازکردن، واتە ویست و خواستی مرۆڤ، ئەڤان ویستە و ئەڤین کەڵکەڵەی ویستن و گەرەکبوونە، خۆش+ویستنە. ع ارادة N vilje د ارادە.

**ڤان:** demand, request ناو زازا ویستنی شتێک و نیاز کردنی، ویستن، واز، کەڵکەڵە، ئارەزوو. ع طلب N kreve د خواستن. G خاڵ G هەنبانە بۆرینە G کانی G شێخانی G دەستی

**بێئەڤان:** consensual کارەندامناسر ئاوەڵناو خۆنەویست، بێئیرادە، ناخودئاگا.

**بە بێئەڤان:** کارەندامناسر ئاوەڵناو ناخودئاگا.

**ئەڤانگلیست:** evangelist ئایینناسر کارا یان ئیجیلیست، مژدەبەرانی ئینجلزانی فەلەن، تێئەکۆشن بە بانگەشەی گشتی خەڵکان بهێننە سەر باوەڕی فەلەگەری.

**ئەڤانگلیزم:** evangelism ئایینناسر ناو بریتییە لە پابەند بوون بە مژدەبەری ئینجیل و فێرکارییەکانی عیسا مەسایا. ئەڤانگلیستان خۆیان بە مژدەبەرانی ئینجیل زانانن و ئەرکیان بریتییە لە بانگەشەکردن بۆ فەلەگەری لە هەموو بوارێکی بچووک و گەورەدا و ڕاکێشانی کەسان بۆ ئایینی فەلە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە لە ئەمریکا دەستیان پێکرد و لە هەموو وڵاتان بڵاو بوونەوە. پێئەچێ دە تا پانزە لە سەدی فەلەی کانادا و ئەمریکا ئەڤانگلیست بن. ئەڤانگلیستەکان ١٥٥٠ وێستگەی ڕادیۆیی و ٣٥٠ تەلەڤیزیۆنیان هەیە. خۆیان بە خەباتگێڕی دژی لیبراڵیزمی سکۆلار ئەزانن. لە بڕوا سامناکەکانیان چاوەڕوانی سەرهەڵدانی هەنووکەی عیسای نەناسە، کە موسڵمان پێی ئەڵێن دەجاڵ. ☜ عیسای نەناس ☜ پەسلان










**ئەڤرۆ:** Evreux جوگرافیا شارێکە لە باکووری ڕۆژئاوای فەڕانسە.

**ئەڤە ماریا:** Ave Maria ئایینناسی لاتین بە واتای سلاو لە مریەمی پاکیزە.

**ئەقرساند:** ئەخەملاند. ⟵ لە قرساندن چاوگی تێپەڕ.

**ئەکتەری یەکەم:** هونەر مەبەست سارا بێرنارده Sarah Bernhardt کە بە ناسراوترین هونەرپیشە دائەنرا کە جیهان تا ئەو کاتە ناسیببووی.



**ئەک:❶** پاشگر پاشگرێکە ناوی تایبەتی لە ناوی گشتی ساز ئەدا: ن: پەشمەک، کرمەک، ناخوونەک.

**ئەک:❷** پاشگر پاشگرێکە دوای ئاوەڵناو ئەکەوێ و ئەیکاتە ناو: ن: کاڵەک، خامەک، کورتەک.

**ئەک:❸** پاشگر پاشگرێکە دوای ڕیشەی چاوگ ئەکەوێ و ئەبێتە ناو: ن: پەستەک، ڕنەک.

**ئەک:❹** لە دوای ڕیشەی چاوگ واتای زیادەڕەوی دەدا: ن: بڕەک، نووسەک، زیرەک، ژیرەک.

**ئەک:❺** بە تەنهایی واتای یەک ئەدات: ن: گوندەک، پیاوەک، ژنەک.

**ئەک:❻** پاشگر پێشگرێکە واتای عەزرەت و داخ دەدا: ن: ئەک نەژیم لە پاشی

تۆ، دەک، حەک

**ئەکرۆنیم:** acronym کرێپێتۆلۆجر کورتکراو سەروشە، پیتی سەرەتای چەند وشە کە لێژنە یان دامەزراوێک پێک ئەهێنن، سەروشەیەک لە پیتی یەکەمی چەند وشەیەکی تر پێکهاتووە و خۆی وەکوو وشە بێژە ئەکرێ، وەکوو ناسا NASA، ئێسکی ASCII، کۆڕەک {هەم کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان} ئاکرۆنیمی ناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو. ع اختصار N akronym د مخفف. ☜ ڕێزمان










**ئەکسیۆن فرانسز[1]:** Action française بزووتنەوە ڕۆژنامە بزووتنەوەی ڕاستی نەتەوەیی، دژی چەپەکانی فەرانسە لە ١٨٩٩، هەروەها ناوی ڕۆژنامەکەیان بوو.

**ئەکسیۆن فرانسز[2]:** Action Franfaise ڕۆژنامە ڕۆژنامەی دەستی ڕاستی فەرانسە و بڵاوکەرەوەی بیری پاشاییخوازان و نیشتمانپەروەرانی توندڕەو، بە سەرپەرشتی شارڵ مۆرا بوو. ساڵی ١٩٠٨ دامەزرابوو، بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم، هەموو ڕۆژێک بەم دروشمەوە بڵاو ئەکرایەوە: «بڕووخێ کۆماری و بۆ ئەوەی فەرانسە زیندوو بێ، بژی پادشا!»


L'ACTION FRANÇAISE
ORGANE DU NATIONALISME INTÉGRAL
LA FRANCE SOUS LE JUIF
La politique science implacable
LA POLITIQUE
Sous la menace révolutionnaire
LA PANIQUE A PARIS



**ئەکلێتیک:** eclectic شێوەزانست ئایدیۆلۆجی لایەنگرانی ئاشتکردنەوەی نالێکی زانست و دین لە فەلسەفەدا، تێکەڵەی بۆچوونە نالێکەکانە و تەنانەت لێکهاڵاندنی بۆچوونی ماتریالیستی و ئایدیالیستی پێکەوە.

**ئەگادیر:** ١٩١٣ Agadir جوگرافیا شارێکە لە ڕۆژئاوای مەراکۆ، لەسەر ئۆقیانووسی ئەتڵەس، لە جولای ١٩١٣ مەیدانی کێشەیەکی نێوان فەرانسە و ئاڵمان بوو کە لە ئەنجامدا ڕێک کەوتن و جەنگ ڕووی نەدا. بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتنە، ئاڵمان پێی کرایەوە بۆ کۆنگۆ و مەراکۆ بوو بە کۆلۆنیی بندەستەی فەرانسە.






**ئەگاڤە:** Agave ڕووەک ئاو یان هیای سەدساڵە، گیایەکی تاکلەتکەیە monocots، هەر دەوەنێکی ئاودارە، گەڵای دڕکاوی درێژکۆڵە و هێشووی بڵندی گوڵی هەیە، تەنها یەک جار گوڵ ئەکا و ئەمرێ، بەڵام لە دە یا سەد ساڵی پێئەچێ تا گوڵ بدات، بوومی باشووری ئەمریکا و ئەمریکای گەرمەسێرییە. پرفرۆشترین جۆری تەکیلای لێ بەرهەم ئەهێنرێ. ڕەگی ئەگاڤە ڕێژەی گلۆکۆزی کەمە، ئاوەکەی کە خەست ئەبێتەوە شیلەیەکی هەنگوینئاسای لێ بەرهەم دێت. هەروەها وشکی ئەکەنەوە و لە جیاتی شەکر بەکاری ئەهێنن. ع صابرة N Agave د آگاو.



**ئەگرێگاسیۆن:** Agrégation F پەروەردە تاقیکردنەوەی وەرگیران بۆ خوێندنی باڵا لە فەرانسە، هەروەها هەڵبژاردن بۆ پلەی یارمەتیدەری ئوستادی زانکۆ. ع مسابقة الدخول، مناظرة التبريز N Aggregering د مسابقه ورودی E Aggregation.

**ئەگریجە:** side_tress, kiss_curl ناو بسک، پەرچەم، مووی بە سەرلاجانگدا هاتوو. ع خصلة جانبية N sidestreng د زلف. ☜ چینک ☜ گودیلە



**ئەگریژانت:** Agrigente جوگرافیا یان ئەگریجێنتۆ، شارێکە لە باشووری سیسیلیای ئیتالیا، لە شارە دێرسەکانی یۆنانی کەونارایە.






**ئەگەری:** probability ناوی چاوگ لەوانەیە، تا چەند شتێک ئەگەری هەیە. ع احتمال N sannsynlighet د احتمال.

**ئەگەر هێشتا ژەهر:** ویژە گەڕان-٦ هۆنراوەی «بۆ خوێنەر» Au Lecteur،

بودلێر، ١٨٥٥، ئەم کۆپلەیە بەم شێوەیە:

ئەگەر دەستدرێژی، ژەهر، خەنجەر و ئاگر
نای جوانیان هەتاکو ئێستا ئامادە نییە،
لەسەر پەردەی چارەنووسی بێبەهامان
واتە کە گیانمان، مخابن، جەربەزە ناکا




**ئەگەری دراماتیک:** dramatic contingency فەلسەفە پێچەوانەی «جەبرگەرایی بێگەڕانەوە»ی تراجێدیای کلاسیک، کە «پێداویستی» ئەو دژایەتی «ئەگەری گونجاو»ـە.

**ئەگەری گونجاو:** contingent فەلسەفە ئاوەڵناو بریتییە لە ئەگەرێکی تایبەت لە نێوان گونجاو و نەگونجاو. ئەگەری گونجاو شتێکە ئەتوانین وای دابنێین کە بوونی هەبێت یان نەبێت. ئەڵێین فلان شت ئەگونجێ هەبێت، واتە مەرج نییە نەبێت. ئەگەری گونجاو، زانستی ڕەوانبێژییە و مەبەستی تەنها فێرکردنی گوتەی گەیەنەر نییە، بەڵکو خستنەڕووی بیری ورد و سەلمێنەرە بە شێوەیەکی بوێنبەخش. بە بڕوای ئەرستۆ دوو جۆر بەڵگە هەیە: یەکەم: هۆکاری ناتەکنیکی وەک گۆڤانی. دووەم: هۆکاری تەکنیکی وەک بەڵگە و شێوازی ڕازیکردن و وروژێنەری هەستەکان.

**ئەلانەکان:** Alans مرۆڤناسی خەڵکی ئەلان یان ئەلانەکان کۆمەڵێک هۆز و مەردمن کە ئێستا لە ئۆسێتیا لە قەوقاز دەژین. خاوەن مێژوویەکی کۆمەڵناسی و لە یەکەمین خەڵکە ئارياییەکانن کە هاتنەتە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بناغەی ئێرانیان داناوە. ئەم خەڵکە بە زمانی ئۆسێتی قسە ئەکەن و خۆیان بە ئیرۆنی دەناسێنن. لە سەردەمی هاوچەرخدا ناوچەی ئەلانەکان جێگەی شەڕ و پێکدادان لە نێوان دوو وڵاتی ڕووسیا و گورجستان بووە.

**ئەلخەسیراس:** Algeciras جوگرافیا بەندەرێکە لە ئەندەلووسی ئیسپانیا.



**ئەلفوبێی جیهانی فۆنەتیک:** International Phonetic Alphabet پەروەردە یان (IPA) سیستەمێکی ستانداردە بۆ پیشاندانی دەنگەکان لە ڕێگەی هێماوە، بۆ ئەوەی وشەکان بە دروستی بێژە بکرێ. ئەم سیستەمە لە لایەن کۆمەڵەی جیهانی فۆنەتیکەوە International Phonetic Association دانراوە.












**ئەلکالید :** alkaloid کیمیا هەر پۆلێک لە پێکهاتە ئۆرگانییە نایترۆجینییەکان کە سەرچاوەی ڕووەکییان هەیە و کاریگەری فیزیۆلۆژییە بەرچاوەکانیان لەسەر مرۆڤ هەیە. بریتین لە زۆرێک لە دەرمانەکان {مۆرفین، کوینین} و ژەهرەکان {ئەترۆپین، ستریکنین}. ع قلوید N alkaloid د آلکالوئید.








**ئەلکساندرین :** Alexandrine ویژە جۆرێ کێشی هۆنراوەی ١٢ بڕگەییە، بەرامبەر بە «البحر الطويل»ی عەرەبی.

**ئەلگارڤ :** Algarve جوگرافیا ناوی جێگا لە {الغرب}ی عەرەبی، خوارووترین مەڵبەندی وڵاتی پورتوگاڵە. ع الغارف N Algarve د الگاروه.





**ئەلەکساندر ئاستراک :** Alexandre Astruc سینەما {١٩٢٣ـ٢٠١٦} دەرهێنەر و ڕەخنەگری سینەمایی فەڕەنسەیی. باندۆری لەمەو

سەرهەڵدانی شەپۆلی نوێی سینەما هەبوو.

**ئەڵوەن و ڕاوەن:** Algarve جوگرافیا ڕووبار دوو چەمەن لە باشووری کوردستان لە مەڵبەندی کرماشان، ئەڵوەن لای قەسری شیرین و ڕاوەن لای شابادە.

ئاوەکەی ئەڵوەن چەمەکەی ڕاوەن
زوڵفەگەی لەیلی من کردییە پاوەن
لە گۆرانی سەعدوون کاکەیی




**ئەڵقەڕێز:** latch ئامێر ناو ئاڵقەرێز، چفت، زنجیرۆکەی دەرگا داخستن، ئاسنێکی ئەڵقە ئەڵقەی تێکهەڵکێشراوە دەرگای پێ دادەخرێ. ع مزلاج، مغلاق N klinke د بندینە، چفت.



**ئەڵێی ئاشی ئاوکەوتووە:** پەند بە ماڵێک ئەوترێ لەبەر هەژاری یان جۆڵی بێدەنگ و کشومات بێ. ⇦ بە شوێنێک ئەوترێ سەرەتا پڕ لە دەنگ

و غەڵبەغەڵب بووبێ و ئێستا بێدەنگ و هەرا بێت.

**ئەڵێی ئاگری بن کایە:** پەند بە کەسێک ئەوترێ لە بنەوە دنەی کەسێک بدات و بە زاریش دۆست بێ.

**ئەڵێی ئاو لای داوە:** پەند بە کەسێک ئەوترێ لەبەر نەزانی یان خەفەتباری خۆی بێدەنگ بێ.

**ئەڵێی ئەسپی بۆ زین کراوە:** پەند بە یەکێک ئەوترێ زۆر بەپەلە بێ بۆ ڕۆیشتن.

**ئەڵێی ئەسپێی کراسە کۆنە:** پەند بە یەکێک ئەوترێ بۆ شتێک پێتەوە بنووسێ و، لێت جیا نەبێتەوە.

**ئەڵێی بەردی ئاوەسووە:** پەند بە کەسێک ئەوترێ ئەوەندە گەوەند بێ بە هیچ لە ڕوو نەچێ.

**ئەڵێی بەردی بن گۆمە:** پەند بە یەکێک ئەوترێ بێدەنگ دانیشتبێ. پەند

**ئەڵێی بەرزەکی بابانە:** پەند بە یەکێک ئەوترێ لە گۆبەنگێکا دەستی هەبێ، کەچی ڕزگاری ببێ.

**ئەڵێی تەرازووی بەن پچڕاوە:** پەند بە یەکێک ئەوترێ زۆر شەڵەژاو و شپرزە بێ.

**ئەڵێی زێڕی دەستەوشار و گەنجی بابای دۆزیوەتەوە:** پەند زێڕی دەستەوشار، گونکێکی گەورەی زێڕی نەرمە کە لە چینەوە بە دیاری نێردراوە بۆ پادشای کوردی ساسانی خوسرەی پیرۆز و ئەو زێڕە هەرچەند لە ناو دەستدا بگووشرایە لە نێوان پەنجەکاندا ئەهاتە دەرەوە، بەڵام کە دەستی لێ بەرئەدرا، وەکوو خۆی لێ ئەهاتەوە. گەنجی بابا: گەنجێکی بەناوبانگە کە ون بووە و هەزاران ساڵە بە دوایدا ئەگەڕێن و ڕەنگە لە توونی بابا بێ ☜ توونی بابا ☜ دەستەوشار.

**ئەڵێی تێلای قووت داوە:** پەند بە یەکێک ئەوترێ قسەی بە ڕەوانی پێ نەکرێ.

**ئەڵێی پیرێژنی دۆڕژاوە:** پیەند بە یەکێک ئەوترێ تەمی پەڕارەیەکی گەورەی لێ نیشتبێ.

**ئەڵێی جیوەی تێکراوە:** پیەند بە یەکێکی زۆر بزێو ئەوترێ.

**ئەڵێی گەرماوی ژنانەیە:** پیەند بە کۆڕێک ئەوترێ کە هەر یەکە لە ئاستی خۆیەوە بە دەنگی بەرز قسە بکات، بێ ئەوەی گوێ لە یەکی تر بگرێ.

**ئەڵێی خۆڵی مردووی بەسەردا پێژراوە:** پیەند بە یەکێک ئەوترێ کە مات و خەفەتبار دانیشتبێ.

**ئەڵێی دۆمی خەڵاتکراوە:** پیەند بە یەکێک ئەوترێ یەک پارچە کاڵای تازەی لەبەردا بێ و بەرگەکانی تری هەمووی کۆن بێ.

**ئەڵێی سەگی پا سووتاوە:** پیەند بە یەکێکی خوێڕی و خازەڵۆک ئەوترێ.

**ئەڵێی سەگی هەڵەپاسە:** پیەند بە یەکێکی دڕی ڕێڵاس و گەوەند ئەوترێ.

**ئەڵێی سێوێکن کراون بە دوو کوتەوە:** پیەند بە دوو کەسی جوان ئەڵێن کە لە شێوەدا زۆر لەیەک بچن.

**ئەڵێی شەخسە پەڕۆیە:** پیەند ١) بە یەکێک ئەوترێ کە جلەکانی وەک پەڕۆی سەر شەخس شڕووڕ بێ ٢) بە کەسی بێ دەمودوو ئەوترێ.

**ئەڵێی شەرواڵبەکۆڵی خواردووە:** پیەند گیایەکی ڕەوانە، هەرکەس بیخوات ئەبێ شرواڵەکەی بدات بە کۆڵیدا. بە یەکێک ئەوترێ کە زۆر ڕەوان بێ.

**ئەڵێی شەکرە سێوە:** پیەند بە یەکێک ئەوترێ زۆر ڕووخۆش بێ، یان شتێک کە زۆر شیرین بێ.

**ئەڵێی شەلاقەی باڵ شکاوە:** پیەند بە مەردمی شلەپەتە ئەوترێ. ⇦
شەلاقە: مەلێکی لنگ درێژە، تۆزێ ڕیشۆڵە گەورەترە. ☜ شەلاقە

**ئەڵێی شێتە و بۆ بەرد ئەگەڕێ:** پەند به کەسێک ئەوترێ بە شوێن شتێکا هەڕا بکات و نەیگرێ. پەند

**ئەڵێی گۆشتی قازی خواردووە:** پەند به کەسێک ئەوترێ دەنگی وەک قاز زل بێ و زۆر دەنگەدەنگ بکات.

**ئەڵێی گورگی دەم بەخوێنە:** پەند به یەکێکی تاوانبار و ستەمکار ئەوترێ.

**ئەڵێی گوێز لە هەمانە ئەکات:** پەند بو یەکێکی تووڕە ئەوترێ بە ڕەی قسە بکات لەگەڵ یەکێکی نەرم و لەسەرخۆ.

**ئەڵێی گوێزی بۆ ئەژمێرن:** پەند به یەکێک ئەوترێ چەندە ئامۆژگاری بکەیت، وەری نەگرێ.

**ئەڵێی گوێزی ناو بێژنگە:** پەند به کەسێک ئەوترێ سەری لێ شەوابێ و، هەردەمە لە شوێنێک بێ؛ یان کەسێک کە ئارامی لێبڕابێ و بەردەوام لە هاتوچۆدا بێ.

**ئەڵێی گەماڵی سەر دێڵەبەبایە:** پەند به یەکێکی دڕی شەڕانی ئەوترێ.

**ئەڵێی گەنەی گونی گایە:** پەند به کەسێک ئەوترێ بە هەر شتێکەوە نووسا، لێی نەبێتەوە.

**ئەڵێی گیپەی جۆیە:** به شتی قەبەی ناقۆڵا ئەوترێ. پەند

**ئەڵێی فاتە سوورەبانە:** پەند ئەگێڕنەوە ژنێک بووە بە ناوی فاتەی سوورەبان، ئەم ژنە شەڕی ناوەتەوە و خۆیشی سەیری کردووە. کە لێشیان پرسیوە ئەوە چییە وتوویەتی: ئەڵێن شەڕ و هەرایە، دەستی فاتەشی تێدایە.

**ئەڵێی کەشکی ئاوەسووە:** پەند به یەکێک ئەوترێ بێشەرم و سلسار و گەوەند کە ئامۆژگاری کاری تێ نەکات.

**ئەڵێی لە جەنگی خاچپەرستانە دایە:** پەند وشکوبرینگ شوێن

کارێک گرتن. ◄ بەرچاوکوێرانە شوێن کارێک کەوتن. ◄ تێکۆشانی درێژخایەن و کۆڵنەدەرانە بۆ بەدەستهێنان، گۆڕانکاری، یان وەستاندنی شتێک بە هۆی باوەڕی ئایینییەوە.

ن: جەنگی خاچپەرستانەیان دژی ماکە هۆشبەرەکان، بووە هۆی کەمبوونەوەی بەرچاوی مردن وماڵکاولی.

**ئەم:** we راناو ئێمە، مۆ، مە ع نحن N vi د ما.

**ئەم:** this راناو هێمایە بۆ پیشاندانی نزیک. ع هذه N dette د ما.

**ئەماری ئەسپاردە:** depot, lockers, deposit ناوی لێکدراو هەماری ئەسپاردە، شوێنی ناردن یان بە ئەمانەت دانانی جانتا و بار، لە وێستگەی شەمەندەفەر و پاس. ع مستودع امانات N depot, lockers, deposit د انبار امانات.

**ئەمبەرگریس:** Ambergris ناوی لێکدراو یان gris بە فەرانسە ئامبرۆگری ambre gris، ئەمبەری مێشی، هێسنێکی دەگمەنی ڕەقی مۆمئاسای زۆر بۆنخۆشە، لە ریخۆڵەی نەهەنگی ئەمبەر ئەگیرێت، کە لە زەریای گەرمەسێریدا ئەژین و، لە بەرامەسازیدا بەکار ئەهێندرێت. ع العنبر N Ambragris, gris د عنبر سائل.

**ئەمبەر:** sweet amber ناو عەنبەر یان ئەمبەرشیرین گیایەکی بۆنخۆشە گوڵی زەردی هەیە، شەیدای خوڕە و لە سێبەردا گوڵەکانی کەم ئەکات.

شـکـافـێـکـە کـڵـاڵـفـەی نـافـی زوڵـفـت

دەرێژی میسک و عەنبەر لێرە تا چین

«نالی»

**نەهەنگی ئەمبەر:** گیاندار ماسی ناو یان **نەهەنگی سپێرم** گەورەترین نەهەنگی ددانداری لە زەریاکان دەژی. درێژایی جەستەی ئەم نەهەنگە دەگاتە زۆرینەی ٢٠,٥ مەتر و کێشی جەستەیشی هەتا ٦٠ تۆن دەگات.

**ئەمبەری:** ناو یان کارەبایی ڕەنگی درەوشاوەی کارەبایی تایبەت بە بەردی کارەبا.

**کارەبا :** Amber **ناو** یان بەردی کارەبا واتە جەوتی ڕەقبوو یان فۆسیلبووی درەختە کە بە هۆی لووسی و ڕەنگی گەش و جوانی لە کۆنەوە بە بەردی نیوەبەهادار دانراوە و، بۆ خشڵ و ڕازاندنەوە بەکار هێنراوە.

**سیسەمبەر :** peppermint **ناوی لێکدراو** دەوەنە گیایەکی چەند ساڵانەی بۆن خۆشی گەڵا پانی هێلکەیی ددانەدارە. گوڵەکانی وەنەوشەیی و میوەکەی خڕێکی سوورە کە تۆوەکانی تێدایە. نعنا ئەگەر ی و چاندن و ڕواندنەوەی هەیە. ٤ نعناع فلفلی N peppermynte د سوسنبر.















**ئەمس :** Ems **جوگرافیا** هاوینەهەوارێکە لە نزیکی ویسبادن لە ئاڵمان. لە ئۆگەستی ١٨٤٩دا کۆنفرەنسی لۆرێتمیستەکان بە بەشداریی دوک دو شامبۆر (ئانریی پێنجەم) خوازیاری تاج و تەختی فەرانسە لەوێ بەسترا.

ئەمس بنکەی پیلانگێڕانی لۆرێتمیستەکان بوو لە دژی ناوەندی پیلانگێڕانی کلێرمۆنت.







**ئەمستەچاو:** هێمایـ ناویلێکدراو بریتییە لە شەوی زۆر تاریک.

**ئەمشاسپەند:** Amesha Spenta میسۆلۆجی ڕۆژژمێر ناو لە ئایینی زەردەشتیدا فریشتە و پەرییە، بە واتای پاکیزەی ومرجاوەند، کە لەگەڵ مەزنی فریشتەکان حەوت دانەن، ناوی شەشیان لە ڕیزی ناوی مانگەکاندا هاتووە: وەهمەن، ئەرتەوەهێشت، ئێشتەر، سپەندار مەزەن، هەروەتات، ئەمورتات. لە سەرووی ئەمانەوە ئەهوورامەزدایە. هەرکام لە ئەمشاسپەندان هێمای یەکێک لە ئەدگارەکانی ئەهوورامەزدان و ڕاستەوخۆش ئەو ئەرکانەیان پێ ڕاسپێردراوە تا لە پێناوی بەختەوەری مرۆڤ و سروشتدا ڕاپەڕێنن. بێرنارد گەیگری ئاڵمانی ئەو شەش ناوە بە شەش چەمکی ڕەهای ڕەوشت ئەزانێ. ☜ Bernhard Geiger






**ئەمفیٚسما:** emphysema پزیشکی نەخۆشی دارەتێکە کە کیسەی هەوای سییەکان زیان ئەبینن و گەورە ئەبن و ئەبنە هۆی هەناسەسواری.




**ئەمورتات:** Sirius میسۆلۆجی ڕۆژژمێر ناو مانگی مامیر، بێمەرگی و کامەرانی و بەئاوات گەیشتن، بەواتای هەرمان و وەرجاوەندییە، ئەمشاسپەندی پاسەوانی دەخڵ و دانە، خاوەنی بیری چاک و ئاشتییە، خاکەڕایە و یارمەتیدەرە، بەدیهێنەری ئاسایش و هێمنییە؛ لەدایکبوانی ئەمورتات خۆشەویستە و حەزی لە شادمانی خەڵکییە، خۆڕاگرە و تا ڕادەیەک بەدفرەیە، خۆشپۆشە و حەزی لە نەوازشە؛ ناوی ڕۆژی حەوتەمی هەر مانگێکی خوردشیدییە، ناوی مانگی پێنجەمی ساڵی خورشیدییە، لەو ماوەیەدا هەتاو

وا لە کەلووی شێر Leo دا، دووەم مانگی هاوینە، ئەمورتاتگان جەژنی ڕۆژی حەوتەمی ئەمورتاتە؛ گەلاوێژە:

مانــگ پەنجەمــش مانــگ «ئەمورتات»ــەن
مانــگ بــێ مەرگــی و کام و هاواتــەن

☜ شتەروەر




**ئەمەگدار:** loyal ئاوەڵناو ئەمەگناس، ڕاوەستاوی بەڵێنی خۆ؛ ڕازێر. ع وفی، مخلص N lojal د وفادار، سرسپێردە.

**ئەمەگداری:** loyalty ناوی چاوگ ئەمەگناسی، بڕوا بوون بە بەڵێن و پەیمان، ڕازێری. ع وفاء، اخلاص N lojalitet د وفاداری، سرسپێردگی E allegiance.

**ئەمەلگام:** amalgam کیمیا ناو جەوتی جیوە، دارشتەی جیوە لەگەڵ کانزایەکی تر. بەپێی ڕێژەی جیوە لە دارشتەکەدا، لەوانەیە شل، هەویری نەرم یان ڕەق بێت. ع ملغم N amalgam د ملغمە، آمالگام.



**ئەناكسیمەندر:** Anaximander فەیلەسووف {٦١٠ـ ٥٤٦ پ.ز} فەیلەسووفی یۆنانی، یەکەم کەس بوو گەردوونناسی، یان تێڕوانینێکی فەلسەفی سیستماتیکی بۆ جیهان پەرەپێدا. بە یەکەم زانا ناوی هاتووە: ئاوزو هێزێکی ژیانی بوو بۆ جەستە {هەندێ هۆز لایان وایە بۆ ئازادکردنی گیان لە جەستە ئەبێ سەر ببڕێنرێ.} ☜ ڕافایل






**ئەنترۆپی:** entropy فیزیک ناو یەکەی ئەندازەگرتنی سێرمۆداینامیک. یەکەی سێرمۆداینامیک کە نوێنەرایەتی بەردەستنەبوونی وزەی گەرمی سیستەمێک ئەکات بۆ کاری میکانیکی، زۆر جار وەک پلەی تێکچوون یان هەرەمەکی لە سیستەمەکەدا لێک ئەدرێتەوە. ڕێسای دووەمی سێرمۆداینامیک ئەڵێ ئەنترۆپی هەمیشە لەگەڵ کاتدا زیاد ئەکات. ☜ سێرمۆداینامیک












**ئەنتۆمۆلۆجی:** Entomology زانست ناو مێرووناسی و دەعباناسی. لقێکی گیانلەبەرناسییە کە لێکۆڵینەوە لە مێرووەکان دەکات. مێرووناسی لەگەڵ کۆمەڵێک بابەت پێکدا دەچێت لەوانە، جێنەتیکی گەردی، ئاکار، زانستی

دەمار، زیندەمیکانیک، زیندەکیمیا، سیستماتیک، کارەندامناسی، ژینناسیی پەرەسەندنی، ژینگەناسی، پێکهاتەناسی و زەویکۆڵزانی.










**ئەنتوێرپ:** Antwerp or Anguersa جوگرافیا یان Anversa بەندەرێکە لە باکووری بەلجیکا، لە سەر چەمی شێلدە، بەشێکە لە فلاماندر لە بن دەسەڵاتی فەرانسەدا بوو. بە فەرانسە Anversa و ناوە کۆنەکەیشی Anguersa بوو.







**ئەنجومەنی سەنا:** دامودەزگا ئەنجومەن یانەساوینیو ئەنجومەنی سەنا کە بە پێی دەستووری ١٤ی جانیوەری ١٨٥٢ بەدی هاتبوو، تا ساڵی ١٩٤٠ لە «کۆشکی لۆگزەمبۆرگ» کە سەدەی حەڤدە بە فەرمانی ماری دو مێدیسیس شاژنی فەرانسە، لە باخی لۆگزەمبۆرگ دروستکرابوو، کۆ ئەبوویەوە ☜ سەنا ☜ هەژدەی برۆمێر.

**ئەنجومەنی کۆنستانس:** یەکێک لە ئەنجومەنە گشتییەکانی مەسیحی

سەدەی پانزە بوو و، لە لایەن کلیسای کاسۆلیکییەوە پەسەندکرا. ئەم ئەنجومەنە لە نێوان ساڵانی ١٤١٤ بۆ ١٤١٨ی زایینی لە ئەپستۆڕیای کۆنستانس بەڕێوەچوو. پاڵێوراوانی پلەی پاپای لە کارەکانیان دوورخستەوە یان کارکەنای ئەوانی وەرگرت و مارتنی پێنجەمی بۆ ئەم پۆستە هەڵبژارد، بەمەش کۆتایی بە دابەشبوونی ڕۆژئاوا هێنا.

ئەم ئەنجومەنە، یان هووسی John Huss بە لادەر دانا و ڕێگەی بۆ لەسێدارەدانی کردەوە. جگە لەوەش لە وەڵامی ململانێی نێوان دووکنشینانی گەورەی لیتوانیا و شانشینی پۆڵەندا و شوڕشگێڕانی تیۆتۆنی، بڕیاری لەسەر پرسی وەک سەروەری نەتەوەیی و مافی بێدینە دژی مەسیحییەکان و خودی شەڕەکە دا. ☜ بێدین

**ئەنجوومەنی نەتەوەیی دەستووری :** constitutional national assembly دامودەزگا.

**ئەندازە :** Geometry زانست ئەو پاژەی بیرکارییە کە گرنگی ئەدا بە پرسیاری چەمکی وەکوو پێودانگ، شێوە، شوێنی تەنەکان بەگوێرەی یەکتر و، سامانە تایبەتەکانی والایی. ئەندازە یەکێک لە کۆنترین زانستەکانە. ئەندازە لە سەرەتای خۆیدا کۆمەڵێک زانیاری کرداری بووە سەبارەت بە درێژی، پانتایی و قەبارە کە لە سێهەمین سەدەی پێش زایینا لە لایەن ئیکلیدسەوە لە سیستەمێکی بەڵگەنەویستیدا خڕ کراونەتەوە. ئەو سیستەمە کە بە ئەندازەی ئیکلیدسی ناسراوە، بۆ زۆر سەدەی یەک لە دوای یەک ستانداردێک بووە بۆ پەیڕەوکردن.

ڕیشەناسی ئەندازە لە کوردی پەهلەوییەوە براوە بۆ زمانی عەرەبی و کراوە بە «هندسە» ⓕ فارسی کوردی زانستگەی کوردستان. [وشەی ئەنداز لە هێند و هەند و ئەند{ەوە هاتووە. ئەند+از: {ئەند+پاشگری ناوساز}، وشەی ئەنداز، کورت بووەتەوە بۆ ئەناز].

وشەی Geometry وشەیەکی یۆنانی کۆنە، بە بێژەی جیۆمێتریا، کە خۆی

لە دوو وشە پێکهاتووە: ١) Geo بە واتای زەوی و ٢) metria بە واتای ئەندازەگرتن؛ سەرجەم واتە: «پێواندنی زەوی» یان «ئەندازەگرتنی زەوی».




**ئەندازە لە حەوادا:** زانست ئەندازەی حەوایی geometry in space ◄ ئەندازەی حەوای سێ ڕەهەندی کە بەرزی و درێژی و پانی لەخۆ دەگرێت هەروەها پێی دەوترێت قوولّی. ئەم ڕەهەندانە هاوشێوەی تەوەرەکانی y، ـxـ و zـی تەختەیەکی سێ ڕەهەندی هاوسەنگن. هەردوو فۆرمول و فەنکشن دەتوانن حەوا پێناسە بکەن.



**ئەندازەی بۆماوەیی:** زیندەوەرزانی Genetic Engineering یان ئەندازەی ژنێتیک، بریتییە لە تەکنیککاری گۆڕینی جینۆم لە خانەیەکی زیندوودا بۆ بەکارهێنانی پزیشکی یان پیشەسازی، ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا بتوانرێ بە دەستکاریکردنی جینومەکان ڕادەی پیری دوا بخرێ، یان ئەگەری هەندێ لە نەخۆشینەکان کەم بکرێتەوە د هندسە ژنتیک N genteknologi ع

الهندسة الوراثية ☜ مەندل.






**ئەندازەی پیرۆز:** Sacred geometry هێمایی شێوەزانست واتای هێمایی و پیرۆز گرێ ئەدا بە وێنە ئەندازەییەکانەوە، وەکوو شانەی هەنگوین و ترووکەی بەفر و بڕوای وایە پەروەردگار، ئەندازیاری جیهانە.











**ئەندازەی ژنتیک:** ☜ ئەندازەی بۆماوەیی.

**ئەندامی دەستکرد:** prosthetic ئای تی پیشەسازی ئەندامێکی جەستەی دەستکرد، وەکوو دڵ و ددان و هتد. ع طرف صناعي N protese د مصنوعی.





**ئەندامی هاوتا:** Corresponding Member نازناو ئەندامی هاوشان، ئەندامی ڕوومەتی لیژنە یان ئەنجومەنێکی خوێندن یان دەستەی باڵای پەیمانگەیەکی زانستی. ← ئەندامی ڕوومەتی: honorary member ع عضو فخري N æresmedlem د عضو افتخاری.

**ئەندەروون:** inside ناو ئاوەڵناو ئامرازی پەیوەندی ئاوەڵکار هوندر، هەناو، ناخی دەروون. ع في داخل N innsiden د داخل. ئەم وشەیە لە ڕستەدا چوار شێوەی ڕێزمانی وەرئەگرێ:

← ١ ناو بەرەوە لەواسە یان ناوەوەی شتێک: پەنجەی لە ئەندەروونی قاپەکە بادا ← بەشی ناوەوە: ئەندەروونی ئۆتۆمۆبیلەکە وەک زۆپا وابوو.

← دۆستانە و نافەرمی: ئەتوانی لە ئەندەروون ببی بە هەیتەی خۆم؟

← ٢ ئاوەڵناو دارەت و دۆخی ناوەوە، یان لە ناوەوە: ئەندەروونی ناوەوە.

← ٣ ئامرازی پەیوەندی دۆخی کەوشەن یان سنوورەکان: دەنگی ڕادیۆ لە ئەندەروون بڵاو ئەبوویەوە.

← لە هوندر {کاتی دیاریکراو}: لە ئەندەروونی ١٨ مانگدا وامەکەی دایەوە.

← ٤ ئاوەڵکار لە کەوشەن یان سنووری شوێنێکدا: هیوا لە ئەندەروون چاوەڕێیە.

**ئەندێشە:❶** thought ناو بۆچوونێک کە بە هۆی بیرکردنەوەوە لەپڕ بەدی دێ.

**ئەندێشە:❷** phantom ناو فرۆشە، تارمایی، نەدیو، پۆنج، وێنا، بینینی شتێک بەبێ ئەوەی هەبێ؛ دەنگ بیستن، بەبێ ئەوەی هەبێ.

**ئەندێشەمەند:** ناوی لێکدراو بیرمەند، بیرگەش، بیرڕووناک.

**ئەندێشەمەندی:** ناوی چاوگ بیرمەندی، بیرووناکی، تێبینی.

**ئەندێشە ناپۆلیۆنییەکان:** Idées Napoléoniennes رامیاری ئایدیۆلۆجی
ئاماژەیە بە پەرتووکێک کە لویی بۆناپارت ساڵی ١٨٣٩ لە پاریس بڵاوی کردەوە.








**ئەندێشەیی:** ideational ناوی چاوگ وێناندن، وەزارەیی، پەیوەندیدار بە سەرهەڵدان و خەمڵینی ئەندێشەوە. ع فکري N ideell د ایده پردازی.

**ئەندیمیۆن:** Endymion ناو لە میسۆلۆجی یۆنانیدا شوانێکی زۆر قۆزە کە سێلێنا شەیدای ئەبێ و پەنجا منالّی لێ ئەبێ. سێلێنا داوا لە زیۆس ئەکا بیباتە خەوێکی هەمیشەییەوە، تا جوانییەکەی بۆ هەمیشە وەرجاوەند بێ.



**ئەنزین:** Anzin جوگرافیا ناوی جێگا شارێکی پیشەسازییە لە باکووری فەڕانسە، خاوەنی کارگەی مەزنی پیشەسازی جەبگی.







**ئەنژە:** Angers جوگرافیا شارێکە لە ڕۆژئاوای فەڕانسە، بۆ کشتوکاڵ بەناوبانگە.








**ئەنڤالید:** Les Invalides ناوی جێگا کۆشک و خزنێکی سەدەی حڤدە لە ناوەڕاستی شاری پاریس، بە فەرمانی لویی چواردە دروستکراوە، ناپۆلیۆن بۆناپارت لەوێ نێژراوە.



**ئەنکیزاسیۆن:** Inquisition ناو بە بێژەی فەرەنسە یان
ئینکویزیشن Inquisition بە بێژەی ئینگلیزی،
ئینکویزیتسیۆنە Inquisizione بە بێژەی ئیتالیایی،
ئینکیسیسیۆن Inquisición بە بێژەی ئیسپانی،
ئینکویزیکۆ Inquisição بە بێژەی پورتۆگالی،
ئینکوزیتی Inquisitie بە بێژەی هۆڵەندی،

ڕیشەناسی لە ڕیشەی لاتینی ئینکایرۆ Inqairo بە واتای بیرکۆڵین، دادگای پشکنینی بیروباوەڕ، لێژنە و لێکۆڵەری تایبەت بۆ وەرگرتنی ددانپێدانان لە گومانلێکراون، لە ئورووپای مەسیحیدا لە ڕێگەی ئەشکەنجە و لێکۆڵینەی توندوتیژ لە لایەن کڵێسای کاسۆلیکی پاپاوە، لە سەدەکانی ناونجیدا، بەبێ هیچ بەڵگە و هۆکارێک. ژمارەی کوژراوانی بیرکۆڵین بە سووتێنراو و سزای قورسی ترەوە لە نیوملیۆن کەس تێئەپەڕێ. ☜ تارماییەکانی گۆیا





**ئەنگارە:** étude ناو (فەرەنسە) مەلزە، هێڵکاری سەرەتایی، گەڵاڵە یان نەخشی سەەتایی لە وێنەکێشاندا، پڕۆژەی سەرەتایی د طرح E pattern.

**ئەنگامە:❶** uproar ناو گەنگەشە، هەڵڵا، گێچەڵ، فەرتەنە و هەراوهوریا،

دڕواریی، گیرۆدەیی. ع ضجه N opprør د بلوا، آشوب.

**ئەنگامە❷:** ناو ئاژاوە، بشێوی.

**ئەنگامە❸:** ناو کۆڕی بەزم، گۆڤەند.

**ئەنگامە❹:** ئاوەڵکار هەرەت، کات، جەنگە.

کاری گەورە و سەممەرە.

**ئەنگر:** outrageous ئاوەڵناو ڕکهەستێنەر، کەشتەنگ؛ ئەنگراندن، تووڕەکردن، غەزراندن، قەڵسکردن، هەردیکردن. ع شائن N opprørende د خشم انگیز.

**ئەنگران:** adequate چاوگی تێنەپەڕ هەنگران، ساماندارى کەلأن، لە ئەندازە دەرچوون، لە ڕادەبەدەر. ✿: ئەوەندەی هەیە ئەنگراوە. ⇦ **نەنگران:** inadequate چاوگی تێنەپەڕ [نە+ئەنگران] بەسنەبوون، بەشنەکردوو، بە ئەندازەی پێویست نەبوون. ع غیر کاف N utilstrekkelig د ناکافی.

✿: تا ئەو ساتە هەستی نەکردبوو هیوای بۆ ژیان نەنگراوە.

**ئەنگراو:** ئاوەڵناوی فرمان زۆر دارا، دەوڵەمەندی کەلأن، تەژی سەرڕێ.

✿: ئەوەندە دارایە ئەنگراوە.

**ئەنگکۆر وات:** Angkor Wat ئاییناسی مێژوو جوگرافیا ناوی جێگا کۆمەڵێک پەرستگەی سەدەی دوانزەیە لە کامبۆدیا بۆ پادشا سوریاڤارمانی دووەم دروست کراوە. سەرەتا پەرستگەیەکی هیندوو بوو، پاشان کرا بە بوودایی. ئەنگکۆر وات بە ڕووبەری ١,٦٢٦ کیلۆمەتری دووجا گەورەترین پەرستگەی جیهانە.








**ئەنگۆرە:**❶ sunset tight ئاوەڵناو دەمی پاش ئێوارە، تەنگی ئێوارە، درەنگان، ئەو کاتە، ئەوسا، نزیک کۆتایی. ع غروب ضیق N solnedgang tett د تنگ غروب ن: ئەنگۆرەی پایز: هەرەتی پایز (پایزی دارماڵ)، پایزی بەرەو کۆتایی، درەنگانی پایز ن: پایزی سارد و سۆڵ.




**ئەنگۆرە:**❷ season ئاوەڵناو سەرەتای هەرەت، دەمساڵ، وەرز. ع الموسم N årstid د فصل ن: لە ئێستاردا ئەنگۆرەی میوەیە: لە ئێستەوە کاتی میوە لێکردنەوەیە.

**ئەنگوچک:** sleeve پۆشاک ناو لەوەندی، گوچک، سۆرانی، سەرقۆڵ، قۆڵەکراسی فش و فۆڵ و درێژ؛ قۆڵی کراس و جاکەت لە سەردەستەوە تا ئانیشک. ع کم، ردن N erme د آستین.







**ئەنگوێرسا:** Anguersa جوگرافیا ناوی جێگا شێوەی کۆنی ناوی Anversa و Antwerp بەندەرێکە لە باکووری بەلجیکا، لە سەر چەمی شێلدە، بەشێکە

لە فلاماندر لە بن دەسەڵاتی فەڕانسەدا بوو. ☜ ئەنتوێرپ



**ئەنگێزە:** motivation ناو ئەنگێز، دنەدەر، هۆ. ع التّحفیز N motivasjon د انگیزە 📖:

ژ ڕەعنا نێرگزێن تەی مەست و خونڕیز
زەمان بۆ عەهدی جەنگ ئەنگێزی چەنگیز
«مەلای جزیری»

**ئەنگیزەدان:** incentivize فەرمان هاندان، وروژاندن بۆ ئەنجامدانی کارێک بۆ مەبەستێکی تایبەتی. ع تحفیز N oppmuntre د انگیزە دادن.

**ئەنوختە:** saving ناو پاشەکەوت، بەرگری لە بەفیڕۆدانی سەرچاوەیەک. ع توفیر N sparing د پس انداز. incentivize

**ئەنووشە ❶:** deathless, eternal, everlasting ئاوەڵناو وەرجاوەند، هەرماو، هەرمەندە، وەرجا، مەندۆخ.

**ئەنووشە ❷:** پادشا ناوی تایبەت (٥٠١ـ٥٧٩) نازناوی خوسرەوی یەکەم، خوسرەوی نەوشیروان کوڕی قوبادی یەکەمی ساسانی، بە عەرەبی

کسری، کە لە ماهەکدا ئەنووشەڕەوان یان نووشینڕەوان بووە، لە پادشایانی بە دەسەڵاتی ساسانی لە سەدەی شەشەمی زاینی. سەردەمی پادشایی ئەو شکۆدارترین قۆناخی دەسەڵاتدارێتی ساسانیەکانە،ساڵی ٥٦١ز لە پاش شکانی حکوومەتی بیزانس، پەیماننامەی ٥٠ ساڵەی کۆتایی جەنگ لە نێوان دوو دەسەڵاتی گەورەی ئەو سەردەمەدا واژۆ ئەکرێ و، ئیمپراتۆری ڕۆم ناچار ئەبێ بۆ ماوەی ٥٠ ساڵان بێ بە باجگوزاری نەوشیروانی ساسانی و ساڵانە باجی بداتێ.



**ئەنتیۆک:** Antioch جوگرافیا ناوی جێگا شارێکی کەونارای ڕۆماگریکی بوو، ئێستە شاری ئەنتاکیە لە باشووری تورکیا لە شوێنی سازکراوە.

**ئەنجامی هەژمار:** census returns هەژمار بەرەنجامی سەرژمێری. ع نتائج الاحصاء N folketellingen returnerer د نتیجە سرشماری.

**هەژمار:** statistics کار کردە یان پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بەراورد و ژمێریاری شتێک. ع علم الإحصاء N statistikk د آمار.

**ئەنەیید:** Aeneid میسۆلۆجی چامەیەکی داستانی لاتینییە، نووسینی ڤێرژیل Virgil لە ٢٩ پێش زایین بەسەرهاتی ئەینیاسی Aeneas خەڵکی ترۆی Troy یە، کە ئەچێ بۆ ئیتالیا و ئەبێ بە دامەزرێنەر و باپیرەی ڕۆمانەکان. ئەم

دەقە لە ٩٨٩٦ دێڕ هۆنراوەی شەش بڕگەیی لە سەر کێشی پەنجەیی پێکهاتووە.




**ئەنیمیا:** anemia ناو ☜ کەمخوێنی

**ئەنیگماتیک:** enigmatic ئاوەڵناو (لە وشەی یۆنانی enigma بە واتای riddle) ئاڵۆز و نارۆون و ڕازاوی کە تێگەیشتنی دژوار بێ. ⇦ **ئەنیگما:**
Enigma کریپتۆلۆجی مەکینەی جفرەنووسی ئاڵمان لە جەنگی جهانی دووەم لە هەموو لەشکرەکانی سپای ئاڵمان هەبوو.











**ئەنیۆریزم:** aneurysm پزیشکی گەورەبوونی لە ڕادەبەدەری خوێنبەرەکان بە هۆی لاوازبوونی دیواری خوێنبەرەکان. ع تمدد الأوعية الدموية N aneurisme د آنوریسم.

**ئیلاّی ستۆن:** Eli Stone زنجیرە شێوەزانست ئاپینناسر زنجیرەی تلەڤیزیۆنی وەرمەزانستی ٢٠٠٨ـ٢٠٠٩ سەبارەت بە نەخۆش و نەخۆشینی ئەنیۆریزم، ئافراندنی گرێگ بێرلانتی و هونەرمەندی جانی لی میللەر. درێژە ئەم زنجیرەیە بە شێوەیەک ئەیەوێ زانیار و بڕوا بە زانست بخاتە گومانەوە بە پیشاندنی گەڕانەوە و دیمەنی وەها کە نەگونجاوە و هەرگیز ڕوو نادات. بۆ نموونە ئیلاّی لە ئەندێشەی خۆیدا ئەگەڕێتەوە بۆ دە ساڵ پێشتر و بۆی دەرئەکەوێ باوکی چۆن مردووە؟! کە شتی وەها هەرگیز ڕووی نەداوە و ڕوو نادات. هەرچەند سەیرکردنی ئەو زنجیرەیە هێشتاش پێویستە، چونکە پیشانمان ئەدات ئەگەر ئایین هەیە و کاریگەرییەکی وەها زۆری هەیە، هۆکەی خودی مرۆڤ و جۆری بیرکردنەوەیەتی بۆ زانینی نەزانراوەکان، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی خوراڤات و شێوەزانست و خۆفریودانیشەوە بووە.

**بەردەوامی:** continuum زنجیرە زنجیرەی وەرمەزانستی ٢٠١٢ـ٢٠١٥ سەبارەت بە داهاتوو لە کاتی ئێستەدا، ئافراندنی سیمۆن بەری.










**ئەنیید:** Aeneid ☜ ئەنەیید

**ئەوان:** پاشگر [ئە+ وان] پاشگرێکە لە زمانی کوردی ئەلکێت بە ناو و ناوی فرمانەوە، ئاوەڵناوی لێ بەرهەم دێت.

ن: دەشت+ ئەوان: دەشتەوان.

ن: پاس+ ئەوان: پاسەوان.

ن: گەنج+ ئەوان: گەنجەوان.

**ئەوبەری دەرگا ئاسنەکان:** Au_delà des grille سینەما فیلم فیلمی سینەمایی فەڕانسەیی ١٩٤٩، دەرهێنانی ڕێنێ کلێمەنت و بەشداری ژان گابۆن.







**ئەوتینگ:** outing ناو گەڕان-٢ پیاسە و گەڕان.

**ئەورام:❶** adaptability ناو بووژەن، دارینگ، کەرەستە، تفاق، کەلوپەلی پێویست. ع اللوازم N forsyninger د تدارکات.

**ئەورام:❷** adaptability ناو بژوونی، پێکهاتوویی، تەبایی، جۆری، حاواوەیی، سازگاری، گونجاوی، لەباری، نەرمەنیشکی، هێژایی، هێمنی. ع التکیف N tilpasningsevne د تطبیق پذیری.










**ئەورماڵ:** skyscraper ناوی لێکدراو ئاسمانگەز، سەر لەناو هەوران، باڵەخانەی هەرە بەرزی سەربەهەوور. ع ناطحة سحاب N skyskraper د آسمانخراش.





**ئەوق :** afoul, involved ناو قەتیس، گرفتار، دەرەتان لێ بڕاو، گیرخواردو؛ حەپەساو، هێدمەگرتوو. ع متورط N involvert د درگیر.

ن: ئەوق ئەبن و دەمیان دائەچەقێ.

ن: هەندێکیان بینەر ئەوق دەکەن!

ن: خوێندنەوەی پەرتووکەکانی سەرەتا ئەوقیان ئەکردم.






**ئەوک :** neck ناو گەردن، گەروو، قوڕوو. ع عنق N nakke د گردن.





**ئەو کاتەی نیچە گریا:** when nietzsche wept فیلم فیلمی سینەمایی ٢٠٠٧ دەرهێنانی پینچاس پێری Pinchas Perry و هونەرمەندی ئارماندۆ ئەسانتە و بێن کرووز.

ئەڵێن نیچە و هاورێکەی یاکوب بۆرکهارت، ڕۆژێک لە ڕۆژانی مەی ١٨٧١ لە سەردەمی کۆمۆنی پاریس، کاتێک کە دەنگۆی ساختەی ئاگرگرتنی کۆشکی لوڤریان بیست، ئەوەندە بەو هەواڵە تێک چوون، هەردووکیان پێکەوە دەستیان کرد بە گریان. ☜ نیچە دژی ڤاگنەر.





**ئەوکبڕ:** garrote ناوی‌فەرمان چەکێکە کە بە زۆری لە دوو دەسکی داری بچووکی گرۆڤەر پێکهتووە، کە بە تەلێکی باریک یان گشتەک یان نەبڕی ماسیگری پێکەوە بەستراون، بۆ خنکاندن و ئەوکبڕین بەکار ئەهێنرێ. ع
كسارة الأعناق N garrote د شریان بند.





**ئەو کەمە شادە:** happy few شێوەڕستە ئەو کەمە بەختەوەرانەی کە هەن. یەکەم جار ستاندالْ لە زمانی فەرەنسیدا کردی بە باو، ئەم گۆتەیە کۆتایی ڕۆمانی سوور و ڕەش وەرگێڕانی سیامەند شاسوری، لە بلاْوکراوەکانی ناوەندی ئەندێشەدا هاتووە.










**ئەو لاپەڕی وەکوو ئەوانی تر نییە:** Une Fee pas comme les autres سینەما فیلم فیلمی ئەنیمەیشنی فەرەنسیی ١٩٥٦، بەرهەمهێنەر ژان تۆران.

**ئەولەهی:** safety ئاوەڵناو ئاسوودەیی، هێمنی، دڵنیایی، ئاسایش، هەلومەرجی پاراستن لە بەرامبەر مەترسی، یان ئەگەری زیان و وەزەن.

⇦ **خۆئەولەهی:** self_esteem خۆڕێزی، خودباڤەری، تاوداناوەی هەڵسەنگاندن یان بەراوەردی کەسێک لە بەهاکانی خۆیەتی ☜ خۆڕێزی

⇦ ن: ڕێکخراوی گەلانی ژێر هەڕەشە: دژی دامەزراندنی «هەرێمی ئەولەهی» (هەرێمی دابڕاو)ی ژێر کۆنترۆلی دوژمنە.

⇦ ن: ئاژانسا هەماهەنگیا ئەولەهی و بەرگری یا ئامەریکایێ د ڕاگهاندنەکێ دە ئەشکەرە کر، ئامەریکایێ ڕەزامەندی ژ...

**ئەو و ئەو:** Elle et Lui ڕۆمان ڕۆمانی سیبیل ڕیکێتی دو میرابو Sibylle Riqueti de Mirabeau، ناسراو بە ژیپ GYP.










**ئەوەر :** پاشگر {ەوەر} پاشگرێکە ئەلکێت بە دوای ناوەوە و ئەیکات بە ئاوەڵناو، یان ناوێکی نوێ و واتای {خاوەن} یان پڕ ئەبەخشێ.

- بەخت + ئەوەر : بەختەوەر
- پەڵ + ئەوەر : پەڵەوەر
- چەنە + ئەوەر : چەنەوەر
- دەم + ئەوەر : دەمەوەر
- زیند + ئەوەر : زیندەوەر
- سەر + ئەوەر : سەروەر
- گیان + ئەوەر : گیانەوەر
- هونەر + ئەوەر : هونەروەر

**ئەوەی کێشەی هاوسەرگیری ئەباتەوە، ژیانی هاوسەرگیری ئەدۆڕێنێ :** گۆتە پەند واتە ئەگەر ژیانی هاوسەرگیریمان لەلا گرنگە نابێ، هەوڵ بدەین کێشەکان ببینەوە، بەڵکوو ئەبێ دڵسۆزانە تێبکۆشین چارەسەری بۆ بدۆزینەوە؛ چونکە لەگەڵ بەرەندەبوونی لایەنێک، ئەویتر لە هاوکێشەکە ئەکرێتە دەرەوە. سەرکەوتووش کە لائەکاتەوە ئیتر لە ژیانی هاوسەرێتیدا نییە، چونکە لایەنەکەی تری دەریەڕاندووە.

◁ E Whoever wins the marital conflict loses his marital life

◁ ع اي واحد انتصر صراع الزوجية، هو يخسر حياته الزوجية

◁ N Den som vinner ekteskapskonflikten mister sitt ekteskapelige liv

◁ د هرکس در تعارض زناشویی پیروز شود، زندگی زناشویی می بازد.

**ئەوەی هەیە، بۆ تێداچوونە:** وێژە پەند ڕستەیەکی مەفیستۆفیل، لە بەشی یەکەمی «فاوست»ی گۆتە. ☜ فاوست ☜ فاوستی گۆتە ☜ مەفیستۆفیل.

**ئەوین:** love دەروونناسی دیاردە هەست و هەژانێکی توندوتیژی سۆز و خۆشەویستی ناوازە و تایبەتمەندە، کە بەرەنجامی ناسین و زانگەری دارماڵ و قووڵی دوولایەنەیە، تاقانەیە و تاکخوازە، بێوێنەیە و بێهاوتایە، هەموو شتێکی لە خۆشی و ئاسوودەیی و شادمانی بەرامبەر و بە ئەندازەی یەکە، ئەو من و من ئەوم؛ منێکە هەموو شتێکم بۆ خۆم و لە ناخودئاگای خۆمدا لە هەموو کەس و شتێک زیاتر بوونم هەیە، ئەو کەسەی شەیدای بووم دێتە ئاستی خۆمەوە و بە ئەندازەی من جێگە داگیر ئەکات؛ ئەوین هیی سێ قۆناغی چوونەدڵەوە و خۆشویستن و دڵدارییە. ئەوین ئامادەیی و توانای پەژێرەکردن، بەرەنجامی ناسین و، هونەرێکە کە ئەبێ فێری ببین. هەرچەند وتراوە: ئەوین هەستێکی چڕ و پڕی سۆز و خۆشەویستییە، بەڵام مرۆڤ ئەگەر ژیر و بەئاوەز نەبێ ناتوانێ ببێ بە ئەویندار. ئەوین لە دەرەوەی بازنە و کەوشەنی **ڕەوشت** بەدی نایەت. هیچکەس ناتوانێ بڵێ من ئەوینداری فلانە کەسم و فیسارە کەسیشم خۆش ئەوێ، چونکە ئەوین تایبەتمەندە، ناوازەیە و تاقانەیە. ئەوین هۆکاری ژنتیک و بیۆلۆژیک و فیزیۆلۆژیک و نۆرالۆژیکی هەیە. ئەگەر مێشکی مرۆڤی ئەویندار بخرێتە بن دەزگای fMRI یان Function MRI، نیشانەکانی ئەوینداری لەو مێشکەدا پیشان ئەدا؛ بە هەمان شێوە کە ئەگەر وێنەی مێشکی مرۆڤی خەمۆک یان تۆقاو ببینین ئەزانین ئەو مێشکە، هیی مرۆڤێکی خەمۆک یان تۆقاوە، ئەبێ ئەوەی ئەو کەسە بناسین. ⇐ وەک **مارکس** ئەڵێ: ئەوین گۆڕینەوەیە، نەک ئاڵوویێر و کڕینوفرۆش واتە reciprocity نەک dealing. :ن

یەکخوازە و یەکناس، دینی تەنێ
دوو نە ئەشقە تەن تەنێ، پاکی تەنێ
سەرلەبەر یەک تاقی ئەبرۆ، تاقی تەنێ
گەر ئەوینە، بەس یەکە و تاکی تەنێ
سیامەند شاسواری

: ئەوین گەشتێکی بچووکە بۆ دۆزەخ! Love is a slight ride to Hell

: ئەوین گەشتێکی بچووکە، بۆیە لێرەوە ئەڕوات!

**ئێرۆس:** Eros میسۆلۆجی لە میسۆلۆژی یۆنانیدا خوای ئەوین و سێکس و، باشترە بوترێ وازی جەستەیی و کێشەری فراوانە، هەندێ جار چەتوونی کردووە و بەبێ ئاگادارکردنەوە، کەسانی دەستنیشانکراوی خۆی هەڵبژاردووە و دڵیانی خستووەتە ترێ و هەڵقوڵان. وەک هێسیۆد Hesiod ئاماژەی پێداوە: ئێرۆس لەش خاو ئەکاتەوە و ئاوەزیش کول ئەکات، هاوتای لە میسۆلۆژی کلاسیکدا پێی ئەوترێ کیوپێد: Cupid یان کۆپیدۆن.











**ئەویندار:** lover کارا ئەراگیل، تامەزرۆ، دڵبەستە، دڵدار، دڵکەتی، دین، سەوداسەر، شەیدا، گیرۆدە. ع عاشق N elsker د عاشق.

**ئەهریمەن لە جەستەدا:** Le Diable au corps ڕۆمان ڕۆمانێکی ١٩٢٣ی فەڕانسەییە، نووسینی ڕەیمۆند ڕادیگۆ Raymond Radiguet ڕیسواییەکی دڵدارییە ڕێک لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم. ساڵی ١٩٤٧ کراوە بە فیلم.









**ئەیدا لەڤلەس:** Ada Lovelace بیرکار ئای تی بەرنامەساز کچی هۆنەری مەزن لۆرد بایرن، بیرکاری ئینگلیزی، زۆرتر بەوە ناسراوە کە کاری کردوە لەسەر کۆمپیوتەرە پێشنیارکراوەکەی چارلز بابج کە کۆمپیوتەرێکی شیکار بوو. یەکەم کەس بوو زانی مەکینەکە ئەتوانێ زیاتر لە کردارەکانی بیرکاری ئەنجام بدات و بە یەکەم بەرنامەساز دا ئەنرێت.










**ئەیرگەپ:** air_gap ئای تی دابڕاو یان بۆشایی هەوا یان کلۆر، ڕێوشوێنێکی ئاسایشتی پاراستنە بۆ جیاکردنەوەی کەمپیوتەر یان تۆڕی پەیوەندی و ڕێگریکردن لە بەدیهاتنی پەیوەندی دەرەکی، کە هەکر و کۆدر و سایبریانک

و مەڕەڕەش و هتد نەتوانن دزەی تێ بکەن و بچنە ناویەوە.

⇐ **کەمپیوتەری دابڕاو** air_gapped computer کەمپیوتەرێک لە ڕووی فیزیکییەوە جیاکراوەتەوە و کەمپیوتەر تر یان ئامێرەکانی ئینتەرنێت بێوایەر یان فیزیکی ناتوانن پەیوەندی لەگەڵ دروست بکەن. ⇐ زنجیرەی ژووری نووچە: The Newsroom وەرزی ٣ بەشی ١.







**ئەی مشکە کوێرەی پیر، باش ڕەهۆڵ لێ ئەدەی:** شانۆ گۆتە لە درامای «هاملێت»ی شکسپیر، پەردەی یەکەم، دیمەنی هەشت: گیانی باوکی هاملێت کە بە فەرمانی مامی هاملێت، کلادیۆس، کوژراوە، خۆی پیشانی هاملێت ئەدا و داوای لێ ئەکا تۆڵەی بسەنێتەوە. هاملێت کە لە بینینی گیانی باوکی ترساوە، ئەم ڕازە لای دۆستەکانی ئەدرکێنێ، بەڵام داوایان لێ ئەکات سوێند بخۆن ڕازەکە نەدرکێنن. لەم کاتەدا گیانەکە دیسانەوە لە بن شانۆکەدا دەرئەکەوێ و ئەڵێ: سوێند بخۆن! هاملێت لە بیستنی ئەم گوتەیە هاوار ئەکا: «مشکە کوێرەی پیر، باش ڕەهۆڵ لێ ئەدەی!»






**ئەبرین:** Abrin کیمیا ژەهر ناو ژەهرێکی سرووشتییە لە تۆوی ڕووەکێکدا هەیە پێی ئەوترێت دەنکی تەسبیح rosary pea. ئەم تۆوانە سوورن و پەڵەیەکی ڕەش بە سەریەوە هەیە. ئەبرین هاوشێوەی ڕایسین Ricin ـە، کە ئەویش ژەهرێکە لە تۆوی ڕووەکدا هەیە و دەزگا سیخوڕییەکان وەکوو چەک بەکاریان هێناوە، بەڵام ئەبرین ٧٥ جار کوشندەترە لە ڕایسن و هیچ دژەژەهرێک دەرەقەتی نایەت. ع ابرین N abrin د ابرین.






**ئەین:** Aisne ناوی جێگا چەمێکە لە ڕۆژهەڵاتی نەواقەی پاریس.

**ئەییوب:** Job ئایینناسی لە پەیامبەرانی خاوەن پەرتووکی جوولەکە، خوا ئەیوب تاقی ئەکاتەوە، هەموو داراییەکەی {٧٠٠٠ مەڕ و ٣٠٠٠ وشتر و ٥٠٠ مانگا و ...} تاڵان ئەکرێ و کوڕەکانی ئەکوژرێن؛ بەڵام ئەیوب لە خوا هەڵناگەڕێتەوە و سەرەنجام ڕێزن و دارایی لەدەستچووی خۆی بەدەست ئەهێنێتەوە. ع أیوب N Job د ایوب.








**ئێپیکۆر:** Epicurus فەیلەسووف {٣١٤ـ٢٧٠ پ.ز} فەیلەسووفی بەناوبانگی

یۆنانی کە چێژوەرگرتن و خۆشگوزەرانی بە بەندی بناغەی ژیان ئەزانی.




**ئێپیکۆری:** Epicurean فەلسەفە پەیڕەوی فێرگەی ئێپیکۆر Epicurus (٣١٤-٢٧٠ پ.ز) فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنانی کە چێژوەرگرتن و خۆشگوزەرانی بە بەندی بناغەی ژیان ئەزانی.




**ئێپیگرام:** Epigram ویژە بە واتای پەسنی نووسراو، نووسراوێکە بۆ ناساندن و پەسنی پەرتووک یان نامیلکەیەک ئەنووسرێ. لە یۆنانی بە واتای کەندا و تۆمارکراو. زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵە هەیە و پەسنێکی پێداهەڵدانە بە نووسەر و پەرتووکدا، زۆر کورت و سەرنجڕاکێش و هەندێ جار تێکەڵ بە ساتیر و

پەند و ئامۆژەیە. [ع] ابیجراما [N] Epigram [د] تقریظ.




**ئێتۆد:** étude [موزیک] ڕاهێنان، بڕگەیەکی کورتی موزیکە، بە زۆری بۆ یەک ساز، بۆ ڕاهێنان و مەشقکردن. ← **ئەنگارە:** étude [هونەر] [ناو] {فەرانسە} مەلەزە، هێڵکاری سەرەتایی، گەلاڵە یان نەخشی سەرەتایی لە وێنەکێشاندا، پڕۆژەی سەرەتایی [د] طرح [E] pattern.




**ئێتیمۆلۆجی وێنەدار:** The Illustrated Etymologicon [زانست] [G] [فەرهەنگ] فەرهەنگێکی ڕیشەناسی وێنەدارە بە زمانی ئینگلیزی، نووسینی مارک فۆرسایت Mark Forsyth، سووڕانەوەیەکە بە ناو گۆشە نهێنییە لێک هەڵپێکراوەکانی زمانی ئینگلیزیدا.



**ئێدگار ئالان پۆ:** Edgar Allan Poe (١٨٠٩ـ ١٨٤٩) یەکێکە لە گەورەترین نووسەران و هۆنەرانی سەردەمی خۆی، زۆربەی کارەکانی ئەم هونەرمەندە بریتییە لە کورتە چیرۆک و زۆربەی ئەم چیرۆکانەش ترسناکن و هەر بە هۆی ئەم دانستەوە بەناوبانگن. ☜ دەمامکی مەرگی سوور ☜ ئالْباتراس









**ئێدگار نەی:** Edgar Ney [رامیار] [ئەفسەر] (١٨١٢ـ ١٨٨٢) ئەفسەری سپا، بۆناپارتیست، پاسەوانی یاوەری سەرۆککۆمار لویی بۆناپارت، سالانی ١٨٥٠ تا ١٨٥١ نوێنەری ئەنجومەنی ڕێسادانان.




**ئێدن:** again [ئاوەڵکار] دیسان، دیسانەوە، ئیتر. [ع] تکرارا [N] igjen [د] بازهم.

**ئێدنا پۆرڤیانس:** Edna Purviance [سینەما] [هونەرپیشە] (١٨٩٤ـ ١٩٥٨) هونەرپیشەی ئەمریکایی، ئەکتەری یەکەمی زۆربەی فیلمە سەرەتاییەکانی چاپلین.










**ئێدوارد دمێتریک:** Edward Dmytryk سینەما دەرهێنەر (١٩٠٨ـ١٩٩٩) دەرهێنەری ئەمریکایی سینەما.














**ئێدیت:** edit سینەما هونەری ڕازاندنەوە بە هۆی بڕین و لێکدانەوەی دووبارە، بە تایبەتی لە بواری سینەما. ⇦ هەڵەچنی: edit ئێدیت لە بواری وەشاندا، کە قەمەیزین و چاککردنە. ⇦ نقیسیار: editor ئێدیتۆر، ئەو کەسەی دوایێداچوونە لەسەر دەقێک ئەکا و، سەبارەت بە گۆڤار و ڕۆژنامە بڕیاری لەسەر ئەدا. ع محرر N redaktør د ویراستار. ☜ مۆنتاژ

**ئێدڤارد مۆنک:** Edvard Munch شێوەکار (١٨٦٣ـ١٩٤٤) شێوەکاری ناودار و ناوازەی ئێکسپرشنیستی نەرویجی. زۆر تابلۆی ناسراوی وەکوو مادۆنا Madonna و هەتاوی هەیە و هەروەها بەناوبانگترین تابلۆی قیژەیە The Scream کە لە شاکارەکانی هونەری مۆدێرنە و بە گەنجینەی نەتەوایەتی نەرویج دانراوە. مۆنک ماوەی ٦٠ ساڵ وێنەی کێشا و تا کۆتایی سەدەی بیست لە بن کاریگەری سەمبۆلیزم

{خوڵەمێش} و سنتەتیزم {ڕازی شەوی هاوین} و ئیمپرشنیزم {هەتاو، شەو لە سەنکلوو} و پۆست ئیمپرشنیزمدا بوو، بەڵام زۆربەی کارەکانی ئێکسپرشنیستین.



**ئێرانی:** Iranian ئاوەڵناو ئیڤان سکۆنکیڤ یان ئیڤان سکۆنکۆڤ Ivan Skonkov لە چاپی ڕووسییەکەی پایاننامەی دوکتۆراکەی لەمەڕ ئێرانی نووسیویێتی:

«ئێرانییەکان مەردمێکی کەمتەرخەمە، هەلپەرەست و چڵێسن. بە کردەوە بڕوایان بە هیچ نییە، بەڵام بە ڕواڵەت خۆیان بە موسڵمان و پەرسدار پیشان ئەدەن. بە سانایی درۆ ئەکەن و هەموو ژیانیان بە درۆ ئەگوزەرێنن. هەرچی بێ، بەرژەوەندی خۆیان ئەخەنە سەروو بەرژەوەندی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەوە. نە عەرەبن و نە عەجەم. لە مانگی محەرەم خۆیان بە نۆکەر و سەگی عەرەب ئەزانن. مردووەکانی عەرەب ئەپەرستن و ئەچن بۆ سەردانیان و چاوەڕوانن ڕۆژێکی هەینی عەرەبێک رابیێت و جیهان ڕزگار بکات. لە هەمان کاتدا شانازی بە کوورشەوە ئەکەن و عەرەب بە مارمێلکخۆت دائەنێن. بۆ هەر کارێک پاساوێکیان هەیە، لە درۆوە بگرە تا دزی و داوێنپیسی و شەرواڵپیسی و دەسبڕین و، هەمیشەش تاوانەکە ئەخەنە ئەستۆی کەسانی تر. لە ئێران هەموو

شتێک ئەکردرێ، هەر لە بەهەشتەوە تاکوو دادوەری دادگا. توانایەکی بالاّی خۆڕێکخستنیان هەیە و خۆیان لەگەڵ هەر هەلومەرجێکدا ئەسازێنن و خۆیان دڵتێر ئەکەن و پاساو بۆ خۆیان ئەهێننەوە. بۆ وێنە ئەگەر بکەونە نەداری و بەدبەختییەوە، ئەڵێن ئەوە چارەنووسە و خوا وای ویستووە، بەڵام لەبری پاشی مردن ئەچین بۆ بەهەشت. ئەبێ ماوەیەک لە ئێران بژین تا بڕوا بکەن لە سەدەی ٢١ مەردمێکی تا ئەو ڕادە سەمەرە هەیە.»


بخشی از پایان نامه دکترای ایوان اسکونکیف
دانشجوی رشته مردم شناسی دانشگاه مسکو
درباره مردم ایران !!

ایرانیان مردمی بی تفاوت . بی هویت . توجیه گر . دروغگو . ریا کار . خرافاتی . فرصت طلب و طماع هستند . در عمل به هیچ چیز اعتقاد ندارند ولی در ظاهر خود را مسلمان و مومن نشان میدهند. براحتی دروغ میگویند و کلاً زندگیشان با دروغ میگذرد . در هر حال منافع شخصی خود را ارجح بر منافع ملی و عمومی میدانند . نه عرب هستند و نه عجم، در محرم خود را نوکر و سگ اعراب میدانند . مرده های عرب را میپرستند و زیارت میکنند و منتظرند که در جمعه ای یک عرب ظهور کند و دنیا را نجات دهد . در عین حال دم از کوروش میزنند و عرب را سوسمار خور مینامند .برای هر کاری توجیهی دارند از دروغ گرفته تا دزدی و فحشا و زنا و تقلب و همیشه گناه را به گردن دیگران می اندازند . در ایران همه چیز را میتوان خرید از بهشت گرفته تا قاضی دادگاه . قابلیت سازگاری بالایی دارند و با هر شرایطی خود را وفق میدهند و خود را قانع و توجیه میکنند مثلا اگر در فقر و بدبختی قرار بگیرند میگویند قسمت است و خدا اینگونه خواسته ولی در عوض بعد از مرگ به بهشت میرویم . باید مدتی در ایران زندگی کنید تا باورتان شود که در قرن 21 چنین مردم عجیبی وجود دارد

**ئێرگۆنامیک:** ergonomic ژینگەوکار ئاوەڵناو وەک کورسی ئەرگۆنامیک، کە بە ئەندازیاری فاکتەرە مرۆییەکان ناسراوە، بریتییە لە بەکارهێنانی بنەما دەروونی و فیزیۆلۆژییەکان لە ئەندازیاری و دیزاینی بەرهەم و ڕەوت و سیستەمەکان. ع بیئة العمل N ergonomi د ارگونومی.

◀◀ ١.ئەبێ چاو ڕێک بێت ٢. ئەبێ مۆنیتۆر باسکێک دوور بێت ٣. ئەبێ پشت

١١٠ پلە بێت ٤. ئانیشک لە سەر دەسک ٩٠ پلە بێت ٥.مەچەک لە سەر تەختەکلیل بێت ٦. ئەژنۆ لە ئاستی سمت بێت ٧. قاچ لە سەر تەختی ئەرز دانرابێت. ڕیشەناسی لە وشەی یۆنانی ergon واتا کار و nomos واتە ڕێسای سروشتی، ١٩٥٠ لە بەریتانیا وەرگیرا.

تێبینی: وێنەی لای ڕاست، ژنە هەر حەوتی ڕاست و پیاوەکە هەر حەوتی چەوتە.



**ئێرڵ:** Earl ناو پلەیەکی ئاریستۆکراتی ئینگلیزییە بەرامبەر بە کۆنت.

**ئێرڵ گرەی:** earl grey بەرزەنگ ناو جۆرێک چایی ڕەشە بە ڕۆن و بۆنی ترنج یان ترەنگ یان بەرگەمووت، یان لیمۆی سێڤیلیا Sevilla (پایتەختی ئەندەلوسیای ئیسپانیا) یان ترنجی کالابریا Calabria (لە باشووری ئیتالیا، بەرامبەر بە مێسینای سێسیلیا) بۆنخۆش کراوە. ع ارل جراي N earl grey د ارل گری.

دریژە بەو پێیەی کە بازرگانی چای داهاتێکی زەبەندەی هەیە، چای ئێرڵ گرەی بە شێوازی جۆراوجۆر دروست ئەکرێ. بۆ وێنە جگە لە ڕۆنی بەرگەمووت کە هێسنی بنەماییە، گەڵای گوڵی بۆنخۆش و پێستی بەرگەمووت تێکەڵ بە چای ئێرڵ گرەی ئەکرێ، یان بە چای سەوز و چای سپی دروست ئەکرێ.

دریژە چای ئێرڵ گرەی ناوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئێرڵ ✎ چارڵز گرەی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لە سییەکانی سەدەی نۆزدەدا، کە چاییەکی بەو چێژەیان پی پێشکەش کردووە.

دریژە ئێرڵ گرەی فەرانسەیی زیاتر بە لەیدی گرەی ناسراوە، کە پلەی لەیدی

هاوشانی ئێرڵە. چەند جۆری لەیدی گرەی هەیە کە گوڵی ڕۆجیاریەرست و پرتەقاڵی سیڤی Seville تێکەڵ ئەکرێ. جۆری تر بە گوڵی یاسەمین و، ئێرڵ گرەی ڕووسی گیای لیمۆی تێ ئەکرێ کە شێوەکەی وەکوو تەرەپیازە.



**ئێرنست ئیبێر:** Ernest Hébert شێوەکار (١٨١٧ـ١٩٠٨) شێوەکار و ئاکادێمیکی فەڕانسەیی.





**ئێرنست ڕێنان:** Ernest Renan فەیلەسووف (١٨٢٣ـ١٨٩٢) پسپۆڕی زمانە

سامییەکان، فەیلەسووف و مێژوونووسی فەڕانسەیی، زیاتر بە هۆی تیۆری شوناسی نەتەوەیییەوە بەناوبانگە.




**ئێرۆس:** Eros **میسۆلۆجی** لە میسۆلۆژی یۆنانیدا خوای ئەوین یان باشترە بوترێ وازی جەستەیی و کێشەری فراوانە، بەبێ ئاگادارکردنەوە نیشانەکانی خۆی هەڵئەبژێرێ و دڵیان ئەخاتە تریە و هەڵقولان و، وەک هێسیۆد Hesiod ئەڵێ، لەش خاو ئەکاتەوە و ئاوەزیش کول ئەکات، هاوتای لە میسۆلۆژی کلاسیکدا پێی ئەوترێ کیوپید: Cupid.




**ئێرە ڕۆدسە، لێرە هەڵخەرەوە:** Hic Rhodus, hic salta! **ئەفسانە** **کینایە**
**دیکامێرۆن-١** ئەم دەستەواژەیە لە دەقە ئاڵمانییەکەدا بە لاتینی هاتووە، لە یەکێک لە «ئەفسانەکانی ئیزۆپ» وەرگیراوە، سەبارەت بە کەسێکی خۆهەڵکێشە کە خۆی با ئەدا و ئەڵێ گوایە لە دوورگەی ڕۆدس بازی گەورەگەورەی داوە. مەبەست ئەوەیە: «ئەگەر ئەتوانی باز بدەی، لێرە

باز بدە»، ئەمە گۆی و ئەمەش مەیدان!

ئینجا کە بەدوایدا هاتووە، «گوڵباخ لێرەیە، لێرە هەڵپەڕە!»، دەستەواژەیەکە کە هێگڵ لە پێشەکی بۆ «فەلسەفەی ماف» Philosophy of Right نووسیویەتی. واتە وشەی یۆنانیی Rhodos هەم ئەشێ بە واتای دوورگەی ڕۆدس و هەم بە واتای گوڵباخ بێ.









**ئێرەیی:** jealousy چاوگی ئێنەیپەڕ چاقتەنگی، چاقچنۆکی، دڵبزۆکی، موود، بەخێڵی. ع غیرة N sjalusi د حسادت.







**ئێریک ڕوومەر:** Eric Rohmer سینەما (١٩٢٠ـ٢٠١٠) دەرهێنەر و ڕەخنەگری ناودار فەڕانسەیی، خاوەنی ٢٤ فیلمی سینەمایی.









**ئێریک فرۆم:** Erich Fromm دەروونناس کۆمەڵناس (١٩٠٠ـ١٩٨٠) دەروونشیکار و کۆمەڵناس و دەروونناسێکی بەناوبانگی فێرگەی فرانکفۆرتە، هەروەها سۆسیال دیموکراتە و یەکێکە لە فەیلەسوفە دیارەکانی فێرگەی مرۆڤدۆستی ئەڵمانی ـ ئەمریکی. لە بەرهەمەکانیدا هەوڵیدا پەیوەندیی هاوبەشی نێوان دەروونناسی و کۆمەڵگا ڕوون بکاتەوە و پێی وابوو بە جێبەجێکردنی بنەماکانی شیکاری دەروونی، وەک چارەسەرێک بۆ کێشە و نەخۆشییە کولتوورییەکانی مرۆڤ، ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە «کۆمەڵگەیەکی شیانست» دەدۆزێتەوە و لە ڕووی دەروونییەوە هاوسەنگ بێت. لە بەرهەمە هەرە گرنگەکانی ئێریک فرۆم:

- ترس لە ئازادی: The fear of freedom
- بەناوی ژیانهمن: In the name of life و. ئازاد بەرزنجی
- هونەری خۆشویستن: The Art of Loving و. محەمەد وەسمان
- زمانی لەبیرکراو: The Forgotten Language
- کرۆکی مرۆڤ: The Heart of Man و. ئەردەڵان عەبدوڵڵا



**ئێریک ڤۆن شترۆهەیم:** Erich von Stroheim هونەرپیشە ئێکۆشەر

(١٨٨٥ـ١٩٥٧) هونەرپیشەی ئوتریشی ئەمریکایی، لەسەر خەبات بۆ مافی کرێکاران ڕێگەی دەرهێنانی لێگیرا، بەڵام بوو بە یەکێک لە بەرزترین هونەرپیشەکانی سینەما.







**ئێزنگ:** firewood [ناو] هێزم، ئاوردوو، داری سووتاندن، زەنگە، چێو، چیلکە، چوڵسک، چۆ، بڕک، بڕ ولک، قەتا، کرزە [ع] خشب الوقود [N] brensel [د] هێزم.

: سوتەمەنی گەرماوانیش هەر ئێزنگە. {ڕۆمانی شەرەف، ل٨٦٠}

: ئەوانەی بە وڵسات ئێزنگ و سووتەمەنی ئەبەن بۆ بازاڕ و ئەیفرۆشن.





**ئێزەدی:** ❶ Yazidism [دین] [ناو] یان ئێزیدی، کۆمەڵەی ئەو بۆچوون و نەریت و باوەڕانەیە یەک ملیۆن کوردانی ئێزەدەی پێی هەڵئەسن. دینی ئێزەدی ئەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ئایینی زەردەشتی و ڕاستەوخۆ هی ئاریاییەکانە. ئێزەدییەکان بە کوردی کرمانجی ئەدوێن و یەکتاپەرستن، حەوت فریشتە پاسەوانی دینەکەیان ئەکات، گرینگترینیان مەلەکە تاووسە کە گەورەی فریشتەکان و دەسەڵاتداری جیهانە. پیرۆزگەی ئێزەدیان لالشە. [ع] الديانة اليزيدية [N] Jesidismen [د] ایزدی، اَزدی یا اَزیدی. ◄ لە ئێزەدیانی

بەناوبانگ و ناودارانی وێژە و مێژووی کورد ئە توانین ئەمان ناو ببەین:

- عەرەب شەمۆ
- قەناتێ کوردۆ
- دەروێشێ عەڤدی
- ئەسلان ئوسۆیان
- حەجی جندی
- مەحموود ئێزدی
- میر جەعفەر داسنی



**ئێزەدی:**❷ Yazidism جلوبەرگ جلوبەرگی ژنانی ئێزەدی شێوازێکی کەونارا و ڕازاوە و زۆر شیاوی کوردی باکوورە، ئەو پەیکەرانەی بەمزوانە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان دۆزراونەتەوە، دەری ئەخەن لە پاش ١٨٠٠ ساڵ جلوبەرگی کوردانی ئێزەدی هەمان تەشکی ڕەختە و پیرۆز و شاژنانەی خۆی پاراستووە و گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. ◄ پیر، کۆنترین و پیرۆزترین چینە لە ناو ئاینی ئێزدانیدا، هاڕی وتنەوەیە، کە هەر یەک لە ئاینی زەردەشتی و یارسانی و ئالویەکانی باکووریش بە هەمان شێوەی ئێزدییەکان چینی پیرانیان هەیە و؛ ئەم ئاینانە لە چەندین ئەرک و شێوازدا لە یەک دەچن. بە گرۆپی ئاینییەکانی {ئێزدانی} ناسراون. بۆ نموونە:

- هەبوونی چینی پیران
- ڕێزگرتن و پیرۆز زانینی سەرچاوەکانی سروشتی وەک ئاو، ئاخ، هەوا، ئاگر.

- بکارهێنانی ئامرازەکانی موسیقای (دەف و شەباب) بۆ ڕێورەسمی ئاینی.
- درێژکردنی سمێڵ ـ درێژکردنی سمیل لەناو یارسانی و ئێزدی و عەلویدا دا.
- هەر چوار ئاین چوارشەمە بە پیرۆزترین ڕۆژ دەزنن.
- لەبەرکردن جلی و بەرگی ڕەنگ سپی. بەتایبەتی بۆ پیاوانی ئایینی.





**ئێس ئۆ ئێس ۱۰۳:** SOS 103 سینەما فیلمی ١٩٤١، دەرهێنانی فرانسیسکۆ دی ڕۆبێرتیس Francesco De Robertis.






**ئێسپرانتۆ:** Esperanto زمان بەناوبانگترین زمانی دەستکردە کە ساڵی ١٨٨٧ دروستکرا و جێگەی زمانی ڤۆلاپیووک: Volapuk ی گرتەوە کە ساڵی ١٨٧٩ دروستکرابوو.



**ئێسپریت:** Esprit گۆڤار گۆڤارێکی وێژەیی فەڕانسەییە لە ١٩٣٢ـەوە.



**ئێستاکانێ:** now ئاوەڵکردار ئامرازی پەیوەندی ئێستە، هەنووکە، نەها. ع حالا N nå د اکنون.

**ئێسترازی:** Ferdinand Walsin Esterhazy ئەفسەر گەڕان-٣ {١٨٤٧_١٩٢٣} ئەفسەرێکی فەڕانسەیی سیخوڕی ئاڵمانەکان بوو، بەڵام تاوانەکەی ئەویان خستە ئەستۆی درەیفوس.

☜ پرسی درەیفوس ☜ من تاوانبار ئەکەم ☜ لۆرۆر ☜ پیەر کیار.

**ئێستە مرۆڤ:** Ecce homo ئایینوئەفسانە گوتەی پیلاتۆسی فەرمانڕەوای

جروزالم ‌پاش لە خاچدانی عیسا، کە تەرمەکەی پیشانی جەماوەری تووڕە دا وتی: ئێستە مرۆڤ. کاریگەری فراوانی لە هونەری فەلەگەریدا هەبوو.



**ئێسکۆدۆ:** escudo سکە ناو سکەی زێڕی ئیسپانی بەرامبەر بە ١٦ ڕیاڵ، لە ١٥٣٥ لێدراوە.



**ئێسکوایر:** Esquire گۆڤار گۆڤارێکی پیاوانەی ئەمریکاییە ساڵی ١٩٣٣ دامەزراوە و زیاتر لە ٢٠ ڕایشتی نێونەتەوەیی هەیە، لە سەردەمی داسەکنانی گەورە و جەنگی دووەمی جیهانیدا بەوپەڕی گەشەی خۆی گەیشت.



**ئێسکەپەیکەر:** skeleton توێکاری چوارچێوەیەکی ناوەوە یان دەرەکی ئێسک، ئیسقان، یان هێسنێکی ڕەقی تر کە ئەرکی ڕاگرتنی جەستەی ئاژەڵ یان ڕووەکێک لەخۆ دەگرێت **ن:** ئێسکەپەیکەری مرۆڤ هێمایر چوارچێوەی پشتگیریکەر، پێکهاتەی بنەڕەتی، یان بەشێکی گەوهەری شتێک **ن:** ئێسکەپەیکەری کۆنکرێتی تەلارێکی تەواونەکراو. ع هیکل عظمي N skjelett د اسکلت.





**ئێسکەتەڵەزم:** ❶ fibula زیندەوەرزانی توێکاری ئێسکی دەرەوە و بەزۆری بچووکتر لە دوو ئێسکی نێوان ئەژنۆ و پاژنەی پێ لە مرۆڤ، یان جومگەی هاوتا لە ئێسکدارانی تری زەوی، کە هاوتەریبن لەگەڵ ئێسکی پووز tibia ع عظم الشظية N fibula bein د نازک نی.

**ئێسکەتەڵەزم:** ❷ fibula شوێنەوارناسی وەک گوڵی سینە و گیرە و ئاغزوونە، کە لە شوێنەوارە دێرسەکاندا دۆزراونەتەوە. ع بروش، دبوس مزخرف N brosje د سنجاق سینە.






**ئێسکەگەیەنەر:** Bone Conduction ناوی لێکدراو ئەگەر زۆربەی دەنگەکان

بە شێوازی «هەواگەیەنەر» ✎ واتە هەوا و گوێی ناوەوە ئەبیسترێ، ئێسکەگەیەنەر تەکنەلۆجییەکی تازەیە لە بیستۆکی بێتەلی بلوتووسدا bluetooth headset بەکار ئەهێنرێ، بۆ ئەوەی دەنگەکان لە رێگەی لەرانەوەی ئێسکی گوێچکەی دەرەکییەوە ببیسترێ.

**هەواگەیەنەر :** Air Conduction ناوی لێکدراو گواستنەوەی دەنگە لە رێگەی هەواوە؛ ئامێری گواستنەوە و ئاراستەکردنی دەنگە لە رێگەی پەرەی گوێ، جۆگەی بیستن، تەپڵەپەردە و ئێسکەچەکوش و دەزگا و ئاوزەنگی و، جۆگەی گوێوە. ع توصیل الهواء N luftledning د هدایت هوایی.

☜ قەپۆشکەی گوێ ☜ بێتەل : wireless







**ئێفەبۆس و نیمف :** Nymph and Ephebos ناو یۆنانی، لە پەیکەرتاشیی کلاسیکدا نوێنەرەوەی جوانیی گەش و پاراوی ژنانە و پیاوانەن.

 

**ئێفەبە :** ephebe ناو لە یۆنانی کۆندا، گەنجی ١٨ تا ٢٥ ساڵان کە سەربازییان لەسەر بوو و ئەبوایە فێرکاریی سەربازی ببینن.



**ئێکتۆپلازم :** ectoplasm شێوەزانست ناو (لە ڕیشەی یۆنانی ektos بە واتای دەرەوە و plasma بە واتای تەشک وەرگرتوو) وشەیەکە پرۆفیسۆر شارڵ ڕیشە Charles Richet بەکاری هێنا بۆ هێسن یان ئێنرجی گیان، کە مێدیۆمەکان بە هۆیەوە گیان بانگ ئەکەن.

گوایە بە هۆی ئێکتۆپلازمەوە ئەتوانن گیان یان ڕۆح پیشان بدەن. ٤

الجبلة الخارجية N ektoplasma د اكتوپلاسم.







**ئێکسپرشنیزم:** Expressionism هونەر بزووتنەوە بزووتنەوەیەکی وێژەیی و هونەری بوو، سەرەتای سەدەی بیستەم لە دژایەتی سەمبۆلیزم و ئیمپرشنیسم بەدی هات. مەبەستی سەرەکی ئەم شێوازە پیشاندانی دەروونی مرۆڤ بە تایبەتی هەستی وەکوو ترس و کینە و ئەوین و دڵەڕوکێ بوو، کە هونەرمەند بۆ دەربڕینی هەژانی خۆی لە ڕەنگی توند و بیچمی لارولەوێڕ سوود وەرئەگرێ. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئیمپرشنیستەکان نەیانئەویست نیگارێکی کێشراو پێشکەش بە بینەر بکەن کە دارماڵ لە وێنەیەکی بابەتەکە بچێت، بەڵکو ئەیانویست هەستی چرکەساتێکی کەشی سوژەکە بخەنەڕوو، وەک ئەوەی بەخێرایی و بە کورتی چاوێکیان لێکردبێت. تێبینی: تابلۆی لای چەپی وێنەی خوارەوە قیژە بە نەرویجی **skrik** بەناوبانگترین و گرانترین تابلۆی نەرویجی، بەرهەمی ئێدوارد مۆنک شێوەکاری ئێکسپرشنیستی نەروێجی‌یە، ١٩٨٣ کێشاویەتی و بە گەنجی نەتەوەیی نەرویج دائەنرێ ☜ ئیمپرشنیزم.







**ئێکۆ تووریزم:** ecotourism ناوولێکدراو چەشنێکی تووریزم و گەڕان کە سەرنجی بۆ لای کێشەرە سروشتییەکانە و یارمەتی پاراستن و دەرفەتی بینینی ژیانی سروشتی و کێوی ئاژەڵ و گیاش ئەدا.









**ئێکۆ دو پاریس:** Echo de Paris ڕۆژنامە ڕۆژنامەیەکی پارێزخواز و ناسیۆنالیست بوو کە پاشان چوو بە لای سۆسیالیستەکاندا، لە ١٨٨٤تا ١٩٤٤ لە پاریس دەرئەچوو.


L'ÉCHO DE PARIS

LITTÉRAIRE ILLUSTRÉ

**ئێکۆسیستم:** echosystem ژینگە ناوولێکدراو کۆمەڵگەی بایۆلۆژی بەیەکەوە بەستراوی زیندەوەرە کارلێککەرەکان و ژینگەی فیزیکییان. ع نظام بيئي N ekkosystem د اکوسیستم.







**ئێکۆنۆمیست:** The Economist گۆڤار حەفتەنامەی ئابووری و ڕامیاری. ئەم گۆڤارە لە ١٨٤٣ەوە لە لەندەن چاپ ئەکرێ و ئۆرگانی بۆرژوازی گەورەی پیشەسازییە.


The Economist
OR
THE POLITICAL, COMMERCIAL, AGRICULTURAL, AND FREE-TRADE JOURNAL

'If we make ourselves too little for the sphere of our duty; if, on the contrary, we do not stretch and expand our minds to the compass of their object, be well assured that everything about us will dwindle by degrees, until at length our concerns are shrunk to the dimensions of our minds. It is not a predilection to mean, sordid, home-bred cares that will avert the consequences of a false estimation of our interest, or prevent the shameful dilapidation into which a great empire must fall by mean reparation upon mighty ruins.' BURKE.

No. 1 SATURDAY, SEPTEMBER 2, 1843 PRICE 6d

**ئێگجاری:** totally, entirely ئاوەڵکار بێکەماسی، دارماڵ، دەراندەر، بەتێکڕا. ع کاملا N fullstendig د کاملا.

**ئێگینا:** Aegina جوگرافیا دورگە ناوی جێگا لە دورگەکانی یۆنان لە کەنداوی سارۆنیک، ٢٧ کیلۆمەتر لە ئاسینا دوورە.








**ئێلدۆرادۆ:** Eldorado سینەما فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٦٦، دەرهێنانی هاوارد فاکس.








**ئێل گرێکۆ:** El Greco تێوەکار (١٥٤١ـ١٦١٤) شێوەکار و پەیکەرتاش و نژیارڤانی یۆنانی نیشتەجێی ئیسپانیای سەردەمی ڕێنسانس.








**ئێلۆدی:** Élodie ئایینناسر داب‌ونەریت ناوی پیرێکی سەدە ناونجییە، وەک چۆن لە کوردیدا ئەوترێ یا غەوسی گەیلانی.

**ئێلیزە:** Élysée Palace کۆشک ناو کۆشکێکە لە گەڕەکی سەنت ئۆنۆرەی پاریس، ١٧١٨ بە شێوازی نژیارڤانی فەڕانسەیی سازکرا، پاش شۆڕشی فەڕانسە کرا بە فەرمانگەی فەرمی سەرۆککۆمار و شوێنی کۆبوونەوەی دەستەی وەزیرانی فەڕانسە.




**ئێلینۆر ئاکویتەین:** Eleanor of Aquitaine دوشێر شاژن یەکێک لە داراترین و بەهێزترین و کاریگەرترین ژنانی ئەورووپای ڕۆژئاوا لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا.شاژنی فەڕانسە لە ١١٣٧ تا ١٢٤٠ و شاژنی ئینگلیز لە ١١٥٤ تا ١١٨٩. ئێلینۆر لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا باوکی لەدەست

دا و هەموو نازناو و ڕاوەن و زەوییە گەورەکانی بە میرات وەرگرت. دوای ٣ مانگ لەگەڵ لویسی حەوتەم کوڕی لویسی شەشەم پاشای فەرەنسا هاوسەرگیری کرد. وەک شاژنی فرانکەکان بەشداری لە جەنگی خاچپەرستی دووەمدا کرد ـ کە سەرکەوتوو نەبوو. ئێلینۆر وەک فەرمانفەرمای هەموو ئینگلتەرا بۆ ماوەی ١٥ ساڵ کاریگەری لەسەر ئەورووپای ڕۆژئاوا هەبوو، هەروەها لە جەنگی خاچپەرستی سێیەمدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو.




**ئێڵسبێس:** consent زنجیرە زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠٢٤، ئافراندنی میشێل و ڕابێرت کینگ، هونەرمەندی کەری پرێستۆن، سەبارەت فەرمانی ڕێکەوتن لە لایەن پارێزەرێکی واشنگتۆنی لە نیووۆیۆرک.

☜ فەرمانی ڕێکەوتن




**ئێم ئێس:** MS پزیشکی نەخۆشی دارەت یان ڕەقبوونی شانەکان Multiple sclerosis دارەتێکە ئەتوانێت کاریگەری لەسەر مێشک و بڕبڕەی پشت

هەبێت، کە ئەبێتە هۆی کۆمەڵێک نیشانەی بەرفراوانی ئەگەری، لەوانە کێشەی بینین، جوڵەی قۆڵ یان قاچ، هەستکردن یان هاوسەنگی تێک بدات. دارەتێکی درێژخایەنە و هەندێک جار ئەتوانێت ببێتە هۆی کەمئەندامییەکی هەتەر، هەرچەندە بۆی هەیە بە ڕادەیەکی سووک بێت.








**ئێمپیدۆکلس:** Empedocles فەیلەسووف {٤٩٠ ـ ٤٣٠ پ.ز} فەیلەسووفی یۆنانی پێش سەردەمی سوقرات، دانیشتووی ئاکراگاس بوو، کە شارێکی یۆنانییە لە سێسیلیا. فەلسەفەی ئێمپیدۆکلس بە سەرچاوەی بیردۆزی چوار هێسنە کلاسیکییەکە ناسراوە، کە لە یۆنانی کۆندا ناسراون بە {زەوی، ئاو، هەوا ، ئاگر}. هەروەها پێشنیازی دوو هێزی دیکەشی کردووە کە خۆی ناوی لێ ناون خۆشەویستی و ڕق کە ئەتوانن هەم هێسنەکان تێکەڵاو بکەن هەم جیایان بکەنەوە. ئەم تێڕوانینە فیزیکییانە بەشێک بوون لە مێژووی گەردوون کە لەمەڕ دروستبوون و گەشەکردنی ژیان دواون.








**ئێمرسۆن :** Ralph Waldo Emerson فەیلەسووف {١٨٠٣ـ ١٨٨٢}. فەیلەسووف، وتارنووس و هۆنەری ئەمریکایی.












**ئێمۆلسیۆن :** emulsion کیمیا ئاڵۆگۆز ناتێکەڵ، بلاّوبوونی دلۆپی بچووکی شلەیەک لە شلەیەکی تردا کە تێکەڵی نەبێ.






**ئێمی دو کوانی :** Aimée de Coigny ڕووناکبیر {١٧٦٩ـ ١٨٢٠} خاتوونێکی پاریسی خاوەن کۆڕ بوو.







**ئێمیل ڕەینۆ:** Émile Reynaud شانۆ داهێنەر {١٨٤٤ـ١٩١٨} داهێنەری فەڕانسەیی شانۆی تیشکی Optical theater.










**ئێمیل زۆلا:** Émile Zola نووسەر {١٨٤٠ـ ١٩٠٢} ڕۆماننووس، شانۆنووس و ڕۆژنامەوانی فەڕانسەیی، گرنگترین نوێنەری شێواز ناتۆرالیزم.












**ئێمیل دۆرکهەیم:** Émile Durkheim مێژوونووس {١٨٥٨ـ١٩١٧} فەیلەسووف و توێژەری کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستی فەڕەنسی بوو، بەیاوەری کارل مارکس و ماکس ڤیبەر کۆمەڵناسییان دانا، هەرچەند وشەی کۆمەڵناسی لە ساڵی ١٨٣٩ ئاگۆست کانت بەکاری هێناوە. ئێمیل دۆرکهەیم هەروەها بە یەکێ لە باوکەکانی سۆسیالیزم دائەنرێت. بنەماکانی کۆمەڵناسی لە بەرهەمەکانیەتی.







**ئێنوگۆ:❶** Enugu ناو هەرچەند وشەی یۆتۆپیا لە یۆنانی بە واتای «هیچکوێ» و ئێنیگۆ لە زمانی نیجرایی بە واتای «بان گردەکە»یە، بەڵام لە زمانی ئەفریقایی واتای یۆتۆپیای وەرگرتووە، کە مەبەست هەمان یۆتۆپیای سێر تۆماس مۆرە. شاری ئێنیگۆ ماوەیەک پایتەختی «کۆماری بیافرا» بوو ☜ یۆتۆپیا.

**ئێنوگۆ:❷** Enugu جوگرافیا هێماپیر سینەما شارێکە لە باشووری نیجریا، ناوەندی سینەمای نیجریا یان نالیوود Nollywood لە ئێنیگۆیە. لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازی، دانیشتوانی ئێنیگۆ لە ١٩٥٢دا گەیشتە ٦٢٠٠٠ و هەستی ناسیۆنالیستی یان زیکیستی Zikist پەرەی سەند، تا ساڵی ١٩٦٠ کە زلهێزی بەریتانیایان دەرکرد و سەربەخۆییان وەرگرت.








**ئێسن:** Essen جوگرافیا ناوی جێگا لە شارەکانی ئاڵمان لە ناوچەی وێستفالن.

**ئێنە:** پاشگر پاشگرێکە پەسن ئەکات بە ناو ⇦: زەردێنە، سپێنە، نیسکێنە، ماشێنە.

**ئی ئێم دی ئار:** Eye movement desensitization and reprocessing دەروونناسی یان EMDR خاوکردنەوەی هەستیاری لە ڕێگەی جووڵەی چاو و پێداچوونەوە؛ شێوازێکی دەروونده‌رمانییە لە لایەن فرانسیس شەپیرۆ Francine Shapiro لە کۆتایی دەهەی هەشتای سەدەی بیست بۆ کەمکردنەوەی گوشاری بەرەنجامی زیانی دەروونی داهێنرا. EMDR شێوازێکی چارەسەری تراوما یان ناسازی هەژانی پاش ڕووداوە. ئەزموونی توێژینەوە دەری خستووە

ئەم شێوازە کاریگەری هەیە لە یارمەتیدانی ئەو نەخۆشانەی ناسازی تاقیکردنەوەی زیانداریان هەبووە وەکوو: دڵەڕاوکێ، مۆتەکە، بێخەوی، دەستدرێژی، ڕووداوی زیانگەیەنەر، نسکۆ و کێشەی هەژێنەر، بەشداری لە جەنگ و کاریگەری جەنگ لەسەریان.

شێوازی EMDR بە تایبەت بۆ ئەو نەخۆشانەیە لە ڕابوردوودا تووشی ڕووداوێک هاتوون و بێئانینەوەی هێشتاش ئازاریان ئەدات و لەگەڵی ڕانەهاتوون.




**ئیاگۆ:** Iago شانۆ ناوی تایبەت لە کەسایەتییەکانی شانۆنامەی «ئۆتێللۆ» بەرهەمی شکسپیر، وەرگێڕانی د. سەلاح بابان. ئیاگۆ پێرسۆنای بەرامبەر بە ئۆتێللۆیە و ڕقی لێیەتی. ئەم ڕستەیە کە هی دیمەنی سێیەمی پەردەی یەکەمی شانۆگەرییەکەیە: «ئەمە تەنها شەهوەتی خوێن و ڕێگەدانی ویست و ئەڤانە»، لە دەقی فەڕانسەیی بە ئینگلیزی هەتووە:

«It is merely a lust of the blood and a permission of the will.»







**ئیبسن:** Henrik Ibsen هۆنەر نووسەر {١٨٢٨ـ١٩٠٩} هۆنەر و درامانووسی نورویژی.




**ئیدیۆم:** idiom زمانناسر ئاوەڵناو دەستەواژە، دەستەیەک واژە خاوەنی واتایەکی جیا لە واتای واژە تاکەکان؛ دەربڕینێک بێژەری ڕەسەنی زمانێکی زگماک بە ئاسایی تێی ئەگات. ع تعبیر اصطلاحي N idiom د اصطلاح عامیانە.

- **بوێرە خەو ببینە:** Dare to dream سەرکەوتنت بە مسۆگەر بزانە.
- **پەپوولە لە سکم دایە:** Butterflies in my stomach کەشتەنگم.
- **٢٤/٧:** Twenty_four hours a day هەموو کات، لە کۆڵم نابێتەوە.
- **کەمجیکەڵدان:** A short fuse کەسێک کە زوو هەڵئەچێ.
- **پشیلە زمانی گەستووە:** Cat got her tongue زمانی بەستراوە.



**ئیدیۆماتیک:** idiomatic زمانناسی ئاوەڵناو ئیدیۆمی، گفتگۆیی؛ زاراوەیی، بەکارهێنان و لەخۆگرتن، یان ئاماژەدان بەو دەربڕینانەی بۆ بێژەرێکی ڕەسەنی زمانی زکماک سروشتین. ع اصطلاحي N idiomatisk د اصطلاحي.

**ئیرڤینگ:** Sir Henry Irving هونەرپیشە (١٨٣٨ـ١٩٠٥) ئەکتەری ئینگلیزی

**ئیرمان:** safekeeping ناوی چاوگ ئەسپاردە، پاراستن و پارێزگاری کردن، پارازک، پازداری، چاودێری، زێرەڤانی. ع الودیعة N oppbevaring د امانت.






**ئیرۆتیزم:** Eroticism ناو هەوەسی، دارەت و دۆخێکە ئەبێتە هۆی وروژاندنی هەوەسی جنسی. هەروەها ئەندێشەیەکی فەلسەفییە لە جوانناسی واز و تامەزرۆیی جنسی، هەوەس و هەستی ئەوین ئەدوێ. ئەم دارەتە لە زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکان وەکوو شێوەکاری، پەیکەرتاشی، وێنەگەری، دراما، سینەما، موزیک و وێژە و تەنانەت ڕێکلامدا ئەبینرێ. ئەم وشەیە هەروەها ڕەنگە بە دارەتی وروژانی جنسی یان لەو بابەتە ئاماژە بدات، وەک: هاندەرێکی جنسی، واز یان هێمای ئەندێشەی سەقامگیر. بالزاک وتوویەتی: ئیرۆتیزم نەک هەر پەیوەندی بە ڕەوشتی کەسەوە هەیە، پەیوەندی بە کولتور و کاتی ژیانیشیەوە هەیە. ئەم وشەیە هەم بە ئیرۆتیزم و هەم ئیرۆتیسیزم ئەنووسرێ. ⇦ **شۆنگا:** Shunga وێنەی ئارەزوو و تامەزرۆیی ئیرۆتیک لە هونەری کۆن و نوێی ژاپۆنیدا.








**ئیرۆتیک:** erotic [ئاوەڵناو] هەوەسی، وورووژێنەری واز و هەڕانی جنسی، وەک فیلمی هەوەسی. ⇦ فیلمی ڕووت: porno, pornographic







**ئیزرەم:** [ناوی لێکدراو] [کێشانە] [یەکە] کێشێکە لە سەردەشت و سلێمانی بەرامبەر بە ٤٥٠ گرەم.

**ئیزڤۆلسکی:** Alexander Izvolsky [ڕامیاری] [پیشە] (١٨٥٦ـ١٩١٩) ڕامکاری ڕووسی، لە ١٩١ تا ١٩١٧ باڵوێزی ڕووسیە لە فەرانسە بوو.

**ئیزمین:** Ismene [میسۆلۆجی] [فێمینیزم] کچی ئۆدیپ، کەسایەتی چەند شانۆنامەی سۆفۆکلێس، بە تایبەتی Antigone کە فێمێنیستەکان زۆر ئامارەی پێئەدەن.







**ئیزۆپ:** Aesop نووسەر نووسەری یۆنانی سەدەی شەشەمی پێش زاین، نووسەری ئەفسانەکانی ئیزۆپ.

**ئیزۆتێریزم:** esotericism ئایدیۆلۆژی ئایینناسی هەناوگەرایی، یان ئیزۆتێریزمی ڕۆژئاوایی و هەندێکجاریش بە نەریتی پەنام و ڕازاوی ڕۆژئاوا ناسراوە، زاراوەیەکە زانایان بەکاری دەهێنن بۆ پۆلێنکردنی کۆمەڵێک بیرۆکە و بزووتنەوەی فراوان کە پەیوەندییان بە شێوەیەکی سست و بێنەما و تێکەڵەوە هەیە، کە لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا پەرەیان سەندووە.

☜ پەنام









**ئیزی ستریت:** Easy Street فیلم بە واتای شەقامی ئارام فیلمی کۆمیدی ئەمریکایی ١٩١٧، نووسین و دەرهێنانی چارلی چاپلین.









**ئیست:** break, pause ناو وچان، پشوو، هەلوەستە، وچانی کورت، وەستانێک. ع وقفه N pause د استراحت کوتاه ن: لێرە ئیستێک بگرین و بحەسینەوە.

**ئیستەرەم❶:** inevitable ناو ئیزدەرەم، مسۆگەر، بڕیاردراو، ئیللان و

بیللان، شتێک کە بە دڵنیایی و بە مسۆگەری ڕوو ئەدات. ع حتمی، محتوم N uunngåelig د اجتناب ناپذیر.

**ئێستەرەم:** ❷ Insist فەرمان پێ چەقاندن، حوکم کردن، ئیدەرەم، سوور بوون و پێداگری لەسەر کارێک. ع یصر N Insistere د اصرار کردن.

ئێستەرەم ئەیەوێ خۆی بگەیەنێتە ئەوێ.










**ئیسکاتۆلۆژی:** eschatology بروا ئایینناسی ئەو بەشەی یەکتاناسی کە پەیوەندی بە مردن و فەرمان و پەسڵان و چارەنووسی کۆتایی گیان و مرۆڤایەتییەوە هەیە. ع الإیمان بالأخرویات N eskatologi د معاد شناسی، آخرت شناسی.










**ئیسلێرۆ:** Islero گا گەمە گایەکی مێوڕا بوو، بە هۆی کوشتنی ماتادۆری بەناوبانگ مانۆلێتە لە ئاگوستی ١٩٤٧ ناوبانگی هەیە. ئیسلێرۆ چاوی کز بوو و حەزی لەوە بوو کاتی پەلامار بە شاخی ڕاستی زەبر بوەشێنێ و خەنیمەکەی هەڵبدڕێ.

☜ لامبرگینی مانۆلێت ☜ مانۆلێت




**ئیسکارپین:** ناو لە ئیتالیایی scarpa کالە، پاپووچ و scarpine کالە یان پاپووچی خنجیلانەیە. ئێل سکارپین El Scarpin هەروەها بەرژەنگ و مارکەیەکی بەناوبانگی پێڵاوە.

بالا بەرز و پچکۆلە پێ و ئیسکارپین
گۆرەوی و پووز سفت و سپی و ئاوریشمین
گۆران




**ئیسکان:** teacup دەفر ناو ستەکان، ئیستیکان، پیاڵە، لەبزێرین، پیاڵەی چا خواردنەوە. ع فنجان شاي N tekopp د استکان.

ریشەناسی هەرچەند لە زمانی ڕووسی بۆ پیاڵەی چاخواردنەوە زیاتر: چاییە چاشکا чайная чашка بەکار ئەهێنن. بەڵام ئیسکان، لە стакан ی ڕووسی، لە فەرهەنگی ڕووسیدا هەیە و بە واتای پیاڵە هاتووە، کە لای ئێمە واتای پیاڵەی چا خواردنەوەی وەرگرتووە. ئەمە ئێتیمۆلۆژی فۆلکلۆری وشەی ئیسکانە. هەرچی بێت ئیسکان و سەماوەر لە ڕێگەی ڕووسەوە هاتوونەتە ناو زمانی ئێمەوە. هەرچەند زۆری تریشی بۆ نووسراوە وەکوو: ◄ بەر لەوەی چا بلاو ببێتەوە، ئینگلیز یەکەم جار لە هێند چا ئەخۆنەوە، لەناو

زەرکێک دا. ئینگلیز ئەپرسێ ئەم دفرە ناوی چییە؟ وەڵامەکەی لا دژوار ئەبێت. ئەڵێ نا، ئەمە east tea can واتە پیاڵە چای ڕۆژهەڵاتییە. ☜ ئورووسی

**تێبینی:** سەلمان ڕوشدی ڕۆمانێکی جوانی هەیە بە ناوی «دوا ئاهی مۆڕەکان» (The moor's last sigh) سەبارەت بە ئیمپراتۆری بەهارات و چێژەمەنی پورتۆگالی و ئورووپاییەکان لە هیندستان.




**ئیسماعیلییە:** Isma'ilism ئابینناسر ئابینزا ئیسماییلەتی، لقێکی شێعەن بڕوایان بە ئیمامەتی سمایلی کوڕی جەعفەری سادق هەیە و بە ئیمامی حەوتەمی و پەنامی ئەزانن. ئیسماعیلییەی نزاری، تەیبی کوڕی مەنسووری ئەبولقاسم بە ئیمامی بیست و یەکەم و پەنام ئەزانن. ئەم هێڵەش تا ئێستە درێژەی هەیە و ئیمامی زەمان و ژمارەی چل و نۆ ناوی کەریم ئاقاخان و ئیمامی پەنجا ناوی ڕەحیم ئاقاخانە، کە داراییەکەی بە سێ میلیارد دۆلار قرسێنراوە، نزارییەکان نوێژ و ڕۆژوو و حەج بە پێویست نازانن.






**ئیسۆت:** pepper ڕووەک ناو بیبار، بیباری ڕەش، فلفلە، هاڕدراوێکی تیژ و مەزەدارە لە دەنکی بیباری وشک و هاڕدراو، کە وەکوو مەزەی خواردن بەکار ئەهێنرێ.







**ئیسەر:** Yser جوگرافیا ناو لە لقەکانی چەمی ڕۆن کە لە فەرانسە، لە کوێستانی ئاڵپ سەرچاوە ئەگرێ و بەناو خاکی بەلجیکدا ئەڕوا و ئەڕژێتە ناو زەریای باکوور. لە ١٩١٤ و پاشان لە ١٩١٨ دۆڵی ئەم چەمە لە ناو خاکی بەلجیک گۆڕەپانی جەنگی توندوتیژ بوو.




**ئیسێر:❶** ether ناو ئەتر یان عەتر، تراوێکی بۆنخۆشی بێڕەنگە بۆ سڕکردن و بێهۆشکردن بەکار دێ.

**ئیسێر:❷** ether ناو ڤاڵایی ئاسمانی ساماڵی دوورەدەست.






**ئیشێل :** Bad Ischl جوگرافیا گەڕاوی ئیشیل، ناوچەیەکی هاوینەهەوارە لە ئۆستریای سەروو، گەڕاوی بە ناوبانگی لێیە.




**ئیفگینیا :** Iphigenia میسۆلۆجر کچە گەورەی ئاگامێنۆن و کلۆتایمنسترا، لە سەرەتای جەنگی ترۆی، کاتێک کە ئاگامێنۆن گەیشتە یۆلیسیس، ئارتمیس بە هۆی ناسپاسی ئەوەوە گەردەلوولێکی هەڵکرد تا ڕێگە لە ڕۆیشتنی بگرێ. ئاگامێنۆن ویستی ئیفیگنیا بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەیی ئارتیمیس بکات بە سەرگەرد. بەڵام ئارتیمیس لە جیاتی ئەو بزنێکی نارده کوشتارگە و ئیفیگنیای کرد بە موگی پێشنوێژی پەرستگەی خۆی لە تووریدی کریمەی ئێستاکانی.







**ئیکارۆس:** Icarus ئایین‌وئەفسانە لە میسیۆلۆژیای گریکیدا کوڕی دایدالۆس داهێنەری هەزارتوێ ☜ بووە، ویستی بەو باڵانەی باوکی لە پەڕ و مۆم بۆی ساز کرد لە زیندانی مینووسەوە هەڵبێ بۆ کرێت. باوکی وتبووی زۆر نزم و زۆر بەرز نەفڕێ، بەڵام ئەو گوێی نەدایە و کە لە خۆر نزیک بوویەوە، مۆمەکان توانەوە و بەربوویەوە ناو زەریایەک، کە بە ناوی ئەوەوە ناونراوە زەریای ئیکارنا، هەروەها دوورترین ئەستێرەش کە زانست ناسیوێتی بە ناوی ئیکارۆسەوە ناونراوە. هەندێک خۆر بە سەرچاوەی زانست و، فڕینی ئیکارۆس و کەوتنە خوارەوەی بۆ ناو زەریا بە هێمای تێکۆشان بۆ گەیشتن بە زانستی زیاتر دائەنێن. ☜
کەوتنەخوارەوەی ئیکارۆس ☜ هەزارتوێ








**ئیکسیۆن:** Ixion میسۆلۆجی لە میسۆلۆجی یۆنانیدا، پادشای تسالی بوو و بە تاوانی کوشتنی خەزوورەی بەستیانەوە بە چەرخێکەوە کە بۆ هەمیشە ئەسووڕایەوە.




**ئیکلیدس:** Euclid یان Euclides بیرکار یان یوکلیدسی ئەسکەندەرانی Euclid of Alexandria لەدایکبووی ٣٠٠ی پ. ز، بیرکارێکی یۆنانی بوو کە بە «باوکی ئەندازە» ناوی دەرکردووە. پەرتووکەکەی بە ناوی توخمەکان Elements، کە ١٣ پەرتووکە، یەکێک لەو کارانەیە کە زۆرترین کاریگەرییان هەبووە لە مێژووی بیرکاریدا، بە چەشنێک کە هەر لە کاتی بڵاوبوونەوەیەوە هەتا کۆتایی سەدەی ١٩هەم و سەرەتای سەدەی ٢٠هەم پەرتووکی سەرەکیی وانەبێژی بووە بۆ فێرکردنی بیرکاری (بەتایبەت ئەندازە). لەو کارەدا پرەنسیپ و بنەواشەکانی ئەو زانستەی، کە ئەمرۆژە پێی ئەوترێ ئەندازەی ئیکلیدسی لە ژمارەیەکی کەم بەڵگەنەویستەوە هەڵهێنجراون.









**ئیگدراسیل:** Yggdrasil میسۆلۆجی نوورس لە ئەفسانەی سکاندیناڤی و باکووری norrøn درەختی جیهانە کە لقەکانی بە پێگەی گەردوون دائەنرا. دارقەزوانێکە کە نۆ جیهانی ڤایکینگ لە سەری دانراوە کە هەرکام ئەفسانەی تایبەتی بە خۆیان هەیە. ناوەکانی تری ئیگدراسیل بریتین لە ئێگدراسێل بە واتای ئەسپی ئۆدن وەک ئاماژەیەکی سواربوون بەسەر لقەکان دایە و ڕیشەی زۆری هەیە:

ڕیشەی یەکەم لە ئاسگاردە و لە بنیدا چاڵی چارەنووسە کە نۆرنەکان پارێزگاری لێ ئەکەن.

دووەم ڕیشە یۆتۆهایم کە دزەی کردووەتە بیری ژێری میمیزبرۆنر، ئۆدن لە گەڕانەوەدا، لە بری خواردنەوەی ئاو، چاوێکی لەوێ بەجێ

هێشتووە؛ بەڵام سێیەم ڕیشە لە نیفلهایم لە سەروو بیرێکەوەیە کە بە هرگلمیر بەناوبانگە و چەمی زۆر سەرچاوەی لێوە ئەگرن.

هەموو کاتێک مەترسی سەممەرە هەرەشە لە ئیگراسیڵ ئەکەن؛ چوار بزنەکێوی لە ناو لقەکانیدا ئەژین کە بەردەوام گەڵا و چرۆکانی ئەخۆن. ئەم چوار بزنە کێوییە هێمای چوار با یان چوار وەرزی سەرما و گەرما و با و بارانن.

سمۆرەیەک بە ناوی ڕاتاتۆسک و گۆرمارێک بە ناوی ڤیدۆڤنیر و کەڵەشێرێکی زێڕین لە ناو بەرزترین لقوپۆیدا ئەژین.

هەروەها ڕیشەکانی درەختی جیهانلە لایەن چەندین گۆرمارەوە ئەخورێ، واتە ئەم درەختە مەزنە لە تەنیشت پاراستن و ئاگاداری لە جیهان، خۆراک بەو مارانە ئەدات. واتە ئەم درەختە هێمای ئەو بوونەوەرانەیە کە لە ناویدا ئەژین و ئەڵێن ئازار ئەچێژن.

لە ڕاگناڕۆک، ئەژدیهایەکی ئاگرین بە ناوی سورت، فەرمانڕەوای مۆسپیڵ هایم، ئیگدراسیل ئاگر ئەدات. بەڵام ئەم درەختە لەو سووتمانە ڕزگاری ئەبێ و نە تەنها خۆی بەڵکو دوو مرۆڤ بە ناوی لیف و لیفراسر کە لە ناویدا ئەژین، ئەپارێزێ، تا لەو جیهانەی کە پاش ڕاگناڕۆک بەدی دێ، درێژە بە ژیان بدەن. ع اغدراسیل N Yggdrasil د ایگدراسیل.



**ئیگزۆزپالآ:** Catalytic converter پیشەسازی ئامێر دەزگایەکە لە سیستەمی ئیگزۆزی ئۆتۆمۆبیلدا دائەنرێ، کاتالیزۆرێکی تێدایە گازی ژەهراوی ئەپاڵێوێ بۆ گازی کەمتر مەترسیدار. ⇦ ئیگزۆز پالآ لە ساڵی ١٩٥٤ەوە لە ئەمریکا داهێنرابوو، بەڵام لە لایەن کارگەکانی ئۆتۆمۆبیلەوە دزرا و شاردرایەوە. ساڵی ١٩٦٩دادگای ئەمریکا سکاڵای «بێبڕوایی» لە دژی کارگەکانی ئۆتۆمۆبیلسازی وەکوو (جێنراڵ مۆتۆرز، فۆرد، کرایسلێر، ئەمریکەن مۆتۆرز) دەرکرد بۆ ١٥ ساڵ چەپەڵکردنی ژینگە کە تا ساڵی ١٩٧٥ درێژەی کێشا. هەرچەند لە کۆتاییدا نەیتوانی قەرەبوو لە کارگەکانی ئۆتۆمۆبیلسازی وەربگرێ، بەڵام ناچاری کردن ئیگزۆزپالآ لە هەموو ئۆتۆمۆبیلێکی تازەدا دابنرێ کە دروستی ئەکەن.

⇦ **جووڵان نییە:** فیلمی سینەمایی ساڵی ١٩٢١ی No Sudden Move لەم تاوانە کۆمەڵایەتییەی کارگەکانی ئۆتۆمۆبیلسازی ئەدوێ کە بە چ شێوەیەک ژینگە پیس ئەکەن و هەرچەند بە ئاسانی ئەتوان بەر بەو کارەساتە بگرن، تەنها بیر لە سوودی خۆیان ىءکەنەوە.

⇦ **پالآ:** ڕەگی چاووگی (پالآفتن، پالآقتن، پالآوتن) بەناووەوە دەلکێت و واتای پاڵوێنەر دەدا ن: پلاویالآ. ئاناهیتا








**ئیگناتیۆس لۆیۆلا:** Ignatius of Loyola ئایینناسی ئەفسەر قەشە (١٤٩١ـ١٥٥٦) ناسراو بە پیر یان پاکیزە، لە ڕابەرانی دینی ئیسپانیا و کلیسای کاسۆلیک. سەرەتا سەرباز و ئەفسەر بوو. پاشان ڕووی کردە کلیسا و **کۆمەڵەی ژۆزویتی** Society of Jesus دامەزراند.

    


**ئیل :** ااا جوگرافیا ناوی تایبەت چەمێکە لە مەڵبەندی ئاڵزاسی فەرەنسە، لقێکە لە چەمی ڕاین.

  

**ئیلام :** گۆرانی کچە ئیلامی **ساناز عابدزادە**

ئیلام خۆشاڵە مەردماند، وە گەرمیە بەزم دیوەخاند
وە ئاو و سەرا و کارزاند، وە سەوڵ و چەویر و ئەرخەواند
وە بەرزە کوڕەیل قارەماند، وە تویلە دوتەیل خۆش زواند
بردی دل مە جور لەیلی، مە عاشقدم کورد فیلی

   

**ئیلان و بیلان:** ئاوەڵکار پێداگری و سووربوون لەسەر شتێ. د حرف اصرار و پافشاری. ن: لەماڵدا غەزریوە، ئیللان و بیللان دەرناکەوێ.

**ئیلیاد:** Iliad هۆنراوە داستان چامەیەکی داستانییە بە هیی هۆمێر دانراوە. سەدەی هەشتی پێش زایین نووسراوە. جەنگی ترۆی و گەمارۆی دەساڵەی ئەگێڕێتەوە و زۆر لە ئەفسانەکانی تریشی گرتووەتە خۆی. پێشبینی ئایندە وەکوو مەرگی ئاخیلێس و ڕووخانی ترۆی تێدایە.




**ئیلیزە:** Elysium میسۆلۆجی لە میسۆلۆجی یۆنانیدا، باخی بەهەشت و پێگە و ژینگەی گیانی پاڵەوانان و زانایان بوو لە پاش مردن و ژیانی سەر ڕووی زەوی.



**ئیلیزه ڕێکلۆ:** Élisée Reclus پسپۆڕ ئایدیۆلۆگ (١٨٣٠_١٩٠٥) جۆگرافیزان و کۆمەڵناسی فەڕانسەیی لە تیۆریسیەنەکانی ئانارشیزم.













**ئیلیزەیی:** Elysian ئاوەڵناو بەهەشتی. ⇐ Elysium : بەهەشت، پەرەدیس.

**ئیلۆوژن:** illusion ناو تراوکە، وەڕاره و تەمار، ساوێر، ساو، وێژنگ؛ دیاردەیەک کە لەلایەن هەستەکانەوە بە هەڵە هەست پێدەکرێت یان لێک ئەدرێتەوە یان ئەگەری هەیە. N illusjon ع د توهم، بهم، مبهم، موهوم، وهم، ابهام.

ن: وێژنگ و وەڕاره وا دەکات هێڵە هاوتەریبەکان لەسەر پاشبنەمایەکی ڕیزبەندی، بە شێوەی زیگزاگ دەرکەون.







**ئێمانۆیل مۆنیه:** Emmanuel Mounier فەیلەسووف ئاپێنار (١٩٠٥_١٩٥٠)

فەیلەسووف و ئایینناسی فەڕانسەیی.








**ئیمپراتۆری ئارساسید:** Arsacid Empire پاشایەتی یان ئیمپراتۆری ئەشکانی یان ئیمپراتۆری پارت یەکێک لە دەوڵەتەکانی پێش هاتنی ئیسلام بۆ ئێرانە. ئەم ئیمپراتۆریە لە ساڵی ٢٥٠ی پێش لەدایکبوونی مەسیح تا ٢٢٤ی زایینی لە زۆربەی ناوچەکانی ئێرانی هاوچەرخ، کوردستان، ئەفغانستان و پاکستان دەسەڵاتدار بوو. ئیمپراتۆری ئەشکانی ناوی خۆی لە ناوی بناغەدانەرەکەی هێناوە، کە ناوی «ئەرشەک» یان «ئەشک» بووە. ئەردەشیری بابەکان لە ساڵی ٢٢٤ ئارساسیدەکانی شکاند و ئیمپراتۆری کوردی ساسانی دامەزراند کە بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ دەسەڵاتی هەموو ئێرانیان بەدەستە بوو.










**ئیمپراتۆری پیادەڕەو:** Boardwalk Empire زنجیرەوترقر زنجیرەی ٢٠١٠ـ ٢٠١٤، پێنج وەرز و ٥٦ ئاڵقەیە و ٦٤ خەڵاتی بردەوە و ١٨٤ جار ناودێر کراوە. ئافراندنی ترەنس وینتەر و، هونەرمەندی ستیڤ بۆسێمی و کێلی مەکدۆناڵد. ع امبراطورية الممر N Boardwalk Empire د

امپراتوری بوردواک.








**ئیمپراتۆری پیرۆز:** Holy Roman Empire پاشایەتی یان Saint_Empire سیستمی ئیمپراتۆری کۆنی ئاڵمان کە شارلمانی لە ساڵی ٨٠٠ دایمەزراند.





**ئیمپراتۆری ساسانی:** Sasanian Empire پاشایەتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، دوایین ئیمپراتۆریەتیی باڵادەست لە ئێرانی کۆن لە پێش هاتنی ئیسلام بوو. بنەماڵەی ساسانی لە ساڵی ٢٢٤ی زایینی بە تێکشاندنی ئەشکانییەکان حکوومەتەکەیان پێک هێنا و هەتا ساڵی ٦٥١ واتە بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠٠ ساڵ یەکێک لە زلهێزەکانی سەردەم بوون و بەربەرەکانێی ئیمپراتۆریەتیی ڕۆمیان کردووە.

◀◀ بەڵگەی کورد بوونی ساسانییەکان لە سەرچاوە کۆنەکانی وەک تەبەری و مەسعودی و ئیبنە بەلخی و حەمزەی ئیسفەهانی دا ئاماژەی پێ

کراوە، بۆ وێنە:

- تەبەری، نامەکەی ئەردەوانی پێنجەمی ئەشکانیی لە پەرتووکەکەیدا هێناوە کە بە ئەردەشیری بابەکان دەڵێت: «انک قد عدوت طورک و اجتلبت حتفک ایها الکردی المربّی فی خیام الاکراد من اذن لک فی التاج الذی لبسته.» ئەی کوردی گۆشکراوی ڕەشماڵی کوردان، پێت لە ئاستی خۆت درێژتر کردووە و مەبەستی تاج و تەختت هەیە.
- حەمزەی ئێسفەهانی لە « تاریخ ملوک الفرس» دەنووسێت: لە سەردەمی ئەردشیر، کوڕەکەی دەبێتە فەرمانڕەوای خۆراسان، و وەک کوردزاد نێوی دایکی دێنێت.
- لە سیرةالفرسی یاقوتی حەمەویدا هاتووە: کاتێ ئەردەشیر دەگاتە مەدائێن ئەوی پێ خۆش دەبێ و هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی دەدات. ناو حەوت گەڕەکی مەدائێنیش دێنێت کە نێوی یەکێکیان کوردئافاز یان کوردئاوایە.
- یەکەم شای ساسانی، ئەردەشێری یەکەم بووە لە هۆزی شوانکارە لە ناوچە پارس (پارێزگای فارس) شۆڕشی کردووە و ئیمپراتۆریەتییەکەی دامەزراندووە، ئەردەشیر کوڕی بابەک لە دوو بنەماڵەی گەورەی کوردی ناوچەی پارسن بە ناوەکانی شوانکارە و بارزەنگی، بازرنگییەکان کە دەکەنە بنەماڵەی دایکی ئەردەشێر کە فەرمانڕەوای پارسن و بە پێی ئاماژەکانی ئیبنە بەلخی لە کتێبی فارسنامە هەردوو بنەماڵەی بازرنگی و شوانکارە کوردن.
- دوایین شای ساسانی یەزدگێردی سێیەم بووە کە چەند شەڕی گەورەی لەگەڵ سوپای ئیسلام لە سەردەمی عومەر کوڕی خەتتابدا کردووە و لە هەموویاندا دۆڕاوە.
- سەردەمی ساسانییەکان وەک سەردەمی زێڕینی کوردی پێش ئیسلام ناسراوە کاریگەری زۆری هەبوە و ئایینی زەردەشتی و زانایانی

ئایینی، ڕۆڵی گرنگی و کاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر شێوازی دەسەڵاتدارێدا.



**ئیمێ دو کوانی:** Aimée de Coigny **ڕووناکبیر** {١٧٦٩ـ١٨٢٠} خاتوونێکی پاریسی خاوەن کۆڕ بوو.




**ئیمیل ئۆلیڤیە:** Émile Ollivier **دیپلۆمات** {١٨٢٥ـ١٩١٣} دیپلۆماتی فەڕانسەیی.






**ئیمپراتۆری ڕۆمای فەڕانسی:** پاشایەتی لە ٩١٢ی زاینی، لە پاش مەرگی لویی سێیەم لە تیرەی کارلۆڤینیەکان، کۆنراد، دووکی فرانکۆنیا هەڵبژێردرا بە ئیمپراتۆر کە تا ئەو کاتە لەناو نەوەکانی شارلمانیدا بە شێوازی میراتی بوو، کرا بە سیستەمی هەڵبژاردەیی و دواتر کەوتە دەستی ئاڵمانییەکان.





**ئیمپراتۆری گوڵ:** The Empire of Flora شێوەکاری بەرهەمی نیکۆلای پووسین Nicolas Poussin (١٥٩٤ـ١٦٦٥). ماخوای «گوڵ» لە باخێکدا لە نێوان کۆمەڵێک پەری و پاڵەواندا ئەبینرێ و عەرەبانەی خوداوەندی خۆر لە ئاسمان بە سەر هەورەوە داڕوێ.



**ئیمپرشنیزم:** Impressionnism هونەر بزووتنەوە بزووتنەوەیەکی هونەری کۆمەڵێک شێوەکاری نوێخواز و داهێنەر بوو، لە ساڵی ١٨٧٤ـەوە لە فەڕانسە سەری هەڵدا و زۆر زوو لە هەموو جیهاندا بڵاو بوویەوە. شێوازێکە بە زەبری بەردەوام و شکاوی فرشە و تۆپەڵە ڕەنگی بڵاوەبوو و ورشەدار کە شەبەنگی خۆر ئەخاتەوە بیر، شێوەکار تێگەیشتن و بەرداشتی ڕاستەوخۆی خۆی لە بینراوی تێپەڕ بە شێوەیەکی وەزارەیی ئەکێشێت. لەم شێوەی وەرگرتنەدا، بنەماکای شێوازی نیگارکێشانی وردەکارانە، سێبەر و قووڵایی تەکنیکی و پێکهاتەی هاوسەنگ و تڕیارڤانی بەکار نایەت. ئیمپرشنیزم هەروەها ناوی بزووتنەوەیەکە لە موزیکدا. ☜ ئێکسپرشنیزم



**ئێمپرێس:** empress ناو یان impératrice ئێمپراتریس، ئیمپراتۆری ژن، ژنی ئیمپراتۆر.

**ئێمپرێسی ڕۆمی:** شاژن ئاگریپینا Agrippina ژنی کلاودیۆس و دایکی نێرۆن Nero.



**ئیمیل گالە:** Émile Gallé تێوەکار (١٨٤٦ـ١٩٠٤) وێنەکێشی فەرەنسەیی سەر شووشە.



**ئین:❶** fryday ناو هەینی، هەینو.

**ئین:❷** پاشگر پاشگری پەسنە.

**ئین:❸** sweet uun شیرین، ڕەنگین، زێوین.

**ئینتەرن:** intern ناو فێرەڤان، فێرخواز لە خولی ڕاهێنانی کار یان پیشەدا؛ پزیشکی لە ژێر ڕاهێناندا. ع المتدرب N lærling د کارئاموز. ⇐ ئینتەرن.

**ئینجانە:** flower_pot ناو دەفری گڵین بۆ گوڵ تێدا چاندن. ع اناء للزهور N blomsterpotte د گلدان

⇐ **گوڵدان:** flower_vase ناو شووشەیەکی جوانە دەسکە گوڵی تێ دەخرێ. ع مزهرية N blomstervase د واز، گولدان گل. ن: ئینجانە و گوڵدان: گوڵی چێنراو و چەپکەگوڵی تەڕ، یان وشک یان دەستکرد.



**ئینجۆ:** treasurer ناو گزیر، چاودێری ڕاوەن و دارایی خان.

**ئینجیل:** Gospel ئاییناسر گێڕاندنەوەی سەربردەی ژیانی یەسووعی ناسرِی.

وشەی «ئینجیل» بە واتای مزگێنی یان مژدەی ئایینی عیسا، مزگێنی یان نامەی هەواڵێکی دڵخۆشکەر، کە هاتنی پەیمانی نوێیە. بەگشتی ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە چوار ئینجیلە پاوەرپێکراوەکەی مەتتا و مەرکۆس و لۆقا و یوحەننا.





**ئینجیلی کوردی، مەتتا ١٦:٢٤:** ئاییناسر ئینجا عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو: «ئەگەر یەکێک ویستی دوام بکەوێت، با نکوڵی لە خۆی بکات و خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت.»

**ئینجیلی کوردی، مەتتا ٢١:٢٢:** ئاییناسر جا هەرچی لە نوێژدا بە باوەڕەوە داوای بکەن، وەریدەگرن.







**ئینسیکلۆپیدیای گینەس:** ڕێکۆرد سالنامە تۆمارە جیهانییەکانی گینس Guinness World Records، سەرەتا ناسراو بە پەرتووکی تۆمارەکانی گینس The Guinness Book of Records لە ١٩٥٥ تا ٢٠٠٠ و بە پەرتووکی تۆمارە جیهانییەکانی گینس The Guinness Book of World Records لە چاپەکانی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان،

- پەرتووکێکی سەرچاوەییە کە ساڵانە بڵاوئەکرێتەوە و، تۆمارە جیهانییەکانی هەردوو دەستکەوتە مرۆییەکان و شوێنەکانی سروشتی جیهان پێرست ئەکات. کتێبەکە بیرۆکەی سێر هیو بیڤەرە، و بە هاوبەشی لە لایەن برا دووانەکانی نۆریس و ڕۆس مەکویرتەر لە ئابی ١٩٥٤ لە شەقامی فلیت، لە لەندەن دامەزراوە.
- پەرتووکەکە خۆی تۆمارێک هەڵدەگرێت، کە پرفرۆشترین کتێبی مافدارە لە مێژوودا. بەپێی چاپی ٢٠١٩، ئێستا ٦٤ـەم ساڵی بڵاوکەیە، لە ١٠٠ وڵات و بە ٢٣ زمان بڵاوکراوەتەوە، و زیاتر لە ٥٣٠٠٠ تۆمار لە بنکەدراوەکەیدا هەڵدەگرێت. زنجیرە نێودەوڵەتییەکە لە چاپ زیاتر ڕۆیشتووە و زنجیرەیەکی تەلەڤیزیۆنی و مۆزەخانەی بۆ دروستکراوە. ناوبانگی کۆمەڵەکە بووەتە هۆی ئەوەی تۆمارە جیهانییەکانی گینس ببێتە گەورەترین دەستەی نێودەوڵەتی کەتەلۆگکردن و پشتڕاستکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری تۆمارە جیهانییەکان.









**ئینفۆسۆریا:** infusoria زیندەوەرزانی بوونەوەری یەک شانەیی بچکۆلانەی ئاوی

لە تیرەی برژانگداران وەکوو قەوزەی ناو ئەستێرکی ئاوی شیرین.





**ئینڤیدیا:** Invidia میسۆلۆجی ئێرەیی، لە میسۆلۆژیای گریکیدا ئێرەیی، هەستی ئێرەیی و چەکووسییە، ڕوانین بە چاوی پیسەوە، بە چاوی ئەهریمەنییەوە، ڕوانینی دوژمنانە. ⇐ ئێرەیی Envy یەکێک لە حەوت گوناهی سەرەکی ئایینی فەلەیە.










**ئینکلینکس:** The Inklings ئەنجومەن بیرۆکە، بیری زیرین، دڵئاگایی، کۆمەڵەیەکی گفتوگۆی وێژەیی نافەرمی زانکۆی ئاکسفۆرد بوو بۆ ماوەی نزیکەی دوو دەیە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ تا کۆتایی ١٩٤٩ بە سەرپەرشتی جەی ئاڕ ئاڕ تۆلکین، سی ئێس لویس و چارلز ویلیەمز، هاندەری نووسینی وێژەی تەمار و فانتاسیا بوو.







**ئینکۆبووس :** Incubus میسۆلۆجی لە میسۆلۆژی یۆنانیدا دێو یان ئەهریمەنێکی نێرینەیە کە بە شەو ئەچێتە خەوی ژنان و لەگەڵیان جووت ئەبێ؛ مێینەی کابووس ناوی **سۆکۆبۆسە** کە ئەچێتە خەوی پیاوان. ئارختەک، مۆتەکە، شەوە، کابووس، دارەتی سەنگینی و هەناسە سواربوون لە خەودا کە مرۆڤ هەست ئەکا شتێکی قورس سواری سینگی بووە. ع سوکوبوس N Incubus د سوکوبوس ☜ سۆکۆبۆس.







**ئینگر :** Jean-Auguste-Dominique Ingres شێوەکار (١٧٨٠-١٨٦٧) ژان ئاگۆست دۆمینیک ئینگر، شێوەکاری شێوازی نیۆکلاسیکی فەڕانسەیی.






**ئینگلیزئاسا بۆی دەرچوون:** se sauvant à l'anglaise کینایە واتە سەرداخستن و بەبێ ماڵاوایی بۆی دەرچوون، دەستەواژەیەکە فەڕانسەییەکان لە دژی ئینگلیز بەکاری ئەهێنن و ئینگلیزەکانیش بۆ فەڕانسەییەکانیان هەیە: french leave کە بە واتای فەڕانسەئاسا بۆی دەرچوونە.







**ئینڤیکتس:** Invictus فیلم نەبەز، کۆڵنەدەر، ناوی فیلمێکە سەرەتای چوونە سەرکاری نێلسۆن ماندێلا، وەک یەکەم سەرۆککۆماری بوومی و ڕەشپێستی باکووری ئەفریقا پیشان ئەدا. نموونەی مرۆڤێکی بەرپرس و زانایەکی نیشتمانپەروەر کە لە کەسایەتییە ناوازەکانی هەموو مێژووی مرۆڤایەتییە. ئەم فیلمە هەروەها داستانی کۆڵنەدانی ماندێلا و هەوڵدانی بۆ ئاشتی و تەبایی لە نێوان گەلەکەیدا پیشان ئەدا، کە لە یەکەم هەنگاودا، لە هەموو کارمەندە سپییەکانی دەزگای سەرککۆمار تێئەگەیەنێ هەڵەن و هەروەها بە تێکۆشانێکی بێوێنە تیپی ڕگبی وڵاتەکەی ئەکا بە قارەمانی جیهان.

- شانبەشانی دەیان هونەرمەندی بەهەڵوێست، دوو کەڵە هونەرپیشەی سەردەم مۆرگەن فریمەن و مەت دەیمەن ڕۆڵی ناوازەیان تێدا بینیوە.
- ناوی ئەم فیلمە «Invictus»، لە هۆنراوەیەکی گەلەری هۆنەری سەدەی نۆزدەی ئینگلیز، ولیەم ئێرنێست هێنلی William Ernest Henley وەرگیراوە. وشەکە لاتینە و بە واتای نەبەز و کۆڵنەدەرە. بێژەری هۆنراوەکە ئەوپەڕی توانا و بەهێزی خۆی لە بەرەوڕووبوونەوەی دژواریدا پیشان ئەدا و ئەڵێ:

راستە سەرم شەلاڵی خوێنە،
بەڵام خافڵگیر نەبووە...
من خودانی چارەنووسی خۆمم؛
من فەرماندەی گیانی خۆمم!

☜ ولیەم ئێرنێست هێنلی.









**ئیەتی:** پاشگری چۆنیەتی **ن:** برسیەتی، ژنیەتی، تێریەتی **د** پسوند حالت.

**ئیۆس:** Eos **میسۆلۆجی** له میسۆلۆجی یۆنانیدا ماخوای کازیوەیە و هۆمێر پێی ئەڵێ کازیوەی سووریەنجە.






{Letter b}

# ب

**بابا:**❶ [ناو] کەسی بێناو [ن]: بابەیەکی وەک من قەلەندەر.

**بابا:**❷ [ناو] باوەگەورە، باپیر.

**بابا:**❸ Pope [ئایینناسر] [ناوی تایبەت] بالاترین پلە و کەسایەتی دەسەڵاتی کلیسای کاسۆلیک کە لە ڤاتیکان دائەنیشێ [N] Pope [ع] البابا [د] پاپ.





**بابتیستخانە:** baptistery [ئایینناسر] [ناوی لێکدراو] ئەو شوێنەی کە فەلەی لێ پیرۆز ئەکرێ. لە ناوی John the Baptist واتە یەحیای کوڕی زەکەریاوە هاتووە، کە فەلە و موسوڵمان بە پێغەمبەری ئەزانن، مزگێنیی ئایینی عیسای هێنابوو و لە چەمی ئۆردون خەڵکی لە ئاو هەڵئەکێشا و پیرۆزی ئەکردن. [ع] المعمودية [N] dåpskapellet [د] تعمیدگاه.





**بابردەڵە:** dandelion ڕووەک ناو باوێلکە، پەپوولەپایزە، شەلەمینکەرە، گیایەکە لە ناو گەنم و شێوەرداندا ئەڕوێ، بنچکی گەورەیە و گوڵی خڕ و تۆپە ئەکا، تۆوەکەی سپی و سووک و گرژنە، لە پایزدا لە بەر سووکی و خڕی و تۆپی با ئەیبا. ع الهندباء N løvetann د قاصدک.






**بابڕ:** ناوی فەرمان پەنا با، شوێنێکە با نەیگرێتەوە. ⇦ سمێڵ بابڕ: کەسی سمێڵ زل کە سمێڵی بەری بە با گرتووە.

**بابۆ:** ❶ ناوی لێکدراو هەستی تۆڵە.

**بابۆ:**❷ ناوی لێکدراو هەست یان هەوەسی گۆڵەسەگ بۆ جووتبوون لەگەڵ دێڵەسەگ. ⇦ **بەبا:** ناوی لێکدراو هەست یان هەوەسی دێڵەسەگ بۆ جووتبوون لەگەڵ گۆڵەسەگ. ⇦ **دێڵەبەبا:** دێڵی نێرخواز تێبینی: ئەم دارەتە بۆ زۆربەی ئاژەڵەکان ناوی خۆی هەیە بۆ نموونە: دێڵەبەبا، مانگاوەکەڵ، مەڕوەبەران، بزنوەتەگە، ماینبەفاڵە، پشیلەبەنەورۆ.

**بابوڵە:** wrap خواردنی خێرا ناو ساندویچ، پێچانەوەی گۆشت و پەنیر و سەوزی لەناو نانی ناسکدا. بابۆڵە لە کۆنی کۆنەوە نانی شوان بووە بۆی پێچراوەتەوە و هەمیشە لە هەگبەیدا هەبووە بۆ کاتی برسییەتی. ع لفة، ساندویتش N smørbrød, rull د رول، ساندویچ.




**بابوڵەی کاهوو:** lettuce wrap خواردنی خێرا ناوی لێکدراو ساندویچی کاهوو، بابۆڵەی نان و کاهوو لەگەڵ هێلکە، مریشک یان تۆن، هەروەها ساندویچ لەناو گەڵا کاهوو یان لێتۆس بەبێ نان. ع salat wrap N د ساندویچ کاهو.



**بابوێر:** air vents ناوی لێکدراو باخۆر، بادرز، باکەش، باگر، کون یان قەڵەشی

لە خانوو یان هەر شتێکی تردا کە بای پێدا تێپەڕێ. ع فتحات الهواء N luftventiler د منفذ باد.



**بابەتگەرا :** objectivist ناوولێکدراو چالاکانی بابەتگەرا کەسێکە کە هەوڵ ئەدا تا جیهان بە سەربەخۆ لە بڕوا و ئەندێشەی خۆی ببینێ و باوەڕی وایە کە، تەنها و تەنها یەک ڕاستەقینەی جیا لە شێوەی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤ هەیە. ع موضوعي N objektivist د عینی گرا.




**بابەتگەرایی :** objectivism, objectivity فەلسەفە ناوولێکدراو بێلایەنییەکی ڕەها لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە و خۆ دوورگرتن لە بایەخ و بڕوا کەسییەکان لە گێڕانەوە و بەدەستەوەدانی بەرەنجامەکان. چالاکانی بابەتگەرا هەوڵ ئەدا تا جیهان سەربەخۆ لە بڕوا و ئەندێشەی خۆی ببینێ و باوەڕی وایە کە، تەنها و تەنها یەک ڕاستەقینەی جیا لە شێوەی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤ هەیە N objektivitet, objektivisme ع الموضوعية د عینی گرایی.












**بابەتی:** objective ناو ئاوەڵناو شتێکە باندۆر یان چێژ یان بۆچوونی هەستێکی کەسی لەسەر نەبێت. ع موضوعِی N objektiv د عینی.

**خودی:** subjective ناو ئاوەڵناو شتێکە باندۆر یان چێژ یان بۆچوونی هەستێکی کەسی لەسەر بێت. ع ذاتی N subjektiv د ذهنی.








**بابەتی ڕێژەیی:** Matter of relativity فیزیک بەپێی تیۆری ڕێژەیی گشتی، هێسن ئەبێتە هۆی کێشانی حەوا. گریمانە ئەکرێت کە ڕاکێشەر هێزێک نییە، وەک ئەوەی فیزیکی نیوتن تێی ئەگات، بەڵکو کێڵگەیەکی کەوانییە {ڕووبەرێکی بۆشایی لە ژێر کاریگەری هێزێکدا} لە بەردەوامی حەوا-کات کە لە ڕاستیدا بە هۆی بوونی بارستەوە دروست ئەبێت. ع مسألة النسبیة N Spørsmål om relativitet د موضوع نسبیت.





**بابە گوڕگوڕ:** کوردستان ناوی جێگا کێڵگەیەکی نەوتیە لە شاری کەرکووک. بۆ یەکەمین جار ئەم کێڵگە نەوتییە لە ساڵی ١٩٢٧ دۆزرایەوە. تاکوو ١٩٤٨ گەورەترین کێڵگەی نەوتی بوو لە جیهان.



**بابە لۆکۆنت:** هۆنەر لۆکۆنت دو لیل Leconte de Lisle (١٨١٨ـ ١٨٩٤) هۆنەری فەڕانسەیی شێوازی پارناسی.









**بابی:** ❶ ئاوەڵناو بە واتای ئاسایی دەهری، بەهایی ئەگرێتەوە. لە ئاخافتنی ڕۆژانەدا ئەم وشانە کەم تا زۆر هاوسەنگ و بەیەک واتا بەکار ئەبرێن. ⇦ دەهریت کردم. ⇦ کابرایەکی بابیە ⇦ بەهاییەکان خۆ لە ڕامیاری ناگەیەنن. بەڵام هەرکام لەمانە ئەگەڕێنەوە بۆ فەلسەفە و بنەمایەکی تایبەت. دەهری واتە ئاتەئیست و بڕوابوون بە سروشت و کۆنینە بوونی جیهان، بابی و بەهایی بەڵام دینن.

☜ بابی ☜ بەهایی

**بابی:** ❷ ئاوەڵناو بەو کەسانە ئەوترێ کە پەیڕەوی باب واتە میرزا سەید عەلی محەممەد شیرازین کە لە ساڵی ١٢٣٥ی کۆچی مانگی، سەدەی نۆزدەی زایینی (١٨٥٧) لە شیراز لە دایک بوو، هەرچەند خۆی بە زۆر شت داناوە، بەڵام بە دانەری دینی بابی ئەژمێردرێ.

◀ ئەو سەرەتا خۆی بە مژدەدەری ئاینێک ئەزانی کە لە پاش خۆی لەلایەن «من‌یظهرالله»وە ئەنێردرێ. لە دوای باب زۆرکەس خۆیان بە «من‌یظهرالله» زانیوە. بەهاییەکان پێیان وایە «من‌یظهرالله» هەمان میرزا حسەینعەلی نوورییە کە ئەوان بە «بهاءالله»ی ناوئەبەن.

◀ زۆربەی بابیەکان «بهاءالله»یان وەکوو «من‌یظهرالله» پەژیرە کرد و بوون بە بەهایی.

◀ ژمارەیەکی کەمیان «سوبحی ئەزەل» برای بابیان بە جێگری باب دانا.

◀ خودی باب شەش ساڵ پاش ئەوەی داوای پەیامبەرێتی کرد بە فەرمانی ئەمیر کەبیر لە تەورێز تیرەباران کرا، تەرمەکەی خرایە بەر سەگ، بەڵام بەهاییەکان شاردیانەوە و لە پاش شەست ساڵ شاردنەوە، گەیاندیانە ئیسراییل و لە کێوی کەرمەل لە مەقامی ئەعلا لە شاری حەیفا ناشتیان. مەقامی ئەعلا شوێنی پیرۆزی دووەمە لای بەهاییەکان. رووگەی یەکەمی بەهاییەکان گۆڕی بەهاءالله یان ڕەوزەی موبارەکەیە لە شاری عەکا، کە کاتی نوێژکردن روو لەوێ ئەکەن.







**بابیلۆن:** Babylon مێژوو لە سەدەکانی ناونجیدا، بە میسر ئەوترا بابیلۆن.

**باپووک:** ناوی فەرمان کرێوە و تۆفی بەفر کە با ئەیهێنێت. ⇦ **باکوت:**

ناوی فەرمان بەفرێک بە باوە هاتبێت و پەستێرابێت. ⇦ **باکوزیرک:**

ناوی فەرمان باوبۆران، بارینی بەفر و باران بە تۆف و کرێوەوە.

**باپۆم:** Bapaume جوگرافیا شارێکی بچووک لە پارێزگای پادۆکالە، باکووری فەرانسە.

**باپیرانی کورد:** Ancestors of the Kurds مێژوو لە باشترین و ئەکادیمیترین رێگاکان بۆ زانینی راستەقینەی باوباپیرانی کورد ئەوەیە، بە زمانی بێگانە و بە ئینگلیزیشەوە بە دوایاندا بگەرێین، ئەمەش لیستی دیارترین داوباپیرانی کوردە، کە لەسەر خاکی کوردستان ژیاون، بە ئینگلیزی و عەرەبی:

◄ **سووبارتۆ:** Subartu : سوبارتو

◀ **گۆتی :** Gutian : الكوتيين

◀ **مانناىي :** Mannaeans : المانانائيين

◀ **لۆلۆیی :** Lulubi : لولوبي

◀ **ماد :** Medes : الميديون

◀ **هووری :** Hurrians : الهوريين

◀ **میتانی :** Mitanni : ميتاني

◀ **کاسی :** Kassites : كاشيين

◀ **هیتی :** Hittites : الحثيين

◀ **ئورارتۆ :** Urartu : اورارتو

◀ **سوومەر :** Sumerians : السومريين

◀ **کاردۆخ :** Kardukhoi : كاردوخ

◀ **سیرت :** Cyrtii : السيرتيين

ماموٚستا باوە ڕامان Bave Raman

**باتی :** substitutes ناو جێگرەوە، کەس یان شتێک کە لە شوێنی کەسێکی تردا کار ئەکات یان جێگەی ئەگرێتەوە. ع بدیل N vikarer د جایگزین.

**باتیستا :** Fulgencio Batista ڕامیار ناو (١٩٠١ـ ١٩٧٣) فولخێنسیۆ، سەرۆککۆماری هەڵبژاردە لە ١٩٤٠ بۆ ١٩٤٤ و پاشان لە ١٩٥٢ ـەوە بوو بە دیکتاتۆری کووبا تا ١٩٥٨ کە دەسەڵاتی شۆڕش بە سەرۆکایەتی فیدێل کاسترۆ و چێ گیڤارا، لە کووبا ڕاوی نا.





**باج:** taxation, tax سیستەم ڕێسا ناو سەرانە، وێڕ، خاوە، پارەیەک کە دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لە هاوشاریانی وەرئەگرێ. ع الضريبة N skatt د ماڵیات.

**باجگە:** toll_house ناو دیوانە، ڕەقەبوار، گومرک، شوێنی وەرگرتنی باجی کاڵا لە سنوورەکان E customs. ☜ ڕەقەبوار








**باجگیری:** blackmail, extortion تاوان ناو باج وەرگرتن بە کەڵەگایی، شت وەرگرتنی بەزۆری و ناڕەوا. ع ابتزاز N utpressing د اخاذی.

**باجی ناڕاستەوخۆ:** value_added tax سیستەم ڕێسا پارەیەکە کە کڕیار یان بڕێنەرەوە لەگەڵ کڕینی کاڵا یان خزمەتگوزاری ئەیدات بە فرۆشەر؛ فرۆشەریش بەرپرسە ئەو بڕە پارەیە بدات بە بەشی دارایی دەوڵەت. ئەم باجە لە گرنگترین داهاتەکانی دەوڵەتە و بۆ ئاوەدانی وڵات دابەش ئەکرێتەوە. ع ضريبة القيمة المضافة N merverdiavgift د مالیات بر ارزش افزوده.







**باچاتا:** Bachata موزیک موزیکی گۆرانی ئەفرۆـلاتینییە کە لە سەدەی بیستەمدا لە کۆماری دۆمینیکانەوە سەرچاوەی گرت و لەلایەن کۆمەڵێک دۆمینیکانی بە ڕەچەڵەک ئەفریقایی دامەزراوە. ئەم موزیکە لە ئەمریکای لاتین و وڵاتانی باکووری دەریای ناوەڕاست بڵاوبوویەوە و بوویە خۆشەویستترین موزیک لە دۆمینیکان. جۆری ئەم موزیکە ڕۆمانتیک و ئارام و خەمناکە و سەمایەکی تایبەت بە ئەم موزیکە هەیە.
ع باچاتا N Bachata د باچاتا.








**باخ:** orchard کشتوکاڵ ناو باخی میوە، چاندنی بەرێزی بەراو و جۆگەلەی ئاودێری لەبار بۆ بەرهەمهێنانی میوەی خۆراکی. ع بستان N frukthage د باغ میوە. تێبینی: (بستان)ی عەرەبی، وشەی دزراوی کوردییە، چونکە ئاماژە بە سەرچاوەکەی نەدراوە. ◄ تاق وەسان.





**باخت:** cost ناو بەخت، خەرج، تێچوو، بڕانەوە، مەزاخ، دەبار. ع کلفة N kostnad د هزینە ن: ئەوەندەی حەز لە خوێندنەوەیە، هەموو پارەکەی بۆ پەرتووک باخت ئەکات. ن: هێشتا هیچ نەبووە، نیوەی پارەکەی باخت

کرد.

**دەبار :** alimony ناو تێچوو، دەباری بژێو، ئەو پارەی بە گوێرەی بڕیاری دادگا لە پاش جیابوونەوە لە لایەن هاوسەرێکەوە ئەدرێ بە یەکی تر، وکوو مەزاخی ژیانی هاوسەر و منداڵ. ع النفقة N underholdsbidrag د نفقە. G گووگڵ G دەستی G کانی G هەنبانە بۆرینە

**باخچە :** garden کشتوکاڵ ناو بێستانی تەرەکاڵ، ئەگەر باخ بۆ بەرهەمهێنانی میوەیە، باخچە هەم بچووکە و هەم زیاتر بۆ چاندنی سەوزە، میوە، گیا، یان گوڵە. ع حديقة N hage د باغچە.





**باخچەی ئاژەڵ و گیا :** Jardin des Plantes سەیرانگە باخرگشتر باخی نموونەی گیا و باخچەی ئاژەڵی کۆنی پاریس.





**باخەڵی :** hip flask بتڵی بچووکی پانی کانزای خواردنەوەی توندی وەکوو ویسکی و ئارەق، کە ئەخرێتە گیرفانی باخەڵ. ع زمزمية محرقفة N lommelerke د فلاسک بغلی.



**باخی ئەتابەک:** کۆشک باخ و سەرایەکە لە تەورێز، ستار خانی سەرۆکی مەشرووتە خوازانی تەورێز کردی بە بنکەی خۆی و پاشتر رووسەکان کردیان بە باڵوێزخانەی خۆیان.



**باخی ئەهریمەن:** Garden of Evil سینەما فیلمی وێستێرنی ئەمریکایی ١٩٥٤، دەرهێنانی هانری هەسەوەی.

**باخی ئینگلیزی:** English garden نژیارڤانی بەرزی و نزمی و کەندولەندی سروشتی و تایبەتمەندیی درز و خۆرسک و نارێکیی سروشت لەگەڵ تاڤگە و جۆگەلە و گرد و زرێواریدا ئەپارێزێ، لە کاتێکدا خاڵی دژ بە باخی

فەڕانسەییە کە ئەندازەیی و تەخت و کراوە و دەستکردە.







**باخی بەهەشت:** Elysian Field کۆشک ناوی جێگا مەبەست بارەگای سەرۆککۆماری فەڕانسەیە لە تەنیشت شەقامی شانزەلیزە ـChamps Elysee.

**باخی دڵگوشا:** کۆشک ناوی جێگا یەکێکە لە باخە بە ناوبانگەکانی شیراز، کە خزنی سەعدی ئەکەوێتە لایەوە. هەندێک ئەڵێن کەریمخانی زەند دروستی کردووە و هەندێک ئەڵێن لەوەش کۆنترە و هیی سەردەمی ساسانیەکانە.



**باداری:** gout نەخۆشی ناو جۆرێکی ساکارترە لە دەردەمیران، جۆرێکە لە هەوکردن لە نێوان جومگەکانی پەنجەی پێدا دروست دەبێت، بە تایبەتی پەنجە گەورەی پێ، ئەمەش بە هۆی زیادبوونی ترشێکەوەیە کە پێی دەگوترێت ترشی میزاوی لە خوێندا. ع نقرس N gikt د نقرس.



**باداک:** ivy ڕووەک ناو لاولاو، ئەو ساقەت و گیایە هەمیشە سەوزەی لە

دار دەهاڵێن و بە دیواردا هەڵدەگەڕێن، وەک مێو و لاولاو، گەڵایان بەزۆری پێنج پەڕی نووک تیژی دەروشاوەیە. ع لبلاب، جامعي N eføy د پیچک گیاە.




**بادامی:** ئاوەڵناو چاو بادامی: ١) ئەوانەی چاویان وەکوو ئەو مەنگول و تەتارانەیە کە نموونەیان لە ناوچەکە ماوەتەوە ٢) خوار، لار.

**بادانەوە❶:** knuckled under چاوگی تێنەپەڕ چاوگی دووڵۆ ڕێگا گۆڕین، ڕادەست بوون، خۆبەدەستەوەدان، بەڵێن شکاندن د زە زدن.

**بادانەوە❷:** unwind چاوگی دووڵۆ کردنەوە لە پاش سووڕاندن و بریندار بوون. ع فک N koble av د بازکردن. ⬅ **wind**: بادان، ئالاندن، تێوەئالاندن؛ با؛ هەناسە.

**بادرز:** ناوی لێکدراو درزەبا، دەرووبەکی بچکۆلەیە بۆ هاتوچۆی هەوا، درزی زۆر باریک لە شتدا. ⬅ **درز:** cranny ناو دەرز، شەق، لێکبوونەوەی باریک، قەڵش. ⬅ **باکێش:** ventilation ناوی لێکدراو دەلاقەی هەواگۆڕین، کونی با، هەواکێش ☜ کووران ☜ کووران.



**بادیهەوا :** ناوی‌بکەر خۆهەڵکێش، قاپان، بەفیز و دەعیە، لەخۆدەرچوو، لووتبەرز E haughty.

**باراکوودا :** barracuda ماسی ناو جۆرە ماسییەکی پەلاماردەری سامناکە بۆ ماسییەکانی تر، لاشەویلکەی خوارەوەی هاتووەتە پێشەوە، ددانەکانی تیژ و تۆکمەن. ع عقام N barracudaer د دوولمی، کوترماهیان.

**باراکوودا نێتۆورک :** Barracuda Networks ئای تی بەرژەنگ کۆمپانیایەکی جیهانی پاراستنی ئیمەیڵ و پرۆگرام و تۆڕی کەمپیۆتەر و داتایە.



**بارا‌گە دیلییە :** Achille Baraguey d'Hilliers ژنراڵ ڕامیار ١٨ی برۆمێر {١٧٩٥ـ ١٨٧٨} ژنراڵ، بۆناپارتیست، لە ساڵی ١٨٥٤ـەوە مارشاڵ، لە خولی کۆماری دووەمدا نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێساداانان بوو، ١٨٥١ فەرماندەی قشڵەی پاریس بوو.







**باران :** rain ناو بارشت، قاران، قارشت، قارین، واران، وارشت. ع مطر N regn د باران.

**باران:** shower, rain ناوی چاوگ بارین، دابارین، دارژانی بەلووزەوە. ع ان تمطر N dusj, regn د باریدن.

**باران:** rain هێمایر ناو لەگەڵ وشەی تر واتای هێمایی و ێژەیی دروست ئەکات: ئەستێرەباران، بارانی ڕێژەن، گوڵباران، ئاگرباران، تیشکباران.



**بارانبەست:**❶ ناوی فەرمان [باران+ بەست (بەستن)] ئەو دەمەی لە وەرزی بەهار کە باران کۆتایی دێت.

**بارانبەست:**❷ ناو لەمپەر و بەرگری لافاو و باراناو کە بەر بە خرۆشی سێڵاو ئەگرێ.

⇐ **پێلشکێن:** چاوگی تێپەڕ شەپۆلڕەوێن؛ دیواری کەناری زەریا بۆ بەرگری لە تەوژمی شەپۆل د موج شکن N molo ع حائل الأمواج، مكسر الأمواج E breakwater.



**بارانپێو:** rain gauge کینایە ناوی فەرمان دەفرێکی لوولەکی پلەبەندیکراو ڕادەی و ئەندازەی بارینی باران پیشان ئەدات. ع مقياس المطر N regnmåler د باران سنج F pluviometer.



**بارانی:** raincoat [ناو] جلێکی ئاوداماتی نەدەڵێنە، کاتی باران، بۆ تەڕنەبوون لە بەری ئەکەن. [ع] معطف المطر [N] regnjakke [د] بارانی.



**باربوو:** ❶ contribution [ئابووری] [ناو] باربۆ، نەریتێکی کۆنی کوردەوارییە بۆدەستگرۆیی لە ئاستی خزم و ناسراو، یارمەتیدانی هەرەوەزی هەژار و یەککەوتە بە پارە و ماڵ، دەستگرۆیی گشتی زیانلێکەوتوو یان لە کاتی شایی و ژنهێناندا. [ع] مساهمة [N] bidrag [د] اعانه.

**ن:** باربوویان بۆ کرد بۆ ئەوەی پرسەکەیان ببەن بەڕێوە.

**ن:** بە بڕیار و باربووی جەمخانە ژنێکیان بۆ هێنا، یەک دیناری تێنەچوو.

**باربوو:** ❷ subsidy [ئابووری] [ناو] یان یارانە، دەستگرۆیی لە ئاستی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و شێوازێکی یارمەتی دارایی لە لایەن دەوڵەتەوە بە کاڵا یان ڕێژەیەک کە ئەدرێ بە جەماوەر. ◀ ئادام سمیس دژی خۆتێهەڵقورتاندنی دەوڵەت لە چالاکی ڕامیاریدا بوو. ◀ پاش جەنگە جیهانییەکان ڕێبازی ئابووری تازە وەکوو ڕێبازی کەینز keynes سەری هەڵدا، کە بەشداری دەوڵەت لە ڕێکخستن و هاوسەنگکردنی ئابووری بە ئەرکێکی گرنگ ئەزانێ. [ع] دعم

مالِي N subsidie د یارانە، مساعده مالی. ☜ یارانە ☜ لیبرالیزم








**باربەدین:** Ferdinand Barbedienne پەیکەرتاش (١٨١٠ـ ١٨٩٢) بڕۆنزکاری فەڕانسەیی.




**باربەژەن:** talisman شێوەزانست ناو دەمبەست، چاوبەست، تەلەسم. ٤ طلسم N talisman د طلسم.








**باربەها:❶** counterpart ئاڵوگۆڕ ناو هاوتا، هاوسەنگ؛ کەس یان شتێک کە هەمان ئەرک یان تایبەتمەندییەکانی وەک کەسێکی تری هەبێت. ٤

النظیر N motpart د همتا.

**باربەها:**❷ dowry, bride price ئالۆگۆڕ ناو [بار(کێش)+ بەها] لە ڕێسای کۆنی ژنبەژنەدا بووکەکان باربەهای یەک بوون. چونکە هاوسەرگیری نەک ئەوین و ژیانی بەرامبەر، بەڵکوو لە ڕاستیدا ژنخوازی و کاڵاکڕین بوو. ئالوگۆڕکردنی دوو ئافرەت بوو لە بارمتەی یەکتریدا ئەدران، هەریەکە بایی شیربایی بۆ ئەوی تر بوو. ◀ مرۆڤ نەک وەک مرۆڤ بەڵکو وەکو کاڵا چاوی لێئەکرا، بووک پارەی بەکارهێنانی بۆ ئەدرا {کە تا ئێستەش شیربایی و مارەیی لە ڕوانگەی ئاییننەکاندا همانە و، هەمان واتای هەیە} و، ئەگەر بووکێک لەچاو بووکێکی تر لاسەنگی هەبوایەت، ئەبوایە بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ لاسەنگییەکە بۆ ئەو زاوایە ببژێرنەوە و بۆی قەرەبوو بکەنەوە، چونکە لە ئاڵوگۆڕی کاڵا بە کاڵادا دوو لایەنەکە بەهای بەرامبەر دەگۆڕنەوە. چ جایە یەکێک {بەها}ی یەک و نیوی بێت. ◀ واتە باربەهایی و هاوتایی نە بۆ بووک و زاوا، بەڵکوو بۆ دوو بووکی کڕدراو یان دوو بووکی فرۆشراو بوو. ع المهر، ثمن العروس N medgift, brudepris د مهریە، شیربها، بهای عروس. ☜ گرکەبرکێ








**بارتەقا:** equivalent ئاوەڵناو هاوسەنگ، بەرامبەر، هەمبەر، بارتەقا لە هەموو بوارەکاندا هەیە، بۆ نموونە لە بیرکاریدا پەیوەندی هاوتابوون پەیوەندییەکی دووانەییە کە ڕەنگدانەوە و سیمێتری و ڕاگوزەرە. پەیوەندی هاوتابوونی نێوان بەشەکانی هێڵ لە ئەندازەیدا نموونەیەکی باوی پەیوەندی هاوتایە ع ما یعادل N tilsvarende د معادل.






**بارژی:** Charles le Bargy سینەما (١٨٥٨ـ١٩٣٦) دەرهێنەر و ئەکتەری فەڕانسەیی لە ڕۆڵی هەتەر و کۆمیدیدا.

**بارست:** elevated, raised up ئەندازە ناو قەبارە، قەبارەیەکە لە زەوی بەرز بووبێتەوە، ئەستووری و بڵندی. ع حجم N volum د حجم.

: بارستی بەفر بستێک بوو، بارستی ئەستوورایی ناوقەدی مارەکە قولێک دەبوو.

**بارستایی:** volume ئەندازە ناو حەوایەکی سێ ڕەهەندییە ماکێک داگیری ئەکات. هەمان «بارست»ـە. فەرهەنگی ⓖ وەهبی ئەدمۆندز ئەم واتانەی بۆ داناوە: rising ground, heaped earth, height, size, bulk, cubical contents کە هەم قەبارە و هەم سێپاڵووی (درێژی و پانی و بەرزی) تێدایە.








**بارستە:**[١] mass فیزیک ناو ئاوەڵناو قەبارە، چەمکێکی بنەڕەتییە لە فیزیکدا بە شێوەیەکی دیار بەرەنگاری تەن لە بەرامبەر ئەشتاودا کاتی

وزەپێدان یان ڕاکێشانی تەنێک لە ڕاکێشانی تەنەکانی تردا پێشان ئەدات. بارستە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی فیزیک وەکوو مێکانیکی کلاسیک، ڕێژەی تایبەت و ڕێژەی گشتی پێناسەی جیاوازی بۆ ئەکرێ. یەکەی بارستە ناوی SI کورتکراوەی (International System of Units) و بەرامبەر بە یەک کیلۆگرەمە. [ع] کتلة [N] masse [د] تودە.







**بارستە:**❷ statute پەیڕەو ناو پەیڕەوێکی بنەڕەتی دارێژراو لە لایەن دەسەڵات، پارتی و ڕێکخراو، دامەزراوی ئابووری یان تاکە کەسێکەوە. [ع] النظام الأساسي [N] vedtekter [د] اساسنامە.





**بارسقک:** unencumbered ئاوەڵناو کەسێک کە هیچ چەشنە قەرزوقۆڵەی لە سەر نەماوە و بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییە سەربەست بووە، هەروەها کەسێک کە لە ناو پەیوەندی دڵداری هاتووەتە دەرەوە. [ع] غير مرتبط [N] ubeheftet [د] سبکبال.

**بارسووک:** unencumbered هێمایی ئاوەڵناو ئاسوودە، بێنیگەرانی، کەسێک کە هیچ بەرگر و بەندیواری نییە. [ع] غیر مرتبط [N] ubeheftet [د] سبکبال.

**بارگران:** encumbered هێمایر ئاوەڵناو گرفتار، بارقورس، بەندەوار. ع ضحية N lidende د رنجبر.

**بارشت:** ناوی چاوگ وشت، باران. ع تمطر N regner د باریدن:

لە دەس کێ چاکە و خراپە نایە
بێ بارشت تەنیا هەور و هەڵایە

**بارکا:** Barca مێژوو ناوی تایبەت گەڕان-٣ بنەماڵەیەک بووە لە شاری کارتاژی Carthage کەوناراى ڕۆما.

**بارگاوی:** charging, top_full ناوی چاوگ ناوی فەرمان پڕ، تەڕی، دارماڵ، پڕکردنەوەی باتری. ع الشحن N lading د شارژ کردن.




**بارگاوی ئەلەکتریکی:** electrical charge کارەبا کیمیا فیزیکیکوانتۆم تایبەتمەندی گەردیلەکانە کە وزەی ڕاسانی ئەلەکتریکی و مەگناتیسی بەدی ئەهێنێ بەوەی کە ئەلکترۆنی لە پرۆتۆن زیاتر یان کەمترە، دوو جۆری نەرێنی و ئەرێنیە و بە کۆلۆم coulomb کە یەکەی پێوانی بڕی کارەبایە، ئەندازە ئەگیرێ.








**بارگران:** encumbered ئاوەڵناو گیرۆدە، بارقورس، بەندەوار. ع مبتلي N beheftet د گرفتار.

**بارسووک:** unencumbered ئاوەڵناو ئاسوودە، بێنیگەرانی، کەسێک کە هیچ بەرگر و بەندەواری نییە. ع غير مرتبط N ubeheftet د سبکبال.

**باری سەرشان:** burden شێوەڕستە بەرپرسایەتی.

**بارگە:** charge ئامێر ناو بارگەی کارەبایی بریتییە لە تایبەتمەندییەکی فیزیکی پەیوەست بە ئەستوو، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێزێک ئەزموون بکات کاتێک لە کەوشەنێکی کارۆموگناتیسیدا دادەنرێت. بارگەی کارەبایی دوو جۆر هەیە: بارگەی ئەرێنی و نەرێنی. ع شحنة، محمولة N ladning د بار، محموله.



**بارگەگر:** capacitor ئامێر ناو جۆرێکە لە capacitor، ئامێرێکە بۆ هەڵگرتنی بارگەی کارەبایی، پێکهاتووە لە یەک یان چەند جووت ڕێبەر کە بە نەگەیەنەر جیا دەکرێنەوە. ع مكثف N Kondensator د خازن.





**بارگەی کارەبا:** electric charge فیزیک کارەبا بارگەی کارەبایی یەکەیەکی بنچینەییە لە بواری کارەبادا و بڕەکەی یەکسانە بە ($٦,١\times١٠^{-١٩}$) کۆڵۆم. بڕی ($٢٥,٦\times١٠^{-١٨}$) ئەلیکترۆن یەک کۆڵۆم پێک دێنن. بریتییە لە تایبەتمەندی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە تەنکۆڵکەی ناگەردیلەیی کە ئەبێتە هۆی دروستبوونی هێزی کارۆموگناتیسی و، هێزی کارۆموگناتیسی یەکێکە لە چوار هێزە بنەڕەتییەکەی سروشت و، بارگە لە گەردیلە دروست ئەبێت کە بریتییە لە ئەلیکترۆن و پرۆتۆن و، بوونی بارگەی کارەبایی هێزی کارۆموگناتیسی دروست ئەکات. بارگەی کارەبایی تایبەتمەندییەکی ڕێسای بمێنی ناو ئەستووی هەیە بەو هۆیە کە بارگەی کارەبایی وەدی نایە یان لەبەین ناچێت؛ بارگەی کارەبایی لە گەردیلەی سەرەکی ئەستوو، کە دابینکەری تایبەتمەندییەکانی کارۆموگناتیسی ئەستوون سەرچاوە ئەگرێت.

درێژە بارگەی کارەبایی بریتییە لە تایبەتمەندییە فیزیکییەکەی ئەستوو کە دەبێتە هۆی ئەوەی کاتێک لە کەوشەنێکی کارۆموگناتیسیدا دائەنرێت، هێزێک پەیدا بکات. بارگەی کارەبایی دەتوانێت ئەرێنی یان نەرێنی بێت (بە شێوەیەکی باو بە ڕێککەوت لە لایەن پرۆتۆن و ئەلکترۆنەوە هەڵدەگیرێت). وەک وزەکان یەکتر بەربەرچ ئەدەنەوە و بە پێچەوانەی یەکتر ڕائەکێشن. تەنێک کە بارگەی بارگەی نەبێت بە بێلایەن ناوئەبرێت. زانیاری سەرەتایی لەسەر چۆنیەتی کارلێکی ئەستووە بارگاویکراوەکان ئێستا پێی ئەوترێت ئەلکترۆداینامیکی کلاسیک و، هێشتاش بۆ ئەو کێشانەی کە پێویستیان بە ڕەچاوکردنی کاریگەرییە کوانتۆمییەکان نییە بەکار ئەهێنرێت. ع شحنة کهربائیة N elektrisk ladning د بار الکتریکی.






**بارلۆدۆک:** Bar_le_Duc جوگرافیا ناوی جێگا شارێکە لە پارێزگەی میوز، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرانسە، نزیک سنووری بەلجیکا.







**بارلێتا:** Barletta جوگرافیا ناوی جێگا بەندەرێکە لە ناوچەی پوڵیای ئیتاڵیا، لەسەر زەریای ئادریاتیک.





**بارمتە ❶:** pawn ناو گرێو، بە ئەمانەت دانراو. ع ضمان N løfte د رهن. ⇦ **pawn**: پیادەی شەترەنج.

**بارمتە ❷:** mortgage ناو بارمتەنامە، وامنامە. ع رهن N boliglån د رهن.

**بارمتەخانە:** The Pawnshop سینەما فیلم فیلمی ١٩١٦ی چارلی چاپلین.






**بارمتەگرتن و ڕفاندن:** kidnapping چاوگی تێپەڕ فڕاندنی کەسێکە بە زۆر لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە یان شتێکی لەو بابەتە، بەڵام ڕفاندن abduction بۆ مەبەستی جیاوازی ڕامیاری و تۆڵەسەندنەوەیە و نایانەوێ فڕێنراوەکە بدەنەوە. ع خطف N kidnapping د آدم ربايی.

**بارنامە:** bill of lading ناوی لێکدراو لیستەی شوناسی بار کە جۆر و کێش و بەها و شوێنی سواردکردن و دابەزاندن و کەرەستەی گواستنەی تێدا نووسراوە. ⇦ **بەرنامە:** ڕابەر ناو ڕابەر، ڕێنامە، پەیڕەو، ڕێبەر.




**بارۆش:** Jules Baroche ڕامیار {١٨٠٢ـ١٨٧٠} ڕامیار، مافناس، لە خولی کۆماری دووەمدا نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێساداران بوو. سەرۆکی پارتی تەناهی. بۆناپارتیست، وەزیری چەند کابینەی پێش و پاش کودێتای ٢ی دێسەمبەری ١٨٥١.

**بارۆشە:** fan, hand fan ناو باوەشێن. ع مروحة ، مروحة يدوية N vifte, håndvifte د بادبزن.



**بارۆک:** baroque هونەر شێواز شێوازێکە لە هونەری نژیارڤانی، شێوەکاری، موزیک و پەیکەرسازی، لە کۆتایی سەی ١٦ لە ئیتالیاوە دەستی پێکرد و تا کۆتایی سەدەی ١٨ لە ئورووپا برەوی هەبوو. پاشان لە ئەمریکای ناوەندی و باشوور بڵاو بوویەوە. ئازادی لە ئەنگارە و زۆری بیچم و تێکەڵاوی ئەو بیچمانە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازەن. ڕیشەی وشەکە لە بارۆکۆ barrocoی پورتۆگالی بە واتای مرواری ڕەختە هاتووە. ◀ جگە لە هەزاران تابلۆ و شێوەکاری ناوازە و بیۆێنە، دەیان فیلم و شانۆ و ئۆپێرا بە بەشداری هونەرمەندانی مەزن لەسەر شێواز و فێرگەی بارۆک سازکراوە:

- ◀ لیبرتین The Libertine ٢٠٠٤
- ◀ کارەڤاجیۆ Caravaggio ١٩٨٦، ٢٠٢٣
- ◀ کیژی ملوانک شین Girl with a Pearl Earring ٢٠٠٣
- ◀ لویی، پادشای منداڵ Louis, Enfant Roi ١٩٩٣
- ◀ کازانۆڤا Casanova ٢٠٠٥
- ◀ مارکیز marquise ١٩٩٧ و زۆری تری لەمبابەتانە...




**بارۆکە:** wig, peruke ناو زرپرچ، مووچاچ، مووچاخ، قژی دەستکرد. ◀ پیشەناسی

لە perruque فەڕانسەیی، لە perrucca ئیتالیایی بە واتای زڕیڕچ periwig، لە خولی بارۆک لە ١٥٤٠ـەوە بوو بە باو. ٤ بارۆکە N parykk د کلاە گیس.



**بارۆنچی:** Baronci خانەدان {دێکامێرۆن بەرگر٢ چیرۆکی شەشەمی ڕۆژی شەشەم}، بنەماڵەیەکی بەهرەمەند و هەڵکەوتوو لە ئیتالیا، کە لە شێوە و پێکهاتەدا ئەوەندە خواروخێچن و ڕواڵەتیان ئەوەندە دزێو و نەجوانە، لەم بارەیەوە وتراوە: ن: ئەڵێن خوا ئەو کات دروستی کردوون کە هێشتا فێری شێوەکاری نەببوو.

**بارۆن دانژ:** نازناو وێژە {بارۆنێس دانژ} Baronne d'Ange ناوێکی ساختەیە کە سۆزان، لە کاراکتەرەکانی کۆمیدیی Demi_monde ئەلکساندر دۆمای کوڕ لەسەر خۆی داناوە، ئانژ کچێکی ئاساییە و ئەیەوێ بە هەر شێوەیەک بووە، خۆی بخزێنێتە ناو کۆمەڵگەی ئاریستۆکراتەوە. ئانژ هەروەها بە کچێک ئەوترێ دڵپاک کە بە پێچەوانە خۆیا ئەکا.




**بارۆن لویی:** Joseph Dominique Louis ڕامیار ئابووریزان {١٧٥٥ـ١٨٣٧} ڕامیار

و وەزیری دارایی فەڕانسە لەسەرەتای سەدەی نۆزدە.



**بارو:** rampart پاراستن ناو دیوار و شوورەی بەرز. ع مترَاس N voll د بارو.



**باروت:** gunpowder چەک ناو دەرمان، باڕووت، تێز، شۆرە {تێکەڵەی نیترَاتی پۆتاسیۆم potassium nitrate، ڕەژی charcoal و سۆڵفۆر}؛ ئەستوویەکە بەخێرایی ئەسووتێت و لە چەکی گەرمدا بەکار ئەهێنرێت. لە سەدەی حەوتەمی میلادییەوە هەیە و چینییەکان دۆزیویانەتەوە. ڕێقنەی کۆتر بۆ دروستکردنی باروت بەسوودە. ع البارود N krutt د باروت.



**بارەنداز:** dock ناوی لێکدراو لەنگەرگای کەشتی، شوێنی بارخستن لە بەندەر.
ع الرصيف N brygga, fortau د اسکله.





**بارێر:** Camille Barrere دیپلۆمات (١٨٥١ـ١٩٤٠) لە ١٨٩٧ تا ١٩٢٤ باڵوێزی فەڕانسە لە ڕۆما. دۆستی باوک و دایکی پرووست و مۆدێلی کەسایەتی مارکیز دو نۆغپوا لە گەڕاندا.






**بارێس:** Maurice Barrès نووسەر (١٨٦٢ـ١٩٢٣) نووسەری نەتەوەیی فەڕانسەیی، نووسەری ڕۆمانی بنبڕکراوەکان les déracinés.











**باری سەرشان:** burden ناوی لێکدراو بەرپرسایەتی و بە زۆری بارێکی قورس و گران. ⟸ **بارگران:** encumbered ئاوەڵناو گیرۆدە، بارقورس، بەندەوار. ع مبتلي N beheftet د گرفتار. ⟸ **بارسووک:** unencumbered ئاوەڵناو ئاسوودە، بێنیگەرانی، کەسێک کە هیچ بەرگر و بەندەواری نییە. ع غیر مرتبط N ubeheftet د سبکبال.

**باریکاد:** barricade ناو لەمپەر، ڕێگری چاککراو لە شەقام و کۆڵانان بۆ ڕێگەگرتن لە پێشڕەویی هێزەکانی دوژمن. ع حاجز N barrikade د مانع.




**باریکەلە:** limber ئاوەڵناو بەژن زراڤ، لەڕ. ع رشیق N smidig د لاغر، قلمی.

**بارِن:** ناوی لێکدراو بەیەوە، بەفرێک بە باوە هاتبێت و لە نواڵە و قووڵکە پەستێورابێت، شوێنێک با بەفرەکەی ڕنیبێ.





**بارێزە:**[1] fern ڕووەک ناو سێپەڕە، باوەشێنە، بارەزە، بەرەزا، خەزەرە، قژی

کەنیشک، نێرووک، گوڵدارەوو، کەرەوزە کێویلە، پەلی سیاوەشان، ڕیشی پیرەمەران، گیایەکی پایای گەڵا گەورەی بێ ددانە، لە شوێنی سەخت ئەڕوێ، خاڵگەلی وردی بریقەداری زەردی لە ژێردایە، لە کەرەوز ئەکا، بە تەڕی وەک سەوزە ئەخورێت، بە کووڵاوی و زەردکراوی وەک پێخۆر بەکاردێت، ئاوەکەی دوای کووڵان وەک دەرمانی گورچیلە بەکاردێت، بە وشکی و هاڕاوی وەک بەهاراتی تامووبۆن بەکاردێت، نزیکەی ٦٠٠٠ جۆری هەیە. [ع] سرخس [N] bregne [د] سرخس [E] fern ⇦ ن:

بارێزەی شاخان، کەنێری چۆمی
سەوزەی باڵا بەرز تۆ یاری خۆمی

⇦ **بارێزەکێوی:** mountain fennel [ڕووەک] بەرەزا، بەرێزە، بەرازا، بەرەزای شاخان، خەزەرۆک. [ع] الشمر الجبلي [N] fjellfennikel [د] رازیانە کوهی معطر.





**بارێزە:**[٢] Hurricane [ئاووهەوا] تۆفی باران و هەور تریشقە. [ع] اعصار قوي مصحوب بامطار [N] Orkan [د] طوفان شدید.




**بازاڕی کاوڵان:** fairground flavor بازاڕێکی هەمەڕەنگی هەمەچەشنە لە کاوڵانی چەقی بازنەی مەهاباد و بۆکان و سەقز و بانە و سەردەشت و پیرانشار و پەسوێ، لەسەر ڕێگەی مەهابادـسەردەشت، بە تایبەت لە پاش ڕووخانی حەمەڕەزاشا و نەمانی دەسەڵاتی پێشمەرگە لە شارەکان، هەموو شتێکی تێدا ئەکرا و ئەفرۆشرا، هەر لە بزنەقەنییەوە تا بارەتا و ئووزی. هەروەها کاوڵان لە باشووریش هەیە کە ئەکەوێتە لای چۆمانەوە لە سلێمانیش کۆمپانیای کاوڵان بۆ کڕین و فرۆشی دۆلار هەیە ڕیشەناسی fairground flavor ئەنگلۆـفرێنچە و ڕێک بە واتای وەرزەبازاڕ و هەمان پیشانگە و بازاڕی هەمەڕەنگی بازرگانی و سەرگەرمییە. ع السوق الموسمي N sesong tivoli د بازاڕ مکارە.





**باز بە نێزە:** pole_vault وەرزش ناو بازدان و خۆهەڵدان بە دار یان ئاسنێکی فەنەری درێژی وەک نێزە بە سەر بەست یان تەنافێکی بەرزدا، کە وەک وەرزشێکی فەرمی ئۆلیمپیک هەژماری بۆ ئەکرێت. ع القفز بالزانة N stavsprang د پرش با نیزە.





**بازرگانی عاج:** Trader Horn فیلمی سینەمایی ١٩٣١، دەرهێنانی و.س. ڤەن دایک.

**بازگەی زیندانی:** prisoner's base گەمە یارییەکە دوو دەستەی نۆ دە کەسی لە گۆڕەپانێکی مەزندا هەرکام پەرۆیەک هەڵئەواسی بە بەر پشتێنەیدا و هەر کەس هەوڵئەدا پەڕۆکە لەویتر بکاتەوە و زیندانی بکا.



**باز:** Jean didier base رامیار {١٨ی برۆمێر} {١٨٠٠ـ١٨٨١} ژان دیدیەر باز، مافناس و ڕامیار، ئۆرلیانیست، لە خولی کۆماری دووەمدا نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێساداتان بوو.

**بازاڕی پشک:** stock market ئابووری ئـاو بازاڕی بۆرسە، بازاڕی پاڕ و دراو، ئەو شوێنەیە وەبەرهێنەران پشکی کۆمپانیاکان دەکڕن و دەفرۆشن. کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕە کە کۆمپانیاکان پشک و بەڵگەی بەهاداری دیکە، بە مەبەستی بازرگانی تێدا بڵاو دەکەنەوە. هەروەها بازاڕی دەرەوەی سنووریش {OTC}، دەرەوەی سنووری بۆرسەش لەخۆ دەگرێت، کە وەبەرهێنەران ڕاستەوخۆ بازرگانی بە بەڵگەی باهادار و پشکەکانیانەوە لەگەڵ یەکتر دەکەن. ع البورصة، سوق الأوراق المالية N aksjemarked د بازار سهام و ارز.

**پاژ و پشک:** stocks and shares ئابووری ناو پاژ نوێنەرایەتی خاوەندارێتی دەکات لە کۆمپانیایەکدا و پشکەکان یەکەکانی ئەم پاژەن. زاراوەی «پاژ» ئاماژەیە بۆ خاوەندارێتی گشتی، لەکاتێکدا «پشک» ئاماژەیە بۆ یەکە تایبەتەکانی خاوەندارێتی. بۆ نموونە خاوەندارێتی ١٠٠ پاژ لە پشکی کۆمپانیایەک واتە ١٠٠ یەکەی خاوەندارێتی لەو کۆمپانیایەدا هەیە. ع الأسهم والأوراق المالية N aksjer og andeler د اوراق بهادار و سهام.

**تێبینی:** ئەگەری تێکەڵبوونی واتای ئەم دوو وشە لە ئارادایە و، زۆر جار بە یەک واتاش بەکار هێنراوە، بەڵام جیاوازییان هەیە و، مەگەر گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی بەشکۆیەک بزانێ چۆنیان بەکار ئەهێنێ.

**بازنە:** circle ئەندازە ناو چەماوەی داخراو، بیچمێکی تەختی خڕە، سنوورەکەی (چێوە) پێکدێت لە خاڵی یەکسان بۆ خاڵێکی جێگیر (ناوەند). ع دائرة N sirkel د دائره.

**تیرە:** diameter ئەندازە ناو هێڵێکی ڕاستە لەمبەر بۆ ئەوەبەر لە ڕێگەی چەقی تەن یان تەشکێک، بە تایبەت لە بازنە یان گۆدا؛ تیرەی بازنە. ع القطر N diameter د قطر دائره.

**نیوتیرە:** radius ئەندازە ناو نیوەی تیرەی بازنە؛ هێڵێکی ڕاستە لە ناوەندەوە بۆ هێڵی کەنار بازنە یان گۆیەک. ع نصف القطر N radius د شعاع.

**ناوەند:** center ئەندازە ناو چەقی ناوەڕاستی بازنە کە ماوەی تا هەموو خاڵەکانی چێوە بە یەک ئەندازەیە. ع مرکز N senter د مرکز.

**چێوە:** perimeter ناو چێوەی بازنە، پەراپەری بازنە، ئەویش بریتییە لە $C = 2\pi r$. ع محیط N omkrets د محیط.

**ڕووبەر:** area ئەندازە ناو ڕووبەری بازنە. چەندێتییەکە پێوانگی

دوو ـ ڕەهەندیی بەشێکی دیاریکراو لە ڕووی بازنە پیشان دەدات، ئەویش بریتییە لە $A = \pi r^2$. ع مساحة N areal د مساحت.

**بازنە:❷** bangle خشڵ ناو بازن، خرخاڵ، ئاڵقەیەکی گەورەیە، زۆرتر لە کانزا و بەتایبەت لە زێڕ یا زیو دروست دەکرێ و دەکرێتە مەچەکی دەستەوە. ع الإسورة N armring د النگو.

**بازنە:❸** strapping خشڵ ناو گاوکردن، تەوق یان گەوێکە لە ئاسن وەک بازن دروست دەکرێ و لە شتێک دەگیرێ کە درزی تێ بووبێ. ع تربيط N strapping د بند زدن.






**بازنەی یەکبڕ:** Overlapping circles grid نژیارقانی ئەندازە هێما ناو هێمای حەوت بازنە لە شوێنەوارە مێژوویییەکانی سەدەی حەوتی زایینی بەملاوە ئەبینرێ. ئەو ئەنگارانە لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆمادا بوون بە ڕازاندنەوەیەکی هەمەگیر و لە نەریتی نونەری سەدەکانی ناونجی هونەری ڕازاندنەوەی ئیسلامی girih و هەم لە هەنەری گۆتیکدا ئەبینرێن. گوڵی ژیان ناوێکە لە ویژەی سەردەمی نوێ بۆ هێمای ئەندازەیی «بازنەی یەکبڕ» بەکار هنراوە زنجیرە The Dropout یان دڵۆپێک، زنجیرەیەکی زانستی تلەڤیزیۆنییە کە گوڵی ژیان وەکوو لۆگۆ هەڵبژێردراوە و دەربارەی ئەدوێ. ع شبكة الدوائر المتداخلة N Overlappende sirkler rutenett د شبکه دواير همپوشان. ☜ گوڵی ژیان ☜ دەقبەردای










**بازەڵە:** impudent ئاوەڵناو ئاوەسوو، چەتوون، ڕووداماڵراو، قێزەون. ع وقح N uforskammet د چشم سفید. ⇦ **بلەربەزێن:** daring ئاوەڵناو چەتوون، هارووهاج، بێئارام، شەڕانی د بزن بهادر N dristig ع جريء.

**بازەڵەیی:** obscenity ناوی چاوگ قێزەونی، ئاوەسوویی، ڕووداماڵراوی، بڵحەڕوویی، بێچاووڕوویی، بێفەهێتی، جلیتانی، چەتیمۆکی، ڕساقی، ڕووسەختی، ڕووهەڵماڵراوی، قوڵتەشەیی، قەرەچەناخی، کاولیبازی، گۆسارتمەیی، ڕێلاسی. ع وقاحة N obskønitet د وقاحت.

**بازەوان:** falconer ناوی بکەر کەسێک کە باز پەروەردە ئەکا و شارەزای ڕاوەبازە. ع الصقار N falkonerer د قوش باز. ☜ ڕاوەباز






**بازەین:** Jean René Bazaine شێوەکار (١٩٠٤ـ٢٠٠١) ژان ڕێنێ، شێوەکاری فەرانسەیی.






**بازیان❶:** aerie, eagle nest هێمایر ناو شوێنی کراوە و بەرئاواڵە، هێلانەی

باز و هەڵۆ لە بەرزایی ڕەوەز و تیشی شاخان. ع عش النسر N ørnerede د آشیانه عقاب. ریشەناسی

١– **بازیان:** [باز+ئاشیان {پەهلەوی} هێلین و هێلانە] لانە و پەنای شەهێن و باز و هەڵۆ.

٢– **بازیان:** [باز+یان {یانە، خانە}] یانە و لانەی باز و هەڵۆ.

٣– **بازیان:** شارەدێیەکە لە پارێزگای سلێمانی.

☜ تەوار ☜ ژیوار










**بازیان:❷** Baziyan جوگرافیا ناو شارۆچکەیەکە لە پارێزگای سلێمانی، باشووری کوردستان، بە سۆرانی ئەدوێن و ٨١٤ مەتر لە ئاستی زەریا بەرزە.

تاکەی بێدەنگ ببم، تاکەی بکەم زەبتی زەبان
حەیفە گەر هەجوت نەکەم قئیمەقامی بازیان
شێخ ڕەزا





**بازۆ:** yacht ناو گەمییەکی تۆزی گەورە کە چارۆکەی هەبێ، یاکت.




**باستەر کیتۆن:** Buster Keaton هونەرپیشە نووسەر {١٨٩٥ـ١٩٦٦} ئەکتەر، کۆمیدیەن، نووسەر و دەرهێنەری ئەمریکایی براوەی خەڵاتی ئۆسکار.









**باسریشک:** rainsquall دیاردە سروشتی ناوی لێکدراو ڕێژنە، ڕەهێڵە، بەفر و باران و با پێکەوە. ع عاصفة مطرية N regnbyger د باران توام با توفان.

☜ کرێوە ☜ شڵێوە




**باسەرە:** rangeland ناو مێرگ و بژوێن و جێلەوەری باش، لەوەڕگە. ع مرتع N utmark د مرتع.




**باسیل:** bacillus پزیشکی ناو باکتریای نەخۆشینی cholera یان چاوەقووڵکە.

**باش:** good ئاوەڵناو نەهیتە، پەسەند، خۆشک، دڵپەسەند، شۆڕە، لەبار. ع جید N flink د خوب.

**باشار:** rein ناوی فەرمان کۆنترۆڵ، بەرزەفت، خۆڕاگرتن، خۆدەربردن، لەغاو، ڕکێف، ڕەشمە. ⇦ باشارکردن: کۆنترۆڵ کردن.

**باشارکردن:** چاوگی تێپەڕ کۆنترۆڵ کردن.

**باشارگە:** department ناو کەوشەنێکی سنووردار کە دەسەڵات و بەرپرسایەتی بەدەست کەسێکەوە بێت. ع قسم، مصلحە N avdeling د قسم، حوزە.

ن: باشارگەی تۆژینەوەی کیمیا: کەوشەنی بەرپرسایەتی تاقیگەی کیمیا.

ن: وەک بانبارگە، حەشارگە، مەڵەوانگە.

**باشارگەر:** controller ناوی کارا چاودێر، کەسێکە بەرنامەڕێژی، چارەسەر و کۆنترۆڵی بەدەستەوە بێت. ع مراقب N kontrolleren د کنترل کنندە.

**باشترین ساڵەکانی ژیانمان:** The Best Years of Our Lives سینەما فیلم درامای سینەمایی ١٩٤٦ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ویلیەم وایلەر.









**باشتین:** جوگرافیا ناو کەلیـدەر گوندێکە لای سەبزەوار، لە خۆراسان.

**باشقە:** model ناو مۆدێل، نموونە، نموونەی سێرەهەندی کەس یان شتێک یان گەڵاڵەی تەلارێکی پێشنیازکراو، بە زۆری لە ئەندازەیەکی بچووکتردا. ع نموذج N modell د مدل ☜ سەرباشقە.









**باشنووس:** clerk, secretary ناوی‌لێکدراو باشنووسەر، سکرتێر، کارگوزار، بەڕێوەبەری کاروباری نووسین و ڕاگرتنی ئەرشیف و زۆنامە و زمێریاری کەسێک. ع امین، منشی N sekretær د منشی، کارمەند دفتری، دفتردار.

**باشنووسەر:** secretary ناوی‌لێکدراو باشنووس، سکرتێر. ع منشی N sekretær د منشی.

**باشۆ:** sparrowhawk باڵندە ناو باڵندەیەکی ڕاوی ڕۆژگەڕی قەبارە ناونجییە لە تیرەی باز و شەهێن و لە تۆخمی زانستی Accipitridae ع باشق N spurvehauk د قرقی.



**باش و خراپ:** good and evil ڕەشش ئایینناسی لە واتای {evil} و {Devil}دا، وشەی {evil} دژی {good}ە و لە God and Devilدا، بە واتای ئەهریمەن {Devil} دژی ئەهووراەمزدا {God}یە.

**بافت:** tissue ناو هۆنە، کۆمەڵە شانەی لەش، تەون. ع نسیج رقیق N vev د نسیج.




**بافن:** Comte de Buffon نووسەر {١٧٠٧ ـ١٧٨٨} نووسەر، زانای زانستی سروشتی، گەردووناس، بیرکار و بیرمەندی فەڕانسەیی سەدەی هەژدە.



**باقەبێن:** ناو باقەبەس، ئەو گیا یان قەیتانەی باقەی پێ ئەبەستن، بۆ نموونە پیزڵ. ☜ پیزڵ




**باکست:** Léon Bakst شێوەکار {١٨٦٦ـ١٩٢٤} شێوەکار و دێکۆراتۆری شانۆی ڕووسی.



**باکۆس:** Bacchus میسۆلۆجی یان Dionysus لە میسۆلۆجی یۆنانیدا سەرەتا خوای ئافرێنەری مرۆڤ و پاشان خوای شەرابە. لە یۆنان باکۆسیان ئەپەرست، بەڵام ئەفسانەی هێرشی باکۆس یان دیۆنیزۆس بۆ هیند و وڵاتانی تری ئاسیا، پاش ئەوە هۆنرایەوە، کە ئەسکەندەر هێرشی کرد بۆ سەر ئاسیا، لە ئەفسانەی ڕۆمیدا کوڕی ژووپیترە.



**بەکۆنین:** Mikhail Bakunin ئایدیۆلۆگ (١٨١٤ـ١٨٧٦) شۆڕشگێڕی ڕووسی، تیۆریسیەن و ڕابەری بزووتنەوەی ئانارشیستی لە ئورووپا.












**باکەف:** ناو خشتی نیوە سوورەوەکراو. ⇦ لگبن: خشتی کاڵ.

**باکێش:** ventilation ناوی لێکدراو هەواگۆڕ، دەلاقەی هەواگۆڕین، کونی با، هەواکێش. ع تهویة N ventilasjon د تهویە ☜ کووران.





**باگار:** Cesar Bagard پەیکەرتاش (١٦٣٩ـ١٧٠٩) پەیکەرتاشی فەڕانسەیی.






**بال:** Basel جوگرافیا ناوی جێگا یان بازڵ شارێکی سویسە لەسەر سنووری فەڕانسە

و ئاڵمان.

**باڵفۆر:** Arthur Balfour رامیار {١٨٤٨ـ١٩٣٠} ڕامیاری ئینگلیزی، وەزیری دەرەوە لە ١٩١٦ تا ١٩١٩.













**باڵکان:** Balkan جوگرافیا نیمچەدوورگەیەکە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئورووپا، ناوی ناوچەکە لە زنجیرە شاخی باڵکان وەرگیراوە، لە بولگاریاوە تا ڕۆژهەڵاتی کۆماری سربیا، لە ناوچە مێژوویی و جوگرافیە گرنگەکانە لە ئورووپادا.

**باڵگە:** airbag ناو سەرینێکی هەوایی پاراستنە لە کەرەستەی هاتوچۆی ناو ڕێگەدا دامەزرێنراوە، کاتی ڕووداو ناهێڵێ دانیشتووی ناو ماشینەکە فڕێ بدرێتە دەرەوە، یان بدرێ بە جەستەی کەرەستەکەدا. ع وسادة هوائیة N airbag د ایربگ.





**باڵماسکە:** bal masqué ناو فەرانسی، لە دوو وشەی باڵ و ماسکە بە واتای

کۆڕی سەما بە ماسکەوە، هەموو جۆرە دەمامکێک بۆی هەیە. بە ئینگلیزی masquerade party ئەویش لە ماسکراتای mascherata ی ئیتالیاییەوە هاتووە. ع حفلة تنكرية N Maskeball د بالماسکە.



**بالۆرە:**١ ناوی لێکدراو گۆرانی پیاهەڵدانی کچ و کوڕی ئەویندار لە چیا کە هەوایەکی تایبەتی هەیە؛ جۆرێک لە سروود و پیاهەڵگوتن و لاواندنەوە. دریژە ژنانی کورد، لە چیا و داخان بە دەم کار، ڕۆیشتن یان دانیشتن و ماندووحەسانەوە، گۆرانی ئەڵێن و گەردنی خۆیان ئەکەنە ئامرازی موزیک و پەنجەکانی دەستیان ئەکەنەوە و بە هەوای گۆرانییەکەی ئەیلێن لە دەمارەکانی ملیان ئەدەن و لە گەرووشیان بە شێوەی هەوا، دەنگی (ئەوەوە، ... ، ...) دەرئەخەن و لە نێوان پەنجە لە گەردەندان و (ئەوەوە)دا وشەکانی گۆرانییەکەیان درێژ ئەبێتەوە و مرۆڤ کەمتر تێی ئەگات. جاروبارەش دوو دەستە کچ و ژن لە کلە و شانەوشانی شاخێ یان ئەمبەرەوبەری دۆڵ و دەرەیەک تێکهەڵدەنگوون، دەستەیەک دەست ئەکا بە (بالۆرەلێدان) و ئەوی دیکەشیان بۆی ئەسێنێتەوە و لە ناویداندا ئەبێتە بینبڕکێ و هەر دەستەی تێئەکۆشێ (بالۆرە)ی درێژتر و خۆشتر بێت.

⇐ بەیت و بالۆرە.

**بالۆرە:**٢ ناوی لێکدراو هێمایر گوتەی بە قەو و بەدەنگی بەرز کە کەس تێی نەگات.

**بالۆرە:**[٣] ناوی لێکدراو گەڕان ـ٥ سێرێناتا، لە جیاتی ئێوارەسترانی سێرێناتا serenade هاتووە کە سەدەی حەڤدە سەرهەڵئەدا لە sérénade فەرانسەیی، لە serenata ئیتالیایی کە هەمان هەوای دڵدارییە.

**بالۆلی:** reckless ئاوەڵناوی فرمان بوێر و بێباک، نەترس و شەرکەر. ع متهور N uforsvarlig د متهور.

**بالێرینا:** ballerina ناو سەماکەری بالێ. ع راقصة باله N ballerina د رقاص باله.

**بالیاریک:** Balearic islands {گەڕان بەرگی ٥} کۆمەڵە دوورگەیەکی ئیسپانیایە لە ڕۆژئاوای زەریای مەدیتەرانە.






**بالیسانگ:** Balisong ناو چەقۆیەکی دەسک نووشتاوەی فیلیپینییە، بە چەندین ناوی بالیسانگ، فەن fan، باتانگاس Batangas و فیلیپینۆ Filipino ناسراوە. تایبەتمەندی ئەم چەقۆیە ئەوەیە کە دەسکەکەی دوو لەتە و کاتی داخستن دەمەکەی لە ناو ئەو دوو لەتەدا ئەشاردرێتەوە. قفڵێکی پارێز دەسکەکان ڕائەگرێت. ئەم چەقۆیە بە ئاسانی یاری پێ ئەکرێ و دەمەکەی دەرئەکەوێ و دێتەوە یەک. لە فیلیپین بۆ بەرگری بەکار هێنراوە. ع سكين الفراشة N Sommerfuglkniv د چاقوی پراونەای.






**باڵ**: ناو قۆڵ، ئاتەک.

باڵی لەچک: لۆی لەچک، لفکەی لەچک. باڵی سەڵتە: شاقەلی کەواسەڵتە، ئاتەک.

**باڵاپۆش**: mantle ناوی‌لێکدراو جبەی ژنانەی قووچداری بێقۆڵ، تەرگە پیاوانەکەیەتی؛ جلی سەرتاپا هێمایر ئەم وشەیە ئەمڕۆ بە واتای {محجب} ی عەرەبیش بەکار ئەهێنرێ.



**باڵاترین**: culmination ناو باشترین پلە و جۆر، لووتکە، پۆپە: ئەم بەرهەمە، باڵاترین بەرهەمیانە هەتا ئێستە. ع اوج N kulminasjon د اوج. ☜ پۆپە

**باڵادەستی**: hegemony هەژموونی، سەرتری، سەرکردایەتی یان باڵادەستی، بە تایبەت لە لایەن وڵاتێک یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی بەسەر ئەوانی تردا. ع الهیمنة، تفوق N hegemoni د هژمونی، تفوق، ارشدیت E superiority.

**باڵانی**: hinny گیاندار ناو بەرگاویلکە، خەرمەخیل، هێسری باوک ئەسپ و دایک کەر، لەبەر ئەوەی ژمارەی کرۆمۆزۆم لە ئەسپ و کەردا جیاوازە، ڕاگرتن و داشتی باڵانی کارێکی سانا نییە، چونکە کەر ٦٢ کرۆمۆزۆمی هەیە و ئەسپ ٦٤ کرۆمۆزۆم، ئینجا باڵانی کە تێکەڵی ئەم دوانەیە ٦٣ کرۆمۆزۆمی هەیە، ئەمەش زۆر جار ئەبێتە هۆی سیستەمێکی زاوزێ

پاندرووس و کێماسی. ع نغل N hinny د شبهاسپ.

**هێسر :** mule گیاندار ناو ئێستر، هێستر، قانتر، چوارپای داک ماینی کەرباب، چوارپایەکی بارەبەری نهێم و بەهێزە، هێستر بە جۆر یان تیرە دانانرێ چونکە نەزۆکە. ع بغل N muldyr د استر.

پەند: لە هێستریان پرسی باوکت کێیە؟ گوتی: خارم ئەسپە.





**باڵاد :** ballade موزیک ناو سروود، بەستە، هەڵبەستێ سێ بەشی کە هەر بەشەی لە هەشت بەند پێکهاتووە. ع قصیدة ذات ثلاث مقاطع N ballade د تصنیف.






**باڵباڵۆکە :** mantis دەعبا هێماپر ناو تاجیلۆکە، تاڕیلە، مەهینکا، دەعبایەکی کوللەئاسای سەر سێگۆشەیە، ئەتوانێ نیوبازنە واتە ١٨٠ پلەی دارماڵ سەری بسووڕێنێ. ئەتوانێ ڕەنگی خۆی بگۆڕێ و لەگەڵ فەراگەردی خۆی بگونجێنێ. ع السرعوف N mantis د آخوندک.

**بالْبالْۆکەی نزاکار:** Praying Mantis دەعبا هێمایر ناو سەبارەت بە توانایی بالْبالْۆکە کە ئەتوانی ڕەنگی خۆی بگۆڕێ و لەگەڵ فەراگەردی خۆی بگونجێنێ لە بواری ئابووریدا و بۆ خۆدزینە لە ڕێسا، بەکار ئەهێنرێ بۆ بەلێنانەی ژێرەکی کە بە ڕواڵەت ڕێساییە و لە بنەوە چەند زیادەی نارێسایی هەیە. ◄ لە زنجیرەی «The Good Fight» ئەوترێ میدیایەکی ئەمریکایی بەلێنانەی بالْبالْۆکەی نزاکاری هەیە و ئالگۆریتمێکی وەکوو پرۆگرامی تاقیکاری ✎ بۆ نووسیوە تا میدیاکەیان لە ولاتی چین بیبنرێ، کە بۆی نییە بەوانی بفرۆشێ. ع فرس النبي N mantis د آخوندک نمازی.

**تاقیکاری:** exploratory ئاوەڵناو گەڕان و دۆزینەوە.






**بالْپلاتز:** Ballplatz کۆشک ناو وەزیرخانەی دەرەوەی یەکێتی ئۆستریا ـ هەنگاریا لە ڤیەننا، کە تا ساڵی ١٩١٨ لە کۆشکی بالْپلاتز نیشتەجێ بوو.






**بالْتۆز:** sister in law ناو ژنخوشک، خوشکی ژن. ع اخت الزوجة N

svigerinne د خواهرزن.

**باڵزاک:** Honoré de Balzac نووسەر {١٧٩٩ـ١٨٥٠} نووسەری بەناوبانگی فەڕانسەیی و پێشەوای شێوازی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی. باڵزاک لە ڕۆمانەکانیدا کەشەکەی نازکبینانە شیکردوەتەوە و وردبینانە باری دەروونی کەسایەتییەکانی نواندووەتەوە. باڵزاک بووە بە ئاوێنەی کۆمەڵگەی فەڕانسە لە سەردەمی خۆیدا و بە یەکێک لە ناسراوترین و کاریگەرترین ڕۆماننووسانی دوو سەدەی دوایی. «کۆمیدی مرۆیی»، کۆمەڵەی ٩٠ ڕۆمانی درێژەداری ناوازەی باڵزاکە کە لە ساڵانی نۆزەنقانی ١٨١٥ تا ١٨٣٠، سەردەمی نۆزەنقانی و گەڕانەوەی بۆربۆنەکان بۆ دەسەڵات نووسیونی.



**باڵسی:** Louis Balthy گۆرانیبێژ {١٨٩٦ـ١٩٢٦} گۆرانیبێژی کۆمیدی کافە کونسێرت.

**باڵشمە:** frame ناو زێوار، چوارچێوەی دەرگا و پەنجەرە. ع اطار N ramme د چارچوب.



**باڵگە:** bedside ناو سەر سەری نەخۆش، سەرجێگەی نەخۆشی لە جێگەدا کەوتوو. ع جانب السریر N sengen د بالین.

**باڵنج:** pillow ناو باڵگە، بالیف، سەرینی تەخت کیسەیەکی کووتاڵە، پڕ لە پەڕ یان سفەنج یان هێسنی نەرم، کاتی خەوتن ئەیخەنە ژێر سەر. ع وسادة N pute د متکا.



**باڵندە:** bird گیانەوەر مەل ناو تیرەیەکی گیانەوەرانی ئێسکداری هێلکەکەری خوێنگەرمی کرکەوێنی پەڕ و باڵ و دەنوک دارن کە بە شێوەیەکی گشتی توانای فڕینیان هەیە. ع طائر N fugl د پرندە.




**باڵندەناس:** ornithologist زانستمەند ناو زانا و پسپۆڕ و توێژەری مەل و باڵندان. ع عالم الطیور N ornitolog د پرندە شناس.

**باڵندەناسی:** ornithology زانستی توێژینەوە لە ژیانی مەل، باڵندە. ع علم الطیور N ornitology د پرندە شناسی.








**باڵەنسیاگا :** Balenciaga دیزاین بەرژەنگ کۆمپانیایەکی فەرانسەیی کاڵای کەشخەی گرانباییە، لە بواری دیزاین و بەرهەمهێنانی کیف و پۆشاک و پێڵاودا کار ئەکات. ساڵی ١٩١٩ لە لایەن کریستۆباڵ باڵەنسیاگا، لە ئیسپانیا دامەزرا، ئەمڕۆ لە پەرەمی گووچی دایە و نووسینگەی لە پاریسە.



**بامبینۆ :** bambino نازناو {ئیتالیایی}. بە واتای : منداڵی بچکۆلە، کوریژگە.

**بامیەوگۆشت :** okra broth ئاشپەزیکوردی KurdishCuisine ناو شلەی بامیە، مەرەگەی بامیە، جۆرێک ئاوگۆشتە بە بامیەی تەڕ یان وشک یان شۆڕ، لەگەڵ پیازی سووروەوەکراو و تەماتە و دۆشاو و هەندێ جار نۆکیشی تێدەکرێ. ع مرق البامیة N okra buljong د آبگوشت بامیە. ☜ پیتی

**بامیەی وشک :** بامیەی لەبەر خۆر هەڵخراو و وشککراو.

**بامیەی شۆڕ :** بامیەی هەڵگیراو لەناو ئاو و خوێ و سرکە و شوێت.



**بانبارگە :** yinge bride ناو بەربووک، ئەو ژنەی دەگەڵ بووک دەچێتە ماڵی زاوا، پاخەسوو. ع رفیق العروس N yinge brud د یدک، دنبالە، ینگە

عروس. تێبینی: وشە Yinge لە زۆربەی زمانە ئورووپاییەکاندا تا ڕادەیەک وەک یەکە.



**بانبەرنامە:** extracurricular سەروو بەرنامە و کار و ڕاسپاردەی ئاسایی. ع لا منهاجي N utenomfaglige د فوق درسی

**باندۆر:❶** impression ناو شۆپ، تەشە و تابشت، هەستبزواندن، کارتێکردن. ع الانطباع N inntrykk د احساس؛ گمان. ⇐ **باندۆری یەکەم:** first impression تەشەی یەکەم، شۆپ و کاریگەری یەکەم.

**باندۆر:❷** Influence ناوی‌فەرمان کاریگەریتی، بنەمای کارتێکردن. ع تأثیر N førsteinntrykk د تأثیر.









**باندۆری ڕووناکی:** optical effects

**باندۆری یەکەم:** first impression دەستەواژە تەشەی یەکەم، شۆپ و کاریگەری یەکەم درێژە زانایانی بواری ژوان و کێشەر dating and

attraction ئەڵێن ڕواڵەتی قۆز و کەشخەی مرۆڤ بۆی هەیە لە یەکەم باندۆردا تا ڕادەیەکی زۆر مەبەست بپێکی و جێگەی خۆی بکاتەوە؛ هەروەها ئەوانەی کە ڕوخسار و ڕواڵەتێکی منالآنەیان هەیە، زیاتر سادە و مێهرەبان و گەرم و ڕاستگۆ خۆیا ئەکەن، تا ئەوانەی کە ڕوخسارێکی کشاو و ڕەق و گۆشەدارتریان هەیە. دریژە هەژمار دەری ئەخات یەکەم باندۆر کاریگەری نازمانی و ڕەوانبێژییە و، لە ڕێگەی جل و قژ و ڕواڵەتەوە تەشەی ئەبێ، واتە لە ڕێگەی زمانی جەستەوە، کە ئەگەر شاد و گەش بێ، یەکەم باندۆری زیاتریش ئەبێ. دریژە ئەو ڕامیارانەی کە کێشەرێکیان هەیە، ئەگەر لە تەنیشت یەکەوە بوەستن لە باندۆری یەکەمدا ئاشتیخواز تر ئەنوێنن. دریژە ئەو سەربازانەی کە هەتەرتر و تێکۆشەرتر دیارن، باندۆری یەکەمیان زیاتر لە پلەی ڕاستەقینەیانە.

دریژە تایبەتمەندی ڕوخسار وەکوو بڕوابەخۆیی، ڕووکراوەیی، بەهێزی، دارەتی هەرەشەئامێز، لە باندۆری یەکەمدا کرنگییان هەیە. باندۆری یەکەم پەیوەندی بە پلە و پیشەیشەوە هەیە، بۆ نموونە ئەفسەرێک پێی خۆشە زاڵ و بەدەسەلآت خۆیا بکات، بەڵام مامۆستایەک ئەوەی لا گرنگ نییە. واتە مرۆڤ ئەتوانێ بە ڕاهێنان ڕادەی کاریگەری خۆی بباتە سەرەوە. باندۆری یەکەم ئەگەر هەڵەش بووبێ، کاریگەرییەکەی بە خێرایی ناسڕدرێتەوە. بۆیە باندۆری یەکەمی باش ئەتوانێ سوودمەند بێت.

چەند خاڵی گرنگ لەم بوارەدا:

- دارەتی ڕوخسارتان درژ مەکەن، با نەرم بێ،
- ماسوولکەی ڕوخسار با گەش و خەندان بێ،
- بۆ بەرگری لە تووڕەیی، چنگ مەکەن بە برۆتاندا،
- هێور و هێمن ڕابوەستن،
- جلوبەرگتان خاوێن و لەبار بێ،
- دەستوپل و سەروڕووتان با شۆڕاو بێ،

- کاتی ژوان، پەیوەندی چاو بپارێزن،
- بە دەنگێکی ڕوون و گەرم بدوێن.

زنجیرەی تلەڤیزیۆنی «درۆم لەگەڵ بکە! Lie to Me»ی هونەرمەندی مەزن تیم ڕاس پارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە زمانی جەستە و ڕوومەت و ئەو یەکەم باندۆرەی کە لە ماوەی کەمتر لە یەک لەسەر دەی (٠,١)ی چرکەیەکدا ڕوو ئەدات.




**بانسینەمایی:** ultracinematographic سینەما سینەماتۆگرافی بە واتای هونەری دروستکردنی فیلمی سینەماییە. سینەماکاران هاوێنەیەک بەکاردەهێنن بۆ فۆکەسکردنی ڕووناکی ڕەنگدانەوەی تەنەکان بۆ وێنەیەکی ڕاستەقینە کە دەگوازرێتەوە بۆ هەندێک هەستەوەری وێنە یان هێسنی هەستیار بە ڕووناکی لەناو کامێرای فیلمەکەدا.

**بانک خوێندن:** All in چاوگێتێبەر شێوەڕستە کۆنسەی دەوڵەت conseil d'état لە لایەن ناپۆلیۆنی یەکەمەوە دامەزرێنرا؛ ئەم کۆنسەیە لە کۆمەڵێک پسپۆڕی فەرمانگەیی، زانستی، ڕامیاری و سیاپی پێک هاتبوو، ئەرکەکەی دارشتنی گەڵاڵەی پێشنیاز بوو. ئەم کۆنسەیە شوێنێکی گرنگی لە سیستەمی ڕامیاری فەرانسەدا پەیدا کرد، پاشتر بە تایبەت لە ئیمپراتۆری دووەم و کۆماری پێنجەمدا گرنگییەکەی زیادیشی کرد. ئینجا بانک خوێندن، ئەوەیە کە لە چەندین جۆر گەمەی قوماردا بە تایبەت

پۆکەر، یاریزان، بە یەکجار یاری بە هەموو دارایی خۆی ئەکا و وەک گێزۆ ئەڵێ: لە «گەمە»ی هێزی ڕێساداتان و هێزی ڕاپەڕاندنیشدا ئەبێ بەسەروماڵەوە تێوە بچن و یاری بە هەموو دارایی خۆیان بکەن، جا یان تێدا ئەچن یان هەموو شت ئەبەنەوە.

**بانکسی:** Banksy تێوەکار بانکسی وێنەکێشێکی سەرشەقامی ئینگلیزییە. بانکسی دەیەوێت ناسنامەی بەشاراوەیی بهێڵێتەوە. لە شوێنە گشتییەکانی وەک باڵەخانە و وێستگەی شەمەندەفەرەکان وێنە دەکێشێت. وێنەکانی زیاتر لە بارەی ئابووری، جەنگ و بابەتە گرنگەکانی ترن. وێنە گاڵتەئامێز و وێرانبزوێنەکانی هونەری گرافیتی لەگەڵ کۆمیدیای ڕەش پێکەوە دەبەستێتەوە. کارەکانی بانکسی بە جۆری «ستێنسیلینگ» {کاغەزێک لە کارت یان پلاستیک کە نەخشی لەسەر کێشراوە} دروست دەکرێت. کاری لەم جۆرە لە شەقام، دیوار و پردەکان لە سەرانسەری جیهاندا دروست دەکرێن.




**بانگەڵا:** uproar ناو ئەنگامە، گەنگەشە، هەڵڵا، گێچەڵ، فەرتەنە و هەراوهوریا، دادوبێدا، دژواریی، گیرۆدەیی. ع ضجە N opprør د بلوا،آشوب.

**بانگنامە:** summons دادوەری ناو بانگهێشتنامە، بانگنامەی ئامادەبوون، بیرخەرەوەی ئامادەکردن؛ فەرمانی ئامادەبوون لەبەردەم دادگا یان دادوەر، یان ئەو نووسراوەی کە ئەو فەرمانەی تێدایە. ع مذکرة احضار N stevning د احضارنامە. G قانوونی

**بانگهێشتنامە ❶:** subpoena ناو فەرمانی دادگا بۆ بانگکردنی کەسێک لە دادگا، بانگکردن بە بانگهێشتنامە. ع استدعاء للمحكمة N stevning د احضاریە، حکم احضار.

**بانگهێشتنامە ❷:** invitation ناو بانگهێشتکردن بۆ کۆبوونەوەی تایبەتی یان گشتی بۆ بۆنە و ئاهەنگ. ع دعوة N invitasjon د دعوت، دعوتنامە.







**بانوو:** plateau ناو بان، بانە، بۆڕگە، پلاتۆ. ن: بانووی ئێران. ع هضبة N platå د فلات.

**بانیجە:** balcony ناو پێش پەنجەرە، بانی بچووک، بەرهەیوانی سەرئاوەڵەی خانوو، بێلایی، باڵکۆن، تەراس. ع شرفة N balkong د بالکن.





**باوان:** parent ناو دایک و باوک، یان سەرپەرشتی منداڵ. ع الأبوين

N forelder د والدین.

**باوانی:❶** heirloom داونەریت پشتەماگ، بۆماوە، میراتی وەکوو خشڵ و گەواهێر کە پشاوپشت دەستاودەست ئەکرێ و لە تۆرەمەیەکەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ تۆرەمەیەکی تر. ع قیمة تورث جیل وراء جیل. N arvestykke د ارث پشت در پشت. ⇦ ئەندازەی بۆماوەیی.

**باوانی:❷** dowry داونەریت مارەیی، جیازیی بووک لە ماڵی باوانیەوە. ع مهر N medgift د مهریە.







**باوباب:** baobab ڕووەک ناو درەختێکی گەرمەسێری تەنگەئەستوورە، ماوەیەکی زۆر ئەژی و میوەی خۆراکی گەورەی هەیە بە ڕادەی شووتییەکی باش ئەبێ. ع الباوباب N baobab د بائوباب.





**باوکانی هەڵبژاردە:** Patres conscripti نازناو نازناوی سەناتۆرەکانی ڕۆمای دێرس بوو.

**باوکایەتی:** paternity دادوەری ناوی لێکدراو دۆخی باوکی کەسێک {بەتایبەت لە چوارچێوەی ڕێساییدا}. ع أبوة N farskap د پدری.

**باوکسالاری:** patriarchy ڕێباز ناوی لێکدراو یان پیاوسالاری، بریتیە لە کۆمەڵێکی بەربڵاوی بەها و ڕەوشت و ڕەفتار و سیستەمی ڕێسایی و حکوومەتی کە لەسەر بنەمای باڵادەستی پیاوان دامەزراوە و، بە کۆنترین سیستمی جیهان دادەنرێت. پەروەردەی بنەماڵە و کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژن و ڕێساکانی هاوسەرگیری و ئایین و کۆمەڵگە لە ژێر کاریگەری ئەم بۆچوونە دان؛ پیاوسالاری ناوێکە بۆ سیستەم و پێکهاتەیەک کە لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوورییەکانی خۆیەوە زاڵ بەسەر هەموو بوارەکانی ژنانی کۆمەڵگەدا. ع النظام الأبوي N patriarkatet د پدرسالاری.

**باوکبێزی:** Oedipus complex دەروونناسی گرێی ئۆدیپ، وەک زیگمۆند فرۆید یەکەمجار لە ساڵی ١٨٩٩ لە پەرتووکی شیکاری خەودا ڕوونی ئەکاتەوە، تیۆرییەکی دەروونناسییە بە واتای سۆزی مناڵ بۆ دایک و هەستی کێبەرکێی

و تەنانەت ڕقبوونەوە لە باوکی. ع عقدة اودیب N ødipuskompleks د عقدە اودیپ.




**باوڵ:** chests ناو یەخدان، سندووقی گەورەی پۆڵا، تەنەکە یان تەختەی ئەستوور بۆ جلوبەرگ یان کەلوپەل. ع امتعە N bagasje د چمدان.
**باوڵی لەیستۆک:** toy chests ناو باوڵ و جانتای لەیستۆکی منداڵ.



**باوڵی پەیمان:** Ark of the Covenant ئایینناسی ئەفسانە کە مجری گۆڤانیشی Ark of the Testimony پێوتراوە، باوڵێکی دارینی زەربەفتە کە سەرقاپەکەی لە قورقوشمە و لە پەرتووکی سفری کۆرەوی جوولەکان وێنای کراوە، ئەم مجرییە، کە تۆمارەکانی ڕێسای جوولەکانی تێدایە، لە لایەن هۆزی ئیسرایلەوە لە سەردەمی سەرگەردانی بۆ هەموو شوێنێک گوێزراوەتەوە و لە کۆتاییدا سلێمان لە پەرستگەی ئورشەلیم شاردوویەتەوە. ع تابوت العهد N Paktens ark د صندوق عهد.





**باوەرێن:❶** windfall ناو بارێزە، میوەیەک با وەراندبێتی. ع سقاطة N vindfall د بادآوردە.

**باوەرێن:❷** windfall هێمایر ناو مفتە، خۆڕایی، بەلاش، بڕێکی مەزنی پارە کە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە لۆتۆدا ئەبرێتەوە یان بە کەسێک ئەگات. ع مکاسب غیر متوقعة N vindfall د بادآوردە.

**جێری و مارج قوماری مەزن:** Jerry and Marge Go Large فیلم فیلمی سینەمایی سەرکەش، بیۆگرافی، کۆمیدی ٢٠٢٢، بەسەرهاتی جێری و مارج سێلبی، کە بە گوێرەی ڕێسای بیرکاری دابەشینی دوانە Binomial distribution لاتاری ئەکەن و ئەیبەنەوە و شارەکەیان نۆژەن ئەکەنەوە. دەرهێنانی دەیڤید فرانکل، هونەرمەندی برایان کرانسۆن و ئانێت بێنینگ.







**باوەڕ:** belief ناو بیروباوەڕ، ئیمان، متمانە، دڵنیایی، ئایین. ع الاعتقاد N tro د باوەر E faith.

**باوەڕپەرەست:** doctrinaire ناوی‌بکەر کەسێک کە هەوڵی سەپاندنی بیردۆزێک

ئەدات بەبێ ئەوەی بەڵگە و سەلماندنی زانستی بۆی هەبێ.

**باوەڕنەکراو:** inconceivable ئاوەڵناو شێلی، ناتێگەیشتنی، شتێک کە بیر و ئەندێشە ناتوانێ بڕوای پێ بکات. ع لا يصدق N utenkelig د باورنکردنی.

**باوەگر:** impure ئاوەڵناو ئاوەگر، ئاوەگڵ، گلاو. ع غير نقية N uren د نجس.

**باوەندە:** ناوی‌فەرمان لەسەر کێشی سەهەندە، بەدەم باوە، باگەر، شتێکە بێت و بڕوات 🔸: گەواڵە: پەڵە هەورێکی باوەندەیە کە بێت و بڕوا. G خاڵ

**باوێر:** boer مێژوو کۆچ ناو لە زمانی هۆڵەندی بە واتای جووتیار، هۆزەکانی ڕەگەز هۆڵەندی و ئاڵمانی نیشتە جێی ئەفریقای باشوورن، کە لە ١٦٥٢ەوە لەوێ نیشتەجێ بوون.

**باوێزە:** fallen fruit میوە ناو باوەرێن، ئەو مێوەی با لە داری وەراندووە و کەوتۆتە سەر زەوی. ع الفاكهة المتساقطة N nedfallsfrukt د میوە افتادە.

☜ بارێزە








**باوێشک:** yawn, gape داروەت پەرچەکردار فەرمان باوێشکدان، کاردانەوەیەکە لە ئێسکداراندا، بە کردنەوەی وردەوردەی دەم، بە قۆناغێکی درێژخایەنی هەناسەداندا تێدەپەڕێ و لەگەڵ کشانی ماسولکەکان و کرانەوەی دەم بە تەواوەتی، ماسوولکەکان شل دەبنەوە و ئەمە دیارەیە بە شێوەیەکی

گشتی تەنها چەند چرکەیەک دەخایەنێت. ع التثاؤب N gjesp د خمیازە، دهن درە. ن: ئەگەر کۆمەڵێک باوێشک بدەن و یەکێک باوێشکی نەیەت، ئەوە نیشانەی نەبوون یان کەمی هاوسۆزییە و بۆی هەیە، ئەو کەسە دەروونناساز واتە سایکۆپەس بێت.




**باویلکە:** ڕووەک ناو بابردەڵە، پەپوولەپایزە، شەلەمینکەرە، گیایەکە لە ناو گەنم و شێوەرداندا ئەڕوێ، بنچکی گەورە و خڕ و تۆپ ئەکا و لە پایزدا لە بەر سووکی و خڕی و تۆپی با دەیبا.



**باهت:** Thai baht ئابووری دراو یەکەی پارەی فەرمی وڵاتی تایلەندە، هەر باهتێک ١٠٠ ساتانگە، لە لایەن بانکی تایلەندەوە دەرئەچێ، ١٠٠٠ باهت نزیکەی ٢٨ دۆلاری ئەمریکاییە.




**باهۆ:** shoulder, scapula ناو باسک، مازە، ئەنگڵ. ع الکتف N skulderblad د کتف. ← شان و باهۆ






**باهۆدار:** stout ئاوەڵناو ئەستوور و بەهێز، بەخۆ و پڕ لقوپۆ. ع سمیک N traust د تنومند.




**باهۆز:** storm ناو گەردەلوول، گژەبا. ع عاصفة N storm د توفان.






**باهێز:** uneasy, uncomfortable ئاوەڵناو خەیدی، شەمزاو، کەشتەنگ، قەڵس، ئازارچەشتوو، سەرگەردان، کەسێک بە هۆیەکەوە هەڵبچێ. ع منزعج، معذب N ubehagelig د ناراحت، معذب.

**با هێنابێتی، پووشی دەم بایە:** Easy come easy go فیلم فیلمی موزیکاڵی سینەمایی ١٩٦٧، دەرهێنانی جان ڕیچ و هونەرمەندی ئێلڤیس پرێسلی. ع ما یأتي بسهولة یذهب بسهولة N Lett fanget, lett borte د باد آورده را باد می برد.




**بایاپسی:** biopsy پزیشکی ناو ڕێکارێکی پزیشکییە بریتییە لە وەرگرتنی نموونەیەکی بچووک لە شانەکانی جەستە لە پێست یان هەر ئەندامێکی تر بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ژێر مایکرۆسکۆپیدا پشکنینی بۆ بکرێت.



**بایرن:** Lord Byron نووسەر هۆنەر (١٧٨٨ـ١٨٢٤) سترانووس و نووسەر، لە پێشڕەوانی ڕۆمانتیسزمی ئینگلیزی، کاریگەری لەسەر نووسەرانی وەک ئەلکساندر پووشکین هەبووە. هۆنراوەی دۆن جوان، لە ١٧ بەند یان کانتۆ

لە گرنگترین چامە درێژەکانە لە ئینگلیز بڵاو کراوەتەوە.




**بایرۆس:** Bayreuth جوگرافیا بایرۆت، شارێکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان، ناسراوە بە شاری ڕیچارد ڤاگنر، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە ببوو بە ڕووگەی لایەنگرانی مووزیک و ڤاگنەر. فستیڤاڵی بایرۆس لە ١٨٧٦ـەوە تا ئێستاش، هەموو ساڵێک لە ئۆپێرای بایرۆس Bayreuth Festspielhaus، بەرهەمی گرنگی وەکوو ئاڵقەی نیبلۆنگ و پارسیڤالی ڕیچارد ڤاگنەر ئەباتە سەر شانۆ.





**بایزانتینۆم:** Byzantium جوگرافیا مێژوو یان بیزانتینۆم شارێک بوو لە یۆنانی دێرین، کرا بە پایەتەختی ئیمپراتۆری ڕۆمای ڕۆژهەڵات یان ڕۆمای بیزەنتین Byzantine Empire بوو. ڕۆمییەکان پاش چەند جار شکست لە ساسانییەکان، لە سەردەمی کۆنستانتینی یەکەم، لە ساڵی ٣٣٠ پایتەختی خۆیان لە ڕۆماوە گواستەوە بۆ ئەو شوێنە و ناویان لێنا کۆنستانتینۆپۆڵ،

هەزار ساڵ پاش ئەوە لە ١٤٥٣دا ئەو ناوە گۆڕا بە ئیستامبوڵ. ☜ کۆنستانتینۆپۆل





**بایۆپیک:** biopic ویژە شێواز کورتکراو کورتکراوەی biographical motion picture واتە فیلمی ژیاننامە و بیۆگرافی کەسایەتی یان کەسانی ڕاستەقینەی مێژوویە کە خول و کاتژمێری ژیانی ئەو کەسە گرنگی تایبەتی هەیە، لەم جەشنە فیلمانەدا سوود لە ناوی شوێن و کەسانی ڕاستەقینە وەرئەگیرێ، ئەم جەشنە فیلمانە لە سەرەتای سەرهەڵدانی سینەماوە بوو بە باو.












**بایۆلۆمەنەسەنس:** bioluminescence ☜ شەوگڕ

**بایۆمەتری:** biometrics زانست ئاسایش چاودێری ناسنامە شێوەیەکی تایبەتی ئەولەهی یە کە بۆ باشار بەدیهێنانی ئاسایش لە تایبەتمەنییە پێوەرییەکانی جەستەی مرۆڤ یان زیندەوەرانی تر سوود وەرئەگرێ. بایۆمەتری

ئەندازەگرتن و شیکاری داتای بیۆلۆژیکە، ناسینەوەی ئۆتۆماتیکی کەسانە بە هۆی تایبەتمەندی فیزیۆلۆژیکی یان ڕەفتاری، بەو شێوەی کە لە کۆنسێرسیۆمی بایۆمەتری پێناسە کراوە. ئەم زانستە هەرچەند تازەیە، بەڵام مرۆڤ ماوەیەکی درێژخایەنە سوودی لێ وەرئەگرێ، وەکوو وێنە و پەنجەمۆر. تایبەتمەندی بایۆمەتریک دوو دەستەن:

- **تایبەتمەندی فیزیکی مرۆڤ**، وەک دی‌ئێن‌ئێ و پەنجەمۆر و گلێنەی چاو،
- **تایبەتمەندی ڕەفتاری مرۆڤ**، وەک ڕێکردن و جووڵانی دەست و ڕوخسار و جەستە، تاپیکردن و واژۆکردن.

☜ زووکلک




**بای وادە:** کەشناسی دیاردە ئەو بایە کە هەژدە ڕۆژ پێش نەورۆز هەڵئەکات و بەفر ئەتوێنێتەوە؛ ناوە بۆ کچان.

**بایەخ:** value ئاوەڵناو بەها، بەبرەو، گرانبەها. ع قیمة N verdi د ارزش.

ن: جا لە پێناوی ئەوەدا کە بایەخی هەیە.

⟵ لە پێناوی ئەوەدا کە ئەهێنێ: For what it's worth.

⟵ هێنان: بۆ نرخ و شیان دەگوترێ: ئەو ئۆتۆمۆبیلە چەند دەهێنێ؟

**کەمبایەخ:** trivial ئاوەڵناو ئاسایی، نەزۆر گرنگ. ع عدیم الأهمیة N triviell د ناچیز. ◁ ئایەخ و بایەخ ☞ ئایەخ

**بایەخدار:** invaluable ئاوەڵناو زۆر بەهادار، لە ئەندازەبەدەر گرانبەها. ع لا یقدر بثمن N uvurderlig د ارزشمند، فوق العاده گرانبها.

**بایی:**❶ merit ناو بەها، نرخ، لێوەشاوەیی، شیانستی. ع استحقاق N د استحقاق، شایستگی.

**بایی:**❷ overbearing ئاوەڵناو لەخۆبایی، هێزخواز، زۆرهێنەر، داسەپێنەر، دەسەڵاتخواز، زۆردار، خیشەمل، جینگز، ملهوڕ، کەڵەگا. ع متغطرس، متعجرف N anmassende د سلطەجو، از خود راضی.

**بایی:**❸ Jean Sylvain Bailly ئەستێرەناس {١٧٣٦ـ١٧٩٣} ژان سیلڤا، یان جین سیلڤەن، ئەستێرەناسی فەڕانسەیی و لە کەسایەتییەکانی شۆڕشی بورژوا لیبراڵ، لایەنگری دەستوور بوو.




**بتپەرەست:** heathen ناو ئاوەڵناو کافر، بێدین، خوانەناس {بەتایبەت لە دینی ئیسلام، جوولەکە و فەلەدا}، زەندیق. ع همجي N hedning د بت پرست، کافر.

**بتۆم:** group ناو دەستە، پەرەمە، پۆل، تاقم، تیپ، قۆڵ، کەرت، جەڵەب (زیاتر بۆ ئاژەڵ)؛ کۆمەڵێک لە کەسان یان شتی تر کە لێک نزیکن یان لە کەوشەن و چوارچێوەیەکدا دائەنرێن. [ع] فئة [N] gruppe [د] دستە.

**بتون:** suitable ئاوەڵناو رێکوپێک، لەبار، خەملیو. [ع] مناسب [N] passende [د] مقتضی. ⇦ **پتوون:** fortified ئاوەڵناو تۆکمە، سەقامگیر، بەهێز، بەکاکڵ، راستگۆ. [ع] محصن [N] befestet [د] مستحکم.

**بتوێرەوە:** dissolve هێمایی فەرمان (لە تواندنەوە) ئاماژەدان بە هێسنێکی رەق، ببێتە شلە، یان بە کەسێک ئەتری وەک سووکایەتی پێکردن؛ واتە بڕۆ ون بە! [ع] تذوب [N] løse opp [د] حل شو، منجل شو.






**بتی شکێنراو:** The Fallen Idol فیلم درامای ئەمریکایی ١٩١٩.

**بخواز:** borrower ناو وامگر، وامووەرگر، قەرزگر، قەرزووەرگر؛ کەس یان لایەنێک کە (بەپێی رێکەوتن وەک بە سوو یان خزمەتگوزاری هاوتا) شتێکی کەس و لایەنێکی تر وەردەگرێ و بەکاری دەهێنێت بە مەبەستی گەڕاندنەوەی. [ع] مستعیر [N] låntaker [د] وام گیرندە.

**بدە لە تەختە:** Knocking on wood دەستەواژە لە بڕوای کۆمەڵایەتیدا کە زیاتر لە ترسی بەمراز نەگەیشتنەوە سەرچاوە ئەگرێ و بنەمایەکی ئایینی هەیە، لە تەختەدان بۆ چوونێکی دژەهریمەنی یان ئەپۆتروپایکە، گوایە توانای دوورخستنەوەی وەیشوومەی چارەنووسی هەیە و، لە مردن و زۆر دۆخی نالەباری نەخوازراوی تر ئەمان پارێزێت. [ع] یطرق علی الخشب [N] Banker

på borda [د] بزن بە تختە.

**دژئەهریمەنی:** apotropaic [ناو] ئەپۆترۆپایک، بەڵاگەردان، گوایە هێزی ئەوەی هەیە کاریگەرییە لاسار و ئەهریمەنی یان بەختی خراپ دوور بخاتەوە. [ع] تمیمة [N] Amulett [د] تعوید، حزر.

**نووشتەی بەڵاگەردان:** نووشتەیەکە وەکوو چاوەزار و گوڵلەبەند و عەبوودوجانە، بۆ بەرگری لە چاوی پیسی بوونەوەری ئەفسانەیی و بۆ هەست بە هێمنی لە بەرامبەر هەندێ کەسی دیاریکراودا. [ع] تمیمة [N] Amulett [د] دعای تعوید.

☜ چاوەزار ☜ گوڵلەبەند ☜ عەبوودوجانە

**تێبینی:** لە نەرویج ئەڵێن: بدە لە مێزەکە، چونکە زووتر هەموو شت لە تەختە دروست ئەکرا.

**نەوزە:** بە پرۆفیسۆری فیزیکیان وت: تۆ بۆ ئەدەی لەختە؟ وتی: ئەڵێن تۆیش باوەڕت پێی نەبێت، ئەو کاریگەری خۆی هەر هەیە!

**وێنە:** داگیرکەری تورک زانست ئەکرێ و بە پڕوپووشاڵ ئەیپارێزێ.




**بدە و بگرە:** [دەستەواژە] دەستەواژەیەکی لاتینییە لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای ئاڵوگۆڕی کاڵا یان خزمەتگوزاری بەکار دێت، کە تێیدا گواستنەوەیەک بەندە بە گواستنەوەیەکی دیکە.

**ن:** «چاکەیەک بۆ چاکەیەک».

◄ ئەو دەستەواژانەی واتای هاوشێوەیان هەیە بریتین لە: «تیت بۆ تات»، «تۆ

ڕشتم دەقەپێنیت، منیش ڕشتی تۆ دەخرێنم»، «ڕشتم بخورێنە، ڕشتت ئەخورێنم» و، «دەستێک دەستەکەی تر دەشوات» یان «دەستەکان یەکدی ئەشۆن».










**برادەری:** fraternizing ناوی فەرمان برادەرایەتی، پەیوەندیگرتن و برادەریکردن، دەستەی هاوڕێیانی زانکۆ کە پێکەوە ئەژین. ع التآخي N forbrødring د معاشرت.

**برایانی بروٚگلی:** Broglie family زانا فیزیک مۆریس (١٨٧٥ـ١٩٦٠) و لویی (١٨٩٢ـ١٩٨٧) هەردووکیان زانایانی بەناوبانگی فیزیک بوون، لە بواری شەبەنگ و پەرتەوی ئیکس و میکانیکی شەپۆلی و بە تایبەت فیزیکی کوانتۆمدا کاریان ئەکرد. لویی لە ساڵی ١٩٢٩ خەڵاتی نوبێلی وەرگرت.



لویی بروٚگلی لە ڕیزی زانایانی جیهان ـ ١٩٢٧

**براياني كارامازۆف:** The Brotlzers Karamazov فیلم دوا ڕۆمانی ساڵی ١٨٨٠ی فیۆدۆر داستایڤسکی نووسەری ڕووسی، وەرگێڕانی بۆ کوردی ئەمین گەردیگلانی.




**براياني گۆنكور:** Edmond de Goncourt نووسەر (١٨٢٢ـ١٨٩٦) و Jules de Goncourt (١٨٣٠ـ١٨٧٠) جووتەبرای نووسەری ناتۆرالیستی فەڕانسەیی.



**برای باوکی:** step_brother on the father's side خزمایەتی برا لە باوکەوە.
ع اخ من الاب N stebror på farssiden د برادر ناتنی از طرف پدر.

**برای دایکی:** step_brother on the mother's side خزمایەتی برا لە دایکەوە.
ع اخ من الام N stebror på mors side د برادر ناتنی از طرف مادر.

**برایمی ئەدهەم:** شا سۆفی ساڵی سەدی کۆچی، سەدەی حەوتی زاینی لە دایک بووە، لە سۆفیانی بە ناوبانگە. برایمی ئەدهەم پادشای بەڵخ بووە، ڕۆژێک چاوی بە کابرایەک ئەکەوێ لە سێبەری دارێکا دانیشتووە،

پارچەیەک نانی ڕەق لە توربێنەکەی دەر ئەهێنێ، ئەیخوات و قومێک ئاو ئەکا بەسەریدا و هەر لەوێ لێی ڕائەکشێ. برایم بە بینینی ئەو دیمەنە لە خەوی سەوخان و نەزانی دائەچڵەکێ و دێتەوە بەخۆیدا، دەست لە پادشایی هەڵئەگرێ و گوایە نۆ ساڵان لە ئەشکەوتێ هەوت کوول نزیکی نەیشاپوور خەڵوە ئەکێشێ و وەک غەوارە ئەژی، کە ئەناسرێتەوە لەوێ ئەڕوا و ئەچێ بۆ مەکە و مەدینە و لە مەکە کۆچی دوایی ئەکا. هەستی بە غەوارەییەکی سەیر ئەکرد.

**برایەتی:❶** fraternity **ناوی لێکدراو** هەستی برایەتی، کۆمەڵێک کە پیشە یان بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. **ع** الأخوة **N** broderskap **د** برادری.









**برایەتی:❷** fraternity **ڕامیاری** **ناوی لێکدراو** دروشمێکی هەڵەی خۆفریودەرە، لە لایەن ڕێکخراو و لایەنە ڕامیارییە بەزیوەکانی نەتەوانی بندەستە بەرز دەکرێتەوە، گوایە داگیرکەر و داگیرکراو بران و مافی هاوبەشیان هەیە! لە کاتێکدا ڕوون و ئاشکرایە و، بە درێژایی مێژووی داگیرکاری تەنها لە یەک نموونەشدا ئەوە ڕاست نەبووە و گوێزان و موو و خوێن و زەروو هەرگیز برا نەبوونە. ◀ ئیسماعیل بێشکچی، پیری ڕاستگۆ دەڵێت: «برایەتی دروشمێکی زۆر نادیارە، دروشمێکی زۆر داخراوە، چوونکە هەمیشە بە برای بچووک گوتراوە، گوێ لە برای گەورەی خۆت بگرە، چونکە ئەو لە تۆ گەورەترە! بۆیە تێگەیشتن لە یەکسانی زۆر دیاریکراوترە، گوتنێکی زۆر کراوەتر هەیە کە دەڵێت: «تۆ چ دەمەزراوێکت هەیە، منیش هەمان

دامەزراوەم دەوێت».»

قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن: دان و مێروو برای یەکن

قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن: خوێن و زەروو برای یەکن

قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

ماسی و چنگاڵ، مشک و جەواڵ، دەست و چزوو برای یەکن

قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:

پەت و گەردن، گوێزان و موو برای یەکن

وەرن خەڵکە

لە نێچیر و زام بپرسن، بڵێن توخوا خەنجەر هەیە زام تیمار کا؟

ڕاوچی هەیە نێچیر نەخوا؟

دە خەڵکینە لە کا بپرسن قەت ئاگری ساردی دیوە؟

لە هێلانەی مەل بپرسن ، بە نیازی ماچ ،قەت مار دەمی تێ ژەنیوە؟

دە لە دار بەڕوو بپرسن، تەوری دیوە دار بڕ نەبێ؟

دە لە کەرێکیش بپرسن، گورگی دیوە کەر دڕ نەبێ؟

قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن: ماری شیرین ژاریش هەیە

قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن: تەوری برای داریش هەیە...

پەشێوی مەزن

**برتانی:** Brittany جوگرافیا مەڵبەندێکە لە باکووری فەڕانسە، بە زمانی سێلتیک قسە ئەکەن. ⇦ **سێلتیک:** Celtic ڕەگەز زمان گرووپێکی ڕەگەزیی هێندوئوروووپییە بە ئیرلەند و وێڵز و سکاتلەند و برتۆن و هی تریشەوە.








**برج :** castle ناو کەلوو، بورج، قەڵا، شوورە، کۆشک، کۆنگرەی قوتی قەڵا. ع برج N Slott د برج. ⇦ **قەڵات :** fortress دژ، سەنگەرێکی سەربازی مەزن، بە تایبەت شارێکی بە کەلوو و شوورە، کە بۆ پادگانێکی سەربازی لەبار بێت. ع قلعة N festning د قلعە.



**برسی :** famished ئاوەڵناو کەسێکە بۆ ماوەیەک نانی نەخواردبێت. ع جائع N sulten د گرسنە.

**برسیکردن :** starve فەرمان گوشار بۆ هێنان لە ڕێگەی برسییەتییەوە؛ هێمایر چاوەلەبەرکردن. ع جاع N sulte د گرسنگی دادن.

**برسییە :** Louis_Alexandre Berthier ژنراڵ (١٧٥٣ـ١٨١٥) لە سەردارانی ناپۆلیۆن بووە. دوو جار وەزیری جەنگ و لە ١٨٠٤ بوو بە مارشاڵ.








**برش :** potency ناو هەناسە، هێز، بڕست، تابشت، توانا. ع قدرة N

styrke د تاب و توان. ⇐ **بەبڕشت:** ئاوەڵناو بەهێز و توانا.

ن: خۆ ئەو هەژارە خەریکە برشی هەڵدێ!







**برغوو:** bolts ناو میلەیەکی سەریانی چەندگۆشەی ڕەزوەدارە، لە ناو مۆرەیەکی ڕەزوەداری هاوئەندازەی خۆیدا بائەدرێ.

**برغوو و چەوی:** bolts and nuts ناو پێچ و مۆرە. ع البراغي والصواميل N bolter og muttere د پیچ و مهره.



**برلیان:** brilliant خشڵ ناو ڕووژە یان هێسنی زۆر ڕوون و درەوشاوە کە بە شێوەی تایبەت تراش درابێ. ع برلیانت N brilliant د برلیانت. ⇐

**تراشین:** trim, cut چاوگی تێپەڕ تاشین و بڕین بە گوێزان یان ئامرازی زۆر تیژ وەکوو ئەڵماس و لەیزر.





**برنج:**[١] rice **ڕووەک** **ناو** گیایەکی تاڵاوە، بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک سەرچاوەی خۆراک ئەچێنرێ، بە تایبەت لە ئاسیا، دەنکێکی سپی هەیە، بڕیوێکی گرنگە، بە کەتە و یەکاوە و پڵاو و چڵاو لێئەنرێت. ← جۆری چۆنیەتی باڵای بەسمەتی لەو ڕووەوە گەنگن کە دەنکیان بە یەکەوە نالکێ و بە شێوەیەکی سەمەرە خۆیان ئەکێشن و درێژ ئەبنەوە، بەڵام جۆری ڤێتنامی و چینی و تایلەندی لەو ڕووەوە گرنگن کە نشاستەیەکی زۆریان هەیە و دەنکیان بەیەکەوە ئەلکێ و ئەم تایبەتمەنییە لە دروستکردنی خۆراکی سووشیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.

**یادەوەری:** هاوڕێیەکی ڤێتنامی پێی وتم: «ئێمە چەند هەزار ساڵ هەوڵمان داوە دەنگی برنج پێکەوە بلکێن بەبێ ئەوەی ببن بە هەویر، کەچی ئێوە بە خۆڕاییش لێمان ناکرن چونکە حەزتان لە برنجێکە نەلکێ بەیەکەوە.»

← ئەگەر یەکاوە [یەک + ئاو + ئە] کوردییە، لەبەر ئەوەیە بە یەک ئاو لێئەنرێ و دانارێژرێ

← ئەگەر پڵاو [پاڵفتەکراو] کوردییە، لەبەر ئەوەیە پڵاو، پاڵفتەکراوە و تەنها لە کوردیدا پاڵاوتن و پاڵفتە هەیە

← برنجی کوردستان، بە تایبەت برنجی خڕی بازیان و سەرگەڵوو لە باشترین و بەچێژترین برنجەکانن.












**برنج:❷** brass کانزا ناو دارِشتەی تێکەڵەی مس و فافۆن. ئالیاژی لە ٦٠٪ی مس و لەسەدا ٤٠ی فافۆن.



**برنجپالێو:** colander کەرەستە ناو پاڵێونە، پلاوپالێو، پاڵێوکە، سووزمە، پارزنگ؛ کەرەستەیەکە برنجی پێ ئاوکێش ئەکەن. ع مصفاة N dørslag د صافی، آبکش.



**برنجۆک:❶** voile پۆشاک ناو برنجکە، واڵ، کووتاڵێکی تەنکی کونکونی جوانە ژنان ئەیکەن بە کراس و لەچک، کووتاڵێکی ناسکە ژنان ئەیکەنە سەروەن، جۆرێکی وەک دانتێلە و ئەکرێ بە ڕووبەند و بەهارنارنج، تەنانەت عەرەب وشەی واڵ، بە واتای بەهارنارنج و ڕووبەند بەکاری ئەهێنن، پارچە کووتاڵێکە ژنان بۆ پاراستن یان داپۆشین و شاردنەوەی ڕوخسار بەکاری ئەهێنن. ع غشاء، غطاء لرأس المرأة N slør د پارچە وال E veil ⬅ لە فەرهەنگی وەهبی و ئەدمۆندز بە واتای تیلمە و گازی برینپێچی gauze هاتووە G وەهبی ئەدمۆندز ☜ بەهارنارنج

**برنجۆک:❷** panaris نەخۆشی ناو موو، نەخۆشییەکی زۆر بەژانە لە پەنجە دێت. [ع] باناریس [N] panaris [د] عقربک.






**برنگ:** appendix توێکاری ناو ڕیخۆڵەکوێرە، ئاپاندیس؛ کیسەیەکی شێوە بۆرییە بە کۆتایی خوارەوەی ڕیخۆڵە گەورەی مرۆڤ و هەندێک شیردەرەکانی ترەوە. ◄ ئاپاندیس پارمەتی دەرچوونی ئەستووی ژەهراوی لە لەش، بەڵام تەقینی ڕەنگە ببێتە هۆی مردن. [ع] الزائدة الدودیة [N] blindtarm [د] زائدە اپاندیس.

**پاشکۆ:** appendix وێژە ناو بەشێکە لە کۆتایی پەرتووکێکدا (بە شێوەیەکی گشتی ناوەڕاستی، بەڵام هەمیشە نا) کە زانیاری زیاتر سەبارەت بە چیرۆکەکە یان بابەتەکان دەدات بەدەستەوە. ◄ مەرج نییە پاشکۆی پەرتووکێک دارماڵ بۆ تێگەیشتنی خوێنەر نووسرابێت، بەڵکوو بۆ سەرنج ڕاکێشان و بۆ ئەوەیە خوێنەران قووڵتر سەیری یەکێک لەو بابەتانە بکەن کە نووسەر مەبەستییەتی. [ع] ملحق [N] vedlegg [د] ضمیمە.







**برۆتۆس:** Marcus Junius Brutus **ڕامیار** (٨٥ تا ٢٤ پ.ز) ڕامیاری ڕۆمی و لە پلاندانەرانی پیلانی ئاریستۆکراتە کۆماریخوازەکان لە دژی ژولیۆس سزار.




**برۆخۆل:** Breughel **خانەدان** **نازناو** یان برۆیگل نازناوی بنەماڵەیەکی هونەرمەندی فلاماندییە. فلاندرز ئێستە لە نێوان فەرەنسە و هەلجیک و هۆڵەندادا دابەش کراوە.






**برۆسلیاند:** Broceliande **وێژە** **ئەفسانە** جەنگەڵی ئەفسانەیی لەبریتنی فەرەنسە، ساڵی ١١٦٠ هاتە ناو وێژەوە، گرێدراوە بە ڕۆمانی ئارتۆری یان شوالیەگەری یان شاسوارگەری سەدەی ناونجی و لەبەر ئەوەی لە شوێنێکی کەسنەزانە، مرلینی جادووگەر کردوویەتی بە بنکەی خۆی.






**بڕۆگلی:** Achille Charles duc de Broglie ڕامیار (١٧٨٥ـ١٨٧٠) ڕامیار، ئۆرلیانیست، سەرۆکوەزیران، لە خولی کۆماری دووەم نوێنەری ئەنجومەنی دەستووری و ئەنجومەنی ڕێسادانان.








**بڕۆلان:** Brelan گەمە جۆرێک یاری پەڕەیە، بۆ بردنەوە ئەبێ سێ پەڕە ڕێک بخرێ.




**بڕۆمێر:** Brumair Brumair ڕۆژژمێر ناوی مانگی دووەمی ساڵە لە ڕۆژژمێری سەردەمی شۆڕشی بورژوایی کۆتایی سەدەی هەژدەی فەڕانسە. مانگی بڕۆمێر بەرامبەرە بە ٢٣ی ئۆکتۆبر تا ٢١ی نۆڤەمبر. ڕۆژێک پاش ڕووخانی پاشایەتی لە فەڕانسە لە ٢١ سێپتەمبری ١٧٩٢دا، ڕاگەیەنرا کەلەوە بەدواوە ساڵی ئازادی ئەبێ بە سەرەتای ڕۆژژمێری نوێ؛ واتە سەرەتای ساڵ لە جانیوەری گوێزرایەوە بۆ شەوگەڕانەوە واتە ڕۆژی یەکەمی پایز. لە ٢٢ی سێپتەمبری ساڵی ١٧٩٢ەوە کە لە شەوگەڕانەوەی پایزییەوە دەست

پێئەکات، ساڵ کرا بە دوانزە مانگی ٣٠ ڕۆژە و پاش ٣٦٠ ڕۆژ ٥ تا ٦ ڕۆژ وەکوو دارماڵکەری ساڵ دیاری کرا.

ناوی مانگەکان:

پایز: Vendémiaire, Brumaire, Frimaire

زستان: Nivôse, Pluviôse, Ventôse

بەهار: Germinal, Floréal, Prairial

هاوین: Messidor, Thermidor, Fructidor

◀ هەژدەی برۆمێر کە ئەکاتە ٩ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی کودێتای ناپۆلیۆن بۆناپارتە. ئەم کودێتایە دژی شۆڕشی بۆرژوازی فەڕانسە بوو و دیکتاتۆریی ناپۆلیۆنی یەکەمی جێگیر کرد. .

◀ لویی بۆناپارت، برازای ناپۆلیۆن بۆناپارت لە ڕۆژی ٢ی دێسەمبەری ساڵی١٨٥١ کودێتای کرد. مارکس وشەی «هەژدەی برۆمێر»ی لەبری وشەی «کودێتا» بەکار هێناوە.




**برۆنتیەر:** Ferdinand Brunetière مێژوونووس {١٨٤٩ـ١٩٠٦} مێژوونووس و ڕەخنەگر.



**بڕوا بەخۆ:** دڵنیا، ئەرخایەن. ⇦ confident.

**بڕواپێکراو:** reliable ئاوەڵناو جێمتمانە، کەسێکە بتوانی بڕوای پێ بکەیت و پشتی پێ ببەستیت. ع موثوق N pålitelig د قابل اعتماد.

⇦ **بڕواپێنەکراو:** unreliable ئاوەڵناو کەسێکە جێی متمانە نییە. ع غیر موثوق بها N upålitelig د غیر قابل اعتماد.

**بروو:** church of Brou پەرستگە یان Royal Monastery of Brou کلیسای گووتیکی بروو لە ناوچەی ئەین Ain لە ڕۆژهەلاتی فەرانسە، مارگارێت دۆتریش Marguerite d'Autriche یان Margaret of Austria دۆشێسی ساڤۆی لە سەرەتای سەدەی شانزە بە یادی مێردەکەی فلیپێر دووکی ساڤۆی دروستی کرد، کە سێ ساڵ پاش زەماوەندەکەیان مردبوو



**برووژ :** Bruges جوگرافیا به فەڕانسەیی یان بروو‌خه Brugge به هۆڵەندی، له شاره کۆنینەکانی بەلجیکایه، ناوەند و گەورەترین شاری هەرێمی فلاندرزه.








**بروووسکه :** shine فەرمان ترووسکه، برێس، گەشی و ڕووناکی. ع شرق N skinne د درخشش.

**برەو :** prevalent ئاوەڵناو ڕەواج، بەهادار، بەبرەوی، گرانبەهابوون. ع رایج N utbredt, verdifull د رایج.

ن: جا له پێناوی ئەوەدا که برەوی هەیه. نەک ئەو شتانەی برەویان نییه.

←.... له پێناوی ئەوەدا که ئەهێنێ: For what it's worth.

**برەوپێدان :** promote چاوگی تێپەڕ پەرە پێدان، بەرز کردنەوە، پشتگیری. ع یرقي، شجع N reklamere د ترقی دادن، ترویج کردن.

**برێزنت :** brezent ئینراو ناو ڕووسی له پرسنینگ presenning هولەندی، کووتاڵی ئەستووری کونبڕکراو بۆ سازکردنی خێوەت و بارپۆش و ڕووپۆش بۆ داپۆشین و پاراستنی کاڵا و ئامێر له تەڕوتووشی. ع القماش المشمع N presenning د برزنت E tarpaulin.



**برێس:** shine فەرمان تروووسکە، برووسکە، گەشی و ڕووناکی. ع شرق N skinne د درخشش. ✿: داهاتوویەکی گەش و پڕ لە برێس.

⇦ **بێبرێس:** lackluster ئاوەڵناو مات و بێ تروووسکە و درەوشانەوە. ع باهتة N matt د بی فروغ. ✿: دڵێکی بێهیوا و ئایندەیەکی بێبرێس.

**برێسانت:** Jean Baptiste Prosper Bressant هونەرپیشە {١٨١٥ـ١٨٨٦}، ئەکتەری کۆمیدی فەرانسە، جۆرێک قژی لە پێشەوە کورت و لە پشتەوە درێژی کرد بە باو.







**برێس:** ناوی لێکدراو تروووسکە، برووسکە. ⇦ بێبرێس: بیفروغ.

**برێشتە:** grilled, roasted ناو [هەورامی] برێشکە، براشتی، برژاو، برژیاگ، برژیا، هەڵبرژیاگ. ع شواية، محمص N grillet, stekt د برشتە.

☜ برێشکە






**برێشکە:** roasted grain or seeds, popcorn ناو دانەوێڵەی برژاو لەسەر ساج، بە تایبەت گەنم، گەنمەشامی برژاو. ع الحبوب أو البذور المحمصة

[N] stekt korn eller frø [د] حبوب بو داده.







**بریان:❶** Grilling and frying دارەت ئاوەڵناو ئاوەڵناوی دارەت لە چاوگی بڕێشتن و براشتن بە واتای برژاندن و سوورکردنەوە هاتووە. [ع] الشوي والقلي [N] Grilling og steking [د] سرخ کرده و کباب شده. ⇐ **بریانی:** خۆراک ناوی چاوگ بریانکراو، برێشتەکراو، بەرخ و مریشکی ناوسک ئاخنراوی لە ڕۆندا سوورەوە کراو؛ بەرخی بە گیپە لە تەندووردا پێشاندراو.





**بریان:❷** Aristide Briand ڕامیار چالاکڤان (١٨٦٢ـ ١٩٣٢) ڕامیاری فەرەنسەیی، براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی ساڵی ١٩٢٦. سەرەتا ئەندام و سکرتێری پارتی سۆسیالیستی فەڕانسە و لە نووسەرانی «ئۆمانیتە» بوو، پاشان لە پارتی کشایەوە. چەند جار بوو بە وەزیری دەرەوە و سەرۆکوەزیری فەڕانسە. لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە چالاکترین تێکۆشەرانی ئاشتی و هاوکاری نێونەتەوەیی بوو.











**بریج :** Contract bridge گەمە یان بە کورتییەکەی Bridge یارییەکی چوارکەسی فێڵاویە بە دەستەیەک پەڕەی ٥٢ ئەکرێ، کە دوو بە دوو هاوبەشن. ڕۆژانە ملیۆنەها کەس لە سەرانسەری جیهاندا چ لە یانە و چ لە ماڵەوە و چ ئانلاین یاری بریج ئەکەن و ئەمە وای کردووە بە یەکێک لە پڕلایەنگرترین گەمەکان بناسرێ. فێدراسیۆنی جیهانی بریج (WBF) World Bridge Federation سەرپەرشتی یاری بریج ئەکا لە ئاستی جیهانیدا.




**بریسکانەوە :** shimmering چاوگی دوولۆ درەوشانەوە، بریقەدانەوە. ع متلألئ N skimrende د درخشندگی.

**بریسکت و ژامبۆن :** brisket and jambon خۆراک بەراورد ناو بریسکت کالباسی گۆشتی سینە و ژامبۆن کالباسی گۆشتی ڕانە. ⇦ کالباس



**بریقوباق:** glamour ئاوەڵناو ئالاّووالاّ، زریقەوبریقە، سەیروسەمەرە، بریقەدار. ع بریق N glamour د زرق و برق.

**بەبریقوباق:** tawdry ئاوەڵناو پڕئالاّووالاّ، پڕزریقەوبریقە، سەیروسەمەرە، بریقەدار؛ خشڵی بەبریقە و هەرزانبایی. ع مبهرج N tarvelig د پرزرق و برق.





**بریکار:** lawyer ڕێسا ناو جێگر، کەسێک کە ماف ئەخوێنێ و ئەبێ بە پسپۆڕ لە بواری مافناسیدا. ع محامی N advokat د وکیل.

**بریگرتە:** client ڕێسا ناو کارێنەر، ڕاژەخواز، کەسێک کە بۆ کارێک ئەچێتە شوێنێک، یان لای پسپۆڕێک. ع زبون N klient د ارباب رجوع.

**بریکارنامە:** power of attorney ڕێسا گرێبەست پڕوانامەی دەسەلاّتی نوێنەری. ع توکیل عام، تفویض N fullmakt د وکالتنامە.

**بریگرتە:** client ڕێسا ناو کارێنەر، ڕاژەخواز، کەسێک کە بۆ ارێک ئەچێتە شوێنێک، یان لای پسپۆڕێک. ع زبون N klient د ارباب رجوع.

**بریکار:** lawyer ڕێسا ناو کەسێک کە ماف ئەخوێنێ و ئەبێ بە پسپۆڕ لە بواری مافناسیدا. ع محامی N advokat د وکیل.







**برین:** lesion پزیشکی ناو هەو، نڕد، ڕێش، ڕێز، زام، شوێن یان ئەندام یان شانەیەک کە بە هۆی برینداری یان نەخۆشییەوە زیانی بەرکەوتووە. ع الآفة N lesjon د ضایعە E hurt, injure, wound, damag.







**برینپێچ:** bandage, gauze پزیشکی ناو باندآژ، گازی برینپێچی. ع الضماد N bandasje, gasbind د گاز پانسمان.






**برینپێچی فریاگوزاری:** paramedical پزیشکی ڕاژە خزمەتگوزاری کاری پزیشکی وەکوو پەرستاری، ڕادیۆگرافی، کۆمەکی سەرەتایی فریاگوزاری، فیزیۆتراپی و ڕژیمی خواردن. ☜ paramedics.



**بریندار:** injured زیان ئاوەڵناو برِیندار، زامار، برِیناوی، کۆڵەوار، کۆڤاندار، ئێش‌پێگەیشتوو، زەبرلێکەوتوو، زیانلێکەوتوو، زیان‌پێگەیشتوو. ع مصاب، مجروح N skadet د مجروح، مصدوم.




**برینگ:** sheep shears ئامراز ناو دوێردی خوری هەڵپاچین و برِینەوەی مەڕ و بزن. ع جلمان، مقراض N saueklipper د دوکارد.



**برینگبەدەست:** هێمایر deceptive plied the shears, سۆزانی یان جامبازێک کە بە فێڵ و دەهۆ خەڵک هەڵئەپاچێ و ڕووت ئەکاتەوە. ع النشل N svindler د جیب بر.



**برینی گەدە:** ulcer نەخۆشی ناو برینێکی کراوە لەسەر ڕووی دەرەوە یان ناوەوەی گەدە، کە بە هۆی پچڕانی پێست یان پەردەی چڵکدارەوە دروست دەبێت کە چاک نابێتەوە. هەو، تڕد، ڕێش، ڕیژ، زام. ع قرحة N magesår د زخم معده.




**بریۆن:** Aristide Bruant گۆرانیبێژ کۆمیکار (١٨٥١ـ١٩٢٥) گۆرانیبێژی کابارە بوو لە پاریس، قۆشمەیەک بوو کە بە زمانی گۆرانیی گەلەری لە کابارەی «میرلیتۆن» قەشمەریی بە بینەران کردووە، پۆستەرەکەی کە لە لایەن Henri de Toulouse_Lautrec کێشراوە و لە شاکارەکانی گرافیکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیە.









**براتڤا:** Bratva مافیا سەندیکا / یانەسای تاوانی ڕێکخراوی ڕووسی، یان هەمان مافیای ڕووسی. گوایە سەرچاوەیان لە سۆڤیەتی پێشووەوە هەڵگرتووە. ◁ برایەتی سۆلنتسێڤۆ Solntsevskaya bratva بەهێزترین گروپی تاوانکاری ڕێکخراوە کە لە داروپەردووی یەکێتی سۆڤیەت دەرچووە. خەمڵاندنی قەبارەی برایەتییەکە لە پێنج بۆ نۆ هەزار ئەندام خەمڵێنراوە (هەرچەند ڕەنگە زیادەڕەوی تێدا کرابێ).











**بڕادوەی:** Broadway theatre شانۆ ئاماژەیە بە هەرکام لە ٤٠ شانۆی ٥٠٠ کەسی و بەرەوژوور لە شەقامی بڕادوەی لە مەنهەتەنی نیۆیۆرک.

**بڕاندنبۆرگر تور:** Brandenburger Tor تژیارقانر یادمان ناوی جێگا دەروازەی براندنبۆرگ، تاقی یادەوەری لە ڕۆژهەڵاتی بێرلین، هی سەدەی هەژدە.





**بڕانکۆ ئاپاچی:** Bronco Apache فیلم یان بە تەنها ئاپاچی، فیلمی وێسترێرنی ١٩٥٤، دەرهێنانی ڕابێرت ئاڵدریچ.

**بڕبڕە:**❶ vertebra توێکاری ناو هەریەک لە زنجیرەی ئێسکە بچووکەکان کە بڕبڕەی پشت پێکئەهێنن، چەندین بەرجەستەییان هەیە بۆ پەیوەندیکردن و لکاندنی ماسولکەکان، و کونێک کە بڕبڕەی پشتی پێدا تێدەپەڕێت. ع فقرة N vertebra د مهره.

**ن:** دەرزییەکە ئەچێ بە نێوان دوو بڕبڕەدا.

⇦ **بڕبڕەی کەمەر:** lumbar spine توێکاری ناو پێنج ئێسکی ستوونی بڕبڕەی پشت لە ئاستی کەمەردا. ع العمود الفقري القطني N د korsryggen ستون فقرات کمری.

**کرکڕاگە :** cartilage **تویکاری** **ناو** ئێسکی ناسکی کرۆشتەنی، شانەی گرساوی پتەو و سپی و نەرم کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە قوڕگ و کۆئەندامی هەناسەدان، لە پێکهاتەی گوێی وەک دەرەوە و لەسەر جومگەکاندا ئەبینرێن. لە ئێسکەپەیکەری کۆرپەدا زیاتر هەیە و، لە ڕەوتی گەشەکردندا ئێسک جێگەی ئەگرێتەوە **ع** غضروف **N** brusk **د** غضروف.




**بڕبڕە:**[2] spine **ناو** بڕبڕەی پەرتووک، ئەستووری پەرتووک بە گوێرەی زۆری و کەمی لاپەڕەکانی. **ع** ظهر الكتاب **N** ryggrad bok **د** عطف کتاب.

**ئەندازەی بڕبڕە :** **چاپەمەنی** بۆ ئەندازەگرتنی بڕبڕە، سەرەتا ئەبێ ژمارەی لاپەڕە دابەشی دوو بکەین تا بزانین چەند «پەڕە»مان هەیە. پاشان ئەو ژمارە بە گوێرەی جۆری کاغەز لە خشتەی خوارەوە لێک ئەدەین.

**ن:** پەرتووکێکی ٧٦٠ لاپەڕەیی دابەشی دوو ئەکاتە ٣٨٠ پەڕە، ئەگەر کاغەزی ٨٠ گرەمی بەکار بهێنین، ئەبێ لێ کی بدەین لە {٠,١} کە ئەکاتە ٣٨ میلیمەتر.

**لۆچ :** crease شوێنی شکانەوەی بەرگی ڕەقی پەرتووک.

**Spine :** بڕبڕەی پەرتووک، بڕبڕی پشت، دڕکی ژیژک، دڕکی ماسی، چوقۆلە ئێسقان، نووکەئێسقان. **G** ئازادی

| کاغەزی ئاسایی | کاغەزی گلاسە |
| --- | --- |
| ٧٠ گرەمی = ٠/٩٠ میلیمەتر | ٩٠ گرەمی = ٠/٠٧٥ |
| ٨٠ گرەمی = ٠/١ میلیمەتر | ١٣٥ گرەمی = ٠/١ |
| ١٠٠ گرەمی = ٠/١٢٥ میلیمەتر | ١٥٠ گرەمی = ٠/١٢ |
| ١٢٠ گرەمی = ٠/١٤ میلیمەتر | ١٧٠ گرەمی = ٠/١٤ |
| | ٢٠٠ گرەمی = ٠/١٨ |
| | ٢٥٠ گرەمی = ٠/٢٣ |
| | ٣٠٠ گرەمی = ٠/٢٨ |






**بڕۆک:** pig گیاندار ناو بەکانە، نێرەبەراز؛ کە شفرەی هەیە و دەستەمۆ نەکراوە ع خنزیر N gris د گراز.




**برست:❶** mood دارەت ئاوەڵناو تابشت، بێنفرەهی، پشوودرێژی، داپاخ، ئارام، ئۆقرە، واز د طاقت و حوصلە ع صبر، مزاج N humør د طاقت و حوصلە.

**برست:❷** stamina ئاوەڵناو هاز، توان، بڕشت، بنچینە، بەهێزی و توانمەندی جەستەیی و دەروونی. ع بنية N utholdenhet د بنيە.

بەبڕشت: کارامە، زۆر بەکار. ◄ بەتین، بەهێز.

بڕشت: پیت و ڕێژەن، هێز، توان.

**بڕشت:** ناوی فەرمان هێزی برین، برس، پیت. **بەبڕشت:** ئاوەڵناو بەهێز و توانا.

**بڕکردن:** چاوگی تێپەڕ گەیشتن، پێگەیشتن، درێژەکێشان، بەردەوامبوون.
ن: بڕی نەکرد: بەرگەی نەگرت. ن: ئاوەزم بڕناکات: تێی ناگەم(عقلم قدنمیدهد.) ن: تا کۆتایی قسەکانی بڕی نەئەکرد. «سیانەی جەگەن.»

**برگە:❶** syllable زمانەوانی ناو یەکەیەکی بێژەکردن کە یەک دەنگی بزوێنی هەبێت، بە بزوێنەکانی بەرودوا یان بەبێ بزوێن، کە هەموو یان بەشێک لە وشەیەک پێکئەهێنێت؛ بۆ نموونە لە ئاودا یەک بزوێن هەیە، لە ئاگردا دوو بزوێن و لە دۆزەخدا سێ بزوێن هەیە؛ هەر بەشێک لە وشە کە پیتەدەنگییەکی تێدا بێ، برگە بەبێ پیتی بزوێن دروست نابێ

ن: کرێ/کار ن: نە/تە/وە. [ع] مقطع لفظي [N] stavelse [د] هجا.










**بڕگە:**❷ ناو شەلەگە، جێگەی شکاندنی جۆگە بۆ ئاودێری.

**بڕگە:**❸ ناو شوێنی لەلەکراو لە دار یان ئاسن.

**بڕگە:**❹ stanza هەڵبەست ناو پارچە، کۆپلە، بڕگە، ستانزا، بڕگەی هەڵبەست؛ گرووپێکی چواردێڕی لە کێشی لاتین و یۆنانی کۆندا. [ع] مقطع شعري [N] strofe [د] قطعە، بند؛ استانزا.

**بڕگە:**❺ ڤیدیۆ ناو بڕگەی ڤیدیۆیی کە تەنها چەند گرتەیەک پیشان ئەدات.
☜ گرتە

**بڕگە:**❻ verse ئایینناسی ناو بڕگە یان ئایەتی پەرتووکە دینییەکان. [ع] آیة [N] vers [د] آیت.






**بڕگەنووسی:** transliteration زمانەوانی ناو شێوازی فۆنێتیکنووسی یان ئەو شێوازەیە زمانی کوردی پێ ئەنووسرێ، کە هەر بڕگەیەک ئەبێ یەک بزوێن یان پیتە دەنگی تیا بێت: [سەر]، [مەڕ]، [کەو/ان]،

[نه/ته/وه]. له هەندێ زماندا بزوێن یان نانووسرێ یان له سەر و ژێری پیت دائەنرێ، وەکوو سەر و ژێر و بۆر و زەنەی زمانی عەرەبی. [ع] نقحرة [N] translitterasjon [د] نویسەگردانی.

**بڕگەی ناتەواو:** ellipse بیرکاری ئەندازە کۆمەڵە خاڵێکە لە ڕووتەختێکدا کە سەرجەمی دووریان لە دوو خاڵی دیاریکراوی F1 و F2 دەکاتە بەهایەکی نەگۆڕ. بەم دوو خاڵە دەگوترێت دوو تیشکۆی بڕگە ناتەواوەکە، ئەو ڕاستەهێڵەی کە دوو تیشکۆیەکەی لەسەرە پێی دەوترێت تەوەری تیشکۆیی یان تەوەری گەورە کە دەکەوێتە نێوان هەر دوو سەری بڕگەکە و ناوەڕاستی ئەم تەوەرەیە دەبێتە چەقی بڕگەکە و ڕاستەهێڵی ئەستوون لەسەر تەوەری تیشکۆیی لە چەقەکەیدا کە بڕگەکە ئەبڕێت لە دوو خاڵ پێی ئەوترێت دوو سەری بچووک، ئەو ڕاستەهێڵەی دوو سەرە بچووکەکە بە یەک ئەگەینێت پێی ئەوترێت تەوەری بچووک بڕگەی ناتەواو. [ع] قطع ناقص [N] Ellipse [د] بیضی. ☜ کەوانەبڕ.



An ellipse (red) obtained as the intersection of a cone with an inclined plane.
Ellipse: notations

**بڕندە:** incisive ئاوەڵناو ناویبکەر بڕیاردەر، دزەکەر، یەکلاکەرەوە، بڕەر، شیکارکردنێکی هۆشمەندانە و بڕیاردەر و یەکلاکەرەوە لە کەسێک یان لە ڕەوتێکی دەروونیدا. [ع] نافذ [N] skarpe [د] نافذ.

ن: ڕەخنەگرێکی بڕندە بوو. ن: بەشێوەیەکی بڕندە بۆچوونی خۆی ڕاگەیاند.

**بڕنۆتی:** snuff ناو هۆشبەر سعووتی، نشووک، خەنەفە یان تۆزێکی

پڕمەهێنەرە بە لووت ئەکێشرێ بۆ سەرخۆشبوون. ع شم، انفیة N snus د انفیە. ☜ ناس ☜ سناف فیلم

**بڕۆنز :** bronze ئەستوو کانزا ناو دارشتەیەکی قاوەیی تا زەردی تێکەڵەی مس و قورقشمە کە ئەبێ لانیکەم لەسەدا ٣٠ قورقوشم بێ.






**بڕۆنزینۆ :** Bronzino Agnolo شێوەکار ئەگنۆلۆ بڕۆنزینۆ (١٥٠٣ـ ١٥٧٢) شێوەکاری مەنەریستی فلۆرانسی.



**بڕۆنشیت :** bronchite نەخۆشی ناو کۆکەی توند و گرفتی هەناسە بە هۆی ئاوسانی سیپەکان، هەوکردنی بۆڕیچکە. ع التهاب شعبِ N bronkitt د برونشیت، آماس نایژە E bronchitis.






**بڕوابەخۆ:** self_confident دەروونناسی ئاوەڵناوی لێکدراو دڵنیا، ئەرخایەن، متمانەبەخۆ؛ هەڵوێستێکە سەبارەت بە لێهاتوویی و توانای کەس. هەبوونی متمانە بەخۆ و هەبوونی هەستی باشار و کۆنترۆڵ لە ژیاندا. ناسینی خاڵە بەهێز و لاوازەکان و، ڕوانگەیەکی ئەرێنی بۆ خودی کەسایەتی. ع واثق من نفسە N selvsikkerhet د دارای اعتماد به نفس. ⇜ **دڵنیا:** confident ئاوەڵناو متمانەبەخۆ، بێپەروا، جەربەزە. ع واثق N selvsikker د مطمئن.




**بڕوابراو:** Tenet فیلم ناو بەرامبەرە بە Axiom و هەروەها postulate و assumption وەک بنەمای ئەوەی کە بڕوا و تیۆرییەکەی لەسەر چ بناغەیەک وەستاوە و دانراوە. وا زانراو، وا گومانکراو، گومانبراو، وادانراو، بڕوا، بناغەی بڕوا و متمانە

⇜ **باوەڕ:** belief ناو بیروباوەڕ، ئیمان.

⇜ **تێنێت:** Tenet فیلم فیلمێکی ٢٠٢٠ی هالیوودە، لەپۆلی هەژێنەری زانستی ـ تەماو Science_Fiction نووسین و دەرهێنانی کریستۆفر نۆلان. فیلمەکە سەبارەت بە تێکۆشان بۆ بەرگری لە ڕوودانی جەنگی جیهانی سێیەم و بە تایبەت تیۆری پەیکانی کات Arrow of Timeی ئارسر ئێدینگتۆن Arthur Eddingtonـە سەبارەت بە ناهاوتابوونی کات، کە ئەڵێ کات ئاراستەیەکی هەڵبژاردەی لەپێتی هەیە. لە سیستەمی میکرۆسکۆپی کات ئاراستەی هاوتایی هەیە، لەکاتێکدا لە سیستەمی مایکرۆسکۆپی ئاراستەی هاوتایی وەلانراوە و کات ئاراستەی هەڵبژاردەی هەیە، ڕەخنە لەسەر فیلمەکە ئەوە

بوو کە ئاڵۆزە و بە شێوەیەکی باش درەقەتی بابەتەکە نەهاتووە.

⇐ **لەپێشی:** preferred ناوی فەرمان بەباشتردانراو، هەڵبژێردراو. ع مفضل N foretrukket د مرجح.










**بڕوانامەی دەسەڵاتی نوێنەری:** power of attorney بەڵگە گرێبەست نامەی نوێنەرایەتی فەرمی، نوێنەرنامە.

**بڕوێش:** oats ڕووەک ناو دەنکی دەغڵی پەرش. ع الشوفان N havre د جو دو سر، بلغور. ⇐ **پەرش:** زەنگڵەگیا، جۆداس، سەربەزریزە، گیایەکە لە جۆ ئەکا و جۆی دوو سەریشیان پێوتووە، لە ڕووی خۆراکییەوە زۆر دارماڵە، کرەی ئەکەن و ناوکەکەی، کە پێی ئەوترێ بڕوێش، وەکوو برنج بەکار ئەهێنن: یەکاوە، پیرخەلێنە، و ساواری بڕوێشی پێ لێئەنێن. ⇐ **ساوار:** گەنمە کوتراوی بەدەستاڕ کراوە ⇐ **ساواری بڕوێش:** بڕوێشە کوتراوی بەدەستاڕ کراوە. ⇐ لە لای تورک، بلغور بە واتای ساواری گەنم بەکار ئەهێنرێ. ⇐ لە ئێران پێی ئەڵێن برغل و جو دو سر. ⇐ لای بەشێک لە عەرەب، بلغور بە هەمان واتای ساواری گەنم بەکار ئەهێنرێ. ⇐ **سمید:** semolina {مەراکۆیی} گەنمەهاڕاو، گەنم، جۆ، پەرش یان گەنمەشامی هاڕدراوە بە ئاشی زبر و درشت، بۆ سازکردنی خواردنی «کسکسۆ» لە باکووری ئەفریقا، هەروەها بۆ سازکردنی هەویر یان پەستای سپاگێتی و ماکارۆنی، یان بۆ سازکردنی شیرینی و کەیکی عەرەبی وەکوو جۆرەکانی بەسبووسە. ⇐ **یەکاوە:** خۆراک قوبڵی، کابۆلی، جۆرێ لێنانی برنج یان بڕوێشە بە یەک ئاو، واتە داینارێژن، بە پیازوڕۆن و هەرشتە و لەتکەنۆک

لێئەنرێ.










**بڕووسقان:** curdle چاوگی تێپەڕ بڕان، مەیاندن یان هەڵبڕووسقاندن و گلووبوون وەک بڕان و لێکجیابوونەوەی ئاو و شیر. ع تخثر N curdle د دلمەکردن.





**بڕێ:** smidgen ئەندازە ناو نەختەڵانێ، ڕێزاڵێک، کەمێ، نیسکێ، نەختێ، هێندێ. ع الجزء الصغیر N smidgen د یک ذره.

**نیسکێ، دەمەکەوچکێک، کەوچکەچایەک:**

E Dash, Pinch, Smidgen

ع قَرصة، نصف ملعقة صغير، ملعقة صغير

N Dash, Knip, Smidgen

د یک ذره، نصف قاشق چای، قاشق چای.







**بڕیاردان:** adoption of a resolution دادوەری ناوی‌لێکدراو بڕیارێکی فەرمی لە دوای ئەوەی گرووپێک یان ڕێکخراوێک دەنگیان ئەدەن، وەکو بڕیاری دادگا. ع اتخاذ القرار N vedtak av en resolusjon د رای دادن. G قانوونی

**بڕیاردەر:** decisive ئاوەڵناو یەکلاکەرەوە. ع حاسم N avgjørende د تعیین کنندە. ⟵ **Decisive oath:** سوێندی بنبڕانە، سوێندی بناغەیی. ⟵ **decisively:** یەکلاییکەرەوە. ⟵ **یەکلاکەرەوە:** clincher ناو فەکت و ڕاستی، مشتومڕ، یان ڕووداوێک کە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بابەتێک بخات بە لایەکدا. ع الفاصلة N clincher د متمسک شوندە.

**بڕیاری تۆمەت پێکردن:** charge, indictment دادوەری ناوی‌لێکدراو سزانامە، تۆمەتنامە، بڕیاری دادستانی گشتی دادگا بۆ گرتن یان دەستبەسەرکردنی تاوانبارکراوێک لەسەر بناغەی بەڵگەی پێویست و ناردنی بۆ دادگا. ع قرار الاتهام N siktelse, tiltale د اتهام، کیفرخواست. G قانوونی

**بڕیاری سوور:** Interpol Red notice داد سزا فیلم بالاترین ڕادەی فەرمانە بۆپشکنین و کۆکردنەوەی زانیاری و گیران، کە لە لایەن پۆلیسی تاوانی

جیهانی International Crimnal Police Organisation واتە ئینترپۆڵەوە دەرئەچێ، بۆ هەرە خوازراوترین تاوانکار. [ع] نشرات انتربول [N] Rødt varsel [د] حکم قرمز. ← ئینترپۆڵ چەندین جۆر بڕیاری دیاریکراوی هەیە، کە بە هۆی ڕەنگەکانەوە دیاری ئەکرێن:

← **بڕیاری سوور:** بۆ کرکاش و گەڕانی شوێنی خوازراو بە مەبەستی گرتن و ڕادەستکردنی بە دادگای نێونەتەوەیی مەبەست.

← **بڕیاری شین:** بۆ وەرگرتنی زانیاری نشینگە و لێکۆڵینەوە بۆ زانیاری کەسی لە پەروەندەی تاوانکارییدا.

← **بڕیاری سەوز:** کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە چالاکی نهێنی کەسێک، ئەگەر وەکوو هەرەشە لەسەر ئاسایشی گشتی چاوی لێبکرێ.

← **بڕیاری زەرد:** بۆ دۆزینەوەی کەسێکی ونبوو یان دۆزینەوەی شوناسی کەسێک کە توانای ناسینەوەی خۆی نییە.

← **بڕیاری ڕەش:** بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەمەڕ لاشەی نامۆ و نەناسراو.

← **بڕیاری نارنجی:** بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە کەس، شت یان ڕەوتێک کە ئەگەری هەبێ بەمزوانە مەترسی و هەرەشە لەسەر کەس یان سامان دروست بکات.

← **بڕیاری بەنەوش:** بۆ پشکنین و دۆزینەوەی شێوەی چالاکی، شێواز، شمەک، دەزگا و دامەزراو یان ئەو شوێنانەی تاوانکاران بەکاری ئەهێنن.

← **بڕیاری ئاوی:** بڕیاری تایبەتی ئینترپۆڵ ـ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەرانی ئینترپۆڵ سەبارەت بە کەس یان دامەزراوێک کە بەر بڕیاری ئابلۆقەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتووە.









**بڕین:** incision چاوگی تێپەڕ بڕشت، بڕگە، قاشکردن، بڕینەوە، لێکردنەوە. ع شق جرح N kutte opp, Snitt د برش.

**بز:** bulging ئاوەڵناو کراوە، داچەقاو، دەرپۆقیو، بۆ دەرەوەئاوساو. ع انتفاخ N svulmende د برآمده. : چاوبز.

**پێل:** bulging eyes ئاوەڵناو چاوبز، چاوزەق، چاودەرپەڕیو. ع العين منتفخ N svulmende øyne د چشم برآمده.





**بزاوتن:** چاوگی تێپەڕ جووڵاندن، لەرزاندن، بزواندن، زیواندن، تەکاندن.

**بزداندن:** intimidate چاوگی تێپەڕ [بزد + ئاندن] تۆقاندن، چاولەبەرکردن، هەراسناک، خەساندن، ترساندن، کۆڵپێدان؛ تۆقاندن و خەساندنی کەس یان کۆمەڵگەیەک بە مەبەستی ملپێکەچکردن بەو کارانەی ئەیانەوێ پێیان بکەن. ع تخویف N skremt د ترساندن.

**بزدراو:** intimidated دەستەواژە بەرکار [بزد+دراو] بازرە، تۆقێنراو، بێهەناو، چاولەبەر، هەراسناک، خەسێنراو، ترسێنراو، کۆڵپێدراو؛ ترساندن و خەساندنی کەس یان کۆمەڵگەیەک بە مەبەستی ملپێکەچکردن بەو کارانەی ئەیانەوێ پێیان بکەن. ع ترهیب N skremt د مرعوب شده.

**بزد:** ناو ترس، باک، پەروا، سام، هەراس.

**وێژەی بزدراو:**[1] دەروونناسی کۆمەڵایەتی دەستەواژە بەو وێژەیە ئەوترێ کە نووسەر و هونەرمەندی نەتەوی بندەست، لە بن گوشاری شێوازی داگیرکەر لە ئاقاری تواندنەوە و ئاسیمیلەکردن، ملکەچی فشاری نهێنی

و ئاشکرای داگیرکەر ئەبن و خۆیان بۆین ئەکەن کە وشە و دەستەواژە و چەمکی داگیرکەر، تازە چەسپاوە و هیچی لەگەڵ ناکرێ؛ کە ئەمە نەک هەر بیرسایی نییە، بەڵکو بە واتای خەسین و ملکەچکردنە و، نووسەر و هونەرمەندی لەو نموونەیە نە تەنها ناتوانێ شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر بێ، بەڵکو ئەچێتە خانەی خزمەتکاری سپای سەربازیی و دەروونی داگیرکەرەوە. مارکس ئەیوت پرۆلیتاریای ئینگلیز هاوبەشی تاوانی سەرمایەداری ئینگلیزە، لە دژی نەتەوەی ئیرلەند. ئەم نووسەرەی کە تووشی ئۆبلۆمۆڤیزمە، لە کاتێکدا وەک نەخۆشی دەروونی، کە ئامادە نییە ددان بە نەخۆشییەکەیدا بنێ، نکۆڵی لەو لایەنە لاوازەی کەسایەتی خۆی ئەکات کە خەسێنراوە و، هەر ئەمە وا ئەکات ئەو ئەدگارەی لە هەڵوێستە کردەییەکانی تریدا ڕەنگ بداتەوە، تێکۆشانی ئەو کەسە پووچەڵ بکاتەوە و لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا، سەنگی خزمەت بە داگیرکەر لە سەنگی خزمەتی نەتەوە و نیشتمان و وێژەی پێشکەوتنخواز کەمتر بێت و بیخاتە خانەی دژ بە شۆڕش و کۆمەڵەوە.

◀ نووسەری بزدراو لە هەر دوو لاوە **بز دراوە**، لە لایەک ملکەچی ئەو وشە سەپێنراوانەیە کە ئەو پێی وایە هیچیان لەگەڵ ناکرێ و لە لایەکی تریشەوە بزدراوی نکۆڵیکردن لە هەزاران وشەیە کە نووسەری بوێر و بەجەربەزە، بە تایبەت لەم کۆتاییانەدا بەکاریان هێناوە و لە جیاتی وشە بێگانەکان دایان ناوەتەوە. با بۆ نموونە سەیری تاکە دێڕێکی هۆنراوەیەکی نالی بکەین (سەردەمی نالی و لە لای نالی وشەی «ئەمەل» باو بووە و بە زۆری نووسەر و هۆنەر بەکاریان هێناوە):

ئەم ئەرضە مەزرەعەی عەمەلە و کوڵخەنی ئەمەل

هەندی بووە بە مەسجید و هەندی بە مەزبەلە

بەڵام ئەمڕۆ ئیتر کەس ئەمەل بەکار ناهێنێ، تەنانەت نووسەران و هۆنەرانی «بزدراویش»، چونکە ئیتر ناتوانن بڵێن خۆ تازە جێکەوتووە (واتا وەکوو ئێمە خەسێنراوە) و هیچی لەگەڵ ناکرێ؛

چونکە کەسانی جەربەزەی وەکوو **گۆران** وێڕای ئەوەی وشەی «هیوا» لە جێگەی «ئەمەل» دابنێ و کوردییەکەی بکاتەوە بەباو و ئەوانەی دوای ئەویش هەندێ بە وست و هەندێکیش وەک بزدراوەکانی دواکەوتووی هەڵڵاکە، «ئەمەل»ی جێکەوتووی باوی چەسپاوی لەبیر بردەوە:

هیوا مەگری، هەنسکی نیوەشەو بەس هەڵدە، بەس بگری
لە چاوی بێقەرارم بۆچی دەرمانی وەنەوز ئەبڕی

نووسەری بزدراو گلەیی لە وشەی **هیوا** نییە و {هەم وەک واتا و هەم وەک ناو} بەکاری ئەهێنێ، چونکە ئەو هەرچەند لای خۆی پێی وایە شۆڕشگێڕە، بەڵام لە ڕاستیدا، بز دراوە و ئەوەندەی چوار ڕۆژ پێش خۆی داسەپابێ، یان جێگیر بووبێ ئەو ملکەچانە پەیڕەوی لێئەکا. ئەنووسێ «هیوا» وەک بلێی «ئەمەل» هەرگیز بوونی نەبووبێ.

◀ ئەگەر زیاتر لە هەمان تاکە دێڕی نالی ورد ببینەوە، دەرئەکەوێ:

◀ وشەی دزراوی «ئەرض» ئەمڕۆ ئیتر بە **ئەرض** نانووسرێ، تەنانەت لای بزدراوەکانیش؛

◀ وشەی «عەمەل» بووەتەوە بە کار و کردەوە و چالاکی و تێکۆشان و فرمان و کردار و کردە و کەردە و کردگار، تەنانەت لای بزدراوەکانیش؛
وشەی «مەسجید» کە مزگەوتی کوردییە و عەرەب دزیویتی و، کاتێکیش پیتی «گ»ی نییە، کردوویە بە «مسجد»، گەڕایەوە سەر کۆلکە ڕەسەنە سۆلانەکەی و بوویەوە بە مزگەوت، تەنانەت لای بزدراوەکانیش؛ {☜ وشەی دزراو و وەرگیراو}

◀ وشەی «مەزبەلە» ئیتر گەردانە عەرەبییەکەی بەکار ناهێنرێ و بووەتەوە بە زبڵدان.

◀ لە سەردەمی نالی، سەرەڕای ئەوەی کە وشەی بێگانە و بە تایبەت عەرەبی و تەعریبکراو باو بووە:

شیعری خەلقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیقەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، نالی نرخی خۆی زانیوە و جیاوازی **پەتک** و **هەودای** زانیوە، جیاوازی **گوریسی گرناڵی موو** و **هەودای نازکی ئاورێشمینی** زانیوە، کەچی هەتا ئێستەش نووسەرانی بزدراو، جیاوازی وشەی خۆیی و وشەی سەپێنراو نازانن؛ وەها خەسێنراون کە جیاوازی نێوان **پەتک و هەودا** نابینن، خۆیان لەوە گێل ئەکەن کە دامودەزگای داگیرکەری تورک و فارس و عەرەب، زمان و وشەی کوردی لە ژەهری کوشندە بە گلاوتر و مەترسیدارتر ئەزانن.

چەند دێڕی تر هەر لە نالی، بەکارهێنانی هەندێ لەو وشانەیە کە ئەگەر ئەو سەردەمە بتوانایەت بەکارهێنانیان نەپێویستە، ئەیانکردی بە کێوا؛ کەچی ئێستە ئاسەواریان نەماوە؛ جوانن؟ بەواتان؟ پیرۆزی نەتەوەی خاوەنیان! ئێمە وەکوو کورد لەسەرمانە، زمانی زکماکی خۆمان، وەک ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان بپارێزین:

بنوارە وشکەسۆفی و رەقسی بە هەلهەلە
دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە

نووسینی وشەی **رەقس** لای وشکەسۆفی بەناو فارسیش ئیتر باو نییە، نووسینی **بەحر**، ئەوە ئیتر خراوەتە زەریاوە و بەکارهێنانی هەر شوورەییە، کاتێکە ئەو هەموو زێ و زرێ و زرێبار و زەریایەمان هەیە، وەک سوارە ئەڵێ بەتەنیا کەسانێک بایەخیان هەیە کە بە نرخ و بایەخی خۆیان زانیبێت و ئاراستە و ئامانجی رێگەیان بە دروستی هەڵبژاردبێت:

لە ناو ئەو هەموو ئاوە،
هەر چاوەیەک باوی هەنگاوی خۆشە
بە تەنیا ئەوە شارەزای کۆسپ و کەندالی رێیە
هەوڵ مەنزڵی زێیە، ئاواتی بەرزی زرێیە










**ویژەی بزدراو:[٢]** دەروونناسرکۆمەڵایەتر دەستەواژە زۆر وشەی وەکوو مێژوویی و ئابووری و کۆمەڵایەتی... لە کۆتی بزدران ڕزگاریان بووە، بەڵام وشەی وەک **سیاسی**، بە داخەوە هێشتاش زاڵە لە لای بزدراوان و ناوێرن تووڕی دەن.

- ئەیاننووسی: اقتصادی و سیاسی، کەچی ئێستە ئەنووسن: ئابووری و سیاسی؟! اقتصادی بۆ فڕێ درا و سیاسی بۆ لە شوێنی خۆیەتی؟!
- ئەیاننووسی: تاریخی و سیاسی، کەچی ئێستە ئەنووسن: مێژوویی و سیاسی؟! جا تاریخی بۆ فڕێ درا و سیاسی بۆ لە شوێنی خۆیەتی؟!
- ئەیاننووسی: اجتماعی و سیاسی، کەچی ئێستە ئەنووسن: کۆمەڵایەتی و سیاسی؟! جا اجتماعی بۆ فڕێ درا و سیاسی بۆ لە شوێنی خۆیەتی؟!
- ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەدگاری ڕاڕا و ترسنۆکانەی بزدراوان کە لە لایەک هەڵاکە لەگەڵ خۆی ئەیانبات و لە لایەکی ترەوە ئەوان هێشتاش خاوەنی **خەسڵەتن**؟! نەک ئەدگار و کەبار و فرۆزە و تایبەتمەندی! چونکە بزدراوان هێشتاش ناوێرن ئەو وشە جوانانە بنووسن.
- وشەی کتێب لە هەمووی دشت و دزێوترە و هەرچەند هێشتاش ژمارەیەکی زۆر بەکاری ئەهێنن، بەڵام هەر هەموو هەڵەن و ئەبێ بە خۆیاندا بچنەوە. وشەی «کتێب» هیچ پیرۆزییەکی نییە و هەزار ئافرەین لە پەڕاوفرۆشەکان کە هەزارجا لە بزدراوان بە وەجتر و بە جەربەزەترن. بزدراوانیش پەڕە و لاپەڕە و پەڕاو و پەڕاوگە و پەڕگە،

بەکار ئەهێنن، تەنها پەڕتووک تۆقاندوونی. ئیتر نازانن ئەو شاخەی ئەرۆوانێت بە سەر شاری پیرۆزی کرماشاندا و وەک پەرتووکە، بەر لەوەی هیچ داگیرکەرێک پێ بخاتە ئەم نیشتمانە و کۆمەڵێک بکات بە بزدراو و ناچاریان بکات وشەی ئەوان بەکار بهێنێت، ناوی پەڕاوە! ئینجا کام بزدراو هەیە بنووسی «کتێب» و نەنووسێ پەڕە و لاپەڕە؟! شووڕەییە ئەنووسن: «ئەم کتێبە ٥٥٥ لاپەڕەیە؟!» ئەوەی لە پەڕە پێک هاتووە پەڕتووکە نەک «کتێب»!

- «استعمار» هەمان داگیرکاری و داگیرکەر و داگیرکەری نیشتەجێیە؛ ئەگەر بشمانەوێ تۆزێ وردتر بین، کۆلۆنیالیزمی لاتینی جیهانی زۆر زۆر لە وشەی عەرەبی داگیرکەر باشترە، کەچی بزدراوان ئەوەندە بێباوەڕن، بە تەنها ملکەچی وشەی داگیرکەرن و تەنها «ئیستعمار» یان لا پەسەندە.
- وتم: «وەتەی هەم هەر بیستوومە و ئەبیستم: "گیانی دەرچوو!" یەکجاریش نەمبیستووە بڵێن "ڕۆحی دەرچوو."» کەچی بزدراوێک ئەیوت: «کاکی برا چۆن شتی وەها ئەڵێی؟ گیان کەی ڕۆحە!»

- د. ئەوڕەحمان حاجی مارف (١٩٤٠ـ٢٠٠٧) زانا و زمانناسی بەناوبانگی کورد، هەر لەم بارەیەوە: «لەو ڕایەدام، پێویست ناکا بەبێ هۆ وشەی بێگانە بەکار بهێنرێ ـ واتە کاتێك بۆ دەربڕینی مەبەستێك وشەی کوردی جوان و لەبار و بەکارهێنراو و ئاشکرا هەبێت، ئیتر بۆ پەنا بۆ وشەی بێگانە ببرێت ــ بۆچی بڵێین "دەماغ، فەقەرە، ..." لە کاتێکدا کە خۆمان "مێشك، بڕبڕە، ..."مان هەیە و، چییان لە "دەماغ و فەقەرە ..." کەمترە؟ جگە لەوە، پێویستە ئەوەش لە یاد نەکەین کە بەکارهێنانی وشەی بێگانە، بەتایبەتی لە شوێنی پێویستی خۆیدا، کارێکی ڕاست و ڕەوانە و هەر وەك وشەی کوردی ڕەسەن جێی خۆی دەگرێ.»

◀ لێم پرسراوە: «**زۆر بە زمانێکی کوردیی پەتی تەرجەمە دەکەی، پێت وانییە ئەمە کەمێک سەخت بێ بۆ خوێنەری کورد؟**» وەڵامی منیش ئەمە بووە:

◀ «ئەی کە وا نییە! ◀ کوردی پەتی کامەیە؟ کوردی یان کوردییە یان نییە. ئەگەر پەتی نییە ئەو خەوشی تێدایە و ئەبێ لە بێژنگ بدرێ کە خەوش و خاڵی نەمێنێ و ببێ بە کوردی. واتە ئەوەی وشەی (تەرجەمە) بەکار ئەهێنێ و پێی وایە ئەو وشە لە زمانی کوردیدا نییە، ئەوە ئەبێ سەرەتا خۆی (تەرجەمە) بکات. منداڵی کورد ئەگەر لە منداڵییەوە فێری کوردی کرا کوردی پەتی و ناپەتی ناناسێ و ئەوەی فێری بووە کوردییە و، کێشەی ئەم تۆرەمەی ئێمە ئەوەیە کە تووشی نەخۆشینی ئۆبلۆمۆڤیزمە و بڕوای بە خۆی نییە. بڕوای بە خۆی نییە بۆیە ناوێری کوردی بە کوردی بنووسێ؛ بۆیە ئەبێ سەرەتا بڕوا و متمانە لە خۆیدا بەدی بهێنێ ئەوسا ئەوێرێ کوردی بە کوردی بنووسێ. وەتەی هەبووم مارکسیست بووم بەڵام هەمیشە بە نەتەوەیی ناوبراوم. کە نەک هەر پێم ناخۆش نییە شانازیی پێوە ئەکەم. من خۆم ناسیوە و لە بەرژەوەندی کوردەوە سەیری دنیا ئەکەم، هەر شتێک بەرژەوەندی کوردی تێدا نەبێ هەڵەیە، نەک هەر لای من هەڵە بێ، بەڵکوو ئەوە لە گەوهەری خۆیدا هەڵەیە. ئەگەر بڕوام بەوە هەبوو کورد شیاوی هەموو جۆرە بەختەوەری و رێژەنێکی ژیانە هەر لە وڵات و دەسەڵات و زمانەوە هەتا خۆشترین خۆشییەکانی ژیان... ئینجا ئەتوانم بڕوام بەوەش هەبێ داکۆکی لە مافی مرۆڤایەتی بکەم و ژیانی بەهرەمەند و بەکاکڵم بۆ هەموو ئینسان بوێ.» مەبەست ئەوەبوو من چونکا نانووسم «خەسڵەت» کە بزدراوان لەگەڵی ڕاهاتوون و، ئەنووسم «ئەدگار»، بۆیە کوردییەکەی من سەختە، کەچی پرسگرەکە ئەوەیە: ئەگەر نووسیمان خەسڵەت، ئەوە ئیتر کوردی نییە، کە کوردیش نەبوو سەخت و ئاسانی نییە!

**بزدم:** tiptoe ناوی فەرمان ڕۆیشتن بە سەری پەنجە. ع مشی علی رؤوس أصابع N gå på tå د پاورچین.




**بزران:** چاوگی تێپەڕ تاسان.

**بزراندن:** introduce چاوگی تێنەپەڕ تاساندن ع تعارف N introdusere د معرفی، شناساندن.

**بزرین:** introduce چاوگی تێپەڕ تاسین.

**بزگوڕ:** ناو زیواڵ، تیتاڵ، کوت، کوتەپەڕۆ. تیکە، تکە، سەرەبڕشت.

**زیواڵ:** هێبسن ناو تیتاڵ، بزگوڕ، کوتەپەڕۆ، بڕشت، کووتاڵی سەرەدوێرد، ئەو پارچە بچووکانەی کووتاڵ کە کاتی بڕین زیاد ئەبێ و ئەمێنێتەوە و بەرگدروو فرێیان ئەدا. ع قطع زیادة N skjære د برش زیادی، قطعه کوچک پارچه.

**بزمار و ناڵ:** سەربردە

◀ لەبەر بزمارێک ناڵێک کەوت،

◀ لەبەر ناڵێک ئەسپێک کەوت،

◀ لەبەر ئەسپێک سوارێک کەوت،

◀ لەبەر سوارێک جەنگێک دۆڕا،

◀ لەبەر دۆڕانێک ولاّتێک وێران بوو...

◀ هەموو ئەمانە بە هۆی کەسێکەوە بوو کە بزمارێکی جوان دانەکوتابوو!




**بزمک:** yeanling muzzle ناو یان تەنها muzzle بزمۆک، بلاٚمک، زارمک، دەمبێنی بێچووی ئاژەڵ، لە پێستی وشککراوی ژیژک یان چەرمی پزمار لێدراو، تا نەتوانن شیر بمژن، یان دایکیان ڕێگەیان نەدەن شیر بمژن. ◀ هەندێ بزمک بە شێوەیەکە ناتوانن شیر بمژن بەڵام ئەتوانن گیا بخۆن. جۆرێکی هەیە بزمۆک، ڕێگە ئەدات ئاژەڵ گیا بخوات، بەڵام ڕێگەی نادات شیر بمژێ. ◀ دارگۆیژێکی بچووکە هەر دوو سەرەکەی بە پەتێک بەستراوە، وەکوو لەغاو. ع کمامة N snuteparti د پوزەبند.













**بزنمژە:** lizard گیاندار ناو تیرێرە، جۆرە مامێلکەیەکی درێژ و ستوورە، گیانەوەرێکە لە نێوان مارمێلک و سووسەمار. بە زمان هاویشتن نێچیری خۆی راو ئەکا. ع سحلیة N øgle د بزمجە.



**بزنووتەگە:** Estrous cycle زیندەوەرزانی ناوی لێکدراو خولی چالاکی جنسی بزن و ئامادەیی جووتبوون و زاوزێ. ع دورة وداقیة N Brunst د دورە فحلی.

◄ **بەبابوون** یان چەرخەبەبا خولی چالاکی جنسی ئاژەڵە بۆ جووتبوون و جێبەجێکردنی سروشتیترین داخوازی خۆرسک و سروشتی کە زاوزێ و مانەوە و درێژەدان بە ژیانە. چەرخەبەبای نێر و مێی هەر ئاژەڵێک بە یەک ئەندازەیە، بەڵام درێژییەکەی بۆ هەر جوتێک بە گوێرەی جۆاوجۆری گیانداران هەم ناو هەم ئەندازەی دیاریکراوی هەیە، بۆ پشیلە «نەورۆ»یە و لە سەرووبەری بەهار و نەورۆز دایە، هیی مەڕ وەرزێکە و هیی کەروێشک چەند وەرزە، بۆ سەگ بەهار و پایزە و نەهەنگ شەش مانگی بەرو و دوای نەورۆزە؛ ناوەکانیشیان وەک ئەمانەیە: بزنووتەگە، پشیلەبەنەورۆ، دێڵەبەبا، مانگاوەکەڵ، ماینبەفاڵە، مەڕووەبەران. ☜ فاڵە

**بزنەکێوی:** antelope ئاژەڵ ناو ئاژەڵێکی تیژڕەوە هاوشێوەی ئاسک، تووکی نەرم و قۆچی تیژ و بەرەو سەرەوەیە، لە تیرەیەکی ئەفروئاسیایە کە گەزاڵ، ئیمپالا، گنۆس و ئیلاند لەخۆ دەگرێت. ع الظباء N antilope د بز کوهی.



**بزنی بەڵاگەردان:** die Sündenböcke ئاپیینناسر ئەفسانە سەردەمانی کۆن، لە ناو هۆزی جوولەکەدا باو بوو کە هەموو ساڵێک لە ڕۆژی جەژنی ڕەبەنانی مەزن، لە ئاهەنگێکی تایبەتدا هەموو گوناهەکانی هۆزی جوولەکەیان ئەدا بە کۆڵی بزنێکدا و لە بیابانێکی قاقڕدا بەرەڵڵایان ئەکرد. ئەمڕۆ لە زمانانی ئورووپاییدا بزنی بەڵاگەردان بە کەسێک ئەوترێ کە تاوان و گوناهی کۆمەڵێک ئەدەن بە کۆڵی ئەودا و ئەیکەن بە بەڵاگەردانی خۆیان.



**بزنی سەرگەرد:** scapegoat ئاپیینناسر ئەفسانە قۆچی قوربانی، ئەو بزنەی کە خاخامی جوولەکە هەموو تاوانەکانی خەڵکیدا بە کۆڵیدا و لە بیابان بەرەڵڵای

کرد {تەورات، لاوین، پەرتووکی سێیەم، ١٦}. هێمایر مەبەست کەسێکە تاوانی نەکراوی ئەدرێ بە کۆڵدا.

: بزنی سەرگەردە، بەبێ ئەوەی هیچی کردبێ، خستیانە زیندان.




**بزوان:** چاوگی تێنەپەڕ جوولان، لە جێی خۆ تەکاندان، بزواندن.

**بزواندن:** چاوگی تێپەڕ بزاوتن، تەکاندن، جوولاندن، لەرزاندن، زیواندن.

**بزواندنەوە:** چاوگی تێپەڕ چاوگی دووانو جوولانەوەی لەسەرەخۆی شتێک بۆ ئەوەی لە شوێنی وێ بگوێزرێتەوە.

**بزوێن:** چاوگی تێنەپەڕ جوولێنەر، بزوێنەر.

**بزوێنەر:** ناوی فەرمان جوولێنەر، بزوێنەر، خاوەنی وزەی زۆر.

**بزووت:** half burnt ناو بسووت، بزۆت، سەرەبزووت، هەڕ، چیلکەداری سەربەئاگر. ع نصف محترق N halvt brent د نیمسوز.



**بزووتنەوەی تی پارتی:** tea party movement بزووتنەوە یان

بزووتنەوەی پارتی چای، بزووتنەوەیەکی ڕامیارییە بانگەشە بۆ پابەندبوون بە دەستووری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەمکردنەوە برانەوە و باج، کەمکردنەوەی قەرزی نیشتمانی و کەمی بووجە ئەکات. ئەم بزووتنەوەیە بەشێکی بە کۆنەپەرستانە، بەشێکی بە ئازادیخوازانە و بەشێکی بە پۆپۆلیستی دائەنرێت. لە ساڵی ٢٠٠٩وە پشتگیری لە نەیاری و ناودێرە ڕامیارییەکان ئەکات.

◁ ئەم بزووتنەوە لە ئەنجامی کۆمەڵێک نەیاری لە دژی هەندێ ڕێسای فێدرالی بە تایبەت بیمەی تەندروستی ئۆباما یان ئۆباماکەیر سەری هەڵدا. ساڵی ٢٠٠٠ کۆمەڵێک ڕامیار و میلیاردێر پشتگیریان لە تی پارتی کرد.

◁ ناوی ئەم بزووتنەوەیە لە بزووتنەوەی بۆستۆن تی پارتی ساڵی ١٧٧٣ وەرگیراوە کە لە لایەن **کوڕانی ئازادی**یەوە لە بۆستۆن، لە ماساچۆسێت کۆلۆنیال ئەنجام درا، لە دژی قۆرخکاری بەریتانیا و کۆمپانیای هێندی ڕۆژهەلات لەسەر هاوردەکردنی چا بۆ ئەمریکا.

◁ هەرچەند بزووتنەوە ڕامیارییە، بەلام چەقی نەیاری بزووتنەوە ئابوورییە و سێ بنەمای لە لا گرنگە: بەرپرسراوی بەرامبەر بە باجدەران، سنووردارکردنی دەولەت و بازاڕی ئازاد.

◁ زنجیرەی **ژووری نووچە** ئاماژەیەکی گرنگی بەم بزووتنەوەیە هەیە. ☜ ژووری نووچە



**بزووتنەوەی دیدەوانی:** Scout Movement بزووتنەوە ڕێکخراو بزووتنەوەیەکە ساڵی ١٩٠٧ لە لایەن ڕابرت بادن پاوێڵ Robert Baden_Powell لە ئینگلیز دامەزرا و بە خێرایی لە جیهاندا بڵاو بوویەوە. ئامانجی ئەم بزووتنەوەیە ئەوەیە کە متمانەبەخۆیی لە مرۆڤدا بەهێز بکات و هەروەها گیانی هاریکاری و یارمەتیدانی کەسانی تر لە گەنجاندا پەرە پێبدا. ع الحرکة الکشفیة N Speiderbevegelse د جنبش پیشاهنگی ☜ دیدەوان.









**بزووتنەوەی کرۆوات:** Croatian Liberation Movement بزووتنەوە خەبات ڕاپەڕینی نیشتمانی کرۆواتەکان لە دژی ئیمپراتۆری ئۆستریا ـ هەنگاریا، کە بە تایبەت پاش جەنگەکانی بالکان (ساڵانی ١٩١٢ـ ١٩١٣) گەیشتبوویە ئەوپەڕی خۆی. کرۆواتیا تا ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ هەنگاری بوو . پاش جەنگی جیهانی دووەم، تا ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ یۆگسلاوی بوو، بەڵام لەم ساڵەدا کە یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە، کرۆواتیاش سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند.

**بزووتنەوەی ناوان:** Enclosure Movement کۆمەڵناسی بزووتنەوە ناوان یان قۆرخکردن زاراوەیەکە، لە خاوەندارێتی زەوی ئینگلیزیدا بەکاردێت، ئاماژەیە بۆ تەرخانکردنی «لاوار» یان «زەوی هاوبەش»ـە کە پاوان ئەکرێ و بەم کارەش خەڵکی ئاسایی لە مافی دەستڕاگەیشتن و تازیاری زەوی بێبەش ئەکات. ڕێککەوتنەکان بۆ قۆرخکردنی زەوی لە ڕێگەی پرۆسەی فەرمی و نافەرمی‌یەوە ئەنجام ئەدران. ئەمکارە هەرچەند بە مەبەستی چاکسازی کشتوکاڵی بوو، بەڵام نرخی زەوی بردە سەرەوە و بوویە هۆی ناڕەزامەندی و ڕاپەڕینی جەماوەری بێزەوی لە ساڵانی ١٥٣٠ تا ١٦٠٤.





**بزوێنەر:** stimulant [ئاوەڵناو] سۆزبزوێن، ورووژێنەر، هەستهەڵخرێن، هاندەر، هەستبزوێن، هەستیارکەر. [ع] منبه، منشط [N] sentralstimulerende middel [د] محرک، تحرک کننده.

**بزەباقە:** [نەخۆشی] دانکە، بزن مەرگی.

**بزیک:** bezique [گەمە] یارییەکی گزیلێدان بە دوو دەستە پەڕە و لە ژمارەی ٧ بۆ ئاس، واتە پەڕەکانی ٢ تا ٦ لا ئەبرێ و بە٦٤ پەڕە یاری ئەکرێ.




**بژار:** sanitize [فەرمان] چەشنێک خاوێنکردنەوە بە بژارکردن. [ع] تعقیم [N] rense [د] ضدعفونی کردن.

**بژاردنەوە:** amends [چاوگی تێپەڕ] [چاوگی دوولۆ] بۆ بژاردنەوە، قەرەبووکردنەوە، بژاردنەوەی گوناه لە ڕوانگەی ئایینییەوە بە تایبەت لای جوولەکە کە بڕوایان بە بەهەشت و دۆزەخ نییە. [ع] جبران، کفارە [N] kompensasjon [د] تعویض، جبران، دیە، کفارە.

⇐ **هەموارکردن:** amend ڕێسا چاوگی تێپەڕ چاکسازی، گۆڕانکاری بچووک لە (دەقێکدا) بۆ ئەوەی دادپەروەرانەتر، وردتر، یان نوێتر ببێت.

**بژارکراو:** redacted دادوەری فەرمان ئامادەکراو بۆ بینینی گشتی، بەروەندەیەک کە شتەگرنگەکانی لێ جیا ئەکرێتەوە کە دادگا بە پێویستی نازانێ هەموو کەس بیبینێ. ع منقحة N redigert د ویرایش شده.





**بژوێن:** prairie مێرگوزار ناو مێرگوزار، چیمەنزار، زەمەند، زەوی پڕ لە گوڵ و گیا و لەوەڕ. ع مرعى طبيعي N prærie د مرتع.





**بژوون:❶** neat ئاوەڵناو بژوین، بێڕیا، پاک و خاوێن، بێگەزاڵ، سادلا. ع بسيط N ryddig د بی آلایش. ⇐ **دژوون:** dirty ئاوەڵناو دژوین، چڵکن و پیس، بەچڵک. ع متسخ N skitne د پالایش یافته.

**بژوون:❷** sublimate ئاوەڵناو پاڵێوراوی بێگەرد. ع تصعد N sublimere د بی آلایش. ن: ئەوین، بژوونی هەستی جنسییە. ⇐ **پاڵافتن:** sublimation چاوگی تێپەڕ بژووتن و بێگەردکردن، بەرزکردنەوە. ع تصعيد

N sublimering د تعالی.

**بژیو:** sustenance بژیو ناو داهات، ڕۆژی، خواردن و خواردنەوە کە وەک سەرچاوەی هێز سەیر دەکرێت. ع القوت N næring د رزق و روزی.




**بستام:** coral خشڵ ناو مەرجان، هێسنێکی ڕەقە لە لایەن هەندێ گیانەوەری زەریایی ئەدەڵێنرێن و ڕەووەزی گەورە لە زەریای ئاوی گەرمدا بەدی ئەهێنن. ع المرجان N korall د مرجان.





**بستوو:** ❶ mountain pass, notch جوگرافیا ناو بستۆ، ملەی کێو، بەرزایی، سەرکەل. ع ممر الجبل N fjellpass د گردنە. ن:

وا بەرەو ئاسۆ دەڕۆم پڕتین و تاو و گورجوگۆڵ
دڵ لەسەر بستۆی ئەوین، ئاواتی دڵ گوڵچین دەکەم

شاهۆ

**بستوو:** ❷pole ناو بستەی ئاش د قطب‌آسیاب. ⟵ مشاری تەختەسازی: mill pole.



**بستوو:** ❸pole جوگرافیا ناو هێتم، جەمسەر، کۆرەک. ع قطب N stang د قطب.

**بستوو:** ❹stalk ڕووەک ناو لاسک، ساقەت، لاسکی نەمام، قەدی داری باریک. ع ساق N forfølge د ساقە.



**بستوونما:** compass ئامێر ناو کۆمپاس، ئامێرێکە میلێکی مەگناتیسی

هەیە کە ئاراستەی باکوور و ئاقارەکانی پیشان ئەدات. ع بوصلة N compass د قطب نما. ⇦ **پەرگاڵ:** compass ئامێر ناو پەرگار، پرگاڵ، ئامێرێکە بۆ کێشانی کەوان و بازنە و ئەندازەگیری نێوان خاڵەکان، دوو باسکی هەیە کە بە هۆی جمگەیەکی گەرۆک پێکەوە لکاون، یەکێک لە باسکەکان لە یەک شوێن وەستاوە و باسکەکەی تر پێنووسەکەی ڕاگرتووە ☜ هێتم ☜ کەمەرە.




**بسکزەرد:** blond, fair ئاوەڵناوی لێکدراو قژزەر، قژکاڵ.

**بسکە:** smile ناو بسکەخنە، زەردەخنە، دزەخنە، زەردەکەنی، گرژینەوە. ع ابتسامة N smil د لبخند.

**بسکوڕ:** succulent ئاوەڵناو ئاودار، بەگەشەونەشە، پاراو، تەرچک، تەوزاو، گەش، شلکو تورت ع غض N saftig د شاداب.

**بکوژی شاژن:** queen slayer ناو ناوی بکەر شاژنکوژ، «لە کەنووی هەنگویندا، هەنگێک هەیە، کە ڕائەپەڕێ و شاژن ئەکوژێ، ئەگەر شاژن وەچەی نەشیاو و نگریس بخاتەوە؛ ئەویش لە پێناوی چاکەی مەزنتردا، واتە خۆی ئەکات بە سەرگەردی چاکەی گشتی.» فیلمی هەنگەوان. ع قاتلة الملكة N dronningsdreper د قاتل ملكه.

⇦ **هەنگەوان:** The Beekeeper فیلم هەنگپارێز، فیلمی سینەمایی ١٩٢٤ی هالیوود: «داد یان ڕێسا؟» دەرهێنانی دەیڤید ئەیەر David Ayer، نووسینی کورت ویمەر، هونەرمەندی جەیسن ستەتهام و جێرمی ئایرۆنز.









**بگار:** tract ناو ڕێباز، بوار، دەراو، دەرڕێ، دەڕەوفت. ع المسار N kanal د مسیر. ☜ ڕێبازگە





**بلا:** ئاوەڵکار با وابێ، بۆ جەختکردن و بەهێزکردنی فەرمان بەکار دێ. ⇦ بلا بڕوا، بلا بیڵێم.

**بلانش دو کاستی:** Blanche of Castile شاژن {١١٨٨ـ ١٢٥٢} ژنی لویی هەشتەم و دایکی لویی نۆهەم بوو. لە خولی سەرپەرشتی دەسەڵات توندوتیژی و زەبروزەنگی زۆردارانەی وەهای نواند کە لە مێژوو و وێژەی فەڕانسەدا بەناوبانگە








**بلاوێن:** pleasant, soft, blandly [ئاوەڵناو] لاوێن، سازگار، فێنک کەرەوە، ئارامبەخش. [ع] لطیف، ممتع [N] hyggelig, blidt [د] گوش نواز، گوارا.

**بلچ:** hawthorn [ڕووەک] [ناو] گۆێژ، درەختێکی بچووکە لە تیرەی گوڵەسووران، گوڵی سپی و لقی دڕکاوی هەیە، میوەکەی پایزەیە، وەک ئیزگیل یان گوێژە مازەنی وایە، ڕەنگەکەی زەرد و سوورە و ناوکێکی ڕەقی هەیە. [ع] الزعرور [N] hawthorn [د] زالزالک.





**بلۆف:** bluff [ڕەفتار] [ناوی فەرمان] نواندنی درۆ یان هەڵوێستێکی درۆیین بۆ ترساندن یان سەپاندنی مەبەست بە شێوەیەکی زیرەکانە و پسپۆڕانە، بە تایبەت لە ڕامیاری و یاری پۆکەردا. ⟵ [جوگرافیا] بلۆف لە زووەوە لە جوگرافیادا بەکار هێنراوە و بەو گرد و ڕەوەزانە ئەوترێ بە ئەندازەی پێویست زەق و بەرجەستەن و لە دوورە ئەدەن بەچاوا. بلۆف باندۆری لەسەر دەشت و دارستان و ڕەوتی ڕووباران هەیە و لە ڕوانگەی زەویناسی و بەڕێوەبەرایەتی ئاوەوە سوودمەندە. [ع] مخادعة [N] bløff [د] بلوف.








**بلووری:** ئاوەڵناو مۆری، مەرمەرشا، خامی سپی سادە. ☚: چەرچەفی بلووری.





**بلەربەزێن:** daring ئاوەڵناو چەتوون، هارووهاج، بێئارام، شەڕانی. ع جريء N dristig د بزن بهادر.

⇦ **بازۆڵە:** impudent ئاوەڵناو ئاوەسوو، چەتوون، ڕووداماڵراو. ع وقح N uforskammet د چشم سفید E fiendish.

**بلەرمان:** colossal ئاوەڵناو بۆتکەپێگەیشتوو، لەشگرس، گەلەن، مرۆی زەلام و کەتە. ع ضخم N enorm د غول آسا.






**بلەوز:** malice, stubborn ئاوەڵناو لاسار، قیرسیچمە، سەرچەوت، پێداگر، مۆڕ، خێسەئامێز، سەرەڕۆ، گوێنەبیست، کەللەڕەق ع عناد، عنید N dour د لجوج، سماجت، خودرای E obstinacy.

**بلەوزیی:** obstinacy ناوی‌چاوگ لاساریی، قیرسیچمەیی، سینسەختی، سەرچەوتی، پێداگریی. ع عناد N utholdenhet د لجاجت.

**بلەیز ساندرار:** Blaise Cendrars نووسەر (١٨٨٧ـ١٩٦١) ڕۆماننووسی

سویس ـ فەڕانسەیی، ئەندامی کاریگەری بزووتنەوەی مۆدێرنیزم بوو.











**بلیمەت:** genius ناو هەڵکەوتوو، زۆر بەهرەمەند و داهێنەر و خاوەن توانا. ع عبقري N geni د نابغە E brainiac.

**بلیمەتی:** ingenuity ناوی چاوگ بەهرەی ناوازە، هەڵکەوتەیی. ع نبوغ N oppfinnsomhet د نبوغ. ← **زیتەڵەیی:** gumption ناوی چاوگ زیرەکی و دەستپێشخەری لە کاردا. ع النباهة N innretning د ابتكارعمل.

**بلینگ بلینگ:** bling_bling ئاوەڵناو قایش و قرووش، دەستەواژەیەکە لە فەرهەنگی هیپ ـ هاپدا بووە بە باو، بەو خشڵ و زێڕە بە بریقە و باق و سەمەرەیە ئەوترێ کە کەسانێک بە خۆیاندا هەڵی ئەواسن، هەروەها تەلەفوون و دەمژمێر و موسیلەی ناوازە و ددانی زێڕ و ڕووژە. ع بلينغ بلينغ N bling_bling د بلینگ بلینگ.






**بلینی:** Giovanni Bellini {١٤٢٦ـ١٥١٦} شێوەکار شێوەکاری ڤێنیزی ڕێنسانس، ڕەنگە بەهرەمەندترینی بنەماڵەی وێنەگەری بلینی بوو و کاریگەری لەسەر

فێرگەی شێوەکاری ڤێنیزیایی هەبوو.





**بڵ:** soggy, sloppy, mumbling (speech) ناو ئاوەڵناو وڵۆڵە، دەڵمە، نەرمی زیاد لە پێویست، وەک هێلکەی نەرمی نەبەکام، هێلکە مریشکی بێ توێکڵ کە بەر لە بوونە هێلکە مریشک دایدەنێ. ع مندي، قذرة N blött, slurvete د نرم نامطلوب. ⇦ **بڵمە:** mumble, mumbling ناو بڵمەبڵم، دەم بەیەکداهاتن کاتێ ئاخاوتن کە وشەکان ڕوون و ئاشکرا نین، دەنگی قسە و گفتوگۆی مەردوومی پیری بێ دەم و ددان، یان نەخۆشێک کە لە سەرەمەرگدا بێ.






**بڵاڵووک:** sour cherry ڕووەک ناوی زانستی: Prunus microcarpa بەڵاڵووک، بەرالووک، برالووک، بەراڵوێ، برالوو، بلاڵۆک، درەختێکە لە ڕەگەزی بادەمییەکان، لە تیرەی گوڵسووران، میوەکەی وەکوو گێلاسە ناوکەکەی ڕەق و تامەکەی ترشە. لەبەر ترشییەکەی زیاتر ئەکرێ بە لاچەڕ. بلاڵووک بۆ دەرمانی چەندین نەخوەشی ئەبێ لەوانە بۆ دڵەکزێ و نەخوەشی گەدە و

ریخۆڵە [ع] کرز حامض [N] surt kirsebær [د] آلبالو. ⇚ بلاڵووک لە کۆنەوە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بۆ دەرمانی نەخۆشی جۆراوجۆرە بەکار ئەبرێ هەر وەک لەم پارچە هۆنراوە پڕواتای حاجی قادری مەزن‌دا دەرئەکەوێ:

لە سەردەشتی مەینەت پەڕەی کردەوە
کـــەوانی بـــلاڵۆکە پەیکەرم
بلاڵۆکە دەرمانی دەردم، ئەویش
بە پارە بەگیر ناکەوێ، بیکڕم

سەرچاوە: گۆڤاری «نووسەری کورد»، یەکێتی نووسەرانی کورد ـ ژمارە ٣ ـ ساڵی ١ ـ ئابی ١٩٧١ز.

بلاڵووک، لە هۆنراوەی فولکلۆری کوردیدا:

یارەکەم تازەبووکە
جوانی شاری کەرکووکە
لانکێکی بۆ دروست دەکەم
لەو داری بەلاڵووکە.

......... یان

چوالە درۆزن، بەلاڵۆک عەیار
دارەڕەش پشکوت، بەهار هەی بەهار

......... یان

قەرەقاج درۆزن، بەلاڵۆک عەیار
گوڵاڵە سورە نیشانەی بەهار

......... یان

بەلاڵۆک درۆزن کێکف عەیارە
بەرو گەلای کرد ئەوسا بەهارە

**کێکف:** ڕووەک ناو تیروو، درەختێکی دێمی بێبەری کوێستانییە، هەرگیز زۆر زل نابێ، گەڵایەکی زۆر سەوز و جوانی هەیە وەک گەڵا مێو.











**بلاڵووکە کێویلە:** mountain morello cherry ڕووەک ناو گلیەر، گیراز، هەلالووک، هەلوونە، ئاڵووباڵووی کێڤی، بنچکێکی کوێستان و لێرەوارەکانی کوردستانە کە بەرێکی وەک گێلاس و بلاڵووک، بەڵام زۆر چووکەتر ئەگرێ و بە چەندین ڕەنگی وەک سوور، زەرد، ڕەش و ئەرخەوانی هەیە. بلاڵووک بۆ دەرمانی چەندین نەخوەشی ئەبێ لەوانە بۆ دڵەکزێ و نەخوەشی گەدە و ڕیخۆڵە. ع الكرز موريلو جبلي N morello kirsebær د گێلاس کوهی مورلو.









**بڵاوکردنەوە:** dispersal چاوگی تێپەڕ وەشان، وەشاندن، کردار یان پرۆسەی دابەشکردنی شتومەک یان هێزی مرۆیی بەسەر ناوچەیەکی فراواندا. ع تشتيت انتشار N spredning د پراکندن.

**بلاّیتی :** Blighty جەنگر جیهانر یەکەم زاراوەیەکی نافەرمی بۆ بەریتانیا یان ئینگلتەرا، کە سەربازانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بەکاریان ئەهێنا.











**بڵحانە :** ئاوەڵناوی لێکدراو ساویلکانە، گێلانە ، نەزانانە.

**بڵمە :** mumble, mumbling ئاوەڵناو فەرمان بڵمەبڵم، دەم بەیەکداهاتن کاتی ئاخاوتن کە وشەکان ڕوون و ئاشکرا نین، دەنگی قسە و گفتوگۆی مەردوومی پیری بێ دەم و ددان، یان نەخۆشێک کە لە سەرەمەرگدا بێ.

**بڵووت :** oval plate ناو بەلمە، قاپی پەلی چینی گەورەی پلاّو. ع لوحة بيضاوية N oval plate د دیس.





**بڵێز :** flame ناو بڵێسە، تەنێکی درەوشاوەی گاز کە لە ئاگردا بەدی دێت. ع لهب N flamme د لهیب.

**بڵێسە :** flame ناو گڕ، تەنێکی درەوشاوەی گاز کە لە ئاگردا بەدی دێت. ع لهب N flamme د الو، شعلە.





**بنار:** hillside جیۆلۆجی ناو پێدەشت، داوێن، بەریاڵ، کونتار. ع منحدر التل N åsside د دامنە کوە.




**بناژۆ:** rooty جیۆلۆجی [بن+ئاژۆ] ڕیشەدار، ڕەسەن؛ درەختێک کە ڕیشەکەی لکی زۆری لێ بوو بێتەوە. ع جذري N rotaktig د ڕیشە افشانده ← ئاژۆ: ناوی فەرمان لک لێبوونەوەی ڕیشە.





**بناژۆخواز:** fundamentalist ئایدیۆلۆجی کەسێک کە بڕوای بە لێکدانەوەی وشەبەوشەی پەرتووکی پیرۆز لە هەر دینێکدا هەیە. ع اصولي N

fundamentalist [د] اصولگرا.







**بناوان :** Housekeeper [ناو] داشدیار، کەسێک کە ئاگای لە ماڵ ئەبێ.

**بن ئاگرە :** Ciabatta bread [ئاشپەزی] [خۆراک] هەویرێکە دەخرێتە بن ئاگر تا دەبرژێ. ◀ هەمان شێوەی دروستکردنی نانە لە ناو مەنجەڵی هولەندی، بە ئاگری لە سەر و ژێرەوە دەبرژێنرێ. نانی جیاباتا و نانی هەویرترش بە شێوازی بن ئاگرە ساز ئەکرێن. [ع] الخبز سیاباتا [N] Ciabatta brød [د] نان سیاباتا.

☜ نانی جاباتا ☜ نانی هەویرترش






**بنبڕکردن :** eradicating [چاوگی تێپەڕ] لەنابردنی دارماڵ، کۆتایی پێهێنان. [ع] القضاء [N] utrydde [د] ریشه کن کردن.

**بنبزێوکە :** dance song [مۆزیک] ئاوازی گۆرانی، گۆرانی شادی و سەما. [ع] اغنیة الرقص [N] dansesang [د] آهنگ رقص.

**بنبەست :** dead_end [ناو] ڕێکورک، داخراو، کۆڵانی داخراو، ڕێگەیەک کە تا

سەر ناتبات. ع طريق مسدود N Blindvei د بن بست.











**بنپاڵ:** slope زەویناسی ناو لاپاڵ، داوێنی شت، تەنیشت؛ گەوە، ناوقەدی شاخ، بلاشانی چیا، مروار. ع ميلان الجبل N midtfjellet د کمره کوه.

**تیرەشان:** ❶ ناوی لێکدراو لاپاڵی کێو، لاشانی چیا.

**بنپاڵە:** ناو دوا کەسی ڕیزی دروێنەوانان.

☜ پاڵە ☜ سەرپاڵە.

**بنچک:** plant ناو بنەگیای بچکۆلانە.

⇦ **دەوەن:** bush ڕووەک ناو بنچکی تۆزێ گەورە، لە کۆمەڵێک شوڵ پێکهاتووە.

⇦ **شەخەڵ:** shrub ڕووەک ناو دارچک، درەختی بچکۆلانە کە قەدی باریکی هەیە و زۆر گەورە نابێ.

⇦ **درەخت:** tree ڕووەک ناو ڕووەکێکی هەمیشەییە، قەدی چێوین و لقوپۆپی چەترئاسای هەیە، جۆرەکانی بریتین لە درەخت tree و شەخەڵ یان نەمام Shrub و دەوەن bush و بنچک hedge.



**بنژامین گۆدار:** Benjamin Godard موزیک (١٨٤٩ـ١٨٩٥) موزیکزانی فەڕانسەیی.








**بنعەرزی:** subterranean ناو ڕەهۆڵ، کارێز؛ پێکهاتەی ژێرزەمینییە، هەم سروشتی (وەک ئەشکەوت) و هەم دروستکراوی مرۆڤ (وەک مین) ع تحت أرضي N underjordisk د قناة.







**بنکۆڵ:❶** ئاوەڵناو لە بنەوە هەڵکەندنی دیوار بۆ ڕووخانی، دانەوەی بنی ڕەز و تووتن بۆ بەهێز بوونی.

**بنکۆڵ:❷** last child هێمایی ناو پاشبار، دوامناڵ. ع آخر العنقود N siste barnet د بچە آخر.

**بنکۆڵکردن:** چاوگی تێنەپەڕ ڕەهۆڵ لێدان.

**بنکەدراو:** database ناو کۆمەڵە داتایەکی پێکهاتەییە، بە شێوەیەک لە کەمپیوتەردا هەڵگیراوە، کە ئەتوانین بە شێوازی جۆراوجۆر دایبەزێنین و

سوودی لێوەرگرن و بەکاری بهێنین. بنکەدراو ئەمڕۆ جگە لە دامودەزگاکانی دەرێوەبەرێتی و ئاسایش، لە هەموو بوارەکانی زانستی و بازرگانیشدا بە فراوانی بەکار ئەهێنرێ. ع database N database د پایگاه داده.

☜ داتا ☜ دراوە









**بنۆتزۆ گۆتزۆلی:** Benozzo Gozzoli هونەر نیگارکێش (١٤٢١ـ١٤٩٧) و شێوەکاری فلۆرانسی سەردەمی ڕێنسانس. بۆ وەردەکاری لە بەرهەمەکانیدا و وەکوو ئوستادێکی جیهانی گۆتیک ناسراوە. لە تابلۆی کاروانی شاهانی زەردەشتی بەگوێرەی باوی ئەو سەردەمە لەبری سوارانی نەناسراو لەگەڵ موغان، ڕوخساری کەسانی ناوداری شارەکەی کێشاوە. ع بینوزو جوزولي N Benozzo Gozzoli د بنوتزو گوتزولی.



**بنوا دازی:** Denis Benoist d'Azy {١٧٩٦ـ١٨٨٠} ڕامیار ١٨ی برۆمێر ڕامیار، بانکدار و کارگەدار، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ڕێسادانان، لۆڕێتمیست.

**بنەجەهبوون:** stability چاوگی تێپەڕ سەقامگیری، جێگیری، دامەزراوی، نەگۆڕی، چەقبەستوویی، خۆگرتوویی، داکوتراوی. ع استقرار، صلابة N stabilitet د ثبات، استقرار.

**بنەماڵەی ناوازەی ئەمبێرسۆن:** The Magnificent Ambersons فیلم درامای ئەمریکایی ١٩٤٢، نووسین و دەرهێنانی ئۆرسن وێلز.












**بنەماکانی فەلسەفە:** فەلسەفە نووسینی ژۆرژ پۆلیتسێر، وەرگێڕان: هێدین {هادی محەممەدی}، مونتاژ: ئەسرین ئەسکەندەری، بەرگ: سەیوان سەعیدیان، چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

- هادی محەممەدی ئەنووسێت: پۆلیتسێری تێکۆشەر و خەباتکار لەم بەرهەمە بچووکەدا پرسە بنەماییەکانی فەلسەفەی بە زمانێکی ساکار ڕاڤە کردووە، بەجۆرێک کە هەموان دەتوانن بیخوێننەوە و لێی تێبگەن و دنیای ڕەش و سیخناخی هەڵۆسە و نەزانی بەجێ بێڵن و بە جیهانی هزر و زانست و ڕۆشنگەری بگەن.
- هەروەها ئەڵێ: پۆلیتسێر لەم پەرتووکەدا بە زمانێکی ساکار پرسەکانی فەلسەفە هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە تا هەنووکە بە کورتی ڕاڤە دەکات؛ چەندین پرسی وەک ئایدیالیزم، ماتریالیزم، لۆژیکی کۆن و لۆژیکی دیالکتیک، دیدگای مێتافیزیکی و دیدگای دیالکتیکی، ئەندێشەی بورژوایی

و ئەندێشەی مارکسیستی، کە هەتا ئێستاش پرسی گرنگ و بنەڕەتی فەلسەفەن و هەر مرۆڤێکی خولیای زانست و فەلسەفە پێویستە بیزانێت، تێی ئەگاتەوە.

https://masoudmanaf.wordpress.com/1128/28/02/2012/




**بنێس :** lean, emaciated ئاوەڵناو لەڕ، لاواز، داڵگۆشت، ڕیوەڵە. ع نحیف N slim د لاغر.

**باریکەلە :** limber ئاوەڵناو بەڕن زراڤ، لەڕ. ع رشیق N smidig د لاغر، قلمی.

**بنێشت :** chewing gum ڕووەک ناو شیلەی دارەبەن کە ئەیجاون، جاجکە. ع علکة N tyggegummi د آدامس.

**چەقە :** ناو بنێشت، شیلەی کۆکلاشک و بنە شنگ کە ئەیجاون.

**کوچەڵە :** grail, cup کەرەستە ناو کۆچەڵە، چاڵاو، دەفری بچووکی داری و سواڵەت، قووڵکەیەکە وەک دەمەکوچێک لە قوورەسوورە دروست ئەکرێ، ئەلکێنرێ بە قەدی دارەبەنەوە، لە بنی ئەو شوێنەی دارەکە بریندار

کردوە، بنێشتەکە لە ناویدا کۆ ئەبێتەوە. ع علبة N gral, kopp د کاسەی چوبین.






**بنیاتنەر:** constructive دەروونناسی ئاوەڵناو دروستکەر، سازەندە، بەسوود، بەجێ، بەقازانج، ڕەچەشکێن، بەکارهاتوو، یاریدەدەر. ع بناء N konstruktive د سازندە. ⇠ بنیاتنەر و ڕووخێنەر

ن: ئاراستەکردنی نەخۆش بەرەو ڕەفتاری بنیاتنەر نەک ڕووخێنەر، ئەمە ئاکاری نەخۆش ئەگۆڕێت بەرەو گونجان و ئامانجگەرایی.

⇠ **ڕووخێنەر:** destructive دەروونناسی ئاوەڵناو تێکدەر، داڕمێنەر، هەڵتەکێنەر، وێرانکەر، داڕووخێنەر، لەنێوبەر، مایەی فەوتاندن یان تیابردن، فەوتێنەر، زیانگەیێن، کوژەر، بکوژ. ع مخرب N ødeleggende د مخرب.



**بنیامین کۆستانت:** Benjamin constant راميار نووسەر (١٧٦٧ـ١٨٣٠)
بورژوالیبرال، رامیار و نووسەری فەرەنسەیی.









**بۆ بیانووبڕین:** to cut excuses دەستەواژە پەند کینایە ئەنجامی کاری ناگرنگ و بە گوێرەی بەرژەوەندی، هەندێ کار کە گرنگ نین، بەڵام بە گوێرەی بەرژەوەندی و خۆبەڕاندنەوە ئەنجام ئەدرێن، بۆ ئەوەی بیانووی خەنیمەکەیان ببڕن و خۆ لە قرە بپارێزن. ع لقطع الأعذار N å kutte unnskyldninger د برای خالی نبودن عریضه.

**بیانووبڕین:** cut excuses چاوگی تێنەپەڕ [بیانوو+ بڕین] بەڵپ پێ نەهێشتن.

: بە جارێک خوێندنەوە، هیچ نابێ.

: کاتێک گەڕایتەوە، سەرێکمان لێ بدە.

: خۆت باش ئەمناسی!

**بۆپێت:** BoPET کیمیا نایلۆن، دەڵۆ یان فیلمی بۆپێت، فیلمێکی پۆلیەستەرە بە هۆی توانای کشان تا ڕادەی بەرز، خۆگری کیمیایی و ڕەهەندی، ڕوونی و تاودانەوە، خۆگری لە بەرامبەر گاز و بۆندا وەکوو پۆششی ئەلەکتریکی و خواردەمەنی سوودی لێ وەرئەگیرێ. گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی بۆپێت بریتین لە: Mylar, Melinex, and Hostaphan. جگە لە کارگەکان، مەردمیش ئەتوانن کیسەی بۆپێت بکرن و بەکاری بهێنن. ع فیلم التغلیف N BoPET د فیلم کاربردی.




**بۆترۆ:** Émile Boutroux {١٨٤٥ـ١٩٢١} فەیلەسووف شێوەزانست فەیلەسوفی دژی ماتریالیزمی فەڕانسەیی سەدەی نۆزدە. نووسەری «زانست و دین لە فەلسەفەی هاوچەرخدا»، لە ڕوانگەی شێوەزانستەوە. لەو کاتەدا کە زانست بە شێوەیەکی بەرچاو لە گەشەکردندا بوو، ئەو لای وابوو کە زانست و ئایین پێکەوە گونجاو و سازگارن.

**بۆت شۆمۆن:** Buttes_Chaumont ناوی جێگا پارکێکە لە گەڕەکی بێلڤێدێری پاریس ☜ شۆمۆن.




**بۆتکە:❶** shack ناو کیوسک، خانووی لە دار و تەنەکە، دووکانی تەختە، شوێنی حەسانەوەی کرێکاران لە کاتی تەلارسازی و لە کارگەکان. لەو شوێنانەی هەژاری زۆرە، بۆتکە نموونەی پەناگایە بۆ دانیشتوان. جۆرێک پەناگە و شوێنی ژیانە لە دارستان و کێڵگە، بە تایبەت لە باکووری ئورووپا وەکوو نەرویج کە «براکە» زۆر پێشکەوتوانە ساز کراوە و هەموو پێداویستییەکی ژیان وەکوو کارەبا و ئاو و ئاشپەزخانەی تێدایە ع کوخ N Brakke د کلبە ☜ بۆتکەی دداپیێدانان ☜ بۆتکەی ئازاد

**بۆتکە:❷** kiosk ناو کیوسک، ژوورێکی بچکۆلانە بۆ فرۆشتنی ڕۆژنامە و ساردەمەنی و بلیت و ساندویچ و خواردنی سووک. ع کشک N kiosk د کیوسک.



**بۆتکەی ئازاد:** stall ناو مێز، شوێنێکی دیاریکراو لە کاتەبازارێکدا بۆ فرۆشتنی کەلوپەل و شمەکی کاتی. ع کشک، حجيرة N hingst د غرفه، یا میز در بازار آزاد.




**بۆتکەی دداپیێدانان:** confessional ناو ژووروۆچکەی ددانپێدانان

وەرگرتن لە کلیسای کاسۆلیک. [ع] كرسی الاعتراف [N] skriftemål [د] اتاقک اعتراف.





**بۆتێچێلی:** Sandro Botticelli شێوەکار {١٤٤٥ـ١٥١} ساندرۆ، شێوەکاری بەناوبانگی فلۆرەنسی سەردەمی ڕێنسانس، سەر بە شێوازی فلۆرەنسی خولی زێڕینی بن دەسەڵاتی لۆرێنزە مێدیچی بوو. پریماڤێرا، ڤێنووس و مادۆنای مەگنیفیکات لە تابلۆ بەناوبانگەکانین و ئەمڕۆکانە زۆر کەس بەرهەمەکانی مایکڵ ئەنجێلۆ و بۆتێچێلیان لێ دەشێوێ. ◄ بۆچێلی وەک زۆربەی نیگارکێشانی ئەو سەردەمە بابەتی بەرهەمەکانی سەبارەت بە ئایینی مەسیحی هەڵبژاردووە؛ بەڵام ئەو خاڵەی بۆتێچێلی لەوانی تر جیا دەکاتەوە، بەکارهێنانی هێماسازیی خوداوەندە یۆنانییە کۆنەکانە.

☜ مادۆنای مەگنیفیکات ☜ مەگنیفیکات ☜ مۆنا





**بۆچوون:** ❶ opinion بۆچوون ڕوانگە یان بڕوایەک کە لە مەڕ شتێک دروست

بووە، ئیتر مەرج نییە بنەمای ڕاستی یان زانستی هەبێت.

**بۆچوون:** ❷ interpretation دادپەروەری لێکدانەوە، کرداری ڕوونکردنەوەی واتای شتێک. ع اجتهاد N tolkning د تفسیر. ⇦

⇦ **بۆچوونی دادوەری:** jurisprudence دادپەروەری لێکدانەوە، کرداری ڕوونکردنەوەی واتای شتێک لە ڕوانگەی فەلسەفەی ڕێساوە. ع اجتهاد قضائی N rettsvitenskap د تفسیر قضایی.

**بۆرگگراف:** Burggrafen ڕامیاری نازناو نازناوی ١٧ کەس لە سەرانی پارتی ئۆرلیانیست و لۆرێتمیستەکان کە ئەندامی لیژنەی ئەنجومەنی ڕێسادانان تایبەت بە داڕشتنی گەڵاڵەی ڕێسای تازەی هەڵبژاردن بوون. ئەم نازناوە لە درامای مێژوویی ڤیکتۆر هۆگۆ بەم ناوە وەرگیرابوو، کە ژیانی سەردەمی سەدە ناونجی ئاڵمان پیشان ئەدا. ١٧ کەسی ناوبراو بە هۆی بەرزەفڕی و ئارمانجی کۆنەپەرستانەیان پێیان ئەوترا بۆرگگراف.












**بۆرگۆندی:** Burgundy جوگرافیا ناو بڕگندی، هەرێمێکی دووکنشینە، لە ناوەڕاستی فەرانسە، ساڵی ١٤٧٧ بە مردنی کارلۆ شا دەسەڵاتی دووکی کۆتایی پێهات. بەناوبانگە بە شەرابی بۆرگۆندی هەروەها پینۆت نوار و شاردنی و شابلیس و بیوژۆلیس. ناوچەکە بە تۆرێکی کەناڵ پێکەوە گرێ دراوە و، تەژی قەڵاتی مەزنە، هەندێکیان ئێستا هۆتێلی لوکسن. پایتەختەکەی دیژۆنی بەناوباگ کۆشکی سەرنجڕاکێشی دوکەکانی لێیە، کە

مۆزەخانەی بەناوبانگی هونەری بیۆس Beaux_Arts ساڵی ١٧٨٧دا لەوێ دامەزراوە.

**ڕەنگی بۆرگۆندی:** Burgundy color ڕەنگەوشە ناو ڕەنگێکی سووری جگەرییە پەنجا سەهویری ناسراوی هەیە، بە تایبەت بۆ ڕەنگی قژ.

**سەهویر:** shade ئاسانە ناو تۆنی ڕەنگ، تارمایی، سێبەر، سا، سایە، سەهەند، نسێ، ڕەشکە و پێشکە. ع الظل N skygge د سایە.



**بۆرۆکراسی:** bureaucracy شێواز ئایدیۆلۆجی سیستەم لە bureauی فەڕانسی واتە نووسینگە و kratosی یۆنانی بە واتای دەسەڵات. دەسەڵاتدارێتی فەرمانبەران: سیستەمێکە لەسەر بناغەی دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەری دامودەزگای فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ بەرژەوەندی ڕاستەقینەی جەماور. ئەم وشەیە وەک ناویش بە کارئەهێنرێ و بە واتای خودان و نوێنەرانی سیستەمی بیرۆکراتە. واتا هێماییەکەی گرنگیدانی زیاد لە پێویست بە ڕێسای فەرمانگە و کاغەزبازی و گوێنەدان بە ناوەرۆکی کارەکانە.

**بۆرەک:**❶ ناو جۆرێک گەچ.

**بۆرەک:**❷ ناو خواردنێکە لە هێلکە و ئاد و قیمە.

**بۆرەک:**❸ ناو مەلێکی ڕەنگ بۆرە.

**بۆریاس:** Boreas میسۆلۆجی لە میسۆلۆجی یۆنانیدا نوێنەری شەماڵە {بای

باكوور}.





**بۆربۆن:❶** Bourbon مێژوو خانەدان خانەدانی پاشایەتیی لە فەڕانسە، لە پاش ناپۆلیۆن بۆناپارت بە هۆی لویی هەژدەوە هاتنەوە سەرکار. لە ١٢٧٢ دامەزرا و سێ سەدە پاشایەتییان کرد، لە ١٥٨٩ تا ١٧٨٩، ساڵی شۆڕشی مەزنی فەڕانسە، دیسانەوە لە ساڵی ١٨١٤ تا ١٨٣٠ لە فەڕانسە پاشایەتییان کرد. کەسانی تری ئەم بنەماڵەیە لە شوێنانی تری ئورووپا فەرمانڕەواییان کردووە. ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە بە زۆری لووتیان درێژ بوو. خولی دەسەڵاتدارێتی ئەم خانەدانە، لەمێژووی فەڕانسەدا بە خولی نۆژەنقانی Restoration ناسراوە ☜ نۆژەنقانی.





**بۆربۆن:❷** Bourbon خواردنەوە ناو جۆرێک ویسکییە کە جگە لە گەنمەڕەشکە و جۆ، لانیکەم لەسەدا پەنجاویەکی گەنمەشامی دروست ئەکرێ. ناوەکەی لە خانەدانی بۆربۆن لە هەرێمی کنتاکییەوە هاتووە، کە ئەم ویسکییە یەکەمجار لەوێ دروست کراوە. ⇦ **بولیت بۆربۆن:** Bulleit Bourbon

خانەدان بەرژەنگ مارکێکی ویسکی ناوچەی کنتاکییە، جگە لە گەنمەشامی و جۆ، لە ٣٨٪ی گەنمەڕەشکەیە، لە ئەمریکا و ئورووپا و ئوستڕالیا ئەفرۆشرێ.




**بۆردۆ و پێرپینیان:** Bordeaux and Perpignan جوگرافیا لە شارەکانی باشووری فەڕانسە.







**بۆرگونی:** Bourgogne جوگرافیا ناوچەیەکە لە بەشی ناوەندی و ڕۆژهەڵاتی فەڕانسە.








**بۆرلسک:** burlesque فیلمی لاسایی قەشمەرانەی ساکار یان قەبەکراو.

**بۆرەکە:** slangy ئاوەڵناو بۆرەپیاو، مرۆی ئاسایی، پلەبیەن، لە چینی ڕەنجدەر. ع عامي N slangete د عامی ن: patrician and plebeian خانەدان و بۆرەپیاو.





**بۆریئاژن:** intubate ئاوەڵناوی کارا [بۆری+ئاژن (ڕیشەی ئاژنین)] بۆری دانان بۆ نەخۆشی تاساو بۆ ئەوەی هەناسەی پێتەوە بەر. ع تنبیب N intubere د لولەگذاری. ⟵ **ئاژن:** پاشگر پاشگرێکە بە دوای ناووە ئەلکێ و ئاوەڵناوی کارا دروست ئەکا ن: دەرزیئاژن، بۆریئاژن.






**بۆریس گۆدۆنۆڤ:** Boris Godounov موزیک ئۆپێرا ئۆپێرای مۆسۆرگسکی لەسەر چامەی پوشکین.






**بۆڕ:** گیا ناو گیایەکی باڵا بڵندی گەڵا دەرزی لە تیرەی هەڵز و کەما.

**بۆڕدراو:** intrigued ئاوەڵناوی بەرکار کەسێک کە لە یاری یان گوتەدا ئەبەزی یان ئەکەوێتە بن کاریگەری توانای خەنیمەوە. ع مفتون N fascinert د شیفتە. ☆: ووە، هێدمە گرتوومی: Oh, I'm too intrigued گۆتە زۆر سەرسام بووم.

**بۆڕەدار:** ئامێر ناو پارچە تەختەیەکە بەستراوە بە پەتێکەوە، کە بادرا دەنگێکی گەورەی وەکوو بۆڕەی لێوەدێ. بوومییەکانی ئوسترالیا نۆتەیان بۆ دەنگەکانی داناوە و ئەتوانن بە بادانی تایبەتی پەیامی پێ بنێرن بۆ یەکتری E bullroarer, Indigenous Australians instrument د غرْغرْه.




**بۆژەن:** sharp nose هێمایر ناوی فەرمان زۆر بۆنکەر، ئەو کەسەی توانای بۆنکردنی بەهێزە؛ کەسێک کە سیخوڕی لە کاری دگەردا ئەکات.

**بۆژوو:** ئاوەڵناو گیای بۆنگرتوو کە ئاژەڵ نایخوات.

**بۆسار:** stinky ئاوەڵناوی لێکدراو بۆگەن، بۆسارد، گنخ، بۆنی زۆر ناخۆش. ع نتن N stinkende د بوی گند، بوی نا.

**بۆسنیا:** Bosnia جوگرافیا کە ئەمڕۆ وڵاتی سەربەخۆی بۆسنیا و هەرزەگوینە Bosnia and Herzegovina کەوتوەتە نیمچە دورگەی باڵکان، پایتەختەکەی شاری سەراییڤۆ Sarajevo یە، تا ساڵی ١٨٧٨ لە بن دەستی عوسمانیدا بوو و ساڵی ١٩٠٨ خرایە سەر ئیمپراتۆری ئۆستریا ـ هەنگاریا. ساڵی ١٩٩٢ لە دوای ڕووخانی سۆڤیەت لەگەڵ هەرزەگوین، بە ناوی بۆسنیا و

هەرزەگوێن سەربەخۆییان بەدەست هێنا. ع البوسنة N Bosnia د بوسنی.





**بۆسۆ:❶** acrid ناوی لێکدراو [ بۆ + سووت{سووتاو}] بۆنی سووتاو، بۆنی پەڕۆی سووتاو. ع لاذع N skarp د بوی سوختگی.

**بۆسۆ:❷** burnt cotton ناوی لێکدراو پارچە پەڕۆی سووتاو کە ئەخرێتە سەر برینی تازە، خوێنەکەی ئەیبەستێ. ع القطن المحروق N brent bomull د پنبه سوختە.

**بۆسۆ:❸** هێمایی ناوی لێکدراو بەدناو، ڕیسوا ☛: مرۆڤێکی بۆسۆیە، نزیکی مەکەوە.

**بۆسوێ:** Jacques Bossuet کاردینال ئاییناسی {١٦٢٧ـ١٧٠٤} مەتران و ئایینناسی توندڕەو.










**بۆسەرەوە:** exponential بیرکاری پەرەگر، بۆبان، بەرەوەبان، ڕێژبەندی. ع متسارع N eksponentiell د تصاعدی E exponentially.










**بۆسەگا :** choke point ناوی لێکدراو گەڵووگا، ناو گەرووی ڕەبەت و تەنگەبەری سیپە کە دەرچوون لێی زۆر دژوارە. ع نقطة احتقان أو انسداد N kvelepunkt د نقطة احتقان یا انسداد. ☜ chekepoint















**بۆشایی :** vacuum گەردوونناسی ناوی چاوگ ڤاڵایی، گەشێوەش، حەوایەکی دەراندەر چۆڵ لە هەموو چەشنە ماک و ئەستوو و هێسن. ع خلاء N vakuum د خلاء.

**حەوا :** space ناو ئاسمان، ناوچەیەکی بەربەرین و ئازادی بێکۆتایی لەدووی یەک. ع الفراغ N himmel د فضاء.





**بۆشایی دەرەکی:** Outer space گەردووناسی ناو دەرەوەی بەرگەهەوا، ناوچەیەکی تارادەیەک چۆڵە لە بۆشایی ئاسمان لە دەرەوەی بەرگەهەوای زەوی. زاراوەی «دەرەوەی بەرگەهەوا» بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی بەرگەهەوای زەوی لە بۆشایی سەرەوەی، بەڵام لە بنەڕەتدا هیچ سنوورێکی ڕوون لە نێوان بەرگەهەوای زەوی و بۆشایی دەرەوەی زەویدا نییە، بەڵام تا زیاتر لە بۆشایی ئاسمانەوە لە بەرگەهەوای زەوی نزیک دەبینەوە، چڕی زیاد دەکات؛ واتە چڕی گەردوون دوور لە بەرگەهەوا کەمترە. ◀ بۆشایی دەرەوە زۆر لە بۆشایی دارماڵ دەچێت، ئەمەش ڕێگە بە ئەستێرە و هەسارەکان و مانگ دەدات بەبێ خۆلێدان بە درێژایی خولگەی خۆیان بجولێن. ع فضاء خارجي N Verdensrommet د ماورای جو.






**بۆشایی نێوان ئەستێرەیی:** interstellar space گەردووناسی ناو حەوای فیزیکی دەرەوەی تۆقلەکانی پلازمایە کە بە ئەستێرەگۆیەکان ناسراوە، کە بە هۆی باهۆزی ئەستێرەییەوە دروست دەبێت کە لە تاکە ئەستێرەکانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەم بۆشایی نێوان ئەستێران یان سیستەمی ئەستێرەیی لەناو سحێلا یان گەلەئەستێرەیەک دایە. ◀ بۆشایی نێوان ئەستێرەکان ناوەندی نێوان ئەستێرەکان لەخۆ دەگرێت و سنووری نێوان ئەستێرەگۆییەک و بۆشایی نێوان ئەستێرەکان بە وەستانی ئەستێرەیی ناسراوە. ◀ سەبارەت بە خۆر، ئەستێرەگۆ و بۆشایی پێیان دەوترێت هێلیۆسفێر و هێلیۆپۆز. ع واقع بين النجوم N interstellar د فضای میان ستارگان.











**بۆشناخ:**❶ robust ئاوەڵناو چوارشانە، بەخۆی، بەهێز، بلەرمان، مرۆڤی بالآبەرزی تێکسمڕاوی چوارشانە. ع قوِی N robust د تنومند E vigorous. ☜ چوارهەنگڵ

**بۆشناخ:**❷ luxurious ئاوەڵناو کۆک و پۆشتە، تەرپۆش و دڵخۆش. ع فاخر N luksuriøs د فاخر. ✿: چەن کۆک و بۆشناخن، چەن ڕەنگوڕوو سوور و خەریک و دەسبەکارن. حەسەن قزڵجی

**بۆش:** void ئاوەڵناو ئاواق، بەتاڵایی، چۆڵ، ڤالا، شتێکی بێبایەخ یان لە ڕووی ڕێسایەوە پادەرهەوا و نەسەلماو. ع فارغ N tomrom د خالی، عاری.

✿: ئەو بۆشاییەی لە ناخت دایە و، ئەو دەسەڵاتەی من کە پڕی ئەکاتەوە!

**بۆش:** Boche ناونیتکە گەڕان-٧ و یانەساى تیپۆ-٤ ناونیتکەیەکە فەڕانسەییەکان لەسەر ئاڵمانییەکانیان داناوە، وەک بە واتای بەدئاڵمانی.

**بۆفۆن:** کونت بۆفۆن Georges_Louis Leclerc, Comte de Buffon نووسەر زانا (١٧٠٧_١٧٨٨) نووسەر، سروشتناس و بیرکار، خاوەنی ئێنسایکۆپێدیای زانستی ٤٠ بەرگی.





**بۆقژە:❸** thrush باڵندە ناو مەلێکی دەنگخۆشی بچکۆلانەیە، بە زۆری سەر پشتی قاوەیی و سینەی خاڵخاڵە، لە تۆرەمەی ڕەشێشەیە ortolan یە، کە بریتین لە بولبول، بووکەسوور، ڕەشێشە، کلکسوور، کەڵەکەترە، گابەڵەک و گەرووشین.



**بۆقژە:❷** thrush نەخۆشی ناو جۆرە نەخۆشییەکی دەمی منالانە، هەوکردنی دەم و قورگ بە هۆی قارچکێکی لینجەوە، کە ئەبێتە هۆی پەڵەی سپی.
ع مرض القلاع N trost sykdom د برفک.

**بۆغاف:** caribou ڕووەک ناو ناوی زانستی dionysia zagrica زێرنۆک، زێرنۆکە، زێڕۆکە، گیایەکی بۆنخۆشە گوڵی زەردی شەپیووری ئەگرێ، لە توێی جل و نوێنیان کردووە بۆ بۆنخۆشی، بۆغاف بە بووکی شاخان و سەختان ناسراوە. ع عشبة الوعل N kariboúurt د عروس سنگ.



**بۆکاچیۆ:** Giovanni Boccaccio نووسەر (١٣١٣ـ١٣٧٥) جیۆڤانی بۆکاچیۆ،

نووسەر و هۆنەر و مرۆڤگەرای ئیتالیایی سەردەمی ڕێنسانس. نووسەری دێکامێرۆن. سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی.









**بۆکرێ:** vacancy شێوەڕستە ژووری چۆڵ بۆ کرێ، لە مۆتێل و میوانخانە و خانەگا و خانەگای لاواندا؛ شوێنی بەتاڵ. ع محل خالي N ledighet د محل خالی.










**بۆ کوێ ئەچی:** Quo Vadis فیلم فیلمی ئەمریکایی ١٩٥١ سەبارەت بە ڕۆمای کەونارا، دەرهێنانی مێرڤین لۆرۆی Mervyn LeRoy.










**بۆگەڕانەوە:** restitution ناوی لێکدراو گەڕانەوەی شتێکی ونبوو یان یان دزراو یان دۆزراوە بۆ خاوەنەکەی؛ قەرەبووکردنەوە، بۆبژاردنەوە. ع الرد N restitusjon د بازگرداندن.








**بۆگەنکە:** skunks ناو گواندارێکی بچکۆلانەی بە زۆری ڕەش و سپییە، بوومی ئەمریکایە و کاتێ هەستکردن بە مەترسی بۆنێکی ناخۆش بلاو ئەکاتەوە، بۆنەکەی ئەمێنێ و زۆر بە دژواری ئەڕوا. ع الظربان N stinkdyr د راسوی متعفن امریکایی.




**بۆلانژیسم:** ناو وەرگیراو لە ناوی ژۆرژ بۆلانژە: Georges Ernest Boulanger (١٨٣٧ـ١٨٩١) ڕامیار و ژنراڵی زۆر خۆشەویستی جەماوەر، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە (١٨٨٩) و لە پاش کزبوونی مارکسیزم بە هاوپەیمانی چەپی ڕادیکاڵ دانراوە.






**بۆلڤار :** Boulevard Theatre شانۆ ئەو شانۆیانەی لە بۆلڤارەکانی پاریسی کۆن هەڵکەوتوون؛ هەروەها هۆڵێکی مێژوویی شانۆ و سینەمایە لە گەڕەکی کوینی نیۆیۆرک. شانۆی بۆلڤار لە شوێنانی تری وەکوو ستۆکهۆلم و مەیامیش هەیە. شانۆی بۆلڤاری براودەی و بۆلڤار، ئاماژەیە بە نیۆیۆرک و پاریس، یان ئەمریکا و ئورووپا.





**بۆلۆنا :** Bologna گەورەترین شاری هەرێمی «ئیمیلیا ڕۆمانا»یە لە باکووری ئیتالیا، خواردنی تالیاتێللی بۆلۆنیزی بەناوبانگە. ☜ تالیاتێللی






**بۆڵداگ :** bulldog ناوی ئێکدراو سەگێکی چوارهەنگڵی تووک سافە، سەری زل و شەویلکەی خوارەوەی بەهێز، ڕوومەتی چرچ و سینگی پانە.





**بۆڵە :** nagging ناو ئاوەڵناو بۆڵەبۆڵ، بەبۆڵە، بەپڕتە، شیڕن، دۆڕڕاو، هەراسانکەر، ئازاردەر، بەڕژان، سەرکۆنە. ع متذمر، المزعجة N maser د غرولند.

**بۆڵاندن :** murmur, grumble ناو ئاوەڵناو بۆڵەکردن، ورتەورتی گلەیی. ع تذمر N murre, beklage د غرولند کردن G وەهبی ئەدمۆندز









**بۆمارشە :** Pierre Beaumarchais نووسەر (١٧٣٢ـ ١٧٩٩) نووسەری ڕۆمانی ڕیشتاشی سێڤیل و فیگارۆ؛ سینەما چییە بۆمارشە ڕۆمانی دووەمی بۆ ڕەخنەی تەوساوی و ساتیری لە کۆمەڵگەی فەرانسە لە دوا ڕۆژەکانی ڕژیمی کۆنەدا ئاشکرا کرد. لە سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم، ژان ڕێنوار، لە فیلمی ڕێسای گەمە، وشیارانە کەسایەتی بۆمارشە بەدی ئەهێنێتەوە.















**بۆماوە :** heirloom ناو پشتەماگ، مەنە، مەردەڵا، شتێک کە بە هشتە بەجێماوە. ع قیمة تورث جیل وراء جیل N arvestykke د ارث پشت

در پشت.

**بەشبەر :** inheritor ناوی‌فەرمان میراتگر، کەسێک کە بە پێی ڕێسا شتێکی لە یەکێکەوە بە میرات پێئەگات. ع الوريث N arving د وارث.

**بۆماوەیی :** hereditary ناوی‌چاوگ میراتی. ع وراثي N arvelig د ارثی
☞ ئەندازەی بۆماوەیی.

**بۆم ناکرێ بۆم ئەکرێ :** کینایە گەڕان-٣ یان «یەکێکم هەیە بۆمی بکرێ» ئەم دیاردە لە کوردستانیش هەبوو، دوا چارەگی سەدەی بیستەم، کووتاڵی جلوبەرگی ژنان ناوی سەیری هەبوو، وەکو کایزە، هیچ، ڕیشی مامجەلال، دایدرە مردم و یەکێشیان ناوی (بۆم ناکرێ بۆم ئەکرێ!) بوو، واتە ڕوومەتی دائەماڵی و حاشای بە ژن ئەکرد.

**بۆمبارانی ڕۆما :** ڕووبەر گەمارۆی ڕۆما لە ٣ی جونی ١٨٤٩دا دەستی پێ کرد، بە زۆری بریتی بوو لە بۆمبارانی شار و کۆتایی هەمان مانگدا کۆتایی پێهات. لە ئەنجامدا کۆماری ڕۆما ڕووخا و دەسەڵاتی پاپنشینی گەڕایەوە.





**بۆن :** perfume کیمیا ئارایشت ناو تێکەڵەی گەوهەری ڕۆنی لەگەڵ تۆخم و پێکهاتەی بۆنخۆش، بە زۆری ئاوەکییە و بۆ بۆنخۆشکردنی لەشی مرۆڤ و ئاژەڵ و خواردن و شوێنی ژیان بەکار دێت. هێسنی سەرەتایی بۆن لە ڕێگەی وەرگرتن لە سەرچاوەی گیایی و ئاژەڵی یان بە شێوەی دەستکرد هێسنی کیمیایی بەدەست دێ. ع عطر N parfyme د عطر E fragrance.

**شێوەی بەکارهێنانی بۆن:** بون ئەدرێ لەو شوێنانەی کە لێئەدەن و پلیان هەیە. شوێنی وەکوو پشت گوێ، پشت مل، بەری ناوەوەی مەچەک، ئانیشک و ئەژنۆ. گەرمای ئەم شوێنانە بەرامە بلاّو ئەکاتەوە.

هەرچەند ڕێژەی چڕی و خستی بۆن کاریگەری سەرەکی هەیە، بەلاّم بەزۆری:

- **ئەو دو کۆلۆن:** Eau de Cologne تا دوو کاتژمێر بەرامە بلاّو ئەکاتەوە.
- **ئەو دو توالێت:** Eau de toilette تا چوار کاتژمێر بەرامە بلاّو ئەکاتەوە.
- **ئەو دو پڕفێم:** Eau de parfum تا شەش کاتژمێر بەرامە بلاّو ئەکاتەوە.





**بۆنات:** Léon Bonnat {١٨٣٣ـ١٩٢٢} شێوەکار شێوەکاری سروشتگەرای فەڕانسەیی، ئۆستادی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان.






**بۆنجۆرنۆ:** Buon giorno شێوەڕستە ئیتالیایی، واتە بەیانی باش.

**بۆن کرێتیەن:** Bon Chrétien ڕووەک میوە ناو گەڕان-٤ کە ناوی هەرمێیەکە، هەروەها بە واتای فەلەی دینداریشە. کونتێس دێسکار بانیاس، کە پێرسۆنای شانۆنامەیەکی مولیێری مامۆستای کۆمیدیای سەدەی حەقدەیە بە هەمان ناو، نامەیەکی لە جەنابی تیبودیەوە بۆ دێ کە نووسیویەتی: «... منیش وەک ئەم هەرمێیانە فەلەیەکی دیندارم، چونکە خراپە بە چاکە وەڵام ئەدەمەوە.»





**بۆرگی:** Armando Borghi ڕۆژنامە {١٨٨٢ـ١٩٦٨} ئارمۆندۆ بۆرگی، ئانارشیست، سەندیکالیست و ڕۆژنامەوانی ئیتالیایی.









**بۆمبی هایدرۆجنی:** hydrogen bomb فیزیک کیمیا ناوی لێکدراو یان thermonuclear weapon یان fusion weapon یان چەکی گەرماناوکی جۆرێک بۆمبی ناوکییە کە وزەی سەرەتایی بە هۆی تەقینەوەی ناوکی بەدی دێت و گەرما و پاڵەپەستۆی ئەم تەقینەوەیە ئەبێتە هۆی

هاوجۆتی ناوکی Nuclear fusion واتە تەقینەوەی دووەم. بۆیەش پێیان ئەوترێ بۆمبی هایدرۆژنی چونکە ڕەوتی هاوجۆتی ناوکی بە سوودوەرگرتن لە هیدرۆژن ئەنجام ئەدرێ.

◀ یەکەم تاقیکردنەوە لەسەر ئەم چەشنە بۆمبا هایدرۆجنییە لە ساڵی ١٩٥٢ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ئەنجام درا. ساڵێک دواتر یەکێتی سۆڤیەت لەم بۆمبایە دروست کرد و دواتیرش بەریتانیا و فەرانسە و چین دروستیان کرد. ئەمڕۆکە نزیکەی هەموو بۆمبا ناوکییەکانی ئەم پێنج وڵاتە کە چالاک و ئامادەی بەکارهێنانن، لەم چەشنەن.








**بۆهیمی:** Bohemian ناو بۆهیمیایی، دانیشتوی بوومی بۆهیمیا کە گەورەترین مەڵبەندی ڕۆژئاوای چێکیایە؛ قەرەچی، خەڵکانی خاوەن ڕەفتاری نائاسایی و ناباو، بە تایبەت هونەرمەند یان نووسەر. ع البوهیمي N Bohemsk د کولی.

**تێبینی:** لە هەندێ سەرچاوە واتە پەنیری کۆلی یان پەنیری قەرەچیانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپایە؛ واتە Koli هەمانە لە کوردی پێی ئەڵێن کاولی. **کۆلی بری**

☜ پەنیری کۆلیبری ☜ کاولی











**بۆیسیۆس:** Boethius {٤٧٧ـ٥٢٤ پ.ز} فەیلەسووف فەیلەسۆف و سەناتۆری ڕۆمی.




**بۆیڵدیۆ:** François_Adrien Boieldieu ئاوازدانەر {١٧٧٥ـ١٨٣٤} موزیکزان و ئاوازدانەری فەڕانسەیی.






**بۆین:** convinced ئاوەڵناو دڵکاو، قایل، دڵتێر، دڵنیا، ڕازی، ڕەزامەند، بە تەواوەتی دڵنیا و ڕازیبوون لە شتێک. ع قانع، قائل، متقاعد N overbevist د قانع، قائل، متقاعد. ← **convince:** پێ سەلماندن، دڵنیاکردن.

: بە کردەوە بەرەنجامێکی دوو ئەوەندە بۆینکەر و بڕیاردەر بەدی ئەهێنێ.

: ئەریستارکۆی هێژا، چاوەڕێ نیمە بۆین بووبێتی. هەر چۆنێک بێ،

: داهاتێکی کەمم هەیە، ئەتوانم ژیانی خۆم ببەم بەڕێوە و بەوەش بۆینم.

: نازانی درۆی چونم کردووە تاکوو پوورم بۆین کرد.

: ئینجا بۆ بۆینکردنی ئانتوان بڕیاری دا ڕازی کۆتایی بدرکێنێ.

: وەڵامێک نادۆزمەوە کە بتوانێ بۆینم بکات.

**بوار:**❶ tract ناو بگار، بهوور، ڕێباز، دەراو، دەرڕێ، دەرڕەفت، دەراوی پەڕینەوە، تەنکایی چەم و ڕووباران. ع المسار N kanal د مسیر. ☜ ڕەقەبوار

**بوار:**❷ ناو بەهار.

**بوار:**❸ purview ناو کەوشەن، پانتایی، ئاقار، گۆڕایی، گۆڕەپان، بەرینایی، سنوور و چوارچێوەی دەسەڵات. ع نطاق، منطقە محدودە. N område د محدودە. : هەرچی هەیە لە سەروو بواری تۆ دایە.

**بوار:**❹ هێمایر ناو دەرەتانی دەرچوون و دەربازبوون. : ئەوەندەی بواری بۆ ڕەخسا، وا خۆی ون کرد، ئێستە و ئێستەش نەدۆزرایەوە.

**بوار:**❺ opportunity ناو دەرفەت، هەل، مۆڵەت؛ کۆمەڵێک بارودۆخ کە ئەگەری ئەنجامدانی کارێک ئەلوێنن. ع الفرصە N muligheten د فرصت.



**بواردان:**❶ چاوگی تێنەپەڕ دەرفەت پێدان، مۆڵەتدان، ڕێدان، هێشتن.

**بواردان:**❷ چاوگی تێنەپەڕ ڕێگەی پەڕینەوە بە هۆی تەنکی ئاوی چەم و ڕووبار.

**بوارۆ:** Boireau زنجیرە فیلمی زانستی سەرگەرمی فەڕانسەیی، لە

١٩١٢ـەوە.

**بواز:** Boaz ئایینناس ناوی تایبەت یان بووعێز، لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی پەرتووکی ڕووتە لە تەوراتدا.








**بواسییە:** Gaston Boissier مێژوونووس {١٨٢٣ـ١٩٠٨} گاستۆن بواسییە، مێژوووناس و مێژوونووسی ڕۆمی کۆن.









**بوالۆ:** Nicolas Boileau_Despréaux هۆنەر نووسەر {١٦٣٦ـ١٧١١} هۆنەر و نووسەر و ڕەخنەگری کلاسیستی فەڕانسەیی. هۆنراوەکانی تەوساوی و کەترە بوو. سەرڕێژنەی ساختەی لە وڵاتانی ئوروپاییەوە هاتبووە فەڕانسەوە لا پەسەند نەبوو و تەنانەت، پێچەوانەی ئاکادیمیای فەڕانسە، شێوازی سادە و سروشتی پێشکەش ئەکرد.




**بوچینتۆرۆ:** Bucintoro ناو کەشتییەکی تایبەتی بەڕێوەبردنی ئاهەنگی «مارەبڕینی زەریا» بوو کە هەموو ساڵێک ڕۆژی جەژنی چوونی عیسا بۆ ئاسمان لە شاری ڤێنیزیا بەڕێ ئەکرا. دۆجی ڤێنیزیا، ئەو موستیلەی کە کاردینالی گەورەی شار پیرۆزی کردبوو، ئەهاویشتە ناو زەریاوە و بەم جۆرە زەریای ئادریاتیکی لە خۆی مارە ئەبڕی. کانالێتۆ Canaletto شێوەکاری مەزنی ڤێنیزی وێنەی ئەم ئاهەنگەی کێشاوە.



**بوخارا:** جوگرافیا پێنجەمین شاری گەورەی کۆماری ئوزبەکستانە. دانیشتوانی بوخارا تاجیکن و بە دەریی تاجیکی قسە ئەکەن، هەڵووژەی زۆرە و ئاڵوو

بوخارای بەناوبانگە.





**بوختان:** backbite ناو پاشدوویی، پاشملەگوتن، پیاهەڵخوێندن، تۆمان، تۆمانج، تۆمەت، چەفتە، چوودەم، خوسپ، دەسڕەن، دەلەسە، ساختە، شڵتاخ، ناوزڕان. ع تشویه السمعة N baksnakking د افترا، غیبت کردن. ☜ ناوزڕان

**بوختان پێکراو:** accused دادوەری ناوی لێکدراو کەسی تاوانبارکراو. ع المتهم N tiltalte د متهم شده. G قانوونی

**بوختان پێکراوی بە ناهەق:** falsely accuse دادوەری ناوی لێکدراو کەسێکە بە ناڕاست و بە ناحەق تاوانبار کراوە. ع یتهم زورا N feilaktig anklage د بە دروغ متهم شده. G قانوونی

**بوخچە:** bundle کەرەستە ناو جاجم یان مەوج یان پارچە کووتاڵێکی گەورە بۆ کەلوپەل تێنان، پێچانەوەی شتومەک لەناو چارۆکە، یان کیسە و توورەکەدا. ع رزمة N bunt د بقچە.



**بورجەکان:** ☜ ناوچەی کەلووەکان.





**بوزخور :** likely, possible, probable ئاوەڵناو ڕێ تێچوو، بەشکا. ع محتمل N sannsynlig, mulig د محتمل.

**شیمانی :** ناوی چاوگ گریمانی. ع محتمَل N sannsynlig د احتمالی.

**بوفالۆ :** Buffalo گیاندار پیاتاڵ ناو گامێشی ئاسیایی و ئەفریقاییە، حەز بە مێرگوزاری تەڕ و ئاودار دەکات، کراوە یان دارستان. بەیانی زوو و ئێواران و شەوانە خۆراک دەخۆن و گەشت دەکەن. کاتەکانی تریش لەبەر سێبەر پاڵ دەکەون و، وا پێ دەچێت تەنها نزیکەی کاتژمێرێک لە ڕۆژێکدا بخەون. ع الجاموس N bøffel د بوفالو.

**گای ئەمریکایی :** bison گیاندار پیاتاڵ بایسن، جۆری گامێشی ئەمریکاییە، گیا ئەخوات. تەنها جۆرێکی لە پۆڵەندا هەیە بە ناوی bonasus. ع الثور N bison د بیسون.








**بووجە :** budget ئابووری کارگێری خەمڵاندنی داهات و دەرچووی ماوەیەکی دیاریکراو. ع میزانیة N budsjett د بودجە.

**بووجەی پادشایی :** Liste civile کارگێری ئەو مووچەیە کە بۆ ژیانی تایبەتی

پادشا لە ڕژێمی دەستووریی ئورووپادا دیاری ئەکرێ.

**بوودلێر :** Charles Baudelaire هۆنەر نووسەر (١٨٢١ـ١٨٦٧) شارلْ بودلێر، هۆنەر و ڕەخنەگری فەڕانسەیی. هەموو خاوەنڕایان، بێ هیچ گومان و دوودڵییەک، بوودلێر بە سەردەقشکێنی هۆنراوەی مودێرن دائەنێن. ئارسر ڕەمبۆ (١٨٥٤ـ١٨٩١)، هۆنەری پێشەنگ، ئەڵێ: «بوودلێر شالیاری هۆنەرانە». ئەو سەرقافڵەی هۆنەران و تەنانەت زۆربەی هونەرمەندانی مودێرنیشە، کە هاوکات دارشتە و واتای پێکەوە ئەنگاوتووە. ئیڤ بۆن فوا Yves Bonnefoy، هۆنەری ناوداری فەڕانسەیی ئەڵێ: سەدەی نۆزدەهەم نابێ تەنها بە سەدەی مارکس و نیچە و کەمێک دواتر فرۆید ناودێر بکرێ، بەڵکوو سەدەی نۆزدەهەم هەروەها سەدەی بوودلێریشە. جیهانی مودێرن لە سەرپاکی بەرهەمەکانیدا شەپۆڵ ئەدا. لە ڕاستیدا ئەوە بوودلێر بوو کە نرخ و واتای بە مودێرنیتە بەخشی. زۆر بەرهەمی بوودلێر کراوە بە کوردی و شێواز و ڕوانگەی لە بواری ڕۆشنبیری کوردیدا ناسراوە.












**بووده‌ڵه :** despicable ئاوەڵناو ناچیزە، سووک و چرووک، بێکەڵک، هیچوپووچ.

[ع] حقير [N] avskyelig [د] بی شخصيت

**بوردبار:** patient {ئاڤێستایی} ئاوەڵناو پشوودرێژ، مەهووار، لەسەرخۆ، هێدی، هێور، ئۆقرەدار، کەسێک کە دۆخی دژواردا خۆی نادۆڕێنێ. [ع] صبور، متحمل [N] tålmodig [د] صبور، متحمل.

**بووتە:** crucible ناو ئامرازی سێرامیکی تواندنەوەی کانزا و زێڕ و زیو. [ع] بوتقة [N] smeltedigel [د] بوتە.









**بووتەی هەڵسەنگان:** The Crucible شانۆ شانۆنامەی ١٩٥٣ی ئارتۆر میلر شانۆنووسی ئەمریکایی، سەبارەت بە دادگایی جادووگەری سەیلَم Salem witch trials لە ماساچۆسێتی ئەمریکا لە ١٦٩٢ تا ١٦٩٣.










**بووڕ:** groove ناو درز، قەڵەش، شەقار، کۆسەک. [ع] أخدود [N] spor [د] شیار.






**بووره:** moor, barren ناو بەیار، زەوی نەکێڵراو. بەو زەوییە دەوترێ یان نەکێڵدرابێت، یان تەنها دوو گاسنی لێدرابێت، شۆ براېێ و وەرد درابێتەوە، بەڵام تۆو نەکرابێت، لە کڕی خۆی ماوبێت بۆ ساڵی داهاتووی تر کە دەکا دوو ساڵ. ع بائر، سباخ، أرض قاحلة N ødemark د بایر، لەمیزرع، بی‌ثمر، نازا.

**شۆبڕین:** plow چاوگی تێپەڕ کێڵانی زەومین. لە زستان لەدوای پەڵەکەوتن یا باران بارینی چاک لە مانگی یەک تا سێ ئەکرێ زەوی بکێڵرێ. ع حرث N plow د شخم زدن.

**plough:** هێمایەر دۆڕان لە هەڵبژاردن یان کەوتن لە تاقیکردنەوە.



**بوورین:** forgiveness چاوگی تێپەڕ بەخشین. پسوولەی لێبوردن لە لایەن میرییەوە، پسووڵەی بووران لە سەربازی، بەڵگەنامەی بەخشران لەلایەن دەسەڵاتەوە. ع مغفرة N tilgivelse د بخشش.

ن: لە کەندای بێستوونی کرماشان، شاپووری پادشای ساسانی «بوورین» بۆ والریانۆس فەرمانڕەوای ڕۆم و سەناتۆرەکانی دەرئەکات.



**بووزوو:** ناو شاڵی ڕانک و چۆخە لە خوری و بەرگن و مەرەزە، بۆ سازکردنی ڕانک و چۆغە. کر یان شاڵ کووتاڵێکی زۆر تایبەتە و بە شێوەی تایبەت لە لایەن جۆلای کوردەوە ئەتەنرێ و پانییەکەی بەرۆری کەمتر لە دە سەنتیمەترە. ڕانک و چۆغە جلێکی پیاوانەی هەرە ڕەخت و شیانست و بەهادارە.



**بووژانگە:** sanatorium ناوی لێکدراو ئارامگە و دەرمانگای ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، بە تایبەت نەخۆشی سینگ و سیل. ع مصحة N sanatorium د آسایشگاه مسلولین.




**بووژانەوە:** recovery پاوگی دوولو گەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتی تەندروستی ئەندێشە یان دەسەڵات و توانا. ع استعادة N gjenoppretting د به بود.

**بووژانەوەی داتا:** data recovery ئای تی پرۆسەی گەڕاندنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لەدەستچوون، بە هەڵە سڕاونەتەوە، تێکچوون یان دەستیان پێنەگات.






**بووژما:** somber ئاوەڵناو بێزار، پەرێشان، پەژارەمەند، خدۆک، دۆژ، دەرمەندە، هۆراسان، ئاخدار، پەرۆش، دڵبەسۆی، مۆژە؛ ڕەنگ یان جەستە یان مووزیکی پەژاراوی و خدۆک. ع حزين N dystert د غمگین. ن: شەوێکی تاریک و بێ وریشە بوو. ن: مووزیکێکی قورس و خەمگین بوو.

**بووژەن:** adaptability ناو ئەورام، دارینگ، کەرەستە، تفاق، کەلوپەلی پێویست. ع اللوازم N forsyninger د وسائل، تدارکات.












**بووسی دامبواز:** Louis de Bussy d'Amboise کەسایەتی شانۆ (١٥٤٩ـ١٥٧٩)
پارێزگاری شاری ئانژۆ و کابرایەکی زۆر گورخ و سەرکەش بووە. دامبواز قارەمانی شانۆنامەی بووسی دامبواز، نووسینی جۆرج چاپمەن George Chapman و پەرتووکی هانری سێیەم و دەربارەکەی Henry III and his court نووسینی ئەلکساندر دۆمای باوکە.







**بووشارد:** Charles Jacques Bouchard پاتۆلۆگ (١٨٣٧ـ١٩١٥) پاتۆلۆگی فەرانسەیی.





**بووشە:** François Boucher هونەر (١٧٠٣ـ١٧٧٠) شێوەکاری فەرانسەیی شێوازی رۆکۆکۆ.





**بووفە :** Buffet خۆراک ناو شوێنی نانخواردن لە یانە و شانۆ و وێستگەکاندا.





**بووڤە :** Beauvais جوگرافیا ناو شارێکە لە باکووری فەڕانسە، دانیشتوانی پێیان ئەوترێ بووڤزیەن Beauvaisiens. پیشەسازی موبل و کەلوپەلی ناوماڵی بەناوبانگە.

**بووڤە :** Beauvais پیشەسازی ناو (گەڕان ـ ١) کارگەی مۆبل و پەردە لە شاری بووڤە لە سەدەی ١٨ کە مۆبل و پەردەکانی خۆی بە شاکاری هونەری و بە وێنەی چیرۆکەکانی لافۆنتن ئەڕازاندەوە.








**بووکەشانۆ :** It marionette هونەر ووەیلە، لەیستۆکی تەختەی بەژنەبالایە، چەند تەل یان دەزووی پێوە بەستراوە و شانۆگەر بە گوێرەی چیرۆکەکە ئەیجووڵێنێ. ع دمية N dukker د عروسک خێمە شب بازی.







**بووڵێن:** ڕەنگەوشە ئاوەڵناو مێڕ، ڕەنگی مێش، ڕەنگی نێوان سەوز و سوور، خۆڵەمێشیی وەک باڵی مێش، مێڕی مێڕی.



**بووم:❶** earth زەوی. **بوومەلەرزە:** earthquake هەژانی زەوی.
بوومەلێڵ: aurora شەوەکی، بەیانی زوو کە زەوی لێڵە.



**بووم:❷** canvas هونەر ناو پەڕۆی زبری لە چوارچێوە داکوتراو بۆ وێنەکێشان.
ع اللوحة القماشية N lerret د بوم.



**بوومەرەنگ:** boomerang پارچە دارێکی چەماوەیە، کاتێک فڕێ ئەدرێ، ئەگەڕێتەوە بۆ لای فڕێدەر. لە لایەن دانیشتوانی ڕەسەنی ئوسترالیاوە وەکوو چەکی ڕاو بەکار ئەهێنرێ.



**بوومی:** Indigenous مرۆڤناسی ئاوەڵناو خەڵکی ناوچەکە، زادەی سۆڵانی شوێنەکە کە پەیوەندی مێژوویی و فەرهەنگییان پێکەوە هەیە؛ بۆ نموونە سووررپێستەکان یان نەتەوەی یەکەمی ئەمریکا بوومییەکانی نیشتەجێی ئەو ئەمریکان.



**بوون و ژیان و مردنی عیسا:** The Birth, Life, And Death Of Christ

ئەفسانە ئایینناسی شێوەزانست ☜ (دە پەرجووی تەورات ـ دەیەم) ڕەنگە بەناوبانگترین چیرۆکی پەرتووکی پیرۆز لە هەموو بوارێکدا، لەدایکبوونی عیسا بێ کە بە زۆری باسی بوونی کەشتی حەوایی و غەوارەی دەرەکی ئەورووژێنێ. هەرچی چۆن بێ، سەرچاوەی سۆڵانی ئەم چیرۆکە درۆیە، چ چەشنە لێکدانەوەیەکی بۆ ئەکرێ لە لای ئەو کەسەی کە ئەیەوێ لە ڕاستەقینەی «چالاکی غەوارەی دەرەکی» تێبگات لە پەرتووکی پیرۆزدا،

ئەوەندە نەبێ کە بڕێکی باش ڕوونکردنەوەی دەست ئەکەوێسەبارەت بەوەی بە دوایدا ئەگەڕێ.

بۆ نموونە، مریەم بۆی دەرکەوتووە کە بە شێوەیەکی پەرجووئاسا دووگیان بووە و کە زیاتر لە کاری یوفۆ و فڕاندن لە لایەن غەوارەی دەرەکییەوە ئەچێ، کە تۆوی منداڵێک لە یزدانی مریەمدا ئەچێنن و پێی ئەڵێن بلاوی بکاتەوە ئەوە «خوا» بووە بە تواناى خۆی ئەو کارەی کردووە.

ئەو ئەستێرەی سێ زانای زەردەشتی ڕابەری ئەکا بچن بۆ سەردانی مریەم و عیسا، بەشێکی تری ئەم چیرۆکەیە کە وەکوو دەستێوەردانی غەوارەی دەرەکی خۆیا ئەکات. تەنانەت خودی شوناسی ئەم میوانە سەمەرانە، لە لای ئەستێرەناسانی کۆن ئەو پرسیارەی ورووژاندوە و بووە بە ناوکی ئەو تیۆرییە کە خودی ئەمانە کێ بوون؟

لە ڕاستیدا، سەرتاپای ژیانی عیسا، ئەگەر کەسێک بیەوێ لەم ڕوانگەیەوە لێی بڕوانێ، بەو هەموو پەرجووە سەمەرەی کە ئەنجامی داوە، پڕە لە کاریگەری «تواناى غەوارەی دەرەکی» بە تایبەتی غەیب بوونی لە ئەشکەوتی داخراوی گۆڕەکەی پاش مردن و هەروەها پەیدابوونەوەی لە دواى ئەوە.








**بوونگەرایی:** existentialism فەلسەفە دەستەواژەیەکە کە بۆ بەرهەمەکانی هەندێک لە فەیلەسووفانی کۆتایی سەدەی ١٩ و سەدەی ٢٠ـەمی زایینی بەکاردێ، کە سەرەڕای قوتابخانە جیاوازەکانیان لە سەر ئەم باوەڕە

هاودەنگن کە بیرکردنەوەی فەلسەفی بە بابەتی مرۆڤ دەست پێئەکات نە بەتەنیا بابەتی بیرکردنەوە. ئێگزیستانسیالیزم شێوازێکە جەخت لە گرنگی و ڕەسەنایەتی مرۆڤ ئەکاتەوە و بەو پێیە هەر کەس ئازادە لە ئەنجامدانی هەر کارێک و، لە کردەوەکانی خۆی بەرپرسە. بە ئاوڕدانەوە لە بەرهەمەکانی نیچە و کیەرکێگۆر، بزووتنەوی ئێگزیستانسیالیزم لە سەدەی بیستەم لە لایەن هایدگەر، سارتر و مێرلاو پۆنتی پەرەی پێ درا و بڵاوبووە. هایدگێر ڕای خۆی لە دژی فەلسەفەی دیاردەناسی هۆسێرل بە دەربڕینی ئەوەی کە مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتی جێدەگرێ و نەتوانینی ئێمەی بۆ تیۆریزەکردن لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە، باسکردووە. سارتر و پۆنتی، بوونگەرایان گۆڕی بە پرۆسەی باڵادەست و ئاوەزمەندی سەردەمی پاش شەڕ لە ئەورووپا.

سۆرێن کیەرکێگۆر بەگشتی وەک یەکەمین فەیلەسووفی ئێگزیستانسیالیست ئەژمێردرێ، گەرچی خۆی، دەستەواژەی ئێگزیستانسیالیزمی بەکار نەهێناوە.



**بوونەوەرانی دڵڕفێن:** Adorables creatures فیلم فیلمی فەرانسە-ئیتالیایی ١٩٢٥، دەرهێنانی کریستیان-ژاک.



**بوویەر :❶** event **ناو** قەوماو، ڕووداو، پێشهات، مەرسەلا، تەوەرە، قۆرتم.
[ع] حدث [N] begivenhet [د] واقعە [E] accident.






**بوویەرنامە :** almanac **چاپەمەنی** **ناوی لێکدراو** ساڵنامە، ماڵباتنامە، تۆمارنامەی ڕووداو و بوویەرەکان. [ع] منشور سنوي [N] almanakk [د] سالنامە.











**بوێرە خەو ببینە :** Dare to dream **ئیدیۆم** واتە بوێرە و متمانەت هەبێت بۆ بەدواداچوونی ئاوات و ئامانجەکانت، تەنانەت ئەگەر بەدووریان بزانرێت یان نا. هانی مرۆڤەکان دەدات داهاتوویەکی باشتر بۆ خۆیان پێشبینی بکەن و هەنگاوی پێویست بنێن بۆ ئەوەی ئەو خەونانە بینە ڕاستەقینە. پەیوەندی بە لە ئامێزگرتنی تامەزرۆ و داهێنان و هیواوە هەیە.







**بوێری :** courage ناوی چاوگ ناوی لێکدراو جەربەزە، نەترسی، جگەرداری، زەندەق، ئازایەتی. ع جرأة، شجاعة N mot د جرأت، شجاعة.

ن: پەیمانداری و بوێری و ڕاستگۆیی لە بنەماکانی پێشکەوتنە لە بواری کار و لە کۆمەڵگەدا. commitment, courage and genuity

**بە ئارەزوو :** ناوی لێکدراو [بە+ئارەزوو] بەئارەزوو، بەویست و پێخۆشبوون.

**بە ئارەزووگەیشتن :** شێوەڕستە چاوگی تێپەڕ [بە+ئارەزوو+گەیشتن] بە ئاوات گەیشتن، بەئارەزوو گەیین.

**بەئاکام گەیاندن :** شێوەڕستە چاوگی تێپەڕ [بە+ئاکام+گەیاندن] بەردەوامی و بە ئەنجامگەیانی کار و مەبست.

**بەئەمەگ :** staunch ناوی لێکدراو ئەمەگدار، دڵسۆز، یەکلا، بەڵێنڕاست، پێبەند، سوور، بەبڕیار، شێلگیر. ع وفي، وفي N standhaftig د وفادار، ثابت‌قدم. ن: دۆستایەتییەکی بەئەمەگ لە نێوانیاندا هەبوو.

**بەئەندێش :** thoughtful ناوی لێکدراو هشێنەر، ئەندێشناک. ع متفکر N omtenksom د اندیشناک.

**ئەندێش :** thought ناو بیر، ئەندێشە. ع فکر N tanke د فکر.





**بەبا :** Estrous cycle زیندەوەرزانی ناوی لێکدراو هەست یان هەوەسی دێڵەسەگ بۆ جووتبوون لەگەڵ گوڵەسەگ، دێڵی نێرخواز، دێڵەبەبا. ع دورة وداقية N Brunst د دوره فحلی ◄ **بەبابوون** یان چەرخەبەبا، خولی چالاکی جنسی ئاژەڵە بۆ جووتبوون و جێبەجێکردنی سروشتیترین داخوازی خۆڕسک و

سرووشتی کە زاوزێ و مانەوە و درێژەدان بە ژیانە. چەرخەبەبای نێر و مێی هەر ئاژەڵێک بە یەک ئەندازەیە، بەڵام درێژییەکەی بۆ هەر جوتێک بە گوێرەی جۆاوجۆری گیانداران هەم ناو هەم ئەندازەی دیاریکراوی هەیە، بۆ پشیلە «نەورۆ»یە و لە سەروبەری بەهار و نەورۆز دایە، هی مەڕ وەرزێکە و هی کەروێشک چەند وەرزە، بۆ سەگ بەهار و پایزە و نەهەنگ شەش مانگی بەرو و دوای نەورۆزە؛ ناوەکانیشیان وەک ئەمانەیە: بزنەوەتەگە، پشیلەبەورۆ، دێڵەبەبا، مانگاوەکەڵ، ماینبەفاڵە، مەڕوەبەران. ☜ فاڵە






⇐ **بابۆ:** ناوی لێکدراو هەست یان هەوەسی گۆڵەسەگ بۆ جووتبوون لەگەڵ دێڵەسەگ. ⇐ **دێڵەبەبا:** دێڵی نێرخواز ئێپێنی: ئەم دارەتە بۆ زۆربەی ئاژەڵەکان ناوی خۆی هەیە بۆ نموونە: دێڵەبەبا، مانگاوەکەڵ، مەڕوەبەران، بزنەوەتەگە، ماینبەفاڵە، پشیلەبەنەورۆ.

**بەبرشت:** efficient ئاوەڵناوی لێکدراو ژێهاتی، شیانست، بەپێز، بەبەرهەم، مرۆی زۆر بەکار و کار لە دەست هاتوو؛ زەوی بە پیت و ڕێژەن. ع کفوء N effektiv د کارآمد، حاصلخیز.

**بەبرشتانە:** prolifically ئاوەڵکار بەبەرهەمانە، بەرفراوان، یەکجار، زۆر، گەلێ. ع بغزارة N produktivt د پربار.

**بەپانەوە:** aboveboard هێمایر ئاوەڵناو بەئاشکرا، بێپێچوپەنا، ڕووڕین، ڕاستوڕەوان، ڕکوڕاس. ع علانية N over bordet د پوست کندە، آشکار.

**بەپەرێشانی:** feverishly ئاوەڵناوی لێکدراو تالێهاتوو، شپرزە د با حالی ملتهب.

**بەپێچەوانە:** vice versa L ئاوەڵناوی لێکدراو پێچەوانە، دژبەر، بەراوەژوو، بەرەوپشت. ع الاتجاه المعاکسة N omvendt د برعکس.

:گەشتیاری لە سەقزەوە بۆ سلێمانی و بەپێچەوانە.

**بەپێز:** vivacious ئاوەڵناوی لێکدراو بەبار، بەکاکڵ، بەکێش، بەهێز. ع نشیط N livlig د بانشاط. ⇦ **بێپێز:** exhausted ئاوەڵناوی لێکدراو لاواز و بێهێز. ع ارهق N utslitt د بی رمق.

**بەپێی ڕێککەوتن:** according to the agreement دادوەری ئاوی لێکدراو بە گوێرەی ڕێککەوتن. ع حسب الاتفاق N i henhold til avtalen د طبق توافق. G قانوونی

**بەتاڵ:** empty ئاوەڵناو خاڵی، چۆڵ، هێمایی گەمژە، سەربەتاڵ. ع فارغ، احمق N tømme د خالی شده.

**بەتاڵکراو:** vacant ئاوەڵناو خاڵیکراو، چۆڵکراو. ع شاغر N tømt د خالی شده.

**بەتانە:** putty کیمیا ناو زاموسقە، هەویری ئاردەمشار و سرێش یان ڕۆنی کەتان کە پاش چەند کاترمێر وشک ئەبێتەوە و ناو نادەڵێنێ.



**بەتایبەت:** especially ئاوەڵکاری تێکەڵاو بەتەنها، تەنانەت، نەخوازە. ع خصوصا N spesielt د بخصوص.

**بەتایبەتی:** ❶ specialized ئاوەڵناو ناوی چاوگ تایبەتمەند، نەخوازە. ع

متخصص N spesialisert د تخصص. particularly

**بەتایبەتی:**❷ particularly ئاوەڵکار بەدانستە،نەمازە،بەوردی،بەتێروتەسەلی، بە شێوەیەکی ئاوارتە یان نائاسایی. ع خصوصا N særlig د منحصرا، بە ویژە.

**بەتوون:** hell damn هێمایی ناوی لێکدراو بەدەرەک، بەجەهەننەم، بەجاری جەهەننەم، چش لە هەموو شت، ڤیروسیا. ع اللعنة N helvete د بە جهنم، بە درک. ⇦ **توون:** ناو دۆزەخ، جەهەندەم، دەرەک.

**بەتین:** passionate ئاوەڵناو بەگوڕ، پڕشۆر، بەهەست، بەسۆز، پڕجۆش، پڕسۆز، پڕشۆر، گەرموگوڕ ع ملتهب N lidenskapelig د پرشور.

**بەجۆش:** enthusiastic ئاوەڵناو بەخرۆش، بەپەرۆش، بەدڵ. ع متحمس N entusiastisk د مشتاق.

**بەجۆشی:** enthusiasm ناوی چاوگ بەپەرۆشی، تامەزرۆیی، تین‌وگوڕ، تاوسەندن، بەشەوقی، دڵبەستەیی، ورووژان، هەژان، سەرقاڵی، ڕابواردن، هۆگری. ع حماس، تعصب دینی N entusiasme د اشتیاق، شور و ذوق.

**بەجێهێڵران:** abandonment چاوگی تێپەڕ کردەی بەجێهێشتن و وازلێهێنران، چۆڵکران. ع التخلي عن N forlatelse د رهاکردن.

**بەچرۆیی هەڵوەراندن:** nipping in the bud پەند کینایە لە دەسپێکدا لەناوبردن، لەناوەختا سەربڕین و لە سەر ڕێگا لابردن، وەک پرتەقاڵی کەرکووک بەدارەوە گووشین 🗨: پرتەقاڵێکی کەرکووکە، هەر بەدارەوە گووشراوە!} **شێرکۆ بێکەس.** ع قتل في المهد N napper i knoppen د در نطفه خفه کردن.









**بەچک:❶** countenance ناو بیچم، کەسم، سەکوت، ڕواڵەت و دارەتی دەموچاو. ع طلعة N ansikt د شکل، قیافە.

**بەچک:❷** ناو منداڵ، زارۆ، زاورۆ، بێچوو.

**بەچک:❸** ناو بان مەلاشوو، بەشەسەری هاوساوی توێڵ.

**بەخت:❶** luck, fortune, chance ئاوەڵناو [ئاڤێستایی] [پەهلەوی] هات، ئامەد، شانس، پێوەهاتن، ڕشنە، ڕەژەن، هەدار، هیر. ع حسن الطالع N flaks د اقبال.

**بەخت:❷** sacrifice ناو سەرگەرد، فیدا، بەر بەلاگەردان، ع تضحیة N ofre د قربانی، فدا.

ن: ئەز «بەخت»ێ «بەختە بەر تۆ هوش کوڕێ مە هەبە. {بە قوربانت بم هوشت بە کوڕەکەمانەوە بێ.}

ن: ئەز بەختێ وە بم، هون دایکا خۆ ژێ بیر نەکەن { بە فیداتان بم، ئێوە دایکی خۆتان لە بیر مەکەن.}

ن: کوڕێ من جانێ خۆ ژێ کوردستان ڕا بەخت کرد {کوڕی من گیانی خۆی کرد بە سەرگەردی کوردستان.}

ن: خالخالۆکێ «بەختێ» تەمە، کا بێژە مالا یارێ من کێدەرەیە؟ {خالخالۆکە بە سەرگەردت بم، ئا پێم بێژە ماڵی یارەکەی من لە کوێیە.}

**گیانبەختکردوو:** گیانفیداکردوو.

**نۆبەخت:❶** ئاوەڵناوی لێکدراو کیژێک کە خوازبێنی کرابێ تێبینی: ئەم بۆچوونە ئەگەرێتەوە بۆ ئەو شێوازەی بیرکردنەوەی باوکسالاری کە لایان وابوو، چارەی کچ تەنها شووکردن و چوونە ماڵی مێردە، بۆیە بەختەوەری بەوە ئەزانرا کە کچ بچێتە ماڵ مێرد. چونکە ئەگەر شووی نەکردایەت، ئەمایەوە و ئەبوو بە بار بەسەر باوانەوە. لەگەڵ ئەوەیدا کە ئەزانین ئەمڕۆ، ئەو بۆچوونە دارماڵ هەڵەیە و ئافرەت ئەتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات، مێرد و مناڵ و هەموو ڕەهەندەکانی بەختەوەری خۆی مسۆگەر

بکات.

⇦ **نۆبەخت:**[٢] تازە کیسە، تازە پێگەیشتوو، تازەپیاکەوتوو، کەسێک کە لە ڕووتییەوە دەوڵەمەند بووبێ ☜ بێبەخت.

**بەخت:**[٣] refuge هانابردن، پەنابردن. ⇦ ن: مە خۆ هاویتە بەختا وان {ئێمە پەنامان بۆ ئەوان برد.} ئەز خۆ دەهاوێمە بەختێ تە {من هانام بۆ تۆ هێناوە.}

**بەختبڕان:** fluke چاوگی تێنەپەڕ ئارەزووەمەندی، ڕووداوی بەرێکەوتی دوور لە چاوەڕوانی، بە تایبەت ئەگەری بەختێکی سەرسوڕهێنەر. ع حظ N lykketreff د حظ و آرزو. ن: سەرکەوتنیان زۆر بەرێکەوت بوو.

ن: گەڕانەوی من وەک بەختبڕانە. واتە کاتێک ڕوو ئەدات کە لە هەموو شت نائومێد بوون.

⇦ **بەختان:** پروا ناو نەگبەتی؛ تووشی نەهاتی و نەگبەتی بوون، بەدشانسی و نەهات. ع مصیبة N misfortune د بد شانسی.

ن: بەختانیەتی. تووشی نەگبەتی بووە.

**بەختکردن:** immolation چاوگی تێنەپەڕ قوربانی، نێچیر، کردەی کوشتنی خۆ یان کەسێکی تر یان لەناوبردنی شتێک، ئامادەیی بوردن لە گیانی خۆ؛ لەناوبردنی خۆ یان هەرشتێک بە ئاگرتێبەردان. ع التضحیة N brenning د قربانی. ن: ژنێک هەوڵی خۆکوشتنی داوە بە خۆسووتاندن.

**بەختە:** ناو مەڕ و بزنی دوو ساڵان.

**بەختەمام:** righteous ئاوەڵناو مرۆی ڕاست و قسە پتەو، بەفرسەند، بەویژدان و ڕاستگۆ، پاکیزە، دەستپاک. ع صالح N rettferdig د عادل.

**بەختەوار:** righteous ئاوەڵناو بەفرسەند، بەویژدان و ڕاستگۆ، پاکیزە، دەستپاک، بەختەمام. N rettferdig ع صالح د عادل.

⇦ بەختەوار: بریتییە لە [بەخت + ئە + وار]، وەک کۆڵەوار، سزاوار،

شوێنەوار، ئاسەوار، شەوار، بەندەوار.

**بەختیاری:** happiness ناوی چاوگ شادمانی،کامەرانی،ئاسوودەیی،بەختەوەری، وەک ئەفلاتوون ئەڵێ شادمانی ئەوەیە کە هاوسەنگی لە نێوان سێ هێمانی سەرەکی ئاوەز {reason}، کوڵوکۆ {emotion} و واز {appetite} دا هەبێ؛ تازەترین توێژینەوەش هەمان بۆچوون پاتە ئەکاتەوە و ئەڵێ: بەختیاری باشارکردنی ساتبەساتی خودئاگایە. ع السعادة N lykke د خوشبختی. ⇦ بە گوێرەی توێژینەوەی ٤٢ زانکۆ، بە سەرپەرشتی زانکۆی شیکاگۆ و زانکۆی میلان لەمەڕ بەختیاری، لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٩١ بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ و بە بوودجەییەکی ٩٠ ملیۆن دۆلاری، لە ١٠٠ وڵاتی جیهان، پاش لێکۆڵینەوە لەسەر ١٠٠,٠٠٠ کەس وەکوو نموونە، دەرکەوت کە:

- بەختیاری باشارکردنی ساتبەساتی خودئاگایە.
- بەختیاری هێنی ئەو کەسەیە کە تەناهی لە مێشکیدا جێگیرە.
- واتە خۆی بڕیار ئەدا چ بیرێک بێتە بە مێشکیدا و،
- بە چ شێوەیەک هەڵبسەنگێنرێت؛ کاتێکیش کارەکەی کۆتایی هات، ڕێگە بدات بابەتێکی تر بچێتە ژوورەوە.




**بەختی جۆر:** good luck ئاوەڵناوی لێکدراو بەختی هات و لەبار، بەختی لەبەردڵان. ع حظ سعید N være heldig د خوش شانسی.

**بەخشش:**❶ alms ناوی چاوگ بەلاگێڕ، یارمەتیدانی هەژار بە پارە و خواردن

وەکوو کاری خێر و چاکەی ئایینی. ع الصدقة N almisse د صدقە

**ڕێزانە:** ناوی چاوگ پاداشت، بەخشش لە بەرامبەر کاری چاکەدا.

**بەخشش:**❷ tip داـوونەریت ناوی چاوگ مارکوونە، شاگردانە، دەستخۆشانەی شاگرد، ئەو پارە و یارمەتییەی بە پێخۆشبوونی خۆمان بە کەسێکی ئەدەین لە بەشی خزمەتگوزاری کار ئەکات. ع البقشیش N tips د بخشش.

**بەخشین:**❶ bestow چاوگی تێنەپەڕ پێبەخشین یان پێشکەشکردنی شانازی، ماف یان دیاری. ع أعطی N skjenke د عطا کردن. ن: ڕێزدارترین پلەی شانازی پێ بەخشرا.

**بەخشین:**❷ forgiveness چاوگی تێپەڕ لێبوردن و لەبیرکردن؛ ئەوکاتەیە وا بە شێوەیەکی وشیار و ئاگا و بەپێخۆشبوونی خۆمان لە یەکێک خۆش ئەبین کە خراپەیەکی لە دژی ئێمە ئەنجام داوە، واتە ئەتوانین ئەو خراپەیە لە بیر ببەینەوە، بە مەرجێک کە ئەو کەسەش لەوە تێبگات نابێ کارە خراپەکەی پاتە بکاتەوە. چونکە ئەگەر پاتەی کردەوە واتە ڕێگەمان پێداوە دژی ئێمەش و دژی خەڵکی تریش خراپە بکات و درێژە بە بەدکاری خۆی بدات. ئەگەر کەسێکمان بەخشی و نەمانتوانی لەبیری ببەینەوە، واتە نەمانبەخشیوە و لەگەڵ خۆمان ڕاستگۆ نەبووین. ع مغفرة N tilgivelse د بخشش.

ئەبێ ئەوە بزانین کە بەخشین لەگەڵ ئەم دارەتانە جیاوازە:

- چاوپۆشی و لەبەرچاونەگرتنی کردەوەی تاوانکارانە،
- بە بێگوناهـ ناسینی تاوانکار،
- فەرامۆشی و لەبیر بردنەوەی تاوان،
- بوورین لە لایەن دادگا و دادوەرەوە،
- ئاشتبوونەوە و چاککردنەوەی پەیوەندی تێکچوو.

لەم وێنەیەدا، شاپووری پادشای ساسانی «بوورین» بۆ والریانۆس فەرمانڕەوای ڕۆم و سەناتۆرەکانی دەرئەکات.



**بەخەڵووزکردن:** incinerate چاوگی‌تێپەڕ سووتان، سووتاندن، لەناوبردنی شتومەک بە تایبەتی شمەکی زیادە لە ڕێگەی سووتاندنەوە. ع حرق N brenne د سوزاندن.

**بەدخوا:** sinister ئاوەڵناو ناوی‌لێکدراو دوژمن، نەیار، ئەهریمەنی؛ نگریس، نەگریس، شووم، وەیشوومە، بێودەم، بەدفەڕ، گۆتاڵ، پێڕەش. ع N د

**بەدخوازانە:** malevolent ناوی‌لێکدراو دوژمنانە، نەیارانە، زراپەکارانە. ع حاقد N ondsinnet د موذی، بدخواهانە.

**بەدڕەفتاری:** misconduct ڕەفتاری نەشیاو. ع سوء السلوک N dårlig oppførsel د سوء رفتار. ⇦ **ڕەفتار:** conduct ناو.

**بەدرەلبدوور:** Badroulbadour شازادە ئەفسانە گەڕان-٣ ناوی شازادەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی دوورە لە چیرۆکی عەلادین و چرای جادوو لە کۆمەڵە چیرۆکی هەزارویەک شەو.










**بەدفەرجام:** ناوی‌لێکدراو ناخۆش، نالەبار، دژوار. ◄ فەرجام: [فەر+ئەنجام] فەر بە واتای باش و پیرۆز، کاری کۆتایی باش ئەگرێتەوە. هەرچەند واتاکە وەکوو ئەنجامی لێهاتووە، بەڵام کە ئەوترێ بەدفەرجام واتای خۆی پاراستووە: کارێک کە ئەنجامێکی باشی نەبووە، بەدچارەنووس بووە.

**بەدفەڕ:❶** vile ئاوەڵناوی‌لێکدراو بەدهزر، ناجسن، بەوەی، بەوەیشوومە، نەتوو، ئاکار خراپ. ڕیشەناسی لە وشەی ئاڤێستایی [پاد: سزا+ ئافرە: خراپ]

لە ئایینی پیرۆزی مەزداپەرستی، بە واتای سزای کاری بەد و کردەوەی ناشایست هاتووە. [ع] تافە [N] sjofel [د] بداخلاق [E] nefarious. ☜ پادگان

**بەدفەڕ:** ❷ badass ئاوەڵناوی لێکدراو نەبەز، نەتوو، مرۆڤی بەهێز و لێهاتوو. [ع] قاس، قوی [N] sterk, vanskelig [د] سر سخت، آزمودە.

**بەدڵ:** earnestness ئاوەڵناو بەڕاستی، شێلگیرانە، ئیستەرەم، لەناخەوە. [ع] بالجد [N] alvor [د] با جدیت.

**بەدڵداهاتن:** premonition شێوەزانست چاوگی تێپەڕ سەرۆ، دڵخەبەردان، تەگەرەکردن، پێشبینی پێشوەخت، پێشبینی ڕووداوی ناخۆش کردن. هەست و دارەتێکی دەروونییە کە زیاتر بە هۆی ترس و بڕوا بە هێزی بانسروشتییەوە، لە کاتی تەنگانە و تەنهاییدا، لای هەندێ کەس بەدی دێ. [ع] هاجس [N] forutanelse [د] فکر قبلی.









**بە دڵنیاییەوە:** assuredly ئاوەڵکار بە شێوەی بڕوابەخۆ و بە توانا ویستی خۆ. [ع] بثقة [N] selvsikkert [د] با اطمینان. ⇦ **متمانە:** trust ناو بڕوا و دڵنیایی، ئار خایەنی، هەروەها بە واتای متمانەی ئایینی و پشتبەستن و بڕواداری بە لایەنی مینەوی دێت. [ع] ثقة [N] tillit [د] اعتماد.

**بەدناو:** Notorious فیلم فیلمی ئەمریکایی ١٩٤٦ دەرهێنانی ئاڵفرێد هیچکاک.

**بەدنیهاد:** malign ئاوەڵناوی لێکدراو ناپاک، نەمەکناس، نارەسەن، بێئادەر،

بەدنیاز. ع خبیث N ondartet د خبیث. ☜ نیهاد ☜ پاکنیهاد.

**بەدواداچوونی ڕاستی:** fact finding دادوەری دۆزینەوە و جێگیرکردنی ڕاستییەکانی پرسێک. ع استقصاء الحقیقهة N faktafunn د کشف واقعیات.

**بەدبەدبە:** pompous ئاوەڵناوی لێکدراو بەشکۆ، شکۆدار، بە خۆبادانەوە. ع مطنطن N pompøs د مطنطن.

**بەدەستهێنان:** acquisition چاوگ ئابووری ئاڵوگۆڕ کڕینی پاژ و سامانی لایەنێک؛ پەرەپێدانی کارامەیی و لێهاتوویی. ع اکتساب N oppkjøp د تحصیل E attainment.

**بەدەستهێنان:** attainment چاوگ ئابووری چاوگی تێپەڕ گیرخستن، دەسخستن، پێگەیشتن؛ کردار و ڕۆژەڤی گەیشتن بە ئامانجێک کە مرۆڤ کاری بۆ کردووە. ع احراز N oppnåelse د حصول.

**بە دەگمەن:** rarely ئاوەڵکار زۆر نا، جارجارە. ع نادرا N sjelden د بە ندرت. ن: کەم ئەهات بۆ ئەوی، بۆیە بە دەگمەن ئەمبینی.

**بەدەمار:** smug ئاوەڵناوی لێکدراو بەفیز، بەدەعیە، لەمەخۆبایی، خۆبەلزان؛ مێرخاس، بەغیرەت. ع متعجرف N selvtilfreds د از خود راضی.

ن: جۆرێکی بەدەمار خۆی پیشان دا.

**بەدەو:** beautiful ئاوەڵناو جوان، شیک، خوشیک. ع جمیل N vakker د زیبا. ⇦ **لاوچاک:** handsome ئاوەڵناو کوڕ و پیاوی قۆز و هەڵکەوتوو. ع وسیم N kjekk د خوش طیپ.

**بەرئوستاد:** pupil ناوی لێکدراو شاگرد، دەستپەروەردە. ⇦ pupil بە بیلبیلەی چاویش ئەوترێ. ع التلمید N elev د شاگرد E protege.

**بەرئەفسەر:** noncommissioned officer_NCO سەربازی ناوی لێکدراو پلەیەک لە بەرباز بالاتر، سەربازی خاوەن بڕوانامەی بالا کە پلەی بەرز نابێتەوە، چونکە

بڕوانامەی زانکۆی ئەفسەری نییە و تەنها لە ماوەی خزمەتی سەربازیدا وەکوو ئەفسەر خزمەت ئەکات. ئەم پلەیە لە سپای کلاسیکدا نەبووە. ع ضابط صف N underoffiser د افسر وظیفه، درجەدار. ⇐ **سەرباز**

**و بەرباز:** بەراوەرد سەربازی ئاسایی و سەربازی پلەدار وەکوو یاوەر د سرباز و درجەدار.

**بەرازە:** ناو لێوی سەرەوەی وشتر یان یاتاڵ بەرازەیە، لێوی خوارەوە شیرەیە ⇐ **شیرە و بەرازە:** ناو لێوی سەروو و خواروو.

**بەرازی گینێ:** guinea_pigs مشکی تاقیگە. ع خنازیر غینیا N marsvin د خوک گینە، موش آزمایشگاە.



**بەراورد:** reckoning فەرمان کردار یان ڕەوتی قرساندن یان خەملاندنی شتێک و بەرنامە بۆدانان.

**بەراوردکاری:** comparative ناوی چاوگ ئەو شتانەی بە بەراوەردکردن و بەیەک چواندن تێگەیشتنیان ئاسانتر ئەبێ. ع مقارنة N sammenlignende د تطبیقی، قیاسی.

**بەراوەژوو:** invert ئاوەڵناوی لێکدراو هەڵاوەگێڕ، بەراوەژی. ع قلب N invertere د وارونە.

**بەرایی:** ١) بەراهی، ڕەوادیتن، نم: دڵم بەرایی نادا ئازاری بدەم ٢) ئۆقرە، نم: دڵم بەرایی نایە.

**بەرباز:** noncommissioned officer_NCO سەربازی ناوی لێکدراو لە بەرئەفسەر خوارتر، سەربازی بێ بڕوانامەی باڵا کە پلەی بەرز نابێتەوە، چونکە بڕوانامەی زانکۆی ئەفسەری نییە و تەنها لە ماوەی خزمەتی سەربازیدا

وەکوو ئەفسەر خزمەت ئەکات. ئەم پلەیە لە سپای کلاسیکدا نەبووە.
ع ضابط صف N underoffiser د افسر وظیفه، درجەدار G دەستی.

سەرباز و بەرباز: پەراوەرد سەربازی ئاسایی و سەربازی پلەدار وەکوو یاوەر د سرباز و درجەدار.






**بەربڵاو:** pervasively ناو بەرفراوان، بەرفرەھ، بەرین، بە شێوەیەکی هەمەلایەن لە ناوچە یان لە ناو ژمارەیەکی زۆردا دابەشکراو. ع علی نطاق واسع N gjennomgående د بە طور فراگیر E extensive, widespread.

**بەربەر:** Barbary نەتەوە نیشتمان کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێ بە وڵاتانی سارازێنی باکووری ئەفریقا وەکوو مەراکۆ و جەزایر و توونس و لیبی و مووریشی ئیسپانیا وتراوە لە سەدەی ١٦ تا ١٩، دانیشتوانی باکووری ئەو چوار وڵاتە کە بە بەربەر ناسراون لە ڕاستیدا ئامازیغین و، هەرچەند کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێی عەرەب وڵاتەکانیانی داگیر کردووە، بەڵام تا ئێستەش نەیانتوانیوە تەعریبیان بکەن. زیاتر لە ٥٠ ملیۆن نەتەوەی ئامازیغی لەسەر «خاکی خۆیان» بە زمانی خۆیان قسە ئەکەن، ئاڵا و ئابێ و نووسینی تایبەت بە خۆیان هەیە.






**بەربووورە:** Fiction ناو تەمار، وێژەی دەق، وەکوو کورتەچیرۆک و ڕۆمان کە ڕووداو و کەسانی تەمار پیشان ئەدا د خیالی.

**بەربەست:❶** dam بەنداو ناو بەند، ئاوبەند، بەنداو، کەبەرە، لەمپەری ئاوگەڕاندنەوە، بە تایبەت لەسەر چەم، تا ئاوەکەی لا بدات یان گل بداتەوە. ع سد N demning د سد. ⇐ بەندی ڕاگوێز: بەندی لادان، یان هێنانەسەرەوە یان گواستنەوەی ئاو. ⇐ **ئاوبارە:** Water bridge ناو بۆتک، بووت، پردی ئاو گواستنەوە. ع جسر ماء N Vannbro د قنطرە.

**بەربەست:❷** barricade ناو لەمپەری سەرڕێگە، ڕێبەندان، باریکاد. ع حاجز N barrikade د مانع E hurdle.

**بەربەست:❸** impediment ناوی فەرمان کار یان ڕەوتی بەستن، ڕێگرتن یان بەرگرتن لە ئەنجامی کارێک.





**بەربەسێڵ:** fried meat with yogurt خۆراک ناو قوراو، چێشتی گۆشت و ماستە، خواردنێکی کوردییە بە شێوەی جۆراوجۆر لە ناوچەی جیاواز دروست ئەکرێ. بە پلەگۆشتی بەرخ لەگەڵ پیاز و ڕۆن و سەوزی لە ناو ساج ساز ئەکرێ، پاش ئەوەی گۆشتەکە سوورەوە بوو ماستی خەست ئەکەن بەسەریدا و باش تێکەڵی ئەکەن. بەربەسێڵ زیاتر خواردنی شوان و گۆڵ و باخەوان بووە. ⇐ ستراگانۆفی ڕووسی وەکوو بەربەسێڵ وایە، بەس لە جیاتی ماست، قەیماخی تێئەکرێ.

☜ ستراگانۆڤ






**بەربەند:** hurdle ناو ڕێگر، کۆسپ، بەربەست، لەمپەری سەرڕێگە. ع حاجز N barriere د مانع.





**بەربەندێتی:** embargo ڕامیاری ئابووری ناو ئابلۆقە، گەمارۆ، لەمپەر، تەگەرە؛ بەربەندی ئابووری، بەرێگرتنی جموجوڵی بازرگانی، بە تایبەت جموجوڵی کەشتییەکان. ع حصار N embargo د ممنوعیت، تحریم. ☜ تاریفە









**بەرپل:** abundant ناوی لێکدراو لە بەردەست، لە تێرەس. ع وفیر N

rikelig د در معرض قرارداشتن، وافر.

**بەرپلنەکەوتوو :** unseizable ناوی لێکدراو ناهروو، سرک و ڕەمۆک کە گرتن و بەدەستهێنانی زۆر دژوارە. ع متعذر N ubrukelig د دست نیافتنی.

**بەرپێکی هانا :** appeal داد مافناسر بەڵگە سکالاّ یان داخوازی بۆ دادگای بالاّ بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیاری دادگای سەرەتایی. ع استئناف N anke د استیناف، تجدید نظر. تێبینی: وشەی appeal هەڵبەت واتای تریشی هەیە، وەکوو داخوازی و داواکارییەکی تایبەت، بە تایبەت ئەوەی کە ڕووی لە جەماوەر بێ، واتە ڕاگەیاندن و شەونامە و نامەی سەرئاوەڵە.




**بە تایبەت :** especially ئاوەڵکار نەخوازە، نەمازە. ع خصوصا N særlig د خصوصا.

**بەرامە :** smell, scent ناو بۆن، بۆ، بۆنی خۆش، بێن، بەرام، بەرامەیەک بە هۆی هەستی بۆنەوە ئەبیسترێ. ع رائحة N duft د رایحە.

**بەرپرسیایەتی :** responsibility ناو بەرپرسیاری، وەڵامدانەوەی نیازە ڕاستەقینە و پێویستەکانی خۆ و خۆشکردنی ڕێگە بۆ ئەوانی تر. ع المسئولية N ansvar د مسئولیت.

**بەرجەستەوێنا :** personification ناو کەسینکرن، نوێنەرەوە، دەربڕ بریتییە لە نواندنەوەی شتێکی ئەبستراکت، شتێکی بێ گیان لە ڕواڵەتی مرۆییدا. لە هونەردا زۆر شت بە شێوەیەکی باو بەرجەستەوێنا ئەکرێن.

ع الصفة المجسدة N personifiseringen د تجسم شخصیت.

ن: کزەیەک گۆنای رووشاند. ن: پلیکانە کۆنەکان لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا دەگریان. ن: کات دەفڕێ کاتێک لە خۆشی دایت. ن: فریشتەی ئەوین. ن: پەری هیوا لە سەر شانی نیشتەوە. ن: خۆر زەردەخەنەی بۆ دەکردین کاتێک بە قاقا پێ ئەکەنین.






**بەرجەوەن:** scenery ناو دیمەن، چاوگە، تەماشاگە

مشهد N natur د منظره، چشم انداز.





**بەرچاوگە:** ناو دوو پارچە چەرم کە ئەدری لە سەرکەللەی یەکسم لە ئاستی چاویدا بۆ ئەوی ئەملا و ئەولا نەبینێ و سەرنجێ چەق ببەستێتە بەردەمی. هێمایر هەندێ جار وەکوو تەوس و پلار بەکار هێنراوە: ن: بەرچاوگەکەی خوار داناوە؛ واتا سەرەتاتکێیەتی. ن: یان بەرچاوگەیان بۆ داناوە، کە مەبەست ئەوەیە سنوریان بۆ کەسێک دانابێ جگە لەوە

نەبینێ، وا بۆیان دیاری کردووە.

**بەرجینگ:** ناو پارچە خشڵێک یا چەند زەنگیانە و مووروویەکی هۆنراوەیە ژنان بۆ جوانی دەیکەن بە پێش سەریاندا.





**بەرچەپۆکی:** abjection ناوی چاوگ دژمان، بێڕێزیی، ساتوولی، گرزی. ع ذلة، دناءة N avsky د ذلت.

**بەرخۆ:** sagacious ئاوەڵناو وریا و ئاگادار، ئاگاه، بریڤ، زێرەقان، هوشیار، زیرەک، وشت. ع ذکی N sagkyndig د زیرک.

**بەرخوردار:** success ناو بەدەستهێنانی سەرکەوتن، سووکسە. ع ناجح، مفلح N suksess د موفق. ✗: بەرخوردار بی: بە مراز بگەی.






**بەرخی برژاو:** roast lamb ئاشپەزی بەرخێکە لەناو فرن یان تەنوور برژابێ، ڕووتی دانژۆ. ع خروف مشوي N stekt lam د برە تفت دادە شدە F Rôti d'agneau.




**بەردار:** fruitful ئاوەڵناو دار یان عەردی بەبرِشت و بەپیت. ع مثمر N fruktbart د میوەدار : ئەم دەنکە ئەبێ بە درەختێکی بەردار.





**بەرداشت:** harvesting ناوی چاوگ بەهرەی زەوی، دووړینەوەی بەرهەمی زەوی، درووێنەکردن. ع حصاد N høsting د برداشت.

**بەردایی:** leave ناو رِێدایی، پشووی فەرمی ساڵانە. ع اجازة N permisjon د مرخصی.

**بەرد و ئەستێ:** flint and steel ئامێر ناو ئەستێ ئاسنێکە لە بەردی ئەدەن ئاگری لێ ئەبێتەوە. ⇚ ع الصوان والصلب N Flint og stål د آهن و چخماخ.






**بەرد پەڕە دوێرد:** rock paper scissors گەمە یارییەکە تەنها بە دەست و لە نێوان دوو کەسدا ئەنجام دەدرێت، هەر یاریزانێک لە یەک کاتدا بە دەستێکی درێژکراو یەکێک لە سێ شێوەی «بەرد»، «پەڕە» یان «دوێرد» دروست دەکات.

◄ **شێوەی یاری:** هەردوو یاریزان پێکەوە دەست دەکەن بە ژماردن تا سێ و بە یەکجار دەستیان دادەبەزێنن کە لە دۆخی مشتدا دەگیرێت و دەیخەنە یەکێک لە سێ دۆخی ڕێگەپێدراو بە گوێرەی ڕێسا: **دوێرد لە پەڕە** دەدات، **پەڕە لە بەرد** دەدات، **بەرد لە دوێرد** دەدات. ئەگەر دۆخی دەستەکان وەک یەک بن، ئەم کرداره پاتە دەبێتەوە تا یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا سەردەکەوێت.






**بەردەئاهەک:** limestone ئەستوو ناو بەردی ئاهەک، بەردێکی تەمتەمی ڕەقە، بە زۆری لە کەربۆناتی کالسیۆم یان دۆلۆمیت بەدی هاتووە، وەکوو کەرەستەی خانووسازی وەکوو قسڵ و لە دروستکردنی چیمەنتۆدا سوودی لێ وەرئەگیرێ.






**بەردەباز:** stepping_stone ناو هۆی گەیشتنە ئامانج. ع نقطة انطلاق، وسیلة للتقدم N springbrett د نقطة انطلاق، وسیلة للتقدم.

**بەردەبیرۆ:❶** ناو بەردێکە بۆ رەق و سەختی نموونەیە. ⇦ وەک بەردە بیرۆی لێهاتووە؛ خاراوە.

**بەردەبیرۆ:❷** Dear Abby شێوەزانست دەروونناسی داب‌ونەریت هێمایر مامەخەمە، ستوونی ڕاوێژ و ڕێنموونی گۆڤارەکان. لە ئەفسانەدا هاتووە بەردەبیرۆ ئەوەندە گوێ لە بەزارەی دەردەداران ڕائەگری کە ئیتر خۆی پێ ڕاناگیرێ و لە حەزمەتان شەق ئەبات. ع صخرة صماء N Dear Abby د سنگ صبور. ⇦ Dear Abby ئەبی بەرێز، ستوونێکە لە ساڵی ١٩٥٦ لە لایەن پاولین فیلیپسەوە لە ژێر ناوی ئەبیگەیل ڤان بوورێن دەستی پێکرد و لە ١٢٠٠ گۆڤار و ڕۆژنامەدا بەرێوە ئەچوو. ئەمڕۆش لە لایەن کچەکەی پاولین فیلیپسەوە بەردەوامە. بە وتەی پاولین فیلیپس، ئەو ناوە، ئەبیگەیل ڤان بوورێن، لە تێکەڵکردنی ناوی کەسایەتی ئینجیلی ئەبیگەیل Abigail لە پەرتووکی ساموێل، لەگەڵ پاشناوی مارتن ڤان بوورێن Martin Van Buren سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، بەدی هاتووە.








**بەردەپووک:** geode زەوییناسی ناو جیۆد، بەردێکی ناو هۆڵۆڵە لە بنخاڵە و ڕۆنیشتە یان ڕەوەزی بۆرکانیدا هەیە. ناویان کرستاڵی و ڤاپووڕیان ڕەقە. ع geode N جیود د ژئود.








**بەردە پیتۆڵ:** Philosopher's stone ئەستوو ئەفسانە شێوەزانست یان ڕووژەی ڕەش black diamond یان ئیکسیری جادوو، هێسنێک بووە کە بە هۆیەوە شتی کەمبایی کراوە بە شتی بەنرخ. ئەم هێسنی جادووە مەرج نییە بەرد بووبێ، چونکە ئەڵێ شتێک بووە وەک بەرد ڕەق و وەک مۆم نەرم. ئامێرێکی ئەفسانەییە کە لە کیمیاگەریدا کە لایان وابوو کانزا ئەکا بە زێڕ. لاشیان وابووە کە ئاوی ژیانە و بۆ گەنجبوونەوە و ئەنووشەیی و نەمریی بەکاردردێ. گەڕان بۆ بەردەپیتۆڵ بۆ ماوەیەکی دووردرێژ ئامانجی کیمیاگەرانی ڕۆژئاوا بوو. کیمیاگەری بە واتای ڕووناکی بۆ خاوەنەکەی و بە واتای گەیشتنەوەی گیانی مرۆیی بە ڕادەی باڵا و بە ئاستی خوداوەندی بووە و پەیوەندی نهێنی لەگەڵ شێوازی سۆفیگەری چەپ هەبووە.







**بەردەست:**[1] obtainable, available ئاوەڵناو ئەو شتەی هەیە و دەست پێی ڕائەگات. ع موجود، متوفر N oppnåelig, tilgjengelig د موجود، متوفر.




**بەردەست:❷** servant, chmaid پیشە ناو پاکار، هەیتە، کەسێک کە بەردەستەیە و خزمەتی کەسێک ئەکات. ع خادمة N kammerpike د خدمتکار.

**بەردەست:❸** orderly ناو خزمەتکاری تایبەتی ئەفسەری باڵا لە سپادا. ع مرتب N tildelt د گماشتە.

**بەردەست:❹** ناو کووتاڵی ئاسەری قۆڵ لە نزیک جومگەوە.

**بەردەست:❺** butler خزمەتکار ناو هەژمە، خزمەتکار، لە ئینگلیزییەکەی کلاوگەڕی bowler-hatted نووسراوە، کە کلاوێکە لە لبادی بەرگنی پەستراوەی لێواردار، ڕەنگە زیاتر لەو ڕووەوە کە زۆربەی خزماتکاران لەو جۆر کلاوە لەسەر ئەکەن.



**بەردەڵان:** rocky ئاوەڵناو تەمتمان، چەقەن، زیخەڵان، قۆمز، کەقرۆک،

نهێرد. ع صخري N steinete د سنگلاخ.



**بەردەنگ:** audience ناوی‌بەرکار ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ ئەکەی یان شێکی پیشان ئەدەی، خوێنەر. ع الجمهور N publikum د مخاطب.

**بەردەنووس:** epitaph ناو دێڕە هۆنراوە، دەستەواژە یان پەخشانێک بە یادی مردوویەک، بە تایبەت وەک نووسراوی سەر کێلێک. ع نقش على ضريح N epitafium د سنگ فەرمان.

**بەردەنیگار:** petrograph ناو نیگار یان نەخشاندنێک لە سەر بەرد، لە لایەن ئەندامێکی گەلێکی دێرس و پێش مێژووەوە کێشرابێت یان هەڵکەندرابێت. بەردە نیگار یان پەترۆگرافی بە سەرچاوەی وشە دانراوە. ع بتروغراف N petrograf د سنگ نگار. ☜ پەترۆگرافی




**بەردەوامی:** duration سینەما ناوی‌لێکدراو ـــینەما چییە وا دیارە بازن لێرەدا واتای بەرگسۆنی وشەی «بەردەوامی» مەبەست بووە. فەلسەفەی

بەرگسۆن لە بنەمادا سەبارەت بە «کات» بوو. ئەمە تەنها نموونە نییە بازن زاراوە و چەمکی بەرگسۆنی بەکار هێناوە {☜ وتاری دەربارەی کابیریا}. بەرگسۆن دوو کات لە بەرامبەر یەکدا دائەنێ. یەکیان کاتی بابەتی «کە چوارچێوەیەکە بۆ ڕۆژەڤی بەرهەست و؛ ئەوی تر کاتی ئەندێشەیی، کاتێک کە تێیدا ئەژین، واتە بەردەوامی.» بەرگسۆن ژیانی مرۆڤ لە «ڕۆژەڤی بەرهەست و چالاکی زانستی» جیا ئەکاتەوە و ئەیگۆڕێ بە «ئەزموونی بەردەوامی، بە ڕەوتی بەردەوامی دارەتەکانی هەناوی ناخودئاگا». ئەم خاڵە بەکارهێنانی بازن لە وشەی «دەروونناسیگەری» لە وتاری «کابیریا»دا ڕوون ئەکاتەوە.
هیو گرەی

**بەردی ئاهەک:** limestone ئەستوو ناو بەردەئاهەک، بەردێکی تەمتەمی ڕەقە، بە زۆری لە کەربۆناتی کالسیۆم یان دۆلۆمیت بەدی هاتووە، وەکوو کەرەستەی خانووسازی وەکوو قسڵ و لە دروستکردنی چیمەنتۆدا سوودی لێ وەرئەگیرێ.




**بەردیاییڤ:** Nikolai Berdyaev فەیلەسووف {١٨٧٤ـ١٩٤٨} فیلەسووفی ڕووسی.

**بەرزا:** منداڵی یەکەم، کەسی یەکەم، سەرتۆپ.

**بەرزترین:** superlative ئاوەڵناو باڵاترین پلە یان چۆنایەتی. ع ارفع N superlativ د بالاترین. ن: بەرزترین شارەزایی.

**بەرزترین پەیکەر:** tallest statue ئاوەڵناو بڵندترین پەیکەر لە جیهاندا،

پەیکەری ڕامیاری هیندی سەردار ڤالاببهای پاتەل، لە دامەزرێنەرانی هیندستانی مۆدێرن بە ناوی **یەکێتی** لە پارێزگای گوجارات، لە تەنیشت ڕێژگەی ڕووباری نارمادا بە بەرزی ١٨٢ مەترە، وەک ناوەندێکی ڕۆشنبیری و سەیران و گەشتیاری، نەک تەنها شوێنەوارێک. ع أطول تمثال N høyeste statue د بلندترين مجسمه.




**بەرزکردنەوە:** چاوگی دوولۆ چاوگی تێپەڕ هەڵگرتنی ژن بەفێڵ، هەڵگرتن.

**ڕەدووخستن:** چاوگی تێپەڕ هەڵگرتن یان بەرزکردنەوەی ژن بە پێخۆشبوونی خۆی. **ڕەدووکەوتن:** چاوگی تێنەپەڕ ڕۆیشتنی ژن لەگەڵ پیاو بە پێخۆشبوونی خۆی.

**بەرزە:**[1] بەرزەک، قوتکە. ن: لێم بووە بە بەرزەکی بانان.

**بەرزە:**[2] ڤیتایی لەناو تەختایی‌دا.

**بەرزە:**[3] وندا، بزر، گوم، نادیار.

 

**بەرزەبایی:** ناوی چاوگ لووتبەرزی، بەرزەفڕی، بەرزەخوازی.

**بەرزەبڵێس:** ئاوەڵناو چەورە، مشەخۆر، خۆ تێهەڵقورتێنەر.

**بەرزەخ:** purgatory ناو بەرزەک؛ زاخ لە کوردیدا شاخ و، بەرزاخ هەمان بەرشاخ و نێوانی دوو کێو، یان نێوانی دوو شتە. لە زۆربەی دینەکاندا بە واتای شتێکە لە نێوانی دوو شتدا بێ. لە ئایینی زەردەشتی شوێنێکە لە نێوان دۆزەخ و بەرەدیس، کەسانێک ئەچنە ئەوێ کە تەرازووی چاکە و خراپەیان لە ژیاندا بەرامبەرە، لەلای جوولەکە بە ڕوونی ئەماژەی پێنەدراوە، بەرزەخ لای فەلە شوێنێکە هەندێ لە گوناهکاران بەر لە چوون بۆ بەرەدیس لەوێ گوناهەکانیان پاک ئەبێتەوە، لە ئیسلامدا بە جیهانێک ئەوترێ لە نێوان ئەم جیهانە و جیهانی دوایی، جیهانی گۆڕ ئەتوانێ باخێکی پرەدیس یان بە خەرەندێکی دۆزەخ بێ.



**بەرزەخواز:** ambitious ئاوەڵناو بەرزەفڕ، وازی توندوتیژ بۆ ئەنجامدن یان گەیشتن بە مەبەستێک لە بواری ناوبانگ و دەسەڵات و سامان و هتد... ع طموح N ambisiøs د جاەطلب.

**بەرزەخوازی:** ambition ناوی چاوگ بەرزەفڕی، وازی توندوتیژ بۆ ئەنجامدن یان گەیشتن بە مەبەستێک لە بواری ناوبانگ و دەسەڵات و سامان و هتد... ع طموح N ambisjon د جاەطلبی.

**بەرزەک:**❶ ناو جوگرافیا ئەو پارچەزەوییەی ئەکەوێتە نێوان دوو زەریاوە، لە ئایینی زەردەشتی شوێنێکە لە نێوان دۆزەخ و پەرەدیس، کەسانێک ئەچنە ئەوێ کە تەرازووی چاکە و خراپەیان لە ژیاندا بەرامبەرە.

**بەرزەک:**❷ limbo ناو بڵندایی ناوبەناوی ناو تەختایی.

ن: لێم بووە بە بەرزەکی بانان.

**بەرزەک:**❸ ناو دووکەڵی دووکەڵکێشی زۆپای دار هێمایر وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو: گەر کەسێک کارێکی نائاسایی بکات و خۆی لێ گێڵ بکات و لێی هەڵێ، ئەڵێن وەک بەرزەکی بابان بۆی دەرچوو، واتە وەک (دووکەڵی بانان ـ دووکەڵی سەربانان) چوو بە حەوادا و ون بوو.

**بەرزەلنگ:** ڕووەک ناو زەنگۆڵەگیا، بنجەگیایەکی باڵابەرزی بۆن خۆشی کوێستانییە لە تیرەی پونگ و جاترە، گوڵی شین و ورد ئەگرێ. لە میسۆلۆژی هەورامیدا «لنگ» بە واتای خوای ئاسۆ و خوای بەرزایی، بەرزەلنگ واتە گیاندار یان ڕووەکێک کە لە بەرزایی بڕوێ.



**بەرژەند:** benefit ناو بەرژەوەند، سوود، قازانج. ع المنفعة N fordel د منفعت.

**بەرژەنگ:** ❶ badge ئاوەڵناو چەفەنگ، نیشانەی دیاریکراوی دەزگا، پلە و ئەندامەتی و پسوولەی پیشەیی. ⟸ بەرژەنگی پۆلیس: police badge.




**بەرژەنگ:** ❷ ئاوەڵناو نیشانەی نەخۆشی

**بەرژەنگ:** ❸ ناوی چاوگ ڕوودان.

**بەرژەنگ:** ❹ ناو نەخۆشی، ناسازیی.

**بەرژەنگ:** ❺ Logo بەرژەنگناسی ناو لۆگۆ، نیشانە، ئارم، چەفەنگ، هێما یان نیشانەیەک لا لایەن ناوەندێکی پیشەسازی یان بازرگانییەوە بۆ ناسینەوەی کاڵا یان ئامێر و کەرەستەکانیان دائەنرێ. ع شعار N Logo د عارضە.



وێنەی بەرژەنگی شاری سەقز.




**بەرژەنگناسی:** heraldry ناوی لێکدراو هەراڵدری، پیشە یان زانستێکە لە مێژووی پاشایەتیی و خانەدانە ئاریستۆکراتەکاندا بۆ ناسینی چەمکی هێما و نیشانەکان. بە یارمەتیی ئەم زانستە ناو و نیشانی بنەماڵە، جەنگاوەران، ڕەنگی تایبەتی، هێما، مۆر، خشڵ، هەڵکەنراو و سکەکان دیاری ئەکرێ. ع علم شعارات النبالة N heraldikk د نجبا و علائم نجابت خانوادگی.









**بەرژەنگی ئایینەکان:** بەرژەنگناسی نیشانەیەکی دیاریکراوە کە نوێنەرەوەی ئایینێکی تایبەتە. بەرژەنگە ئایینییەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆر و هەروەها لە سیای ئەمریکادا سوودی لێ وەرگیراوە.




**بەرژەنگی نەگۆڕ:** بەرژەنگناسی NFT یان non_fungible token یان هێمای نەگۆڕ، بەرژەنگی ئادار، یان تاقانە، بەرژەنگێکی کۆدنووسییە کە نیشانەی شتێکی تاقانەیە. بۆیە بەرژەنگی نەگۆڕ پێکەوە ناگۆڕدرێن و ئەمەلەگەڵ بەهای بەرژەنگی پایە وەکوو بیت کۆین ناکۆکە بەرژەنگی زۆر لە تۆڕەکانە کە ماهەکێکی جێگۆڕکێکەریان هەیە.

تۆکن یان هێمای NFT لەو بەرنامە دیجیتاڵییە تایبەتانەی وەکوو هونەری هێمانووسی و هێمانووسینەوە سوودی لێ وەرئەگیرێ و لە ٢٠١٧ەوە ڕێگەی بۆ هونەری «ناوازە» خۆش کردووە.



**بەرژەنە:** شێوەمەنر ناو ژەمەنێک کەرە، بەرەمەشکە، کەرەی لە یەک جار مەشکەژاندن پەیدا ئەبێ. ⇦ **ژەمەن:** ناو ١} کەرەی بەرە مەشکەیەک ٢} جەمەنان، ژەم، خواردن لە کاتی دیاری کراو ٣} مایەی ژیان، بژیو، **ژەم بوردوو:** ناوی لێکدراو ژەمەن بردە، ژەمی خواردن لەدەست چووگ.

**بەرژەوەند:** benefit ناو بەرژەند، سوود، قازانج ع المنفعة N fordel د منفعت.

**بەرژەوەندی:** benefit ناوی لێکدراو سوود و قازانج. ع المنفعة N Fordel د منفعت.

**بەرس:** ناو ئەو چێوە لە لووتی ورچ و وشتری ئەکەن، قەمتەری دار.





**بەرسەم:** ناو بەرژەنگ ئەو دەستە شووڵەی کە زەردەشتی‌یان لە کاتی نزاکردندا بە دەستیەوە ئەگرن ☜ شاکۆن ☜ مەنتەشا.







**بەرسیلە:** sour grape ناو قۆرە، کالکی ترێ، ترێی هێشتا ترش، بەسیرە، هاڵە. ع الحصرم N sur drue د غورە.

**ڤێرژوو:** verjus جۆرێ بەرسیلەیە کە هەرگیز بە تەواوەتی ناگا و نابێ بە ترێ، هەروەها واتایەکی وەکوو ئاوی بەرسیلە ئەگرێتەوە، لە ڕۆمانی گەڕان بەرگر٤ بە واتای هێشوویەک بەرسیلە هاتووە، وشەکە لە {vertjus} لە [verdant + jus]ی فەڕانسەوە هاتووە و چووەتە ناو زمانی ئینگلیزی، کە وشەی verdant، بەرسیلە ئەگرێتەوە. ع حصرم N verjus د غورە.

**ئاوی قۆرە:** verjuice چێژەمەنی چۆراوی بەرسیلەیە بۆ چێژدار و ترشکردنی خواردەمەنی. ع عصیر حصرم N verjuice د آبغورە.







**بەرشیو:** appetizer خۆراک ناو بەردڵکەرەوە، خواردنی بەر لە چێشت، ئیشتیا کەرەوە، خۆراکی ئێواران، عەسرۆجە. ع مشهی N forrett د مشهی.

**پاششیو:** dessert دێسر، خواردنی شیرین کە پاش ژەم ئەخورێ. ع حَلوَی N dessert د دسر.

بەرچایی، قاوڵتی {قاوەتوون}، چاس، بەرشیو {عەسرۆجە}، شیو؛ دوای ئەویش پارشیو.





**بەرفرە:** comprehensive ئاوەڵناو بەربڵاو، پەرەدراو، بەرگوشاد، پان و بەرین. ع شامل N omfattende د گستردە.

**بەرفرەوان:** abortion ئاوەڵناو بەرفراوان، بەربڵاو، پەرەدراو، بەرگوشاد، پان و بەرین.

**بەرفڕێدان:** چاوگی تێپەڕ منداڵ لەبار چوون، بەراویتن، کۆتاییهێنانی بە ئەنقەستی دووگیانی لە ماوەی ٢٨ حەفتەی یەکەمی دووگیانیدا ع اجهاض اسقاط N abort د سقط جنین.

**بەرکاتی:** کرێکاری بەوەخت و سات. ⇐ {ئێمە بەرکاتین، بە گوێرەی کاتژمێر مووچە وەرئەگرین}.

**بەرک سور مێر:** Berck-sur-Mer جوگرافیا بەندەر بەندەرێکە لە باکووری ڕۆژئاوای فەرانسە، بووژانگەی نەخۆشی ئێسکی لێیە.

**بەرگر:** ❶ bearable ئاوەڵناو خۆڕاگر، شیاوی دەربازکردن، شیاوی خۆگرتن، هەڵگیر. ع متحمل N utholdelig د قابل تحمل.

**بەرگر:** ❷ hedge ئابووری بازرگانی چاوگی تێپەڕ فەرمان پێگەی بەرگر، پێگەیەکی وەبەرهێنانە کە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی زیان یان قازانجی ئەگەرییە کە لەوانەیە بە هۆی وەبەرهێنانێکی هاوشێوەی دیکە تووشی ببێت. ع التحوط أو طوق N økonomisk barrier د حصار، مانع.

⇐ **پلانی بەرگر:** hedging ئابووری بازرگانی چاوگی تێپەڕ فەرمان ستراتیژییەکی پێشگرتنی پێشکەوتووی بەڕێوەبردنی مەترسییە کە کڕین یان فرۆشتنی وەبەرهێنانێک لەخۆدەگرێت، بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر پێگەیەکی هەبوو کەم بکاتەوە. درێژە ⇐ پلانی بەرگر جۆرێکە لە وەبەرهێنان کە مەترسی قازانج و زیانی بەرنامەی وەبەرهێنان کەمدەکاتەوە. لە بارودۆخی ئاساییدا، سوود لە ئامرازی دارایی وەک بڕوانامەی پشک، گرێبەستی ئایندە، گرێبەستی گۆڕینەوە و بژاردە، هەروەها گرێبەستی ئایندە و دەرەوەی بۆرسە وەر دەگرێ. ◄ لە ڕووی پیشەییەوە،

ستراتیژی پاراستنی مەترسی وەبەرهێنانێکی لاوەکی لەخۆدەگرێت کە نرخەکەی هەمیشە بە ئاراستەی پێچەوانەی وەبەرهێنانی سەرەتایی دەجووڵێت. بۆ نموونە وەبەرهێنەر دەتوانێت لە داهاتوودا پشکەکانی بە نرخێکی دیاریکراو بفرۆشێت بە دانانی گرێبەستی ئایندە. لەم دارەتەدا هەڵاوسانی بازاڕ کاریگەری لەسەر نرخی پشکی کڕدراو نابێت و وەبەرهێنەر لە داهاتوودا ئەو پشکانە بە نرخێکی دیاریکراو دەفرۆشێت. ع تحوط (تمویل) N økonomisk sikring plan, Hedging د پوشش ریسک (امور مالی).




**بەرگریکار:** wallfacer زنجیرە ناو سێ بەرگریکاری هەڵبژاردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرگری لە هەموو مرۆڤایەتی، کە یەکیان پرۆفیسۆر لەیلا ئاریچ، فەرماندەی پێشمەرگەی کوردستانی، لە زنجیرەی ٢٠٢٤ی نێتفلیکس بە ناوی کێشەی سێ جەستە 3Body Problem.

◀ لەیلا ئاریچ لە ڕاستیدا کەسایەتی ڕاستەقینەی **ڕۆژدا فەلاتی** ٤٤ ساڵە کچی قامیشلۆیە و، وێژەی عەرەبی لە زانکۆی حەسەکە خوێندووە. یەکێکە لەو یەکەمین ژنانەی لە سەرەتای شۆڕشی ڕۆژاڤا پەیوەندی بە یەکینەکانی پاراستنی گەل، یەپەگە، کردووە. لە جەنگەکانی ڕزگارکردنی شەدادی، تەل حەمەس، گرێسپی، مەنبەج و تەبقەدا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە. ◀

ڕۆژدا لە جەنگی ڕزگاری ڕەققەدا فەرماندەی ١٥ هەزار شەڕڤان بوو و، بە فەرماندەیی ئەو پایتەختی تاریکی و مۆڵگەی دڕندەترین بوونەوەری ئەم سەردەمە ڕزگار کرا. ☜ کێشەی سێ جەستە





**بەرگڕەش:** ناو بەرگڕەشان، ئەماژەیە بە یارانی بزووتنەوەی بەهزادانی کوڕی وەنداهورموز ناسراو بە ئەبوومووسلیمی خوراسانی کە بەرگی ڕەشیان لەبەر ئەکرد، ئەبوومووسلیم لە کوردەکانی ڕاوەندی خوار شەمزینانە لە سەدەی هەشتی زاینی، توانی نەک هەر خوراسان بەڵکوو نیشتمانی کوردان، زاگرۆس و ئاناتۆڵی و میسۆپۆتامی لە هێزەکانی ئەمەوی پاک بکاتەوە.




**بەرگسۆن:** Henri Bergson فەیلەسووف {١٨٥٩ـ١٩٤١} هانری، فەیلەسووفی فەڕانسەیی. «کات و ویستی ئازاد Time and Free Will» نامەی دکتۆرای بەرگسۆنە بە زمانی ئینگلیزی. ئاندرێ بازن لە بەرتووکی سینەما چییە، وتاری کابیریا لە مەڕ {کات} ئاماژەی بە فەلسەفەی بەرگسۆن داوە: بەرگسۆن دوو کات لە بەرامبەر یەکدا دائەنێ. یەکیان کاتی بابەتی «کە چوارچێوەیەکە بۆ ڕۆژەڤی بەرهەست و؛ ئەوی تر کاتی ئەندێشەیی، کاتێک کە تێیدا ئەژین، واتە بەردەوامی.» بەرگسۆن ژیانی

مرۆڤ لە «ڕۆژەڤی بەرهەست و چالاکی زانستی» جیا ئەکاتەوە و ئەیگۆڕێ بە «ئەزموونی بەردەوامی، بە ڕەوتی بەردەوامی دارەتەکانی هەناوی ناخودئاگا». ئەم خاڵە مەبەستی بازن لە بەکارهێنانی وشەی «دەروونناسیگەری» لە وتاری «کابیریا»دا ڕوون ئەکاتەوە.

بەردەوامی هانری بەرگسۆن




**بەرگن:** fluff ناو لوا، کوڵکەی بزن و وشتر کە زۆر نەرم و گرانباییە و بە شانە لێی ئەکەنەوە. پووزەوانەی بەرگن، تایبەتی ناوشار و کەشخەییە و پووزەوانەی موو هی گوند و شاخە.



**بەرگ و پەرتووک:** book and volume ناو لە بواری چاپ و پەخشدا بەرگ بە بەشێکی گەورەی کارێکی وێژەیی یان تۆژینەوە ئەوترێ، جا سەربەخۆ چاپ بکرێت یان نا. پەرتووک بەشێکی گەورەتری کارێکە و بۆی هەیە بەرگێگ یان زیاتر و یان لە بەرگێکش کەمتر بگرێتە خۆی. بۆ

نموونە ڕۆمانی یانەسای تیبۆ، وەرگێڕانی سیامەند شاسواری لە ٨ بەرگ پێک هاتووە؛ بەڵام لە پێنج پەرتووکدا چاپ کراوە، بۆ نموونە بەرگی یەک و دوو و سێ بچووکن و لە یەک پەرتووکدا جێگەیان بووەتەوە، بەڵام بەرگی ٨ گەورەیە و بە تەنها خۆی لە سێ پەرتووکی ٦ و ٧ و ٨ دا چاپ بووە.

**بەرگە**:❶ sustain ئاوەڵناو {برگەگرتن} هێز، وزە، توانا، بەرەوەست، ڕادەی خۆڕاگری. ع تحمل N opprettholde د تاب تحمل.

: بەرگەی نەگرت: هێزی پێ نەشکا، لەبەری بەزی.

: بەرگەی دڵ: هێزی دڵ، وزەی دڵ.

**بەرگە**:❷ ناو پەرە، پەلک، گەڵا.

**بەرگەبا**:❶ atmosphere ناو بەرگەهەوا، ڕووکەشی نێوان زەوی و ئاسمانی دەرەوە. ع الغلاف الجوي N atmosfære د اتمسفر.

**بەرگەبا**:❷ Aerospace ناو بەرگەبای زەوی و ئاسمانی دەرەوە. ع الفضاء الجوي N romfart د هوافضا.

**هەواگەری**: aerospace ئاسمانگەری زانست پیشەسازی ناوی چاوگ تەکنەلۆجی و پیشەسازییەک کە پەیوەندی هەم بە فڕین و فڕۆکەی ناوەوە و هەم دەرەوەی کەشی زەوییەوە هەیە.





**بەرگەش**: tray ناو خوانچەیەکی لاکێشەی تەختەی لێوار کورتە، پیتەوای تێدا ئەچنن و بە قەیتان ئەیکەنە مل بۆ جگەرە و چەرەس فرۆشتن،

خوانچەی دەستفرۆش، خوانچەی وردەواڵەفرۆش. ع N د جعبە تختە.



**بەرگەشت:** ❶ upside_down ناوی چاوگ قڵپبوونەوە، هەڵگەڕانەوە.

**بەرگەشت:** ❷ Recurrence ناوی چاوگ سەرهەڵدانەوە، سەرهەڵدانەوەی برین و نەخۆشی.

**بەرگەشت:** ❸ feedback ناوی لێکدراو پاشخورد، پەرچە، پەرچەدانەوە، بە گوتە یان بە کردار، هەست پیشاندان بەرامبەر کردار یا ڕەفتارێک؛ ڕەخنەوپێشنیار. ع التغذیة الاسترجاعیة، التغذیة العکسیة N tilbakemelding د بازخورد.

**بەرگەشتە:** wretched ئاوەڵناو کڵۆڵ، چارەڕەش، بەدبەخت. ع یائس N elendig د بیچارە.

**بەرگەشتی:** poverty ئاوەڵناو بەرگەشتەیی، بەدبەختی.

**بەرگەهەوا:** atmosphere ئاتمۆسفێر، ئەو گازەی وەکوو بەرگێک زەوی و هەسارەکانی گەمارۆ داوە. ع اجواء N atmosfære د اتمسفر.






**بەرگەی بەهادار:** Bearer bond ناوی لێکدراو چەشنە بەڵگەنامەیەکی دارایییە لە لایەن دامەزراوێکی بازرگانی یان دەوڵەتەوە چاپ ئەکرێ. بەڵگەیەکی سەرمایەگوزاری بایەخداری ڕێسایییە کە بە پێچەوانەی بەڵگەنامەکانی تر ناوی خاوەن یان کڕیار و فرۆشەری لەسەر نەنووسراوە و هەرکەس ئەو بەرگە بەهادارەی بەدەستەوە بێت، بە خاوەنی ئەژمێردرێت و ئەتوانری لە شوێنی ڕێکەپێدراو بگۆڕدرێتەوە بە پارە. ◄ ئەم بەرگەیە بۆ ئەو سەرمایەدارانە سوودمەندە کە نایانەوێ ناویان بزانرێ. ٤ اوراق قرضە N Ihendehaverobligasjon د اوراق بهادار.







**بەرگی پیرۆزی ترێڤە:** Seamless robe of Jesus ئایینناسی شێوەزانست ناو کراسی پیرۆزی یەسووس، جلوبەرگێکە کاسۆلیکەکان لایان وایە کاتی لەخاچدانی عیسا لە بەریان داکەندووە. ئەم بەرگە لە کڵێسای ترێیەر پاتێرۆ Trèves لە فەرانسەییدا، یان تَرێیەر Trier لە ئینگلیزیدا ئەپارێزرێ. بەگوێرەی ئەفسانە، ئەم بەرگە هێلێنی دایکی کۆنستانتینی یەکەم پێشکەشی کردووە بە کاردینالی کڵێسای تَرێیەر. ساڵی ١٨٤٤، کاردینالْ ئارنۆڵدی Wilhelm Arnoldi ئەم کراسەی پیشانی جەماوەر دا و بوو بە هۆی تووڕەیی و بەدیهاتنی بزووتنەوەی کاسۆلیکی ئاڵمان کە کارەکەی ئارنۆڵدیان بە کۆنەپەرستی و دەمارگیری دانا. دیارە پێویست بەوە ناکات بوترێ ئەم کارانە شانۆی کلیسایە بۆ سەرنج ڕاکێشان. ٤ قمیص یسوع N Sømløs kappe av Jesus د ردای عیسی.






**بەرگیراو:** prohibited هاتوچوو ئاوەڵناو مەناومەن، ڕێگەنەدراو، ڕێپێنەدراو، قەدەغە، بە تەواوەتی قەدەغە. ع ممنوع N forbudt د ممنوع.




**بەرگی ڕەق:** جۆرێک بەرگی پەرتووکە بە مقەبای ڕەقی ئەستوور دروست ئەکرێ و بە نایلۆن یان کووتاڵ یان چەرمێکی ناسکی گرانبایی ڕووکەش ئەکرێ. پەرتووکی چەرم هەندێ جار بەرگێکی ناسکی زیادەی تریشی هەیە.











**بەرگی نەرم:** paperback ناو پەرتووکی بەرگ مقەبا **ن:** بەرگی ڕەق و بەرگی نەرم. ⇦ **مقەبا:** cardboard, paperboard مقەبا، پەرتووکی

بەرگ مقەبا یان کاغەزی ئەستوور. ع غلاف عادي N Paperback د
شومیز، کارتون.






**بەرماڵ:**❶ prayer mat ناو تەنراوێکە لە موو دروست ئەکرێت، شێوەی لاکێشەیە لە ڕیبی بۆر و قاوەیی (بێ ئەوەی ڕەنگ بکرێ) ئەیچنین و نەخشی کەشکولی لێ ئەدەن، بۆ نوێژ لەسەر کردن بەکاردێ. ع سجادة الصلاة N bønnematte د جانماز

بەرماڵم کردە شان و





**بەرماڵ:**❷ ئاوەڵناو پێش ماڵ، بەردەمی خانوو:

کانییەکەی بەرماڵ ئاوەکەی لێڵە
نەوشێکی هەیە چاوێکی خێڵە
گوڵاڵە، ل١٢٤

**بەرماڵ:**❸ کەرەستە ناو باگێڕەوەی تاوڵ، دوو تەختە دەواری لێکدراوی

ئامادەیە بۆ ئەوەی هەر کاتێک بایەکی بەهێز هات بگیرێ بەتەنیشت ڕەشماڵدا و بە چەند «سوولە»یەک بەدەوارەکەوە ببەسترێ بکرێ بۆ بەربەستی بایەکە؛ کووتاڵێکە لە کاتی هاتنی بای بەهێزدا بەسەر چادریەوە ئەگرن تا با زۆرکار لە ڕەشماڵ نەکا.



**بەرماڵبەکۆڵ:** prudery خۆنواندن ناوی لێکدراو کەسێکە خۆی بە دیندارێکی ئاگرین دائەنێ و کەس لە خۆی بە دیندارتر نازانێ. [ع] المتظاهر [N] forstillelse [د] متظاهر، جانمازآبکش. ن:

دەستم لە بادە هەڵگرت، ساز و نەیم فرێ دا
ترسی قیامەتم بوو، ڕووڕەش نەبم لەوێ دا
بەرماڵم کردە کۆڵ و توند لە ملم گرێ دا
بۆ تۆبە ڕوو لە مزگەوت هاتم بچم، لە ڕێدا
بۆ کۆی مەیفرۆشان بەختم شتابی هێنا
پێنج خشتەکی بێکەس لەسەر هۆنراوەی سالم

**بەرماڵ لەسەر ئاو گەڕان:** دەستەواژە هێمایی پەسنێکە بۆ دینداری، کەسێک کە سەری بچێ نوێژ و نزای ناچێ. ن: هێندە دیندارە بەرماڵی لەسەر ئاو ئەگەڕێ.

**بەرنامە:** guide ناو ڕێنامە، ڕابەر، بەرنامە، پەیڕەو، ڕێبەر، پێڕستی ڕێنموونی شار و وڵاتان بۆ گەڕیدە و دیدەنیاران. [ع] مرشد [N] guide [د] راهنما.



**بەرەپێدان:** development چاوگی تێپەڕ فراوانکردن لە ئاستی پانییەوە.
کاتی چنینی کڵاو بە قولاپ کە لە نووکەوە دەست پێئەکا هەر دەورەو چەن گرێیەکی لێ زیاد ئەکرێ، واتە بەرەی پێئەدرێ و ئەبێتە هۆی فراوان بوون. ع تطوير N utvikling د توسعه.



**بەرەدان:** horizontal development ١} چاوگی تێپەڕ بەرەپێدان، گەشەکردنی ئاسۆیی ٢} چاوگی تێپەڕ گەورەکردنەوە لە ئاستی پانی، پان کردنەوە
ن: بەرەی بدە: پانی بکەرەوە، بەڵام درێژییەکەی وەک خۆی بێ. ع التطور الأفقي N horisontal utvikling د توسعه افقی.

**بەرەزام:** pneumonia نەخۆشی ناو ئاوسانی سییەکان بە هۆی باکتریا یان ڤیرووسەوە کە کیسەکان پڕ ئەبن لە کیم و ڕەنگە ڕەق ببن. ع الالتهاب الرئوي N Lungebetennelse د ذات الريه.



**بەرەژان:** چاوگی تێنەپەڕ وەرزۆن، ژانی پێش منداڵ بوونی ژن. د درد قبل از زایمان.

**ژانگرتن:** labor pains چاوگی تێنەپەڕ دارەتی ئێش و ئازاری ئافرەت کاتی منالبوون. ع تعب الولادة N fødselssmerter د درد زایمان.

**بەرەشێو:** ناوی لێکدراو خواردنی ئێواران.

**بەرەک:** ١) ناو چۆخەی درێژ لە شاڵی بووزووی خوری و تووکی وشتر ٢) ناو جبەی خوری ٣) ناو دەلمە.



**بەرەگە:** direction ناو ئاراستە و ڕێبازی بەردەم، ڕێبازی نچیر کە ڕاوکەر پێشی دەگرن. ع اتجاه N retning د مسیر.

**بەرەگەی ڕوانین:** purview هێمایر ناوی لێکدراو ئاراستە و ئاسۆی ڕوانین، ئەو ڕووگە و ڕووبەرەی لە کەوشەنی توانای بینین دایە، کەوشەنی باندۆر و گرنگی پێدانی ڕێسایەک. ع مجال رؤية N formål د افق دید، میدان دید ن: بەرەگەی توانا، بەرەگەی ڕێسا، بەرەگەی بیر.



**بەرەڵڵا:** tramp [ناو] دەربەدەر، سەرلێشێواو، عەوداڵ، ئاوارە، کەسێکی بێکار کە بەبێ مەبەست خولەی دێت و ئەسووڕێتەوە. [ع] متشرد، دوار [N] andstryker [د] ولگرد. ☜ بەرەڵڵا و گەڕۆک

**بەرەڵڵاکان:** I Vitelloni [فیلم] فیلمی کۆمیدی ئیتالیایی ١٩٥٣، دەرهێنانی فێدێریکۆ فێللینی.







**بەرەڵڵا و گەڕۆک:** vagrant vs hobo [ڕێسا] [بەراورد] بەرەڵڵا و سەرگەردان زاراوەیەکی قانوونییە بۆ کەسێک کە لەسەر شەقام ئەژی یان هیچ ئامرازێکی دیار بۆ پشتگیریکردنی ژیانی نییە. گەڕۆک کەسێکە ژیانی بە گەشتکردن تێئەپەڕێنێ و بە کاری ناوبەناو و شمەکی خۆڕایی ئەژی، خۆی بە ئازاد و سەربەست ئەزانێ. ◁ کەسانی وەکوو پاڵەی گەڕۆک، چەرچی، وردەواڵەفرۆش، دەزگێڕ، دێوەرە و کۆڵگێڕ، ئەچنە خانەی گەڕۆکەوە. [ع] المتشرد والجوال [N] vagrant og hobo [د] ولگرد و دورەگرد. ☜ گەڕیدە






**بەرەنجام:❶** closure ناوی‌فەرمان ڕەوتی دۆزینەوەی چارەسەری کۆتایی کێشە یان هاوکێشەیەک. ع انهاء N stenging د خاتمە.

**بەرەنجام:❷** closure کارگێری ناوی‌فەرمان ڕەوت و کردەوەی داخستنی دامەزراو، ڕێباز یان کەوشەن و سنوورێک. ع انهاء N stenging د خاتمە.

**بەرەنجام:❸** closure ڕێسا پەرلەمان ناوی‌فەرمان شێوازێک بۆ کۆتاییهێنان بە مشتومڕ و دەنگدان، داخستن. ع كفاية التصويت N tilstrekkelighet د رای کفایت مذاکرات .

**بەرهۆ:** effect ناوی‌بەرکار گۆڕانی بەرەنجامی چالاکی یان هۆکارێکی ترە. ع تأثير N effekt د اثر.

**بەرەو:** toward, -wards ناو ئاوەڵناو ئاوەڵکار پێشگر ڕووەو، ڕوو لە جێگە یان کەوێک یا شتێک ڕۆیشتن. ع باتجاه N mot د بە سمت.

جیاوازی نیوان **toward** و **towards** لەوە دایە، یەکەمیان لە ئەمریکا و کانادا بەکار ئەهێنرێ و دووەمیان لە بەریتانیا. G وەهبی ئەدمۆندز








**بەرەو جێوبان:** to the mattresses مافیا هێمایە کینایە کاتێک خێزانێکی مافیا ئەکەوێتە جەنگ لەگەڵ لایەنێکی تر، فەرمان ئەدەن: «بەرەوە جێوبان»، واتە ئەبێ ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن و خۆیان بشارنەوە لەو شوێنانەی کەس نەزانێ لە کوێیە، تا خۆیان بشارنەوە و، بتوانن لە پاش جەنگ و دارەتی نائاسایی بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. مەبەست

ئەوەیە لەو دارەتی تەنگانەدا بە کەمترین پێداویستی بژین تا مەترسی ئەرەوێتەوە.




**بەرەو ڕۆژهەلات:** کۆلۆنیالیزم دروشم گەران-٣ ئالمان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە چاوی بڕیبووە ولاتانی پۆلەندا و ڕووسیە و لە ژێر دروشمی: بەرەو ڕۆژهەلات، بۆ پێشەوە! Drang nach Osten دا کاری بۆ ئەکرد.

**بەرهەدا :** presence ئاوەلناو ئامادە، ڕووبەڕوو، ڕواوڕوو. ع حضوری N tilstedeværelse د حضوری.

**بەرهەست :** tangible, sensible ئاوەلناو شتێک بتوانرێ دەستی لێبدرێ. ع محسوس، ملموس N håndgripelig, fornuftig د محسوس.

**نابەرهەست :** imperceptible شتی نابەردەست و بەدەر لە دەسڕەس، بوونەوەری مینەوی. ع غیر محسوس، غیر مدرک بالحس N umerkelig د نامحسوس.




**بەرهەڤ:**[١] ready ئاوەلناو تەیار، ئامادە. ع جاهز N klar د آمادە.

**بەرهەڤ:**❷ homothetic وەک یەک، هەم لە ڕوانگەی ڕواڵەت و هە، لە ڕووی شوێنەوە، وەکوو هەرکام لە ڕووبەرەکانی قۆچەکێک.

**بەرهەڵستکار:** dissident ناو ئاوەڵناو دژبەر، خەباتگێڕ، نەیار، کەسێک کە دژی دەسەڵاتی فەرمی و بە تایبەت دەسەڵاتی سەرەڕۆ و داگیرکەرە. ع معارض N demonstrant د مخالف.

**بەرهەڵدا :** free ئاوەڵناو ئاوەڵکار فەرمان ئاوەڵبێکدراو ئازاد، بەرەڵڵا، بەرئاواڵە، ئازاد لە ڕووی ئەوەی هیچ بەرگیراوی لەسەر نەبێ. ع حر N frigi د رها.

**بەرهەمهێنراو:** proded بەرهەمهێنان لە بەرهەمهێنان، واتە کاڵای بەدی هێنراو. ع أنتجت N produsert د تولید شده.

**بەرهەمی نیشتمانی:** National consumption ئابووری بەرهەم لە زانستی ئابووریدا بە بەهای هەموو ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانە ئەوترێ کە لە خولێکی دیاریکراوی وەکوو یەک ساڵ لە وڵاتێکدا بەدی دێ. ع الاستهلاک الوطني N Nasjonalt forbruk د مصرف ملی؛

⇦ **داهاتی ناوخۆ:** National income ئابووری بە بەهای دراوی هەموو داهاتەکانی خولێکی دیاریکراو لە وڵاتێکدا ئەوترێ، کە لە ڕەوتی بەرهەمهێناندا بەدەست هاتووە؛

⇦ **تێچووی نیشتمانی:** National Expenditure ئابووری بەهای دراوی هەموو مەزاخ و پارەی وڵاتێک لە خولێکی دیاریکراو لە ئەوێدا.

⇦ **بەرهەمی گشتی نیشتیمانی:** GDP یان Gross domestic product ئابووری یەکێکە لە پێوەرەکانی پێوان لە زانستی ئابووری. بەرهەمی گشتی نیشتیمانی بریتیە لە بایەخی کۆی شتومەک و ئەو خزمەتگووزاریانەی لە درێژایی کاتێکی دیاریکراو (زۆرتر یەک ساڵە)، لە وڵاتێک دا بەرهەم دێت.

لەم شێکاریە دا مەبەست لە شتومەک و خزمەتگووزاری کۆتایی، ئەمو

شتومەک و خزمەتگووزاریانەیە کە لە کۆتایی زنجیرەی بەرهەمهێنان دان خۆیان بۆ بەکارهێنانەکانی تر ناکردرێن.

GDP **دوو جۆرە:** واتە بەرهەمی گشتی نیشتیمانی دوو جۆری هەیە: یەکیان بەرهەمی گشتی ناوەکییە (nominal) GDP و ئەویتریان (GDP PPP) لەسەر بناغەی بەرامبەری تواناى كرین Purchasing power parity ی ڕەهای بایەخی پارەی ولاتان. PPP نرخی هەلئاوسانێک دیاری ئەکات کە ڕەنگە نرخی دراوی ولاتێک لەگەل نرخی بازاڕ جیاواز بێت.




**بەرهەنگ:** asthma نەخۆشی ناو نەخۆشی هەناسە سواربوون، پشووسواری، تاسە، تاسان، تاساوی، تاسیاگی، هەناسەتەنگی، ئاسم د خفقان.





**بەرهەنگاری:** evokes ناوی‌چاوگ هاتنەبەرچاو، بیرهاتنەوەی واتایەک لە رێگەی واتەیەکی ترەوە؛ دەروونناسی دارەتێکە کە بیر و ئەندێشە و سۆز و سەربردە وەها لێک دەئاڵێن، کە یەک لە دوای یەک لە مێشکدا دەرئەکەون؛ پەیوەندی نێوان چەمک و ناوەرۆکێکی ئەندێشەیی و چەمک و ناوەرۆکێکی ئەندێشەیی تر. ع تداعی N fremkaller د تداعی E associations ⇦ **بەرهەنگاری واتایی:** association of meanings رێزمان دەروونناسی لە رێگەی واتایەکەوە لە واتایەکی تر تێگەیشتن، بیرهاتنەوەی واتایەک لە رێگەی واتەیەکی ترەوە. ع تداعی معانی N sammenheng av betydninger د تداعی معانی. ⇦ **بەرهەنگاری ئازاد:** free association دەروونناسی شێوازێکە کە مرۆڤ ئەوەی بە مێشکیدا تێئەپەرێ، هەر لە وشە و ژمارە و وێنە و هۆرم و وێنا، بەبێ گوێدانە پەیوەندییان بەیەکەوە دەرئەبڕێ. ع ارتباط حر N fri forening د تداعی آزاد. ⇦ **یادەوەری بەرهەنگار:** associative memory or storage ئای تی چەشنێک یادەوەری کە لەسەر بناغەی ناوەرۆک سەیری ئەکەن، نەک لەسەر بنەمای ناونیشان یان ناو. ع الذاكرة الترابطية N assosiativ hukommelse د حافظه ربطی.

**بەرپشت:** earnest ئاوەڵناو رشت، شێلگیر، شوێنگر، پەیجوور، ئیستەرەم، پێداگر. ع جدي N alvor د جدی E perseverant.

⇦ **بەدڵ:** earnestness ئاوەڵناو بەڕاستی، شێلگیرانە، ئیستەرەم، لەناخەوە. ع بالجد N alvor د با جدیت.

**بەرهەنگین:** suffocating ئاوەڵناو پشووبڕ، خنکێنەر. هەناسەبڕ ع خانق kveles د خفقان آور.

**بەرهەوا:** irrational ئاوەڵناو نابەجێ، بێجێ، بێکەڵک. ع غیر معقول N irrasjonell د نامعقول.

**بەریان:** ناو پێش ئاو یان بۆ با، گوزەری با یان ئاو. ⇦ بەریانی ئاو

بگرە، بەریانی با بەردە.

**بەریڤان:** broker ناوی‌لێکدراو ناوەندیار، هۆی سازدانی نێوان دوو لایەن؛ ناوبژیوان، لە بواری پێکهاتنانەوەی دوو لایەنی نەیار. ع وسیط N megler د دلال. ☜ ناوبژیوان

**بەریڤانی:** ناوی‌چاوگ ناوبژیکردن، ناوەندیاری.

**بەریە:** Pierre_Antoine Berryer ڕامیار {١٧٩٦ـ١٨٨٠} پارێزەر و ڕامیاری فەڕانسەیی، لۆژێتمیست، لە سەردەمی کۆماری دووەمدا نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ڕێساداتان بوو.

**بەرگەمووت:** bergamot ڕووەک ناو ترنج یان لیمۆی سێڤیلیا Sevilla {پایتەختی ئەندەلووسیای ئیسپانیا} یان ترنجی کالابریا Calabria {لە باشووری ئیتالیا، بەرامبەر بە مێسینای سێسیلیا}، درەختەکەی بچووکە و تەنانەت لە ناو گوڵدانیش ئەڕوێ، لە تیرەی مزرەمەنییە، میوەکەی بە ئەندازەی پرتەقاڵە و ڕەنگەکەی زەردی لیمۆیی یان کەسکە، خۆش بۆن و بەرامەیە. پێستی ئەستووری گرنج و ترنجدارە کە ڕۆنی لێ ئەگیرێ، ئەم ڕۆنە هەم بەرامەیە، هەم بۆ مەزەدارکردنی چای و شیرینی سوودی لێ وەرئەگیرێ. چای ئێرڵ گرەی Earl Grey بە ڕۆنی بەرگەمووت بۆنخۆش ئەکرێ، بۆنی بەرگەمووت یەکجار گرانبایی و بەرامەیەکی زۆر خۆشی هەیە. ع البرغموت N bergamott د ترنج.



**بەرهۆ:** effect ناو شۆنهات، ئەوەی شتێکی تر بووەتە هۆی بەدیهاتنی. ع معلول N effekt د معلول.

⇦ هۆکار و بەرهۆ: cause and effect ع السبب والنتيجة N årsak og virkning د علت و معلول.

**بەرهەمدار:** prolific ئاوەڵناو بەبرشت، پڕبەرهەم، بەپیت. ع غزير الإنتاج N produktiv د پربار.



**بەریسورسۆم:** Bray_sur_Somme جوگرافیا ناو لە شارەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرانسە.

**بەری نسێ:** ناو ئەو ڕووکارەی خۆر نایگرێتەوە. ⇦ بەری بەرۆژ و بەری نسێ.

**بەڕا:** ئاوەڵناو زانا، دەمڕاست، خاوەن ڕا و بۆچوون.

**بەڕاستەقینێ:** in fact, actually ئاوەڵناو بەڕاستەقینێ، بەڕاستی، لەڕاستیدا. ع في الحقيقة N faktisk د در حقیقت.

**بە ڕاوەنبوون:** expropriation دادوەری دەستبەسەراگرتن، بە موڵک بوون. ع استملاک N ekspropriasjon د سلب مالکیت.

⇦ **داوای بە ڕاوەنبوون:** action in expropriation دادوەری داوای دەسبەسەراگرتن. ع دعوى استملاک N handling ved ekspropriasjon د اقدام در سلب مالکیت. ق قانوونی

**بەرۆژ:**[1] ئاوەڵناو ئەو ڕووکارەی خۆر ئەیگرێتەوە. ⇦ بەری بەرۆژ و بەری

نسیٚ. ☜ بەری نسیٚ

**بەرۆژ:** ❷ Sunnyside فیلم فیلمی کۆمیدی ئەمریکایی ١٩١٩، بە هونەرمەندی دەرهێنانی چارلی چاپلین. ☜ نسار و بەرۆژ








**بەرۆژوو:** Lent ئاوەڵناو {بەرۆژووی فەلە} ڕۆژانی ١١ و ١٢ و ١٣ی مانگی مەی خولی «Lent» یان خولی بەرۆژوو یان خولی ڕۆژووگرتنی فەلەکانە.




**بەرواڵەت:** apparently ئاوەڵکار وا پێ ئەچێ، وا دیارە، بەئاشکرا، تا ئەو جێگایەی مرۆڤ دەزانێت یان دەتوانێت ببینێت. ع فیما یبدو N tilsynelatende د ظاهرا.

⇦ **ڕواڵەت:** facade ناو دەرکەوتە و نمای دەرەکی بەبێ زانیاری دەربارەی ناوەرۆک. ع مظهر زائف، المظهر من الخارج N facade د ظاهر، روی خارجی.

**بەروو:** oak درەخت ناو دارێکی قەد ئەستوورە بەری بەروو ئەگرێت. بە شێوەیەکی گشتی گەڵاکانی پەرە ڕواوەی لوولەیین. داربەروو لە زۆرێک

لە دارستانە مامناوەندەکانی باکووردا باوە و سەرچاوەیەکی گرنگی دارە ڕەق و بەهێزەکانە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە بیناسازی و مۆبیلیات و (پێشتر) کەشتیسازیدا بەکاردەهێنران. [ع] بلوط [N] eik [د] بلوط.






**بەڕووومارانە:** tret [درەخت] [ناو] بەڕووومارانە، بەڕووژاراوی؛ دەوەنێکی ئەمریکای باکووری سەربە لاولاوەمارانە و هەر ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە. [ع] البلوط السام [N] giftig eik [د] بلوط سمی.

**شابەڕوو:** bay_tree, chestnut [درەخت] [ناو] خلیج، کەستانە، بەڕووی خڕ. [ع] کستناء [N] laurbærtre, kastanje [د] شاه بلوط.







**بەڕووله:** gherkin, cuke [ڕووەک] [ناو] هارووێ و ترۆزی کۆڕیە و گوڵ بەدەم، پێیان ئەوترێت بەڕووله خەیار و بەڕووله ترۆزی. بەڕووڵەی هارووێ و ترۆزی بە زۆری ئەکرێ بە ترشیات و شۆر کە بە هەردوو شێوە زۆر بەچێژن؛ بەڕووڵە هەرچەند بە زۆری بۆ هارووێ و ترۆزی بەکار دێت بەلام کۆڕیەی هەموو جۆرە میوە و تەرەکاڵەکان ئەگرێتەوە. [ع] خیار

صغير N små agurk د خیار ریز.




**بەڕە:** rug ئەنراو ناو ڕایەخێکی تەنراوی تانوپۆی سفتی نەخشداری خورییە، لە جاجم و لە پۆیەشمینە ئەستوورترە، بە دارەتەون ئەتەنرێ. ڕایەخێکی گەرمە و لە مافوورە هەرزانترە. ع سجادة، بساط N teppe د گلیم.



**بەڕەزا:** peucedanum officinale ڕووەک ناو بارێزە، بەڕازا، بەرەزای شاخان، بەڕەزا کێوی، خەزەرۆک، گیایەکی جوانە بە کاوانەوە ئەڕوێ. ع شمرة الجبل N peucedanum officinale د رازیانە کوهی.



**بە ڕێژارە:** instinctively ئاوەڵکار بەپێی ڕەمەک و خۆڕسک. ع فطری N instinktivt د صرافت طبع. ☜ ڕێژارە

**بە ڕێکوپێکی:** neatly ئاوەڵکار بە شێوەیەکی لەبار و گونجاو. ع بدقة، بصورة منظمة N pent د بطور منظم E bonafide.

**وردبینانە:** meticulous ئاوەڵناو وردبوونەوە بە سەرنجەوە. ع موسوس N omhyggelig د دقیق.

**بەرێکەوت:** coincident ئاوەڵناو ڕوودانی پێکەوەی لە حەوا و کاتدا. ع صدفة، بالصدفة N sammentreff د تصادفی.

دریژە ئایە هەموو شتێک بە هۆکارێک ڕوودەدات؟

پێم وایە هەموو شتێک بەس ڕوو ئەدات.

قوتار، کۆتایی.

پاشان ئێمە هۆکارێکی پێ ئەدەین کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت.

هەموو شتێک بەرێکەوتە.

هەموو ئەو شتانەی پێشتر ڕوو ئەدەن،

ئەوەی تۆ پێت وایە ڕێکەوتە، تۆی گەیاندووەتە ئەو ساتەوەختە تایبەتە.

ئەگەر پێشتر هیچ ڕووی نەدابا،

کە ئەگەر ئەم ڕووداوەش ڕووی نەدایەت، ئەوا هەرگیز ڕووی نەئەدا.

بۆیە هەموو شتێک بەرێکەوتە.

ئەوە ڕاندۆم و هەڕەمەکی ڕووداوەکانە کە ئێمە ئەیکەین بە شتی تایبەت بۆ خۆمان.

Does everything happen for a reason?

I think that everything happens

Period.

Then we give it a reason that's relevant for us.

Everything's a coincidence.

Everything that happens before

what you think is a coincidence has led you to that particular moment.

If nothing had happened before

that had the coincident would've never happened either.

Therefore, everything's a coincidence.

It's just random events that we all make especial for ourselves.










**بەڕێوەبەرایەتی:** preside داوەری ڕەوتی سەرۆکایەتیکردنی دادگا لە لایەن دادوەرەوە؛ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی فەرمی. ع يترأس N presidere د ریاست.

: دادگا لە لایەن بەڕێز دادوەر ڕێبوار فەیلییەوە بەڕێوە دەچێ.





**بەرینگاڵ:** longwool گیاندار ناو پەزی تیسک درێژ N Langull د پشم دراز.

  

**بەز:❶** fat, suet, tallow خواردن ناو ئاوەڵناو پی، پیو، چەوری هەناوی ئاژەڵ زانست خۆراکی چەوری کرەکی سپی و بێ بۆن و چێژە لە جەستەی مرۆڤ و لە هۆنەی ئاژەڵی وەکوو مەڕ یان مانگا بەدی دێ و بڕێکی زۆر ئەسیدی چەور و چەوری تێرنەبووی تێدایە. ع شحم N fett د پیە.

↤ **دووگ:** ناو sheep tail دۆڤ، چەوریەکی نەرم و شلی سپییە بە پاشەڵی مەڕەوە. ع الیة، لیة N sauehale د دنبە.

**بەز:❷** ژنێتیک ناو ئەو نێرەکەرەی کە ماینی لێ چاک دەکەن.

**بەزا:** ئاوەڵناو خوشڕەو، خۆشبەز.

**بەزاخ:** insidious ئاوەڵناو دەغەڵ، فێڵەباز، دووڕوو.

**بەزاکوون:** ئاوەڵناو سالۆر، تێگەیشتوو، زیر، بەئاوەز.

**بەزدۆنەک:** coward ئاوەڵناوی لێکدراو ترسەنۆک، قزە. ع جبان N feiging د ترسو، بزدل.

**بەزمگە:❶** banquet ناو بەزمگەهـ، جێگەی شادی و ئاهەنگ، شوێنی ئاهەنگگێڕان. ع محفلة N bankett د ضیافت، بزمگاه. ن:

ئەو جا بەزمگەی کەس جێ نەڕەستە
مەنزڵگەی سەیاد هەزاران خەستە
مەولەوی

**بەزمگە:❷** vaudeville سینەما سیرک ڤەودڤیل، چەشنێک یاری و سەرگەرمی ئەمریکایی سەرەتای سەدەی بیست، بریتی بوو لە شانۆی بۆرلسک و

سەما و گۆرانی.










**بەزمەسات:** comedy کۆمیدی کۆمیدی، شانۆی گاڵتەئامێز، سەرگەرمی پیشەیی کە لە گاڵتە و جەفەنگ و شانۆی تەوساوی پێک هاتووە، بە مەبەستی شادمانی و پێکەناندن. ع کومیدیا، مسرحیة هزلية N komedie د کمدی, نمایش خنده اور.












**بەزەیی:** compassion هەست ناوی چاوگ دڵسۆزی، خەمخۆری، هاوسۆزی، بەپەرۆشی، سۆز، دەربەستی، دڵپێسووتان، پێگوناهبوون، لاگوناجبوون. ع عطف، شفقة N medfølelse د ترحم، شفقت.

**بەزیپک:** ئاوەڵناو بەبڕشت، بوێر و بەوەج.

**بەژان:** agonizing ناوی لێکدراو ئازاربەخش، پڕئازار، زۆر ناخۆش و جەخاراوی، سزای سەخت. ع مؤلم، طاحنة N pinefull, uutholdelig د دردناک، عذاب آور.

**بەژن:** ❶ height ناو بەرزی، باڵا، بەژنوباڵا، قەدوباڵا، پێوانەی لە سەرەوە

بۆ پێی. ع høyde N høyde د ارتفاع.

**بەژن:**[٢] یەکە ناو fathom یەکەیەکی پێوانی درێژییە، یەکسانە بە شەش پێ، واتە نزیکەی ١٨٠ سەنتیمەتر، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئاماژەدان بە قووڵی ئاو بەکار دێت. ع القامة، مقیاس لعمق المیاە N fatte د عمق پیمایی کردن نموونە: گۆمی هەلامە لە چەمی سەقز، لە خوار گومەسمیت و پردی ئاسن سێ بەژن قووڵە.







**بەژماڵە:** destitute ئاوەڵناو بەلەنگاز، ڕەواڵ، ژار، کاسۆ، بێتووتە، لامیسک، بێئەنوا، ڕووت، زوار، هەناسەسارد، کۆڵەوار، هەژار، هەڵوەدا، سەرگەردان، ئاوارە، نازشێواو، لانەواز، لاکەوتە، بێدەرەتان، بێتوانا، ڕەبیان. ع معوز N nødlidende د بینوا، ناتوان.

**بەس:** suffice فەرمان ئەوەندە بەسە. ع کفی N nok د کافی است.

**بەست:**[١] clamp ناو شتێکە وەک گیرە و قولاپ بۆ ڕاگرتن یان بەستنەوە یان بەندکردنی شتێکی تر، وەک مەچەکی دەست یان بۆری یان لوولە. ع ملزم أداة N klemme د بست E shackle.









**بەست:** ❷ lobule [ناو] بەستی تریاک، بە ئەندازەی نۆکێک تریاکی خڕکراو کە لەسەر حوقەی وافوور دائەنرێت.



**بەستن:** [چاوگی تێپەڕ] گرێدان، شەتەکدان، بەندکردن، سەهۆڵکردن، مەیین.

**بەستراو:** [ئاوەڵناوی بەرکار] زاوای ئەچێتە پەردە و گانی پڕناکرێ.

**بەستۆک:** prostitute, whore [ناو] سۆزانی، لەشفرۆش، ژنی داوێنتەڕی بەدەست هەرکەسەوە. [ع] عاهرة [N] prostituert, hore [د] فاحشە.

**بەستە:** ❶ lyric [هۆنراوە] گۆرانی بنبزێوکە، هەڵبەستی گۆرانی، هەڵبەستی شاد. [ع] كلمات الاغنية [N] tekst [د] متن آهنگ.

**بەستە:** ❷ Basta [زمان] ئیتالیایی، واتە بەسە. ☜ ئەترووسکی ☜ ئاریا.

**بەستەر:** ❶ link [ئای تی] [ناو] لینک، بەدیهێنەر یان پێشنیازدەری پەیوەندی لە نێوان دوو لایەندا، بە تایبەت لە بواری هێمایی ئینتەرنێتدا. [ع] حلقة الوصل [N] link [د] پیوند دادن.

**بەستەر:** ❷ prevention [ناوی فەرمان] بەندکار، پێش پێگر، ڕێگە لێگر. [ع] المانع [N] forebygging [د] بندآور.



**بەستەڵەک:❶** glacial ئاوەڵناو سەهۆڵبەندان، یەخبەندان، کەشی سەرما و تۆفی ئاوبەستن. ع جلیدیة N isbre د یخبندان.







**بەستەڵەک:❷** glacial کیمیا ئاوەڵناو ئەسیدی ئەندامیی سۆلان، بە تایبەت ئەسید ئەسێتیک، کە کاتێ بەستن کریستاڵی شێوەسەهۆڵ پێک ئەهێنن. ع جلیدیة N isbre د یخبندان.

**بەستەڵەک:❸** glacial جیۆلۆجی ناو خولی بەستەڵەک یان سەهۆڵبەندان.

**بەستەی بەستەکان:** F Le Cantique des Cantiques هۆنراوە ئاپیینناسی یانەسایتیۆ–ا بە عیبری שיר השירים بەشێکە لە «تەناخ»ی تەوراتی عیبری و پەیمانی کۆن لە ئینجیلدا. سلێمانی کوڕی داوود بە نووسەری ئەم پەرتووکە دائەنرێ کە سەدەی دەی بەر لە زاین، لە سەردەمی پاشایەتی خۆیدا نووسیبێتی. ع نشیدالأنشاد N Song of Songs د غزل غزلها E Song of Songs ☜ تەناخ.







**بەستەنی:** ice cream پاشژەمە ناو خواردنێکی نەرمی بەستووە بە چەوری

شیری شیرینکراو و چێژدراو دروست ئەکرێت. ع بوظة N iskrem د بستنی.



**بەستەنی و جێلاتۆ:** ice cream and gelato پاشژەم بەراوەرد جیلاتۆ بە زمانی ئیتاڵی هەمان بەستەنییە، بەڵام لە ئەمریکا جیاوازە و، پێکهاتەی ئەم شیرینییە چڕتر و نەرمتر و دەوڵەمەندترە لە بەستەنی ئەمریکایی. جیلاتۆ هاوشێوەی ئایسکرێم شیر و کرێم و شەکر بەکار ئەهێنێت، بەڵام لە ڕێژەکاندا جیاوازە. جیلاتۆ بە شێوەیەکی گشتی هیچ زەردێنە و هێلکەی تێدا نییە، کرێم و چەوری کەمتر و شیری زیاتر بەکار ئەهێنێت و، چێژ و بەرامەی بەرهەستترە. ع الآیس کریم والجیلاتو N is og gelato د بستنی و ژلاتو.




**بەستەیی:** lyrical وێژە هۆنراوە بەستەسا [بەستەئاسا] دەربڕینی هەست و نەستی پڕ لە وێنای هۆنەر لە هەر قاڵبێکی وێژە و هونەر و مووزیکدا.

**بەستێن:❶** ناو دەروو، زیخەڵانی کەنار چەم، تەخت، بەستێنی چەم.

**بەستێن:**❷ ناو فرێزەر، پەخەچاڵ.

**بەسشابا :** Bathsheba ئاییناسر مێژوو هونەر بووبەر ناوی تایبەت هاوسەری ئووریای حیتی لە سەردارانی داوود، کە داوود شەیدای ئەبێ و کاتێک ئەزانێ سکی پڕ بووە، تێئەکۆشێ ئووریا دوور بخاتەوە، بەڵام بۆی ناکرێ، ناچار ئەیکوژێ و بەسشابا لە خۆی مارە ئەبڕێ. سلێمان پادشا یان پەیامبەری جوولەکان، کوڕی ئەم بەسشابایە. تەورات: {ساموێل ٦:١١ـ ١٣ و شاهانی یەکەم ١٨} سەربردەی ئەم ئەوینە بوو بە سەرچاوەی سرووشی زۆر لە شێوەکارانی هەڵکەوتووی جیهان وەک ڕەمبراند، گۆفێرت فلینک، ویلیەم دۆرست، بێرناردینۆ و زۆری تر لە هونەرمەندان و وێژەوانان.



**بەسە :** suffice فەرمان بە ئەندازەی گونجاو و پێویست. ع کفی N nok د کافی است.

**بەسەندە :** adequate ئاوەڵناو [بەس+ ئەند+ ە] بە ئەندازەی پێویست، لەبار، شیاو. ع کاف N tilstrekkelig, nok د کافی.

**بەسەنگ:** grandiose ئاوەڵناو [بە+ سەنگ] بەسەنگوورەنگ، مەزن، بەدەبدەبە، بەشکۆ؛ سەرنجڕاکێش و بەرچاو لە ڕواڵەت یان شێوازدا، بە تایبەت بە خۆنمایشکردن. ع عظیم N grandiose د عظیم، شکوەمند.

**بەش:** section, chapter ناو بەشێکی گەورەی هەر شتێک وەکوو پەرتووک، یان سەرمایە و ساڵ و... ع فصل، فرع N kapittel د فصل، قسم.

**بەشبەر:** inheritor ناوبکەر میراتگر، کەسێک کە بە پێی ڕێسا شتێکی لە یەکێکەوە بە میرات پێئەگات. ع الوریث N arving د وارث ⇦ **هشتە:** inheritance ناو بۆماوە، میرات، کەلەپوور، شتێک کە بە هشتە بەجێماوە. ع ارث N arv د ارث.

**بەشداری:** participate ناوی چاوگ هاوبەشی کردن و یارمەتیدان. ع اشتراک N delta د مشارکت.

⇦ **خێراکردن:** precipitate ناوی چاوگ لەزیێدان و یارمەتیدانی باشتر جێبەجێ بوون. ع تعجیل، N forhaste د تعجیل.

⇦ **بەشداری و خێراکردن:** participate and precipitate

**بەشکۆ:** incorporated ئابووری ناو بەشگە، کۆمپانیای بازرگانی هاوبەش. ع مؤسسة تجاري N innarbeidet د شرکت سهامی. ⇦ **بەشکۆی بازرگانی:** کۆمپانیا یان شەریکەی بازرگانی.

**بەشگا:** ناوی جێگا جێگەی دابەشکردن؛ شوێنێکی تایبەتیە بۆ بەشکردنی ئاو کە بۆ سەر کشتوکاڵ بچێ.

**بەشێک لە نزای لاتینی چوارشەممەی خۆڵەمێش لە کڵێسا:** هۆنراوە لە بیرت بێ لە خاکیت و ئەگەڕێیتەوە بۆ خاک.

**بەفراوانی:** bona fide ئاوەڵناو بە شێوەیەکی زۆر و بەرفرە، بە ڕادەی گەورە. ع بکثرة N rikelig د به وفور.

**بەفرسەند:** bona fide ئاوەڵناو بەختەوار، بەوێڕدان و ڕاستگۆ، پاکیزە. ع صادق N ærlig د درستکار.

**بەفرماڵ:** plow ناو ماشینی بەفرلادان و بەفر لابردن لە سەر ڕێگا و شوێنانی تر. ع كاشطة الثلج N snøplog د ماشین برف پاک کن E snow plow.






**بەفرەژیلە:** powder snow بەفر ئاوەڵناو بەفرەژیلکە، بەفرەلۆکە، ڕێزە، بەفری زۆر ورد. ع مسحوق الثلج N puddersnø د برف ریز.






**بەفرەلۆکە:** ئاوەڵناو بە بەفری شل ئەوترێت کە وەکوو لۆکە وایە و زوو ئەتوێتەو.




**بەفەڕ:** ئاوەڵناو بەباش، خاوەن ئەدگاری چاکە. ⇦ **بەفەڕ زانین:** بەباش زانین.

**بەفیز:** presumptuous ئاوەڵناو بە دفرە، لووتبەرز، لەخۆبایی، بادیهەوا، بۆنگ، خەرۆ، بەدەمار، لەخۆدەرچوو، خۆپەسند، لەخۆڕازی کەسێک دابێ کۆمەڵایەتی لە ڕەفتاریدا ڕەچاو ناکات. ع متغطرس N overmodig د متكبر E conceited.

⇦ **فیز:** arrogance ئاوەڵناو مەنەر، دفرە، دەعیە، لووتبەرزی، لەخۆبایەتی، بادیهەوایی N arroganse ع غطرسة د تفرعن.

**بەقەو:** Loud ئاوەڵناو بە دەنگی بەرز ن: بە قەو بانگی کە، بەقەو قسە ئەکا. ع بصوت عال N Høyt د با صدای بلند.

**بەکارهێنان:** use, usage ناوی فەرمان وەرگرتن، ڕاگرتن، یان بڵاوکردنەوەی (شتێک) وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی مەبەست یان بەدەستهێنانی ئەنجامێک. ع استعمال N bruk د استفاده.

**بەکارهێنانی چەواشە:** abuse ناوی فەرمان کەڵکاوەژوو، بەکارهێنان بە شێوەی نەشیاو و بۆ مەبەستی نەشیاو. ع اساءة N misbruke د سوء استفاده. G قانوونی

**بەکارهێنانی خراپ:** improper use, misuse دادوەری ناوی فەرمان خراپ بەکارهێنان. ع اساءة استعمال N misbruk د سوء استفاده. G قانوونی

**بەکارهێنانی زەبروزۆر:** use of force دادوەری ناوی فەرمان هێزبەکارهێنان، یان بەکارهێنانی هێز، لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕێسادا، دەتوانرێت بەم شێوەیە پێناسە بکرێت: «بڕی ئەو تێکۆشانەی پۆلیس پێویستە ئەنجامی بدات بۆ پابەندکردنی کەس یان لایەنێکی نائامادە». بەکارهێنانی دوکتۆرینی هێز دەتوانرێت لەلایەن ئەفسەرانی جێبەجێکردنی ڕێسا و کارمەندانی سەربازی لە ئەرکی پاسەوانیدا بەکاربهێنرێت. ع استعمال

القوة [N] bruk av makt [د] استفاده از زور. G قانوونی

**تێبینی:** دیارە بەکارهێنانی هەموو جۆرە هێز و گوشارێک نامرۆییە، بەڵام لێرەدا **زەبروزۆر** بەکارهێنانی هێزی ڕێگەدراوە لە لایەن دامودەزگای دادوەرییەوە بۆ چەسپاندنی ئاسایش و، **زەبروزەنگ** لە وێژەی ڕامیاری باوی کوردستاندا، هێزی ڕێگەنەدراوی نەرێنییە، لە لایەن هەر دامودەزگایەکەوە بێت.

**زەبروزەنگ :** destructive force جەنگ ناوی فەرمان هێزی قەلاچۆکردن، بەکارهێنانی هێزێکی فەوتێنەر و لەناوبەرە، لە لایەن دەسەڵاتی ڕێسایی یان نارێسایییەوە. [ع] القوة التدميرية [N] destruktiv kraft [د] نیروی مخرب.

**نموونە:** ئەنفال، نامرۆییترین زەبروزەنگی مێژوویی بوو لە لایەن دەسەڵاتی خوێنمژی بەعسی عەرەبی لە دژی نەتەوەی ڕەسەنی کورد.

**بەکارهێنانی ناڕەوا :** illicit practice دادوەری ناوی فەرمان وەرگرتن، ڕاگرتن، یان بڵاوکردنەوەی ناڕەوای (شتێک) وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی مەبەست یان ئەنجامێک. [ع] استعمال غير شرعي [N] ulovlig praksis [د] استفاده غیرقانونی. G قانوونی

**بەکارهێنەر :** user ناوی فەرمان کاربەر، کەسێک کە ئامێرێک بەکار ئەهێنێ یان ئەخاتە کار وەکوو کەمپیوتەر و ماشینی تر؛ بەکارهێنەری تۆڕی پەیوەندی وەک ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا. [ع] المستعمل [N] bruker [د] کاربر.

**بە کاڵاکردن :** commodification چاوگی تێپەڕ کردار یان ڕەوتی هەڵسوکەوت لەگەڵ شتێک وەک کاڵایەکی سادە. [ع] تسليع [N] commoditizing [د] کالایی کردن. **نموونە:** ئێمە شایەنی ئەمە... ئەمە بەکاڵاکردنە نەبووین.

Matt Damon, Drive_Away Dolls







**بە کورتی:** in short فیڕ ئاوەڵکار بە چڕی، بەبێ درێژکردنەوە. [ع] باختصار [N] kort oppsummert [د] بە اختصار.

**بە کەڵەک:** fraudulently فیڕ ئاوەڵکار بە فێڵ، بە ساختە، بە کڵاوسەرنان، بە گزیکردن. [ع] باحتیال [N] uredelig [د] با تقلب.

**بەکەمگرتن:** understatement کاری تێپەڕ بەکەمدانان، شاردنەوەی ڕاستی، ڕاگەیاندنی شتێک بە کەمتر یان بچووکتر لەوەی کە لە ڕاستیدا هەیە. [ع] بخس [N] underdrivelse [د] دست کم گرفتن.

⇤ **ڕاگەیاندن:** statement کاری تێپەڕ گوتە، ڕوونکردنەوە، بڕیارنامە، دەربڕینی دیاریکراو و ڕوونی ویست و داخوازی لە وتار یان لە نووسیندا. [ع] بیان [N] uttalelse [د] بیانیە.

**بەگردی:** around ئاوەڵکار ناو گردی، فەراگەردی، بەدەوری، سووڕانەوە بە دەوری شتێکدا. [ع] حول، حوالي [N] rundt [د] بە دور.

⇤ (**ئاخڵە:** ❶ لێوارێکە بەگردی شتێکدا دروست بکرێ، لە قوڕ یان هەر کەرەستەیەکی تر) G خاڵ

⇤ (خولانەوە: سووڕانەوەی شت بە گردی خۆیدا.) G ئاناهیتا

**بەگزادان:** gentry پلەوپایە ئاریستۆکراسی ناو ئاغەوات، ئاریستۆکرات، گەوران، گەورەزادان، خانەدانان، سەر بە چینی باڵ، دەمسپی، ڕێزداران، پایەداران. [ع] الطبقة الراقیة [N] herre [د] اشراف، نجیب زادگان.

⇤ **ئازادفرۆشان:** gentry هێمایی یەکێک لە واتا هێماییەکانی

gentry ئاماژەیە بە دەستەی خۆجیاکەرەوەی خۆ بە جیاواز زان وەک هەنگوینفرۆشان، کەرەفرۆشان و... لە وەختەبازارەکان، وەک بڵێی ئەوان لە خەڵکی باڵاترن.

 



**بە گۆڤان ناساندن:** testimony دادوەری ناوی لێکدراو گۆڤانی، لێدوانێکی فەرمی نووسراو یان گوتاری، بە تایبەت ئەو لێدوانەی کە لە دادگای ڕێسادا دەدرێت. ع اثبات بالشهادة N vitnesbyrd د اثبات گواهی. G قانوونی

**بەگوڕ:** vivacious ئاوەڵناو بەتین، بەتاو، بەدەماخ، لەجۆش، گوڕجوگۆڵ، شۆخ، شاد، گەش؛ بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زیندوو و تەڕ ژیان. ع نشیط، مفعم بالحیویة N livlig د مسرور، بانشاط.

**بەلاوە:** ئاوەڵکار سەرەتا، یەکەم.

**بەلشاندەر:** hectic ناوی فەرمان هەژێنەر، خرۆشاو، گەرموور، گیانبزوێن، هەستبزوێن، بزوێنەر، وروژاو. ع محموم، مثیر N hektisk د شورانگیز.

**بەلۆک:** confessor ئاوەڵناو موکوڕ، ددانپێدانەر، درکێنەر، ڕازدرکێنەر، پڕلێنەر. ع معترف N bekjenner د اعتراف کنندە. ← **بەلۆک و ڕازدار:** confessor and confession receiver.

**بەلەپیتکە:** trigger ناوی لێکدراو ئامرازی تەقاندنی چەکی ئاگرین، پەلاپیتکە، خیرە، زیتە، ماشەک، مووەرە. ع زنّد البندقیة N avtrekker د ماشە تفنگ. ← trigger هەروەها بە واتای تەقاندن و چرکاندنە.



**بەلەسە :** stubborn ئاوەڵناو لاسار، قیرسیچمە، سەرچەوت، بلەوەز، پێداگر، ورککر. ع عنید N sta د لجوج. ⇦ بەلەسەیی : لجاجت.

**بەلەسەبوون :** چاوگی تێنەپەڕ هەڵچوونی سەرچەوتانە، غەزران.

**بەلەسەیی :** stubbornness ناوی چاوگ سەرسەختی، سەرکێشێتی، پێچەقاندن و سووربوون لەسەر نەگۆڕینی بڕیار و هەڵوێستی مرۆڤ لەسەر شتێک.
◀ بەلەسەیی بە گوێرەی هەلومەرج باری ئەرێنی و نەرێنی هەیە. ع العناد N stahet د لجاجت.

**بەلەک :** licorice ناو گیابەلەک، شوێشک، لاکریس، تێکەڵەیەکی شیرینی بنێشت ئاسای ڕەش و سپی بۆنداره لە ڕێگەی هەڵماندنی ڕیشەی گیای بەلەک بەدی دێ، کە هەم وەکوو شیرینی و هەم لە پزیشکیدا سوودی لێ وەرئەگیرێ. ع عرق السوس N lakris د شیرین بیان.



**بەلەم:** bellum ناو گەمیی باریک و درێژ؛ بلۆوتی چینی.

**بەلەمرک:** elbow توێکاری ناو بەلەچِوق، ئانیشک؛ جمگەی نێوان زەند و بازوو. ع مِرفق N albue د آرنج.




**بەلەنگاز:** fakir شێوەزانست ناو کەسی هەژار و نەدار، سۆفی و دەروێش و مورتازی نەدار. ع فقیر N fakir د فقیر.




**بەلاگەردان:** alms, handout ئابووناسی ناوی لێکدراو قەزاوەگێڕ، سەرگەرد، وەی گێڕەوە، خێرێک کە ئەکرێ بۆ دوورخستنەوەی خراپە و بەلاّ. ع الصدقة N almisse د صدقە.

**بەلخ:** sediment ناو خلّتە، لیتە، توّقالّ. ع رسوب، دردی N sediment د رسوب، دردی تێبینی: هەروەها ئەو لیتە خەستە چەسپئاسای لە نێوان چیمەندا هەیە و وەکوو سمێنت وایە لە کوردیدا پێی ئەوترێ چیمەنتۆ [چیمەن+تۆ {نێوان}].

**بەڵغ:** mildew ناو کەڕوو، کەڕەکیفە، پرک، لاکووتی، ژەنگی ڕووەک. ع العفن الفطري N mugg د کێک، زنگ گیاهی.




**بەڵگاژۆ:** driver licence بەڵگە پسوولەی ئاژووتن، مۆڵەتی شۆفێری. ع رخصة قيادة N førerkort د گواهینامه ڕانندگی.




**بەڵگەگەرایی:** Documentarism سینەما بە گوتەی ئامێدە واتە «ڕزگارییەکی ناچالاک کە ئەڵێ خاوەنی بابەتییەتی ناکەسێتییە. نێینی هیو گرەی

**بەڵگەنامەی پاناما:** Panama Papers دزکاندن بەڵگەنامە ١١,٥ ملیۆن بەڵگەنامەی پانامایە، ٢٠١٦ لە لایەن ئێدوارد سنۆدنەوە بڵاو کرایەوە.

**بەڵگەنامەی داهێنان:** Letters patent بەڵگە ع براءة اختراع N Proof av patent د سند اختراع.

**داهێنان:** invention داهێنان چاوگی تێپەڕ وەدی هێنانی شتی نەفت و نوێ. ع اختراع، بدعة N oppfinnels د اختراع.

**بەڵگەهێنانەوە :** proof سەلماندن دادوەری سەلماندن و پازەهێنانەوە. [ع] اثبات [N] bevis [د] اثبات. [G]قانوونی

**بەڵگەی پێچەوانە هێنانەوە :** provide contrary proof سەلماندن دادوەری سەلماندن و پازەهێنانەوە. [ع] قدم اثبات العكس [N] gi motsatt bevis [د] ارائە اثبات خلاف. [G]قانوونی

**بەلگینە :** uvula توێکاری ناو زمانە بچکۆلە. [ع] لهاة الحلق [N] drøvelen [د] زبان کوچک.




**بەڵێندار :** entrepreneur ئابووری کارئافرێنەر سەرمایەدانەر، سەرمایەدارێک کە پیشەی سەرپەرشتی و بەڕێوەبەری و دامەزراندنی کارە و مەترسی دارایی لە ئەستۆ ئەگرێ. ⇦ **مەختە :** گرێبەست قەبەڵ، قۆنتەرات، گرتنی کاری سەرلەبەر [د] کنترات.

**بەڵێندەر :** promised ناوی فەرمان کەسێکە پەیمان ئەدات کارێک بە مسۆگەری ئەنجام بدات، یان ڕێکی بخات. [ع] واعد [N] lovet [د] متعهد، وعدە دهندە.

**بەم ئەی بینێ و بەو تووری ئەدا :** In one eye and out the other گۆتە پەند بەم گلێنە ئەی بینێ و لەو گلێنە فرێی ئەداتە دەرە، بە ئینگلیزیەکەی هەروەها لەم گوێوە دێت و لەوی ترەوە ئەچێتە دەرەوە goes in one ear and out the other بەکار ئەهێنرێ و، بۆی هەیە یەکێک لەم مەبەستانە بپێکێ:

◁ گوێی پێ نادات و لە لای گرنگ نییە؛

◁ یەکسەر لە بیری ئەکات و؛

◁ سێیەم لە پەیوەندی لەگەڵ ڕاسپاردەی نهێنی ڕێسایی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا ڕاسپێردراو بەرپرسە ـ ئەوەی پەیوەندی بە پرسگرەکەوە نەبێت ـ بەم گلێنە ببینێ و لەو گلێنەی ترەوە فڕێی بداتە دەرەوە، وەکوو هەرگیز نەی بینیبێ و نەی بیستبێ:

ع یدخل من عين ويخرج من الأخرى.

N Inn i det ene øyet og ut det andre

د از یک چشم وارد و از چشم دیگر خارج شدن.






**بەم پێیە:** accordingly ئاوەڵکار جا کەوایە، لەبەر ئەوە، بەم شێوەیە، بەم جۆرە، بەگوێرەی، بە هەمان شێوە، شێوەیەک کە لەگەڵ بارودۆخە تایبەتەکەدا بگونجێت. ع وفقا لذلک، حسب ما N tilsvarende د بر این اساس، بنابراین، برطبق.

**بەم نیشانە سەرئەکەوی:** بووبەر مێژوو ١٨ای برۆمێر ئاماژەیە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی کە کۆنستانتینی یەکەم، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٣١٢دا فەلەگەریی وەکوو ئایینی فەرمیی ئیمپراتۆری پەسەند کرد، لە جەنگ دژی ماکسنتیۆس، ئیمپراتۆری ڕۆما لە ٣٠٦ تا ٣١٢، لە پێشی لەشکرەکەی، بە لاتینی لەسەر ئاڵایەکی وەکوو خاچ نووسیبووی:

«in hoc signo vinces!»







**بەمەبەست:** intent ناو ئاوەڵناو بەوست و خواز؛ بڕیاردەر. ع قصدا N hensikt د قصدا، عمدا E intentionally.

**بەن:** ناو هەودای لە خوری و موو، دەزوو.

**بەنازونووز:** prissy ئاوەڵناو وشک، بەئەدا، زووهەڵبەزیو، درەنگڕازی(بوو)، بەقێزوبێز، بەلووت‌وپووت، بەترووتۆپ. ع متعففە، متخنث N prissy د شیک و ناز.

**بە ناسینی یەکیان هەموویان بناسە:** هۆنراوە ڤیرژیل، ئەنەیید Aeneid، سرووی دووەم، ئامۆژگاریی ئەنە بە دیدۆن بۆ ناسینی یۆنانییەکان.







**بەنا ڕۆمی:** ڕووەکی ناو تاوڵی، گژنیژ، درە کەوڵی، درکە کەوە، ڕووەکێکی یەکساڵەیە لە تیرەی «چەتریپەکان» (Umbellifetae)، لاسکەکەی سوچ سوچە و پەلەکانی بڵاوە، گەڵاکانی دڕاون و گوڵەکانیشی ڕەنگیان چەرموو یان پەمەیین و، بە شێوەی چەتر لە پۆپەی چڵەکانەوەیە د گشنیز N koriander ع کزبرة E coriander ☜ گژنیژ.

   

**بەناوی قانوون:** In nome della legge [فیلم] فیلمی سینەمایی ئیتالیایی ١٩٤٩، دەرهێنانی پیەترۆ جێرمی Pietro Germi.

 



**بەنداو:** dam [بەنداو] [ناو] بەند، ئاوبەند، بەنداو، بەربەست، کەپەرە، لەمپەری ئاوگەڕاندنەوە، بە تایبەت لەسەر چەم، تا ئاوەکەی لا بدات یان گل بداتەوە. [ع] سد [N] demning [د] سد.

**بەنداوی داریان:** Dariyan dam [بەنداو] [ناو] بەنداوێکە ساڵی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٥ لە سەر چەمی شیرِ ئاوی سیروان (لە ئەسپەرێزەوە بۆ شێخان لە هەڵەبجە)، نزیکی گوندی داریان، بیست و پێنج کیلۆمەتری شاری پاوە، پارێزگای کرماشان، خوارووی کوردستان دروست کراوە. ئەم بەنداوە ١٥٥ مەتر بەرزە، تاجەکەی ٣٦٨ مەتر و پانییەکەشی ١٥ مەترە. ئەم بەنداوە وزەی کارۆئاوی لێ وەرئەگیرێت و هەماراوێکە بۆ ئاودێری ناوچەکانی فەراگەردی و دەشتە گەرمەسێرییەکان. [ع] سد داریان [N] demning Dariyan [د] سد داریان.







**بەندوباو:** misrepresentation ناو چەواشەکاری، کردار یان تاوانی باسکردنی درۆ یان چەواشەکارانە لە سروشتی شتێک. ع تحریف N distortion د تحریف، ارائە اطلاعات نادرست.

**بەندەری مژاوی:** Quai des Brumes فیلم فیلمی بێدەنگی فەڕانسەیی ١٩٣٨ دەرهێنانی مارسێل کارنێ.








**بەندە و کوێخا:** patricians and plebeians کۆمەڵناسی هەژار و دارا، پلەبیەن و پاتریسیەن، بۆرەپیاو و ئاغە. لە ڕۆمای کەونارا، جیاوازی ئەم دوو دەستەیە تەنها بە هۆی پێگەی لەدایکبوونەوە بوو، لە کاتێکدا مارکس

پاتریسیەن بە ئەندامی بنەماڵەی دارا و بەدەسەڵات دائەنرێ، کە بەسەر بنەماڵە نەدارەکاندا زاڵن و لە ڕێگەی چەوسانەوەی پلەبیەنەکانەوە ژیانی سەنگین و ڕەنگنامە بۆ خۆیان دابین ئەکەن.






Mural de Diego Rivera, Palacio Nacional, México DF

**بەندیوار:** dependent ئاوەڵناو وابەستە، بارودۆخی بەستراوەیی بە شتێکەوە ← خودان و بەندیوار. ← پلەبیەن و پاتریسیەن. ع تابع N avhengig د وابستە.

**بەنگخۆران:** ئایدیۆلۆجی ڕێکخراو کۆمەڵەی برایانی بەنگخۆر یان، پێڕی ئەسەسن، لە ئیسماعیلییەی نزارین کە لە ١٠٩٠ تا ١٢٧٥ لە کێوەکانی نێوان ئێران و سووریە ئەژیان. ← بەنگخۆر بکوژی پەروەردەکراو بوو کە بە هۆی بەنگەوە بەنج ئەبوو و لە دارەتی دەروونی نائاساییدا هەڵئەسا بە کاری کوشتن و تۆقاندن. ← لە کۆتایی سەدەی پانزە پاش دابەشبوونی ئیسماعیلییە، لقێکی شیعە بە ناوی نزاریانیسم، یان نزارییەکان، پەیڕەوانی **نزار**ی کوڕی ئەلمونتەسەروبیڵلای خەلیفەی فاتمی لە قاهیرە، بەدی هات. ← بەنگخۆر یان بە عەرەبی حشاش و حشاشین لە ئینگلیزی بووە بە assassin چونکە بەنگخۆران لە یەکەم دەستەکانی بکوژ و تروریستن لە جیهاندا سەریان هەڵداوە. ن: بکوژی پیشەیی باڵاترین شێوەی خزمەتگوزاری گشتییە. ← پەرتووکی The assassins نووسینی بێرنارد لویس Bernard Lewis دەربارەی حەسەنی سەباح و بیروباوەڕ و شێوازی ڕێکخراوەیی و کارکردنیان، بە ناوی «بەنگکێشەکان» لە لایەن د. شێرکۆ

عەبدوڵڵاوە کراوە بە کوردی. ئەسەسن سەباح.




**بە نهێنی:** surreptitious [ئاوەڵناو] بەنام، بە نهێنی هێڵدراو، بە تایبەت شتی نابەسەند و ڕێگەی پێنەدراو. [ع] خفيٍ، سري [N] i det skjulte [د] پنهانی، سری.

**بەنگین:** newbie [ناو] تازە هاتوو، تازە گەیشتوو، تازەلاو، خورت، مێرمنداڵ. [ع] مبتدئ [N] nybegynner [د] نوخیز، نوپا.

**بەور:** tigers [ئاوەڵناو] لە سەدەی هەژدە و نۆزدە بە شاگرد عەرەبانەچی ئەوترا کە لە پشت فایتوونەکەدا بوو و ئەوەندەی فایتوون ئەوەستا، خۆی هەڵئەدایە خوارەوە و دەرگای بۆ سەرنشینەکە ئەکردەوە.





**بەورماسی:** Tiger muskie [ناژناو] یان Tiger muskellunge یان بەورماسکی، ماسیەکی گۆشخۆری بە زۆری نەزۆکە. لە ئاوی شیرین ئەژی و لە کانادا و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەمریکا ئەژی. بەخێرایی گەشە ئەکات و کەمتر

تووشی نەخۆشی ئەبێ، کێشی ئەگاتە ١٤ کیلۆ باڵای تا ٩٠ سەنتیمەتر، خۆراکی ماسی و باڵندەی بچووکە. گرتنی زۆر دژوارە، بۆیە پێی ئەوترێ دەهەزار گیان 10,000 casts.



**بەوڕەسەن:** malign ئاوەڵناوی لێکدراو بەدڕەسەن، بەدنیهاد، ناپاک، نمەکنەناس، ناڕەسەن، بێئادەر، بەدنیاز؛ ◄◄ **بەدفەڕ** بەڵام تا ڕادەیەک واتای ئەرێنی هەیە وەکوو قۆشمە و چەتوون و توولەکی. ع خبیث N ondartet د خبیث. نیهاد پاکنیهاد.

**بەوزەڕە:** ناوی لێکدراو ناشیرین، دزێو.

**بەووست:** ❶ boast کار وشەیەکی ئینگلیزی بووە بە واتای گەزاف، خۆهەڵکێشان. G ئازادی

**بەووست:** ❷ intentionally ئاوەڵکار بە ئەنقەست، ئاگاهانە، بەئاگا، بە زانین. ع عامدا، متعمدا N med vilje د عمدا، قصدا.





**بەوێنا :** ئاوەڵناوی فرمان کەسێک کە لە ناسینەوەی خەڵکدا زیرەک بێت.

**بەویژدان :** conscientious ئاوەڵناو وریا و زیتەڵ، ئەرکناس و دڵبەکار، کەسێک کە هەڵئەسێ بە ئەنجامی کاری شیانست، بە تایبەت ئەرک و ڕاسپاردەی خۆی بە باشی و بە وردی ئەنجام ئەدات. ع وفق الضمير N pliktoppfyllende د با وجدان.

**بەها و هەنجار :** value and norm کۆمەڵناسی کۆمەڵگە بۆ مانەوەی خۆی جگە لە ڕەوشت، پێویستی بە هەندی ڕێسا و نەریت هەیە، کە بە ئەندازەی بنەماکانی ڕەوشت گرنگ نین، بەڵام ئەمانیش گرنگی خۆیان هەیە. بەهاکان لە هەنجارەکان گرنگترن. بەها، بە باشترزانینی شتێکە لە شتێکی تر. وەک ئەوەی کە نابێ دزی بکەین، نابێ ڕێساکان پێشێل بکەین. بەڵام هەنجارەکان دەستووری شێوەی ڕەفتارن، نموونەی ڕەفتاری ئێمەن و پێمان ئەڵێن لە بۆنە و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکاندا چۆن بجووڵینە. ن: **بەها** لە بۆنەیەکی پرسەدا ئەوەیە کە ئەبێ ڕواڵەتی پەژارەمەندمان هەبێ و پێنەکەنین؛ هەنجار ئەوەیە جلێکی ڕەش یان لەباری بۆنەی پرسەمان لەبەردا بێت. ع القيمة والقاعدة N verdi og norm د ارزش و هنجار. ☜ شارستانیەت ☜ ڕەوشت

**بەهاربەند :** barnyard ناوی لێکدراو شوێنێکی پەرژینکراوە بەهار و هاوین ئەسپ و پاتاڵی تیا ڕائەگرن، گەوڕی سەر ئاوەڵە. ع الإسطبل ربيعي N låvetun د بهاربند.



**بەهارنارنج :** veil, net veils ئاراییشت ناو تۆڕێکی دانتێلە بۆ ڕازاندنەوەی

بووک یان بۆ جوانی ئەیدەن لەسەر. ع حجاب شبکيِ N nett slør د تور صورت عروس.




**بەهاناسی:** Axiology ئایدیۆلۆجی ئاوەڵناوی لێکدراو ئاکسیۆلۆجی، تۆژینەوەی ماهەک و ناوەرۆکی بەها و هەڵسەنگاندن و نردخدانان لەسەر دیارە و شمەکی بەهادار.

**بەهایی:** ئایینناسی ئایین دینی بەهایی، دینێکە کە میرزا حسەینعەلی نووری ناسراو بە «بەهائوڵڵا» لە سەدەی ١٩ز لە ئێران دایمەزراند. لە درێژەی دینی بابی ساڵی ١٨٦٣ بە فەرمی ڕاگەیەندرا. بەهاییەکان، بەهائوڵڵا بە تازەترین نوێنەری خوا ئەزانن وەکوو زەردەشت و برایم و مووسا و عیسا... بەهاییەکان ٧ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار کەسن و لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەتەوە. «ئەقدەس» پەرتووکی پیرۆزی بەهاییەکانە؛ «مەشرق ئەلئەزکار» پەرستگەی بەهاییەکانە، شوێنە پیرۆزەکانیان خزنی بەها لە عەکا یان ئاکریٚ، خزنی سەید عەلیمحەممەدی باب لە هەیفا.

← «باب» خۆی بە مژدەدەری ئاینێک ئەزانی کە لە پاش خۆی لەلایەن «من‌یظهرالله»وە ئەنێردریٚ. لە دوای باب زۆرکەس خۆیان بە

«من‌یظهرالله» زانیوە. بەهاییەکان پێیان وایە «من‌یظهرالله» هەمان میرزا حسەینعەلی نوورییە کە ئەوان بە «بەهائوڵڵا»ی ناوئەبەن. زۆربەی بابیەکان «بەهائوڵڵا»یان وەکوو «من‌یظهرالله» پەڕێرە کرد و بوون بە بەهایی. ژمارەیەکی کەمیان «سوبحی ئەزەل» برای بابیان بە جێگری باب دانا.







**خزنی باب و بەها:** خزنی بەها لە شاری عەکا یان ئاکرێ، خزنی سەید عەلیمحەممەدی باب لە شاری هەیفایە لە ئیسرائیل، چونکە بەهاییەکان ئەیانزانی تەنها شوێنێکە ئەو خزنانە پارێزراو ئەبن.







**هەندێ لە بڕواکانی بەهاییەکان:**

ـ یەکێتی و ئاشتی جیهانی مرۆیی.

- دین ئەبێ لەگەڵ زانست و ئاوەز یەک بگرێتەوە.
- دین ئەبێ مایەی دۆستی و خۆشەویستی بێ.
- ژن و پیاو ئەبێ بەرامبەرن.
- هەرچەشنە دەمارگیریی زەگەزپەرستانە و ڕامیاری و دینی، ناپەسەند و هەڵەیە.
- پەروەردەی خۆڕایی و زۆرەملێ.
- خۆ پاراستن لە درۆ و بوختان.
- مرۆڤی لە ١٥ ساڵ بەرەوژوور نوێژ و نزایان لەسەرە.
- خۆپاراستن لە قومار و ماکی هۆشبەر و هاوڕەگەزبازی.


سوبحی ئەزەل


مەشریق ئەلئەزکار لە فرانکفورتی ئالمان




**بەهداشت:** healthcare **تندروستی** ڕاگرتنی تەندروستی، پاکژی و پاکوخاوێنی؛ ⇦ [بەه + داشت] بەه بە واتای پاک و خاوێن وەک لە وشەی بەهدین و بەهدینان، داشت بە واتای ڕاگرتن؛ **ن:** پەز و پەلەوەرەی داشت.










**بەهدین:** Zoroastrian ئاییناسی ناو زەردەشتی، سەر بە ئایینی مەزدیسەنایی. ع الزرادشتیة N Zoroastrisk د زرتشتی.

**بەهدینی:** Zoroastrianism دین ناو ئایینی مەزدیسەنایی، ئایینی زەردەشتی. ع الزرادشتیة N Zoroastrianisme د دین زرتشتی.

**بەهرە:** talent ناو لێزانی و شارازەیی و لێهاتوویی سروشتی. ع الموهبة N talent د استعداد E knack.

**بەهرەمەند:❶** versatile ئاوەڵناو لێزان، بەهرەدار، بەرخوردار، خاوەن بەهرە، فرەڕەهەند. ع متعدد الاستعداد N allsidig د همەکارە.

**بەهرەمەند:❷** savant ئاوەڵناو پسپۆڕ و زانایەکی تایبەت و سەممەرە. ع علامة N kunnskapsrik د عالم. ⇦ **دەبەنگی ئاژاوەگەر:** savant idiot دەستەواژە گەمژەی زانا، کەسێک کە توانایەکی ناوازەی لە بوارێکی تایبەتدا هەیە، وەک موزیک یان بیرکاری، سەرەڕای ئەوەی لە بوارەکانی تری کارکردنی ئاوەزی یان کۆمەڵایەتیدا لاوازی بەرچاوی هەیە. ع أحمق العالم N kunnskapsrik د احمق عالم.

**بەهرەوەر:** virtuoso ئاوەڵناو هونەرخواز، هونەرمەندی داهێنەر؛ خاوەن قازانج، تایبەتمەندی کەسایەتی دەروونگەرا، سەرنجدەر، بیرمەند و ئایندەنگەری هەیە، پێی خۆشە ئەندێشەیەکی تاکگەرای هەبێ، دوای ئارمانجەکان بکەوێ، بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکی دەرەکی زۆری هەبێ.

◀ {بەهرە+وەر}، ◀ «وەر» پاشگری خاوەندێتییە وەک گەناوەر، پەلەوەر، سەروەر. ع فنان مبدع N virtuos د دارای ذوق هنری.

⇦ **کەبار:** virtue ناوی چاوگ ئەدگاری چاکە، ڕەوشتی باڵای کۆمەڵایەتی، نیازپاکی؛ لە ڕوانگەی ئایینییەوە: ڕازونیاز، نوێژ و نزا. ع فضیلة N dyd د فضیلت، فضائل.

⇦ **دەستڕەنگین:** virtuoso personality ناوی لێکدراو مرۆڤی هونەرمەندی بەهرەمەند.

**چاکەکار:** virtuous ناوی لێکدراو .









**بەهرەی خاوەنێتی:** ئابووری بەهرە لە دەقی ئاڵمانیدا die Grundrente، لە دەقی فەرەنسیدا La rente foncière و لە ئینگلیزیدا ground rent، ئەو پارەیە کە لە لایەن کرێگرتەوە ئەدرێ بە خاوەن زەوی بەپێی ڕێکەوتنی ناو کرێنامەکە، ئەمەش ڕێککەوتنێکی ئابووریی کرێ یان کڕینی زەوییە لە ماوەیەکی درێژخایەندا.

**بەهرەی سەرمایە:** interest ئابووری بەهرە داهاتی سەرمایەی نەختینە کە دراوە بە قەرز.

**بەهوردە:** elite ناو هەڵبژاردە، ناوازە، بژاردە. ع نخبة N elite د نخبە.

**بەهەتیوی لەدایکبوو:** posthumous کۆمەڵناسی پاشمەردە، هەتیوزا، مناڵێک کە پاش مەرگی باوک لەدایک ئەبێ. ع مولود بعد الموت N postume د یتیم زادە. ⇐ **پاشمەرگە:** posthumous کۆمەڵناسی لە دوای مردن، وەک خەڵاتکردنی کەسێک گیانی بەخت کردووە.

**بەهەجۆک:** indignant دەروونناسی دارەت ئاوەڵناو ئەنگر، کەشتەنگ، جنگز، غەزریو، ئەرنۆک، قوشقی، هەڵپفیاگ، مرۆی هەمیشە سڵ و تووڕە. ع غاضب N indignert د غیظ آلود.

**بەهرەی هەڵکەوتوو:** quirk of genius بەهرە ئەو هەوەس و ڕەفتارانەی کەسانی بلیمەت و هەڵکەوتە ئەنجامی ئەدەن و، تا ڕادەیەکی زۆر

نائاسایی خۆیا ئەکەن. ع نزوة العبقرية N genialitet د ویژگی نابغه.

**بەهەشتی سەرووی زەلکاو:** Il Cielo sulla Palude فیلم فیلمی سینەمایی ئیتالیایی ١٩٤٩، دەرهێنانی ئۆگۆستۆ جێنینا Augusto Genina.






**بەهێ:** quince ڕووەک ناو بەی، بیۆک، حەیوە، میوەیەکی ڕەق و ئەسیدییە، هەرسکەرە و خواردنی بە ناشتا ئەدات لە دڵ، تۆزێ لە هەرمێ ئەچێ، بە کاڵی و بە پیشاوی ئەخورێ، بۆ لاچەڕ و بۆ خۆشاو و بۆ مەزە بەکار دێ. ع سفرجل N kvede د به.

ن: بەی بە ناشتا شێو بە تێری






**بەهێز:** formidable ئاوەڵناو دژوار، زۆردار، زەبەردەست، دەسەڵاتدار، ورووژێنەری ترس یان ڕێز لە ڕێگەی گەورەبوون، بەهێزبوون، یان توانا و بەهرەی سەرنجڕاکێشەوە. ع هائل N formidabel د مهیب. ن: ڕکابەرێکی بەهێز. ن: پارێزەرێکی بەهێز.

**بەیار:** moor ناو بوورە، قەراج، زەوی نەکێڵراو، بێبەر، زڕ، شۆرەکات،

ڕووتەن، مووش، نەکێڵ، خەرشۆڤ، نەزۆک، وشک، قاقڕ. ع ارض بور N fortøye د بایر، لمیزرع، بی‌ثمر، نازا E barren.





**بەیبۆن:** chamomile ڕووەک ناو کارتیمۆک، گوڵە چاوئێشە، گوڵە چەرمەڵە، گیا کلکەوانە، گوراڵەچەرمێ. ع بابونج N kamille د بابونە.



**بەیدەست:** hesitate, confuse دارەت ناوی چاوگ پەشۆکاو، شڵەژاو، هەراسان، سەراسیمە، سەرلێشێواو. ع ارتباک N forlegenhet د دەست و پا گم کردە، کلافە شدە.

**بەیکن:** ❶ bacon خۆراک ناو گۆشتی تەڕادی بەراز کە نەواری چەوری هەیە و بە زۆری وەکوو پارڵەی ناسک پێشکەش ئەکرێ. ع بایکون

N bacon د بیکن.







**بەیکن:**❷ Francis Bacon {١٥٥١ـ١٦٢٦} فەلسەفە بەیکنی فەیلەسووف، هەروەها ناسراو بە لۆرد ڤێرۆلام، فەیلەسووف، ڕامیار و زانای ئینگلیزی، بە تەوری سەرەکی گۆڕانی سەدەی ناونجی ئەزانن، بە دانەری شۆڕشی زانستی و کۆتاییهێنانی دەسەڵاتی کلیسا بە سەر ئەندێشەدای ئەزانن. بە باوکی ئەزموونگەرایی Empiricism دائەنرێ. ع بیکون N Francis Bacon د بیکن.









**بەیکن:**❸ Francis Bacon {١٩٠٩ـ١٩٩٢} هونەر بەیکنی شێوەکار، شێوەکاری بەریتانیایی زادەی ئیرلەندا، ئێکسپرسیۆنیستی ناودار بە هۆی جەستەی نالەبار و ڕوخساری خواروخێچ. بەیکن بە شێوەکاری وێرانی پاش جەنگی جیهانی دووەم دائەنێن.







**بەینەت:** trustfulness ناوی چاوگ ئەمەگ، وەفا. ع وفاء، اخلاص N tillit د وفا. ⟵ **بەینەتدار:** بەئەمەگ.

**بەینەتدار:** loyal ئاوەڵناو ئەمەگدار، بەئەمەگ، وەفادار. ع وفي N lojal د وفادار. ☜ سەرسپێری ☜ ڕازێر

**بێئارایشت:** sans phrase ناوی چاوگ بەبێ میکیاج. ع دون زینة N uten sminke د بێ‌کەم و کسر E without makeup. ١٨ی برۆمێر لە دەقە ئاڵمانییەکەدا بە فەرانسەیی هاتووە.

**بێئەندێشە:** improvisatory ئاوەڵناو دەسبەجێ، ئەنجامدانی کار و چالاکیک بەبێ بیرکردنەوە، نەستژەنی. ع ارتجالي N improvisatorisk د فی البداهه E improvisational. ☜ نەستژەنی

نموونە: فیلمێکە بە شێوازی نەستژەنی و بێئەندێشە وێنە گیراوە.

**بێبارکردن:** thwart چاوگی تێپەڕ هەڵوەشاندنەوە و لەکەڵک و لەکارخستنی ڕێککەوتننامە. ع احباط N hindre د خنثی کردن.

**بێباکی:** temerity ناووواتا چاوگکردار سەرکێشی، بوێری، هەڵەشەیی، نەترسی، متمانەبەخۆیی زیاد لە پێویست. ع الجرأة، شجاعة N tapperhet د شجاعت.

**بێبال:** inconsiderate ئاوەڵناو کەمتەرخەم، گوێنەدەر، بەبێ بیرکردنەوە ئەبێتە هۆی ئازار و ناهێسایی کەسانی تر. ع مستهتر، غافل N hensynsløs د بی ملاحظه، غافل.

**بێبایی:** wretch ئاوەڵناو بەدبەخت، چارەڕەش؛ بێویژدان؛ ڕێلاس. ع بائس؛ التعیس، مریع N elendig د بدبخت؛ بی وجدان؛ خیره چشم.

⟵ **کۆڵەوار:** wretched ئاوەڵناو دەردەدار، ئێشدار، بەژان، چڵدار. ع یائس N elendig د رنجور.

**بێبرێس:** lackluster ئاوەڵناو مات و بێ تروووسکە و درەوشانەوە. ع باهتة N matt د بی فروغ. نموونە: داهاتوویەکی گەش و پڕ لە برێس.

ن: دڵێکی بێهیوا و ئایندەیەکی بێبرێس.

⟵ **برێس:** ترووسکە، برووسکە.

**بێبزد:** fearless ئاوەڵناو بێپەروا، بێئەندێش، نەترس، بێباک، بێهەراس. ع جريء N fryktløs د بی باک.

⟵ **بزد:** ترس، باک. ﮔ شێخانی

**بێبل:** August Bebel ڕامیار (١٨٤٠ـ١٩١٣) ڕامیاری ئاڵمانی، لە دامەزرێنەران و ڕابەرانی سۆسیال دیمۆکراتی ئاڵمان و «ئینتەرناسیۆناڵ»ی دووەم و لە شاگردەکانی مارکس و ئێنگلس.












**بێبەخت:**١ unlucky ئاوەڵناو (لە کرمانجی خواروو) بەڵەنگاز، لانەواز، سیابەخت، چارەڕەش، نازشێواو، ڕەنجەڕۆ، کۆستکەوتوو، کوڵۆڵ، نەگبەت، هەشبەسەر، بێفیز، بێدەمار. ع سيء الحظ N unlucky د بدشانس.

**بێبەخت:**٢ evil, mean, naughty ئاوەڵناو (لە کرمانجی سەروو) نەگریس، بەد، لاسار، دشت، خراپەکار N ond, slem ع الشرير، المشاغب د بدجنس، شرور. ⟵ **بێبەختی:** naughtiness, wickedness, meanness ناوی چاوگ لاساری، بەدکاری ع الشر والخسة N ondskap د شرارت، تبهکاری. ⟵ ن: بێبەختیێ گەلێ مە کرن: واتا دوژمنکاری و بەدڕەوشتیان لەگەڵ گەلی ئێمە کرد. ⟵ ن: بێبەختی نەکە: واتا بێڕەوشتی و دوژمنایەتی مەکە. ⟵ ن: ئەردۆغان بێ بەختە:

واتا ئەردۆغان بێڕەوشت و دوژمنکارە.

**بێبەزەیی:** merciless ئاوەڵناو ناوی چاوگ دڵڕەق، دڵرەش، چەپگەرد. ع بدون رحمة N nådeløs د بی رحم E callous.

**بێبەش:** deprived ئاوەڵناو دابڕاو لە بەش و بەهرە. ع محروم N fratatt د محروم.

**بێبەشبوون:** deprivation چاوگی تێنەپەڕ دابڕاو لە بەش و بەهرە. ع حرمان N deprivasjon د محرومیت.

**بێبەشکردن:** exclude چاوگی تێپەڕ دابڕاندن لە بەش و بەهرە. ع استبعاد N utelukke د محروم کردن.

**بێبەشی:** deprived ناوی چاوگ بەشبڕاوی، بێبەری. ع حرمان N deprivasjon د محرومیت.

**بێپێز:** exhausted ئاوەڵناو لاواز و بێهێز. ع ارهق N utslitt د بی رمق.

⇦ **بەپێز:** vivacious ئاوەڵناو بەبار، بەکاکڵ، بەکێش. ع نشیط N livlig د بانشاط.

**بێتاوان:** exculpatory ئاوەڵناو بێبەری لە خراپە و و تاوان و گوناهی سەلمێنراو. ع البريء N uskyldig د مبرا، بی گناه E exonerative, innocent.

⇦ **تاوانکار:** culpatory داد سزا ناوی بکەر ئەو کەسەی تاوانی بەسەردا سەلمێنراوە. ع مجرم N skyldig د مجرم E criminal, culprit.

☞ تاوانبار ☞ کەتن و تاوان ☞ تاوان و گوناهـ.

**بێتاوانی خۆ سەلماندن:** establish one's innocence دادوەری سەلماندن هێنانەوەی بەڵگە سەلماندن بێتاوانی. ع اثبات براءته N fastslå ens د uskyld بی گناهی خود را ثابت کردن. G قانوونی

**بێتمان هۆلوێگ:** Bethmann_Hollweg {١٨٥٦_١٩٢١} راميار ڕامیار و ڕاوێژکاری ئیمپراتۆری ئاڵمان لە ١٩٠٩ تا ١٩١٧.







**بێت نواغ:** bête noire دەستەواژە فەڕانسە، بە واتای دڕندەی ڕەش، مەبەست کەس یان شتێکی نەشیاوی ناخۆشەویست، بە هەمان شێوە فەڕانسەییەکەی لە زۆر زمان، بە تایبەت ئینگلیزیدا بەکار ئەهێنرێ.












**بێتوانا:** incompetent ئاوەڵناو ناووەناو ناوواتا پەککەوتە، نەشیاو، کۆڵ، بێکارە، نەبوون یان نیشانەدانی کارامەیی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەرک و کار بە سەرکەوتوویی. ع غیر کفء N inkompetent د بی عرضە، ناتوان.

**بێتوانایی:** inability ناوچیاوگ ناوواتا بێهێزی، نەشیان، هێزپێنەشکان، پەککەوتوویی، نەبوون یان نیشانەدانی کارامەیی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەرک و کار بە سەرکەوتوویی. ع غیر کفء N inkompetent د بی

عرضە، ناتوان.

**بێتەشە:❶** restless ئاوەڵناو بێ ئارام، بێ ئۆقرە. [ع] الأرق [N] rastløs [د] بیتاب.

**بێتەشە:❷** feeble ئاوەڵناو بێهاز، سست، لاواز، مردەڵە. [ع] ضعیف [N] svak [د] بی رمق.

**بێجامە:** pyjamas ناو پیجامە، جلی هێڵوهەراوی ناوماڵ یان خەوتن. [ع] لباس نوم [N] pyjamas [د] پیژامە.

**بێخوایی:** ☜ **ئاتێیزم**

**بێخوایی و دژخوایی:** ☜ ئاتێیزم و ئانتی تێییزم

**بێخەوش:** intact ئاوەڵناو تەندروست، بێوەی، کەسێک کە ژیان زۆر نەیگۆڕیوە بە باری خراپەدا. [ع] متصل، سلیم [N] intakt [د] بی عیب، دست نخوردە.

**بێدلام:** Bethlem Royal Hospital دامەزراوە دەروونناسی ناو شێتخانەیەکە لە لەندەن، پەیوەندی نزیکی لەگەڵ کینگزکالجی لەندەن هەیە و ناوەندی لێکۆڵینەوەی دەروونپزیشکییە، ڕووداوەکانی ئەم ناوەندە بووە بە مایەی نووسین و دەرهێنانی چەندین پەرتووک و فیلم.







**بێدۆ:** Marie Alphonse Bedeau {١٨٠٤ـ١٨٦٣} سەربازی ژنراڵ ماری ئاڵفۆنس، ژنراڵ و ڕامیار، کۆماریخوازی میانڕەو، لە خولی کۆماری دووەمدا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی دەستووری و ڕێسادانان بوو.





**بێر :** ناوی جێگا مەڕدۆشگە، شوێنی کۆبوونەوەی مەڕ و ماڵات.

**بێدەنگی زەریا :** Silence de la mer فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٤٩ دەرهێنانی ژان-پیەر مێلڤیل، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی ١٩٤٢ی فێرکۆرس Vercours.









**بێرتۆمیۆ :** André Berthomieu (١٩٠٣-١٩٦٠) نووسەر فیلمنامەنووس و دەرهێنەری فەڕانسەیی.









**بێرتا :** Bertha چەک ناو تۆپی گەورەی دوورهاوێژی ئاڵمانی کە لە دووری

سەد کیلۆمەترەوە شاری پاریسی پێ گوللەباران ئەکرد. ⇦ ناوی ئەم تۆپە لە ناوی بێرتا کرۆپ Bertha Krupp {١٨٨٦ـ١٩٥٧} کچی خاوەنی کارگەی چەک و پۆڵاسازی ئاڵمان وەرگیرابوو. ع برتا N Bertha د برتا ☜ کرۆپ.



**بێرت لەنکەستەر:** Burt Lancaster {١٩١٣ـ١٩٩٤} هونەرپیشەی ئەمریکایی براوەی خەلاتی ئۆسکاری ١٩٦٠.











**بێرتۆلت برێشت:** Berthold Friedrich Brecht ویژە ڕامیاری {١٨٩٨ـ١٩٥٦} هۆنەر و شانۆنووسی شانۆی داستانی Episches Theater سۆسیالیست و کۆمۆنیستی ئاڵمانی.










**بێرتێلۆ:** Philippe Berthelot دیپلۆمات (١٨٦٦ـ ١٩٣٤) دیپلۆمات و سەرۆکی نووسینگەی شالیارخانەی دەرەوەی فەرەنسە لە ساڵی ١٩١٤دا.

**بێرشتزگەدێن:** Berchtesgaden جوگرافیا گەشتوگوزار شارۆچکەیەکی هاوینەهەوارە لە باڤاریای ئاڵمانیا.




**بێرشتۆڵد:** Leopold Berchtold (١٨٦٣ـ ١٩٤٢) رامیار ڕامیار و وەزیری دەرەوەی ئۆستریا لە ١٩١٢ـ ١٩١٦.






**بێرلینەر لۆکالانتسایگر:** Berliner Lokalanzeiger رۆژنامە ڕۆژنامەی ئۆرگانی نەتەوەپەرستانی ئاڵمانی.




**بێرلیۆز:** Hector Berlioz موزیک ئاوازدانەر (١٨٠٣ـ١٨٦٩) ئاوازدانەری ڕۆمانتیکی فەرەنسەیی.



**بێرنارد پالیسی:** Berard Palissy هونەر ئەندازیار (١٥١٠ـ١٥٨٩) جوگرافیزان، سرامیککار و ئەندازیاری هیدرۆلیکی فەرەنسەیی. تۆژینەوەکانی لە پێشخستنی هونەری سرامیکدا سوودمەند بووە. بە زەمینناسی گرنگی ڕێنسانس دائەنرێ.



**بێرنارد گەیگر:** Bernhard Geiger فەلسەفە (١٨٨١ـ١٩٦٤) ئەندامی بەشی فەلسەفەی هێند و ئێران و سەرۆکی دامەزراوی هێندناسی Indology ئۆستریا، شارەزای ژیاری هێندوئورووپایی و بە تایبەت ئایینی زەردەشتی:

Wiener Zeitschrift für die Kunde des Morgenlandes








**بێرنارد لویس:** Bernard Lewis مێژوونووس (١٩١٦ـ٢٠١٨) بەریتانیایی ئەمریکایی، مێژوونووسی شارەزای ڕۆژهەڵات، مامۆستای زانکۆ لە بواری ڕۆژهەڵاتی نزیک، نووسەری پەرتووکی Assassins دەربارەی حەسەنی سەباح و بیروباوەڕ و شێوازی ڕێکخراوەیی و کارکردنی بەنگخۆران و ڕیشەی وشەی assassin لە سەدەی دوانزەی زایینی لە لایەن د. شێرکۆ عەبدوڵڵاوە بە ناوی «بەنگکێشەکان» کراوە بە کوردی.










**بێرناردن دو سەن پییێر :** زیندەوەرناس Bernardin de St. Pierre (١٧٣٧ـ١٨١٤) گیاناسی فەڕانسەیی.





**بێرنانۆس:** Georges Bernanos نووسەر سەرباز ژۆرژ (١٨٨٨ـ١٩٤٨) نووسەری فەڕانسەیی و سەربازی جەنگی جیهانی دووەم.









**بێرن جۆنز :** Edward Burne-Jones شێوەکار (١٨٣٣ـ١٨٩٨) شێوەکاری ئینگلیزی کە لە نوێکردنەوەی هونەری ڤیترای vitrail یان شووشەی نەخشاو stained glass پێشگاف بوو.







**بێرنهایم ژۆن:** Bernheim Jeune ناوی جێگا گالەری و ئەنتیکەفرۆشی لە پاریس.




**بێرێنیس:** Berenice داب‌ونەریت شازادە ترازێدی شازادەی جوولەکەی کەسایەتی ترازێدی ڕاسین، کە تیتۆسی ئیمپراتۆر لەگەڵ خۆی بردی بۆ ڕۆما، بەڵام لە ترسی ئەوەی خەڵکی پێیان خۆش نەبێ ئیمپراتۆر ژنێکی بێگانە بخوازێ، مارەی نەکرد.








**بێرەدۆش:** ناوی لێکدراو مەردۆش، ئەو کیژانەی ئەچن بۆ بێر بۆ مەڕدۆشین؛ دەفری شیردۆشین.

**بێری:**❶ ناو مەردۆش، ئەو کیژانەی ئەچن بۆ بێر بۆ مەڕدۆشین.





**بێری:** béret بڕەی. ☜ بێری باسکی

**بێری ئۆبەک:** Berry_au_Bac جوگرافیا گوندێکە لە نێوان دوو شاری لان و ڕێنس، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا یەکەم تانکەکانی دروستکراوی فەڕانسە لەوێ سوودیان لێ وەرگیرا.





**بێریڤان:** ناو بێری.

**بێری باسکی:** basque béret بەرۆنگ نەتەوە ناو کڵاوێکی خوری تایبەتی باسکەکانە کە لە نێوان ئیسپانیا و فەڕانسەدا دابەش کراوە E beret.






**بێزار :** upset ناوی فەرمان پەست، ماندوو، تەنگەتاو، جاڕز، کەرخ، گیانەسەر، وەڕەز، وەزاڵەهاتوو، هەراسان. ع منزعج N opprørt د ناراحت، نژند E bored, irked.

وتم ئایە بە زاری خۆت دەپرسی دۆخی زارم؟
بڕۆی هێنایە یەک بە تەشکی لا کە **بێزارم**
«نالی»

**بێزارکردن:** nuisance چاوگی تێپەڕ جاڕزکردن، وەڕەزکردن، کەسێک، شتێک، یان بارودۆخێک کە ببێتە هۆی وەڕەزی یان بێزاری. ع ازعاج N plage د مزاحمت.

**بێزارکەر :** vexatious ئاوەڵناو ملۆزم، پەستکەر، دڵڕەنجێن. ع غیر مریح N irriterende د ناخوشایند، منفور، نفرت انگیز E irksome.

← **دڵگەشێن :** pleasant ئاوەڵناو دڵخۆشکەر، بەردڵ، پەسەند، دڵگر، دڵواز. ع ممتع N hyggelig د خوشایند.

**بێزاری:**❶ detesting ناوی چاوگ ڕق لێبوونەوە، جاڕزی، دەغەزران. ع مقیت N avskyr د نفرت، متنفر بودن از E boredom, abhor.

**بێزاری:❷** boredom ناوی چاوگ ناووانا وەڕەزی، جاڕزی، هەراسانی، دارەتی بێزاربوون. ع برم، ملل N kjedsomhet د حالت تنفر، بی حوصلگی E irk.

**بێزاری:❸** protest ناوی چاوگ پڕۆتێست، نارەزایی دەربڕین. ع احتجاج N protestere د اعتراض.

**بێزراڤ:** ئاوەڵناوی فرمان ترسنۆک، ڕەقۆک، دەمارسست، بێهەناو.

**بێ زراو:❶** craven ئاوەڵناوی فرمان [بێ + زراو] ترسنۆک، ڕەقۆک، دەمارسست و بێهەناو. ع جبان، ضعیف النفس N craven د ضعیف النفس، ترسو و پست.

**بێزراو:❷** unlovable ئاوەڵناوی فرمان [بێزران] لەبەرچاوکەوتوو، ناخۆشەویست. ع غیر محبوب N uelskelig د دوست نداشتنی.

ڕۆژوو ئەگریت، کەچی لە نوێژ **بێزراوی**
بە فتوای شێخ یەکانەی دەمی بەستراوی
پیرەمێرد

**بێژان:** sift چاوگی تێنەپەڕ دابێژان بە هێلەک و بێژنگ N sikte ع غربل د غربال کردن.

**بێژمار:** umpteen ناوی لێکدراو [ بێ+هەژمار] لەڕادەبەدەر، لەژمارە نەهاتوو، یەکجار زۆر. ع کثیرا N umpteen د خارج از حد.

**بێژنگ:** sieve کەرەستە ناو کەرەستەیەکە بۆ دابێژین و زیاتر بو دانەوێڵە بکار ئەهێنرێت. کەرەستەی دابێژان بە گوێرەی وردی و درشتی جیاوازن وەکوو: هێڵەک، بێژنگ، باڵەکەو، سەرەند. ع غربال N sil د غربال.

**لەبێژنگدان:** filtration هێمایی کینایە دەرکردن و لابردنی کەسانی نەشیاو یان ملۆزم یان بەرهەڵستکار لە ڕێکخراو، دامەزراو یان دامودەزگایەکدا. ع تصفیە N filtrering د تصفیە ☜ بێژنگ.

هێڵەک ☜ سەرەند ☜



**بێژە:** ❶ pronunciation شێوەی گۆکردن و دەربڕینی وشە. ع طریقة اللفظ N uttale د تلفظ.

**بێژە:** ❷ say کار بڵێ، بڕێ، بواچە، بویش، بیێ. ع قل N si د بگو.

**بێسنوور:** ❶ unfettered ئاوەڵناو واتایئەرێنی باشارنەکراو و بێ ڕێگری، دیارینەکراو، بێدەستێوەردان، دەسبەسەردانەگیراو. ع غیر مقید N uhemmet د بدون محدودیت.

**بێسنوور:** ❷ free ئاوەڵناو واتایئەرێنی ئازاد، سەربەست، سەرسووک، ڕەها، بێچاودێری. ع حر، غیر خاضع N fri د ازاد، روا.

**بێسوودی:** futility ناو نەزۆکی، پووچی. ع عبث، عقم N nytteløshet د بیهودگی.

**بێسە:** ئاوەڵناو مەرایی، زمانلووسی.

**بێسەیی کردن:** چاوگی تێپەڕ ماستاوکردن.

**بێشکە:** crib ناو لانک، دەرکووش، دەیدیک، هەلوور. ع سریر N krybbe د گهوارە.



**بێ شوێنەوار:** without trace دادوەری ئاوەڵناوی لێکدراو بێ شۆپ، کەسێکە ناو و نیشانی دیاریکراوی نییە، یان ون و بێسەروشوێنە. ع دون اثر N uten spor د بدون اثر.

**بێشەرمی:** ناوی چاوگ سلساری، ڕووداماڵراوی، ڕێلاّسی، گوستاخی د وقح د قباحت.

**بێفەڕی:** Vanity ناوی چاوگ لەخۆباییبوون و خۆدەرخستن، خۆشەیدایی، کەشوفش. ع الغرور N forfengelighet د غرور. ☜ خودسەری.

**بێقەگەر:** irrevocably ئاوەڵکار بە شێوەیەکی نەگەڕاوە، بە شێوەیەک کە نەتوانرێت بگۆڕدرێت، پێچەوانە بکرێتەوە، یان وەربگیرێتەوە. ع الى غیر رجعة N ugjenkallelig د غیر قابل برگشت.

**بێک:** Henry Becque وێژە {١٨٣٧ـ١٨٩٩} هانری بێک، دراماNووسی فەرانسەیی.



**بێکمەسەر:** Beckmesser مۆزیک گۆرانیبێژ کەسایەتیی ئۆپێرای دەنگبێژی نۆرمبێرگ، بەرهەمی ڕیچارد ڤاگنەر، نوێنەری لێزانیی تەکنیکی دژ بە سەرۆ و بەهرەی هونەری. ☜ سەرۆ





**بێگاری:** Military service **ناوی چاوگ** سەربازی، خزمەتی سەربازی، زۆربەی وڵاتان سیستەمی خزمەتی سەربازی زۆرەملێیان هەیە، کە هاوڵاتی ئەبێ وەک ئەرکێک جێبەجێی بکات. خزمەتی سەربازی بە زۆری لە ٦ مانگ تا سێ ساڵە. ع الخدمة العسكرية N Military service د خدمت سربازی.

**بێگانە❶:** foreign **ناو** بیانی، غەوارە، نائاشنا، نەناسیاگ، کەسێکی خاوەن تایبەتمەندی وڵاتێک یان زمانێک جگە لە وڵات و زمانی خۆی. ع أجنبي N fremmed د خارجي E foreigner.

**بێگانە❷:** alien **ناو** نامۆ، بێگانەی دەرەکی، ئەو بوونەوەرانەی لە جیهانێکی ترەوە هاتوون. ع كائن فضائي N romvesen د موجود فضايي.






**بێگانە❸:** exophonic **هێمایر** **نازناو** ئێگزۆفۆنیک، مەبەست ئەو هونەرمەند و هۆنەر و نووسەرانەن، لە بنەڕەتدا زادەی وڵاتەکە نین و لە وڵاتێکی

ترەوە هاتوون. بۆ نموونە کوردستانی ـ ئەمریکایی، ڕووسی ـ ئەمریکایی، ئیالیایی ـ ئەمریکایی.

**بێگانە:** ❹ L' Etranger ڕۆمان ڕۆمانی ١٩٤٢ی ئاڵبێر کامۆ، زیاتر شیکردنەوەی فەلسەفەی پووچگەرایی و بوونخوازی و ئیگزیستانسیالیزمە، کە کامۆ ئەوەی دووەمیان ڕەت ئەکاتەوە.













**بێگانە، بە سپارتا بڵێ:** Oh stranger go tell the spartans مێژوو بووبەر

گەڕان-٢ بەگوێرەی داستانی سیمۆنیداسی هۆنەری یۆنانی، لە ساڵی ٤٨٠ی پ.ز† لیۆنیداس Leonidas و ٣٠٠ کەس لە یارانی کە ویستوویانە بەر بە لەشکری خەشایارشا بگرن، هەر هەموویان کوژراون. پاشتر لە یادەوەری ئەوانەدا لەسەر تاشەبەردێک لە تێرمۆپیل نووسیویانە:

«ئەی غەوارە کە بێرەدا تێئەپەڕی، بە سپارتا ڕابگەیەنە، ئێمە لێرە بەپێی ڕێسا گیانمان بەخت کرد.»

**فیلمی** «**٣٠٠**» کاریگەری تایبەت سەرنجڕاکێشی هەبوو، بەڵام بە ئامانجی تایبەتەوە هاتە سینەما و ئەمەش بە چاوخشاندنێکی کورت لە ناوەڕۆکی فیلمەکە بە زەقی ئەبینرا. ڕێژەی شێواندنی مێژوویی لەم بەرهەمەدا ئەوەندە قەبە و سەیر بوو تەنانەت دەنگی مێژوونووسانی ڕۆژئاوای بەرز کردەوە کە نارەزایان دەربڕی بەرامبەر بەو شێواوییە مێژووییەی لە فیلمەکەدا هەیە و بە یارییەکی ڕامیاری ئاشکرایان لە گۆڕەپانی سینەمادا دانا.

ئینجا ٧ ساڵ دوای ئەوەش، بەشی دووەمی ئەو فیلمە بە ناوی

«۳۰۰: **سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتێک**» بڵاو کرایەوە. فیلمی ئەمجار سەبارەت بە جەنگی بەناوبانگی سالامییە. بەشی یەکەمی فیلمی «۳۰۰» سەبارەت جەنگی تێرمۆپیلا بوو. سەربازەکانی خەشایار شا هێرشیان کردە سەر ئەسینای پایتەخت بە تۆڵەی سووتانی «سارد» «قەڵا»ی ئەسینای پایتەختیان سووتاند. یۆنانیەکان بەرەو دوورگەی «سەلامیس» هەڵهاتن و پاشا خەشایار شا بڕیاری دا سوپایەک بنێرێت بۆ سالامی بۆ کۆتاییهێنان بە کاری یۆنانیەکان.






**بێگانەگەرایی:** exoticism هونەر فێرگە {لە exotic} ڕەوتێکە لە هونەر و دیزاینی ئورووپاییدا، کە هونەرمەندان سەرسامە بە بیرۆکە و شێوازەکانی ناوچە دوورەکان و سرووشیان لێ وەرگرت. ئەمەش زۆرجار بریتی بووە لە کولتوورە بیانییەکان بە عیرفان و فانتازیاوە کە زیاتر قەرزاری کولتوری ئورووپایی بوون نەک خودی کولتووره سەمەرە و نامۆکان.






**بێگانەی نەویستراو:** undesirable alien دەستەواژە نامۆی نەخوازراو. ع أجنبي غير مرغوب فيه N uønsket romvesen د بێگانە نامطلوب.

**بێگرۆڵ:** revet armpits ئاوەڵناوی لێکدراو بن باغەڵ دڕاو، کراسی گرۆڵ ڕیوە ناماو. ع الإبط الممزق N revet armpits د زیر بغل پاره.

⇦ **گرۆڵ:** armpits پۆشاک ناو پارچە کووتاڵێکی لەبزینە یان سێ سووچە بۆ بن باغەڵ لە کراس و چۆغە ئەدرێ. ع الإبطين في القميص N armhulene i skjorten د خشتک، زیر بغل در پیراهن.

❗: ڕانکی شڕ و چۆغەی بێگرۆڵیان لەبەردا بوو.








**بێگەرد:** purity ئاوەڵناو سۆلان، خاوێن، پاکژ، بێخەوش د پاکیزە N ren.

**بێگەم:** apathetic ئاوەڵناوی لێکدراو کەمتەرخەم، خەمسار، بێتەوفیر، گوێنەدەر، جێی بەزەیی. ع لا مبالي N apatisk د بی تفاوت، بی اعتنا.

**بێل ئەند هاوڵ:** Bell and Howell کارگە بەرهەمی کارگەی کامێرا و هاوێنەی ئەمریکایی، ١٩٠٧ دامەزرا و تا ئێستە دەیان ملیۆن کامێرا و هاوێنەی ناردووەتە بازاڕ.










**بێل ئیل:** Belle Île دوورگەیەکە لە باکووری ڕۆژئاوای فەرانسە لە باشووری بریتنی. ئەم دوورگەیە لە ساڵانی ١٨٤٩ تا ١٨٥٧ گرتووخانەی زیندانیانی ڕامیاری بوو. هەروەها کرێکارانی بەشداری ڕاپەڕینی جونی ١٨٤٨ی پاریس لەم زیندانە ڕائەگیران.





**بێلا:** palace ئینگلیزی کۆشک، باڵەخانە، تەلار؛ خانووی گەورەی چەند نهۆم و فرە ژوور و خزمەتگوزاری. ع قصر N slott د قصر.

**بێلادۆنا:** belladonna ڕووەک ناو هۆشبەر یان شەوبۆی کوشندە، گیایەکی ژەهراوی هۆشبەرە، مرۆڤ تووشی هەڵوسە ئەکات، ڕەسەنی ئورووپا و ڕۆژاوای ئاسیا، هەروەها کوردستانە.





**بێلایەن:** abstain کاری تێنەپەڕ خۆلادان لە هەڵوێستێ ئەرێ یان نا. بێلایەن زیاتر واتای نەرێنی هەیە و نیشانەی بێهەڵوێستییە، بە تایبەت لە کاروباری کۆمەڵایەتی و پیشەیی و ڕامیاریدا. هەرچەند لە زۆر شوێنی تردا وانییە و بێلایەن ڕەنگە واتای ئامفۆتر و پارمەتیدەریش هەیە. ع

امتنع N avstå د ممتنع.

دەنگی بێلایەن: abstain vote ناوی لێکدراو دەنگی نە ئەرێ و نە نا. ٤
الامتناع عن التصويت N avstå fra å stemme د رأی ممتنع.









بێل کانتۆ: Bel canto سینەما سینەما جیهان ئیتالیایی بە واتای بەستەی شیرین، شێوازێکی بەستەیی گۆرانی ئۆپێرا بە بەکارهێنانی تۆنێکی تەواو و دەوڵەمەند و فراوان و دەستەواژەیەکی نەرم و ڕەوان. دەستەواژەی بێل کانتۆ بۆ ڕۆمان و ئۆپێرا و فیلم و تاد... بە کار ئەهێنرێ، وەک فیلمی بێل کانتۆ.

بێل کانتۆ: Bel Canto موزیک شێوازێکی گۆرانی وتنی ئۆپێراییە کە هۆنراوەیەکی تەواو بە تۆنی بڵیند و درێژ ئەوترێ ☜ فیلمی Bel Canto.












بێلفۆر: Belfort جوگرافیا شارێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرانسە، بەرامبەر

بە شاری ماینتزی ئاڵمان.




**بێلڤیل:** Belleville ناوی جێگا لە گەڕەکە کرێکارییەکانی پاریس.

**بێلفاست:** Belfast جوگرافیا پایتەخت و گەورەترین شاری ئیرلەندی باکووری لەسەر چەمی لاگان. بەندەری ئیرلەندی ناوەندی ڕاپەڕینی بەرگری.



**بێلگراد:** Belgrade جوگرافیا پایتەخت و گەورەشاری سەربیایە. ئەکەوێتە نێوان چەمی دانۆب و چەمی ساڤا.



**بێلوار :** Belloir **ناو** **گەڕان ١** ناوی کومپانیایەکی گەورە بوو کە کورسی و تەیڵەکی ئەدا بە کرێ.

**بێلە ئێپۆک :** Belle Époque بە واتای **چاخی زێڕین** خولێکی مێژوویە لە دیرۆکی ڕۆژئاوادا، لە کۆتایی جەنگی فەڕانسە و پرووسیا لە ١٨٧١ەوە دەست پێ ئەکات، تا سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم لە ١٩١٤دا. سەردەمی کۆماری سێهەمی فەڕانسە {سەرەتای ساڵی ١٨٧٠} قۆناغی گەشبینی فەلسەفی، ئاشتی ناوچەیی، خۆشگوزەرانی ئابووری، داگیرکردنی لوتکەی کۆچەری و داهێنانی تەکنەلۆژی و زانستی و کولتووری بوو. لە کەشوهەوای دراماتیکی ئەم قۆناغەدا، بە تایبەت لە پاریس، هونەر گەشەی کرد. زۆرێک لە شاکارەکانی وێژە و موزیک و شانۆ و هونەرە بینراوەکان ناسێنران. ئەو سەردەمە جوانە کە پێشتر بە سەردەمی زێڕین ناسرابوو، بە پێچەوانەی کەشی ترسناکی جەنگی جیهانی یەکەم بوو.




**بێلێرفۆن :** Bellerophon **میسۆلۆجی** لە ئەفسانەی گریکدا، مەزنترین پاڵەوانی بکوژی زەبەلاحەکان بوو لە پێش هاتنی هراکلس و مەزنترین کای ئەو کوشتنی کایمێرا بوو بە سەری شێر و جەستەی بزن و کلکی مارەوە. هەروەها خاوەنی پێگاسۆس Pegasus ئەسپی باڵدار بوو ☜ کایمێرا ☜ پێگانۆس.







**بێلایی:** porch ناو بەرهەیوان، سەکۆی سەرداپۆشراو. ع رواق، شرفة بيت ارضي N veranda د ایوان.



**بێلەکان:** ناو پیشەکان، لایتە، پێمەرەی هەڵکەندنی کنگر و شنگ و ڕێواس؛ دارێکی دادراو یا دارێکە ئاسنێکی دەمپانی تیژی پێوەیە کەنگر و گیای پێ هەڵدەکەنرێ.



**بێماد:** pale ئاوەڵناو ڕەنگپەڕیو، ڕەنگ و ڕوو ناخۆش، نائاسایی، بێمرێس. ع شاحب N blek د رنگ پریده.

**بێمرێس:** ئاوەڵناو بێکەیف، نائاسایی، بێماد. ← **مرێس:** ❶ تەکووز، پوخت، ڕێکوپێک، بەڕێوشوێن. د شمرده، مرتب و منظم. ← **مرێس:** ❷ مژین.

**بێمەبەست:** aimless ئاوەڵکردار بێگەم، گوێنەدەرانە، کەمتەرخەمانە. ع بلا هدف N målløst د بی هدف.

**بێن:** fragrance بەرامە. ع عطر، رائحة N parfyme د عطر، رائحه.

**بێ ناڕوونی:** unambiguous ئاوەڵناو ڕوون و ئاشکرا، بێ دوودڵی، بێ پێچوپەنا. ع خالية من الغموض N entydig د بدون ابهام.

**ناڕوون:** ambiguous ئاوەڵناو ئاڵۆز، نادیار، گونگ، لێڵ؛ شتێکە تێگەیشتنی گران و دژوار بێت. ع مبهم، غامض N entydig د مبهم، غامض.

**بێن ترۆڤاتۆ:** ben trovato هونراوە گەران-١ ١) لە ناوی چامەیەکی جۆردانۆ برۆنۆ Giordano Bruno بە ناوی «ئەگەر ڕاست نەبێت، زۆر بە باشی داهێنراوە.» وەرگیراوە.

٢) هەروەها لە ڕۆمانی ١٩٥٢ی ئانتۆن فرانچێسکۆ دۆنی Anton Francesco Doni بە ناوی مارمی Marmi دەستەواژەیەکی هاوشێوە تۆمارکراوە: «برۆ لەوێ؛ دەستم لێ مەدە: ئەگەر ڕاستیش نەبێت، هێشتا داهێنانێکی باشە.»

٣) هەروەها بە بەشێ لە دەستەواژەیەکی ئیتالیایی دانراوە: Se non è vero, é ben trovato بە واتای «ئەگەر ڕاستیش نەبێ، لانیکەم سەرنجڕاکێشە.»

**بێنفرەهـ:** meek ئاوەڵناوی لێکدراو پڕزوو، بەبڕست، پشوودرێژ. ع صبور، مزاج N saktmodig د باحوصلە.

**بڕست:** mood ئاوەڵناو واز، تابشت، بێنفرەهی، پشوودرێژی، دایاخ، ئارام، ئۆقرە. ع مزاج N humør د طاقت و حوصلە.

**بێنفرەهی تابشت:** mood ئاوەڵناو بێنفرەهی، پشوودرێژی، دایاخ، ئارام، ئۆقرە، واز، بڕست، هێز و هەناو، سزە د طاقت و حوصلە N Humør ع صبر، مزاج.

**بێنڤێنوتو چێلینی:** Benvenuto Cellini پەیکەرتاش نووسەر ئەندازیار ئەفسەر (١٥٠٠ـ١٥٧١) هێڵکار، زێڕینگەر، پەیکەرتاش، ئەفسەر و مووزیکزانی ئیتالیایی و هەروەها نووسەری ئوتۆبیۆگرافییەکی زۆر بە ناوبانگە.



**بێنوا دازی:** Denis Benoist d'Azy {١٧٩٦ـ١٨٨٠} ڕامیاری ڕامیار، بانکدار و کارگەدار، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕێسادانان، لۆژێتمیست.



**بێنەوایان:** Les Miserables ڕۆمان فیلم ڕۆمانی مێژوویی ١٨٦٢ی فەڕانسەیی، نووسینی ڤیکتۆر هوگۆ. زۆر فیلم و موزیکاڵی لێ ساز کراوە.




**بێنیە:** beignets شیرینی بە ئینگلیزی دۆنات donuts ئەگرێتەوە، هەرچەند جۆری تریشی هەیە. ☜ دۆنات





**بێوار:**❶ bored ئاوەڵناوی لێکدراو [بێ+وار] نەزۆک، قسر، نەزا، ئەستێور، بێ منداڵ، وەجاخکوێر. ع عاقر N ufruktbar د یائس **وار:** دارایی، دارابوون، خاوەندێتی.

**بێوار:**❷ homeless ئاوەڵناوی لێکدراو [بێ+وار] بێ شوێن، بێ جێگا. ع بلا ماوى N hjemløs د بی خانمان.

**بێواری:** homelessness ناوی چاوگ بێ جێگایی. ع التشرد N hjemløshet د بی خانمانی.

**بێواز:** bored ناوی لێکدراو [بێ+واز] سست و داهێزراو، وزە لێ بڕاو. ع غیر راغبة N kjeder seg د بیمێل، بیحوصلە، سست و ناتوان.

**بێور:** axe ناو تەور، ئامێرێکی دەم تیژە بۆ داربڕین و دارشکاندن و زۆر کاری تر، بە تایبەت بۆ کاری ئاگرکوژاندنەوە. ع فأس N øks د تبر.
**پیک-بێور:** hammer_hxe ناوی لێکدراو تەوری قورسی پێکئاسا.








**بێوست:** unintentionally ئاوەڵکار [بێ+وست] ناخودئاگا، بێمەبەست. ع

عن غير قصد N utilsiktet د عمدا، قصدا.

⇦ **بەوست:** ئاوەڵکار بە ئەنقەست، ئاگاهانە، بەئاگا، بە زانین. ع عامدا، متعمدا N med vilje د عمدا، قصدا.

**بێوستان:** relentless ئاوەڵناو بێوچان، کۆڵنەدەرانە، شتێک کە ناوەستێت. ع لا يتوقف N nådeløs د بدون توقف.

**بێوەری:** deprived ئاوەڵناو بێبەری، بێبەش، بێبەهرە. ع محروم N fratatt د محروم.

⇦ **بێوەر:** ئاوەڵناو بێبەهرە و بێسوود ☚: ڕەنجی بێوەرم دا.

**بێویژدان:** unscrupulous ئاوەڵناو کەسی ناڕاستگۆی نادادپەروەر و بێ بنەمای ڕەوشتی. ع عديمي الضمير N skruppelløs د نی وجدان.

**بێهۆشکردن:** anesthesiology پزیشکی پسپۆڕی پسپۆڕییەکی پزیشکییە لەمەڕ ئاگالێبوونی دەرمانی ڕەوتی نەشتەرگەری لە ماوەی پێش و لەکات و دوای نەشتەرگەریدا.

**بێهۆشی:** anesthesia یان anaesthesia بێهەستی، بێهۆشکردن، بەنج، سڕکردن. دارەتێکی کۆنترۆڵکراو و لەدەستدانی کاتی هەستکردن یان هۆشیارییە کە بۆ مەبەستی پزیشکی یان ڤێتێرنەری بەکار دەهێنرێت. ئەو کەسەی لە ژێر کاریگەری دەرمانی بێهۆشکەر دایە بە **بێهۆش** یان **بێهۆشکراو** ناودەبرێت. ع تخدير N anestesi د تخدير، بيهوشی.

**بێهوودە:** vain ئاوەڵناو بێئەنجام، بێسوود، بێکەڵک، بەکارنەهاتوو، بێبەرهەم، ناگرنگ، هیچ، خاو، هیچەکە، پڕوپووچ، هیچوپووچ. ع عبثا N forfengelig د بيهوده.

**بێهەدا:** unrest ئاوەڵناو بێئارام، ئۆقرەنەگر، بێحەژمەت، نەسرەوت. ع مضطرب N uro د بی قرار.

⇦ **هەدا:** ناو relaxation ئۆقرە، ئارام، تەشە، سەکنین. ع استرخاء N avslapning د آرام.

**بێهەست:** numb ئاوەڵناو سڕ، بێبەش لە هێزی هەستکردن. ع مُخَدِّر، فاقد الحس N nummen د بی حس.

**بیابان:** Wilderness, desert ناو دەشت، ئاران، ئیشکارۆ، چۆڵەوانی، ڕووبەرێکی وشک و بێبەرهەم، بە تایبەت زەوییەکی لمەڵان، کە بە شێوەیەکی تایبەتمەند وێران و بێئاو و بێڕووەکە. ع صحراء N ørken د کویر. ☞ قاقڕ



**بیابانی ئاوێنە:** Wilderness of Mirrors ڕۆمان تاوانی ڕاستەقینە ڕۆمانی ١٩٨ی دەیڤید مارتین؛ گێڕانەوەیەکی وردی سەرنجڕاکێش لە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی سی ئای ئەی لە ماوەی شەستەکاندا و ئەو نهێنیانەی دوو گرنگترین بریکارەکانی جەنگی ساردیان لەناو برد. ع بریة المرایا N Villmark av speil د بیابان آینه.










**بێ هەمەچیز:** scoundrel ناوی‌لێکدراو ناچیزە، هیچوپوچ، دەمسوور؛ مرۆڤی دەمداماڵراو. ع الوغد N kjeltring د رذل.

**بیاتریس:** Beatrice Portinari ویژە سرووشتر ژنێکی فلۆرانسی کە سرووشی دانتە ئەلیگێری بووە لە هۆنینەوەی ژیانی نوێ La Vita Nuova دا.



**بیارنێز:** béarnaise ئاشپەزی سۆسێکە بە کەرە، هێلکە، مەعدەنووس، بیبەری ڕەش، پیازی خلیسک و تەرخون ساز ئەکرێ.









**بیاریتز:** Biarritz جوگرافیا شاری داگیرکراوی باسک، لە باشووری فەڕانسە

و لە سنووری ئیسپانیا و کەناری ئەتڵانتیک.








**بیبار:** pepper ڕووەک ناو ئیسۆت، یان بە تەنها بیبەر، گیایەکە لە تیرەی «باینجانی یەکان solanées»، گیایەکی یەکساڵەیە و لە باخچە و بێستاندا هێندێک جۆری بۆ جوانی ئەچێنن. بەرەکەشی کە هەمان بیبارە بە لقەکانییەوە شۆڕ ئەبنەوە و لە لای تەرزەکەوە گەورە و هەرچی بۆ لای نووکەکەی بڕوات باریکتر ئەبێتەوە، ناوەکەی تۆمی بیباری تێدایە، پاش گەیشتن سوور و تیژە، بەرەکەی بە ئەگەیشتوویی کەمتر تیژن و ڕەنگیان سەوزە و لە گەڵ خواردن ئەیخۆن. ئەم گیایە لە کوردستان لە زۆر ناوچە و مەڵبەندا ئەڕوێ و لە ولاتی ژاپۆن و ئەمریکادا نزیکەی ٣٠ جۆری هەیە. بەرە کاڵەکەی ئەکەنە ناو ترشیات. گەڵاکەشی لە دوو سەرەوە باریک و لە ناوەڕاستەوە پانن. لە هێندێک شوێنی گەرمی وەک هیندوستان ئەم ڕووەکە تاکوو ٣ ساڵان بەر ئەدا. ئەو جۆرە بیبەرانەی کە بە بۆڵ بەر ئەگرن و وەک بۆڵی ترێ بە تەرزەکەیەوە شۆڕ ئەبنەوە دوای وشک کردن، ئەهاڕدرێن و وەک گەرد بەکاری دێنن و بەو ڕەنگانە هەن: بیباری سەوز، زەرد، سوور، چەرموو، ڕەش و سورمەیی. ئەوانەش کە بەرەکەیان دانە دانەیە، ئەکرێنە دۆڵمە و سالاد یان وشک ئەکرێن بۆ زستان یان لە چێشتی ئەکەن. بیبار هێسنێکی بە ناوی «کاپسیسین» capsicin یان «کاپسیکۆڵ» capsiculeی تێدایە کە هاندەر (محرک)ی پێستی لەشە و هەروەها هێندێک مەوادی پرۆتئیدی و گلۆسیدی تێدایە، بێجگە لەمانەش ڤیتامینی B1، B2، C و

ئەسیدسیتریک Ac. citrique و ئەسیدمالیک As. caliqueی تێدایە و دەنکەکانیشی چەوریان هەیە و خواردنیان بە زستاناندا زۆر بەکەڵکن. بیبەر هاندەری ئیشتیایە و بۆ کەمکردنەوەی ژانی باوەسیری باشە. ئەڵێن بیبار بۆ دەرمانی نەخۆشی دەمارەکان زۆر باشە.





**بیباری ڕەش:** ڕووەک ناوی لێکدراو فلفلی ڕەش، سیاو ئاڵەت، ڕەشە بیبەر، ئاڵەتە سیاوە، گیایەکی گەرمیانییە بەرێک ئەگرێ دەنکەکەی ڕەش و خڕ و تیژ و توندە، ئەکرێ بە بەهارات. ئەو بەهاراتە کە «مارکوپولو»ی لە ئیتالیاوە گەیاندە هیندوستان و چین. ئەم گیایە سوودی زۆری هەیە و لە پەرتووکی «تقویم الابدان» لە سەر ئەم گیایە نووسراوە کە بیباری ڕەشی کوتراو، دەرمانە بۆ هەموو ژەهرێکی خوێن، بە جۆرێک کە ئەبێ یەک کەوچکی چایخۆری لەم بەهاراتە بکرێ بە سەر هەموو چێشتێکدا. هەروەها بیباری ڕەش لە نێو چێشتدا ئەبێتە هۆی چاک بوونەوەی نەخۆشی ڕۆماتیسم و ڕیخۆڵەکان بە باشی کار دەکەن. دوو مسقاڵ بیباری ڕەشی کوتراو لەگەڵ ٦ مسقاڵ زەنجەفیل و تێکەڵاو کردنیان لەگەڵ هەنگوین بۆ ژانی نەزۆک بەکەڵکە و دەبێ هەموو ڕۆژێک یەک کەوچکی چێشتخۆڵاری لێ بەکار بهێندرێ کە ئەمەش ئەبێتە هۆی بەهێز کردنی تۆو نێر(سپرم) یان ٧ و لە تاقیکردنەوەشدا زۆر سەرکەوتوو بووە. ئەگەر بیباری ڕەش لەگەڵ دارچین و کەبابە چینی (هەر یەکە ١٠٠ گرەم) بکوترێن و هەموو ڕۆژێک یەک کەوچکی چێشتخۆری لێ بکرێتە نێو ٥٠٠ سی سی ئاوەوە و بەکار بهێندرێ بۆ بەهێز کردنی هێزی

جنسی و بینایی زۆر باشە. «رازی» لە سەر ئەم گیایە ئەڵێ: بیباری ڕەش لەگەڵ زیرەی ڕەشی کوتراو بکرێتە ناو چێشت، بۆ کۆڵنجی ڕیخۆڵە و ساردوگەرم کردنی گەدە دەرمانی باشە. ئاڵەت بیبەری سەوز.








**بیباری سوور:** paprika ڕووەک ناوی لێکدراو جۆرێک بیباری یەکساڵەیە، زۆربەی جۆرەکانی وەک چیلی پێپر و Cayenne pepper واتە بیباری هیندی و ئەمریکایی و ژاپۆنی بە زۆری تیژن. لەم گیایەدا ڤیتامینەکانی A,D,M,PP و B١, B٢ و نیاسین هەیە. خاوەنی پەرتووکی «تحفە حکیم» خواردنی بیباری سوور ئەنوێنێ بۆ بردنە سەرەوەی فشاری خوێن و خاوێنکردنەوەی خوێن لە ژەهر و هەروەها بۆ کابرکردنی زگ و دەڵێ خواردنی بیباری سوور لەگەڵ سیردا بۆ هەموو جۆرە ئێشێکی ئێسک و ماسولکەکان دەرمانە. بیباری بە زۆری.






**بیباری سەوز:** green pepper ڕووەک ناوی لێکدراو ئیسۆت، یان بە تەنها بیبەر، میوەیەکی سەوزی میخۆشە کە بە ڕادەیەکی زۆر لە خواردنی سارد و

گەرمدا سوودی لێ وەرئەگیرێ.

جۆرەکانی بیبەری سەوز:

- بیبەری ئاناهەیم anaheim
- بیبەری تایلەندی Thai
- بیباری خڕ green bell
- بیبەری شیشیتۆ Shishito
- بیبەری مەوزی banana
- بیبەری پۆبلانۆ poblano
- بیبەری جامایکایی Jamaican
- بیبەری سێرانۆ Serrano
- بیبەری کۆریایی Korean
- بیبەری یالاپێنۆ Jalapeno




**بیبلیۆگرافیای کتێبە وەرگێڕراوەکانی شێرکۆ بێکەس بۆ سەر زمانی بێگانە:** وێنەی و بەرگی زۆربەی پەرتووکە وەرگێڕدراوەکانی شێرکۆ بێکەس بۆ زمانی بێگانە، شالاو جەعفەر ئامادەی کردووە و وەشانی چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠١٨، چاپ و بلاوی کردوەتەوە.

دریژە پێنج بەرگ لەو پەرتووکانە، لە سەر داوای خودی کاک شێرکۆ

بێکەس لە لایەن سیامەند شاسواری‌یەوە کراوە بە فارسی و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کە کاک شێرکۆ بێکەس بەرپرسی بوو، ساڵانی ٢٠١١ و ٢١٢ چاپ و بڵاوی کردنەوە.

١. اینک دختری میهن من است: ئێستا کچێک نیشتمانمە

٢. رنگدان: ڕەنگدان

٣. کتاب گردنبند: پەرتووکی ملوانکە

٤. صندلی: کورسی

٥. اسبی از گلبرگ شقایق: ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە




**بیت و بایت:** Bits vs Bytes **ئای تی** **بەراورد** بایتێک ٨ بیتە، کەواتە مێگابایتێک ٨ هێندەی مێگابیت گەورەترە. ئەگەر پرسیار لەبارەی خێراییەوە بکرێت، پێویستە سەیری قەبارە بکرێ بۆ هەر یەکەیەکی کات. لەو دارەتەدا مێگابایتێک لە چرکەیەکدا ٨ هێندە خێراترە لە مێگابیت لە چرکەیەکدا. کەمپیوتەر ئەتوانێت تا خێرایی ٢ مێگابیت لە چرکەیەکدا ئینتەرنێت بەکار بهێنێت.

◄ بیتەکانی داتا لەسەر تۆڕی پەیوەندییەکان و، زۆربەی ئامێرەکانی تۆڕ یەک بیت لە یەک کاتدا، یان بە شێوەیەکی زنجیرەیی ئەگوازرێنەوە و وەرئەگیرێن، بۆیە توانای دەرچوونەکە بە بیت لە چرکەیەکدا ئاماژەی پێ ئەکرێت. هەندێک لە سوورەکانی تۆڕ ئەتوانرێت بەیەکەوە ببەسترێتەوە (کۆکراوە یان بەستراو) بەڵام چونکە هەر یەکەیان زنجیرەییە و هاوکات

نین، هێشتا تواناى یەکگرتوو بە بیت لە چرکەیەکدا ئاماژەى پێ ئەکرێت.

- هەروەها داتاکانى سەر دیسک و کارتى ڕووکارى تۆڕ (وایفاى و ئینتەرنێت) بە شێوەیەکى زنجیرەیى ئەگوازرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستە ئەکرێن بۆ بایت و دواتر بە شێوەیەکى هاوتەریب ئەگوازرێنەوە، کاتێک کە بەر تەختەى سەرەکى یان تەختەدایک ئەکەون.
- پرۆسسەر و بیرگە بە شێوەیەکى هاوتەریب پەیوەندى ئەکەن، چونکە هێڵەکانى داتا بە وردى پێوانە ئەکرێن، کە دڵنیایى ئەدات کاتى یەکگرتووە، بۆیە ئەممەش گرینگە کاتى گواستنەوەى داتا بە بایتى هاوتەریب لە چرکەیەکدا بێت.









**بیجاڕ**: نیشتمان جوگرافیا لە شارەکۆنەکانى کوردستان و ناوەندى ناوچەى گەڕووسە. گەڕووس لە کۆندا ناوى **سووروەبەرد** بووە کە لە هێرشى سەدەى سیانزەى مەغۆلەکان (١٢١٩ تا ١٢٥٦) کاولکراوە. گەڕووس هەندێ جار بە بەشێک لە مادى بچووک و هەندێ جار لەسەر مادى گەورە دانراوە.

**بیجاڕ**، بۆ ماوەیەکى دووروردرێژ لە ناوەندە گرنگە ئابوورى و ستراتیژیکەکانى ماد بووە. ئەسپ و مافوورەى بیجاڕ، لەو سەردەمە بەناوبانگ بووە و هەتا ئێستەش هەر وایە.

**ناوى بیجاڕ**، هەر وەک لە خودى وشەکەوە دیارە کوردى ڕەسەن و بە واتاى (جاڕى بى) و بە واتاى دارستانى سپیندارە وەک نێرگزەجاڕ و کەماجاڕ

و؛ بەڵام شۆڤێنیست و کوردی نەزان کە نایانەوێ ددان بە زمان و خاکی کورددا بنێن، نەزانانە ئەیبەنەوە بۆ (بید زار) کە گوایە: «ڕیشەی لە زمانی پەهلەویدا هەیە و لەبەر ئەوەی کوردی و پەهلەوی زۆر لێک نزیکن، ئێستە بووە بە بیجاڕ» ئیتر ناڵێن ئەگەر **بیدازاریش** بووبێ هەر کوردییە، چونکە پەهلەوی شێوەزارێکی کوردییە و ئەو ٦ ملیۆن پەهلەوی (فەیلی)یەی کە ئێستە هەن کوردن و، هەر هەموویان، خۆیان خۆیان بە کورد ئەزانن.



**بید :** Bede کاردینال (٦٧٢ـ٧٣٥) یان Saint Bede یان The enerable Bede واتە بیدی ڕێزدار، مۆنکی ئینگیزی لە دەیری سەنت پیتەر.

**بیدۆ :** Henry Bidou نووسەر ڕۆژنامەوان (١٨٧٣ـ١٩٤٣) نووسەر و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەوانی جەنگی ڕۆژنامەی غێڤ دو پاغی Revue de Paris.

**بیر :** mind ناو ئاوەز، کۆمەڵەی ئەو توانایانە کە لایەنی وەکوو ئاگایی و وێناندن و تێگەیشتن و بیر و هۆش و دادوەری و زمان و یادەوەری و هەروەها لایەنەکانی نەست و هەست و پێوار و ڕێژەیە. ئاوەز وزەی بیر و تێگەیشتنی هەر تاکێکە. ئاوەز توانای لێکدانەوە و پێزانینە

و بەرپرسی جۆری دەربڕینی هەست و سۆز و کردار و هەڵوێستەکانە.
ع فكرة N trodde د فکر.

**بیرا:** smart ناوی لێکدراو زۆر بە بیر و هۆش، خاوەن بیروهۆش. ع ذكي
N smart د زیرک.

**بیرازکردن:** چاوگی تێپەڕ دەمەزەرد کردنەوەی داس و مەڵەغان بە یارمەتی کوورەی ئاسنگەر و کوتانەوە.



**بیربڵاو:** ئاوەڵناوی فرمان disturbed بیرپەرت، کەمهۆش، بیرپەرێشان، کەسێک کە بیر و مێشکی زۆر لە سەرخۆ نیە. ع مرتبك N forstyrret د مختل.

**بیربڵاوی:** ناوی چاوگ کردەوەی کەسی بیربڵاو.

**بیرپەرتی:** distraction گێژی، ئاگالێنەبوون. ع الهاء N distraksjon
د حواس پرتی.

**بیرپەرێشی:** ناوی لێکدراو پەرێشانی بیر و لەبیرچوونەوە E mental

distress.

**بیرتەسک:** ئاوەڵناوی لێکدراو کورتبین، تەسکبین.

**بیرتەسکی:** ناوی چاوگ کورتبینی، تەسکبینی.

**بیرتەیار:** presence of mind ناوی فەرمان بیرقنج، کەسێک کە توانای هەڵوێستی هێدی و وەڵام و بەریەرچدانەوەی دەسبەجێ و گونجاو و لەباری هەبێ. ع حضور الذهن N sinnets nærvær د حضور ذهن.

**بیرتیژ:** sharp_sighted ئاوەڵناوی لێکدراو ع قوی الذاکرە N skarpsynt د تیزبین.

**بیرتیژی:** perspicacity ناوی چاوگ زیرەکی، چۆنێتی بینشێکی ئامادە سەبارەت بە دیاردەکان. ع حدة الذهن N klarsynthet د تیزبینی.

**بیرجەند:** جوگرافیا ئەم شارە ناوەندی خوراسانی باشوورە. شێعە و سونی تێکەڵن، مافوورە و ئاورێشم و زەعفەرانی بیرجەند بە ناوبانگە.

**بیردۆز:** theory بیرسا نێگەیشتنی زانە ناوی لێکدراو تیۆری، گریمان یان کۆمەڵێک بیر و ئایدیا کە ئەیانەوێ شتێک ڕوون بکەنەوە، بە تایبەت لەسەر بناغەی گشتی سەربەخۆ لەو شتەی کە ئەیانەوێ ڕوونی بکەنەوە. ع نظرية N teori د تئوری.









**بیردۆزی ڕێژەیی:** Special relativity بیرکاری فیزیک لە درێژەی زانیارییەکانی گالیلە و نیوتن‌دا، پوانکارە ڕێساکانی تیۆری ڕێژەیی دارشت و ئاینشتاین لە سەر بناغەی ئەو بناغانە تیۆری ڕێژەیی هەڵهێنجا.

تیۆرێکی فیزیکی پەسەندکراوە کە بە ڕوونی باس لە پەیوەندی

نێوان کات و شوێن دەکات. ئاینشتاین ئەم بیردۆزەی لەسەر دوو گریمانە پەیڕەوکردووە:

- ڕێساکانی فیزیک نەگۆڕن، تەوەرە پشتپێبەستراوە بارنەگۆڕەکان (ئەو تەنانەی خێراییان نەگۆڕە).
- خێرای تیشک لە بۆشاییا نەگۆڕە، بە چاوپۆشی لە جوولەو سەرچاوەی ڕووناکی.

ئەلبێرت ئاینشتاین ئەم بیردۆزەی لە ساڵی ١٩٠٥ بڵاوکردۆتەوە، بە ناونیشانی «داینامیکای کارەبایی تەنە جووڵاوەکان» {electrodynamics of moving bodies} نەگونجانی میکانیکای نیوتنی لەگەڵ هاوکێشەکانی ماکسوێڵ لە بواری کارۆ مەگناتیزی و، بەهەڵخستنەوەی تیۆری ئەسیر لەلاین ئەزموونەکەی مایکلسۆن و مۆرلییەوە، بوون بە هۆی پێشکەوتنی ڕێژەیی تایبەت. میکانیکا پشتڕاست دەکاتەوە بۆ مامەڵەکردنی لێل ڕێکەوتەکان و، هەموو جووڵەکان لەخۆدەگرێت بە تایبەتی ئەو جووڵانەی کە نزیکن لە خێرایی ڕووناکییەوە، ناسراون بە {خێراییە ڕێژەییەکان} ئەمڕۆ ڕێژەیی تایبەت ڕێبازێکی وردە بۆ جووڵە لە هەر خێراییەکدا بێت وەک ئەو خێراییانەی زۆر نزیکن لە خێرایی ڕووناکی، لە کاتێکا کە باسی هێزی کێشکردن لە تیۆرەکدا بێ ودەیە، بەڵام میکانیکای نیوتنی تەنها لە خێراییە کەمەکان ئەکۆڵێتەوە وەک خێرایی ئۆتۆمبێل و پاسکیل و شەمەندەفەر ... هتد. ڕێژەی تایبەت کۆمەڵێ چەمک لە خۆ ئەگرێت کە بە وردی لێی ئەکۆڵێتەوە: کورتبوونەوەی درێژی، کشانی کات، هاوکاتبوونی ڕێژەیی، هاوتابوونی بارستە-وزە و، بارستایی ڕێژەیی.








**بیردۆزی شێواوی:** Chaos Theory بیرکاری فیزیک بە نوێترین تیۆری بیرکاری و فیزیکی دائەنرێت، ساڵی ١٩٦٠ ئێدوارد لۆرێنز دایڕشت، هەندێ جار بە تیۆری کوێرانە ئەناسرێت. ئەم تیۆریە، لەو دیاردانە ئەکۆڵێتەوە بە ڕێکەوت دەرئەکەون، بەڵام هەمیشە توخمێکی ڕێک و تەناهیان هەیە کە لە ڕوانگەی بیرکارییەوە ئەتوانرێ لێک بدرێتەوە. ئەم تیۆرییە مامەڵەکردنە لەگەڵ سیستەمی جوڵاوی ناهێڵی کە جۆرێک لە ڕەفتاری کوێرانەیی یان شێواوی پێوە دیارە. ئەو ڕەفتارە کوێرانەییە یان لە ڕێی دیارینەکردنی مەرجە سەرەتاییەکانەوەیە کە بە کاریگەری پەپوولە (Butterfly Effect) ئەناسرێت یان لە ڕێی سروشتی فیزیایی ئەگەرەکانی میکانیکی کوانتۆمەوە ئەبێت.

تیۆری شێواوی هەوڵی ئەوە ئەدات ئەو سیستەمە شاراوەیە بدۆزێتەوە کە وا لە پشت ئەو شێواوی و کوێرانەییەوە تا بگاتە قانوون و ڕێسایەکی لەبار بۆ لێکۆڵینەوە لەو جۆرەکانی سیستەمی وەک: جوڵەی شلە گازەکان، پێشبینی لە هەواڵی کەشناسی و، کۆمەڵەی خۆر و، جووڵەی بازاڕ و پشکە ئابوورییەکان و، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و... هتد

: کاردا یان کردەوەیەکی هەڕەمەکی ئەبێتە هۆی کردەوەیەکی تر و یەکی تر و یەکی تر و...












**بیردۆزی گشتگر:** Theory of everything زانست شێواز تیۆری گریمانەیی لە فیزیکدا کە پەیوەندی هەموو دیاردە فیزیکییەکان لەگەڵ یەکتردا پیشان ئەدات. ئەم تیۆرییە لە ڕاستیدا هەوڵێکە بۆ تێکەڵکردنی تیۆری ڕێژەیی گشتی و میکانیکی کوانتۆمی ئەنیشتاین کە لەگەڵ یەکتردا

ناگونجێن. هەروەها ئەم تیۆرییە هەوڵئەدات چوار هێزی سەرەکی ناسراوی سروشت، واتە هێزی کێشەر، هێزی ئەتۆمی لاواز، هێزی ئەتۆمی بەهێز و هێزی کارۆموگناتیسی یەک بخات. ستیفێن هاوکینز بڕوای بەم تیۆرییە هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی تیۆرمی گۆدێلی Gödel's Theorem لەبەرچاو گرت، گەیشتە ئەو ئەنجامەی ناتوانین بەم تیۆرییە بگەین.








**بیردۆزی وێنەتارەکان:** strings theory زانست فیزیک پێشبینی دەکات کە گەردوون ڕەنگە یەک «دۆڵی» هەرەمەکی لە هەڵبژاردەی دۆڵی بێکۆتایی لە بەرجەوەنێکی فراوانی ئەگەرەکاندا داگیر بکات. ع نظرية الأوتار N Strengteori د نظریه ریسمان.








**بیرسا:** logic فەلسەفە ناو ژیربێژی، لۆجیک، بنەما و ڕێسای دروست بەکارهێنانی ئاوەزە بەو شێوەی لە سەردەمی ئەرەستووەوە پێناسەی بۆ کراووە. لێرەوە تەرازووی جیاکردنەوەی گوتەی بیرسایی و ژیرانە لە گوتەی هەڵە و چەوتکارانە پەیدا بوو. ع منطق N logikk د منطق.

چەوتکاری











**بیرشێواو:** confused دەروونناسی ئاوەڵناوی لێکدراو بیرژاکاو، کەسێکە بیری شێواوە و ناتوانی بە ڕوونی بیر بکاتەوە. [ع] مشوش، مضطرب [N] forvirre [د] آشفتە فکر، سر در گم.

**بیرقنج:** presence of mind ناوی لێکدراو بیرتەیار، کەسێک کە توانای هەڵوێستی هێدی و وەڵام و بەربەرچدانەوەی دەسبەجێ و گونجاو و لەباری هەبێ. [ع] [N] sinnets nærvær [د] حضور ذهن.

**بیرقنجی:** presence of mind ناوی لێکدراو هۆشمەندی. [ع] حضور ذهن [N] sinnets nærvær [د] حضور ذهن.

**بیرکار:** mathlete هۆشمەندی بیرکاری ناوی لێکدراو زانای بیرکاری، کەسێکە کە بەهرەیەکی ناوازەی لە بیرکاریدا هەیە. ⇐ **مەتلێت:** mathlete لە ئەمریکا ئەو کەسەیە لە پێشبڕکێکانی بیرکاری، لە هەر ئاست یان تەمەنێکدا بەشداری بکات. بە تایبەتیتر، مەتلێت ئەو خوێندکارەیە بەشداری لە هەریەک لە پرۆگرامەکانی پێشبڕکێی بیرکاری MATHCOUNTS دا ئەکات، چونکە مەتلێت هێمایەکی بازرگانی تۆمارکراوی دامەزراوەی MATHCOUNTS لە ئەمریکایە [ع] ریاضیِ [N] matlet [د] ریاضی دان.
⇐ کۆچەر بیرکار.








**بیرکاری:** mathematics زانستی دەرهەست و ئەبستڕەی ژمارە و کەمێتی و حەوا. بیرکاری بۆی هەیە سەربەخۆ بەکار بهێنرێ «بیرکاری ڕەها» یان لەگەڵ زانستەکانی تر وەکوو فیزیک و ئەندازە «بیرکاری کرداری» ع الریاضیات N matematikk د ریاضیات.










**بیرکاری پوخت:** pure mathematics بیرکاری بیرکاری پاک، لە چەمکێکی بیرکاری ئەکۆڵێتەوە کە لە هەرچەشنە بەکارهێنانی دەرەوەی کەوشەنی بیرکاری سەربەخۆیە. ئەم چەمکانە ڕەنگە لە ئاریشتەکانی جیهانی ڕاستەقینەوە سەرچاوەیان نەگرتبێ و، بەرەنجامەکەیشی پاشتر بۆ بەکارهێنانی زانستی سوودمەند بن، وەلێم بیرکاری پوخت لە بەکارهێنانی زانستییەوە سەرچاوەی وەرنەگرتووە. بەڵام لەولاوە، کێشەری ڕاستەقینە لە بیرکاریدا پەیوەندی بە ئاڵنگاری و لایەنەکانی جوانناسی چەمکی لۆجیکییەوە هەیە، ئەو چەمکانەی کە خۆیان بەرەنجامی بنمایەی بناغەییترن. ع الریاضیات البحتة N ren matematikk د ریاضی محض.












**بیرکردنەوە:** mulling چاوگی تێپەڕ بە قووڵی و بە درێژایی بیر لە ڕاستییەک، پێشنیارێک، یان داواکارییەک کردنەوە. ع تفکیر N funderer د

فکرکردن.

**بیرکردنەوەی شوناسی:** cognitive thinking ڕەوتێکی دەروونییە کە مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە، خوێندنەوە، فێربوون، بیرهێنانەوە، سەلماندن، گرنگیدان و، لە کۆتاییدا تێگەیشتن لە زانیاری و گۆڕینی بۆ زانین بەکاری دەهێنێت. مرۆڤ دواتر دەتوانێت ئەم زانستە بکاتە بڕیار و کردار.












**بیرکۆلین:** inquisition of religious ئایینناسی چاوگی تێپەڕ دادگای بیرکۆڵین، لێکۆڵینەوەی بە زۆر و ئەشکەنجەی کەسان بە تاوانی ئەوەی کە بیری جیاوازی ئایینیان هەیە، لە لایەن کلیسای کاسۆلیکەوە لە سەدەکانی ناوەنجیدا، کە خەڵکیان ناچار ئەکرد ددان بەوەدا بنێن کافر و بێخوا و جادووگەرن. ◀ دادگای بیرکۆڵینی ئایینی بە هۆی قەشەی توندڕەوی هەلپەرستەوە، دەیان هەزار کەسی بە تاوانی جادووگەربوون بە زیندوویی لە ئاگردا سووتاند، یان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشت. [ع] محاکم التفتیش الدینیة [N] inkvisisjon av religiøse [د] تفتیش عقاید مذهبی.







**بیرکوێری:** mind blindness دەروونناسی ناوی چاوگ دارەتێکە کە مرۆڤ بیری کولە و ناتوانێ لە دۆخی ئەندێشەیی خەڵکی تێبگات، لە ئەنجامدا ناتوانێ خۆی لە جێگەی خەڵکی دابنێ و ناتوانێ لە بیر و بڕوا و هەست و ویست و ڕەفتاری فەراگەردی خۆی تێبگات، یان پێشبینی بکات. [ع] عمى عقلِي [N] mental blindhet [د] کور ذهنی.

**بیرگەی فۆنۆگرافیک:** phonographic memory بەهرە هۆشمەندی بیرگەی بیستراوەیی، توانای نائاسایی بۆ بیرهێنانەوەی شتەکان بە تەواوی و بە وردی، وەک ئەوەی بیستراون. [ع] الذاكرة الفونوغرافية [N] حافظه فونوگرافیک [د] حافظه فونوگرافیک.

**بیرگەی فۆتۆگرافیک:** photographic memory بەهرە بیرگەی بینراوەیی، توانای نائاسایی بۆ بیرهێنانەوەی شتەکان بە تەواوی و بە وردی، وەک ئەوەی بینراون. [ع] ذاكرة فوتوغرافية [N] fotografisk minne [د] حافظه فتوگرافیک.










**بیرلار:** skeptical دەروونناسی ئاوەڵناو بیرخوار، کەسێک کە بۆچوونی نەرێنی و گوماناوی هەیە، زیاتر لە چوارچێوەی ڕەخنە و بۆڵەدا، بەڵام کەمتر لە بیرچەوت pessimistic، کە بە چەشنێک نەخۆشی ڕەشبینی دائەنرێ. [ع] متشكك [N] skeptisk [د] شکاک، کج اندیش.

**بیرچەوت:** malicious ئاوەڵناو کەسێکی بەدخواز و بەدئەندێش و نێگاتیڤ و تارادەیەک ڕەشبین.











**بیرمەند:** thinker ئاوەڵناوی لێکدراو مرۆڤی خاوەن بیر و ئەندێشە. ع متَفکر N tenker د متَفکر.

**بیرۆ:** eczema نەخۆشی ناو ئەگزیما، گەزنەک، جۆرە برینێکی زبری بەئاڵۆشە لە پێستَ ئادەمیزاددا پەیدا ئەبێ، جۆری وشک و تەری هەیە کە زینچکاوی لێ دێ و، بە وشکەبیرۆ و تەڕەبیرۆ ناسراون. ع الأکزیما N eksem د اکزما. ☜ بەردەبیرۆ ☜ وشکەبیرۆ

**بیرۆکراپی:** bureaucrapy هێمایی کینایە ناو [bureau + crap] بیرۆکراتی گەندەڵ، کاغەزبازی ناپێویست و زیاد لە پێویستَ سەپێنراو کە تەنانەت لە خودی بیرۆکراسیش زیانمەندترە، چونکە بیرۆکراسی سیستەمێکە قازانجی بۆ هەندێ لایەنی دز و چەتە هەیە، بەڵام بیرۆکراپی ئەوەشی نییە؛ واتە بیرۆکراسی خۆی خراپە، چ جایە بگاتە ئاستَ بیرۆکاپیش!

**بیرۆکراسی:** bureaucracy ناو لە bureauی فەرانسەیی، واتە نووسینگە و kratosی یۆنانی، بە واتای دەسەڵات. دەسەڵاتدارێتی فەرمانبەرانی بیرۆکرات: سیستەمێکە لەسەر بناغەی دەسەڵاتی لەڕادەبەدەری دامودەزگای فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی جەماوەر. ئەم وشەیە وەک ئاوەڵناویش بە کار ئەهێنرێ و بە واتای خودان و نوێنەرانی سیستەمی بیرۆکراتە. واتە هێمای گرنگیدانی زیاد لە پێویستَ بە ڕێسای فەرمانگە و کاغەزبازی و گوێنەدان بە ناوەڕۆکی کارەکان. ماکس ڤێبەر، کە بیرۆکراسی بەرهەمی ئەوە، پەیوەندیی سێ چەمکی «دەسەڵات» Power، «ڕەوایەتی» Legitimacy و «سالاری» Authority بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە:

«دەسەڵات» ئەوەیە کەسانی دیکە بکاتە ژێردەستەی خۆی، سەرۆکی دەسەڵاتدار فەرمان دەگرێتە دەست و خەڵکی دیکە ناچاری گوێڕایەڵی دەکات.

«ڕەوایی» خەڵک دەسەڵاتی کەسانی دیکە بسەلمێنن و ڕەوایەتیی پێ ببەخشن.

«سالاری» ئاوێزان و هەڵکردنی ئەو دوو چەمکەیە، دەکاتە فەرمانڕەوایی ڕەوا، واتە ڕێبەری سالار، ئەوەیە خەڵک بە ویستی خۆیان، سەرداریی بۆ بسەلمێنن.

## بیر و ئەندێشە و وەژارە: mind, thought and imagination

**بیر:** mind ناو یان ئاوەز، کۆمەڵەی ئەو توانایانە کە لایەنی وەکوو ئاگایی و وێناندن و تێگەیشتن و بیر و هۆش و دادوەری و زمان و یادەوەری و هەروەها لایەنەکانی نەست و هەست و پێوار و ڕێژارەیە. ئاوەز وزەی بیر و تێگەیشتنی هەر تاکێکە. ئاوەز توانای لێکدانەوە و پێزانینە و بەرپرسی جۆری دەربڕینی هەست و سۆز و کردار و هەڵوێستەکانە.

**ئەندێشە:** thought ناو بۆچوونێک کە بە هۆی بیرکردنەوەوە لەپڕ بەدی دێ.

**وەژارە:** imagination ناو وێناندن و هزر و بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ داهاتوو بە وەرم یان ئەندێشە.

**بیرورد:** clever ئاوەڵناوی لێکدراو بیتۆڵ، زیرەک، زرەنگ، بەهۆش، هۆشمەند، ئاگاداری فەراگەرد، گورج و خێرا لە تێگەیشتن و فێربوون و دارشتن و بەکارهێنانی بیرۆکەکان. ع ذکی N flink د زیرەک، هوشمند.

**بیرە:** beer ناو بیرە خواردنەوەیەکی ئەلکولی کەم ئەلکولە، لە سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە هەیە، واتە یەکێکە لە کۆنترین و زۆر خوراوەترین، و سێیەم بەناوبانگترین خواردنەوەیە لە دوای ئاو و چا.

ع جعة N øl د آبجو.

**بیرەی ڕژاو:** شێوەزانست نیشانەی دەستپێکردنی گۆڕانی کەسایەتی لە باشەوە بۆ خراپ! بۆ ئاویش وتراوە: ن: ئاوی لە دەست ڕژاوە. واتە تازە کەوتووەتە سەر ڕێگەی خراپە.

**گوڵبەیان:** hops ڕووەک ناو گیازام، گیاییەکی چەند ساڵە و بەهێز و خۆگرە، تا ٣١ سم بەرز ئەبێت. جۆری زۆری هەیە و لە باخی ٢٥ تا ٣٠ مەتری گوڵبەیان پەروەردە ئەکرێ. لە سەدەی نۆی زایینییەوە لە بیرەسازیدا بەکار ئەهێنرێت و هۆکاری تاڵکردن و چێژبەخشینە، دیارە بۆن و تامی تری گوڵاو و میوەش ئەکرێتە ناو بیرەوە. ع جنجلة N humle د رازک.



**بیرەسازی:** brewery بیرەسازی ناو بیرە لە سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە هەیە، واتە یەکێکە لە کۆنترین و زۆر خوراوەترین خوارنەوە ئەلکولییەکان، و سێیەم بەناوبانگترین خواردنەوەیە لە دوای ئاو و چا. بیرە لە تۆوی دانوێڵە دروستدەکرێت، بە خووساندن و ترشاندنی جۆ و بەکارهێنانی ئامیان؛ هەروەها گەنم، گەنمەشامی، و برنجیش بەکار دێت. زۆربەی بیرەی مۆدێرن بە گوڵبەیان دروست دەکرێت، کە تاڵی و تامی دیکەی بۆ زیاد دەکات و وەک هێسنی پارێزەر و جێگیرکەری سروشتی کار دەکات. ڕەنگە ئەستووی تامبەخشی تری وەکوو گوڵاو و میوەش ئەکرێتە بیرەوە. ع مصنع الجعة N bryggeri د آبجو سازی.



**بیرەبیر** : obsesst ئاوەڵناو ناوی لێکدراو دڕدۆنگ، ڕاڕا، وازوازی، هەردەبیر، دوودڵ، خولیایی. ع متردد N nølende د مردد، وسواس.

**خولیا** : obsession ئاوەڵناو وسواسی.

**بیرەوەری**:❶ ناوی چاوگ ماوەیەکە لە کات کە لەو ماوەیەدا بەبێ بەشداری مەردووم شتێ تێدا لە بیر بێ. ع ذاکرة N hukommelse د حافظە.

: بە بیرەوەری من بەفری وەک ئەمساڵ نەباریوە! واتە لەوەتێ من هەم بەفری وەهام نەبینیوە.

**بیرەوەری**:❷ ناوی چاوگ بیرەوە، یادداشت، یادگاری، ئەو شتەی کە بە بیرا بێت. ع النصب التذكاري N minnesmerke د یادبود.

**بیرەوەری کۆشکی تویلری** : مێژوو بووبەر یادەوەری ١٨ی برۆمێر تەلاری مارسان، لە کۆشکی تویلری لە سەردەمی پاشایەتی لویی هەژدە بنکەی کۆنت دارتوا Comte d'Artois بوو، کە ساڵی ١٨٢٤ بوو بە پادشای فەرەنسە. لەم خولەدا کە خولی نۆژەنقانی بوو، لەناو لۆژێتمیستەکاندا ناکۆکی تاکتیکی بەدی هات. لویی هەژدە و ڤەلیل Villèle سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتە، لایەنگری ئەوە بوون چالاکی کۆنەپەرستانە بە پارێزێکی زیاترەوە ئەنجام بدرێ، بەڵام کۆنت دارتوا و پۆلینیاک وەزیری دەرەوە گوێیان لە ڕۆژەڤی فەرەنسە نەبوو و ئەیانویست سیستەمی پێش شۆڕشی بورژوایی فەرەنسە زیندوو بکەنەوە.

**بیرەوەرییەکانی ئەودیو گۆڕ** : Memoirs from Beyond the Tomb

**یادەوەری** بیرەوەرییەکانی شاتۆبریانە لە ٤٢ بەرگدا.






**بیرهەنگی:** Mediation **شێوەزانست** **وەرزشی دەروونی** **ئارامشت** [بیر+هەنگ+ی] لەسەر کێشی {سەرهەنگ: دایکی مێشەنگوینان، شاهەنگ} بە واتای پووەدان و کۆبوونەوەی مێشهەنگوین، تەکنیکی بەدیهێنانی کەشێکی هێمن و جێگەمتمانەیە، بە دانیشتنی هێدی و کۆکردنەوەی ئەندێشە و هەناسەکێشانی ئارام و لەسەرخۆ... بۆ کەمکردنەوەی گوشار و پاڵەپەستۆی ژینگە و بەرزکردنەوەی توانای هاوسەنگکردن...















**بیرەی کوردی ئیسرایل:** Israeli Kurdish beer **خواردنەوە** کارگەیەکی بیرەیە لە ئسرایل، خاوەنەکەی کوردێکی ئیسرایلییە.




**بیریاری:** presence of mind **ئاوەڵکار** بیرتەیاریی، بیر لەباوی N nærvær ع av sinn حضور الذهن د حضور ذهن.

**بیری سەرەکی:** leitmotif بیری سەرەکی لە چیرۆک هۆنراوە یان شانۆ و ئێستەش لە فیلمنامەی سینەمادا. ع الفكرة المهيمنة N ledemotiv د نقش مایە.

**بیزا:** eryngium, aromatic herb **گیا** **ناو** گیایەکی بەناوبانگە لە تیرەی ئەرینگیۆم، جۆری زۆری هەیە، بۆ ترشیات و بۆ ناو شیرێز و پەنیر بەکار دێت. ع قرصعنة N martornen د زول.



**بیژوو:** bastard **ئاوەڵناو** منالّی دایک و باوکێکی لێک مارە نەبڕاو، زۆڵ، زۆڵزا {لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ڕێساییەوە}، حەرامزادە {لە ڕوانگەی ئایینییەوە بە توخمی حەرام دائەنرێ}. **پێناسە:** لە ڕێسای کۆمەڵایەتیدا هاوسەرگیری بە واتای پەیماننامەیە لە نێوان دوو کەس دا، کە بۆیان هەیە پەیوەندی سێکسیان پێکەوە هەبێ، بەبێ ئەوەی کەس بتوانێ

خۆی لە کاروبارياندا هەلقورتێنێ. ع نَغَل N jævel د حرامزادە.

**بیستۆک:** handset کەرەستە ناو گووشی تەلەفوون. ع سماعة الهاتف N håndsett د گوشی.



**بیستۆکی پزیشکی:** stethoscope ئامێر ستەتسکۆپ ع سماعة الطبيب N stetoskop د گوشی پزشکی.



**بیسمارک:** Otto von Bismarck رامیار سەرەکوەزیران چالاکقان {١٨١٥ـ١٨٩٨} لە ١٨٧١ تا ١٨٩٠ ڕاوێژکاری ئاڵمان بوو، لە ساڵانی ١٨٧١ تا ١٨٧٨زنجیرەیەک ڕێسا و فەرمانی بۆ کورتکردنەوەی دەسەڵاتی بەرپرسانی ئایینی و بە تایبەت لە دژی پارتی بەهێزی کاسۆلیکەکان دارشت و بەرێوەبرد، کە شکستی هێنا و بە خەباتی کولتوری Kulturkampf ناوبانگی دەرکردبوو، ئاڵمانیای یەک خستەوە و ئیمپراتۆری ئاڵمانی دامەزراند.

**بێکەماسی:** totally, entirely ئاوەڵکار بەیەکجاری، دارماڵ، دەراندەر، بەتێکڕا. ع تماما N helt د کاملا.

**بێلفۆر :** Belfort جوگرافیا شارێکە لە باکووری ڕۆژھەڵاتی فەڕانسە، بەرامبەر بە شاری ماینتزی ئاڵمان.





**بێڵندانە :** جەژن دابونەریت ناو لە زستانی سەخت و پڕ بەفردا، لادێ نشینەکان بەردەوام بە بێڵ بەفری ڕێگەوبانیان ماڵیوە و گڵیان بەسەرداکردووە، بە تەواوبوونی چلە بەفر کەمبۆتەوە و خەڵک بێڵی داناوە و [بێڵ+ن+دان+ئە] {بێڵمان دانا} وەک جێژنێکی نەتەوایەتی لە ڕۆژی ٤٥ی ناوەڕاستی زستان بەرپا کراوە.

گۆرانی بێڵندانە

ئاواز : فۆلکلۆر

گوتنی ھونەرمەند: شێرزاد حەسەنزادە

ھاتەوە بێڵندانە
دابێکی کۆن و جوانە
بەفر و کرێوە ڕۆیی
مەرگی سەھۆڵبەندانە
(سەرە بەند)
دەستەی جحێڵ و جوانان
ڕەق بوونەوە لە سوانان

دەچنەوە بۆ کوێستانان
بۆ جێڕاوگە و جێژوانان
نەما وەیشوومە و سیخوار
ئاو لە بانان هاتە خوار
پەڵەی تێکەوت نیسار
دێتە گوێ موژدەی بەهار
وەرزێر داوێژێ پەرگە
شین دەبنەوە لەوەرگە
بای وادە هات هەڵی کرد
بەفر بۆی ناگرێ بەرگە
چلە ڕۆیی، تاو هەڵات
دەبووژێتەوە ماڵات
نەورۆز بە ڕزق و ڕۆزی
دادەگرێ هەموو وڵات
خەڵکی شار و ئاوایی
دەیکەنە بەزم و شایی
دەس لە دەسی یەک دەگرن
بە خۆشی و ئاشتەوایی
بەفر و سۆڵ دەتوێنەوە
سەقر و سوێرۆ دێنەوە
خۆر هێز و هیوا دێنێ
کوێستان دەڕازێنەوە
بەخێر بێ بێڵندانە

مەرگی سەهۆلبەندانە
پێشوازی لە نەوروزە
ماڵ ئاوایی زستانە

[آ] محەمەد حەسەنپوور {بێوران}

**بیگۆدی :** bigoudi [ناو] {فەڕانسە} قڕلوولکەر، لوولەی بچووکن، کە قژی تێوە ئەپێچن و بە کەڕێک ئەیبەسن تا لوول ببێ [E] curler.



**بیلی دێ کید :** Billy the Kid {١٨٥٨ـ١٨٨١} یاخی و جەنگاوەری دەمانچە لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا کوژرا. زۆر فیلمی وێستێرنی کۆنی ئەمریکا لەسەر ژیانی ئەو ساز کراوە.




**بیلبیلە :** cornea [ئاناتۆمی] [ناو] توێژاڵێکی ڕوونە کە پێشی چاو پێک ئەهێنێ. [ع] القرنیة [N] hornhinnen [د] قرنیە. ← بەشەکانی چاو:




**بیلیال:** Belial ئاپیناسر ناو زاراوەیەکە لە ئینجیلی عیبریدا هاتووە و پاشان لە دەقە یەهوودی و فەلەکاندا بە واتای ئەهریمەن بەکار هاتووە. وشەکە لە دووبەشی بیلی و عال [בְּלִי + יַעַל] پێکهاووە بە واتای {بێبایەخ}. ع بیلیعال N Belial د بیلیعال.

  





**بیم، جاشە گچکە :** Bim, le petit ane فیلمی فەرەنسەیی ١٩٥٠ی منالان، دەرهێنانی ئالبێر لاموریس.







**بیمە :** Insurance کۆمەڵناسی دامەزراو ناو دابین، پاراستن، دڵنیایی یان، دەستەبەرێکە لە لایەن کۆمپانیای تایبەتی یان نوێنەرایەتی دەسەڵات، بۆ بژاردنەوەی زیانی ڕووداو و نەخۆشی و مەرگ، لە بەرامبەر بڕێک پارەدا کە وەکوو ئەندامانە بە پێی پەیماننامە ئەدرێ بە کۆمپانیای بیمە.
ع تأمین N Forsikring د بیمە.

**بیمەزان :** actuary ئابووری ئاوەڵناو بیمەناس، کارناسی بیمە، پسپۆری کاروباری بیمە، پسپۆری پشکنین و ئەندازەگرتن و قرسانندنی ڕادەی مەترسی و سەرنەگرتنی کار، کە زیاتر بۆ کۆمپانیاکانی بیمە و دابین کار ئەکەن.










**بین :** breath ناو هەناسە، نەفەس. ع تنفس، نسمة، نفخة N pust

د نفس، دم. ن: بە ژێرئاوییی لە بن گۆما بین ئەکێشم.

**بیناقاقا :** neck ناو گەردن، گەروو، قوڕوو، ئەوک. ع عنق N nakke
د گردن.



**بینبڕکێ :** ناو پێشبڕکێی بالۆرەبێژی و بین لێدان، بە تایبەتی لە چیا.

**بینازانی :** optics بینایی، لێکۆڵینەوەی زانستی بینین و تاودانەوەی ڕووناکی، یان تایبەتمەندییەکانی گواستنەوە و شکاندنەوەی جۆرەکانی تری تیرێژ و تیشکدانەوە.




**بینگ :** Siegfried Bing دیزاینەر {١٨٣٨ـ ١٩٠٥} سیگفرید، دیزاینەر، کەلوپەلی شێوە ژاپۆنی لە فەرەنسە کرد بە باو.



**بینین لە دوورەوە:** Remote viewing شێوەزانست یان RV یان هەستکردن لە دوورەوە، ئاماژەیە بە تێگەیشتن و زانینی نیشانەیەکی دوور لە ڕووی فیزیکییەوە، بە توانای مێشک و ئەندێشە. هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەمەڕ ئەم دیاردەیە بەدەستەوە نییە و ئەگەری ڕاتەبوونەوەی نییە، ئەچێتە خانەی شێوەزانستەوە.




**بیور:** hatchet ئامێر ناو بیڤر، تەوری بچکۆلانە. ع فأس صغيرة N vedøks د تیشە، تبر کوچک.

⇦ **تەور:** axe ئامێر ناو تەشوێیەکی دەمپانی پۆلایە بە گۆشەی شاولی نێوان دەم ودەسکەوە، بە زۆری بۆ دارشکاندن بەکار ئەهێنرێ. ع فأس N øks د تبر.








**بییەو:** Adolphe Billault رامیار ١٨ی برۆمێر (١٨٠٥ـ ١٨٦٣) ڕامیار، پارێزەر، ئۆرلیانیست، نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ساڵی ١٨٤٩ بوو بە بۆناپارتیست، ساڵانی ١٨٥٤ تا ١٨٥٨ وەزیری ناوخۆ بوو.

{Letter p}



**پ. ئا. تۆشار:** Pierre_Aimé Touchard {١٩٠٣_١٩٨٧} بەڕێوەبەری شانۆ، پێشمەرگەی دژی نازی، نووسەر و ڕەخنەگری فەرانسەیی.

**پابلیکۆلا:** Publicolas کەسایەتی ئەفسانە {مردن ٥ تا ٣ پ.ز†} کەسایەتی نیوە ئەفسانەیی سەردەمی کۆماری لە ڕۆما.








**پابەندی:** committal ناو فەرمان خستنەئەستۆ، تۆمەتدانەپاڵ، کرداری ناردنی کەسێک بۆ دامەزراوەیەک، بە تایبەت زیندان یان نەخۆشخانەی دەروونی. ع الالتزام N forpliktende fester seg, د تعهد E adhering.

**پاپا:**❶ ئاوەڵناو زۆر بەتاسە و داواکار، ئارەزوومەند.

**پاپا:**❷ ئاوەڵناو باپیر.

**پاپا:**❸ ئایینناسی ناو پلەی یەکەم لە کلیسای کاسۆلیک. ⇦ پاپا، کاردیناڵ، مەتران، قەشە.




**پاپاجانه :** baby shoes ناو پاپووچ، پێڵاوی منداڵان. ع حذاء الطفل N babysko د کفش بچه.



**پاپاچینه :❶** ناو پلیکانی کەرێزکەن کە لە دیوار هەڵیئەکۆڵێ.

**پاپاچینه :❷** ناو پەیژە.



**پاپ ـ تارت :** Pop_Tarts شیرینی بەرژەنگ ناوی بازرگانی جۆرە شیرینییەکی

چوارگۆشەیە کۆمپانیای کێلۆگ Kellogg لە ١٩٦٤ـەوە بەرهەمی ئەهێنێ. ساردە، بەڵام لەناو نایلۆنی ڕووکەش پۆلیەستەر BoPET دایە و پێویستی بە یەخچاڵ نییە. لە ناو تۆستەر یان مایکرۆئۆڤن گەرم ئەکرێتەوە ئەخورێ ☜ بووپێت.







**پاپۆش:** shoe پاپۆتر ناو پێڵاو، ئۆرسی، پاڵا، پێتاو، پێڵا، پێڵاڤ، پێڵاو، پێڵە، سوڵ، قۆندرە، قۆندەرە، کەوش، پۆششێک بۆ قاچ کە بە زۆری لە چەرم ساز ئەکرێ، بنێکی تۆکمەی هەیە و تا بن قولاپە دائەپۆشێ. ع حذاء N sko د کفش.






**پاپۆکە:** wreath دارەت ناو پەیکە بەستن، ئاڵقەپێکان، ئاخڵە. ع انجدل N kranse د چنبرە.




**پاپووچ:** baby shoes ناو پاپاجانە، پێڵاوی منداڵان. ع حذاء الطفل N babysko د کفش بچە.



**پاپی:** infiltrator ئاسایتر نەتەوە ناو هەمیتە، سیخوڕ لە بەرگی دگەردا. ع خط مائل، المتَسلل N infiltrator د عامل نفوذی F infiltrator.




**پاپیۆن:** bow tie ناو لە پاپیۆنی papillon فەڕانسەیی بە واتای پەپوولە، کراڤاتێکە لە شێوەی پەپوولە دوو باڵی هەیە. ع ربطة القوس N sløyfe د کراوات پاپیونی.



**پاتاکاس:** patacas ئابووری دراو پارەی بەڕێوەبەرێتی تایبەتی هەرێمی ماکاوی کۆماری گەلی چینە، یەک پاتاکاس ١٠٠ ئاڤۆسە، کورتکراوەکەی ئەکاتە MOP ە.

**پاتاڵ:** گیاندار وڵسات، چوارپێی بەرزە، چارەوا. ⇦ **ئاژەڵ:** چوارپێی نزم، مەڕ و بزن و مێهـ و بەران و قۆچ. ⇦ **ئەسپی یەکشاخ:** unicorn ئەفسانە هێمایر ئەسپێکی ئەفسانەیییە شاخێک لە ناوچاوی هاتبێ؛ ئاماژەیە بە خولیا و ئارەزوویەک بە ئاسانی بەدەست نایەت. ع وحيد القرن N Enhjørning د اسب تک شاخ.



**پاتاو:** shoe پایپۆتر ناو کالە، پێڵاو، پاپۆش، پۆششێک بۆ قاچ کە بە زۆری لە چەرم ساز ئەکرێ، بنێکی تۆکمەی هەیە و تا بن قولاپە دائەپۆشێ. ع أحذية N sko د کفش.

**پاترنۆستر:** paternoster ئایینناسر نزای خودی عیسا بە تایبەت بە لاتین.

**پاتۆ:**[1] خۆراک ناو کولۆی نان، هەویری لە تەندورا سووتاو.

**پاتۆ:**[2] patos cookie خۆراک ناو کولیچە، جۆرێک شیرینییە N kakeender.



**پاتۆ:**[٣] ناو کڵۆ بەفری درشت. ⇦ **تۆپەڵ:** ئاوەڵناو کڵۆی بەفر.

**پاتۆلۆجی:** pathology زانست پزیشکی نەخۆشیزانی، پاسۆلۆژی، خەسارناسی، هۆزانی، نەخۆشیناسی، زانستی دۆزینەوەی هۆکارەکانی نەخۆشین بە یارمەتی تاقیگە، بە تایبەت ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە تاقیکردنەوەی هۆنە و شانەکانی جەستە لە تاقیگە هەیە بە مەبەستی تۆژینەوەی لە لایەن پزشکی دادەوە. ع علم الأمراض N patologi د آسیب شناسی.






**پاتەختی:** دابونەریت شەوگەڕی پاش پەردە، بەیانی پاش شەوی پەردە، ڕۆژی پاش زەماوەن.

**پاتەکردنەوەی کیەرکەگۆری:** Kierkegaardian repetition فەلسەفە چەمکێکە لە ئیگزیستیانسیالیزمی ئایینی کیەرکەگۆر، بە واتای بەدەستهێناوەی شتی لەدەستچوو. تا ڕادەیەک وەکوو ڕوانگەی پلۆتۆیە کە ڕاستەقینە بە «بیرهێنانەوە recollection» ئەزانێ، بەڵام ئاقاریان جیاوازە. بیرهێنانەوە ڕووی لە ڕابوردووە و پاتەکردنەوە ڕووی لە ئاییندە.

**پاتەی درۆ:** false reiteration دەروونناسی تاوانناسی ناوی لێکدراو تاقیکردنەوەیەکی دەروونناسییە، گومانلێکراو ئەبێ چەندین جار ڕووداوێک بگێڕێتەوە، ئەگەر

گێڕانەوە هەموو جارەکان دارماڵ وەکوو یەک بوو، ئەوا درۆ ئەکات و خۆی بۆ ئامادە کردووە و ڕۆڵ ئەبینێ؛ ئەگەریش تا ڕادەیەک لە وردەکارییەکاندا جیاوازی هەبوو، سەبارەت بەوەی کە لانەماکی گێڕانەوەی یەک بێ، ئەگەری ئەوەی ڕاست بکات بە ڕێژەیەکی باڵا زیاترە.




**پاتێ:** Pathé سینەما کۆمپانیایەکی گەورەی فەڕانسەیی بەرهەمهێنان و دابەشینی فیلمە لە ١٨٩٨ـەوە، خاوەنی ژمارەیەک زنجیرە سینەمایە.




**پاچرا:** casino share ناو واری خاوەن قومارخانە، بەخشش بۆ خاوەن

قومارخانە. [ع] حصة الكازینو [N] kasinoandel [د] پاچراغی، انعام بە صاحب قمارخانە. ⇐ قمارخانە: casino

**پادشای ئیڤتۆ:** Roi de Yvetot [کەسایەتی] ناوی قارەمانی ساویلکە و میهرەبانی گۆرانییەکی فولکلۆری ناوچەی ئیڤتۆیە کە کۆمۆنێکە لە نۆرماندی باکووری فەرانسە.








**پادشایانی ئانژۆ:** Counts and dukes of Anjou [خانەدان] سێیەمین لقی سەر بە شارل دو ڤالوا Charles de Valois, Duke of Berry برای فیلیپی چوارەم پادشای فەرانسە کە فەرمانڕەوای پارما و سێسیلیا و ئیسپانیا بوون.

**پادشای زەوی:** [ئایینناسی] ئینجیلی کوردی، مەتا ٦ـ١٠: با پاشایەتییەکەت بێ. با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان.

⇐ **پانەسای تیبۆ:** «ئەی باوکی مە، کە لە ئاسمانی، ناوت وەرجاوەند... لە ئاسمان و لە زەوی، ویست ویستی تۆیە...»

**پادگان:** garrison [سەربازی] قشڵە، سەربازگە، سەربازخانە. بە واتای شوێنی ڕاگرتن، وەک ئاترپادگان کە ئاگرگەیەکی بەناوبانگە لە ناوچەی ئاترۆپاتکانی ماد یان ورمێی ئەمڕۆ و، بە واتای شوێنی ڕاگرتنی ئاگرە [پاد: پات، تەخت، ئەورەنگ، سەرا؛ پاسەوان؛ سزا؛ دژ] [ع] حامیة [N] garnison [د] پادگان.




**پادۆوا :** Padua جوگرافیا هونەر یان پادۆڤا، ئەماژەیە بە کۆمەڵێک فرێسکۆی چاکە و خراپە بەرهەمی جۆتۆ Giotto لە پەرستگەی سکرۆڤێنی لە شاری پادۆوای ئیتالیا.



**پادەری :**[١] ناوی لێکدراو بەرێ، ڕایەخی پێشدەرگا، وەڕیایی.

**پادەری :**[٢] ناوی لێکدراو پلیکانەی ناودەرگای ئۆتۆمۆبیل، شەمەندەفەر، پاس یان فایتوون و گالیسکە.



**پارادۆکسی ئەکتەر:** Le Paradoxe du comedien [سینەما] نووسینی دێنیس دیدێرۆ، وەشانی ١٨٣٠ ⇦ ناکۆکی کۆمیدیەن، ئاخاوتنی پارادۆکس، لێدوان یان گەلاڵەیەکی بەرواڵەت بێواتا یان دژبەیەک، کە ئەگەر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، دەرئەکەوێ ڕەنگە بنەمایەکی پتەو و بەکاکڵی هەیە.








**پارادۆی:** parody [شێواز] [هونەر] لاساییکردنەوەی شێواز و شێوە نووسینی نووسەر، یان هونەرمەندێکی تایبەت بە شێوەی قەبەکراو یان گاڵتەئامێز.

**پاراسایکۆلۆژی:** parapsychology [شێوەزانست] [ناو] لێکۆڵینەوە لەو دیاردە ئەندێشەییانەی کە دروونناسی زانستی خستوونیەتە لاوە، وەکوو هیپنۆتیزم و تلەپاتی و لەم چەشنە. [ع] تخاطر في علم النفس [N] parapsykologi [د] فراروانشناسی.








**پاراستنخواز:** preservationist [چالاکان] [ناوی‌لێکدراو] لایەنگر یان داکۆکیکار

لە پاراستنی شتێک، بە تایبەت تەلار و شوێنەوارە مێژووییەکان.

**پاراڤان:** screen ناو تەیمان، پەردەتەیمان، پەردەی ناوبڕ ع الشاشة N skjerm د skjerm It paravento écran.



**پارانۆیا:** paranoia دەروونناسی ناسازی دارەت دارەتێکی دەروونییە کە بە هۆی هەڵۆسە و گومان و هەستیاری زیاد لە پێویست بەدی دێ. سیستەمێکی بیرکردنەوەیە کە کاریگەرە بە دڵەراوکێ و ترس، زۆربەی کات تارادەی نائاوەزمەندی و وڕینە. ⇦ **پارانۆید:** دەروونناسی نەخۆشی نەخۆشی گرفتار بە پارانۆیا. بیرکردنەوەی پارانۆیی یان پارانۆید زۆربەی کات بیروباوەڕی چەوساندنەوەیی یان پلانی نهێنی لەخۆی دەگرێت دەربارەی هەڕەشەیەکی درکپێکراو لەسەر خود (بۆ نموونە: هەموو کەس ئەیەوێت من لەناوبەرێت). پارانۆیا جیاوازە لە فۆبیا، کە جۆرێکی ترە لە ترسی نائاوەزمەند بەڵام زۆربەی کات بەبێ لۆمەکاریی کۆتایی دێت. بەهەڵە تۆمەتبارکردن و بێ متمانەیی گشتی بە دەوروبەر زۆربەی کات پەیوەندیدارە بە پارانۆیاوە. بۆ نموونە، ڕووداوێک کە زۆرینەی خەڵک وای تێئەگەن کە بەڕێکەوت ڕووی داوە، کەسێکی پارانۆید ئەشێت وای تێ بگات کە بەمەبەست ڕووی داوە.



**پاراو:** fluent ئاوەڵناو نخت و پوخت، تێراو، شەق و تورت و لەگەشە.
ع رشيق N flytende د شاداب و خرم.

**پارتی:** Parthian Empire خانەدان ناو ئەمپراتۆری پارت یان ئەشکانی، دەسەڵاتدارێتی ناوچەی ماد و بانی ئێران و میزۆپۆتامیا، لە ٢٤٧پ.ز تا ٢٢٤ز.






**پارتی پاشاییخواز:** رامیاری ڕێکخراو ناو لۆژێتمیست Legitimist یان لایەنگرانی ژیانەوەی پاشایەتیی بنماڵەی بۆربۆنەکان و ئۆرلیانیستەکان، یان لایەنگرانی بووژانەوەی پاشایەتیی بنماڵەی ئۆرلیانەکان ☜ لۆژێتمیست ☜ ئۆرلیانیست ☜ لۆژێتمیستی ڕووسی.

**پارچ:** pitcher ناو تۆنگە، سوراحی. ع ابريق N kaster د پارچ.



**پارزونگ:** strainer ناو پاڵێوەر، برنجپاڵێو، نانەشان، چاپاڵێو؛ ئامێرێکی کونکونە بە تەلی باریک وەکوو تۆڕ دروست کراوە بۆ جیاکردنەوەی زبر لە شلەمەنی، یان بێژانی ئارد و شەکر. ع مصفاة N sil د صافی

E seive.





**پارسا:** ascetic ئایینناسی ئاوەڵناو بەدین، لەخواترس، خۆپارێز، تەرکەدنیا؛ هەستان بە هەموو ئەرکێکی ئایینی و دوورکەوتنەوە لە خراپە و تەنانەت خۆشی، لە پێناوی ئاییندا. ع زاهد N asketisk د زاهد.

**پارسێنۆن:** Parthenon میسۆلۆجی ناوی جێگا پەرستگەی کەونارای ئاکرۆپۆلیسی ئاسینایە، پریکلێس ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستە لە بەرزترین شوێنی شار دروستی کرد. پارسێنۆن هەتا ئێستەش بەپێوە ڕاوەستاوە. پەیکەرەکانی فیدیاس تاشیونی. ← **پانتیۆن:** Pantheon میسۆلۆجی ناوی جێگا پەرستگەی کۆمەڵەی خواکانی نەتەوەیەک بە گشتی.





**پارسەک:** sponger, parasite ناو مشەخۆر، مفتەخۆر. ← **مشە:** gratuitous ئاوەڵناو خۆڕایی، مشە.

**پارسەنگ:** بەرد، ئاسن یان هەر تەنێک کە لاسەنگییەکی پێ هاوسەنگ ئەکرێت، لە سلنگ، لە تەرازوو، لە دوو تای بارێک یان هەرشتێکی لەو

بابەتە.

- **پارسەنگ:** ناوی لێکدراو [پار + ئە + سەنگ] بەردێکە کە ئەیخەنە ناو بار بۆ ئەوەی هەردوو لای بار هاوسەنگ بن یان وەک یەک قورس بن.
- **لاسەنگ:** ناوی لێکدراو واتە بارێک کە لایەکی لە لایەکەی دیکەی قورستر بێ.
- **هاوسەنگ:** ناوی لێکدراو دوو شت کە کێش و قورساییان وەکوو یەک و لە تەرازی یەکدا بن.






**پارشێو:** predawn meal ژەم ناو خواردنی بەر لە کازیوە. ع سحري، وجبة ما قبل الفجر N måltid før daggry د سحری، وعده قبل از سحر.

- **پاشێو:** dessert دێسرێ، خواردنی شیرین کە پاش ژەم ئەخورێ. ع حَلوَى N dessert د دسر.
  - بەرچایی: breakfast،
  - قاوڵتی {قاوەتوون}: lunch،
  - چاس {نیوەڕۆ}: noon meal،
  - بەرشێو {عەسرۆجە}: evening meal،
  - شێو: dinner؛

⇦ پارشێو: predawn meal.

**پارکای:** Parcae **میسۆلۆجی** سێ ماخواى میسۆلۆجی یۆنانن بە ناوی کلۆتۆ، لاکسی و ئاترپۆس، کە چاودێریی چارەنووسی مرۆڤی خاکی بوون. یەکیان تەشیی بە دەستەوەیە.



**پارکی بۆت شۆمۆن:** Buttes_Chaumont **سەیرانگە** پارکێکە لە گەڕەکی بیلڤیدێری پاریس ☜ شۆمۆن.



**پارکە:** کشتوکاڵ ناو کەرد، تەختەی چێندراو، دوکان، کەردوو. د قطعه زمین کاشته شده.

**پارکۆڵە:** ناو بێچووی دوو ساڵەی ورچ و بەراز و...

**پارمازان:** Parmesan خۆراک شیرەمرنی ناو یان پارماجیانۆ، جۆرە پەنیرێکی ڕاگیراوی ڕەق وشکی تیژی زۆر بەتامە، وەکوو پەنیری پێستە و پەنیری کووپەی کوردی وایە. پارمازان لە سەیزانی تایبەت و لە بن چاودێری و بەسەرکردنەوەی بەردەوام دا ڕائەگیرێ. دروستکردنی هەشت مانگی پێئەچێ، بەڵام لە ١٢ تا ٣٦ مانگ لە شوێنی تایبەتی جیاواز ڕائەگیرێ؛ قاڵبی پەنیری ٢٥ کیلۆیی پاش گەیشتن تەنها ١٤ کیلۆی لێ ئەمێنێتەوە. سێ جۆری سەرەکی هەیە:

- تازە: Minimum ١٢ مانگ
- کۆن: Vecchio ١٨—٢٤ مانگ
- دێرس: Stravecchio ٢٤—٣٦ مانگ

کیلۆیەک پارمازان بە ئەندازەی ٢٠ لیتر شیری تازە بەهای خۆراکی هەیە، پارمازان بە ڕەندەکراوی یان هاڕدراو، زیاتر ئەکرێ بەسەر خواردنە ئیتالیاییەکاندا، ناوەکەی لە پارما Parma و ڕێجیۆوە Reggio هاتووە کە دوو پارێزگای ئیتالیایین و بە دروستکردنی ئەو پەنیرە بەناوبانگن، هەرچەند شێوە پەنیری پارمازان لە هەموو ئورووپا دروست ئەکرێ. پەنیری پێستەی کوردی بە هەمان شێوەی پارمازان هەڵئەگیرێ و ئەپارێزرێ، بەڵام پەنیری کووپەی کوردی لە ناو کووپەدا ئەپەستێنرێتەوە و بۆ ماوەی شەش تا نۆ مانگ ئەخرێتە بن عەرزی شێدار و سەری دائەپۆشرێ.

☜ پەنیر ☜ پەنیری کووپە ☜ پەنیری پێستە.

**ستراڤێکیو:** Stravecchio ناو (ئیتالیایی) دێرس، بەو بەرهەمانە ئەوترێ کە چەند کۆنتر بن بایەخیان ئەچێتە سەرەوە، وەکوو پەنیر و

شەراب و ویسکی و ڕایەخی دەستچن و هتد.











**پارمێندس:** Parmenides فەیلەسووف (سەدەی ٥و٦ پ.ز) فەیلەسووفی یۆنانی.









**پارناسۆس:** Parnassus جوگرافیا ئەفسانە دین ناوی کێوێکە لە یۆنان، بەگوێرەی ئەفسانە شوێنی ئاپۆلۆن و نۆ میووز، واتە ماخواکانی سەرپەرشتیاری هونەر و زانست و هاندەری ئافراندن بووە.



**پارناسی:** parnassianism وێژە شێواز پارناسیانیزم؛ پارناس Parnassus ناوی کێوێکە کە بە گوێرەی میسۆلۆژی یۆنانی، میووزەکان، نۆ خوشکانی کچانی زیۆس و ماخوای هونەرەکان {کالیۆپ Calliope ماخوای بەهرەدەری هۆنراوەی داستانی، کلیۆ Clio ماخوای مێژوو، یوترپ Euterpe موزیک و گۆرانی و بەستە، ئەرەتۆ Erato هۆنراوەی دڵداری، مێلپۆمنی Melpomene ماخوای تراجیدیا، پۆلیهێمنیا Polyhymnia سروود، ترایسیکری Terpsichore سەما و هەڵپەڕکێ، تالیا Thalia ماخوای کۆمیدیا، یوورەینیا Urania ماخوای ئەستێرەناسی} لەوێ ئەژیان. هۆنەرانی پارناسی بڕوایان بەوە هەبوو هۆنراوە چەمکێکی پشت بەخۆیە کە هیچ ئامانجێکی جگە لە خەملاندن و گەشەپێدانی خۆی نییە. شێوازی وێژەیی پارناسی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە لە فەڕانسە بەدی هات. پارناسییەکان هونەر و جوانی بە ئامانج ئەزانن. تیۆفیل گۆتییە Théophile Gautier پارناسی بەم شێوەیە پێناسە ئەکا: «هونەر بۆ هونەر بە واتای هونەرێکی ئازادە بە دوور لە هەرچەشنە دڵڕاوکێ و نیگەرانی، جگە لە جوانی.» تیۆدۆر دو بانڤیل Théodore de Banville، لۆ کۆنت دولیل Leconte de Lisle و ژۆزەماریا دو هێردیا José ـ Maria

de Heredia، لە ناودارانی تری ئەم شێوازەن. پارناسییەکان لە ١٨٦٦ و ١٨٦٩ و ١٨٧٦ سێ بەرگ لە هۆنراوەکانی خۆیان anthology وەک کەشکۆڵی هۆنەرانی پارناسی بڵاو کردەوە.

پارناسییەکان لایان وایە هۆنراوە نیشانەی گیانی کەسێکە کە هەستەکانی خۆی خامۆش کردووە. چونکە ئەم چەشنە هۆنراوەیە نایەوێ هۆنراوە بکات بە مایەی هیوا و ویست و ئارەزوو، بەڵکو تەنها ڕێز بۆ خودی هونەر دائەنێ و ئەوەی لای گرنگە جوانی شێواز و شێوەی دەربڕینە.

◄ بنەما گرنگەکانی ئەم شێوازە بریتیین لە:

- شێوازی دارماڵ، چ لە ڕوانگەی دەربڕین و چ هەڵبژاردنی وشەوە.
- تێکەڵنەکردنی هەست و گوێنەدان بە ئارمانج و ویستەکان.
- جوانی سەروا و پابەندبوون بە ڕێبازی «هونەر بۆ هونەر».







**پارناسیانیزم:** ☜ پارناسی.

**پارنی:** Évariste de Parny هۆنەر (١٧٥٣ـ١٨١٤) ڤیکۆنت و هۆنەری فەرەنسەیی. دیوانێکی هەیە بە ناوی شیعری هەوەساوی Poésies érotiques.





**پاروەخۆشە :** favorite bite زۆر کەس، بە تایبەت مناڵ، کاتی نانخواردن تیکە یان پارووێک دائەنێن بۆ دواجار و، پێی ئەڵێن پاروەخۆشە، چونکە پێیان وایە لە هەموو پاروەکانی تر خۆشترە. ع لدغة المفضلة N favorittbitt د لقمة لذيذ. ☜ جگەرەخۆشە

**پاروو :** morsel ناو تیکە، پاروەخۆشە، پارچەیەک خۆراک کە بۆ جارێک ئەیخەنە دەم. ع N munnfull د لقمة.



**پارە سپیکردنەوەی :** money laundering ئابووری تاوان مافیا تاوی لێکدراو یان سپیکردنەوەی پارە یان پارە شۆردنەوە، پرۆسەی گۆڕینی پارەیەک کە سەرچاوەی بەدەستهێنانەکەی ناقانوونی بێت، بۆ دارایی و داهاتێکی ڕێسایی. بۆ وێنە پارەیەک کە لە ڕێگای قاچاخی کردن بە هێسنە سڕکەرەکان، خواردنەوەی ئەلکولی، تیرۆریزم، بەرتیلدان و کاری نارەوای دیکە بەدەست هاتووە. ئاریشەی سپیکردنەوەی پارە، کاتێک سەر هەڵئەدا کە ئەم جۆرە پارانە لە سیستەمی ئابووری و دامودەزگا داراییەکانی وڵاتێکدا بکەونە گەڕ. سەرچاوەی بەکارهێنانی ئەم زاراوە یەکەم جار، ئەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی مافیا لە دەیەی ١٩٣٠دا بەسەر تۆڕێکی جلشۆریی مەکینەیی ئەمریکایی. لەو ساڵانەدا گانگستێرێک بە ناوی ئال کاپۆن، پارەیەکی زۆر، کە لە ڕێگای دەسبڕی، چەتەیی، قومار، تاوان، قەحبەگەری و قاچاخکردن بە نویشکە هۆشبەرەکان بەدەستی هێنابوو، لە جلشۆرخانەکان خستییە گەڕ تاکوو سەرچاوەی بەدەستهێنانەکەی ون بکات و کەس نەزانێ چۆن ئەو پارەی بەدەست هێناوە.







**پارە قاچاندن:** embezzlement هێمایر دزی چاوگی تێپەڕ دزۆکی، پارەدزین، دەستماڵکرن، ژێرقولکردن، هەڵگرتنی نارێسایی دارایی دامەزراوی دەوڵەتی یان سەر بە کەرتی تایبەت بە مەبەستی تایبەت، کە جۆرێک دزین و ئۆێنبازییە. ع الاختلاس N Underslag د اختلاس.











**پارێزدار:** custodian ئاسایتر ناو ئۆترقان، باڵباز، پارازک، پاژەر، پاواندار، دیدەڤان، ڕێرەڤان، هامیار؛ بەرپرسی چاودێری و پاراستنی شتێک. ع حافظ، ولِي N formynder د نگهبان، متولی.











**پارێزداری:** meditation ئاییناسر ناوی چاوگ مەدیتەیشن، ڕامان و بە گشتی

هونەر و شێوازی باشارکردنی ئەندێشەیە. پارێزداری پەروەردەکردن و خۆڕاهێنانە بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەندێشە لە ڕێگەی تەکنیکی دەروونپارێزی بۆ گەیشتن بە شادمانی ئاگاهانە و هێوری قووڵ و درێژخایەنە بەبێ وابەستەبوون بە دگەرەوە. د مراقبە N meditasjon ع تأمل.



**پارێزگار:** داد ناوی لێکدراو بەڕێوەبەری پارێزگایەکە بە شار و شارەدێ و گوندەکانییەوە. ع محافظ N prefektur د استاندار. ⟵ فەرمانفەرما، واتە سەرۆکی هەرێم ئەکەوێتە سەروو پارێزگارەوە، لە دوای پارێزگار فەرماندار دێ کە بەڕێوەبەری شارستانێکە {شارستان بریتییە لە شار و گوندەکانی}، ئەوسا شارەوان یان سەرۆکی شارەوانی

دێ کە وەک پلەی دەسەڵات بەڕێوەبەریتی شار یان شارەدێیەک ئەکا. وشەی {قائم مقام} بەرامبەر بە mayor یان burgomaster دێ کە ئەتوانێ فەرماندار یان شارەوان بگرێتەوە. دیارە ئەم پلە و پایە لە وڵاتانی جیاوازدا، جیاوازە، بۆ نموونە بۆی هەیە لە هەندێ وڵات پلەی فەرماندار نەبێ، یان لە هەندێ وڵات بە هەڵبژاردن بێ و لە هەندێکی تر بە دانان بێ، بەڵام پۆلێنی پلەکان بە هەندێ جیاوازییەوە بەمجۆرەیە:

- **فەرمانفەرما**: Governor ع والِي N Guvernør د والی، تیولدار، نظام الإيالة.
- **پارێزگار**: prefecture ع محافظ N prefektur د استاندار.
- **فەرماندار**: mayor ع عمدة N byen prefektur د فرماندار.
- **شارەوان**: burgomaster ع قائم مقام N borgmester د شهردار.

**پارێزەری لینکۆڵنسوار**: The Lincoln Lawyer زنجیرە ترقر زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠٢٢ ئافراندنی تێد هامفری و دەیڤید ئی کێلی. لەم زنجیرەیەدا، کە لەسەر بنەمای ڕۆمانە پڕفرۆشەکانی مایکل کانێلی Michael Connelly سازکراوە، ئایدیالیستێکی ئایکۆنۆکلاستیک لە پشت فەرمانی ئۆتۆمبێلە لینکۆڵنە کەشخەکەیەوە کاروباری ڕێسایی خۆی بەڕێوە ئەبات. ⇦ **ئایکۆنۆکلاستیک**: iconoclastic ئاوەڵناو ڕواڵەتشکێن، کەسێکە هێرش ئەکاتە سەر باوەڕ و دامەزراوە زەبەلاح و جێکەوتووەکان کە بوون بە بەرژەنگ و ئایکۆن. ع متمردي الأيقونات

N ikonoklastisk د شمایل شکن.







**پاریسی ئازادکراو:** Le Parisien Libéré ڕێکخراو ساڵی ١٩٤٤ لە لایەن ئێمیلیان ئەمۆری وەک ئاڵای دژی داگیرکەر دامەزرا و پاشان ناوەکەی گۆڕا بە «Le Parisien» و تا ئێستەش بەردەوامە.


Le Parisien
Libéré
VIVE DE GAULLE!



**پارۆدی:** parody میدیا ناو ئەنیمەیشنی قەبەکراوی کەسایەتی هونەری و وێژەیی و ڕامیاری وەک گاڵتەجاڕی و توولەکی. پارۆدی ڕووت: porn parodies واتە فیلمی ڕووت و بەتایبەت ئەو سایتانەی فیلمی ڕووت بە خۆڕایی پیشان ئەدەن. The Good Fight



**پازار :** granite جیۆلۆجی ناو بەردی گرانیت، بەردێکی گڕماڵکە، زیاتر کوارتز و فێڵدسپات و میکای تێدایە. بە ڕەنگی پەمەیی و سپی و خۆڵەمێشی هەیە. بەردێکی خارا و گڕماڵکە و زۆر خۆگرە، بۆیە لە تەلارسازیدا بە فراوانی بەکار ئەهێنرێ.






**پازگە :**❶ پیاسداری ناو چاڵێکە لە ناوەڕاستی بێستاندا، خاوەن بێستان بە شەو دەچێتە ناوی بۆ پاسی بێستانەکەی.

**پازگە :**❷ Checkpoint ئاسایش ناو خاڵی پشکنین، زاڵگە، پرسگە، پاسگە، بنکە. ع نقطة تفتیش، سیطرة N Kontrollpunkt د محل بازرسی.

**پازیریک :** Pazyryk rug مێژوو دێرینناسی ناو ماڤوورەی پازیریک، کۆنترین ڕایەخی پۆپەشمینەی جیهان **هینی کوردانی ماد و سەکایە.** ئەم ماڤوورە ساڵانی ١٩٤٧ تا ١٩٤٩ لە لایەن سێرگەی ڕۆدنکۆ، شوێنەوارناسی ڕووسی لە دۆڵی پازیریک، کە دەکەوێتە سەرەتای چیای ئاڵتای لە ڕووسیا، لەگەڵ کۆمەڵێک کەرەستەی تر دۆزرایەوە. ◀ ئەم ڕایەخە ڕەنگگەشە نزیک بە چوارگۆشەی ١٩٨ بە ١٨٩ سەنتیمەترە. وێنەی سوار و ئاسک و گیانداری بە جەستە شێر و سەری وەکوو هەڵۆ و کەنارەی گوڵکاری تێدایە. ◀ ئەم ڕایەخە هونەرەکەی ئەوەندە بەرز و پێشکەوتووە نموونەی لە ناوەندە شارستانییەکانی وەکوو یۆنان و میسردا بەدی ناکرێ. ◀ توێژەران بە هی ماد یان سەکاکانی ئەزانن.







**پازناو:** leverage فیزیک ناو لەوازە، هێزی بەرزکردنەوەی هەوسەنگکردن، مەڵغەی بەرداش هەڵێنان. ع قوة نفوذ N pressmiddel د قدرت نفوذ ← ئابووری لە بواری ئابووریدا بە هەر شێوازێک ئەوترێ، بە هۆی هێزێکی بچووکی وەکوو نوێڵ بەرەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنرێ. پازناو ئەبێتە هۆی ئەوەی سوودەکان ببن بە چەندین بەرامبەر، هەروەها مەترسی ئەوە هەیە کە پازناو سەرکەوتوو نەبێ و تووشی زیان ببن.












**پازە:** بیرسا ناو proof بەڵگە، گرۆڤ، پڕنوو، سەلماندن. ع برهان N bevis د برهان، استدلال.

**پازەهێنانەوە:** argue چاوگی تێپەڕ سەلماندن و بەڵگەهێنانەوە. ع تجادل N argumentere د استدلال کردن. ☜ inductive reasoning

**پازەی بەراوردی:** deductive reasoning بیرسا شێواز ڕەوتی ئەندێشەییە بۆ هەڵهێنجانی دەرەنجامە مسۆگەرەکان. دەرەنجامێک ڕەوایە ئەنجامەکەی بە شێوەیەک لۆجیکی لە پێشمەرجەکانیەوە سەرچاوەی

گرتبێ؛ واتە ئەوە نەگونجێ پێشمەرجەکە ڕاست بێت و دەرەنجامەکە درۆ. ع استدلال قیاسي N deduktiv resonnering د استدلال قیاسی.

⇦ **پازەی هاندەر:** inductive reasoning بیرسا شێواز پازەی سەلمێن، پازەی بیرناوەیی بۆ هەڵهێنجانی بنەمایەکی گشتی. ئەگەر پێشمەرجەکان دروست بن، ئەنجامی مشتومڕی لێکچوونەکە دڵنیایە؛ بە پێچەوانەوە، بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی کە خراوەتەڕوو، دروستی دەرەنجامی مشتومڕێکی هاندەر ئەگەری هەیە. ⇦ بەراورد لە گشتەوە بۆ پاژە و هاندەر لە پاژەوە بە گشت. ع استنتاج استقرايي N induktiv resonnement د استنتاج استقرایی. ☜ ڕێبازی بەراوردی







**پازەی هاندەر:** بیرسا شێواز inductive reasoning دەروونناسی بەدەستهێنانی بنما یان دەرەنجامێکی گشتی لە ڕێگەی ژمارەیەک تاقیکردنەوەی بچووکەوە بیرکاری ڕەوتی سەلماندنی ڕێسایەک بۆ هەموو ژمارە سروشتییەکان لە ڕێگەی سەلماندن بۆ ژمارە ١ و سەلماندنی ئەوەی کە بۆ هەر ژمارەیەکی سروشتی n+١ ڕاستە، بە گریمانەی ئەوەی کە ڕێساکە بۆ ژمارەی سروشتی n بێت. ئەمە شێوازی زانستییە، چونکە لەسەر بناغەی ملیۆنەها تاقیکردنەوە دانراوە کە وەڵامەکەی هەمیشە یەک شتە، بۆیە ئەڵێین ڕاستە. بۆ نموونە تیۆری کوانتۆم ملیۆنەها جار تاقیکراوەتەوە و هەمیشە یەک وەڵامی هەبووە، بۆیە ئەڵێین تیۆری

کوانتۆم ڕاستە. [ع] الاستقراء [N] Induksjon [د] استدلال استقرایی.

☜ پازەی بەراوردی









**پاژ:**❶ installment [ناو] بەشە پارەیەک وەکوو یەکێک لە چەند بەش بۆ وامێک کە لەسەری ڕێککەوتن بە بەش بەشی چوونیەک بیدەنەوە :ن یەکەم پاژی وامی خانوو یان ئۆتۆمۆبیل. [ع] القسط [N] avdrag [د] قسط.

**پاژ:**❷ reason [ناو] بەڵگە، پازە، هۆکار، ڕوونکردنەوە یان پاساوی کار یان ڕەهاتێک. [ع] السبب [N] grunnen [د] دلیل.







**پاژنەی ئاخیلێس:** Achilles' heel [میسۆلۆجر] [هێمابیر] [ناوی لێکدراو] لاوازییەکە سەرەڕای بەهێزی گشتی، کە دەتوانێت ببێتە هۆی کەوتن. لە کاتێکدا سەرچاوەی ئەفسانەیی ئاماژەیە بۆ لاوازییەکی فیزیکی، ئاماژەی ئیدیۆماتیک بۆ ئەدگار یان ئەو تایبەتمەندییانەن کە دەتوانن ببنە هۆی شکست و کەوتن. ⇦ ئاخیلێس






**پاسادان:** research [ناوی لێکدراو] [فەرمان] تۆژینەوە، لێوردبوونەوە.

**پاسارین:** cap [ناو] لەبەدار، جۆرێ کڵاوە کە پێشەوەی لێواری هەیە [N] skyggelue [ع] کاپ [N] lokk [د] کڵاوە کپی [F] casquette.








**پاساو:** excuse, plea, pretext [ناو] حونجە، پازە، بیانوو، بەهانە. [ع] تبریر [N] unnskyldning, bønn, påskudd [د] توجیە، عذر. ← **پاساوی شیاو:** Justified excuse [ع] عذر مبرر [N] unnskyldning, bønn, påskudd [د] عذر موجە: لە رێسای دادگای تاواندا بەندی رێسایی تایبەت هەیە، کە رێگە بە تاوانبار ئەدات بتوانێ بە گوێرەی **پاساوی شیاو** لە دادگا ئامادە نەبێ، وەکوو رووداو و نەخۆشی و لەم بابەتە.

← **پاساودان:** justification [چاوگی تێپەڕ] داوای لێبوردن بە بادانەوە و مەرایی کردن، بیانووهێنانەوە، پاکانە، بیانووی ڕەوا بۆ لە بەدناوی ڕزگارکردن، داکۆکی لە خۆ، گەڕانەوە و پاشەکشێ. ← [ع] تبریر [N] berettigelse [د] توجیە کردن، عذر موجە. ← **پاساودانەوە:** [ناوی چاوگ] پاساوهێنانەوە، بەرپەرچدانەوە، هەسدانەوە. ← **پاساوهەڵگر:** [ئاوەڵناوی بەرکار] شیاوی بەرگری و داکۆکی لێکردن.

لە کەلیدەر ٢٠١١

سەرکۆنە! مارالٚ خۆی لۆمە ئەکرد. فرینی گیان بۆ پاساوی لێکپچڕانی شیرازەی خۆی. دلاوەر ئێستە چی ئەکرد؟ (بەرگی١)

لە سەر ناوی دلاوەر هەلٚوەستەیەک کرا. مارالٚ، شەلٚاژا لەم هەلٚیەی خۆی و ویستی پاساوی بداتەوە بەلاٚم دەرفەتی پێ نەدرا. (بەرگی٢)

ماه دەروێش پیالٚەکەی وەرگرت و بردی بۆ دەمی، هەلٚیدا و چاوی قووپاند و پەڕەی لووتی کەوتنەفرین. دەوری دەمی لستەوە؛ پیالٚەکەی دانا و دەنکە خورماکەی لە دەستی بابقولی بوندار وەرگرت و «پاساوی تالٚی" خستیە سەر زمانی. (بەرگی٢)

بەلاٚم نازانم بۆچی کە کاتیشی ئەگاتەوە، پاساودانەوە و لێکۆلٚینەوەی تازە ئەگاتە بەرەوە. (بەرگی١٠)

**پاستۆریزە:** pasteurize بەهداشت شێواز پرۆسەی خاوکردنەوەی پەرەسەندنی میکرۆب و باکتریا لە بەرهەمی وەکوو شیر و شەراب، لە ڕێگەی گەرمکردن و تیشکەوە کە بە شانازی لویی پاستۆری فەرانسەیی ناونراوە. ع ابستر N pasteurisere د پاستوریزە.

**گەماربەری:** disinfection بەهداشت خاوێنکردنەوە بە دەرمان بۆ لەناوبردنی باکتریا. ع طهر N desinfeksjon د ضدعفونی کردن.






**پاسفەندە:** exhaustion دارەت ئاوەڵناو پەرتووکاو، پۆسیاگ، پەرپووت، دارزاو، پواو، پەڵوون؛ بێ نەشە و گەشەبوون بە هۆی گوشاری جەستەیی یان دەروونی بەردەوامەوە. [ع] انهاک [N] utmattelse [د] فرسودە، پوسیدە [E] rotten.






**پاسقاڵی:** mock تەوەرویلار ئاوەڵناو تیر، تانە، گاڵتەپێکردن، قەشمەری. [ع] سخرة [N] håne [د] مسخرە کردن.

**پاسکاڵ:** Blaise Pascal فەیلەسووف فیزیکزان (١٦٢٣ـ١٦٦٢) نووسەر، فەیلەسووف، بیرکار و فیزیکزانی فەڕانسەیی.












**پاسکال دوپرا:** Pascal Pierre Duprat ڕامیاری ڕۆژنامەوان (١٨ی برۆمێر)(١٨١٥ـ١٨٨٥) ڕامیار، ڕۆژنامەنووس، کۆماریخوازی بۆرژوا، لە خولی دووەمی کۆماردا نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێسادانان بوو، نەیاری لویی بۆناپارت.






**پاسکانی:** ❶ eccentric تەوروپیلار ئاوەڵناو تیتاڵ، لاسکەلاسک، ناباو، ڕەفتاری سەمەرە و قەشمەرانە. ع غریبة الاطوار N eksentrisk د ادا و اطوار.

**پاسکانی:** ❷ mimicry تەوروپیلار ئاوەڵناو ڕواڵەتی دەمەلاسکێ. ع وجه مقلد N mimikk د شکلک.

**پاسۆبایۆلۆژی:** pathobiology پزیشکی خەسارناسی زیندەوەر، کۆمەڵەی نەخۆشییە مرۆییەکانە وەکوو مۆرفۆلۆجیک، خەسارناسی کلینیکی نەریتی و هۆنە، زیندەوەرزانی شانە و ژنێتیک و یێک ئەهێنێ کە خولێکی نوێ لە بواری خەسارناسیدا بەدی هێناوە، لەسەر بناغەی نەخۆشی مۆلۆکولی مرۆیی، لە پتر لە ٤٨ بواری جیاوازی بایۆلۆژیکی و پزیشکیدا:

- سیستەمی ئەندامەکان
- خەسارناسی مۆلۆکولی. / میکانیزمی بنەڕەتی نەخۆشییەکان
- نموونەی ئاژەڵی/ سیستەمەکانی تری نموونە
- خەسارناسی ئەزموونی
- خەسارناسی کلینیکی











**پاسۆجین:** pathogen پزیشکی تررر هێسنی نەخۆشیزا، وەک زیندەوەرێک پێناسە دەکرێت کە دەبێتە هۆی نەخۆشی بۆ خانەخوێکەی، لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشییەکەش، کە بە ڤایرۆسیبوون ناودەبرێت. هێسنی نەخۆشزا لە ڕووی تاکسۆنۆمیەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان جۆراوجۆرن و لە ڤایرۆس و بەکتریا و هەروەها پۆکاریۆتی یەک خانەیی و فرە خانەیی پێکدێن. ع العوامل الممرضة N patogen د بیماری زا.




**پاسۆلۆژی:** pathology پزیشکی خەسارناسی خەسارناسی، نەخۆشیناسی، هۆزانی، زانستی دۆزینەوەی هۆکارەکانی نەخۆشین بە یارمەتی تاقیگە، بە تایبەت ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە تاقیکردنەوەی هۆنە و شانەکانی جەستە لە تاقیگە هەیە بە مەبەستی توێژینەوەی لە لایەن پزشکی دادەوە د آسیب شناسی N patologi ع علم الأمراض ☜ **پاسۆبایۆلۆژی**.



**پاسەوانێک لە مەزرا :** J. D. Salinger ڕۆماننووسـر ڕۆمانێکە ساڵی ١٩٥١ لە لایەن نووسەری ئەمریکایی جێرۆم دەیڤید سالینجەرەوە نووسراوە. ◀ بەسەرهاتی گەنجێکی خوێندکاری حەڤدە ساڵانە کە بە هۆی ناچالاکی خۆی لە خوێندندا ڕووداوی تراژیکی زۆر دێتە ڕێگەی و بۆ جاری سێیەم لە زانکۆ دەردەکرێت. ◀ ژوان جەلال ساڵی ٢٠١٢ ئەم ڕۆمانەی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی و، دەزگای غەزەلنووس چاپ و بلاوی کردووەتەوە.






**پاسەوانی دادگا :** bailiff ناوی لێکدراو پاسەوان یان ئەفسەری ناو دادگا. ع حاجب محكمة N namsmann د مامور دادگاه.





**پاسەوانی ڕاین :** Die Wacht am Rhein ویژە رامیاری سروودێکی نیشتمانیی ئاڵمانییە، لە ڕووی مێژووییەوە بە هۆی دوژمنایەتیی ئاڵمانی ـ فەرانسەیی بەدی هات و لە ماوەی جەنگی فرانکۆ ـ پرووس و جەنگی جیهانی یەکەمدا باوی هەبوو و ئاڵمان وەکوو هاندەری سەربازانی خۆی بەکاری ئەهێنا.




**پاسەوانی یاوەر:** adjutant ناوی لێکدراو ئاجودان، ئەفسەرێکی سپا کە وەکوو یارمەتیدەری ئەفسەرێکی بالادەست خزمەت ئەکا؛ خزمەتکاری ڕازیار و بروابێکراوی پادشا و سەرۆکان. ⇦ **شایەنە:** maid of honour کەنیزی ڕازیار، کەنیزی بەرکار، کەنیزی هاودەم. ع خادمة الشرف N forlover د ندیمە درباری.

**پاسی:** Passy ناوی جێگا وێستگەیەکی مێترۆیە لە گەڕەکی شانزەی پاریس.

**پاسیاو:** portentous ئاوەڵناو پڕ ڕەش، بەدفەرجام. ع مشؤوم N illevarslende د بد فرجام.

**پاسینیانۆ:** Domenico Passignano (١٥٥٩ـ١٦٣٨) شێوەکاری ئیتالیایی قۆناغی پاشتری ڕێنسانس، یان کۆنترامەنەریزم کە لە کۆتایی سەدەی شانزە لە فلۆرانس سەری هەڵدا ☜ مەنێریزم ☜ کۆنترامەنەریزم.





**پاشاگەردانی:** chaos ئاوەڵناو پشێوی شوێنێک بە هۆی نەمانی گەورە و سەرۆکییەوە، بریتی لە تێکەڵ پێکەڵی و هەرکەس هەرکەس. ٤ فوضی N kaos د هرج و مرج. ☜ تاج لەسەرنان

**پاشایەتی جولای:** July monarchy مێژوو سیستەم بە خولی پاشایەتی لویی فیلیپی یەکەم، لە بنەماڵەی ئۆرلیان جێگری شارلی دەیەم ئەوتری لە شۆڕشی جولای ١٨٣٠ تا کۆماری دووەمی فەرانسە لە ٢٤ی فێبریوەری ١٨٤٨. لویی فیلیپ لە شۆڕشی جولای ساڵی ١٨٣٠ کە بووە هۆی ڕووخانی بۆربۆنەکان، دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. لویی فیلیپ بۆی دژوار بوو پادشا بێ نەک فەرمانڕەوا! بۆیە لە ڕێگەی وەزیرانیەوە وەک پێریە Périer و گیزۆ Guizot دژی سەندیکای کرێکاری بوویەوە و گاردی نەتەوەیی لە بۆچوونی ڕادیکاڵی داماڵی، ڕۆژنامەکانی سانسۆر کرد و نووسەرانی پێشڕەوی خستە زیندان. پاشایەتی جولای دەسەڵاتێک بوو کە ئازادییەکانی لەسەر بناغەی دانی باج دیاری ئەکرد. خولی دەسەڵاتدارێتی ئەم خانەدانە، لە مێژووی فەرانسەدا بە خولی نۆژەنقانی Restoration ناسراوە ☜ نۆژەنقانی.




**پاشایەتی جێگر:** ناوی لێکدراو خولی جێگری فیلیپ ئۆرلیان، ئەو کاتەی کە لویی پانزە هێشتا مناڵ بوو (١٧١٥ـ١٧٢٣).

**پاشایەتیی هەزارە:** ئایینناسی بڕوای ئایینی بە هاتنی پاشایەتیی هەزار ساڵە، سەرەتا لە لای جوولەکە برەوی هەبوو. ئەوان بڕوایان وابوو

کە بە هاتنی دەسەڵاتی هەزار ساڵەی خودایی، ستەم و بێدادی و ناڕەوایی لە جیهاندا نامێنن و دادپەروەری جێگەیان ئەگرێتەوە. پاشان ئەم بڕوایە چووە ناو ئایینی عیسایی و بوو بە بناغەی فێرکارییەکانی عیسا.








**پاشبەند :** tailfin زیندەوەرزانی باڵەیەک لە کۆتایی دواوەی جەستەی ماسی، بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ کلکدا بەردەوامە. ع الذیل N halefinne د دم باله. ⇦ **کلکی فڕۆکە :** tailfin پارچە کلکەباڵ، پاشبەند. ⇦ **کلکی ئۆتۆمۆبیل :** tailfin.






**پاشچێژ :** aftertaste ناوی لێکدراو چێژی دوای خواردن، هەندێ خواردن هەیە زۆر بەتامە و لە پاش تەواوبوونیش چێژێکی هەر لە دەمدا ئەمێنێ، یان هەندێ دەرمانی ناخۆش هەیە کە لە پاش خواردن پاشچێژی ناخۆشیان هەیە، وەک کەپسوولی ئۆمێگا٣ کە زۆربەی کۆمپانیاکان وای دروست ئەکەن پاشچێژی نەبێ. ع المذاق المتخلف في الفم N ettersmak د طعم غذا در دهان.




**پاشخورد:** feedback ناوی لێکدراو بەرگەشت، پەرچە، پەرچەدانەوە، بە گوتە یان بە کردار، هەست پیشاندان بەرامبەر کردار یا ڕەفتارێک؛ ڕەخنەوپێشنیار. ع التغذیة الاسترجاعیة، التغذیة العکسیة N tilbakemelding د بازخورد.

- وزەپێدەری پاشخوردی: feedback amplifier
- خولگەی پاشخوردی: feedback circuit
- باشاری پاشخوردی: feedback control




**پاشزەمینە:** background ناوی لێکدراو زەمینە، ڕووبەری پشت بابەتی سەرەکی، بە تایبەت کاتێک کە وەکوو بەشێک لە بابەتەکە لە بەرچاو گیرابێت. ع خلفیة الصورة N bakgrunn د زمینە. ن: ماڵەکە لە بەردەم ڕیزێک درەختدا بوو. ⟵ **پێشزەمینە:** foreground ئەو بەشەی دیمەنێک کە نزیکترینە لە چاودێرەوە، بە تایبەت لە وێنەیەک

یان نیگارێکدا. ع طليعة N forgrunnen د پێش زمینه. ن: ڕیزێک درەخت لە بەردەمی ماڵەکەدا بوو.



**پاشکۆ:** ن‌او هەگبە، خورجێکی پچوکە کە لە دوای زین لەسەر تەرکی ئەسپ و ماین دادەبەستن. د خرج کە بر ترک اسب بندند.

**پاشکۆش:** ئاوەڵناو bridal train چاک و داوێنی چیندار و پاشکۆی کراسی بووک. ع خلفية التنورة N brudetog د دامن خلفی. ⇐ بەرکۆش و پاشکۆش.



**پاشکەوتن:** regressing چاوگی تێنەپەڕ لە پاشەکشەدا، لە دارەتی بۆ دواوەچووندا. ع في تراجع N regresserende د در حال پسرفت.

⇚ **پێشکەوتن:** progressing چاوگی تێنەپەڕ لە گەشەکردندا. ع في تقدم N utvikler د در حال رشد.

**پاشگر:** suffiks ڕێزمان ناوی لێکدراو [پاش+گر{گرتن}] پاشبەند، پاشدەر، گر، وشە یان زارێکی ڕێزمانی چەند پیتییە، ئەلکێ بە کۆتایی وشە یان چاوگەوە و واتایەکی تازە بەدی ئەهێنێ. ع لاحقة N suffiks د پسوند درێژە پاشگرەکانی زمانی کوردی:

⇚ ار: شەو+ار ← شەوار، گرفت+ار← گرفتار، مرد+ار← مردار

⇚ ان: پاشگری کۆیە: دڵ+ان ← دڵان، گوڵ+ان+← گوڵان.

⇚ ان: پاشگری کاتە: بهار+ان ← بەهاران، ئێواران.

⇚ ان: پاشگرێکە لەگەڵ ڕەگی ڕانەبردوو و ئاوەڵناوی فرمان دروست ئەکا: گری+ان ← گریان، ڕۆو+ان ← ڕەوان.

⇚ ان: پاشگرێکە لەگەڵ ڕەگی ڕانەبردوو، ئاوڵکار دروست ئەکات: کێش+ان ← کێشان، گەڕ+ان ← گەڕان.

⇚ ئاندن: پێژاندن[پێژ + ئاندن]. یان دارشتن، لە قاڵب دان.

⇚ انە: پاشگری دروستکردنی ئاوەڵناوە لە ناو: ژن+انە ← ژنانە، ئارەزوو+انە← ئارەزووانە، شەو+انە← شەوانە.

⇚ انە: ئەم پاشگرلە ناو ئاوەڵفرمانە دروست ئەکات: وەرزشکار+انە ← وەرزشکارانە، ئارەزوو+انە← ئارەزووانە، شەو+انە← شەوانە.

⇚ ئای: تاشای[تاش+ ئای] تاشین.

⇚ ایەتی: یەتی، ئەتی، ئێتی، بەتی، ئەی، یەی ١ـ ئەلکێ بە دوای ناوێکەوە وناوێکی تر دروست ئەکات: کورد← کوردایەتی، خوشک ← خوشکایەتی ٢ـ ئەلکێ بە دوای ناوی هۆز و مەڵبەند و ژینگە و ناوی زێد دروست

ئەکات: باڵەک ← باڵەکایەتی، سوێسنێ ← سوێسنایەتی.

تێبینی: لای زەبیحی ڕەچەڵەکی «ایەتی» لە نزیکترین قۆناغی پێش ئێستایدا (هایەتی) بووە، کە لە[ ها (هەیە) + ئەتی: پاشبەندی هەبوون(وجود)] پێکهاتووە، «ها» لە هەندێک بن دیالێکتەکاندا وەکوو (جافی و ...) بە ئەم واتەیە دەگوترێت ن:

خاڵێ «ها» وەبان سەرگۆنای پیرۆز

وەک چرای تۆڕن وە بان «نەکەرۆز»

- ئەبان: پاشگرێکە لەزمانی کوردی کە دەلکێت بەدوای کارێکەوە و دەیکات بە ناوی بکەری کارەکە.
- ئەر: تاشەر [تاش+ ئەر] کەسێک کە شتێک دەتاشێت.
- ئەمەنی: پاشگر پاشگرێکە لە زمانی کوردیدا دەلکێت بە داوی ناوەوە دەیکات بە ناوێکی گشتی شیاوی خواردن بێت، بەکۆمەڵ یان تشت بە زۆری.
- ئەی: تاشتەی (تاشین، تراشین).
- ئن: پێژن ئاوەڵناوی لێکدراو (بزوتن، جووڵە، تەکان).
- بار: تاوانبار، تاسەبار.
- بەر: هێرشبەر، کاربەر(بەکارهێنەر)، ڕەکبەر، ڕابەر، ڕەنجبەر، بارەبەر
- بر:
- بڕ:
- بەن: خەربەن [خەر+ بەن(بەند)] ئەوانەی بە وڵسات ئێزنگ و سووتەمەنی ئەبەن بۆ بازاڕ و ئەیفرۆشن.
- پێژ: پاشگرێکە لە زمانی کوردی بە واتای پاکردنەوە دێت و دەلکێت بەناوەوە و ناوی بکەر دروست دەکات. هاوواتای (پەز)ە. ن: ئازپێژ، خشتپێژ، نانپێژ.

تن: پێژتن.

خەر: پاشگرێکە لە زمانی کوردی و، ڕەگی چاوگی (خستن)ەوە، واتایەکی دەداتە وشەکە وەک: ڕێکخەر یان تێکخەر.

دار: پاشگرە بە واتای خودان ن: سەردار

دەر: پاشگرە، بکەر دروست ئەکات ن: هەوڵدەر، یاریدەر

ران: چاوگ دروست ئەکات ن: تاشران ← تاشیا.

راو: بەرکەر دروست ئەکات ن: تاشراو ← تاشران [{ تاشان ـ تاشین}]

تراشراو : هەر شتێکی کە تاشرا بێت.

گار: پاشگری هەمیشەیی و دڵنیایی ن: ئازگار

سان: پاشگری شێوەسازی ن: کەشسان، زەیسان، هۆراسان.

ش: پاشگرێکە ناوی چاوگ دروست ئەکات ن: تاشتش (تاشین).

قان: پاشگرە بە واتای خودان ن: دلۆقان

کە: پاشگری دیاری کردن ن: ژنەکەی ئێوارە باسمان کرد.

گەر: پاشگرە، بکەر دروست ئەکات ن: ئاسنگەر، مسگەر، دەرمانگەر

گار: ناو ئەکا بە بکەر ن: ئازگار

گێڕ: پاشگرە، بکەر دروست ئەکات ن: شۆڕشگێڕ

ماک: پاشگرە بە واتای خودان ن: زکماک

مەند: پاشگرە بە واتای خودان ن: سیامەند

مەندە: پاشگرێکە ئاوەڵناوی بکەر دروست ئەکات ن: هەرمەندە

ناک: لە ناو ئاوەڵناو دروست ئەکات ن: سامناک

وان: ناو ئەکا بە بکەر ن: پاسەوان، مەرەزەوان، دەرگاوان.

ـەر: پاشگرە، بکەر دروست ئەکات ن: بکەر، ببەر، دانەر، بدەر.

ێڕ: بە ناوەوە ئەلکێ و ئاوەڵناوی بکەر دروست ئەکات: ن: وەرزێڕ،

جووتێر، دلێر.

یانە: ئەم پاشگرە ئەلکێ بە ناوەوە و ئاوەڵفرمان دروست ئەکات: نموونە: [زانا + یانە ← زانایانە].

یلە: پاشگری بچووک کردنەوە: نموونە: کاریلە[کار + یلە].

ین: پاشگرە، چاووگ درووست ئەکات: نموونە: تاشین.

**پاشگری:** رێزمان ناوی چاوگ ئەوەی پەیوەندی بە پاشگرەوە هەبێ.

**پاشگری نیم:** nym رێزمان پاشگرێکی ئینگلیزییە لە یۆنانی بە واتای **ناو** یان **وشە** بەکار هاتووە، لەگەڵ وشەی جیاواز واتای رێزمانی جیاواز ئەگەیەنێ. ئەمە چەند دانەیەکیان:

**هاوواتا:** synonym ناوی لێکدراو رێزهەڤ، ئەو وشانەی بە رواڵەت یەک نین و بە واتا یەکن. ع مترادف N Synonym د کلمات مترادف E thesaurus

**دژەواتا:** Antonym ناوی لێکدراو وشەی واتا ناکۆک بە وشەی تەنیشتی: نموونە: پاک و خراپ ع الكلمة المضادة N Antonym د ضد و نقیض.

**زێدەناو:** Hypernym ناوی لێکدراو وشەی بە واتای فراوانەوە کە وشەی تایبەتتر ئەچنە ناویەوە: نموونە: رەنگ و سوور: رەنگ زێدەناوی سوورە. ع هایبرنام N Hypernym د هایپرنیم.

**بان و بن:** Hyponym ناوی لێکدراو لێکچووی لێکنەچوو: نموونە: کەوچک دژەواتای کارد و چێگاڵە. لێک ئەچن و هاوواتاش نین. واتا بە رواڵەت یەک ئەهێننەوە بیر، بەڵام یەکیش نین. پەیوەندی بان و لاوەکی نێوان وشەکان شرۆڤە ئەکات: نموونە: جۆرەکانی مشک کامانەن؟ دوو جۆر مشک هەیە: (بان): مشکی ماڵی (جۆری ١) و مشکی مەیدانی (جۆری ٢) ع هایبونیم N Hyponym د هیپونام.

**ناوی خوازراو:** Meronym ناوی لێکدراو زاراوەیەک ئاماژە بە بەشێک ئەکات، بەڵام بۆ ئاماژە بە هەموویەتی: نموونە: کاتێک کە روخسار بە واتای

کەس بەکار ئەهێنرێ: چەند ڕوخساری ئاشنا ئەبینم. [ع] اسم مستعار [N] Meronym [د] اسم مستعار.








**پاشگەزبوونەوە:** recantation **چاوگی دووڵو** لێدوانێک کە مرۆڤ چیتر هەڵگری بۆچوون و باوەڕێکی تایبەتی نییە؛ پاشەکشەیەک. [ع] انکار [N] tilbakekalling [د] انصراف ⇠ **نکۆڵی:** denial **ناو** کردەوەی ڕاگەیاندنی نادروستبوونی شتێک، نکۆڵیکردنی ڕۆژەڤ لە پێناوی خۆ پاراستن لە ئازار. [ع] انکار [N] benektelse [د] نقض، انکار.

**پاشمەردە:** posthumous **ئاوەڵکار** پاش مردن، ڕۆڵەیەک کە لە پاش مردنی باوکی لەدایک بووبێ. [ع] مولود بعد الموت [N] postume [د] یتیم زادە.

**پاشنووس:** postscript, PS **ناوی لێکدراو** تێبینی، دەرکەنار، ڕوونکردنەوە و تێبینی زیادە لە نامەیەکدا، پاش واژۆکردن. [ع] ملاحظة في ذيل الرسالة [N] postscript, PS [د] ملاحظات.

**پاشوێن:** knee strap **ناو** عەگاڵ، چۆکبەندی وشتر. [ع] حزام الركبة [N] knestropp [د] زانو بند.




**پاشەرۆک:** ناوی‌لێکدراو پاشارۆ، بەرماوە، میوە یان شتی بەجێماو.

**پاشەکشە:** setback داڕێژە ناوی‌فەرمان پاشگەز، بەرەودوا یان پاشەوپاش گەڕانەوە؛ ڕەوتی پێچەوانەکردنەوەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو؛ کشانەوە لە پێناوی پرۆسەی ئاشتیدا. ع نکسة، الارتداد الجداري N tilbakeslag د عقب گرد.




**پاشەکشەیی:** saving ئاوەڵناو ناو ڕووڵەکشانەوە، پاشەکشێ‌پێخۆش‌بوو، پاشداچووانە، حەزلەکشانەوە. ع متنح، ارتجاعی. N recessiv د ارتجاعی، بازگشتی.

**پاشەناز:** saving ئاوەڵناو پاشەکەوت، شتێکە کە گلت دابێتەوە بۆ تەنگانە و نامانگووری، ئابووری دەستپێوەگرتنی پارە، کات، یان هەر سەرچاوەیەکی تر. ع انقاذ N sparer د پس انداز.




**پاشیچ:** Nikola Pašić ڕامیار دیپلۆمات (١٨٤٥ـ١٩٢٦) ڕامیار و دیپلۆمات، نزیکەی بیست ساڵ سەرۆکوەزیرانی سەربیا و یۆگسلاڤیا بوو.






**پاغی میدی:** Paris_Midi ڕۆژنامە ڕۆژنامەی پاریسی نەتەوەخوازان، لە سالانی ١٩١١ تا ١٩٤٤ هەموو ڕۆژ لای دوای نیوەڕۆ بلاو ئەکرایەوە.


Paris-Midi
26e ANNÉE — N° 2709 37, rue du Louvre, Paris. VENDREDI 28 FÉVRIER 1936 Téléph. : Turbigo 25 CENTIMES

**پاڤەن:** Pavane هونەر موزیک لە ڕیشەی ئیتالیایی، سەمایەکی دوو کەسی ئاریستۆکراتی خاوە، لە ئورووپای سەدەی شانزە، لەسەردەمی ڕینسانس بوو بە باو.



**پاقلیر:** nut ناو گوێز، گوێزی پاک کراو لە کەمکوڵ. ع جوز N nøtt

د گردو.



**پاقلیرکردن:** kerneling چاوگی تێپەڕ کرداری کەمکۆڵ و توێکڵ لێکردنەوەی گوێز، کە بە بەردێکی هێڵەساوئاسا کەمکۆڵەکان پاقلیر ئەکەن. ع تقشیر N skrelle د پوست کندن.



**پاک:** kosher هێمایر ئاوەڵناو پاقژ، خاوێن، قانوونی، حلال، شەرعی، بێخەوش. ع حلال، وفي N kosher د حلال، قانونی.

**پاکار:** office boy ناوی فەرمان خزمەتکار، کرێکاری شاگرد، بەردەست، نۆکەری هەمیشە ئامادە. ع مراسلة N kontor gutt د پادو.

**پاکتاو:**❶ totally ئاوەڵناو دارماڵ، دەراندەر، سەرپاک، بەرهەق، بەجارەکی، پێکڕا، بەیەکجاری، بەتەقایی، پڕاوپڕ، خشت، سەرلەبەر N fullt د بطور کامل E utterly.

**پاکتاو:**❷ clean ئاوەڵناو بێگەرد، خاوێن، پاکژ. ع نظیف N ren د پاکیزە.

**پاکتاو:** ❸ purge پزیشکی ئاوەڵناو خاوێنکردنەوەی گەدە. [ع] تطهیر [N] rense [د] تطهیر، تهی کردن.

**پاکتاو:** ❹ purge مێژوو ڕامیاری ئاوەڵناو لە مێژوو و دین و زانستی ڕامیاریدا پاکتاوکردن بریتییە لە لابردن، زیندانیکردن، دوورخستنەوە یان کوشتنی دەستە و پەرەمێک کە دەسەڵاتی دەوڵەت یان ڕێکخراوێکی گەورە بە کۆسپی ڕێگای خۆیانیان ئەزانن. پاکتاوکراوان بە زۆری وەکوو دژی کۆمەڵ ناوئەهێنرێن.









**پاکدینان:** puritans ئایینناسی یان بە فەرانسەیی puriatain ئەندامانی بزووتنەوەی ئایینی و ڕامیاری بۆرژوازی پرۆتستانەکانی ئینگلیز دژی فیۆدالیزم لە سەدەی ١٦ و ١٧، بە مەبەستی پاکتاوکردنی کلێسای ئینگلیز لە پاشماوەی کاسۆلیک. پاکدینان بانگەشەیان بۆ ڕەوشتپاکی و گوزەرانی دژوار و دابران لە خۆشییەکانی ژیان ئەکرد تێبینی: پاکدینی عیسایی لەگەڵ بەهدینی مەزدیسنای کوردی جیاوازە ☜ بەهدین ☜ کاردینالی کانتەربێری.





**پاکژکەرەوە:** cleansing ئاوەڵناو پاککردنەوەی دارماڵ و نەهێشتنی

شوێنەوار. ع تطهیر N rensing د پاکسازی. ☜ گرەمەشخەڵان

**پاککردنەوە :** purge ڕامیاری چاوگی دوولۆ پاڵاوتن، پاکتاو، لابردن، لەبێژنگدان، خاوێنکردنەوە؛ لابردن و کارکەناکردن و پاکسازی نەیار و نەخوازی ڕامیاری. ع تطهیر، المقاصة N lysning, rense د تطهیر، پاک کردن، تصفیە.

**تێبینی:** لە پاکسازی و پاکتاوی ساڵانی ١٩٣٦ـ١٩٣٨ی سۆڤێیەت، بە فەرمانی ستالین، سەدان هەزار کەس لە لە بەرپرسانی پارتی کۆمۆنیست، حکومەتی سۆڤیەت، کولاکەکان، فەرماندەرانی سپای سوور، چالاکڤانی کۆمۆنیستی خۆبەخشی بێگانە خرانە بن چاودێری توندی پۆلیس، گومانی تێکدەریان لێکرا، گیران و تیرەباران کران.





**پاکڵە :** ناو پایە. پاکڵەی پرد کە لەناو ئاوەکە لە قووڵاییدا چەقێنراوە، خۆی لەبەر تەوژمی ئاوەکە ڕائەگرێ و قورسایی پردەکە لە سەریەتی.



**پاکنیهاد:** ناوی لێکدراو دەروونپاک، نیهادپاک، نیازپاک، مرۆڤی بەئەدگار ☜ نیهاد ☜ بەدنیهاد.

**پاکۆ ڕابان:** Paco Rabanne هونەرمەند بەرژەنگ {١٩٣٤ـ} دزاینەری مۆدی ئیسپانیایی. خاوەنی بەرژەنگ یان براندێکە بە ناوی خۆی، بەرامە بەرهەم ئەهێنێ. پاکۆ زیاتر لە فەڕانسە کار ئەکات و براوەی خەڵاتی لژیۆن دو نۆری فەڕانسەیە. بۆنی یەک ملیۆن و ئێنڤێکتۆسی پاکۆ ڕابان زۆر بەناوبانگە. ☜ لژیۆن دو نۆر




**پاکەنە:** antech, entrance ناو پاڵاوەش، کەوشکەن، شوێنی پێڵاو داکەندن، ع مدخل N forkammer د کفش کن.

**پاکیزانی تەرزەڵۆکە:** داب و نەریت یان پیرانی سەهۆڵبەندان، سیان لە پاکیزانی مەسیحین (St. Mamertus, St. Pancras, and St. Servatius) کە ڕۆژانی ١١ و ١٢ و ١٣ی مەی، ڕۆژانی «Lent» واتە بەڕۆژووی ئەو پیرانەیە.



Mamertus 11. Mai | Pankratius 12. Mai | Servatius 13. Mai | Bonifatius 14. Mai | Sophie 15. Mai

**پاکیزەی مەگنیفیکات:** Magnificat ناوی لێکدراو مریەمی پاکیزە. ع ماجنیفیکات N Mary Magnificat د مریم مقدس.




**پاکیژە:** virtue ئاوەڵناو [پاک+کیژە] پاککیژە، کیژی پاک و دەڕ و بێگەرد.

**چاکەکار:** virtuous ناوی فەرمان کەسێک کە کاری باش ئەکات لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە؛ لە ڕوانگەی ئایینییەوە پێی ئەوترێ خێرخواز.

**پاگان:** pagan ناو بێدین، بتپەرست، بێخوا، کەسێکە دینی لە زۆرینەی ئایندارەکانی کۆمەڵگەیەک جیاوازە. ع وثني، مشرک N hedensk د کافر، مشرک، بت پرست.

**پاگانیزم:** Paganism ئایینناسی کۆمەڵەی دینە نابراییمی و چەندخواکان، یان ئایینی هۆزەکان. پاگانیزم لە سەدەی چواردەوە بۆ وەسفی ئەوانە بەکار هێنرا بڕوایان بە دینە گەورەکان نەبوو، بە تایبەت دژی عیسایییەکان. پاگان لە وشەی لاتینی Paganus بە واتای ئایینی گوندییان هاتووە. واتە پاش پاکتاوکردنی دینە کۆنەکان، بەشێکی ئەو ئایینانە لە گوندە چەپەکەکان مایەوە. دینی فەلە هەندێ لە ڕست و بۆنەکانی خۆی لە ئایینی گوندی وەرگرتووە. ☜ میترایی و مەسێحی











**پالاس تریتۆجینا:** Pallas Tritogeneia میسۆلۆجی ناوی تایبەت هەمان ئاسینا هیپیایە، کە «مینرڤا»شی پێوتراوە.



**پالێت:** palette ناو تەختەڕەنگی نیگارکێش. ع لوحة ألوان الرسام N palett د تخته رنگ.



**پالێرمۆ:** Palermo جوگرافیا پایتەخت پایتەختی سیسیلیا، شارێکی مێژووی ٢٧٠٠ ساڵ بەر لەمەیە و ژمارەی دانیشتوانی ١٢٣٤٠٠٠کەسە.





**پالاّ:** کار رەگی چاووگی {پالافتن، پالاڤتن، پالاوتن} بەناوەوە دەلکێت و واتای پالوێنەر دەدا ن: پلاویالا ☜ ئیگزۆزیالا.

**پالاتین:** Palatine Elector ناو هەڵبژاردەی پالاتین ئەو شازادە و کاردینالانە بوون لە ئاڵمان کە مافی هەڵبژاردنی ئیمپراتۆریان هەبوو.




**پالافتن:** refine چاوگی تێنەپەڕ پالاوتن، بەپالوێنەداکردن، پالاندن. ع تصفیة N raffinere د پالایيدن.




**پالاَنتزا:** Pallanza جوگرافیا لە بەندەرە جوانە گەشتیارییەکانی ئیتالیا، لە قەراخی باشووری کوێستانی ئالپ، لە سنووری ئیتالیا و سویس.



**پالاَنی:** workhorse ناوی چاوگ کەرێک کە وەختی بارکردنی هاتبێ؛ بارگین، ئەسپی باری. ع حصان یستخدم في المزارع N arbeidshest د اسب بارکش.

**پالاَووش:** antech, entrance ناو پاکەنە، کەوشکەن، شوێنی پێلاَو داکەندن؛ بەردەرگای چوونەژوورەوەلە هوَلی گەورە. ع مدخل N forkammer د کفش کن. Add_on

**پالْخراو:** add_on ئای تی ناوی لێکدراو پرۆگرامی یارمەتیدەری زۆر بچووک بەلاَم گرنگ، ڕێگە بە پرۆگرامی گەورە ئەدات، تا ڕادەیەکی بەچاو لە بوارێکی تایبەتدا کارامەیی بباتە سەرەوە. ع اضافة N tillegg د افزودنی.

**پالْدراو:** possessive ڕێزمان ئاوەڵناو ناوێکە ناوێکی تر درابێتە پالْی، باری خاوەنێتی و هەبوونە. ع صیغة الملکیة N possessiv د مضاف الیە ⇦ **پالْدەر:** added ئاوەڵناو ناوێکە درابێتە پالْ ناوێکی تر. ع مضاف N la til د مضاف.

دریژە پالْدەر و پالْدراو ڕێزمان لە ڕاستیدا بە شێوەیەک هەمان {noun + noun} یان {مضاف و مضاف الیە}ن کە ناوێک ئەچێتە پالْ ناوێکی تر، یەکیان ئەبێ بە ئاوەڵناو و واتایەکی تازە دروست ئەکەن، ئەم دارەتە لە کوردیدا بە هۆی ئامرازی {ی}ی پالْدانەوە وە پێکەوە ئەلکێنرێن. ⇦

**ی:** ئامرازێکی ڕێزمانییە دوو وشە یان ناو و ئاوڵناو پێکەوە ئەلکێنێ، یان واتای خاوەنێتی ئەگەیەنێ **نم:** سیامەندی سمکۆ، یان ئەچێتە سەر قەدی فرمان و ئەیکات بە چاوگ **نم:** وڕا + ی = وڕای.

بەکارهێنانی **پاڵدەر و پاڵدراو** بۆ ئەوەیە ڕستە یان شێوە ڕستەیەک بکەین بە دەستەواژەیەکی کورت و گونجاو و بەواتا **نم:** ئاڵای کوردستان: واتا ئەو ئاڵایەی هی کوردستانە و بە شێوەی پاڵدەر-پاڵدراو یان [ناو+ناو] پێکهاتووە.

- ئاڵای کوردستان: واتا ئەو ئاڵایەی هی کوردستانە.
- ئاژۆتی پاس: ئەو ئاژۆتەی پاس لێئەخوڕێ.
- چیرۆکی ژیانم: ئەو چیرۆکەی ژیانی من ئەگێڕێتەوە.




**پاڵفتە:** essence **ناو** شیلە و جەوهەری گوڵ و گیا؛ گەوهەری مسۆگەری هەر شتێک، بە تایبەت شتی تەڵبێژ کە تایبەتمەندییەکەی دیاری ئەکات.

ع جوهر N essens د جوهر.





**پاڵنەر :** thrust فیزیک فەرمان فشار، وزەی هەڵدان، دزەکردنە ناو، پاڵنانی (شتێک یان کەسێک) لەناکاو یان بە توندوتیژی بە ئاراستەی دیاریکراودا. ع دفع N fremstøt د رانش. پێناسە: هێزێکی کارلێککردنە بە شێوەی چەندایەتی بە پاساى سێیەمی نیوتن وەسف ئەکرێت. کاتێک سیستەمێک بارستەیەک بە ئاراستەیەکدا ئەنێرێ یان خێراتری ئەکات، بارستە خێراکراوەکە ئەبێتە هۆی ئەوەی هێزێک بە قەبارەی یەکسان بەلاٌم ئاراستەی پێچەوانە بخرێتە سەر ئەو سیستەمە.

$$\mathbf{T} = \mathbf{v}\frac{dm}{dt}$$

T = thrust پاڵنەر

v = velocity خێرایی

dm = change of mass گۆڕانی بارستە

dt = change in time گۆڕانی کات









**پاڵنەر و ڕێژارە:** drive and instinct دەروونناسی **پاڵنەر:** یان ڕانەر ئەو هێزەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی من چالاکی ئەنجام بدەم، هەوڵ بدەم، کار بکەم یان تێبکۆشم؛ توانایی تێکەڵ بە ویستی بەرزەفڕییە، پاڵنانە بۆ پێشەوە. **ڕێژارە:** کاردانەوەیەکی بایۆلۆژیک یان پاڵنەرێکی زگماکییە. وەلاٌمێکی بیۆلۆژیکە بە هاندەرێک و ڕەوتێکی دەروونناسانەیە

بەرەنجامی هاندەرێکی بیۆلۆژیکی ئەبات بەڕێوە. ع الغريزة والدافع N instinkt og motivasjon د غریزه و انگیزه.

ڕانەر [ڕان+ ەر] ڕەڤ، ڕەم، ڕەو، واتە ڕەوەندە و لە دارەتی ڕۆیشتندا کە پاشگری [ەر] ئەیکات بە کارا، لەم هۆنراوەدا واتای بەڕێوەبەر و بەدیهێنەر ئەگەیەنێ:

دەتهەوێ چاوی لە تۆ بێ ڕانەری چاو و سەرت
پاشی مردن پڕ بەدڵ بێ دێبەری بەرگ و بەرت
«ڕاوچی»








**پاڵنەری نهێنی:** arrière pensée یان ulterior motive ئامانج یا هۆکاری نهێنی ئەنجامی کارێک. ع دافع خفي N baktanke د انگیزه درونی.

**پاڵنەری نهێنی:** Ulterior Motive فیلمی سینەمایی وروژێنەری ٢٠١٥ی چینی دەرهێنانی ئارسر وەنگ.

**پاڵنەری نهێنی:** Ulterior Motive ڕۆمانی ١٩٩٨ی نووسینی دانیەل ئۆران سەبارەت بە تەکنۆلۆژی کەمپیوتەر و مایکرۆسافت و مێگاسافت.








**پاڵە:❶** reaper کشتوکاڵ ناو دروێنەوان، کرێکاری درەوکردن، دروێنەوانی شارەزایە و، سەرپاڵە سەرۆکی دروێنەوانانە. ع حصادة N høster د دروگر.



**پاڵە:❷** guest_wing ناو دەربار و دیوەخانی مەزنان و گەورەپیاوان. ع جناح الضیف N gjeste_fløy د دربار بزرگان.

**پاڵەوانبازی:** Les Saltimbanques ویژە شانۆ شانۆگەری کۆمێدیی تیفیل دو مێرسانت.







**پاڵەوان بێمزەرەت:** Punch and Judy ویژە شانۆ شانۆگەری ووویلەی جەنابی پانچ و ژنەکەی جوودی، بریتییە لە دیمەنی کورتی بەردەوامی

دوو کەسیی گاڵتەئامێز کە زیاتر بە چەکی پانج ئەکوژرێن.






**پاڵەوانانی ئەفریقا:** کینایە ناوڵێکدراو ۱۸ی برۆمێر ژنراڵی کۆماریخوازی وەکوو کاڤێنیاک Cavaignac، لامۆریسیر، بۆدۆ، کە لە دەیەی ۱۸۳۰ـ ۱۸٤۰ سەرکردایەتیی لەشکری پەلاماردەری فەرانسەیان لە «جەزایر» کردبوو.

**پاڵەوانی هەزارڕوو:** دەرووناسی ئەفسانەناسی بەراوەردی ساڵی ۱۹٤۹ بلاوکرایەوە، بەرهەمێکی ئەفسانەی بەراوردکارییە لە لایەن جۆزێف کامبێڵەوە، کە تێیدا نووسەر باس لە تیۆری خۆی دەکات سەبارەت بە پێکهاتەی ئەفسانەیی گەشتی ئەو پاڵەوانە کۆنەی لە ئەفسانە جیهانییەکاندا دەبینرێت. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە سەلاح حەسەن پاڵەوان، وەشانی ناوەندی چاپ و پەخشی سەردەم.

**کامبێڵ:** «کاتێ ئیتر پاڵەوان هەموو ئەو ئەرکانەی لێی داوا کرابوو جێبەجێی کرد و چووە نێو سەرچاوەوە، ئەو یارمەتییەشی بەدەستهێنا کە کەسایەتییە نێرینە و مێینە و مرۆیی و ئاژەڵییەکان داوایان لێ کردبوو، ئەوەی لە بەردەمی دەمێنێتەوە گەڕانەوەیە، دەبێ لەگەڵ ئەو سیمبولەی کە ژیان دەگۆڕێت ڕێگەی گەڕانەوە بگرێتە بەر.»









**پاڵهێز:** repulsive force فیزیک هێزی بەرپەرچدانەوەی موگناتیسی، هێزی بەرپەرچدانەوەی بایۆلۆژی، هێزێکی بەرپەرچدانەوەی گەردوونی. ع قوة دافعة N frastøtende kraft د نیروی دافعه.






**پالیۆلۆگ:** Maurice Paléologue دیپلۆمات ساڵی ١٩٠٧ و خولی جەنگی جیهانی یەکەم باڵوێزی فەرەنسە بوو لە مۆسکۆ.

**پاماس:** pumice ناو یان پووکە، پاشۆر، بەردی گڕکانی سووک و کونکون کە لە پاش سووتانێکی گڕکانی بە خێرایی سارد ئەبنەوە و ڕەق ئەبن. ع حجر اسفنجي N pimpstein د بردی ئاگرین، سنگ پا.





**پامپی:** Marthe Daudet ئاشپەزی (١٨٧٨ـ١٩٦٠)ناسراو بە Pampille خاوەنی پەرتووکی ئاشپەزی مۆدێرنی فەڕانسە Les Bons Plats de France کە تا ئێستاش ئەنگیزە و هاندەری ئاشپەزە بەناوبانگەکانە و بە یادی ئەم پەرتووکەی پرووستەوە (گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو) وەرئەگێڕدرێت، لێی وەرئەگیرێت و چاپ ئەکرێتەوە.





**پان:** Pan میسۆلۆجی لە میسۆلۆجی یۆنانیدا خوای شوان و ڕانە، کە لە ڕوخساری نیوەمرۆڤ نیوەئاژەڵی مرۆڤی سەرەتایی و بزندا پیشان دراوە، زۆر چالاکە و وازێکی سێکسیی زۆر بەهێزی هەیە. ئەچووە بۆسەی پەریانەوە، پەلاماری ئەدان و ئەکەوتە دوایان. ترس لە پان وشەی پانیک (panic) بە واتای ترس و تۆقانی کتوپڕی بەدی هێناوە.
ع پان N Pan د پان. ☜ پانیک




**پاناسیا:**١ Panacea میسۆلۆجی ماخوای چارەسەر و دەرمانگەر لە ئەفسانەی یۆنانیدا. ناوی پاناسی دراوە بە دەرمانی هەموو دەرمانەکان کە ئەتوانێ هەموو نەخۆشینێک چارەسەر بکات و ئەتوانرێ بەرامبەر

بە ئەنووشەدەرمان antidote دابنرێ. ع پاناسیا N Panacea د پاناسیا.

**پاناسیا:**❷ Panacea زانست دەرمان ناو دەرمانێکی جیهانییە لە ناوی ماخوای یۆنانی پاناسیا وەرگیراوە. گوایە هەموو دەردەکان دەرمان ئەکات بۆ ماوەیەکی نادیار تەمەن درێژ ئەکاتەوە. لە ڕابوردوودا، کیمیاگەران وەکوو ئیکسیری ژیان و بەردی فەیلەسووف بە دوایدا گەڕاون. دەستەواژەی پاناسیا وەکوو وشەیەکی نەرێنی واتای ناپاکی و دوخمانی وەرگرتووەع پاناسیا N Panacea د پاناسیا.




**پانامیست:** Panamist رامیاری بووبەر ئەوانەی لە ڕیسوایی ساڵی ١٨٩٢ی پاناماد لایەنی فەرمانڕەوایی فەرانسەیان گرتبوو. کۆمپانیای کاناڵی پاناما کە بۆ دروستکردنی کاناڵ دامەزرابوو، ساڵی ١٨٨٩ مایەپووچ بوو. ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزیسیۆن نووسییان ئەندامانی پارلمان بۆ پەسندکردنی قانوونێک بە قازانجی کۆمپانیا بەرتیلیان وەرگرتووە. ساڵی ١٨٩٣ وەزیری پێشوی ڕێگەوبان بەم بۆنەیەوە لە دادگا سزا درا.




Peu de jouets nouveaux cette année ; on liquide ce qui reste du stock des poupées [illegible] disant : « Papa, — Nana, — Mama, — Panama ».

**پانتۆمیم:** pantomime شانۆ کۆمیدی دارەتی بزواندنی ماسوولکەکانی دەموچاو بەبێ دەنگ؛ شانۆی موزیکاڵی بێدەنگ.






**پانتینگ:** Herbert Ponting وێنەگر (١٨٧٠ـ١٩٣٥) وێنەگر و فیلمگری پیشەیی بە تایبەت لە بستووی باشوور لەگەڵ ڕابێرت سکات و تێرا نۆڤا. ١٩١٠ تا ١٩١٣ فیلمی بستووی باشووری گرتووە.






**پانتیۆن:** Pantheon میسۆلۆجی ناوی جێگا پەرستگەی کۆمەڵەی خواکانی نەتەوەیەک بە گشتی. ⇦ **پارسێنۆن:** Parthenon میسۆلۆجی ناوی جێگا پەرستگەی کەونارای ئاکرۆپۆلیسی ئاسینایە، پریکلێس ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستە لە بەرزترین شوێنی شار دروستی کرد. پارسێنۆن هەتا ئێستەش بەپێوە ڕاوەستاوە. پەیکەرەکانی فیدیاس تاشیونی.




**پانزەی ڕێبەندان:** ☜ دکتور.

**پانسیۆن:** boarding house [ناو] یان pension دامەزراوێکی وەکوو هوتێل کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و لە بەرامبەر بڕێکی دیارکراودا بە جێگەی خەو و خواردن و خاوێنکردنەوە خزمەتی کارێنەر ئەکا. [ع] بانسیون [N] gjestgiveri [د] پانسیون.






**پاندرووس:** imperfect [ئاوەڵناو] کەموکووڕ، یەوکشت، خواروخێچ. [ع] ناقص [N] ufullkommen [د] ناقص ⟵ **سادار:** imperfect mind دەلی، دەلوو، شێت، دێوانە. [ع] ناقص العقل [N] ufullkommen sinn [د] ناقص العقل.










**پاندۆ:** Pando [ڕووەک] [ناو] لاتین بە واتای ڕەگاژۆ و، هەروەها Trembling Giant یشی پێ ئەوترێ بە واتای لەرزانەی زەبەلاح، لە ناوچەیەکی بەرینی دارستان، لە شارستانی سێڤێر، لە هەرێمی یوتای ئەمریکا، لە

ناوچەیەکی بەرینی ١٠٨ گاوەخان یان دۆنەم، هەزاران درەختی سەر لە ئاسمان ئەبینرێ کە لە ژێرەوە ڕیشەکانیان لێک ئاڵاوە و وا دائەنرێ یەک بوونەوەری زیندووە ئەلەرزێتەوە.





**پاندۆرا :** Pandora میسۆلۆجی لە میسۆلۆجی یۆنان یەکەم ژنی سەر عەرزە کە هەموو خواکان پێکەوە دروستیان کرد و هەرکام لە هونەری خۆیان پێبەخشی و هرمس ناوی نا پاندۆرا، بە واتای بەهرەی بەهرەکان. پاندۆرا قوتوویەکی پێ درابوو کە بیدا بە مرۆڤ و داوایان لێبکا هەرگیز نەیکەنەوە. بەڵام خۆی لە پاش شووکردن کردییەوە و هەموو بەڵا و ڕۆژەڕەشی لێهاتە دەرەوە وەکوو کار و نەخۆشیی و مەرگ و، تەنها هیوای تێدا مایەوە بۆ دڵدانەوەی مرۆڤ، قوتووی پاندۆرا بە واتای بەدبەختییەکی لەچارەنەهاتووە.





**پان ژێرمەنیزم :** Pan Germanism ئایدیۆلۆجی تیۆری کۆکردنەوەی هەموو هۆزە ژێرمەن و ژێرمەن زمانەکان لە ژێر یەک ئاڵادا. پان ژێرمەنیزم

وەکوو نازیسم و باڵادەستی ڕەگەزیی نەتەوەی ژێرمەن خۆی نواند.

**پان سلاڤیزم:** ئایدیۆلۆجی یەکێتی هۆزە سلاڤەکان بوو لە ژێر ئاڵای دەسەڵاتی تزاری ڕووسیەدا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست برەوی هەبوو.



**پانکرۆماتیک:** panchromatic ناوی لێکدراو تەواوڕەنگی، هەستیار بەرامبەر بە هەموو ڕەنگەکان.

**پانکەی تەمومژ:** misting fan پانکەی هەڵم، جۆرە پانکەیەکە مەکینەیەکی دروستکردنی هەڵمی هەیە کە لەگەڵ سووڕانی پەروانەکە تەمەکە بڵاو ئەکاتەوە و جۆرێک فێنککەرەوەی هەوایە. ع مروحة التغشية N duggvifte د پنکە مە پاش.



**پانۆراما:** panorama ناو دیمەنێکی لێکگرێدراوی گشتگیر. ع منظر شامل N panorama د پانوراما.



**پانەهێڵ:** latitude جوگرافیا ناو دۆزی گۆشەی شوێنێک لە باکوور یان باشووری کەمەرەی زەوی، کە بە زۆری بە پلە و خولەک پێوانە ئەکرێ. ع خط العرض N breddegrad د عرض جوگرافیایی. ⇐ درێژەهێڵ: longitude.







**پانی:** breadth ناوی چاوگ پانایی، مەودای پێوانەکردنی شتێک لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر. ع عرض، سعة N bredde د پهنا.

⇐ **درێژی:** length ناوی چاوگ ڕادەی شتێک لە کۆتاییەوە بۆ کۆتایی؛ گەورەتر لە دوو ڕەهەند، یان گەورەترین ڕەهەند لە سێ ڕەهەندی جەستەیەک.

**پانیک:** panic ناوی چاوگ ترس و تۆقانی کتوپڕی، پەلاماری دەماری؛ Pan

لە میسۆلۆجی یۆنانیدا خوای شوان و ڕانە، کە لە ڕوخساری نیوەمرۆڤ نیوەئاژەڵی مرۆڤی سەرەتایی و بزندا پیشان دراوە، زۆر چالاکە و وازێکی سێکسیی زۆر بەهێزی هەیە. ئەچووە بۆسەی پەریانەوە و ئەکەوتە دوایان. ترس لە پان، وشەی پانیک {panic} بە واتای ترس و تۆقانی کتوپڕی بەدی هێناوە. ع خوف N panikk د پانیک.



**پانیکی بازرگانی:** commercial panic ئابووری ناوی لێکدراو هەراس و سەرلێشێوان لە بواری بازرگانیدا.












**پانیکی پیشەسازیی:** industrial panic ئابووری ناوی لێکدراو ترس و تۆقان و سەرگەردانی لە بواری پیشەسازییدا.

**پاوان:** monopoly بەرگیراو، قەدەغە، قۆرخ، مێرگ و باخ و کەوشەنی تایبەتی کەسێک نەتوانی سەربەخۆ بچێ تێی. ع احتکار N monopol د احتکار ن:

لــە باخچــەی ســاوای پاوانی ســینە
پەنجەمـ ســەرگەرمی لیمۆ گووشــینە
«هەژار»




**پاوانخواز:** monopolist ناوی چاوگ قۆرخکار، پاوانکار، کەسێکە کالاَیەک ئەشارێتەوە بۆ گران بوون. ع محتکر N monopolist د محتکر.

**پاوانکردن:** monopoly چاوگی ئێنەییەر قۆرخکردن. ع احتکار N monopol د انحصار.

**پاوانکردنی میری:** government monopoly چاوگی ئێنەییەر قۆرخکردن. ع احتکار الحکومي N statlig monopol د انحصار دولتی.

**پاوانگەر:** hoarder ناوی فەرمان پاوانخواز، ئەدگاری خوازیاری سەرنج و ئەوینی دارماڵ. ع محتکر N hamstre د محتکر.

**پاولۆ کۆیلۆ:** Paulo Coelho رۆماننووس نووسەری هاوچاخی هاوچەرخی برازیلی، (١٩٤٧) لەدایک بووە. زیاتر بە ڕۆمانی **کیمیاگەر** ناسراوە، کە حەکیم کاکەوەیس وەریگێڕاوە و، ڕۆمانی **دەوێنیپیسی**، سیروان مەحموود کردوویە بە کوردی.








**پاولێت گۆدارد:** Paulette Goddard هونەرپیشە {١٩١٠ـ١٩٩٠} هونەرپیشەی ئەمریکایی. هاسەری چارلی چاپلین بوو.






**پاوەمووری:** pawemouri داب‌ونەریت موزیک جۆرە ئاوازێکی شینگێڕیی لای خوارووی کوردستانە.

**پایان:** closure, closing ناو کۆتایی پێهێنان. ع اختتام N stengning د انتها. G قانوونی

**پایان پێهێنان:** closure, closing چاوگی تێپەڕ کۆتایی پێهێنانی باربۆ. ع اختتام الاكتتاب N stengning av søknadslisten د بستن لیست.

**پایانی دادوەری:** closing of a pleading چاوگی تێپەڕ کۆتایی پێهێنانی دادوەری. ع اختتام المرافعه N avslutning av et prosesskrift د پایان مرافعه.

**پایانی دانیشتن:** closing of a meeting چاوگی تێپەڕ کۆتایی پێهێنانی دانیشتن. ع اختتام الجلسة N avslutning av et møte د پایان

جلسە.

**پایدۆس:** giving up ئاوەڵناو دەست لەکار کێشانەوە؛ وازلێهێنان. ع الاستسلام N gir opp د دست کشیدن، تسلیم شدن.

**پایزا:** Paisan فیلم فیلمی درامای جەنگی نیۆرِیالیستی ١٩٤٦ی خولی زێڕینی سینەمای ئیتالیا، دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.




**پایەبەرز:** pre_eminent ئاوەڵناو دەستڕۆییو، بەناوبانگ، زاڵ، بەرجەستە، دیار. ع بارز، متفوق N fremtredende د افضل، مقدم.

**پایەدار:** sustained, sustainable ژینگە زانست ئاوەڵناو خۆگر، درێژەدار، بەردەوام، سەقامگیر. ع مستدام N bærekraftig د پایدار.

**پایرۆنخوازی:** pailleronism ئایدیۆلۆجی نزمخوازی، لایەنگریکردن لە ئێدوارد پایرۆن Édouard Pailleron {١٨٣٤ـ١٨٩٩} کە بەرهەمی نزم و بێئاستی هەبوو.

**پاپیرۆس:** papyrus دێرناسی ناو پاپیرۆس، کاغەزی کۆنی میسری، هەویری ڕووەکێکی ئاویە کاغەزی نووسین و نیگارکێشان و هەروەها پەت و کورسی و بەلەمی پێ دروستکراوە. ع ورق البردي N papyrus د پاپیروس



**پتر:** rather ئاوەڵکار ئامرازی‌پەیوەندی تا ئەندازەیێ، تا ڕادەیەک، کەم تا زۆر، زۆرتر، پتر، زیاتر، بەڵکوو، لە ڕاستیدا. ع في الواقع، بدلا N heller, ganske د نسبتا.

**پتۆلێمی فیلادیلفۆسی دووەم:** Ptolemy II Philadelphus فیرعەون ئیمپراتۆر (٣٠٨ـ٢٤٨ پ.ز) فیرعەونی میسری پتۆلێمی لە ٢٨٣ تا ٢٤٦ی پێش زایین. کوڕی پتۆلێمۆسی یەکەمی مەکەدۆنی، سەرداری ئەسکەندەری مەزن، دامەزرێنەری پاشایەتی پتۆلێمی لە پاش مردنی ئەسکەندەر؛ خانەدانی پتۆلێمی لە ٣٠٥ تا ٣٠ پێش زایین بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ دەسەڵاتی میسریان بەدەستەوە بوو. کلیۆپاترا دوا فیرعەونی دەسەڵاتداری ئەم خانەدانە بوو.

ساڵی ٢٨٠ی پێش زایین، بە فەرمانی پتۆلێمی، لە لایەن ئەندازیار دینۆکراتۆسەوە کەلوویەک لە مەرمەڕی سپی بە بەرزایی ٤٠٠ پێ (١٢١ مەتر) سازکرا کە بەرزترین فانۆسی زەریایی ئەو سەردەمە بوو. ئەم فانۆسی زەریا لە چەند نهۆمێک پێکهاتبوو، هەر نهۆمێک لە نهۆمەکەی خوارەوەی خۆی بچووکتر بوو. لە سەروو هەموویانەوە قەفەزێکی گەورە بوو کە بە شەو و ڕۆژ چەند مەشخەڵێکی تێدا ئەسووتان تاکوو ڕووناکی بداتەوە بۆ ئەو کەشتییانەی بە شەو بەو کەنارەدا تێئەپەڕین. فانۆسی فارۆس، بە هۆی هەژانی زەریا و زریان و بوومەلەرزەوە بەرە بەرە ڕووخاوە، پاشماوەکانی تاکوو کۆتایی سەدەی سیانزە هەر مابوو. ئەم فانۆسە بە یەکێک لە حەوت سەمەرەی سەردەمی کۆن دانراوە؛ بەم پێیە زۆر جار بە فانۆسی زەریا وتراوە «فارۆس»یان «فار» یان «Pharos of Alexandria» یان «Phare d'Alexandrie» ع منارة، فنار، فار N fyrtårn, bluss د فار، برج فانوس دریایی E lighthouse, flare.

پتۆلێمی پەرتووکخانە و مۆزەخانەی ئەسکەندەرییەی پەرە پێدا و هەروەها سەرکردایەتی سپاکەی خۆی کرد لە دژی سەلجووقییەکان.








**پتوون:** fortified ئاوەڵناو تۆکمە، سەقامگیر، بەهێز، بەکاکڵ، ڕاستگۆ.
ع محصن N befestet د مستحکم. ن:

دەردی دڵ هەر شێوە بێ، یەکە لە ناخی دڵ پتوون
چەنبەری پشتە کە دادێ، دیزەڵەی دڵ سەرنخوون
بۆ گراوی دڵ دەسووتێ، پشت دەبێتە، پیتی نوون
)هەریەکەی بۆخۆی دەجووڵێنێتەوە هەستی دەروون
زەردەپەڕ، کاروانکوژە، تاریک و ڕوونی سوبحدەم{
{حامید زەرزا لەسەر هێمن}

**پچڕان:** dissociation دەروونناسی نۆرۆساییکۆلۆجی چاوگی تێنەپەڕ پچڕان، پچکڕان، دابڕان، ڕەوتێکی دەروونییە دابڕانی پەیوەندی مرۆڤ لە بیرکردنەوە، هەست، یادەوەری یان شوناس. ئەو تێکچوونە جیاکاریانەی کە پێویستیان بە چارەسەری پیشەیی هەیە بریتین لە بیرچوونەوەی دابڕاو، تێکچوونی کەسایەتی و تێکچوونی شوناسی شێتەڵ. ☞ لەخۆدابڕان ☞ شێتەڵ




**پچکڕان:** dissociate چاوگی تێنەپەڕ پچڕاندن، بڕین، قرتاندن. ع فصل، فک N dissosiere د قَطع کردن.

**پچەپچ:** chatter ناوی لێکدراو چیوهۆڕ، سرتە و خورتەی زۆر، سرتەسرت، سرتوخورت. ع الثرثرة N skravling د پچ پچ.

**پراکسیتل:** Praxiteles پەیکەرتاش هونەر پەیکەرتاشی یۆنانی سەدەی چواری بەر لە زایین.



**پرانا:** prana ئایینناسی فەلسەفە شێوەزانست هەناسە، هەوا، وزەی ژیانبەخش، یەکێک لە چەمکەکانی پزیشکی خاوەر و ئادینەی یۆگایە، پەیوەند ئەدرێ بە وزەی هەتاوی و توخمە گەردوونییەکان. پیتاگۆرس ئەمازەی پێداوە و ئەڵێ بوونی لە خواردنی گیاییدا پترە. ع برانا N prana د پرانا
☜ یۆگی.











**پرتە:** fluttering ئاوەڵناو پرتەپرت، پرتەکردن، فڕین، پەڕین د دَودَو زَدن.

**پردی دەلال:** Dalal Bridge ناو پردێکی کۆن و مێژوویییە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی زاخۆ، درێژی پردەکە ١١٥ مەترە، پانییەکەشی ٥ مەترە، هەروەها ١٦ مەتر بەرزە. ئەوانەی سەردانی پردەکە ئەکەن زۆرینەیان گەشتیارن و بەمەبەستی وێنەگرتن لەپاڵی سەردانی ئەکەن.




**پردی ڕۆیاڵ:** Pont_Royal ناو پۆرت ڕۆیاڵ، پردێکە لەسەر چەمی سێن لە نزیکی مۆزەخانەی دۆرسەی لە پاریس.



**پردی نەژیوەران:** Negiwaran bridge پرد ناو پردێکی مێژووییە لە گوندی نەژیوەرانی بێستوونی شارستانی هەرسین لە سەر چەمی دینەوەر. ئەم پردە ٥ مەتر درێژ و ٤١ سم و سێ پاکڵەی بەردینی هەیە، کە هەرکامیان لە سێ بەش پێکهاتووە. هی سەردەمی دەسەڵاتداری سەفەوییەکانە. ع جسر نوجیوران N Nozhivaran_broen د پل نوژیوران.




**پرزە:**❶ tolerance ئاوەڵناو وزە و توانا، هەناسە، هەناسەدان، ئەمان. ع حلم N toleranse د تحمل ❀: پرزەی لێ بڕیوم.

**پرزە:**❷ lint ناو پرز، کوڵک، کوڵکە، ڕیزە، ڕیشاڵ، گەردیلە. ع وبر، زغب N lo د پرز، ریزە.







**پرسا :** questioner ئاوەڵناوی فرمان [پرس+ئا] پرسگەر، پرسێنەر، کەسێکە کە دوای شت بکەوێ بۆ زانین. ع المحقق، المستفهم N spørsmålsstiller د سوال کنندە.

**پرسبرکێ:** Quiz گەمە ناوی لێکدراو پێشبڕکێی پرسیاران، پرسیار هەڵهێنان N Quiz ع اختبار د مسابقە.

⇦ **گرکەبڕکێ:** ناوی لێکدراو پێشبڕکێی گرکە یان شووتی یان کاڵک، بەشدار ئەبێ بە یەک چەقۆ گرگەیەک بکات بە دوو کوتی چونیەک و بە سەنگێکی بچووکی وەکوو پارەی ئاسن بیهێنێتەوە، واتە هاوسەنگیان بکات.

⇦ **هەنسکەبڕکێ:** ناوی لێکدراو هەناسەبڕکێ، هەناسەسواربوون.

⇦ **لەغاوەبڕکێ:** ناو جۆرە برینێکی بچووکە لە لەغاوەی دەم دێت.

⇦ **هێنانەوە:** چاوگی دوولو بەرامبەرکردن لە کێشدا.




**پرژوبلاو:** fragment ناوی لێکدراو پرزە، لەتکەی بچووبچووکی شتێک N splint ع شظیة د قطعە قطعە ⇦ ن: وتنی ڕاستی پچڕپچڕ و پەرشوبڵاو: Telling fragments of the truth.

**پرسان پرسان:** ئاوەڵکار پرسیار کردن بۆ چەند جار و لە چەند کەس.

**پرسگر:** theorem پرسگرێک، بوویەر، ڕووداو، کێشە، ڕەوتی بابەت N teorem ع نظریة د قضیە.

**پرسگری:** conflict ناوی چاوگ دۆز، کێشە، ئاستەنگ، تەنگوچەڵەمە ع

صراع N konflikt د نزاع.

**پرسگە:❶** information زانیاری {بۆ کەسانێک کە ئەپرسن} پرسگەی زانیاری شوێنی وەرگرتنی زانیاری. ع استعلامات N informasjon د اطلاعات.

⇦ **نووسینگەی پرسگە:** information office زانیاری {بۆ کەسانێک کە ئەپرسن} نووسیگەی زانیاری وەرگرتن. ع مکتب استعلامات N informasjons kontor د دفتر اطلاعات.

**پرسگە:❷** Checkpoint ئاسایش {بۆ کەسانێک کە لێیان ئەپرسن} خاڵی پشکنین، زاڵگەھ، پاسگە، بنکە. ع نقطة تفتیش، سیطرة N Kontrollpunkt د محل بازرسی. ☜ زاڵگە




**پرسەنامە:** obituary ناو سەرەخۆشی، بیرانین، ئاگاداری کۆچی دوایی ویرسەی مردوو. ع نعي N nekrolog د آگهی فوت.




**پرسەوەند:** liability ناوی چاوگ لێپرسراو، دۆخی بەرپرسیاربوون لە شتێک،

بە تایبەت بە گوێرەی ڕێسا؛ بە شێوەیەک ئاڵقەی لاواز، یان مەترسییە لە ڕەوتی ئاریشەکەدا. ڕاستە بەرپرسە، بەڵام بەرپرسێکی کەم توانایە، بۆیە ئەبێ بە پرسەوەند liability، نەک بەرپرسار responsible. [ع] یختار [N] velge [د] انتخاب کردن.

: هاوبەشانی کۆمپانیا بە شێوەیەکی بێسنوور پرسەوەند ئەبن لە هەر کارێکی مەترسیدار کە ئەنجامی دەدەن.

: چونکە تۆ پرسەوەندیت، بەرامبەر ئەو بەشەی ئێمە کە هەموو شتێکمان لەسەر ئەم بابەتە خستۆتە گرەو.

: ئەو سەرمایە نییە بۆ تیپەکەمان، بەڵکو پرسەوەندییە.

**بڕواپێنەکراو:** unreliable ئاوەڵناو کەسێکە جێی متمانە نییە. [ع] غیر موثوق بها [N] upålitelig [د] غیر قابل اعتماد.

تێبینی: وشەی kåre لە زمانی نەرویجیدا هەمان هەڵبژاردن ئەگرێتەوە بەڵام بە شێوەیەکی تر، بۆ نموونە کاتی مارەبڕین ئەوترێ:

Jeg kåre dere kone og mann.

واتە ناوتان ئەنێم ژن و مێرد، کە هەمان ناونان و هەڵبژاردنە بە هاوسەری یەکدی. یان ئەم نموونانە:

: I fjor ble butikken hans kåret til Bergens Beste Nærbutikk.

: Han ble kåret til ligaens beste spiller som 19åring.













**پرسی درەیفوس:** Dreyfus affair ڕامیاری ڕووبەر کێشەی ئابڕووبەرەی زیندانیکردنی ئاڵفرێد درەیفوس ئەفسەری جوولەکەی سپای فەڕانسەیە

لە ١٨٩٤ بە تاوانی سیخوڕی بۆ ئاڵمان و تەرەکرانی بۆ دورگەی شەیتان هەتا ١٩٠٦ کە بێتاوانیی ئەو سەلما. ئێمیل زۆلا لەسەر دژایەتی بڕیاری دادگا یەک ساڵ گیرا و ساڵی ١٨٩٨، سێسەد کەس لە نووسەران و ڕووناکبیران بە دەرکردنی بەیاننامەی ڕۆشنبیران دژی بڕیاری دادگا بوونەوە.






**پرشینگ:** John Joseph Pershing {١٨٦٠ـ١٩٤٨} ژنراڵی ئەمریکایی و فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە بەرەی فەرانسە، لە جەنگی جیهانی یەکەم.





**پرۆتایرا:** Prothyraia میسۆلۆجی لە خواکانی یۆنان بوو کە لووسیفر زۆر خولیای بوو، یان لانیکەم ئەو ئەهریمەنەی بەشێک بوو لە ساتانیزمی پرۆمیتۆسی.

**پرۆتیۆس:** proteus میسۆلۆجی لە میسۆلۆجی یۆنانیدا خوای زەریا بوو و ئەیتوانی خۆی بگۆڕێ بۆ هەموو بیچمێک و هەروەها ئەیتوانی

نوخشانەش بدات واتە پێشگۆیی داهاتوو بکات.









**پرۆدۆن:** Pierre_Joseph Proudhon ئایدیۆلۆگ خەباتگێر رامیار {١٨٠٩ـ ١٨٦٥} فەیلەسووف، رامیار، ئابووریزان و سۆسیالیستی فەرانسەیی، ئایدیۆلۆگی وردەبورژوازی، دانەری تیۆری ئابووری میوچوالیزم Mutualism لەسەر بناغەی فەلسەفەی ئانارشیستی، کە خودی پرۆدۆن یەکەم کەس بوو خۆی بە ئانارشیست راگەیاند. بەرتووکەکەی بە ناوی «تۆژینەوەی شۆرشی کۆمەڵایەتی لە روانگەی کودێتای دووەمی دێسەمبرەوە» ساڵی ١٨٥٢ لەپاریس بڵاوکرایەوە.

La Revolution sociale demontrée par le coup d'État du 2 Decembre









**پریماتۆلۆژی:** ☜ سەرەتایناسی

**پرۆڤین:** Provins جوگرافیا شارێکە لە ناوەندی فەرەنسە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پاریس.





**پرۆگێرک:** Perros_Guirec گەشت کۆمۆنێکی گەشتیارییە لە برتانی باکووری فەرەنسە.





**پرۆلیتاریا:** proletariat ئایدیۆلۆجی فەباتر جیناپەتر لە وشەی لاتینی proletarius بە واتای منداڵدار. یەکەمجار لە سەدەی شەشی پ.ز لە ئیمپراتۆری ڕۆما بەدی هات. ئەو کەسانەی کە هیچیان نەبوو وەکوو باج بیدەن، منداڵەکانیان ئەنارد کار بۆ دەسەڵات بکات. ئەم وشەیە سەدەی دووەم لەناو چوو و، لە سەدەکانی پانزە و شانزە سەری هەڵدایەوە بە واتای ئەو کەسانەی کە زەوییەکەیان لەدەست دابوو و تەنها بە فرۆشتنی دەستی کار ئەژیان. بەڵام لە سەدەی نۆزدە نووسەرانی سۆسیالیستی وەکوو سیسمۆندی، کابە، لویی بلان

و پرۆدۆن دیسانەوە بەکاریان هێنا و ئەو کەسەی کە تەواو بڵاوی کردەوە، نووسەرێکی ئاڵمانی بوو بە ناوی لۆرنتز ڤۆن شتەین.

**پێناسە**: مارکس لە «مانیفێستی کۆمۆنیست» پێناسەی پرۆلتاریا ئەکات: «مەبەست لە پرۆلتاریا چینی کرێکاری کرێگرتەی نوێیە کە خاوەنی هیچ ئامێرێکی بەرهەمهێنان نییە و دەستی کاری خۆی، بۆ دابینکردنی ژیان ئەفرۆشێ.»

◄ تابلۆی ١٩٠١، بەرهەمی هونەرمەند نیکۆلاس لوکۆف



**پرۆمیتۆس:** Prometheus [میسۆلۆجی] لە میسۆلۆژی یۆنانیدا، پرۆمیتۆس کوڕی ئاپێتۆس و کلیمێنا، لە نەوەی تیتانەکانە کە بەردەوام دژی سیستەمی خوداوەندەکانی ئۆلۆمپیۆس بوون. شەیدای ئاتنای کچی زیۆس ئەبێ. زیۆس لە خولی ئافراندنی مرۆڤدا، مرۆڤ بە تاریکایی جیهانی خوارەوە سزا ئەدا، ئینجا پرۆمیتۆس ئەکات بە بەرپرسی ئەوەی هەموو شت بدات بە مرۆڤ جگە لە ئاگر. پرۆمیتۆس هەستاوە بە دروستکردنی مرۆڤ لە قوڕێک کە بە فرمێسکی خۆی گرتویەتیەوە، لەبەر ئەوەش کە مرۆڤی زۆر خۆش ئەویست، بۆ ئەوەی لاواز نەبن و پەژارەیان نەبینێ، بە یارمەتی ئاتنا، لە جیهانی سەرەوە، ترووسکەی ئاگر، واتە {سۆز و زانست و ژیار} لە هیفاهیتۆسی خودای ئاگر ئەدزێ، ئەیخاتە ناو شماڵێک و ئەیدا بە مرۆڤ.

کاتێک زیۆس بەوەی زانی، لە لووتکەی کێوی قاف لە قەوقاس زیندانی کرد، سزایشی ئەوە بوو هەموو ڕۆژێک سیسارکێک ئەهات و جگەری ئەخوارد، بەڵام شەو جگەری ئەڕوایەوە.

لەمکاتەدا پرۆمیتۆس بە زیۆسی وت: «ڕۆژێک دێت خودایی تۆ لەناو ئەچێ و یەکێکی تر ئەچێتە سەر تەختت.» بەڵام هەرگیز نەیوت کێ؟

سەرەنجام هێرکولسی نیوە خوداوەندی کوڕی زیۆس، سیسارکەکە ئەکوژێت و پرۆمیتۆس لەو ئەشکەنجەیە ڕزگار ئەکات، وەڵێم پرۆمیتۆس ئەڵێ: «تا زیۆس لە سەر تەخت بێت، هەرگیز ئەشکەنجەی من کۆتایی نایەت.»

بەم شێوەیە، پرۆمیتۆس ڕێگەی ئازادی پیشانی مرۆڤ ئەدات. [ع]

برومیثیوس [N] Prometheus [د] پرومتە.








**پرۆنۆنسیامێنتۆ:** Pronunciamento رامیاری ئیسپانی، هەم بە واتای ڕاگەیاندنی فەرمی دێ و هەم بە واتای ڕاسان و پەلاماری سەربازی لە دژی دەسەڵات، کە بە فەڕانسەیی زیاتر کودێتا بەکار ئەهێنرێ.



**پرۆنوو:** Perronneau Jean_Baptiste هونەر {١٧١٥_١٧٨٣} شێوەکاری فەڕانسەیی، پسپۆڕی کێشانی پۆرترێت بە پاستێل.



**پرووسک:** spinal cord ناو مۆغەرەی پشت، مازە، بڕبڕە، مۆرتخە ن: ئێسک و پرووسک. ع الحبل الشوکیِ N ryggmarg د ستون فقرات.



**پرووست:** Marcel Proust نووسەر (١٨٧١ـ١٩٢٢) مارسێل پرووست، نووسەر و ڕەخنەگر و شرۆڤەکاری بەناوبانگی فەڕانسەیی، ئافرێنەری ڕۆمانی ناوازەی حەوت بەرگی گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو، کە سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە بۆ کوردی و لە لایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە لە ماوەی ساڵی ٢٠١٥ تا ٢٠١٧ چاپ و بڵاو کرایەوە.
تێبینی: بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرووست و ڕۆمانی گەڕان بڕوانە وتاری سیامەند شاسواری لە کۆتایی چاپی کوردی بەرگی حەوتەمی ڕۆمانی گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو. درێژە سێچکۆف نووسەری ڕووسی ئەڵێ: ململانێیان لەگەڵ نووسەرانی ڕۆژئاوا بێسوودە چونکە ئەوان سێ خوایان هەیە: {کافکا، جەیمز جۆیس و پرووست}.



**پریماڤێرا :** Primavera شێوەکاری واتە بەهار، تابلۆیەکی گەورەیە ساندرۆ بۆتێچیلی لە کۆتایی دەهەی ١٤٧٠دا کێشاویەتی. زۆربەی ڕەخنەگران لایان وایە نوێنەرەوەی بەهار و زیندووبوونەوەیە، بەشێکی تریش بە هێمای ئەوینی نەوپلاتۆنی ئەزانن.



**پرئاباژۆر** precarious باروودۆخ ئاوەڵناو هەلومەرجێکی هەتەر، ناجێگیر، لەرزۆک؛ دارەتێک کە بە شێوەیەکی مەترسیدار ئەگەری کەوتن یان دارمانی هەیە. ع محفوف بالمخاطر N prekær ع پرمخاطره.

**پراڤدا :** Pravda ڕۆژنامە ڕووسی بە واتای «ڕاستەقینە» ئۆرگانی پارتی بۆلشەڤیک، یەکەم ژمارەی لە ٥ی مەی ١٩١٢ بڵاو کرایەوە، بە تیراژی ١١ ملیۆن ژمارە لە ئیمپراتۆری تزاری ڕووسیەدا، زۆرترین کاریگەری لەسەر جەماوەر هەبوو. تا دوو ساڵ دواتر، بە فەرمانی دەسەڵاتی تزاری هەشت جار داخرا و لە ٢١ی جولای ١٩١٤ تا ٥ی مارچی ١٩١٧ بە تەواوەتی داخرابوو. پراڤدا، لە ١٩١٢ تا ١٩٩١ ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت بوو، لەم ساڵەدا بۆریس یەڵتسن فرۆشتی بە کۆمپانیایەکی

یۆنانی و ئێستە بە ناوی پڕاڤدای نێونەتەوەیی بڵاو ئەبێتەوە.




**پڕبەدڵ:** heartfelt ئاوەڵناو لەدڵەوە، لە کانگای دڵەوە، ڕاستەقینە. ع صادر من القلب N hjertefølt د از صمیم قلب.




**پڕپۆڵ:** numb ئاوەڵناو سست، شلوشەوێڵ، خۆنەگر. ع مشلول N nummen د کرخت و شل.

**پڕپۆڵە:** dumpling خۆراک ئاردێکە کە ئاوی لێ پڕژێنرابێ و دانە دانە و دانار بووبێ، بۆ ئەوەی کە بکرێ بە چێشت یا بدرێ بە جووجەڵە و مریشک. ع اوماج حلوا N dumpling د اوماج، زواله.



**پڕدەو:** fast هێمایر ئاوەڵناو بەدەو، خێرا و تیژ، ئاهووبا، بەلەز لە ئەنجامدانی کار و ڕاسپاردەدا. ع سریع N rask د تند و سریع و تیزپا.

**پڕزوو:** robust ئاوەڵناو بەهێز، بزاخ، بەگوڕ، بەهاز، خورت، دینەوەر، هۆمام، هێزرا، پەمان. ع قوی N robust د قدرتمند.

**پڕکێشی:** impulsive ناوی چاوگ پێداگر، سووربوون و پێداگرتن لەسەر مەبەست، وێران و بوێری، لەخو رابینین. ع صریح، لجاج N impulsiv د صریح، لجاج. 🔸: پڕکێشیم نەکرد: بەخۆمدا نەپەرما، لە خۆم رانەبینی.

**پرۆتۆزوا:** protozoa زیندەوەرزانی گیانەوەری یەک شانەیی. ع الکائنات الاولیه N protozer د تک سلولی.




**پرۆتۆنۆگۆس:** Protogonos میسۆلۆجی لە میسۆلۆژی یۆنانیدا، بەرزا (یەکەم زادە)، خوای زاوزی و ژیانی نوێ بوو. هاوتایە بە ئێرۆس و میترا و لە توخمی قەرقەشانە، لە پەیکەر و وێنەکاندا خوودەی لەسەر دایە و مارێکی لێ ئالاوە، باڵەکانی پان و زێرینن. توێژەران ئەڵێن ئایینی ئێرۆسی یان میترایی بە هۆی دوانەیی چەمکەکانییەوە نایۆنانی و تەنانەت ئاسیاییە.



**پرۆتینی کارلێکەری زێتا:** Zeta Interacting Protein دەرمان زیندەوەرزانی دەروونناسی نۆرۆلۆژی یان زیپ ZIP دەرمانێکی تاقیکارییە لەگەڵ قوربانیانی نەخۆشی فشاری دوای کارەسات تاقی دەکرێتەوە. کاتێک دەرمانەکە بە کەمی بەکاردەهێنرێت، دەتوانێت یادەوەرییە هەڵبژێردراوەکان بسڕێتەوە. بەڵام بە ڕادەی زۆر و بە شێوەی نارێسایی، ئەتوانێ ببێ بە چەکی کۆمەڵکوژی سینەما زنجیرەی خاڵی کوێر Blindspot وەرزی ٣ و ٤.






**پرۆڤەنس:** Provence جوگرافیا ناوچەیەکی مێژووییە لە باشووری فەرەنسە، لە چەمی ڕۆن هەتا سنووری ئیتالیا.






**پرووشە:** particle ناو پیزە، تۆزەڵە، ڕیزەڵە، دەنکە دەنکەی بەفر کە ئەبارێ. ع ذرة عنصر N partikkel د ذره.






**پڕووکان:** چاوگی تێنەپەڕ بزرکان، پووکانەوە، هەڵپڕووکان.

**پڕووکاندن:** چاوگی تێپەڕ پچڕاندنەوە، هەڵپڕووکاندنەوە.

**پڕووکاندن:** چاوگی تێپەڕ بزرکادن، هەڵپڕووکاندن.

**پڕووکاو:** ئاوەڵناوی فرمان هەڵبزرکاو، بزرکاو، ترساو و ڕەگ پەڕاو، دەق شکاو، پچڕاو.

**پڕووکێنەر:** drastic, unbearable ناوی فەرمان ئاستەم، دژوار، لەتوانابەدەر، زۆرسەخت، وزەشکێن. ع قاسي N uutholdelig د طاقت فرسا.

**پرەتۆر:** Praetor ناو لە یۆنان، لە ڕۆمای دێرس ئەندامانی دادگای باڵا بوون. پرەتۆریان Preatoriani سەربازی ژێهاتیی هەڵبژاردە بوون کە ئەرکی پاراستنی «پرەتۆر»ەکان لە ئەستۆی ئەواندا بوو و لە کودێتای دەرباریدا ڕۆڵێکی مەزنیان ئەبینی. بە واتای هێمایی بەو هێزە سەربازییە ئەوترێ کە پشتیوانی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆیە کە تەنها بە توندوتیژی کار ئەکات.





**پرەگماتیسم:** pragmatism فەلسەفە ئایدیۆلۆجی رامیاری ناو فەلسەفەی کردارگەراییە؛ بەڵام لە ڕامیاریدا زیاتر بە واتای بەرژەوەندخوازی بەکار دێت. پرەگماتیزم لای وایە ئەو شتانەی کە ناتوانرێ بسەلمێنرێ، بە گوێرەی ئەدگاریان، ئەتوانین لە ژیانی مرۆییدا بەکاریان بهێنن.

**پرێس:** La Presse ڕۆژنامە لە ١٨٣٦ەوە لە پاریس بلاّو ئەبوویەوە. بیری بۆرژوازی بلاّو ئەکردەوە. ساڵانی ١٨٤٨ـ١٨٤٩ ئۆرگانی کۆماریخوازان بوو و پاشان بوو بە ئۆرگانی بۆناپارتیستەکان.









**پرێڤەر:** Jacques Prévert نووسەر ژاک (١٩٠٠ـ١٩٧٧) فیلمنامەنووسی فەرانسەیی.

**پرمەترسی:** perilous ئاوەڵناو مەترسیدار، ترسێنەر، کارێکە ڕەنگە بیێتە مایەی زیان؛ شت یا شوێنێکە مەترسی لێ بکرێ. ع محفوف بالمخاطر N forferdelig د خطرناک، مخاطره امیز.

**پرووزە:** scorching ئاوەڵناو سووتان، سووتاندن، سووتێنەر. ع حارق N sviende د سوزاننده.

ن: خۆری سووتێنەری گەلاوێژ بە شەوارەی خستبوون.

ن: پرووزەی برد بە حەوادا: واتە سووتاندی و بۆسۆ و بۆکرووزی هەڵدا بە حەوادا.

**پرێستۆن ستەرجێس:** Preston Sturges دەرهێنەر نووسەر (١٨٩٨ـ١٩٥٩) دەرهێنەر و فیلمنامەنووسی ئەمریکایی.






**پرێستیسیمۆ:** prestissimo موزیک گورجترین جوولان، تا بتوانرێت بەگورجی، لێدانێکی توند یان بەرینەوەیەکی دیاریکراوی خێرا.

**پرینس دوگالّ:** prince de Galles شازادە شا نازناو نازناوی فەرانسەیی شازادە ئیدواردی کورە گەورەی شاژن ڤیکتۆریایە (١٨٤١ـ١٩١٠)، لە ١٩٠١ تا ١٩١٠ بە ناوی Edward VII شای ئینگلیز بوو، بەشداریکردنی لە کۆرەکانی فابۆر سەن ژێرمەن، گرووپە شایەرستەکانی ئەم کۆرانەی کردبوو بە خاوەنی سەنگ و کێشەرێکی مێژوویی راستەقینە.





**پزدانی سوور:** Le Ballon Rouge فیلم فیلمی فانتازی دراما ـ کۆمیدی فەرانسەیی ١٩٥٦.







**پزیشکی دەروونی:** alienist دەروونناسی یان پزیشکی ئاوەزی، دەروونناس.
[ع] طبیب عقلي او نفساني [N] alienist [د] روانپزشک.

**دەروونپزیشک:** Psychiatrist دکتۆری پزیشکییە و هەروەها لە دەروونناسیشدا پسپۆڕە و لە ڕاستیدا سەر بە کۆمەڵەی پزیشکانە و تەنها دەروونپزیشکان ئەتوانن ڕەچەتەی دەرمان بۆ نەخۆش بنووسن.

**دەروونناس:** Psychologist یان Psycholog لانیکەم ئەبێ مەستری هەبێ لە دەروونناسیدا و ئەگەر دکتۆرای هەبێ وەک پسپۆڕ بە «دەروونناسی تاقیگەیی Clinical Psychologist» ئەناسرێ.

**پزوو:** [1] cord hem ناو دەرەلنگ یان ناوقەدی دەرپێ کە کەڕی تێئەکەن.
[ع] حاشیة حبل بیجامة [N] fald i pyjamassnor [د] لبه بند لباس.



**پزوو:** [2] pneumonia بەرەزام یان ژان و برکی ئازەڵ بە هۆی سەرماوە.
[ع] الالتهاب الرئوي [N] lungebetennelse [د] ذات الریه.

**پزیسکە:** spark ناو برووسکە، درەوش، درەخشاو، ڕەخشان. [ع] شراره [N] gnist [د] بارقه، جرقه.



**پزیشکی چاو:** ophthalmologist پزیشکر پسپۆڕ پسپۆڕ و نەشتەرگەری نەخۆشییەکانی چاو.

**پ. ژ. ستاڵ:** Pierre_Jules Hetzel «P. J. Stahl» نووسەر {١٨١٤_١٨٨٦} نڤیسیار و وەشانکاری فەڕانسەیی، پسپۆڕی پەرتووکی گەنجان.




**پژمین:** sneezing چاوگی تێنەپەڕ دەرکردنی کتوپڕی و بێئەقانی هەوا لە لووت و دەمەوە بە هۆی خورانی کونەکانی لووتەوە ع عطس N nysing د عطسە.



**پسات:** Armageddon GR دین ناو پەسلان، نیرڤانا، ڕۆژی پاشین، ڕۆژی پسات، ڕۆژی کۆتایی هاتنی ئەم جیهانە و پێڕاگەیشتنی بەغان و ئێزەدان بە چاکە و خراپەی مرۆڤ N Verdens ende ع یوم القیامة GR Weltuntergang د روز قیامت E Day of Judgment ⇐ **ڕۆژی**

**بەرێ:** ئاییناسر ڕۆژی بێ سەرەتا، ڕۆژی ئەزەڵ ☜ چوار سوارەی

پەسلان.






**پسپۆر :** pundit پەروەردەی باڵا ناو ئاوەڵناوی کرۆکر شارەزا، کارزان، لێزان، شارەزای بابەت یان بوارێکی دیاریکراو و خاوەن دەنگ و دوان لەمەڕ بابەتەکە، دادوەری تایبەتکار. ع خبير N forståsegpåere د کارشناس.

**پسپۆری بێهۆشی :** anesthesiologist پزیشکی پسپۆر پزیشکی بێهۆش یان بەنج کردن، بەنجکار. پسپۆڕێکی پزیشکییە لەمەڕ ئاگالێبوونی دارماڵی ڕەوتی نەشتەرگەری لە ماوەی پێش و لەکات و دوای نەشتەرگەریدا. ع طبیب التخدیر N Anestesilege د متخصص بیھوشی.

**پسک :❶** inarticulate, stammerer ئاوەڵناو توور، لاڵەپەتە، پەترە، لاڵەپەترە، کەسێک کە زمانی ئەیگرێ. ع تأتأة N stamme د الکن.

**پسک :❷** lisp ناو کەسێ زمانی «سین» و «زێ» ناھینێ. ع لثغة N lisp د لیسپ.

**تێبینی:** lisp ئای تی ھەروەھا ناوی زمانێکی کەمپیوتەرە کە زیاتر بۆ بەرنامەنووسی ژیریی دەستکرد Artificial intelligence بەکار ئەھێرێ و زمانێکی ئاسان و سازگارە. ☜ ژیریی دەستکرد



**پسوو :** overhear ناوی‌فەرمان دونگە، گوێ هەڵخستن بۆ قسە بە نهێنی.

**شەمێلە :** eavesdrop ناوی‌چاوگ پسوو، کوڵگرتن و بە دزی گوێ لە گوتە ڕاگرتن. ع التنصت N tjuvlytte د استراق سمع، گوش ایستادن.

**پسوولەی تایبەتی :** special licence, special permission بەڵگە مۆڵەتی تایبەتی. ع اجازة خاصة N spesiell tillatelse د اجازەنامە مخصوص.

**پسوولەی خوێندن :** student grant بەڵگە مۆڵەتی خوێندن، دەرفەت و ڕێگەپێدان بۆ خوێندن، بەڵگەی سەلماندنی وەرگیرانە. ع اجازة دراسية N studiestipend د اجازە یا کمک مالی دانشجویی. ق قانوونی

**پسوولەی ساڵانە :** annual leave بەڵگە مۆڵەتی ساڵانە. ع اجازة سنوية N årlig ferie د اجازەنامە سالانە.

**پسوولەی سپارتی :** delivery note بەڵگە یان پسوولەی وەرگرتن، بەڵگەیەکە لەگەڵ دانی کاڵا بە خاوەنەکەی ئەدرێ. لیستی ناو و چەندێتی کاڵای نێردراوە.

**پسوولەی کۆد :** voucher بەڵگە کارتی پڕکردنەوەی تەلەفون و ئینتەرنێت. ع قسيمة، فاتورة N kupong, kontantkort د کوپن.

**پسیشە :** Psyche میسۆلۆجی گەڕان-٣ پسیخە یان سیشە یان سایکی (ئاڵمانی، هۆڵەندی، فەڕانسەیی، ئینگلیزی)، لە میسۆلۆجی یۆنانیدا ژنێکی جوانە کە کۆپیدۆن یان ئێرۆس شەیدای ئەبێ.










**پشتڕاستکردنەوە:** چاوگی تێپەڕ چاوگی دوولۆ بەڕاست گێڕان د تأییدکردن.

**پشتگوێخراو:** neglected ئاوەڵناو لەبیرکراو، کەسێک کە بەدەست نەبوونی چاودێرییەکی دروستەوە دەناڵێنێت. ع مهمل، تم التجاهل N Ignorert د اهمال شده.

**پشتگوێخستن:** neglect چاوگی تێنەپەڕ دارەتی گوێنەدان فەرامۆشکردن. ع اهمال N forsømmelse د بی توجهی.

**پشتگیری:** support ناوی فەرمان پارمەتیدان و دەستگرتن بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە. ع الدعم N brukerstøtte د حمایت.

**تێبینی: پشتگیری نەشیاو، یان چەواشە:**

خەریک بووم ئەموت:

ــ پەرتووکێکی تازەم لە تاران چاپکراوە.

دانەیەک لە بیسەران وتی: ــ دانەیەکم بۆ دابنێ.

وتم: ــ نەمزانیبوو پەرتووکخوێن بی.

وتی: ــ هەر لەم ماوەیەدا زیاتر لە دە پەرتووکم کڕیوە.

وتم: ــ بە ڕاستی پێم خۆشە ئاوا حەزت لە خوێندنەوەیە.

وتی: ــ نە باوە، نایانخوێنمەوە، هەموومم فڕێ داوەتە هەمارەکە!

وتم: ــ ئەی ئەو پارەیە بۆ ئەدەی، ئەگەر نایخوێنیتەوە؟

وتی: ــ تەنها بۆ ئەوەی یارمەتییەکی نووسەرەکەم دابێ!

وتم: ــ کەوایە، تکات لێ ئەکەم هەرگیز پەرتووکی من مەکڕە.

قەڵس بوو و وتی: بۆ؟

وتم: ــ چونکە ئەو کارەی تۆ دوژمنانییە، لە منیش و لە جەماوەری کوردیش و لە هەموو کوردستانیش. هەم پەرتووکێک، کە بە ڕەنجێکی فراوان هاتووەتە بەرهەم لە خوێنەرانی تامەزرۆ ئەشاریتەوە، هەم خۆت

بە نەزانی ئەهێڵیتەوە و هەم ناهێڵی خوێنەرانیش سوود لەو پەرتووک و زانستە وەربگرن، کە تا ڕادەیەک لە هەموو پەرتووکێکدا هەیە.

← ئەوانەی بە ناوی «یارمەتیدانی» نووسەر، پەرتووکەکەی ئەکرن و ئەشارنەوە، نەک هەر کارێکی باش ناکەن، بەڵکوو نەزان و تاوانکارن و، نەزانانە تاوان ئەکەن!

**پشتگیری:** vouch ناوی چاوگ پشتیوانیکردن و بەڕاست زانین بە گوێرەی ئەزموون و بینین. ع تضمین N bekrefte د تأیید.

**پشتەماگ:** heirloom ناوی لێکدراو باوانی، بۆماوە، میراتی وەکوو خشڵ و گەواهێر کە پشاوپشت دەستاودەست ئەکرێ و لە تۆرەمەیەکەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ تۆرەمەیەکی تر N arvestykk ع قیمة تورث جیل وراء جیل د ارث پشت در پشت. ← ئەندازەی بۆماوەیی.





**پشتەمازە:** filet ئاژەڵداری گۆشتبڕین فیلە، گۆشتی ڕاستەی لکاو بە مازگەوە، خۆشترین و گرانترین ماسوولکەی ئاژەڵ بۆ برژاندن و سوورکردنەوە. ع فیلیه N filet د فیلە.

← بەشەکانی تر: مازەی دەرەکی، ڕاستە، مل، لامل، بەرسینگ، پەراسوو، سینگ، تەنگە، لاپەراسوو، سەردەست، ڕان. ☞ مازگە E tenderloin filet mignon.
















**پشتەمازەی چاو:** rib eye steak خۆراک ژەم یان پشتەمازەی سکاچ، بڕیتییە لە ماسوولکەی ڕاستەی پەراسووی شەش تا دوانزەی مازگە بە ڕەگەی چەورییەوە، برژاو و پیشاو و سوورەوەکرای ناسک و یەک لە یەک بەچێژترە. ☜ مازگە ☜ سکاچ







**پشتەمازەی ڕاستە:** sirloin گۆشتبڕین یان sirloin faux filet مازەی دەرەکی، بڕیتییە لە گۆشتی ڕاستەی لکاو بە مازگەوە کە ڕەگەی چەوری تێدایە. ☜ مازگە.








**پشتەمازەی سووروەوەکراو:** steak ئاشپەزی پشتەمازەی پارچەکراوە کە بە کەرە و بیباری ڕەشەوە سوور ئەکرێتەوە. ئەندازەی سوورکردنەوەی پلەی جیاوازی هەیە. هەرچەند لای من جوانبرژ ئەبێ ٩١ پلەی سەدی بێت، بەڵام بە زۆری پێنج پلەیان بۆ داناوە:

کاڵبرژ: Rare ــ ٥٢ پلەی سەدی

کەمبرژ: Medium Rare ــ ٥٧ پلەی سەدی

نیوبرژ: Medium ــ ٦٣ پلەی سەدی

خۆشبرژ: Medium Well ــ ٦٦ پلەی سەدی

جوانبرژ: Well Done ــ ٧١ پلەی سەدی








**پشتەمەلە :** backstroke وەرزش ناو پشتەمەلێ، پشتەمەلە{ی باسکە} ع السباحة على الظهر N ryggsvømming د شنای کرال پشت.



**پشتێر :** stable ناوی جێگا گەوڕ، ئاغل، لاڕ، کەڵەلاّن، ستەبڵ، گەوڕی زستانەی ئاژەڵ و پاتاڵ. ع الحظيرة، مستقرة N låve, stall د طویلە، اصطبل.



◄ **پشتێنی قورسە :** خشڵ ناو پشتێنێکی گرانبایە لە کۆمەڵێک قورسەی سویسی swiss bullion سۆلانی ٩٩٩,٩ لەسەد پێکهاتووە، کە خراونەتە ناو چوارچێوە {بۆ بەرگری لە خورانی زێڕی سۆلان} و بە زنجیر و زریزە لێک بەستراون. ◄ دیزاینی سیامەند شاسواری. ◄ ژمارەی قورسەکان لە ٨ دانە پێنج گرەمی، ٦ دانە دە گرەمی، ٢ دانە بیست گرەمی و یەک دانە ٥٠ گرەمی پێک هاتووە، سەرجەم نزیکەی ٢٥٠ گرەمە.





**پشتیوانی:** backstop ناوی‌فەرمان کەس یان هێزێک کە لە پشتەوە یان لە پشت شتێکەوە وەک بەربەست، پشتگیری، یان بەهێزکەر دانراوە. ✪: هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی پێویستدا، هێزی پشتیوانی بۆ پێشمەرگە لە بەرەکانی تردا. ع مساندة N bakstopp د مساعدت.

**پشدەری:** ناوی‌لێکدراو دەرابەی پشت پەنجەرە. ع مصراع النافذة N lukker د آفتابگیر E shutter.



**پشک:** ❶ destiny ناو پاژ، بەش، بەخت. ع قدر N skjebne د سرنوشت.

**پشک:** ❷ lottery لاتاری ناو تیر و پشک. ع اليانصيب N lotteri د قرعه.

**پشکباز:** speculator ناوی‌فەرمان پاژباز، سووخۆر، کەسێک کە کاری کڕین و فرۆشی پشک و ڕاوەن و خانوو و زەوییە. ع مضارب بالأسعار N spekulant د سفتە باز، زمین خوار.

**پشکنەر:** ❶ inspector ناوی‌بکەر بەرپرسی پشکنین، تۆژەرەوە. ع مفتش N inspectør د بازرس.

**پشکنەر:** ❷ searching look ناوی‌بکەر پەیجوور، تۆژەرەوە. ع مستكشف

N søkende utseende د کاوندە E researcher.

**پشکنەری فیلەی:** Philae probe زانست ئەستێرەناسی ئای تی یان بەس فیلی Philae ئامێری پشکنەری ناوەندی حەوایی ئورووپایە European Space Agency، ١٢ نۆڤەمبری ٢٠١٤ لە سەر کلکەداری «پـ٦٧ـ چوری‌یۆمۆڤ ـ گراسیمنکۆ» نیشتەوە، کە لەو کاتەدا ٥٠٠ ملیۆن کیلۆمەتر لە زەوی دوور بوو. فیلی بۆ ماوەی ٦٠ کاتژمێر کاری پشکنین و نموونە ناردنی ئەنجام دا و پاشان کوژایەوە، بەڵام پێ ئەچێ هێشتا مابێ. چونکە تا ئێستە چەند جار هەڵبووەتەوە و کوژاوەتەوە.



**پشکنین:** examination چاوگی ئێنەیبەر نۆرین، لێوردبوونەوە، وەک نۆرینی پزیشک لە نەخۆش، پشکنینی ڕێسایی دادگا و پۆلیس. ع فحص N undersøkelse د معاینە ⬅ نۆرینگە: مطب.

**پشکنینی ورد:** scrutinize ناوی لێکدراو لێ وردبوونەوە، لێکۆڵینەوەی بەوردی، بە وردی تێڕوانین. ع تدقیق دقیق N granske د مورد مداقە قرار دادن.

**پشکووتن:** thrive گەشە هێمایی چاوگی ئێنەیبەر پێگەیشتووی ڕەگ داکوتاو، لە خەم ڕەسیاو، ڕزگاربووگ. ع یزدهر N blomstre د رونق یافتە.



**پشووی خوا :** God's rest ئایینناسی بە گوێرەی بڕوای دینە یەکتاپەرستەکان، خوا، لە شەش ڕۆژدا جیهان دروست ئەکات و ڕۆژی حەوتەم پشوو ئەدا و ئەحەسێتەوە. ◀ شەممەی جولەکان ڕۆژی پشووە. بەپێی نەریتی پەرتووکی پیرۆز، یادی ڕۆژی حەوتەمی ڕەسەن دەکاتەوە کە خودا پشووی داوە دوای تەواوکردنی ئافراندن. ◀ لە ئیسلام ڕۆژی هەینی و، ◀ لە لای عیسایی ڕۆژی یەکشەممەیە. ع عطلة الله N Guds hvile د تعطیلات خدا.

**پشێوی :** disarray ناو فەرمان پاشاگەردانی، شڵەژان، شپرزەیی، فەرتەنە، هۆسە، هەرمەلە، کەڵوەکێشی، یاخیگەری، سەرکەشی، لاساری، دارەتی تێکچوونی هەلومەرجی ئاسایی. ع فوضی N uorden د بێ نظمی.

**پشیلەبەنەورۆ :** Estrous cycle زیندەوەرزانی ناوی لێکدراو خولی چالاکی جنسی پشیلە و ئامادەیی جووتبوون و زاوزێ. ع دورة وداقیة N Brunst د دوره فحلی. ◀ **بەبابوون** یان چەرخەبەبا خولی چالاکی جنسی ئاژەڵە بۆ جووتبوون و جێبەجێکردنی سروشتیترین داخوازی خۆڕسک و سروشتی کە زاوزێ و مانەوە و درێژەدان بە ژیانە. چەرخەبەبای نێر و مێی هەر ئاژەڵێک بە یەک ئەندازەیە، بەڵام درێژییەکەی بۆ هەر جوتێک بە گوێرەی جۆاوجۆری گیانداران هەم ناو هەم ئەندازەی دیاریکراوی هەیە، بۆ پشیلە «نەورۆ»یە و لە سەروبەری بەهار و نەورۆز دایە، هیی مەڕ وەرزێکە و هیی کەروێشک چەند وەرزە، بۆ سەگ بەهار و پایزە و نەهەنگ شەش مانگی بەرو و دوای نەورۆزە؛ ناوەکانیشیان وەک ئەمانەیە: بزنووەتەگە، پشیلەبەنەورۆ، دێڵەبەبا، مانگاوەکەڵ، ماینبەفاڵە، مەڕوەبەران.

**پشیلەشۆر :** هێمایی کینایە لستنەوەی بنی قاپ بەو جۆرەی پشیلە بە زمان ئەیلێسێتەوە. **ن:** ئەوە کەی کارە، پشیلەشۆریان ئەکات و بەجێیان ئەهێڵێ.

**پشیلەی پۆستاڵ لە پێ :** Puss_in_Boots ئەفسانە پشیلەی چەکمەپۆش، ئەفسانەی ئیتالیایی فەرانسەییە، لە ١٨٤٣ەوە بە شێوەی جۆراوجۆر چاپ

کراوە، بە هێی شارڵ پێرۆ دانراوە.




**پشیلەی شرۆدینگەر:** Schrödinger's cat زانست فیزیک لە میکانیکی کوانتۆمدا، تاقیکردنەوەیەکی هزرییە کە پارادۆکسی سەریەککەوتنی کوانتۆم پیشان ئەدات. لە تاقیکردنەوەیەکی هزریدا، ڕەنگە پشیلەیەکی گریمانەیی لە یەک کاتدا بە زیندوو و مردوو هەژمار بکرێت، چونکە چارەنووسی پەیوەندی بە ڕووداوێکی ژێر ئەتۆمی ڕێکەوتەوە هەیە کە ڕەنگە ڕووبدات و ڕەنگیشە ڕوونەدات. ئەم تاقیکردنەوە هزرییە لە لایەن فیزیکزان ئێروین شرۆدینگەرەوە لە ساڵی ١٩٣٥ و لە گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەلبێرت ئەنیشتاین ئەنجام درا، بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە شرۆدینگەر بە چ شێوەیەک کێشەکانی لێکدانەوەی کۆپێنهاگن بۆ میکانیکی کوانتۆم ئەبینی. ئەم سیناریۆیە زۆرجار لە مشتومڕە تیۆریەکانی لێکدانەوەکانی میکانیکی کوانتۆمدا، بە تایبەت لەو بارودۆخانەدا کە کێشەی پێوانەکردنیان تێدایە، دێتە ئاراوە. لە سیستەمێکی کوانتۆمی ئەتۆم یان فۆتۆن ئەتوانێت وەک تێکەڵەیەک لە چەندین دارەتدا بوونی هەبێت کە هاوتایە لەگەڵ دەرئەنجامە جیاوازە ئەگەرییەکان.








**پفەک :** cheese puffs, cheetos چەرەسر ناو جۆرێک چەرەس یان سنەکە snack لە گەنمەشامی برژاو و چێژەمەنی بەرهەم دێت؛ بریتییە لە خواردنێکی سووکی گەنمەشامی پفکراو، لەگەڵ تێکەڵەیەک لە پەنیر یان تۆزی چێژی پەنیر رووپۆش ئەکرێت. بە زۆر تەشکی درێژ و راست و خڕ دروست ئەکرێ. ع نفث الجبن N ostepuffer د پفک. ☜ پیفۆک ☜ پفەلۆک.




**پفەلۆک :** sfogliatelle شیرینی ناو (ئیتالیایی) سفۆگلیاتێلە، شیرینی ناپۆلی: شیرینی نووشتاوەی پەرەی پفکردوو (sfogliatelle riccia) یان تۆشەی ناوپڕ (sfogliatelle frolla)، لوولە ئەکرێت، پڕ ئەکرێت لە تێکەڵەیەک لە پەنیری ریکۆتا و لاچەڕ و چێژەمەنی و شەکر و، لە فرندا ئەکولێنرێت. ع المعجنات النفخة N butterkaker د شیرینی پف دار E puff pastries.




**پل :** pulse پزیشکی دڵودەمار لێدانی ریتمیکی دڵ و گەڕانی خوێن بە دەمارەکاندا کە لە مەچەکی دەست و دەماری لاملدا بەرهەستترە. ع نبض N

puls د نبض.

**پل** ـی {دەموچاو}: twitch دارەت واتە شوێنێکی دەموچاو لەپڕ ڕادەتەکێت، لێئەدا.







**پلار**: ❶ ناو شتێک بۆ تێگرتن بشێ، دارەدەستی هاویشتن؛ گۆچانئاسایەک کە شوان ئەیگرێتە مەڕ و بزن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە. پلار ئەتوانێ هەم فیزیکی و هەم مینەوی بێ. وەک پلاری دار، یان پلاری وشە و قسەی بە توێکڵ.

**پلار**: ❷ کینایە ناوی‌فەرمان تانە، تانووت، توانج، تەوس، لاتاو، لقووز.





**پلاستیکاری**: plasticizer کیمیا قاڵبسازی ماک یان هێسنێ {بەتایبەت

توێنەر) تێکەڵی جەوکی دەسکرد دەکرێ تا نەرمێتی و لخێزی شتەکان زیاد و، ڕەقی و قرچیان کەم کاتەوە. ع ملدن N mykner د پلاستیک کردن.










**پلاسیبۆ:** placebo پزیشکی دەروونجەستەیی شێوەدەرمان ناو شێوەدەرمان، دڵخۆشکەرە، هێمنکەرەوە، بە واتای «چاک ئەبمەوە» هێسن یان بەناو دەرمانێکە هیچ بایەخی دەرمانی نییە و تەنها بۆ دڵنەوایی و دڵخۆشکردن ئەدرێ بە نەخۆش. ئەگەر نەخۆش نکۆڵی بێت و وابزانێ نەخۆشە شێوەدەرمانی پلاسیبۆ ئەتوانێ لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە یارمەتی چاکبوونەوەی ئەدات، ئەگەر نەزانێ ئەو شێوەدەرمانەی ئەیخوات پلاسیبۆیە. ع علاج وهمي N Placeboeffekt د دارو نما.






**پلاکت:** platelets زیندەوەرزانی ناو یان ترۆمبۆسایتەکان بریتین لە پارچە خانەی بچووک و بێڕەنگ لە خوێندا کە ئەبنە هۆی مەین و وەستاندنی خوێنبەربوون. پلاکتەکان لە مۆخی ئێسکدا دروست دەبن و ئەو شانە ئیسفەنجییەیە لە ناو ئێسکەکاندا. مۆخی ئێسک خانە بنەڕەتییەکانی

تێدایە کە گەشە دەکەن بۆ خرۆکە سوورەکانی خوێن و خرۆکە سپییەکانی خوێن و پلاکتەکان. ع الصفائح N blodplater د پلاکت ها.




**پلان:** intrigue ناو ناوی فەرمان کەین و بەین بۆ فێڵبازی، نەخشەی کار. ع دسیسە N intrige د دسیسە ⇐ **پیلان:** conspiracy ناو نەخشەی نهێنی لە لایەن دەستەیەکەوە بە مەبەستێکی دژی ڕێسا یان زیانبار. ع مؤامرة N sammensvergelse د توطئە.

**پلانتە:** Francis Planté ژنا (١٨٣٩ـ١٩٣٤) پیانۆژەنی زۆر بە توانای فەرانسەیی.

**پلانڕێژ:** draughtsman ناو نەخشەکێش، دارێژەر، گەڵاڵەڕێژ. ع مصمم N tegner د طراح.

**پلۆتارک:** Plutarch مێژوونووس (٤٦ـ١٢) مێژوونووس و ژیاننامەنووس و نووسەری یۆنانی ـ ڕۆمی. پلۆتارک دژی ماتریالیزمی ستۆیک و بێخوایی ئێپیکۆری بڕوای بە خوایەکی پاک و بێوێنە هەبوو. ئاماژە بە **ماخوای پلۆتارکی** ئاماژەیە بە کەسێکی بەدەسەڵاتی بەنام و نادیاری پشت پەردە کە کارەکان ئەو ئەیبات بەڕێوە، بەڵام دیاریش نییە.










**پلۆتۆس:** Plautus هۆنەر کۆمیکار {٢٤٥ـ١٨٤ پ.ز†} هۆنەری کۆمیدی و شانۆنووسی ڕۆمی.









**پلۆتینۆس:** Plotinus فەیلەسووف {٢٠٤ـ٢٧٠} دوافەیلەسوفی سەر بە ژیاری یۆنانی کۆن.



**پلووروەوارانە:** rainbow دیاردە ناو تیرەژە، پەلکەزێڕینە، کۆڵکەزێڕینە.
ع قوس قزح N regnbue د زرین کمان، قوس قزح.



**پلووس:** plus پیرکاری هێما ناو کۆ، نیشانەی کۆکردنەوە.

**پلەبەندی مووچە:** base pay کارگێڕی دامودەزگا ڕاژە پایەی مووچە، نرخی لانیکەمی قەرەبووکردنەوەی خزمەتگوزاری فەرمانبەرە، بە گوێرەی بڕوانامە و پسپۆڕی، لەسەر بناغەی کاتژمێر، ڕۆژ، حەفتە، مانگ و ساڵ دەستنیشان ئەکرێ. ع الراتب الأساسِ N grunnlønn د پایە حقوقی.

**پلەبیەن:** plebeian کینایە کۆمەڵناسی ناو بۆرەپیاو، ڕەنجدەر. patrician and plebeian خانەدان و بۆرەپیاو.

**پلەپلە:** gradient ناو پلەدار، پلەبەندی، بەرز و نزمبوونەوەی تایبەتمەندییەک وەکوو گەرما، فشار، خەستی و ڕەنگ لە گوزەری ساتبەسات بۆ پلەیەکی جیاواز: پلەپلەی ڕەش بۆ سپی: فیزیک پلەپلەی گەرم بۆ سارد، پلەپلەی خەست بۆ شل. ع الممال N gradient د تدرج.



**پلەجێریزم:** plagiarism شێواز ناو دزینی وێژە و ئەندێشە، ناوەڕۆک فڕاندن، هێنانی بەرهەمی وێژەیی یان هونەری یان زانستی کەسێکی تر و، بە کەمێک گۆڕانکارییەوە بە ناوی خۆوە بڵاوکردنەوەی: دزی وێژەیی، دزی هونەری، دزی زانستی. ع سرقة علمیة N plagiat د سرقت ادبی E plagiarize, plagiarizing, plagiarized.

**ژێوەرگرتن:** adaptation وێژە سینەما گونجاندن، لێئانین، ڕەوتی گونجاندنی دەقێکی ڕۆمانی بۆ شانۆ یان سینەما. ع اقتباس N

tilpasning [د] اقتباس. ← هەروەها citation بە واتای پازە و ژێوەرگرتن ئەبێ.

← **بەرهەمی وەرگیراو:** derivative work بەرهەمێک کە لە بەدیهاتنیدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی سوود لەو توخمانە وەرئەگیرێ کە پێشتر ئافرێنراوە و مافی زۆرکردنی هەیە. [ع] عمل مشتق [N] Avledet arbeid [د] اثر اقتباسی

← **ڕێککەوتننامەی وەرگیراو:** Derivative Contract بەڕێککەوتننامەیەک ئەوترێ کە بایەخی بەهایی ئەوانە بەستراوە بە تۆڵا یان یان پارە یان بەڵگەی بەهادار و خۆیان هیچ بایەخێکی سەربەخۆیان نییە

← **ژێوەرگرتنی ئازاد:** loosely based ژێوەرگرتن.




**پلەخانۆف:** Georgi Plekhanov مارکسیست تیۆریسیەن گیۆرگی، {۱۸۵٦ـ۱۹۱۸} تیۆریسیەنی مارکسیستی ڕووس، لە دامەزرێنەرانی پارتی سۆسیال دیمۆکراتی کرێکاری ڕووسیە. پاش جیابوونەوە لەگەڵ مۆنشۆڤیکەکان کەوت، بەڵام هەمیشە تێئەکۆشا پارتی یەک بخاتەوە. زۆر پەرتووکی

لەمەڕ مارکسیزم نووسیوە وەکوو «ئانارشیزم و سۆسیالیزم»، «مێژووی ماتریالیزم»، «پەرەسەندنی ڕوانگەی مۆنیستی مێژوو»، «سۆسیالیزمی زانستی و مێژوو»، «هانریک ئیبسن»، «ڕۆڵی کەسایەتی لە مێژوودا»، «ئێمە و ئەوان» و «ئاریشە بنەڕەتییەکانی مارکیزم»ـە.












**پلەخانۆف و چەک:** بووبەر ڕامیاری پاش شکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی مانگی دێسەمبری ١٩٠٥، پلەخانۆف Plekhanoff بە لایەنگری لە بۆچوونی مۆنشۆڤیکەکان، دژی بۆلشۆڤیکەکان وتی: «دەستدانە چەک کارێکی دروست نەبوو.» بەڵام لینین وەڵامی دایەوە: «ئەمکارە نەتەنها دروست بوو، بەڵکو ئەبوایە بە شێوەیەکی لێبڕاوانەتر و تۆکمەتر و بە گیانی پەلاماری زیاترەوە ڕوو بدات.»




**پلەندەر:** intractable ئاوەڵناو شەڕانی، جنگز، جەنگخواز، شەڕواز، ڕووش، تیزۆ، سەربزێو. ع صعب N uhåndterlig د ستیزەجو.

**پلەکانی ئەفسەری سەربازی:** سەربازی کارگێڕی یەکەی سپایی {پەل، کەرت، تیپ، گوردان، هەنگ، هێز، لەشکر} پلەکان ئەبن بە: جێدار، جێداری دووەم، جێداری یەکەم، پێشەنگ، پێشڕەو، پێشکار، سەردار یان سەرهەنگ، سەرتیپ، سالار، سالاری یەکەم، شکۆدار. ⇦ مێشەنگ بە واتای ئاپۆرەی هەنگە، سەرهەنگ سەرکردەی هەنگە.



پلەی ئەفسەرانی سەربازی

| | | |
|---|---|---|
| جێدار | ملازم | Regimental sergent Major |
| جێداری دووەم | ملازم ٢ | 2nd Lieutenant |
| جێداری یەکەم | ملازم ١ | 1st Lieutenant |
| پێشەنگ | نقيب | Captain |
| پێشڕەو | رائد | Major |
| پێشکار | مقدم | Lieutenant - Colonel |
| سەردار | عقيد | Colonel |
| ڕاگر | العميد | Brigadier |
| سەرتیپ | اللواء | Major- General |
| سالار | الفريق | Lieutenant- General |
| سالاری یەکەم | الفريق الاول | General |
| شکۆدار | المهيب | Field-Marshal |

**پلینی گەنج:** Gaius Caecilius مێژوونووس دادوەر ناسراو بە Pliny the

Younger کە باوکی بە پلینی گەورە ناسرابوو {٦١ـ١١٣ز} مێژوونووس و دادوەری ڕۆمی.



**پلۆپلە:** ornament pendant خشڵ ناو زێڕەسکەی ورد لە زنجیردا بۆ خشڵ. ع قلادة زخرفة N ornament anheng د زیور آویزە ⇐

**پەرەنگ:** earring pendant خشڵ ناو لەرزانەی گوارە ع قلادة القرط N øredobber anheng د آویز گوشوارە.








**پلۆت:** plot ناو ☜ چنین.

**پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا :** Plot in the Kurdish story زمانەوانی واتە چنین لە چیرۆکی کوردیدا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٥ ئەگرێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی وێژەیی نووسەر و مامۆستای زانکۆ (بوشرا کەسنەزانی)یە، بابەتەکانی بریتییە لە (سەرەتایەک سەبارەت بە پلۆت، زاراوە و چەمکی پلۆت، پلۆت لە چەند تێڕوانینێکەوە، پلۆت بە دیدی باو، چیرۆکی بەپلۆت، چیرۆکی بێپلۆت، پلۆت بە دیدی نوێ، بونیادگەرەکان؛ چیرۆکسازان: ڤلادیمیر پرۆپ و لیڤی شتراوس؛ فۆرمالیستە ڕووسەکان: جیاکردنەوەی پلۆت لە چیرۆک؛ وەچەکانی پرۆپ: گریماس، کلۆد بیرمۆن، تۆدۆرۆڤ؛ پلۆت لە نیوان دیدی باو و نوێدا، سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی؛ بونیادی چیرۆک پەیوەست بە پلۆتەوە؛ توخمە بونیادییەکانی چیرۆک، ڕووداو، کەسێتی، کات و شوێن؛ جۆرەکانی پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا؛ چەند دابەشکردنێکی پلۆت، پلۆت لەسەر ئاستی کات، کاتی مێژوویی، کاتی دەروونی، مۆنۆلۆگی ناوەکی، مۆنۆلۆگی شانۆیی، خۆنواندن، کاتی گەڕانەوە، کاتی پێشخستن؛ ئیستاتیکای پلۆتی چیرۆکی کوردی، گۆشەنیگای گێڕانەوە، گۆشەنیگای کەسی یەکەم، گۆشەنیگای وەگێڕی کەسی یەکەم یان هەمووشتزان، گۆشەنیگای چەند لایەنە؛ بونیادی گشتی چیرۆک؛ ئەنجام، سەرچاوەکان، پوختەی باسەکە بە زمای عەرەبی، پوختەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی.) لێرەوە دەرئەکەوێ چ نووسەر و چ خوێنەر ئەتوانن وەڵامی زۆر لە پرسیارەکانیان لەم بەرهەمەدا بدۆزنەوە. ☜ چنین.



**پنتی:** vile ئاوەڵناو بێنرخ، بێبایەخ، سووک و چرووک؛ گەمار. ع حقیر N sjofel د حقیر.

**پنجار:** spinach ڕووەک ناو ئەسپەناخ، سپێناخ، ڕووەکێکی ئاسیایی خواردنییە بە شێوەیەکی بەرفراوان دەچێنرێت، گەڵا گەورە و سەوزی تۆخە، بە کاڵی و کوڵاوی وەکوو سەوزە دەخورێت. ع سبانخ N spinat د اسفناج.




**پنچک:** bush ڕووەک ناو دەوەن. ع شجیرة N busk د بتە.



**پندار:❶** ناو ئەندێشە، وەرم، سەرۆ، بۆچوون، تەمار، گومان. ع فکرة N idé د تصور E fancy, fiction, idea, mind's eye, notion, opinion, suspicion, thought.

**پندار:❷** Imagine وەرم، تەمار، گومان. ع تخیل N tenke د تصور.

**پندربوونەوە:** relaxation چاوگی دووەم ئارامبوونەوە، هێوربوونەوە،

ستارگرتن. ع استرخاء N avslapning د آرام گرفتن.

**پنگە:** wild mint گیا ناو پنگ، پونگە، گیایەکی بەهاریی ئاویی بۆنخۆشە لە تیرەی نەعنا وایە. ع حبق N vill mynte د پودنە.

**زرپنگ:** wild mint گیا ناو زرەپنگ، زرەپنگە، جۆرێ پنگە زۆر بڵند دەبێ و ناشخورێ.



**زرەپنگ:** زرپنگ، جۆرێ پنگە زۆر بڵند دەبێ و ناشخورێ. د گیاه بدل پونە.

**پنگر:** ناو پەرەنگ، پۆلوو، سکڵ، پن، پۆل.



**پنوو:** pneu ئامێر کورتکراو کورتکراوەی نیۆماتیک pneumatic، جۆرێک تەلەگراف بوو لە ڕێگەی بۆرییەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە بۆشایی ئەنێردرا. وشەی pneu پۆرتوگالییە بە واتای تیوب، بەڵام لە ئینگلیزی p کەی گۆ ناکرێ و ئەبێ بە نیو و نیۆماتیک.



**پنە :** ئاشپەزی ناو تەختە و دەپێکە گونگەنانی لەسەر پان ئەکەنەوە.

⇦ **تیرۆک :** ناو دارۆکەیەکی خەڕاتی کراوە بۆ گونک پان کردنەوە.

⇦ **وەردێنە :** ناو تیرۆکی ئەستووری گونگ پان کردنەوە.










**پۆ :** weft ناو هێلمە، تێوەدانی تەون، هەواڵی ڕایەڵ. ع لحمة N innslag د پود. ⇦ **تان و پۆ :** warp and woof ناو بناغە یان بنەمای جەوهەری هەر پێکهاتە یان ڕێکخراو یان تەنراوێک؛ ئەگەر تان ـ ئەو تارانەی کە بە درێژایی ڕاکێشراوە ـ و پۆ ـ ئەو تارانەی کە بەسەریدا ئەڕۆن ـ یەک بگرن تەنراو یان کووتاڵ پێکئەهێنن.

ن: تان و پۆی ئەولەهی و پارێزراوی نەتەوەی کورد، تەنها و تەنها سەربەخۆییە. ع الاعوجاج واللحمة N renning og innslag د تار و پود.










**پۆپلین :** popolin دراو ناو سکەیەکی زیوی ئورووپایی سەدەی ١٢ تا ١٦ بوو، ڕێک بە ئەندازەی فلۆرینی زێڕ، بەڵام بەهای تەنها دوو سۆڵدی soldi بوو. ☜ سۆڵدی

**پۆپە ❶:** rooster crown ناو قوتکەی سەر، کاکۆڵ، گۆشتی سەری کەڵەشێر و مامر، ترووپکی کێو. ع تاج الدیک N hanekrone د تاج خروس.









**پۆپە ❷:** zenith ئەستێرەناسی پۆپەی ئاسمانی، بالآترین شوێن کە گۆ یان ئەستێرەیەکی ئاسمانی بیگاتێ. ع سمت الراس N senit د سمت الراس.



**پۆپە:** ❸ crescendo موزیک ناو ئاوەڵناو بەرزبوونەوە، بەرەوسەر، ڕوولەسەر، هەستان تا لوتکە؛ بەرزترین خاڵ کە دەنگێک وردە وردە پێی ئەگات.
هێمایر لوتکەی داهێنان و ئافراندن لە کاری هونەریدا. ع تصاعد N crescendo د اوج.

**پۆپەشمینە:** تەنراو ناو چنراوێکی پەشمینی ناسک و گرانبایە، کاتی گەرما یان سەرخەوی نیوەڕوان ئەیدەن بە خۆیاندا.



**پۆتسدام:** Potsdam جوگرافیا پایتەخت لە شارەکانی ئاڵمان، بارەگای ئیمپراتۆرانی پرووس.








**پۆتمکین:** Potemkin کەشتی هاتوچۆ کەشتی جەنگی هێزی زەریایی ئیمپراتۆری ڕووسیە لە زەریای ڕەش، کە فەرمانبەرانی لە جوونی ١٩٠٥دا دژی دەسەڵات ڕاپەڕین.

**پۆتمکین:** Potemkin فیلم فیلمی بێدەنگی سۆڤیێتی ١٩٢٥ دەرهێنانی سێرگەی ئایزنشتاین.











**پۆتێل و شابۆ:** Potel and Chabot کەسایەتی ناوی تایبەت {گەڕان_٧} دوو ئاشپەزی بەناوبانگی خواردنی کەشخەی سەدەی نۆزدە. ژان فرانسوا پۆتێل Jean_François Potel سەرئاشپەزی شیرینی و مریشکی برژاو و ئەیەنتین شابۆ Ientienne Chabot سەرئاشپەزی لویی فیلیپ پێکەوە هاوکاری ئەکەن و ساڵی ١٨٤٥ لە شەقامی مۆنمارتری پاریس بەرداوێژێک دووری پالاس ڕۆیاڵ Palais_Royal ڕێستۆرانتی هاوبەش بۆ خواردنی ناوازە ئەکەنەوە. پۆتێل و شابۆ هەتا ئێستەش بەردەوامە و بۆنەی هەژەند و تایبەت ساز ئەکات.



**پۆتەن:** Pierre Potain نەشتەرگەری دڵ (١٨٢٥ـ١٩٠١) پییەر، زانای نەشتەرگەری دڵ و خاوەنی چەندین پەرتووک دەربارەی دڵ و سی، ئەندامی ئاکادێمی زانستی فەڕانسە.



**پۆخڵەکاری:** ناوی چاوگ کارێ کە سەرسەری بەڕێوە بچێ.

**پۆدرلێدانی قژ:** powdered hair ئارایشت لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە ڕازاندنەوەی قژ لە دیاردە ناسراوەکانی سەردەمی ڕەوشەنگەری Age of Enlightenmentی فەڕانسە و تا ڕادەیەکی کەمتر بەریتانیاش بوو، یەکێک لە بەشەکانی ئەو ڕازاندنەوەیە لێدانی پۆدری ڕەنگاوڕەنگ بوو لە بسک.



**پۆدۆڤکین:** Vsevolod Pudovkin دەرهێنەر (١٨٩٣_١٩٥٣) دەرهێنەری سۆڤیەتی.









**پۆرت❶:** particle, portion ناو پرت، پرتک، پرتوک، پرتکە، بەشێکی زۆر کەم لە شتێکی زۆر. ع جزء N partikkel, smådel د ذره.

↤ **پۆرت شکاندن:** کینایە هێمایی بە واتای ڕیسوارکردن و وەڵامنەدانەوە و ڕووشکاندنە.

ن: **پۆرتی شکاند:** دەمی پێداخست، لووتی شکاند، ئابڕووی برد، گوتەکەی بەدرۆخستەوە.





**پۆرت❷:** tress ناو پرچ، قژ. ع خصلة شعر N lokke د گیسو، طره.
↤ **پۆرتک:** scarf پۆشاک ناو سەرپۆش، مو داپۆش. ع وشاح N skjerf د روسری. ↤ سەرپۆش هەروەها واتای هێمایی هەیە و دەسگرۆیی و یارمەتیدان ئەگرێتەوە:

هەرچەند نیمە کۆشک و تەلار خۆمی پێوە با بدەم
نیمە سامان و نیمە ماڵ، هەژاری پێ سەرپۆش بکەم
ئەوەی هەمە بارەتەقای ڕاوەنی ئەم جیهانەن و
چەند دۆستێکن، بە هەموو داژدەی جیهانیان نادەم





**پۆرت بۆ:** Portbou جوگرافیا بەندەر بەندەرێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کاتالانی ئیسپانیا، لەسەر سنووری کۆستابراڤای فەڕانسە.





**پۆرترێتی چارلزی یەکەم:** شێوەکاری وێنەی سێ ڕوخساری شای ئینگلیز (١٦٠٠ـ١٦٤٩) شاکاری ئوستادی فلاماندی ئانتۆنی ڤان دایک.



**پۆرت ـ ڕۆیاڵ:** Port _ Royal ئابینناسر شێواز وێژە ڕوانگەیەکی ژانسنیستی لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە لە تەوەری دەیری پۆرت ــ ڕۆیاڵ دێشان و پاشان لە پاریس بەدی هات و کاری کردە سەر چالاکیی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری ئەم خولە. ◄ دەیری پۆرت ـ ڕۆیاڵ جگە لەبەرەنگاربوونەوەی ئیمپراتۆر لویی چواردە، ژمارەیەک فێرگەی بچووکی پۆرت ـ ڕۆیاڵی دامەزراند کە کۆمەڵێک لە ناودارانی سەردەم وەکوو ڕاسین تێیدا پەروەردە بوون.





**پۆرفێری:** Porphyry فەیلەسووف (٢٣٤ ـ ٣٠٥) لە فەیلەسوفانی نۆپلاتۆیی فێرگەی ئەسکەندەرییە، شاگردی پلۆتینۆس.



**پۆرفێری:** porphyry جیۆلۆجی خشڵ جۆرە بەردێکی گرماڵکەیە لە پێکهاتەکەیدا کریستاڵی گەورە لە ناو ناوەندێکی کریستاڵی بچووکدا هەیە.



**پۆرگ:❶** ڕووەک ناو بەرگی خونچەی گوڵی نەپشکووتوو. خاڵ

**پۆرگ:❷** ناو زیپکەی هەڵتۆقیوی پڕ ئاو. ☜ پۆقڕە

**پۆرگ:❸** callus ناو پەترۆکە، پێستی مردووی قەتماخە بەستوو. ع مسمار القدم N hudhval د پینە.



**پۆز:** ناو لووت، دەم و لووتی ئاژەڵ.

**پۆز:** arrogance ئاوەڵناو دفرە، لووتبەرزی، چۆنایەتی خۆبەزلزانین. ع غطرسة N arroganse د تکبر.

**پۆزبلند:** poseur ناو بەپۆز، بەدفرە، لووتبەرز، خۆگر، خۆبەزلزان. ع متکبر N arrogant د متکبر.

**پۆزیتیڤ:** Positif گۆڤار گۆڤاری فیلمی فەڕانسەیی، ١٩٥٢ لە لیۆن دامەزرا و نوسینگەی لە پاریسە. زۆر جار وەک خەنیمی کایە دو سینەما ئەینووسی.

**پۆزی ڕێکامییە:** شێوەکاری ئەمازەیە بە تابلۆی بەناوبانگی خاتوو ڕێکامییە لەسەر قەرەویڵەی درێژۆکە کە داوید Jacques-Louis David کێشاوێتی.



**پۆستی خۆڵەمێشی:** Graymail ئاسایتر ئای تر ئیمەیڵی هەرەمەکە، کە لەگەڵ پێناسەی «سپام»یشدا ناگونجێت. چونکە داوا کراوە و لە سەرچاوەیەکی ڕێساییەوە هاتووە و بۆ وەرگرە جیاوازەکان، بەهای جیاوازی هەیە. نموونەی پۆستی خۆڵەمێشی دەتوانن هەواڵنامەی وەرزی، ڕاگەیاندن، یان ڕێکلام بن کە بۆ بەرژەوەندییە تایبەتەکانی وەرگرێک دەکرێنە ئامانج. ع البريد الرمادي N gråpost د پست خاکستری. ⇦ زنجیرەی نۆمس: The Recruit






**پۆسۆن دو ترای:** Ponson du Terrail نووسەر {١٨٢٩ـ١٨٧١} نووسەری فەڕانسەیی ٧٣ ڕۆمان و بەدیهێنەری کەسایەتی ڕۆکامبۆل.




**پۆسیدۆن:** Poseidon میسۆلۆجی یەکێک لە دوانزە خوایانی ئۆلمپ و گرنگترینی ئێزەدانی یۆنانی کەونارا بوو. ناوەکەی بەواتای «سەرووەری زەوی»یە. ڕۆمییەکان بە هاوشانی نێپتۆن دایان ناوە. پۆسیدۆن ێزەدی زەریاکان بوو، دوو براکەی زیۆس و هادێس‌یش فەرمانڕەوای ئاسمان و جیهانی بنەوە بوون. پۆزیدۆن لەگەڵ مێدۆسای شەنگ تێکەڵ ئەبێ و ئاتنا مێدۆسا ئەکا بە ژنێکی دشت و قژی ئەکا بە مار. لەگەڵ ئاپۆلۆن لە دروستکردنی شوورەی ترۆی‌دا نەخشی هەبووە.




**پۆقژە:** alveoli ناو وردەزیپکە کە ئاوی تێدا بێ. ع الحويصلات N alveoler د حبابچە. ← **پۆرگ:❷** ناو پێستی هەڵتۆقیوی پڕ ئاو.

**پۆشاک:** attire ناو جلوبەرگ، بە تایبەتی جلی فەرمی و میوانی. ع الملابس N antrekk د لباس.

**پۆشین:** ❶ wear چاوگی تێنەپەڕ داپۆشین، لەبەرکردن، وەشاردن. ع ارتداء N ha på د پوشیدن.

**پۆشین:** ❷ cover هێمایی کینایە چاوگی تێنەپەڕ توانجپۆشین، ونکردن و دێزە بە دەرخۆنەی نووچە و دەنگوباس بۆ ئەوەی بڵاو نەبێتەوە. ع التغطیة N wrap د مخفی کردن.

**پۆشین:** ❸ Īhām زمانەوانی ڕێسای هۆنین ناو ئیهام، لە هۆنراوەی کوردی و عەرەبی و ئوردوو و دەریدا ئامێرێکی وێژەییە، نووسەر وشەیەک، یان دەستەواژەیەک بەکار ئەهێنێت کە بۆی هەیە بە چەند شێوە بخوێنرێتەوە. هەروەها ئەگەری هەیە هەریەک لە واتاکان لە ڕووی لۆژیکییەوە دروست بن و، بە یەکسانی ڕاست و مەبەستدار بن. ع ایهام N Īhām د ایهام. :ن

## ناحەز و جوان

مەلا غەفوور دەباغی

تا بژیم تێت دەبڕم خاوەنی جوانی و دەسەڵات
چاوی ئاوات و هیوام ئەی گوڵی سەرتۆپی وڵات
دادەمرکێ کوڵی دڵ، تاوێکی ڕێت خەم چ دەبێ
بە سەری نووکی زمانم لە بنی پەنجەی پات
ڕۆژی هەڵکەوتە دەبجا بێ گوڵەکەم تێت ڕاکەم
لە ترۆمبێلی فیداکاری بەرەو کۆڕی خەبات
لێت دەبەم جارێ بە بێدەنگی، نەچی بیکەیە قاو
نێوی هاوکاری لەگەڵ شۆڕشەکەی دیموکرات
یاری شیرین! دە وەرە تا زووە، تا لێت نە چووە

تەمـــــەنی جوانی؛ بژین پێکەوە، تا کەی بە تەمات
گیانەکـــەم خۆ تـۆ هەزار جار پترت داوە بـــە من
قەولی بێ کـردەوە، هەر وشکە تریتـەم بە تەمات
کە نـــگێ بۆم دادەکەنی خۆمی بەسەر داکێـشم
کەوشەکەت ماچ کەم و سەر دانێمە بەر پێت کز و مات
لێت نەچی ڕەنگە لەبەر تەنگی ئەشێ بۆت تەڕ کەم
دەستــــە نەرم و شلەکەت، بازنە ئـــازاری نەدات
تونـــد و تیــــژی بەسە، بۆم تیل کە، دە بـا لێی ڕادەم
بە سمێڵ گەسکی دەم ئەو تۆزە لە سەر شانی کەوات
تـۆ لە سەر ئەو ڕقە بی تێک دەچەقێنیــن لە پـــڕا
من لە پێت درکی مژۆڵ، تـۆ لە دڵم تیــــری نیگات
هـــەر نەبێ تاقە یەکێکم دەیە تـــا خـــۆم نەکوژم
لەم هەمـوو دەسرە کە پێی دەسڕی دەم و لێوی نەبات
پێڵە خاوی کەمـــەوە، ڕەق بووە سندوقی سەرت
باری لێــــوم بە تکەی ئارەقەکەی ســــەر گۆنات
پاش و پێش هـــەر یەکە بۆ من کە مەبەستم چوونە
زەردە لیمۆ چووە ناو دەستمـــــەوە یا پرچی سیات
هەر لە لای تـۆیە ئەوەی من دەمـــەوێ تـێی کێشم
خۆڵی بەر پێتە لە چاوم کـــــرێ ڕوونـــاکی دەکات
حەز دەکەی جارێ بژیم بۆم وەرە پێش بـــا تێی نێم
دەم لە نێوانی مەمە و سینە، وەخۆم ئـــــاوی حەیات
نایــــەڵم بێشێ، وەرە پێشێ دەبـــا بۆت تێـخەم
ئەم دوو ئەنگوستیـــلە ئاڵتـــونە لە قامکت بە خەڵات

دە وەرە گیان و قەوەت، تاوێ ئەوەم بگـــرە بەوەت
نەزمی دەستەم بە سەری پەنجە، نەخۆشم کەلەلات
من کە خۆم ناوەتە پێنـــاوت، ئەتۆش بـــۆم فش کە
قۆڵی ڕاستت بخەمە باســـکم و دەرچِیــن لە وڵات
با بکەمە تـۆبە لە سەر دەست و ئیتــــر دای هێڵـــم
ریشی بۆزم؛ ببمە سالکی بەرکـۆشک و ســـەرات
تا کوتــم: کوانێ؟ بڵێ: هـــانێ! دڵم مەشکێنــە
دافزم، موستەحەقم، چاو لە دەسی تـۆم هەموو کات
جوانی تـۆی دا لە محەک، ناحەزی من، بۆمـ دەرکەوت
ئەوەی جوانـــان هەیانە، بە تەنیـــا هەیـە لەت
گوڵەکەمە بۆیـە نەشەت ســـازە دەڵێــن چاکت دا
تاقیکاری شەشی ناوەنـدی، بڕێ ماموٚســـتات
خۆت کەمێ شل کە، سەرت داخە دەبا پێتەوەنێم
دوو زەر و کوڵمی گەش و چاڵی چەنەت زیپکە نەکات

ئاسۆی ڕوون، ٢٠١٥

**پۆل:❶** group, team پۆلێن ناو دەستە، ژمارەیەک کەس یان شت کە لە نزیک یەک هەڵکەوتوون یان بەیەکەوە دانراون یان پۆلێن کراون. ع مجموعة، مفرزة N gruppe د گروە، دستە.

**پۆل:❷** flock پۆلێن ناو دەستە، ڕەوە. ن: پۆلە باڵندە. ع قطیع N flokk د دستە پرندگان.

**ڕان:** swarm ناو ڕەوکە، گەل، مێگەل، ڕەوە. ن: ڕەوەی مەڕ و بزن، ڕانی ئەسپ، گاڕان، مانگاڕان. ع سرب N sverm د رمە، گلە.

**ڕەوە:** flock ناو پۆل یان پەرەمێک باڵندەی یەک جۆر کە پێکەوە چینەئەکەن، ڕاوئەکەن، پشوو ئەدەن، یان گەشت ئەکەن. ن: ڕەوە

ئەسپ. ع قَطيع N flokk د دستە پرندگان.

**کەرگە :** swarm ناو ڕان، گەل، ڕەوە، زیاتر بۆ گوێرەکە بەکار دێت. ف: کەرگە گوێرەکە. ع سرب N sverm د رمە، گلە.

**گەل :** swarm ناو ڕان، گەل، مێگەلە مەڕ، ڕەوە. ف: گاگەل، کاوڕەگەل، گەلەگورگ. ع سرب N sverm د رمە، گلە.



**پۆل :**❷ پۆلێن سەربازی ناو بەشێ لە لەشکر ١٠ تا ٥٠ کەس بێ. پۆل و کەرت و لق و تیپ و هێز. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بریتییە لە:

پۆل : Platoon یان Troop ٧ تا ٣٠ پێشمەرگە،

کەرت ، لق : Company سێ پۆلە ٥٠ تا ١٠٠ پێشمەرگە،

تیپ : Battalion سێ کەرتە ١٠٠ تا ٣٠٠ پێشمەرگە،

هێز : Regiment سێ تیپ، ١٠٠٠ تا ٢٠٠٠ پێشمەرگە.



**پۆلۆنزی:** polonaise سەما فەڕانسەیی وشەی Polish، سەمایەکی ڕێدەر پۆلۆنییە.



**پۆلێن:** compartmentalization ناو دابەشکردنی شتێک بەسەر دەستە یان پاڕی تایبەتدا. ع التقسیم N oppdeling د تەقسیم بندی E classification.




**پۆلیا:** Puglia یان Apulia جوگرافیا ناوچەیەکە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا.



**پۆلیانا :** pollyanna ویژە ڕۆمان ناو ڕۆمانێکی ١٩١٣ی نووسەری ئەمریکی ئێلینۆر ئێچ پۆرتێرە Eleanor H. Porter و بە کلاسیکی ویژەی منداڵان دادەنرێت. پۆلیانا بووە بە سەرباشقەی مێرمنداڵێکی شەنگ و گەشبین. پێشبازی لەم ڕۆمانە بووە هۆی ئەوەی چەندین ڕۆمانی تر بە دوایدا بێت و چەندین جار بکرێ بە فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی. وەک پۆلیانای ١٩٢٠، ١٩٦٠، ٢٠٠٣، ٢٠٢٣.




**پۆلیپ :** polypus نەخۆشی ناو لوویەکی ڕیشەدارە کە لە ناو لووت و میزەڵدان و ڕیخۆڵە گەورە... بەدی دێ.



**پۆلیتزێر :** Pulitzer خەڵاتێکی ساڵانەیە لە ١٩١٧ـەوە ئەدرێ بە ڕۆژنامەوانی، ڕۆمان، هۆنراوە، و دراما و موزیک و هەروەها وێنەی گرنگی بوێرانە و ڕیسواگەر کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا لە ئەمریکا چاپ یان پێشکەش کرابێتن. ⇐ وێنەی تیرەبارانی ٩ پێشمەرگەی کورد لە ١٩٧٩ لە شاری

سنە براوەی خەڵاتی پۆلیتزێرە.






**پۆلیچنێل:** Polichinelle کەسایەتر شانۆ کەسایەتییەکی کلاسیکی کۆمیدی ئیتالیاییە کە لە سەدەی حەڤدەوە سەری هەڵدا و بە دەیان شێوە و شێوازی جۆراوجۆر لەیستۆکی لێ ساز کراوە، لە پاش ئەوەی سیلڤیۆ فیۆریلۆ Silvio Fiorillo لە پەرتووکی هونەری کۆمیدیا Commedia dell'arte le لە ١٦٢٠دا ئەمازەی پێدا. پۆلیچنێل بە دەنگی جەماوەر و نوێنەرەوەی مرۆڤی بزۆز و هەڵسوور دانراوە کە ئەم لایەنەی هەندێ جار تا ڕادەی قەبەکردنەوە خۆی ئەنوێنێ، پۆلیچنێل بەو پێیەی کە لە لایەن دوو باوەکەوە گەورە کراوە، بووە بە خاوەنی دوو کەسایەتی جیاواز و سەمەرە و تا ڕادەیەک قاپان و فسفس پاڵەوانی E Pulcinella.










**پۆلی-سای لاوەکی:** Poli_sci minor زانست یان Minor in Political Science واتە ڕشتەی زانستی ڕامیاری لاوەکی، ڕشتەیەکە ڕێگە بە خوێندکار ئەدات خولی جۆراوجۆر لە ڕشتە لاوەکییەکانی زانستی ڕامیاریدا هەڵبژێری، یان لە یەکێکیاندا درێژە بە خوێندن بدات.

**ڕشتەی لاوەکی:** minor زانست خوێندن یان Sub_discipline هەندێ خوێندکار بە تایبەت ئەوانەی زانستی ڕامیاری ئەخوێنن ئەتوانن جگە لە ڕشتەی سەرەکی هەندێ ڕشتەی لاوەکیش بخوێنن.

**پۆلیسی تایبەت:** Special Constable ئەولەهەر ناوی لێکدراو پلەیەکی پۆلیسە لە ئینگلیز و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لە ئینگلیز بە ئەندامانی هێزی بەرگری ئەوترێ.

**پۆلیکاربۆنەکان:** (PC) Polycarbonates کۆمەڵێک پۆلیمرە پلاستیکییە گەرمەکانن کە لە پێکهاتە کیمیاییەکانیاندا گرووپی کاربۆناتی تێدایە. پۆلی کاربۆناتەکان کە لە ئەندازیاریدا بەکارئەهێنرێن، هێسنی بەهێز و سەختن و هەندێکیان لە هەندێ پلەدا لە ڕووی بیناییەوە ڕوون و وەنەدین. ع بولی كربونات N Polykarbonat د پلی کاربن.




**پۆلیمر:** polymer کیمیا ناو هێسنێکە پێکهاتەیەکی گەردیلەیی هەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی یان بە تەواوەتی لە ژمارەیەکی زۆر یەکەی هاوشێوە پێکدێت کە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بۆ نموونە، لە زۆرێک ئەستووی ئۆرگانیکی دەستکرد، وەک پلاستیک و ڕەزین بەکار دەهێنرێن. ع البوليمر N polymer د پلیمر.










**پۆلیمەس :** polymath بیرکاری ناو فرەزانستمەند، هەمەزان، فەرزانە، کەسێکە شارەزای کۆمەڵێک زانستی گرنگ و بابەتی جۆراوجۆرە، ناسراوە بەوەی سوود لە جەستەی ئاڵۆزی زانست وەردەگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتەکان. لە ئەورووپای ڕۆژئاوا، یەکەم بەرهەم کە زاراوەی پۆلیمەسی لە ناونیشانەکەیدا بەکارهێنا، ساڵی ١٦٠٣ لە لایەن یۆهان ڤۆن ڤۆرن Johann von Wowern فەیلەسوفی هامبۆرگییەوە بڵاوکرایەوە. ع علماء N polymatikk د علماء.









**پۆلینزیا :** Polynesia جوگرافیا نزیکەی ١٠٠٠ دورگەن لە ئۆقیانووسی ئارام و بەشێکن لە کیشوەری ئوقیانووسییە.





**پۆڵ-ئێمیل ڤیکتۆر :** Paul-Emile Victor ژان (١٩٠٧-١٩٩٥) دۆزەرەوە و ئەتنۆلۆجیستی فەرەنسەیی.






**پۆڵ بۆرژە:** Paul Bourget نووسەر هۆنەر (١٨٥٢ـ١٩٣٥) ڕەخنەگر و ڕۆماننووس و هۆنەری فەڕانسەیی.











**پۆڵ گوندە:** That struggle_for_life de Gondi، پۆڵ گوندە هەمان کاردیناڵ دو ڕێتزە Jean François Paul de Gondi_Cardinal de Retz (١٦١٣ـ١٦٧٩).






**پۆڵ مۆران:** Paul Morand نووسەر (١٨٨٨ـ ١٩٧٩) ڕۆماننووس و دیپلۆماتی فەڕانسەیی، مۆدێرنیست و وێناگەر.






**پۆلیش :** poolish ئاشپەزی ناو هەویرترشێکی سفەنجی یەک ڕۆژەی ئاو و ئاردی بەرامبەر لەگەڵ یەک تۆز هەوێن ☜ نانی پۆلیش.








**پۆلینیاک :** dour نازیلە ناوی تایبەت (١٧٨٠ـ١٨٤٧) جووڵ دو پۆلینیاک، کۆنت و پاشان شازادە و دواتریش دوکی پۆلینیاک، ڕامیاری فەڕانسەیی ئان ـ پادشاییخوازی ڕۆمان کاسۆلیک، باڵوێزی فەڕانسە لە بەریتانیا، سەرۆکوەزیرانی فەڕانسە لە سەردەمی شارڵی دەهەمی بۆربۆن لە ١٨٢٩ و ١٨٣٠.











**پۆمپادۆر :** Madame de Pompadour نازیلە ناوی تایبەت یان مارشێنەز دو پۆمپادۆر (١٧٢١ـ١٧٦٤) ئەندامی بارەگای پاشایەتی و بۆ چەند ساڵێک نازیلەی لویی پانزە بوو؛ بەڵام پاش ئەوەش کە هەستی کرد ئەو تام و چێژەی نەماوە وشا دڵی لێی سارد بووەتەوە، هەوڵی دا باندۆری خۆی بپارێزێ و بۆ ماوەی بیست ساڵ نزیک و ڕازداری شا بوو، بەوەی کە وەکوو وەشکەر کچانی جوانی جەوانی بۆ ساز ئەکرد.









**پۆمپەی :** Pompeii مێژوو بوویەر پەمپەی، شارێکی ڕۆمای کەونارا بوو لە نزیکی ناپۆلی کە ساڵی ٧٩ی زاینی لە ئەنجامی تەقینەوەی گڕکانی کێوی «ڤێزۆڤیەس Vesuvius»دا بوو بە ژێر چوار تا شەش مەتر چەو و بەردی ڤۆڵکانییەوە.







**پۆمرانیا :** Pomerania جوگرافیا کشتوکاڵ بە واتای **وشکی ناو ئاو** ناوچەیەکی مێژووییە لە باشووری زەریای باڵتیک، دابەش بووە لە نێوان ئاڵمان و پۆڵەندا. ناوچەیەکی بەپیتە کە هەزاران زرێباری تێدایە و بە درێژایی مێژوو کێڵراوە و بەهرەی لێ وەرگیراوە.




**پۆمێلۆ:** pomelo ‹ڕووەک› گەورەترین میوەی مزرەمەنییە، پێستێکی زەردی ئەستوور و چەوری تاڵی هەیە، چێژی وەک لیمۆی بەهەشتە. پۆمێلۆ جۆرێکی تایبەتە، هەرچەند لیمۆی بەهەشت میوەیەکی مۆتوربەیە.






**پۆنتاڤێن:** Pont_Aven ‹جوگرافیا› شارێکە لە بروتنی، لە باکووری ڕۆژئاوای فەڕانسە.





**پۆنت دوشانتر:** Pont_aux_Chantres ‹دامودەزگا› ‹دیپلۆماسی› یان پۆنت پێڤچێسکی pont Pevtcheski فەرمانگەی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە سەن پەترزبۆرگ.




**پۆنتۆشو :** Pont_aux_Choux پیشەسازی کارگەی چینیسازی، ساڵی ١٧٤٠ لە پاریس دامەزرا.




**پۆنتەڤێکیۆ :** Ponte Vecchio ناوی جێگا پردی مێژوویی بەناوبانگی شاری فلۆرانس، کە بە گوڵی بەهاری، بە تایبەت سوێسنەی سوور کە بەرژەنگی هەرێمی فلۆرانسە، ئەڕازێتەوە.



**پۆنزا :** Ponza جوگرافیا ناوی جێگا گەورەترینی کۆمەڵە دورگەی کەنداوی گایتا، نێوان ڕۆما و ناپۆلی.



**پۆنەنت :** ponente جوگرافیا ناوی جێگا {ئیتالیایی} واتە ڕۆژئاوا و، زیاتر بە مەدیتەرانە ئەوترا.

**پۆی دو دۆم :** Puy_de_Dome جوگرافیا گەشتوگوزار پیشەسازی ناوچەیەکی کوێستانییە لە ناوەڕاستی فەرەنسە کە بەردەشووشەی زۆرە.




**پۆیلانە :** bride's gift داب‌ونەریت ناو دیارییەکە دەبرێ بۆ ژنێک کە تازە شووی کردبێ یا منداڵی بووبێ، دیاری بۆ تازە زاوا یا تازە بووک.

**پۆیەتیکا :** Poetics {٣٣٥ پ.ز.} وێژە پەروەردە نامیلکەی هونەری هۆزانڤانی ئەرەستوو، لە گرنگترین و کۆنترین بەرهەممەکانی هونەری دراماتیکە کە ماوەتەوە و، چەقی ئاخافتنی فەلسەفی لەسەر گوتەناسی و تیۆری

ویژەیە.

ن: هۆنراوە، بۆیە، دیاردەیەکی فەلسەفیتر و باڵاتر لە مێژوە: چونکە هۆنراوە وازی دەربڕینی گشتگیرتری هەیە، بەڵام مێژوو تایبەتە.




**پواتۆ:** Poitou جوگرافیا پارێزگایەکە لە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای فەرەنسە، پواتیە ناوەندیەتی.







**پوار:** junk commodity کاڵا کاڵای شڕ و ڕزیو؛ شتەگەلێکی کۆن یان فڕێدراو کە بە بێسوود دادەنرێت یان بەهایەکی کەمیان هەیە. ع سلعة غیر مرغوب N useriøs vare د کاڵای بنجل.







**پوارە بلانش:** خۆراک بەستەنیفرۆشییەکی بەناوبانگ بوو لە بولڤاری سەن ژێرمەن لە پاریس.

**پواز:** splitting wedge ئامێر ناو ئەسپین، هۆرە، هۆرەی بچووک، پارچە دار یان ئاسنێکە کە دارتاش و دارشکێن هەم بۆ قەڵەشاندنی دار بەکاری ئەهێنن و هەم لە درزی داری قەڵەشاوی ئەنێن بۆ ئەوەی نەیەتەوە یەک و بتوانن باشتر بیبڕن یان بیشکێنن. N kile ع وتد [وَتَد] د گوە [گَ وَ].



**پوانکارە:** ❶ Henri Poincaré هانری پوانکارە بیرکار {١٨٥٤ـ ١٩١٢} بیرکار و داڕێژەری تیۆری ڕێژە the special theory of relativity و تیۆری ئاژاوە Chaos theory. ☜ بیردۆزی شێواوی ☜ بیردۆزی ڕێژە






**پوانکارە:**❷ Raymond Poincaré `ڕامیار` {١٨٦ـ١٩٣٤} ڕەیمۆند پوانکارە، ڕامیاری فەڕانسەیی، ١٩١٣ سەرۆکوەزیران و لە ١٩١٣ تا ١٩٢٢ سەرۆککۆمار بوو. پوانکارە بە یەکێک لە بەرپرسانی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم دائەنرێ.










**پواو:** `ئاوەڵناو` پووک، پووکاو.

**پوختە:** conclusion کورتە یان کۆکراوەی بابەتێک یان گەڵاڵە و تۆژینەوەیەک. `ع` استنتاج `N` konklusjon `د` جمع بندی.

**پوختەی مێژووی هونەر:** `مێژوو` `هونەر` `شێوەکاری` `پێناسە` `ڕێباز` ئامادەکردنی پەرویز مەرزەبان، وەرگێڕانی ستار کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٢٤. لێکۆڵینەوەیەکی ورد و گرنگی مێژووی هونەرە لە ٢٥ بەشدا، لە پێش مێژوو و میزۆپۆتامیاوە تا ڕێبازی گرنگی وەکوو باڕۆک و ڕوکۆکۆ و تاکوو ئەمڕۆ.






**پووچاندن:** per absurdum چاوگی تێپەڕ پووچبوونی پازەیەک، یان پیشاندنای ئەوەی کە ئەگەر پازەیەک تا کۆتایی بە پێی لۆجیکی خۆی بڕوات، بە پووچی ئەگات ☜ سەلماندنی ناڕاستەوخۆ.

**پووچەڵکردنەوە:** nullification چاوگی تێنەپەڕ پووچکردنەوە، تێکدان، هەڵوەشاندنەوە. ع ابطال N annullering د باطل شدن.

☜ ڕەواندنەوە ☜ جەڵجەڵووت ☜ ورتە










**پووچەڵکردنەوەی جووری:** Jury nullification دادوەری لە کالیفۆرنیا ئاماژەیە بۆ ئەو چەمکە ڕێساییەی کە «دەستەی سوێندخواردن ڕەتیدەکاتەوە تۆمەتبارێک سزا بدات، چونکە باوەڕەی وایە ڕێساکە خۆی نادادپەروەرانەیە.» ئەم دیاردەیە مشتومڕی لەسەر ڕۆڵی دەستەی هێمۆ یان جووری وەک نوێنەری دەنگی خەڵک لەناو سیستەمی ڕێسایی دەوڵەت بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەم دیاردەیە هەر لە فیلمی بەناوبانگی **١٢ پیاوی تووڕە** ١٩٥٧ی هێنری فۆندا و ١٩٩٧ی جەک لیمۆن، تا زنجیرەی ٢٠٠٩ «فرانکلین و بەش» سەبارەت بە دادگا و دادوەری، ئاماژەی پێ ئەکرێ. ع إبطال هيئة المحلفين N Juryens annullering د ابطال هیئت منصفه.









**هێمۆ:** Jury دادوەری دەستەی سوێندخۆران، جووری. ع هيئة المحلفين N jury د جوری.

**پووچی:** futility ناو نەزۆکی، بێسوودی. ع عبث N nytteløshet د بیهودگی.

**پووچینی:** Giacomo Puccini ئاوازدانەر {١٨٥٨ـ ١٩٢٤} ئاوازدانەری ئیتالیایی.



**پوورە:** swarm, cluster مێشداری ناو شەڵخەی مێشهەنگوین، پۆلی مێشهەنگوینان. ع جماعة النحل N sverm د خوشە، نسل نوین زنبور عسل.



**پووزلخ:** leggings, socks ناو پووزەوانە، زەنگاڵ، بەلەکپێچ، دۆلاغ؛ پووزەوانە لە سەرووی شەرواڵەوە لەبەر ئەکرێ و لەبەر ئەوەی بە زۆری

لە خوری و مووی زبر دروست ئەکرێت بۆ پاراستنی قاچ لە پەلاماری خشۆک و دەعبا سوودمەندە. جۆری وەرزشییەکەی زیاتر زەنگاڵی پێ ئەوترێ. ع جوارب N leggings د ساق پوش.




**پووزەوانە :** ☜ پووزلخ.

**پووش:❶** ناو پوار، گیای وشکەوە بوو. تێبینی: لە بەناو فارسی پوشال بەکار ئەهێنن، بەڵام «پوش»یان نییە، واتە ئاوەڵناوەکە دزراوە، بەڵام ناوەکەی پوشالی لێ وەرگیراوە، نەدزراوە.

**پووش:❷** hay basket ناو سەبەتەی حەسیر کە خورما یان سنجو و شمەکی تڕئەکرێ. ع سلة القش N høykurv د سبد پونجە.

لە فەرهەنگی وەهبی ئەدمۆندز کۆمەڵێک نموونە بۆ «پووش» و گەردان و لێکدانی هێنراوە:

- پووشی خورما: date_basket
- پووشانە: noun grazing fee
- پووشبەقنگە: dragonfly
- پووشەلاّن: hay_field
- پووشینە: woven basket of hay or palm leaflets
- پووشکە: bit of straw ن: پووشکەیەک ناکات: it is quite worthless
- پووشپەڕ: early summer

- پووشوپەلاش: litter, sweepings
- پووشوو: tinder



**پووشاڵ:** straw, hay کشتوکاڵ ئاوەڵناو ناوی لێکدراو [پووش + ئاڵ] پووشئاسا، پەلاش، گژوگیا؛ ڕیشوو، ڕیشکە و پرزەی قەراغی کووتاڵ.

**پووشاڵی:** ❶ chaffy ناوی چاوگ پووشئاسا، لە پووش سازکراو.

**پووشاڵی:** ❷ fake هێمایر ئاوەڵناو لەسەر کێشی هووشاڵی، ساختە، سست و بێهێز، خۆنەگر، سستەپەلە، شلوشەوێق، بێ بنەما، درەوین؛ ◀ بە واتای دەسەلاتی بێ پایە و بناغە کە لەسەر پووشوپەلاش وەستاوە و بە بایەک هەرەس ئەهێنێ. ع مزیف N forfalske د جعلی.

هووشاڵی: خۆهەڵکێشان، فشە بازی، خۆفشکردنەوە.

**پووشانە:** noun grazing fee باج دراوێکە ئاغا لە خاوەن ئاژاڵێک دەیسێنێ کە پووش بخوا؛ باجێکە لەسەر پووش دائەنرێ؛ ئەو باجەی دەوڵەت لە هۆزەکانی وەرئەگرێ بە گوێرەی ژمارەی ئاژەڵ و پاتاڵ. ع رسوم المراعي N beiteavgift د باج چراگاە.

**پووشبەقنگە:** dragonfly دەعبا ناو مێروویەکی نێچیروانی جەستە درێژ و خێرایە، دوو جووت باڵی گەورەی هووەیدای هەیە کە لە کاتی پشوودا بە لایەکدا بلاّئەبنەوە. قۆزاخەکەی ئاوزییە و پێنج ساڵ ئەخایەنێت تا گەورە بین. ع اليعسوب N øyenstikker د سنجاقک.





**پووشپەڕ :** early summer هێمایر دیاردە ناوێلێکدراو سەرەتای هاوین، کۆتایی بەهار و پەڕینی پووش و هەرەوەزی دروێنە، چونکە ئەگەر لە ماوەیەکی دیاریکراودا دروێنە و بە تایبەت دروێنەی گەنم و جۆ کۆتایی نەیەت، گەنم ئەسووتێ و کەڵکی خواردنی نامێنێ.

**پووشکە :** bit of straw هێمایر ناو پووشێک، شتی بچووک و کەمبایی.

ن: پووشکەیەک ناکات: it is quite worthless

**پووشوپەڵاش :** litter, sweepings چیلکە و چەوێڵ.

**پووشوو :** tinder گیرانە، پووشی وشک و سووتێنەر، وەک دار یان کاغەز، کە بۆ داگیرساندنی ئاگر بەکار دەهێنرێت.

**پووشە :** folder ناو ناوی یاوگ {داپۆشین} هەر شت کە شتێکی تر داپۆشێ. گورزە، بەرگە، پەڕەیەکی مقەبای نووشتاوە، کاغەز و پەروەندە ئەخەنە ناوی ☜ بوخچە E portfolio, sheaf.






**پووشەڵان :** hay_field شوێنێکە پووشی زۆر بێ. ع حقل القش N

slåttemark د مرغزار. ☜ زەلان



**پووشی خورما :** date_basket ناو سەبەتەی پووش و حەسیر کە خورما یان سنجو و ترێ و شمەکی تڕێئەکرێ. ع سلة التمر N daddelkurv د سبد خرما.



**پووشینگ :** pushing ناو گەڕان-٢ خاتوو سوان وشەی ئینگلیزی لە ناو ئاخاقتنی فەرانسەییەکەی بەکار ئەهێنێ، بە واتای قیرسیچمە، ڕووهەڵماڵراو.

**پووشینە :** hay basket ناو پووش، پووشی خورما، سەبەتەی لە پووش و حەسیر کە خورما یان سنجو و شمەکی تڕێئەکرێ. ع سلة القش N høykurv د سبد یونجە.

**پووکاوڵ :** push open palm of hand forward towards a person ناو as expression of contempt چموڵە، پینجۆک، ڕاستکردنەوەی دەست بە بلاوکردنەوەی پەنجەکان بە ڕووی یەکێکدا بۆ تەریقکردنەوە

یان سووکایەتیکردن. [ع] دفع كف اليد الى الأمام تجاه شخص ما كتعبير عن الازدراء، أو الشماتة [N] skyve håndflaten frem mot en person som uttrykk for forakt [د] فشار دادن كف دست به سمت جلو به طرف شخص به عنوان ابراز تحقير.



**پووکە:** ❶ ناوی چاوگ گریان بە دەنگی نزم.

**پووکە:** ❷ ڕووەک ناو بەری قامیش کە وەک لۆکە ئەچێ.



**پووکە:** ❸ ناو یان پاماس pumice، بەردی گڕماڵکەی سووک و کونکون کە لە پاش سووتانێکی گڕکانی بە خێرایی سارد ئەبنەوە و ڕەق ئەبن.



**پووڵەکە :** confetti ناو پۆیە، بریقە، تەنەکەی ناسکی خڕی بریقەداری ورد ئەدرێ لە لەچک و سەرپۆش. ع قصاصات ورق ملون N of Konfetti د پولک.



**پەپریکا :** paprika رووەک بەهارات ناو یان پاپریکا بیباری شیرینی درێژی وشکی هاڕدراوە، چێژێکی مەیلەوتیژی تایبەتی هەیە، ئەم بەهاراتە بۆ ڕەنگ و چێژ و بەرامە ئەکرێتە زۆربەی خواردنەکانەوە. پەپریکا بە گوێرەی وڵاتەکەی جۆری شیرین تا تیژی هەیە. ع فلفل أحمر، تحميرة N paprika د فلفل قرمز.




**پەتا :** outbreak دیاردە گیرۆ ناو بڵاوبوونەوە و دەستپێکردنی لەناکاو یان توندوتیژی شتێکی نەخوازراو، وەک شەڕ، نەخۆشی و هتد. ع التفشي، الندلاع N utbrudd د شیوع. ن: سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی دووەم. ن: پەتای کۆرۆنا.




**پەتران:** پزیشک نەخۆشی کۆبوونەوەی نائاسایی هەر شتێک لە لەشدا کە ئەبێتە هۆی گیرانی دەمارەکانی جەستە؛ ئاپۆرە و کۆبوونەوەی هەر شتێک لە بواری کۆمەڵایەتیدا. ⇦ ترافیکی ئوتۆمۆبیل لە کاتی دەستەهەڵگرتن لە کار؛ E congestion.




**پەترۆکە:** callus ناو قەتماغە، پۆرگ، پێستی مردووی قەتماخە بەستوو. ع مسمار القدم N hudhval د پینە E calloused.




**پەترۆگرافی:** petrography زانست یان بەردنیگاری لقێکی پترۆلۆژییە کە

تێیدا بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوە لەسەر سەرچاوەی بەردەکان بەتایبەتی پرۆسەی دروستبوونیان دەکات. ئەم توێژینەوانە کە لە هۆ و هۆکار و شێوازی دروستبوونی بەردەکان ئەکۆڵێتەوە سەرەتای زانستی بەردناسییە. پەترۆگرافی وەک زانستی میکانیک دابنرێ کە دوو لقی هەیە: ساینماتیک و داینامیک. لەم بەراوردکارییەدا، بەردنیگاری ساینماتیکە و بەردزادی داینامیکە. [ع] علم الصخور [N] petrografi [د] سنگ نگاری. ☜ بەردەنیکار











**پەترۆنیۆس:** Petronius Arbiter [نووسەر] {٢٧ـ٦٦} لە دەرباریانی بارەگای نێرۆن بوو. بە نووسەری Satyricon کە شەیدای کەنیزێکی گەنج بوو بە ناوی یۆنیس Eunice، دائەنرێ و لێرەدا بە هاوپلەی سەن سیمۆنی ساتیرنووس دانراوە.









**پەتک:** dog collar قەڵەنگی ملی سەگ. [ع] قلادة [N] hundehalsbånd [د] قلادە.



**پەتۆماک:** Potomac river لە چەمە گرنگەکانی ئەمریکایە و بە واشینگتۆنی پایتەختدا تێئەپەڕێ. ٦٦٦ کیلۆمەتر درێژە و ئەرژێتە کەنداوی چێساپیک.







**پەتوو:** blanket پێخەف ناو بەتانی، لە پەت بە واتای موو و داو، واتە تەنراوی داوی پەشم و ئاورێشم. ع بطانية N teppe د پتو.

↤ **لێفە:** پێخەف ناو رووکەشێکی سازکراوە لە ئاسەری توورەکەیی کە لۆکە و خوری و پەڕ پڕ کراوە و دادووراوە، کاتی خەوتن خۆی پێ دائەپۆشن. ع لحاف N pled د لحاف.







**پەتەر:** bereavement کارەسات، چۆرتم، کەڵەمە، گرگاشە، نەگبەتی. ع

مصيبة N sorg د مصیبت، فاجعه.

**پەتەڕی:** quarrelsome ناوی چاوگ پەتیارە، دەلوو، مەردوومی پەتیارەی شێتۆکە ع مشاكس N kranglevoren د پتیاره.

**پەتیارە:** quarrelsome ناوی چاوگ پەتەڕی، دەلوو، مەردوومی پەتیارەی شێتۆکە ع مشاكس N kranglevoren د پتیاره.

**پەچە:** ❶ ناو شوێنی حەشاردانی مەڕ و ماڵات، لە قەدپاڵ و زاخە.

**پەچە:** ❷ ناو ڕووبەندی ژنان، پارچە تەنراوێکی تەنکی ڕەشە ژنان لە کاتی چوونە دەرەوەیاندا دەیگرن بە دەم و چاویاندا.

**پەچنین:** چاوگی تێپەڕ قەڵاکردن هێمایر کۆکردنەوەی خەفەت لە دڵدا.

**پەراسوو:** rib توێکاری ناو یەک ئێسک لە زنجیرەیەک ئێسکی کشاوی باریک کە بە جووت بە بڕبڕەی پشتەوە گرێدراون، بۆشایی سنگ و ئەندامەکانی ئەپارێزن. پەلە بەرچاووی مرۆڤ دوانزە جووتن. چەند: پەراسووی شکابوو. ع ضلع N ribbein د دنده.




**پەراوێز:** margin ناو فەرمان لێوار یان سنووری شتێک. ع هامش N margin د حاشیه. ⇦ **تێبینی:** footnote ناو ڕوونکردنەوەی بن لاپەڕە. ع حاشية N fotnote د پاورقی.

**پەراوێزی:** ❶ suburban ژیار ئاوەڵناو کەنارشاری؛ ناوچە کەنارییەکانی شار، کە هەم دەستی بە هەموو خزمەتگوزارییەکانی شار ڕاگات و، هەم دوورە لە هەڵا و هەرای ناوشار. ع من الضواحي N forstad د حومه

شهر. ⇐ urban, rural, suburban

⇐ **گوندی:** rural ژیار ئاوەڵناو ئاوەدانی بچکۆلە لە ڕووی دانیشتوانەوە، بەلام گەورە لە ڕووی زەویوزار و کشتوکاڵ و پەلەوەر مەڕدارییەوە؛ خزمەتگوزاری شارستانی لە شار کەمترە. ع ریفي N landlig د روستایی.

⇐ **شاری:** urban ژیار ئاوەڵناو ئاوەدانی گەورە بە هەموو خزمەتگوزارییەکی هاوچەرخەوە، وەکو فێرگە و نەخۆشخانە و بازار و بەڕێوەبەریتی و هەموو پێداویستییەکانی ژیانی هاوچەرخ. ع مدني، حضري N Urban د شهری.




**پەراوێزی ٢:** tangential ناو لاوەکی، لابەلایی، ناسەرەکی، ناڕاستەوخۆ. ع هامش N tangentiell د جنبی، حاشیەای.

**پەراسوو:** rib توێکاری ناو چەند ئێسقانێکی کەوانەییە لە ڕاست و چەپی گیاندار، سەرێکیان بەئێسقانی سنگ و سەرەکەی تریان بەمووڕەغەی پشتەوەیە. ع ضلع، ضلوع N ribbein د تهیگاه، دنده.



**پەرتووکخانەی ئەمبرووزی:** Biblioteca Ambrosiana di Milano پەرتووک
خزمەتگوزاری پەرتووکخانەیەکی بەناوبانگی مێژوویی و گەنجینەی پەرتووکی هونەری و ئەکادیمیکییە لە ناو پالازۆ دێل ئەمبرۆسیانا، لە میلانی ئیتالیا، ساڵی ١٦٠٧ دامەزراوە.



**پەرتووکی تۆبیت:** Book of Tobit ئاپینناسر بەڵگە سەرچاوە تۆبیت بە واتای «خواباش» بەشێکە لە پەرتووکی پیرۆز، کە تەنها لە ڕایشتی کاسۆلیک و ئۆرتۆدۆکسدا هەیە و ساڵی ٣٩٧ وەکوو بەشێک لە پەرتووکی پیرۆزی کاسۆلیک پەسەند کرا.

بەر لەوەی ڕایشتی عیبری و ئارامی پەرتووکی تۆبیت لە تۆمارەکانی زەریای مردوودا» بدۆزرێتەوە، وا ئەزانرا، ئەگەر ئەم پەرتووکە لە کۆمەڵە پەرتووکی «تەنەخ»دا نییە، لەبەر ئەوەیە کە دواتر نووسراوە، بەڵام تۆمارەکان دەریان خست کە هێنی ساڵانی سەدەی بەر لە زایین تا ٢٥ی زایینییە و ڕایشتی یەکەمی لەوەش کۆنترە و لە سەرووبەری نووسرانی پەرتووکی دانیاڵدا نووسراوە.

زانکۆی عیبری ئورشەلیم ئەڵێ ئەم پەرتووکە بە مسۆگەری بنەمای (مادی) هەیە، هەرچەند هەندێ لە خاوەرناسان گومانیان لەوە هەیە، بەڵام ئەتوانین بە مسۆگەری بڵێین کە ناواخنی ئەم پەرتووکە ئامازەی

بە ئەفسانە مادییەکانە.

تۆبیت نەفتالی Tobit Naphtali پەیامبەری جوولەکانە کە لە وڵاتی ماد ئەژی، سارگۆنی دووەم لە ٧٢١ی پێش زایین تەرەی کردووە و ناچار لە نەینەوا گرساوەتەوە. کوێر ئەبێت و کوڕەکەی تۆبیاس ئەبێ بچێتەوە بۆ وڵاتی ماد بۆ ئەوەی سامانەکەی بهێنێ. ژنێکی گەولاز لە وڵاتی ماد هەیە کە حەوت شووی کردووە و ئەهریمەنێک بە ناوی ئاسمۆدیۆس مێردەکانی کوشتوە. ئەو ژنە توانای چاککردنەوەی چاوی تۆبیتی هەیە. ڕافایلی فریشتە لە ئاسمانەوە هاتوەتە خوارەوە تا لە ڕواڵەتی مرۆییدا و لەو گەشتەدا یارمەتی تۆبیاس بدات. کە ئەگەنە وڵاتی ماد و پێ ئەخەنە چەمی دەجلەوە، ماسییەک پەلاماری تۆبیاس ئەدا، کە بە یارمەتی ڕافایل ماسییەکە ئەگرێ و دڵ و جەرگ و کیسەی زەرداوی وەکوو دەرمان بەکار ئەهێنێ بۆ ئەوەی ئاسمۆدسی ئەهریمەن دوور بخاتەوە، ژنە بخوازێ و چاوی باوکی چاک بکاتەوە. باوکی تۆبیاس پێی ئەڵێ لە نەینەوا بڕوات چونکە ئەو شارە کاول ئەبێ! تۆبیاس ئەگەڕێتەوە بۆ ئەکباتانە و بەر لەوەی لە تەمەنی سەد و بیست و حەوتساڵیدا لە وڵاتی ماد بمرێ، هەواڵی کاولکردنی نەینەوا ئەبیستێ کە لە لایەن نەبووکەدنەزەر و ئەخشوورشی مادی گیراوە. تەوراة، پەرتووکی تۆبیت ٥- ٥و٦ و ٦- ٢تا٩ و ١٤- ١٢تا١٥.

{The Book of Tobit - The Christian Community in Johannesburg}

☜ تۆبیاس و ڕافایل ☜ چیرۆکی تۆبیاس و ڕافایل :

ئەوەی تۆ ئەیڵێی کارێکی سەختە، لە لای من و تۆ چاک نابێتەوە
چونکە خۆیایە بە بێ ماچی لێو، ئەو ئەهریمەنە دوور ناخرێتەوە
ئەبێ بڕۆینەوە بۆ وڵاتی ماد، ماسییەکەی دەجلە فریامان کەوێ
تۆ «تۆبیاس» و منیش « ڕافایل»، لەو دەرد و بەڵا بتپەڕێنمەوە

سیامەند مامیر شاسواری

تاسەبار، دیوانی حەسەن شافێعی، ل ١٢١










**پەرتووکی جادوو:** ☜ جادوونامە

**پەرتەو:** radiance دین ئەفسانە ناو پەرتاڤ، تیشک، ڕووناکی، لە ئوشتەوەتگای ئاڤێستادا هاتووە کە چینڤەت پەرتەو، پردی جیاکەرەوەی چاکە و خراپە و دادوەری و بڕیارە (کە بیرۆکەی پردی سیرات لەمە وەرگیراوە)، بۆ چاکەکار بە ئەندازەی ٩ نێزە یان ٢٧ تیر پانە، بۆ تاوانکار وەک نووکی ڕمب و دەمی دەبانە. پەرتەو بە واتای پرد و تیرێژ و نیوتیرەی بازنە، ئاڤێستایی و هەورامییە؛ هەوراماں واتە هەورامەنانی زەردەشتی و هۆر+ئامان و کاتی خۆرهەڵاتنە. ⇐ لە شاری زەنگانی نزیکی بیجاڕ، گەرەکێک هەیە بە ناوی شناط کە بە عەرەبیکراوی وشەی چینڤەتە. ع اشراق N utstråling د درخشندگی.

**پەرجوو:** Miracle ناو دەرئاسا، نووازە، مووزات. ع معجزە N miracle د معجزە.

**پەرجوو لە میلان:** Miracolo a Milano فیلم فیلمی فانتازیای ١٩٥١ی ئیتالیایی، دەرهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا.








**پەرجووی خاچی ڕیاڵتۆ:** شێوەکاری {گەڕان ـ ٦} تابلۆی ڤیتۆریۆ کارپاچیۆ، گەڕەکی ڕیاڵتۆ، پردە پلیکانییەکەی پۆنتـ ڤیکۆ و کاردینالّ گرادۆ پیشان ئەدا. ساڵی ١٤٩٦ کێشراوە.



**پەرجووی دووەمی دێسەمبر:** بووبەر مێژوو ١٨ی برۆمێر مەبەست کودێتای دژی شۆڕشی دووەمی دێسەمبەری ١٨٥١ە لە فەڕانسە. لویی بۆناپارت کە لە ١٠ی دێسەمبەری ١٨٤٨ەوە سەرۆککۆماری فەڕانسە بوو، لەم ڕۆژەدا کودێتای کرد و لە ئەنجامی ئەم کودێتایەدا، پەرلەمان و ئەنجوومەنی دەسەڵات هەڵوەشایەوە و زۆر لە پەرلەمانتارەکان گیران. لە ٣٢ شار دەسەڵاتی سەربازی ڕاگەیەنرا. سەرکردەی سۆسیالیست و کۆماریخواز لە فەڕانسە تەرە کران. ١٤ی جانیوەریی ١٨٥٢ دەستوورێکی

نویٚ پەسەند کرا کە دەسەڵاتی دارماڵی دابوو بە سەرۆککۆمار. ڕۆژی دووەمی دیٚسەمبەری ١٨٥٢ لویی بۆناپارت بە ناوی ناپۆلیۆنی سیٚیەم بوو بە ئیمپراتۆری فەرەنسە.

**پەرچەخاڵ:** counterpoint ‌{١ [مۆزیک] [ناو] خاڵی بەرامبەر، هونەر یان تەکنیکی دانان، نووسین، یان ژەنینی میٚلۆدییەک بە تاک یان بە هاوبەشی لەگەڵ میٚلۆدییەکی دیکە، بەپیٚی ڕیٚسا جیٚگیرەکان ٢} [ناوی فەرمان] ئارگومیٚنت، بیرۆکە یان بابەتیٚک کە بەکاردیٚت بۆ دروستکردنی کۆنتراستیٚک لەگەڵ توخمە سەرەکییەکە.

**پەرچەکردار:** reflex [ناوی لیٚکدراو] پەرچەرەفتار، جووڵەیەکی خۆنەویستی خیٚرایە، کە بریتییە لە وەڵامدانەوە بۆ هەر وریاکەرەوەیەک. [ع] ردفعل [N] refleks [د] واکنش.

**پەرچەم:** stamen [ڕووەک] ئەندامی نیٚرینەی گوڵ، کۆمەڵەی پەرچەمەکانی گوڵیٚک پیٚکەوە گولیلکە. [ع] سداة [N] støvbærer [د] پرچم.

**پەرچەوت:** flatulence [ناو] خەمەرە، کۆبوونەوەی گاز لە دەزگای هەرسکردن. [ع] انتفاخ [N] flatulens [د] نفخ.









**پەرداختکردن:** polishing [چاوگی تیٚپەڕ] ساف و لووس کردن. [ع] تلميع [N] polering [د] جلادادن. ⇐ ڕۆنی پەرداخت: ڕۆن جەلا.

**پەردوو:❶** [ناو] پەردە، ژووری بووک و زاوا لە شەوی بووک گویٚزانەوە.

**پەردوو:❷** پووش و پەڵاش، هەڵاشی بان، چیلکە و چەپەر. ⇐ دارویەردوو.

**پەردە:**❶ curtain ناو کووتاڵ یان هەر شتێکی لە سەرەوە هەڵواسراوە بۆ ئەوەی ڕووپۆشێک دروست بکات بۆ وێنە لە ژوور و دەرەوەدا، وەکوو پەردەی پەنجەرە، یان پەردەی جیاکردنەوەی ژوورێک بە دوو یان چەند بەش.



**پەردە:**❷ پەردوو، ژووری بووک و زاوا لە شەوی بووک گوێزانەوە. ⇐

**شەوی پەردە:** consummation داب‌ونەریت کۆمەڵناسی ئەو شەوەی کە بووک و زاوا بەیەک ئەگەن و پەیوەندی جنسی بەدی ئەهێنن. ع لیلة الزفاف N fullbyrdelse د شب زفاف.

**پەردەتەیمان:** screen, paravan کەلوپەل ناو پاراڤان، پەردەیەکی گەورە و ئەستوور لە ناو ژوورێکدا هەڵیئەواسن بۆ جیاکردنەوە و کردنی بە دوو بەش. تەیمانی کووتاڵی ئەستوور. ع الشاشة N skjerm د پاراوان.



**پەردەنیگار:**❶ مرۆڤناسی ئایینناسی ناوی لێکدراو لە بری وشەی عربی شمائل

دانراوە کە لە فارسیش هەمان شمایل بەکار ئەهێنرێ. پەردەیەکە کە نیگاری پیر و ئیمامان یان وێنەی مەیدانی جەنگ و پاڵەوانانی داستانی لەسەر کێشراوە. بە زۆری لەناو شێعەدا باوە کە دەروێش ئەو پەردەیە هەڵئەواسن و باسی کارەساتە ئاینیەکان ئەگێڕنەوە وەکوو کارەساتی کەربەلا و شەڕەکانی ئیمام عەلی، یان داستانی وەکوو حسێن کوردی شەبستەری و رۆستەم و زۆراب... ٤ شمال د شمایل.



**پەردەنیگار:** ٢ tapestries ئەنراو ناوی لێکدراو وێنەی کێشراو یان بە مۆر کوتراو لە سەر کوتاڵی ئەستوور.



**پەردەی ڤێنیزی:** Venetian blinds, Shutters ناو کرکرە، پشدەری پلاستیک، جۆرێک پەردەیە لە پلاستیکی باریک و درێژ بە دەرزوو گرێدراون بەیەکەوە. ⟵ کرکرە هەمان قرقرەیە کە کردەی بەرزکردنەوەکە ئاسان ئەکا.



**پەردیژ:** opportunity ئاوەڵناو هەل، دەرفەت، کێس، دەرەتان. ع فرصة N mulighet د فرصت.

**پەردیش:** opportunity ئاوەڵناو پەردیز، پەردێژ، هەل، دەرفەت، کێس، دەرەتان، بوار، پەرژان. ع فرصة N mulighet د فرصت.

**پەرژاندن:** چاوگی تێپەڕ قایل بوون، قەبووڵکردن.

**پەرژان:** چاوگی تێنەپەڕ بوونی دەرفەت، گوێ پێدان، خەریکبوون.

**پەرژاو:** ناوی فەرمان خاوەن دەرفەت، سەرقاڵ، سەرگەرم، کەسێک بە شتێکەوە خەریکە.

⟵ **ناپەرژێ:** دەرفەتم نییە.

⟵ **ئەمپەرژێ:** دەرفەتم هەیە.

**پەرسار:** coquette دلدارى ئاوەڵناو پەریسار، بەناز، دڵکیش، خوێنشیرین، مەکین، دڵئەستێن، دڵراکێش، دڵرفێن، دڵگر، دەلال، نازدار، بەکێشەر، گیانسووک، لەبەردڵان، نازلی، نازەنین. ع مغناج N kokett د عشوەگر.



**پەرستار:** nurse پیشە ناو ناوی فەرمان نەخۆشکار، نێرس، کەسی پسپۆڕ بۆ چاودێری و پەرستاری لە نەخۆش یان پەککەوتە، بە تایبەت کەسێک لە زانکۆ خوێندوویەتی و بڕوانامەی هەیە. ع ممرضة N sykepleier د پرستار.



**پەرستگەی ئۆراتوار:** Oratoire جوگرافیا پەرستگە ناوی کڵێسایەکی پرۆتستانتە لە شەقامی ڕیڤۆلی پاریس.



**پەرستن:** adoration ئاپیێن ئەووێن ناو خۆشەویستی و ڕێزی قووڵ؛ ڕێزگرتن. ع هیام N tilbedelse د پرستش.

**پەرسدار:** faithful ئاپیێناسر ئاوەڵناو خواپەرست، خواناس، دیندار، لە خوا ترس N trofast ع د زاهد، متعبد، متقی.

**پەرسەی بنڤێنۆتۆ:** Benvenuto's Perseus میسۆلۆجی بووێەر پەیکەر پەیکەری **پەرسە** کە سەری **مێدوسا**ی بە دەستەوەیە، ساختەی بنڤێنۆتۆ چێلینی. لە ئەفسانەی یۆنانیدا هاتووە پێرسیۆس Perseus سەری مێدیۆسا Medusa لێئەکاتەوە کە یەکێک لە سێ خوشکانی گۆرگنە Gorgon و ڕوخسارێکی یەکجار دشتی هەیە و ئەیتوانی هەرکەس کە سەیری ئەکات، بکات بە بەرد.





**پەرگ:**❶ orthography, spelling, dictation ناو ڕێنووس، شێوەی نووسین؛ ڕەوت و چالاکی نووسین یان ناونانی پیتەکانی وشەیەک. ع الإملاء N rettskrivning, diktat د املاء.

**پەرگ:**❷ yarn ناو گشتەک، هەودایەکی بادراوە لە دەزوو یا موو، لیزگ، بەنی گشت، بەنی چەن لۆی بادراو، بەنی کڵاش چنین، بەنی پینەچی، بەنی ڕایەڵەی تەون و مافوورە. ع غزل، خیط N garn د نخ E twine.



**پەرگەما:** ناو کووتاڵی دڕنی بە مووی بزن چنراو؛ بن شیرازەی بنی کڵاش بە مووی بزن کە هۆی لێک هەڵپێکانی بن و ڕووی کڵاشە.




**پەرگەمای عیسایی:** ئاییناسر ناو پەرگەمای مەسیحی، بەرەکێکە لە مووی یاڵ و کلکی ئەسپ، بۆ ئەشکەنجە یان خۆسزادان لەبەر ئەکرێ.





**پەرلەمانی کۆنی فەڕانسە:** ڕامیاری داموودەزگا ١٨ای برۆمێر پەرلەمانەکانی پێش شۆڕشی بۆرژوازی ١٧٨٩ـ ١٨٩٤ی فەڕانسە کە وەک دەزگای باڵای دادوەری لە چەند شاردا هەبوون. گرنگترینیان پەرلەمانی پاریس بوو. ئەم پەرلەمانانە فەرمانی شایان ڕائەپەڕاند، بەڵام مافی Remonstrance هەبوو کە ئەیتوانی ڕەخنە لەو فەرمانانە بگرێ کە نەیاری داب و ڕێسای وڵات بوون. بەڵام ئەو ڕەخنە و نەیارییە هێزی پشتیوانیی نەبوو و بوونی شا لە کۆبوونەوەکاندا سەلماندنی فەرمانەکەی مسۆگەر ئەکرد.

**پەروا:❶** ناو مەترسی، ترس، سام، باک، سڵ، خۆف.

**پەروا:❷** ناو ئاوڕ، بایەخ.

**پەروا:❸** ناوی چاوگ هەڵکردن، بەرگەگرتن د تحمل کردن.

**پەروانە:❶** butterfly دەعبا ناو پەپوولە، دەعبایەکی شیلەخۆرە، جووتێک باڵی گەورە و ڕەنگاوی ڕەنگ گەشاوەی هەیە، کە بە پووڵەکەی ورد داپۆشراوە. پەپوولە کاتی پشوودانی دوای چالاکی ڕۆژ باڵەکانیان ڕاست ڕائەگرن. ع فراشة N sommerfugl د پروانە.



**پەروانە:** ❷ propeller ناو ئامێرێکی میکانیکی بۆ پاڵنانی گەمی یان فڕۆکە، میلێکی گەڕۆکە کە دوو، سێ، چوارپەرە یان زیاتری پێوە بەستراوە. ع المروحة N propell د پروانە.







**پەرۆش:** zeal ناوی چاوگ یانەساوتیبۆ هەستی بەجۆش، دڵگەرمی، دڵبەسۆ؛ پەرگر. ع اجتهاد N nidkjærhet د همت.

**کۆشش:** diligence ناوی چاوگ هەوڵدان و تێکۆشان یان کاری بێوچان و، لە زانستی کۆمەڵناسیدا ئەمە نیشانەی ڕەوشتی کارکردنە، بەو بڕوایەوە کە «کار» خۆبەخۆ و لە ناوەڕۆکی خۆیدا باشە؛ لای ئایینەکانیش هەروەها پەسەندە و بە یەکێک لە حەوت کەباری مرۆیی دائەنێن.

ن: بۆیە... من کۆششی خۆم ئەنجام دەدەم.

**حەوت کەبار:** seven virtues ئادیبنامە دین پێرستی حەوت کەبارە لە بەرامبەر حەوت گوناهی کوشندەدا دانراوە و لە سەدەی پێنجدا بلاو کراوەتەوە، بریتین لە:

داوێنپاکی، میانەڕەوی، چاکەکاری، کۆشش، تابشت، مێهرەبانی و خاکەڕایی

chastity, temperance, charity, diligence, patience, kindness, and number seven is humility.

**کەباری گاوران:** Christian virtues ئاییتناسی ناوی لێکدراو کەباری خودایی، لە ئاینزای کاسۆلیکدا کەباری ئایین بۆ ڕزگاری بریتین لە: بڕوا و هیوا و

خێرخوازی. ع الفضائل اللاهوتیة N Kristne dyder د فضائل ربانی.

**حەوت گوناهی کوشندە:** Seven deadly sins ئادینانامە دین لە ئایینی فەلەدا حەوت تاوانن کە سزای دۆزەخیان هەیە: هەوەس، زگلەوەڕێنی، چاوچنۆکی، تەمەڵی، تووڕەیی، ئێرەیی و دفرە Lust, Gluttony, Greed, Sloth, Wrath, Envy, Pride

**کەبار:** virtue ناوی چاوگ ئەدگاری چاکە، ڕەوشتی باڵای کۆمەڵایەتی، نیازپاکی؛ لە ڕوانگەی ئایینییەوە: ڕازونیاز، نوێژ و نزا. ع فضیلة N dyd د فضیلت، فضائل.

**چاکەکار:** virtuous.






**پەرەپێدان:** amplify موزیک ئامێر پەروەردە بەهێز کردن، بردنە سەر، گەورە کردن. ع یضخم، یوسع N forsterke د تقویت کردن.

**پەروەردە:** education خوێندن پەروەردە پرۆسەی ئاسانکاری فێربوون، یان بەدەستهێنانی زانست و کارامەیی و بەها و ڕەوشت و باوەڕبەخۆییە. پرۆسەی وەرگرتن یان پێدانی ڕێنمایی و فێرکاری سیستماتیک، بە تایبەت لە خوێندنگە یان زانکۆ. ع تعلیم N utdanning د تحصیلات.

: مەبەست لە پەروەردە ئەوەیە کە ئاوەزی کراوە بخەینە جێگەی ئاوەزی داخراو. : Education's purpose is to replace a narrow mind with an open mind.

**ن:** مرۆڤ نەزان لەدایک ئەبێت و، مەگەر چەند پاڵنەری drive وەکوو بەدەستهێنان و پەیوەندی و فێربوون، خاوەنی هیچ خۆماک و ڕێژارەیەک نییە. بۆیە مرۆڤ لەناو کۆمەڵگە و لە پەیوەندیدا واتا پەیدا ئەکات و پێئەگات و، بە یارمەتی مرۆڤەکانی تر پەروەردە وەرئەگرێت و ئەبێت بە مرۆڤ. **ن:** سەبارەت بە **پەروەردە** بێرتراند ڕاسل ئەڵێ: مرۆڤ بە نەزانی لەدایک ئەبێت، نەک بە گەمژەیی! ئەوەی مرۆڤ گەمژە ئەکات، جۆری پەروەردەکەیەتی.






**پەروەردەی ڕامیاری:** Political recruitment ڕامیاری خوێندنی باڵا یان پەروەردەی ڕامیاری هاوبیر، ڕەوتێکە کە هاوڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە ڕامیاری وڵاتدا هەڵئەبژێردرێن و، ڕائەکێشرێن بۆ ناو ڕێکخستنەکانی دەزگا یان پارتییەک و لە خولی تایبەتی ڕامیاریدا پەروەردە ئەکرێن، بە تایبەت لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە؛ دیارە ئەم پەروەردەی ڕامیارییە هەموو بوارەکانی پەروەردەی سەربازی و تەکنیکیش و زانستیش ئەگرێتەوە، چونکە ئەو کەسە ئەبێ بە ئەندام و سەربازی گیانبازی ئەو پارتی یان دەزگایە. پارتی ڕامیاری لەبارترین سیستەمە بۆ ڕاکێشان و پەروەردەی ڕامیاری ئەندامانی هاوبیر. ئەمە شێوازێکی کەڵکاوەژووە لە ڕێسا و بۆ ملکەچکردن و بەکارهێنانی ناڕەوای ئایدیۆلۆژیکە، ڕێگرییە لە پەروەردەی ئازاد و مافی هەڵبژاردنی ئازاد. ع التجنید السیاسي N Politisk rekruttering د آمادەسازی سیاسی.










**پەروەردەی قانوونی**، تەکنیکی تازەی داڕێژان: Canonical Studies: A New Technic in Composition پەروەردە ناوی پەرتووکێکە لە نووسینی بێرنهارد زیەن Bernhard Ziehn لە ئەمریکا بە پەرتووکێکی گرنگ ناسێنراوە و لە دۆمەینی گشتیـ public domain دانراوە. ☜ قانوونی







**پەردەیس**: paradise ناو {ئاڤێستایی} بەهەشت، {لە هەندێک ئایندا} بەهەشت وەک شوێنی کۆتایی و هەمیشەیی بڕوادارن و دادپەروەرانی ئاینییە.

**پەرەک**: sparkling water بەرژەنگ ناو ئاوی گازدار، ئاوی کانی گەرمک، ئاوی گەڕاو. ع میاه فوارة N kullsyrevann د آب گازدار. ←

**پەرەک**: ١) جلوبەرگ ناو چۆخەی درێژ لە شاڵی بووزووی خوری و

تووکی وشتر ٢} جبەی خوری ٣} ناو دەلمە.




**پەرەم:** platoon ناو بڕ، تاقم، دەستەیەکی بچووک، بەشێکی بچووک، پۆلێک، یەکەیەکی تەکنیکی بریتی لە پۆل و سەرپۆل. ⇦ بە گوێرەی بچووک بۆ گەورە پەرەم، پێڕ، پۆل، دەستە، کەرت، لق، تیپ، هێز، لەشکر، سپا. ع مفرزة N tropp د جوخە افراد.

ن: پەرەمێک سەرباز. ن: پەرەمێک مەڕ: دەستەیەک مەڕی دابڕاو لە ڕان.




**پەرەنگ:❶** pendant earring ناو لەرزانەی گوارە. ع قلادة القرط N anheng ørering د آویز گوشوارە. ⇦ **پلێپلە:** ornament pendant ناو زێڕەسکەی ورد لە زنجیردا بۆ خشڵ. ع قلادة زخرفة N anheng øredobber د زیور آویزە.



**پەرەنگ:**❷ ناو پنگر، پۆلوو، سکڵ، پن، پۆل.



**پەرێز:**❶ ناو جێگەی دەغڵی درواو.

**پەرێز:**❷ ناو ڕەبەت، بۆسەی ڕاوچی.

**پەرێز:**❸ ناو بە دزە دزە بۆ نێچیر چوون.

**پەرێژە:** computing ناوی‌چاوگ هەژمارکردنی ڕیزەکرداری زمێرەیی یان ژیربێژی لە کەمپیوتەردا. ع الحوسبة N databehandling د محاسبه.



**پەریّستروّیکا:** perestroika ناو یان restructuring {لە یەکیّتی سوّڤیەتی پیّشوودا} ڕامیاری یان پراکتیکی دووبارە داڕشتنەوەی یان چاکسازی لە سیستەمی ئابووری و ڕامیاریدا بوو. بوّ یەکەمجار لە لایەن لیوّنید بریّژنیّفەوە لە ساڵی ١٩٧٩ پیّشنیارکرا و لە لایەن میخائیل گوّرباچوّڤەوە چالاکانە پیّشخرا، پەریّستروّیکا لە سەرەتادا ئاماژەی بە زیادبوونی ئوّتوّماتیکی و کارایی کار ئەکرد، بەڵام بوو بە هوّی هوّشیاری زیاتر لە بازاڕە ئابوورییەکان و کوّتاییهیّنان بە پلاندانانی ناوەندی. ☜ گلاسنوّست










**پەرییەکانی سوودووم و گومڕاهـ:** The Angels At Sodom And Gomorrah ئاپینناسر ئەفسانە ☜ {دە پەرجووی تەورات ـ پیّنجەم} تیّکڕای ڕووداوی سوودووم و گومڕاهـ بوّ ئەوە ئەبیّ بە ڕووداوی تەقینەوەیەکی ناوکی پیّشکەوتوو دابنریّ، کە بە جاریّک دوو شاری «گوناهکاری» تەفروتوونا کردووە. لە بڕگەی ٢٦دا دەربارەی ژنی لووت ئەدویّ، کە بووە بە «ستوونی خویّ». پاشان لە بڕگەی ٢٨دا باسی ئەوە ئەکا، برایم چوّن شارەکەی بینی: «ڕوانییە سوودووم و گومڕاهـ و ئەو دەشتاییە یان و بەرینە و تەنها تەنوورەی دووکەڵی ئەبینی کە بەرەو ئاسمان ئەچوون و وەک دووکەڵی کەرەنا و دووکەڵکیّش وابوون.» ئەم پەسنە بە شیّوەیەکی سەمەرە وەکوو ئاماژەکردن بە تەقینەوەیەکی ناوکی وایە.

ئینجا ئەگەر بە جیا سەیری هەندیّ لە بڕگەکان بکەین کە باسی

فریشتەکان ئەکەن، بە ئاسانی بۆمان دەرئەکەوێ باسی بوونەوەری غەوارەی دەرەکی ئەکا کە بە چەکی لە ڕووی تەکنەلۆجییەوە پێشکەوتوو، دابەزیونەتە خوارەوە.

پاشان لووت، فریشتەکان ئەباتەوە بۆ ماڵەوە، ئەو ئاپۆرە زۆرە ماڵەکەی گەمارۆ ئەدەن و، داوا ئەکەن فریشتەکان بدرێ بەوان. لووت داوا لە جەماوەرەکە ئەکات لە فریشتەکان بگەڕێن و تەنانەت ئامادە ئەبێت یەکێک لە کچەکانی خۆی لە جیاتی فریشتەکان بدات بەوان! بەڵام ئەوەندەی کە جەماوەر هاشاوڵ ئەهێنن بچنە ژوورەوە؛ لە بڕگەی ١٠ و ١١دا باسی ئەوە ئەکات کە پەرییەکان چۆن هێرشکەرانی گومڕایان کوێر کرد:

«بەڵام پیاوەکانی ژوورەوە، فریا کەوتن و لووتیان بردەوە ژوورەوە و دەرگایان داخستەوە. پاشان ئەوان پیاوانی دەرەوەی دەرگاکەیان بە پیر و جەوانەوە وەها کوێر کرد کە نەیانتوانی دەرگاکە بدۆزنەوە.»

ئەگەرێکی زۆر گەورە هەیە «فریشتەکان» چەکێکی پێشکەوتوویان بەکار هێنابێت بۆ کوێرکردنی هێرشکەران.



**پەڕاگەندە:** scattered ئاوەڵناو پەرش‌وبڵاو، دابەشبوو؛ ئاژەڵی لە مێگەل دوورکەوتوو. ع مبعثر N spre د متفرق شده.

**پەڕاو:❶** notisbok ناو نامیلکە، تێنووس. ع دفتر N notisbok د دفتر.

**پەڕاو:❷** ☜ لووتکەی پەڕاو.

**پەڕاوگە:** stationery ناو شوێنی فرۆشتنی نووسینەمەنی. ع ادوات مکتبیە N saker tool د لوازم التحریر فروشی.

**پەڕاوە:** ناوی چاوگ ڕاهێنان، مەشق.

**پەڕاوی سپارتی:** delivery book ناوی لێکدراو

**پەڕزێرین:** Hummingbird باڵندە مەلی گێزەکەر، باڵندەیەکی گەرمەسێری ئەمریکییە، پەڕەکانی ڕەنگاوڕەنگ و توانای فڕین بەرەو دواوەی هەیە. ع الطائر الطنان N sangfugl د مرغ مگس خوار.

↤ **کوشتنی پەڕزێرینێک:❶** To Kill a Mockingbird ڕۆمان ڕۆمانێکی ١٩٦٠ی هارپر لی نووسەری ئەمریکاییە. خەڵاتی پۆلیتزێری وەرگرتووە و زیاتر لە ٤٠ملیۆنی لێ فرۆشراوە و بە زیاتر لە ٤٠ زمانیش وەرگێڕدراوە.

↤ **کوشتنی پەڕزێرینێک:❷** To Kill a Mockingbird فیلم فیلمی ناوازەی ١٩٦٢ ژێوەرگێراو لە ڕۆمانێک بە هەمان ناو نووسینی هارپر لی، دەرهێنانی ڕابێرت مالیگەن و هونەرمەندی گریگۆری پێک.









**پەڕگاڵ:** compass ئامێر ئەندازە ناو پەرگار، پرگاڵ، ئامێرێکە بۆ کێشانی کەوان و جەغز و بازنە و ئەندازەگیری نێوان خاڵەکان، دوو بازۆی هەیە

کە بە هۆی جمگەیەکی گەرۆک پێکەوە لکاون، یەکێک لە باسکەکان لە یەک شوێن وەستاوە و باسکەکەی تر پێنووسەکەی ڕاگرتووە [E] compass math [ع] فرجار [N] compass [د] پرگار.







**پەڕگر :** extremist [ناو] [ئاوەڵناو] پەڕگیر، توندڕەو. [ع] متطرف [N] ekstremist [د] متطرف، معتزل، افراطی.

**پەڕگە ❶:** notebook [ناو] پەڕک، پەڕاوی بچووک، نامیلکە. [ع] دفتر [N] notisbok [د] دفترچە.

**پەڕگە ❷:** file [ئای تی] [ناو] نووسینێک بریتی بێت لە چەندین لاپەڕە؛ پووشە یان سندوقێک بۆ ڕاگرتنی کاغەزی نەرم بە شێوەیەکی گشتی بە ڕیزبەندییەکی دیاریکراو بۆ ئامادەدان و دۆزینەوەی ئاسان. [ع] ملف [N] fil [د] پروندە. ☜ میواندار: hosted







**پەڕەنما :** bookmark [یادگە] [ناوی لێکدراو] نیشانک، نووشتانەوەی سووچێکی لاپەڕەیەک بۆ نیشانەکردن، یان دانانی نیشانەیەکی دیاریکردن لە پەرتووکێکدا. [ع] اشارة مرجعية [N] bokmerke [د] نشان لای کتاب.



**پەڕەی بڕاو:** cut_out pages دەستەواژە ئەو لاپەڕانەی بۆ وێنە لە گۆڤارێکدا کە کەنارەکانیان بڕاوە یان دیاریکراوە و ئەتوانین دەریان بهێنین.



**پەڕەی نووشتاوە:** fold_outs دەستەواژە مەبەست ئەو لاپەڕانەیە لە گۆڤارێکدا بە ئەندازەی دوو یان سێ بەرامبەری لاپەڕەری ئاسایین و نووشتاونەتەوە. ع طيات، أضعاف من N utbretter د تاشوها.



**پەڕی سیمورگ:** ئەفسانە کاتی جیابوونەوەی زاڵ، سیمورگ سێ پەڕی خۆی ئەدات بە زاڵ، تا کاتی تەنگانە ئاگری بدات و سیمورگ بچێت بۆ یارمەتی و دەربازکردنی لە ئاریشە و تەنگوچەڵەمە. ڕوودابەی ژنی زاڵ، کاتی مناڵبوون کێشەی ئەبێت. زاڵ یەکێک لە پەڕەکان ئاگر ئەدات،

سیمورگ دەسبەجێ پەیدا ئەبێت و یارمەتی ئەدات و ڕۆستەم بە تەندروستی لەدایک ئەبێت. لە کۆتاییشدا دوو پەڕەکەی تر ئەدات بە ڕۆستەمی کوڕی، تا ئەو کاتی تەنگانە بەکاری بهێنێت. ☜ زاڵ







**پەڕین:** twitch **چاوگی تێپەڕ** پل، فڕین، تیک، بزووتنێکی کورت و خێرا و لەپڕی ماسوولکەیەکی دەموچاو. پەڕین چەشنێک تیکی زۆر هێور و ناوبەناو و، هیی ئەو کەسانەیە تیکی هێوریان هەیە. ⇦ چاوفڕین، لێوپەڕین.

⇦ چاوفڕین: لەرینەوەی پێڵووەکان. **تێبینی:** لە بڕوای کوردەواریدا باوە ئەڵێن چاوفڕین شتێکی بە دواوەیە. **ن:** چاوم ئەفڕی پارچەیەک نانم خستە سەری: نان هێمای ڕێزەنە و پیرۆزە و هیوا وایە چاوفڕینەکەی ئەنجامی خراپی بە دواوە نەبێ.





**پەز:❶** ناو مێگەلی مەڕ و بزن.

**پەز:❷** ناو یەک مەڕ، مێ.

**پەزێرە:** stale ئاوەڵناو شەومەندە، نانی کۆن کە شەوی بەسەردا هاتبێ، یان هەویرەکەی باش هەڵنەهاتبێ. ع قدیمة N foreldet د بیات.

**پەژاراوی:** poignant ئاوەڵناو دڵتەزێن، پەژارەهێن، خەمهێنەر، گورچووبڕ د فجیع، تأثر انگیز، رقتبار.

ن: مووزیکی پەژاراوی: poignant music.

**پەژاردنەوە:** atonement ئاپێناسر داد چاوگی تێنەپەڕ کەفارە، تۆڵەی تاوان، قەرەبووکردنەوەی هەڵە یان زەبر و تاوان. ع الكفارة N forsoning د کفارت.

**پەژارە:** sorrow ئاوەڵناو کۆڤان، مۆژە، ئاخداری، ئازار، پەرۆش، بێمرۆسی، پەشێوی، جەخار، خەم، زووخاو، دڵبەسۆیی، دڵپەشێوی، مەینەت، کوڵ، کەسەر، وەژارە. ع حزن، الم N sorg د غم و اندوه E saudade, despair, grief.

**پەژارەمەند:** sorrowful ئاوەڵناوی لێکدراو دڵسووتاو و خەمگین و دڵبەسۆ. ع محزن، مؤلم N sorgfull د اندوهناک.




**پەژمیلە:** rosemary ڕووەک ناو ڕۆزماری، گیواوە نانەشان، کولیلکە کێوی، گەڵاپەژم، بنەگیایەکی گەڵا وردیلەی بۆنخۆشە. ع ندى الجبل، اكليل جبل N rosmarin د اكليل كوهى.







**پەژێرە:** accept ناوی چاوگ {پەژێران} پەسەندکردن، ددانپێدانان، سەلماندن، بەشیاوزانین. ع قبل، وافق N aksepterer د قبول کردن.

**پەژیر:** claim ناوی فەرمان داخواز، خواز، ویست. ع ادعاء N krav د ادعاء.

**پەسا:** ناو گیراوەی ئامادەکراو بۆ چێشت. ← پەسای دۆڵمە، پەسای کفتە شۆربا.

**پەساپەسا:** consecutive ئاوەڵکار بێبڕانەوە، بێوچان، بێناوبڕ، ئازگار، بەشوێن یەکدا، گەنم گردی. ع متعاقب N Fortløpende د متوالی.
← **بێوچان:** ❶ بێمۆڵەت. ← **بێوچان:** ❷ پەساپەسا.

**پەسپەندە:** ❶ scoundrel, wanton ئاوەڵناو پەست، ئاکاردشت، پارەمەز، پنتی، تەرەس، چەورە، جیوەلۆک، سێبەندی، هۆقەبەر، خوێڕی، بێلەغاو. ع رذل N vilseløs د رذل.

**پەسپەندە:** ❷ common people ئاوەڵناو بۆرەپیاو، سەرنەناس، ڕەمەکی. ع عامة الناس N vanlige folk د عوام. ← پاتریسیەن و پلەبیەن دوو چینی سەرەکی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتین، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی کە جووتیار خاوەنی ئایدیۆلۆژی نییە، کەواتە بە چین دانانرێ و توێژێکە بە هۆی چینی سەرمایەدارەوە ڕزگاری ئەبێ.

**پەستۆم:** Paestum جوگرافیا بەندەرێکە لەسەر کەنداوی سالێرنۆ، نزیکی

ناپۆلی، شوێنەواری پەرستگەی زۆر کۆنی لێیە.









**پەستێنەر:** plunger ئامراز ناو پەمپ ئاوەڕۆ، ئامێرێکە پێکهاتووە لە کوپێکی لاستیک لەسەر دەستەیەکی درێژ، بەکاردێت بۆ پاککردنەوەی بۆرییە گیراوەکان بە یارمەتی پەستانی ئاو یان هەوا. ع الغطاس الحمام N avløpspumpe د پیستون.








**پەسڵان:** Apocalypse, Armageddon Gr ئاپیبناسر میسۆلۆجی ناو پسات، نیرڤانا، ڕۆژی پاشین، ڕۆژی پسات، ڕۆژی کۆتاییهاتنی ئەم جیهانە و پێڕاگەیشتنی بەغان و ئێزەدان بە چاکە و خراپەی مرۆڤ، پەسلان لە بەشی ئاشکراکردنRevelationی پەرتووکی پیرۆزی فەلەش ئامارەی پێکراوە N Verdens ende ع يوم القيامة Gr Weltuntergang د روز قیامت E Day of Judgment

**ڕۆژی بەرێ:** ڕۆژی بڕ سەرەتا، ڕۆژی ئەزەڵ ☜ چوار سوارەی پەسلان.








**پەسڵان و پسات:** ئاییناسر ئەزەڵ و ئەبەد.

⇦ **پەسڵان:** ئاییناسر ڕۆژی بێ سەرەتا، ڕۆژی یەکەم، ڕۆژی بەریێ، ڕۆژی ئەزەڵ. ع اليوم الأول N pre-eksistens د روز ازل E pre-existence

⇦ **پسات:** ئاییناسر ڕۆژی کۆتایی، نیرڤانا، ڕۆژی پاشین. پسات، ڕۆژی کۆتایی هاتنی ئەم جیهانە و پێڕاگەیشتنی بەغان و ئێزەدان بە چاکە و خراپەی مرۆڤ.

**پەسن:** praise ناوی‌فەرمان پیداهەڵدان، پیاهەڵگوتن، بە شان و باهۆدا هەڵدان، چەشنێک برواپێهێنان و سەلماندنی باڵادەستی و سەرسپێری شتێک یان کەسێک. ع تمجيد N ros د مدح.

**پەسەندار:** commensurate ئاوەڵناو لەبار، گونجاو هێمایر خاوەن ڕێز و شیانست و بەرێز. ع متناسب N tilsvarende د متناسب.

ن: لەورا ژیا سەرفراز و مر پەسەندار، پشتی مرنێ ب هەژیاتی پلەیا بێدارینێ بدەستقە ئینا.

ن: تەنێ دو کەس ژ لایێ دوژمنێ بەری دۆستان دەستپاک و پەسەندار ژیاینە و مرنە. 📖 زەمبیلفرۆش د ناقبەرا حوکمدارێ پێگەهشتی

**پەسێو:** hiding-place ناو پەنا و قوژبن. ع مكان خفي N skjult sted د مكان مختفى.






**پەشمە:** nonsense ئاوەڵناو هەرزە، قسەی بۆش، قلی‌وبلی، هەڵیتوپەڵیت.
ع کلام فارغ N tull د مهمل.

**پەشیمانی:** contrition ئابیینناسی کۆمەڵایەتی ناوی چاوگ ژیوانی، چرژان، دارەتی هەستکردن بە هەڵە و ژیوانبوونەوە. ع ندم، توبە N anger د تاسف، پشیمانی، توبە.

ن: وەک پەشیمانی لە تاوانەکەی ئامادە بوو خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات.

**پەشێویی پەیبردن:** perception disorder ناسازیی پەیبردن. دەروونناسی.
ع فوضی فهم N persepsjonsforstyrrelse د اختلال تصور.






**پەککەوتنی ئەڤان:** aboulia دەروونناسی نەخۆشی یان ئەبولیا ئاماژەیە بۆ کەمی ویست و پاڵنەر، یان وازی دەستپێشخەری بۆ کردار و قسەکردن و بیرکردنەوە و، هەست دەکرێت پەیوەندی بە تێکچوونی دۆپامینەکانی dopamine مێشکەوە هەیە. چارەسەرکردن پەیوەستە بە هۆکارەکانەوە

بەڵام بەزۆری بەرەو پەرەسەندنی ئاستی دۆپامین ئەچێت.

وێنە: نیچەی فەیلەسووفی مەزن بە پێنووسی مۆنکی مەزنی نەرویجی.




**پەککەوتە:** incompetent [ئاوەڵناو] بێتوانا، کەسێکە تواناى ئەنجام کاری نەبێ یان نەمابێ. [ع] غیر کفء [N] inkompetent [د] ناتوانا.

**پەل:** lunge [ناو] ئەندام، ئەندامی لەش، ئەندامی وەک قۆڵ و قاچ و باسکی گیاندار. [ع] [N] [د]

**پەلسڕبوون:** acroparesthesia [پزیشکی] [چاوگی تێپەڕ] تەزین یان ئاکرۆپارێستێزیا دارەت و نیشانەی هەستێکی بابەتی ئەندێشەییە، وەک سڕبوون، کزەکز، دڕکاویبوون و کەمی هەستکردن، کاریگەری لەسەر {پەنجەکانی دەست و قاچ} دائەنێت. [ع] تشوش الحس [N] akroparestesi [د] خواب‌رفتگی، گزگز.

**پەلامار:** lunge [ناو] هێرش، هورووژم، خۆ ڕاوەشاندن، دەرپەڕین، جووڵەی لە ناکاوی بۆ پێشەوە. [ع] هجوم، دفع الى الأمام [N] utfall [د] حمله، حمله ناگهانی. ·

ن: نەئەبوا پەلاماری منت بدایەت. ن: نەئەبوا خۆت بۆ من ڕاوەشێنی.

**پەلاماری ئاگادیر:** Agadir Crisis [ڕامیاری] [بووبەر] یان قەیرانی ئاگادیر، ساڵی ١٩١١ کەشتییەکی جەنگی ئاڵمانی پەلاماری بەندەری ئاگادیری مەراکۆی لەسەر ئوقیانووسی ئەتڵەس دا و ناکۆکییەکی توند لە نێوان

فەڕانسە و ئاڵماندا کەوتەوە کە زۆری نەمابوو ببێ بە جەنگ. ئەم پەلامارە بووە هۆی خۆپیشاندانێکی مەزن لە لایەن پارتی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمانەوە لە پارکی ترێپتۆی بەرلین. ⇦ لە جولای ١٩١٣یشدا ئاگادیر دیسان بوو بە گۆڕەپانی کێشەیەکی نێوان فەڕانسە و ئاڵمان، کە لە ئەنجامدا ڕێک کەوتن و جەنگ ڕووی نەدا. بەڵام بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتنە، ئاڵمان پێی کرایەوە بۆ کۆنگۆ و مەراکۆ بوو بە کۆلۆنیی بندەستەی فەڕانسە.





**پەلاماری بۆلۆنیا:** Boulogne expedition بڕوانە ساڵی ١٨٠٣ ناپۆلیۆنی یەکەم بۆلۆنیای کرد بە لەشکرگا و بەریتانیا دەستی بەسەر سەد کەشتی جەنگیدا گرت. فەڕانسە جەنگی لە دژی بەریتانیا ڕاگەیاند و ساڵی ١٨٠٥، بەر لە جەنگی ترافاڵگار بکۆتایی هات.







**پەلاماری ترییپۆلی:** Tripoli expedition بڕوانە جەنگی ئیتالیا و عوسمانی لە ساڵانی ١٩١١ و ١٩١٢ کە بە دابەزینی لەشکرێکی ئیتالیایی لە بەندەری تریپۆلی (کە ئێستە ئەکەوێتە ولاتی لیبییەوە) دەستی پێکرد.





**پەلاماری سام:** Panic attack بووبەر جۆرێک پەلاماری ترس و سامە، تووشبوو هەست بە مەرگی دەسبەجێ ئەکات و، ڕەنگە ڕۆژی چەند جار ڕوو بدات و ڕەنگیشە ساڵێ جارێک. هێرشی سام دارەتێکی دەروونییە نەخۆش تووشی ترس و سام ئەبێ، دڵی ئەکەوێتە خورپە، لێزک دەرئەدا، قەفەسەی سینەی ئەگووشرێ و هەست ئەکات گێژ بووە و لەنگەری خۆی لەدەست ئەدات. تووشبوو وا ئەزانێ تووشی دڵە کپێ بووە و هاکا مرد؛ بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە هێرشی سام تەنها چەند خولەکی پێئەچێ و نابێتە هۆی مردن ☜ یان ☜ پانیک.










**پەلاماری لیۆن:** ☜ هەوڵەکانی بۆناپارت.

**پەلاماری مەنگەنە:** pincer attack سەربازی ناوی لێکدراو پەلاماری کلیدە، تاکتیکێکی سەربازییە، کە هێزەکان هاوکات لە دوو لاوە پەلاماری هێزێکی دوژمن ئەدون. ناوەکەی لەوەوە هاتووە کە هێزی پەلاماردەر لە دوو لاوە هێزی دوژمن ئەخاتە ناو مەنگەنەوە. ع هجوم الكماشة N tangangrep د هجوم گازانبری.







**پەلبڕینەوە :** amputate چاوگی دوولۆ بڕینەوەی پەلی مرۆڤ بە نەشتەرگەری.

**پەلسترینا :** Giovanni Pierluigi da Palestrina موزیک (١٥٢٥ ـ ١٥٩٤) ئاوازدانەری ئیتالیایی ڕێنێسانس، ئوستادی پۆلی فۆنێک و لە پێشڕەوانی موزیکی بارۆک.








**پەلسترینا :** Palestrina ئۆپێرا ئۆپێرای ئاوازدانەری ئاڵمانی هانس فیتزنەر Hans Pfitzner.









**پەلسڕبوون :** acroparesthesia پزیشکی چاوگی تێپەڕ تەزین یان ئاکرۆپارێستێزیا دارەت و نیشانەی هەستێکی بابەتی ئەندێشەییە، وەک سڕبوون،

کزەکز، دڕکاویبوون و کەمی هەستکردن، کاریگەری لەسەر {پەنجەکانی دەست و قاچ} دائەنێت. [ع] تشوش الحس [N] akroparestesi [د] خواب‌رفتگی، گزگز.



**پەلک:** ❶ leaf [ناو] گەڵا، بەشێکی تەختە لە گیا و درەخت، جۆری زۆرە و ڕەنگی سەوزە بە لاسکێکەوە لکاوە بە لقی درەختەوە، ئەندامی لێژک دەردان و هەناسەکێشانن. [ع] ورقة [N] blad [د] برگ.

**پەلک:** ❷ branch [ناو] لک، لق و پۆپی درەخت کە لاسک و گەڵا و گوڵ و میوەی پێوەیە. [ع] غصن [N] gren [د] شاخه.



**پەلک:** ❸ eyelid [ناو] پێڵوو، پێستی سەرچاو کە کاتی بەستن دای ئەپۆشن. [ع] جفن [N] øyelokk [د] پلک. ☜ چاوفرین



**پەلک:** ❹ kohl کیمیا ئارایشت ناو کل، کلی چاوڕشتن، ئۆکسیدی ژریرە لەو کووراندا کە ژریر و ڤالآیی تێدا ئەتاوێننەوە؛ ئەو ڤورمەی کە کاتی توانەوەی ژریر لە سەروو کوورەکە ئەنیشێ؛ دەرمانی چاوە و بۆ چاکبوونەوەی ئاوسانی چاو و بەهێزکردنی بینایی باشە. ع کحل N kohl د سرمە.






**پەلکوتان:** grope ناو فەرمان کوێرانە و نادڵنیا لە تاریکیدا دەستکوتان و گەڕان. ع تلمس، بحث عن طریقة N famle د کورمال کردن.

**پەلکە:** plait ناو فەرمان قژ یان هەر ئەستوویەکی نەرم و ئاورێشمین لە سێ تاڵ یان سێ چەپکە هۆنرابێتەوە، بە تایبەت پەلکەی قژی کیژ و ئافرەت. ع ضفیرة N flette د گیسوی بافتە.









**پەلوپوو:** strive چاوگی تێپەڕ پەلوپوو، کۆڵنەدان، بەرگەگرتن، هەوڵدان، تێکۆشانی سەخت و بێوچان بۆ ئەنجامدانی کار یان مەبەستێک. ع سعيِ N bestrebelse د تلاش کردن. ⇦ **پەلوپووکردن:** ئەختوچارکردن، تێکۆشان، خەبتین.

**پەلوپۆهاویشتن:** ramifications چاوگی تێنەپەڕ بڵاوبوونەوە، دابەشبوون، لقَلق بوون. N forgrening ع تشعب د انشعاب. ⇦ **ڕەگاژۆ:** spread ناوی فەرمان ڕەگ و ڕیشە داکوتان، تەشەنەسەندن، بڵاوبوونەوە و جێگیربوون. ع شیوع N spread د شیوع.

**پەلەوەر:** poultry پەلەوەر ناو مەلی ماڵی وەکوو مریشک و قەل و مراوی. ع دواجن N fjærfe د ماکیان E fowl.





**پەلێزە:** lili, orris, gladiolus ڕووەک سوێسنە، سووسەن، لەیلانک، زەمبەق زەرد. ع السوسن N orris د سوسن، گلایل، زمبق.





**پەلپگر:** annoying ئاوەڵناو بیانووگر، گڕووگر، کەسێک کە بیانوو لە کارێک ئەدۆزێتەوە. ع مزعج N irriterende د بهانه گیر.

**پەلخ:**❶ پان و فلچ.

**پەلخ:**❷ بەچکەی گامێش.

⇦ **کۆچەک:** کۆچەکە وشتر، بەچکەی وشتر.

⇦ **کوودەڵە:** بەچکەی بەراز.





**پەلک:** plane tree ڕووەک ناو درەختی سوورەچنار، دارێکی بتەوە بە تواێکڵی لووس و بۆری ئاماڵ سەوز، گەڵاکەی پەنجەیی و چێوەکەی بەنرخە. ع شجرة الحور N poppel د چنار E poplar.





**پەلوو:**❶ ئاشپەزی چێشتێکە بە وردە هەویر و کووزەڵە ساز ئەکرێت.

**پەلوو:**❷ ناو ئارد و ئاوی تێکەڵ بۆ دانە جووجەڵە.

**پەڵووڵە :** halva شیرینی ناو هەلبا، هێولا، هەڵوا، شیرینییەکە بە شەکر یان گەزۆ و ئاردی گەنم یان برنج و گوڵاو و زەعفەران و... ڤانیلا چێ ئەکرێت. ع الحلاوة الطحينية N halva د حلوا.






**پەڵاوی :** smear ناو پەڵەدار، چڵکن، ڕۆناوی. ع لوث N smøre د لکەدار، آغشتە.

**پەڵە ❶:** spot, stain, blemish ناو نیشانەیەکی بچووکی خڕۆکە، لەگەڵ ڕەنگ و پێکهاتەی فەراگەردی جیاوازە. ◀ پارچەیەک لە هەور یا لە دەغڵ یان لە هێندێ شتی تر. ع لطخة، بقعة N flekk د لکە.

**پەڵە ❷:** volley, big autumn rain ناو فەرمان بارانی تێری دەغڵ، بارانێکی تێکراییە لە ناوەڕاستی پایزدا دەبارێ و دەغڵودان و گیای پێ دەڕوێ و جووتی پێ دەکرێ. ع لطخة N flekker د لکە.






**پەڵەپەڵە :** smudge ناو فەرمان بوونە هۆی پەڵاوی بوون. ع لطخة N flekker د لکە.

**پەموانە :** ناو تۆمەپەموو، دەنکی پەموو E cottonseed.



**پەمە :** finger ناو پەنجە، ئەنگوست، موست، تِپل، کلک، قامک. ع سبع N finger د انگشت.

**کلکەوانە :** خشڵ ئەنگوستیلە، مستیلە.









**پەمەتۆمە :** cottonseed ناو پەموانە، تۆمەپەموو، دەنکی پەموو کە ڕۆنی لێ ئەگیرێت. ع بذرة القطن N bomullsfrø د پنبە دانە.



**پەمەسیاوڵە:** Adiantum ڕووەک ننن خارەڕەشە، قەیتەران، ڕەشەدەرمان، چەمەسیاوڵە، گیایەکە جۆری یەکجار زۆری هەیە، لە شوێنی شێداری کەنار ئەستێرک ئەڕوێ، گەڵای درێژ و دادنەدارە. ع شعر الغول N bomullsfrø ف پرسیاوشان کوهی.




**پەناباب:** دراو ناو پەناوا، نیوەی قەرانێک، دە شایی، پارەی سەردەمی قاجار و پالانییەکان. ← **قەران:** دراو ناو بەرامبەر بە یەک ڕیاڵی یەکەی فەرمی پارەی ئێرانی.




**پەنابردە:** دادوەری ناوی چاوگ پەنابەر، کەسێکە پەنا ئەباتە بەر شوێنێکی ئایینی یان سەر بە دەسەڵات بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێ. د بست نشستە.

← **پەنابەر:** رامیاری ناوی چاوگ پەنابردنە لە ڕوانگەی ڕامیارییەوە، کەسێکە پەنا ئەباتە بەر وڵاتێکی بێیانی بۆ ڕزگارکردنی گیانی لە مەترسی.

**پەنابەر:** The Immigrant فیلم فیلمی ئەمریکایی ١٩١٧، دەرهێنانی و هونەرمەندی چارلی چاپلین.








**پەناگە :** resort تەنگانە ناو شوێنی داڵدە و پەنا بۆبردن و بەکارهێنانی ستراتژی یان شێوازێکی تایبەت، بە تایبەت لە دۆخ یان خولێکی دیاریکراوی تەمەرە و دژواریدا. ع ملجأ N tilflukt د ملجا.

**هاوینەهەوار :** resort سەیرانگە ناو مەڵبەندێکە ئاو و هەوا خۆش و جێگەی حەوانە بۆ ماوە و مەبەستێکی دیاریکراو سەردانی ئەکرێ. ع مصيف N sommersted د استراحتگاه تابستانی.

تێبینی: وشەی resort واتای هاوینەهەواریش ئەگرێتەوە، چونکە ئەویش دوورکەوتنەوە لە کێشە و جەنجاڵ و ئاپۆرەی ژیانی شارە و، ئەگەری ئەوەش هەیە بە مەبەستی خۆشاردنەوە و خۆونکردن لە مەترسی بێت.











**پەنام:❶** absent ئاوەڵناو پێواری ڕازاوی، نادیار، بەرپێوار، نەتەن.

⇦ **پەنام و پێوار:** بۆ جەختکردن بە دوای یەکدا دێن. N fraværende

ع د غایب، غیب، غیبی، تلویحی.

⇦ **وازا:** ئاوەڵناو ڕوون، دیار.

⇦ وازا و پێوار: د معلوم و مجهول.

**پەنام:❷** camouflage ناو خۆونکردن، خۆشاردنەوە، خۆدزینەوە لە دوژمن و مەترسی بە هاوڕەنگکردنی خۆ لەگەڵ ژینگە. ع تمویة N kamuflere د استتار. ☜ جلی پەڵە





**پەنام:**❸ esoteric ئاوەڵناو ئیزۆتێریک، ڕاز، ئارینەر، گوماناوی، شاراوەیەک کە تەنها چەند کەس یان پەرەمێک بە زانایی و پسپۆڕییەکی تایبەتەوە تێی ئەگەن. ع سری N esoteriske د سری. ☜ ئیزۆتێریزم




**پەنامبین:** necromancer, predictor جادوو جادووگەر ئـاو نهێنی بین، کەسی خاوەن وزەی بانسروشتی کە شتی نادیار و غەیبی ئەبینێ. ع ساحر N nekromancer, prediktor د غیبگو.

**پەنامەکی:** confidential ئاوەڵناو نەپەنی، بە نهێنی، لەبنەوە، بەدزییەوە. ع سرِي N konfidensiell د محرمانه. ☜ سەنتە

**پەنتیکاستالیزم:** Pentecostalism ئایینناسی بزووتنەوە ئایینزا یان بە نەروێجی Pinsebevegelsen یان بزووتنەوەی پەنجاهە {پەنتە، پینسە، پەنجا}، بزووتنەوەیەکی نوێخوازانەیە لە فەلەگەری ئەوانجلیکیدا، جەخت لەسەر ئەزموونی تایبەتی ڕاستەوخۆی خوا لە ڕێگەی پیرۆزکردنی عیسا لە ڕۆژی پەنجای گەڕانەوەدا ئەکات، وەک لە خودی ئینجیلدا هاتووە.



**پەنجە:** Hamsa ئاییناسی شێوەزانست داب‌ونەریت ناو پەنجەی چاوەزار لە دێرسەوە هەبووە و وەکوو کەرەستەی دژی تووک و چاوی پیس بەکار هاتووە. ئەم پەنجەیە هەتا ئێستاش لە چوارقوڕنەی جیهاندا باوە و لە سەدان شێوازی خشڵ و ئاسندا هەیە و بە تایبەت لای ئەمازیقی باکووری ئەفریقا وەک توونس و مەراکۆ و جەزایر بە ناوی «لەپ و پەنجە» شوێن و پلەیەکی ناوازەی هەیە. N Hamsa ع خمسة د دست ابوالفضل دریژه

**دەستی تانیت:** لای شارستانیەتی کارتاژ، ٨١٤ی پێش زایین، لای تۆنسی ئێستا هەبووە و بە دەستی تانیت ماخوای ڕێژەن دانراوە. لەوێوە چووە بۆ میسر، چاوێکی خرا سەر و وەکوو باربەڕەنی نزای چاکە و چاوەزار سوودی لێ وەرگیراە.

**خامسە:** چووە لای جوولەکە، ئەستێرەی داوودیان لەسەر کێشرا و ناوی نرا خامسە یان دەستی مریەم خوشکی مووسا و هاروون و ڕێزی لێکیرا.

**دەستی مریەم:** ئەم دەستە چووە لای فەلە و مەبەست و تەنانەت ناوەکەشی نەگۆڕدرا، تەنها وتیان مەبەست لە مریەمە، مریەمی پاکیزە دایکی عیسایە.

**هامسا:** ئەم هێمایە چووە لای هێند و هیندویزم و ناوی نرا هامسا. بە پێنج نیشانەی پێنج هێسنی سروشت و پێنج ناوەندی ئینرژی لە لەشدا دائەنرێ.

**ئەبهایا مۆدرا:** لای بوودایيەکان ئەگەر ڕووی بۆ سەرەوە بێ، بە واتای «بوێر بە!»یە و ئەگەر بۆ خوارەوە بێ دەستی پارێزەرە.

**دەستی فاتمە:** لە ئیسلام سەرەتا بوو بە «پەنجەی ئالی عەبا»، پاش هاتنی فاتمیيەکان بوو بە «دەستی فاتمە» کچی پەیامبەر. پاشان بوو بە نیشانەی شینگێڕی و پەنجەی ئەبولفەزل کە لە گۆڕەپانی

جەنگدا کوژرابوو.




**پەنجەرەی ڕاهێڵ:** sliding window ناو پەنجەرە کە لەسەر باڵشمەکەی ئەخشێ بە لادا. ع نافذة منزلقة N skyvevindu د پنجره کشویی.



**پەنجەنیگاری:** dactylography زانست دادوەزا پەنجەمۆر، سەبارەت بەوەی پەنجەمۆری هیچ مرۆڤێک لە یەکێکی تر ناچێ، ئەو یافتە و شوێنەوارە لە زانستی ڕێسایدا بۆ ناسینەوەی کەسان بەکار ئەهێنرێت و، تەنانەت کەسانی سیگاری یان عارەقخۆر ە شێوازی نانۆگەردیلە ئەناسرێنەوە.




**پەنجەی کوردی:** مۆزیک دەزگا دەزگا یان قامێکی موزیکی کوردییە.

**پەنجەی مەریەم:** cyclamen ڕووەک ناو چِنگی، چِنگی مەریەم، گیایەکی ئورووپایِیە، گوڵی سوور و پەمەیِی و سپِی ئەگرێ، پەڕەکانی پشتەوەی چەماون و بە زۆری گوڵی ناو ئینجانەی زستانەی ماڵانە. ع بخور مريم نبات عشبِي N syklamen د پنجەی مریم.



**پەند:** adage ننن ئامۆجیاری، گوڵواژە، دەستەواژەیەکی کورت و پوخت کە بەگشتی ئامۆژگاری و ژیری تێدایە؛ کورتە وتەیەک کە گوزارشت لە ڕاستییەکی گشتی دەکات. ع قول مأثور N ordtak ف ضرب المثل E proverb, maxim. نمو گەر پێت وایە زۆر بچکۆلەی کە کاریگەریت هەبێت، شەوێک لەگەڵ چەند مێشوولە لە ژوورێکدا بکە بە ڕۆژ.

**گۆتە:** ننن saying پەند، دەستەواژەیەکی کورت و پوخت، بەگشتی ئامۆژگاری و ژیری تێدایە. ع قول N ordtak ف قول.

**پەندێر:** advisor ناوی چاوگ [پەند+ دێر{دێران}] ئامۆژگار، ئامۆژگاریدەر، وتاربێژ، پەندبێژ N rådgiver ع ناصح، واعظ د ناصح. ☜ داشتن

**پەنکریاس:** pancreas پزیشکی ناو کەمبەلۆک، چمە، پەنکریاس یەکێکە لە ڕژێنەکانی لەشی مرۆڤ و بەشێکە لە کۆئەندامی هەرس Digestive system و کۆئەندامی کوێرەڕژێنەکان. ئەم ڕژێنە هەندێک هۆرمۆنی وەکوو:

- ئەنسۆلین
- گلوکاگۆن
- سووماتۆستاتین
- پولی پێپتیدی پەنکریاتیک،

دروست دەکات کە ئەرکی گرینگیان هەیە لە کۆئەندامی هەرس و ڕژێنەکاندا و لە پرۆسەی هەرسیشدا بە هەمان شێوە ع البنكرياس N bukspyttkjertelen د لوزالمعدە، پەنکریاس.







**پەنگر:** tongs ناو مەقاش، ماشە، گیرە. ع كماشة N tong د انبر.



**پەنور:** ڕووەک ناو گیایە کی کوێستانیە، زۆر بەهێزە، بۆ خواردنی ئاژەل بەکار دێ.

**پەنەمیاگ:** inflammation ناو پەنەمیاو، ئاوساو، کوتراو. ع ملتهب N betennelse د ورم کرده.





**پەنەوا:** laugh چاوگی تێنەپەڕ خەنە، کەن، پێکەنین، جووڵانی دەم و جەستە وەکوو دەربڕینی ڕێژەیی سەرگەرمی و هەندێ جار جۆش و خرۆش یان گاڵتە و سووکایەتی؛ خەنین بە شێوەیەکی سووکەڵە و ڕەها. ع ضحک N latter د خندە.

**پەنژۆ:** Epahomene ڕۆژژمێر ناو یان Sansculottides پێنج ڕۆژ لە ساڵی هەتاویدا کە لە ساڵی مانگی زیاد ئەکات، پەنجەی دزراو، لە ڕۆژژمێری مەسریدا هەبووە لە ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە، واتە ساڵی هەتاوی ٣٦٠ و ٥ ڕۆژیش پەنژۆ، لە ڕۆژژمێری ئەڤێستاییدا هەیە و ساڵی پڕ ئەبێ بە ٦ ڕۆژ. لە سەردەمی ئیمپراتۆری ساسانیدا پەنژو پێی ئەوترا نەورۆزە گچکە و ڕۆژانی جەژن و ئاگرکردنەوە و ڕست و بۆنەی ئاینی بوو. ← ساڵانی ١٧٩٣ تا ١٨٠٥ لە ڕۆژژمێری فەرانسەدا سوود لە پەنژۆ وەرگیرا. ع خمسة مسترقة N Epahomene د خمسە مسترقە، پنج روز اضافی سال شمسی. ☞ دەمژمێرا بەهدینی





**پەنێرا برێد:** Panera Bread [خۆراک] [بەرژەنگ] [ناو] کۆمانیایەکی زنجیرەیی خواردنی خێرایە لە ئەمریکا، لە ١٩٨٧ـەوە، زیاتر لە ٢٠٠٠ ڕێستۆرانی هەیە، کۆمەڵێکی زۆر لە جۆرەکانی نان و شیرینی و پیتزا و ساندویچ و ساردی و قاوە ئەفرۆشێ. ئەڵێن ناوەکەی لە لاتینەوە هاتووە بە واتای «سەبەتەی نان pānārium»، لە کاتێکدا زۆر لە وشەی پەنیر نزیکە و زۆربەی خواردنەکانیشی پەنیری تیایە. [ع] بانرا برد [N] panera brød [د] پنرا برد.




**پەنی:❶** [ناو] پەڵەی بچووکی پێست، لەکەی پێست.

**پەنی:❷** [ئاوەڵناو] دیار، ئاشکرا، ن: پەنی و پەنام، دیار و نادیار.

↤ **پەنام:** absent [ئاوەڵناو] پێواری ڕازاوی، نادیار، بەرپێوار، ن: پەنام و پێوار [N] fraværende [ع] [د] غایب، غیب، غیبی.

↤ **وازا:** [ئاوەڵناو] ڕوون، دیار. ↤ وازا و پێوار [د] معلوم و مجهول.

**پەنیر:** cheese [خۆراک] [شیرەمەنی] [ناو] پەنێر، پەندیر، پەنێرە یان تڵ خواردنێکە لە شیری گواندار دروست دەکرێت. پەنیر بە گوێرەی جۆری شیر و خۆراکی گیانەوەر، ئەنزیمی ئامیان، ڕادەی شێداری و ڕەوتی ئامادەکردن سەدان جۆری باوی هەیە. خواردنێکی بە گشتی زۆر سوودمەندە بۆ تەندروستی. جۆرە هەر ناسراوەکانی پەنیر: [ع] جبنە [N] ost [د] پنیر.

◀◀ **جۆرە هەر ناسراوەکانی پەنیر:** پەنیری پێستە، کوویە، پارمازان و ڕۆمانۆ؛ پەنیری وان، کەرووـشین، فێتا و چێدار؛ پەنیری سەلک و

مۆزەرێلا و ڕیکۆتا؛ پەنیری گوندی و ڕیکۆتا و قەیماخی.

درێژە پەنیر بەگوێرەی ڕادەی تەڕ و وشکی پۆلێن ئەکرێت:

◀ **پەنیری وشک** Low moisture (١٣ تا ٣٤) وەک پەنیری کوویە و پارمازان.

Low moisture 13 to 34 %    Very hard    Parmesan, Romano

◀ **پەنیری نەرم** (٣٤ تا ٤٥) وەک پەنیری وان، کەڕوو ـ شین، فێتا و چێدار؛

Medium moisture 34 to 45 %    semi_hard    Cheddar, Blue, Gouda, Edam

◀ **پەنیری مەیلە** (٤٥ تا ٥٥) وەک پەنیری سەلک و مۆزەرێلا و ڕیکۆتا؛

High moisture 45 to 55 %    Soft    Mozzarella, blue, Brie

◀ **پەنیری تەڕ** (٨٠ تا ٨٥) وەک پەنیری گوندی و ڕیکۆتا و قەیماخی.

Very high moisture 55 to 80 %    Very soft    Cottage, cream, ricotta




**پەنیری پێستە:** خۆراک ناوی لێکدراو جۆرێک پەنیرە کە لە هەرێک ناوچەی کوردستان دروست ئەکرێت، چێژێکی تیژ و بەرامەیەکی زۆر خۆش و بەهای خۆراکی چاکی هەیە. بە نانی لەواش و کاکڵە گوێزەوە یەکاویەکە. دروستکردنی پەنیری پێستە چەند مانگی پێئەچێت، بۆیە بە پەنیرێکی تایبەت دائەنرێت. ◀ یەکەمجار پەنیری سەلکە، کە لەناو

ئاووخوێ بۆ سێ مانگ هەڵئەگیرێ و دوای ئەوە ئەکوترێ و ورد ئەکرێ. پاشان ئەکرێتە ناو پێستە و وەها ئەپەسترێتەوە کە هەوابڕ بێ. ئینجا بۆ ماوەی ٢ تا ٣ مانگ و زیاتریش لە شوێنی ساردی وەکوو کوول و ئەشکەوت و سەیزان هەڵئەگیرێ. ◀

ئەم پەنیرە بە زۆری لە وەرزی پاییز و زستاندا دروست ئەکرێت، واتە لە دوای گەلاوێژ کەوتن ئەخرێتە ئەشکەوت و سەیزان و لە کۆتایی پاییز و سەرەتای زستاندا خۆشە بووە و ئامادەی خواردنە.

بیرەوەرییەک: یەکەمجار کە پام کەوتە شاری «وان»ی پیرۆز و لێی مامەوە، باری داراییم هەو نەبوو؛ بەڵام هەم من و هەموو ناسراوان لەگەڵ هەموو ناوبازاڕی دڵبەسۆ، نێوانمان یەکجار خۆش بوو. کاتی کڕینی پەنیری پێستە: با بڵێین پێستەیەکی بچووکی دەستی بزنێک کە نزیکەی ١٣٠٠ گرەم پەنیری تێدا بوو، خاوەن کۆگا کە زۆری لە خۆی ئەکرد بە هەرزانترین نرخ ئەو پەنیرە بە کوردە نەدارەکانی هاوڕەگەزی بفرۆشێ، ئەو کۆگادارەی لە ناوچەوانی پیرۆزیدا تەمی کەلیلانی هاودڵی ئەبینرا و ئەمانزانی چەند پەرۆشداری ئێمەیە،

ئەیوت: «بۆ ئێوە کیلۆی بە ٢٠ دۆلار.»

ئێمەش ئەمانوت: «بە ١٥ دۆلار بماندەرێ.» ئەیوت: «ئەوە کیلۆی بە ٣٠ دۆلارە بە ئێوەی ئەدەم بە ٢٠.» ئەوسا بە دوای چارەسەردا ئەگەڕا و بۆ ئەوەی نە سیخ بسووتێ نە کەباب، ئەیوت: «بەڵام، ئەگەر ئەتانەوێ پەنیرەکە دەرئەهێنم و ٣٠٠ گرەم لە ڕەق و تیژە ناخۆشەکەی دەوەری ئەتاشم و ئەوسا کیلۆی بە ١٥ دۆلار بۆ ئێوە.»

◀ گرنگە بزانین هەمان کۆگادار پەنیرە تاشراوە تیژە بۆگەنەکەی ئەهاڕی و ئەیدا کیلۆی بە ٤٠ دۆلار، کە وەکوو خوێ و وەکوو تام و چێژ ئەکرێ بەسەر پاستا و سپاگێتی و پیتزا و لازانیا و دەیان خواردنی تردا. لە هەموو بازاڕەکانی ئورووپاشدا ئەو پارمازانە هاڕدراوە گرانبەهایە لە

خوێدان و قوتیلەی تایبەتدا ئەفرۆشرێ.



**پەنیری چێدار:** Chedar cheese خۆراک شیرەمەنی ناو جۆرێکە لە پەنیری ئینگلیزی ڕەق و نەرم و زەرد یان پرتەقاڵی، لە شیری مانگا دروست دەکرێت و بەناوبانگترین جۆری پەنیرە لە بەریتانیا. ئەم پەنیرە بۆ یەکەمجار لە گوندی **چێدار** کە دەکەوێتە شاری سامەرسێت Somerset لە باشووری ئینگلتەرا بەرهەم هێنراوە و ناوەکەی لەم گوندەوە وەرگرتووە. هەرچەند پەنیری چێدار بە ڕەنگەکەیدا دەناسرێتەوە، بەڵام پەنیری ڤێرمۆنت، چێداری سپی ئەمریکاییە کە ڕەنگی تێناکرێت. ع جبنة الشيدر N cheddarost د پنیر چدار.



**پەنیری ڕۆمانۆ:** Romano cheese خۆراک شیرەمرنر ناو زاراوەیەکە لە ئەمریکا و کەنەدادا بۆ پۆلێک پەنیری ڕەق و سوێر بەکاردێت کە بە پلەی یەکەم گونجاوە بۆ ڕەندەکردن، هاوشێوەی پێکۆرینۆ ڕۆمانۆ، کە ناوەکە لێیەوە وەرگیراوە. ع جبن رومانو N Romano_ost د پنیر رمانو.




**پەنیری شین:** Blue cheese خۆراک شیرەمرنر ناو یان پەنیری کەڕوو، جۆرێکە لە پەنیری نەرم لە شیری مانگا و مەڕ یان بزن بە یارمەتی کەڕووی پەنسلیۆم بەرهەم دەهێنرێت. ئەم جۆرە پەنیرە زیاتر بۆ زەڵاتە بەکاردێت و چێژێکی تایبەتی هەیە. ئەم بەرهەمە دەتوانرێت بە تەنیا بخورێت یان بپرژێنرێتە سەر خۆراک یان لەگەڵ خۆراکدا گەرم بکرێت تاوەکو دەتوێتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پەنیری شین بۆن و تامە تیژەکەیەتی. ع جبنة زرقاء N Blåmuggost د پنیر رگەآبی. وێنە: نەرویج خەڵاتی یەکەمی پەنیری شین وەرئەگرێ.




**پەنیری فێتا:** Feta خۆراک شیرەمرنر ناو پەنیرێکی نەرمی کەرەیی لە بنەڕەتا یۆنانییە، لە شیری بزن و مەڕ، لە ناو ئاو خوێ تا چەند مانگ

ڕائەگیرێ، نەرمەسوێرێکی زۆر بەچێژ و خۆشە، تایبەتی سالادە و هەزبێ ئەکرێ بە سەریدا. فێتای ئەمریکایی بە شیری مانگایە. ع فتا N Feta د پنیر فتا.




**پەنیری کۆلیبری :** Colibri cheese خۆراک شیرەمەنی بەرژەنگ ناو یان Kolibrie پەنیرەکی زۆر بەچێژی گرانباییە، لە دەرەوە پێدەگات بۆ ناوەوە، بۆیە لەگەڵ پێگەیشتنی پەنیرەکە، ناوەکەی لە ناوەڕاستدا نامێنێت. کۆلیبری ڕەنگەکەی کەمێک زەردە و چێژەکەی سووک و تەرچک و قەیماخی و تازەیە. ع کولیبری N Kolibrie د کولیبری.

تێبینی: لە هەندێ سەرچاوە **کۆلی بری** واتە پەنیری کۆلی یان پەنیری قەرەچیانی ڕۆژهەلاتی ئورووپایە؛ واتە Koli هەمانە لە کوردی پێی ئەڵێن کاولی. ☜ کاولی




**پەنیری کووپە :** خۆراک ناوی لێکدراو پەنیری کووپە جۆرێک پەنیرە کە لە برێک

ناوچەی کوردستان دروست ئەکرێت، چێژێکی تیژ و بەرامەیەکی زۆر خۆش و بەهای خۆراکی چاکی هەیە. بە نانی لەواش و کاکڵە گوێزەوە یەکاویەکە. دروستکردنی پەنیری کووپە چەند مانگی پێئەچێت، بۆیە بە پەنیرێکی تایبەت دائەنرێت. یەکەمجار پەنیری سەلکە، کە لەناو ئاووخوێ بۆ سێ مانگ هەڵئەگیرێ و دوای ئەوە ئەکوترێ و ورد ئەکرێ. پاشان ئەکرێتە ناو کووپە و وەها ئەپەستڕێتەوە کە هەوابڕ ببێ. ئینجا بۆ ماوەی ٢ تا ٣ مانگ و زیاتریش بە کووپەکەیەوە ئەخرێتە ژێر خاک و گڵەسوورە ئەکرێتە گردی، لەبەر ئەوە بە کووپە بەناوبانگە. ئەم پەنیرە بە زۆری لە وەرزی پاییز و زستاندا دروست ئەکرێت، واتە لە دوای گەڵاوێژ کەوتن ئەکرێتە بە ژێر گڵەوە و لە کۆتایی پاییز و سەرەتای زستاندا خۆشە بووە و ئامادەی خواردنە.

**بیرەوەرییەک:** کاک عەبدولواحید، لە گرووپی فەرهەنگی ژین وەک بەرسڤی پەنیری کووپە نووسیبووی:

> **«پەنیری کووپە کەی تیژە؟ کاتێ کە تیژ دەبێ، دەڵێن: "دەک کابان دەستت بشکێ بۆ پەنیرێ گرتووتە!" واتە پەنیری کووپە کە تیژ دەبێ، گەنیوە و بۆ خواردن نابێ.»**

ئەبێ بڵێم ئەو گوتەیە لە سەداسەد وایە و لە هەموو ماڵێک ئەوە هەیە و منیش چەندین جارم بیستووە. بەڵام تیژی پەنیر بە واتای خراپ بوونی نییە، هەرچەند بەداخەوە لە ناو خێزانەکانی کورددا ئەو بۆچوونە زاڵە. خراپبوونی پەنیر زۆر هۆی هەیە و پەنیری کووپە، چ بەشە سپی و چ قەراخە زەرد و بۆر و ڕەشەکەی، هەر هەمووی تیژە، جا خراپ بووبێ یان نا! پەنیری پێستە لەبەر زۆری ڕێژەی چەوری، چەورییەکەی لە قەراخەکانیدا کۆ ئەبێتەوە، بەڵام مەرج نییە خراپ بووبێ. بەڵام من خۆم لە منالییەوە هەتا ئێستا تەنها ئەو بەشەی پەنیرم خواردووە کە هەم زەرد و ڕەشە و هەم زۆر تیژە. کاتێک کە منداڵ بووم ئەیانناردم بۆ پەنیر کڕین ـ دیارە بە گوێرەی بەرزونزمبوونەوەی داهاتی یانەسا،

هەندێ جار نەمانئەتوانی بە کووپە بکڕین- بۆیە ئەیانوت بچۆ لای مامە یارە ٦ تمەن پەنیر بکڕە. منیش لێکم دابوویەوە لەو ٦ تمەنە، ٥ قەرانی بەر من ئەکەوێ. بۆیە بە مامە یارەم ئەموت: «ئەوە ٦ تمەن، ٥ تمەن و نیو پەنیری سپی جوان و ٥ قەرانیش پەنیری زەردی ناشیرین...» مامە یارە ئەیوت: ئەوە پەنیری سپی و ئەوەش بایی دوو ٥ قەران پەنیری زەرد بۆ تۆ. لە ماڵیشەوە کەس نەیاری ئەوە نەبوو کە من پەنیری خۆم بە جیا کڕیوە، بەڵام پێیان ناخۆش بوو کە من «گەن خۆرم!» و ئەکەوتنە ئامۆژگاری کردن؛ وەلێم باشییەکەی ئەوە بوو کە هەموو جار «دایەگەورە»ی دڵسۆزم فریام ئەکەوت و ئەیوت: «کوڕی من گەنخۆرە، بە ئێوە چی! لە داخی ئێوە منیش لەگەڵی ئەخۆم!» هەڵبەت تیکەیەکی لەگەڵ ئەخواردم و بەشی چوار تیکە لە بەشەکەی خۆی بۆی قەرەبوو ئەکردمەوە!



**پەنیری کەڕوو:** ☜ پەنیری شین

**پەنیری گوندی:** cottage cheese خۆراک شیرەمەنی ناو پەنیری یانەکۆڵە، پەنیرێکی سپی تەڕی کەمچەوورییە لە شیری مانگا و بە ئامیانی ترشی

لاکتیک دروست ئەکرێت. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر باوە، بۆ شیرینی کونافە ئەبێت، بۆ لازانیا شیاوە و ئەکرێتە سالاد و ئەساورێ بە نانی ڕەقدا. ع جبن قريش N cottage cheese د پنیر کوتاژ.



**پەنیری وان:** Wan cheese خۆراک شیرەمرنر ناو جۆرێک پەنیری کوردییە گیای ژاژی یان سیابۆی بوومی وان و بۆتانی تێکەڵ دەکرێت. ئەیکەنە ناو پێستەی گووراوی بزن و مەڕ. لە شوێنی سارد هەڵئەگیرێت و پاش دوو تا سێ مانگ ئامادەی خواردن ئەبێت. ☜ سیابۆ یان پنجار




https://kurdshop.net/ku/health/1973

https://web.facebook.com/Davari.Ballakayati/photos/a.1608/736325056531265852675945161/?type=3&_rdc=1&_rdr

**پەهلەوی:** مێژوو جوگرافیا بەغدای پایتەختی ساسانیان، شاری تاقی خوسرەوی نەوشیروان، نیشتگەی پەهلوییە پەهلەوی زمانەکان بووە کە پاش کاولکردنی لە لایەن کۆنەپەرستی عەرەبەوە و پاش نزیکەی هەزارە و نیوێک، هێشتاش بەشێکیان لێماوەتەوە، کە ئەمڕۆ بە فەیلییەکانی

بەغدا ناسراون و هەر هەموویان لە سەداسەد خۆیان بە کورد ئەزانن و زمانیان بە کوردی ئەزانن! ئەمە دیاردەیەکە ڕۆژەڤ و ڕاستەقینەیە و کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات. فاشیستی فارس، زمانی ئەو پێنج ملیۆنە کوردەی بەغدا و مەندەلی، زرباتییە، بەدرە، جەسان، خانەقین، کەرکووک، پێشکۆ، پشتکۆ، کووت، عەمارە و بەسرە کە پەهلەوییە و بە پەهلەوی گوت و بێژ ئەکات، بە فارسی دائەنێ، کە خۆی زمانەکەی لە دەری دزیوە!...





**پەیامبەر:** The Prophet ئاپێنتاسر ویژە هۆنراوە کۆمەڵە پەخشانێکی ١٩٢٣ی نووسەری لوبنانی ئەمریکایی جوبران خەلیل جوبرانە Kahlil Gibran لە ٢٦ برگەدا، ئامۆژگارین لە لایەن زانایەکەوە بە ناوی مستەفا ئەخوێنرێنەوە، ئەم کۆمەڵە پەخشانە لە لایەن سەلما هایاکەوە کراوە بە فیلم و بەناوبانگترین بەرهەمی جوبرانە. ع النبی N Profeten د پیامبر.




**پەیامی پەرلەمان:** La Messager de l'Assemblée ڕۆژنامە هەواڵنامەی پەرلەمان بوو لە دژی بۆناپارتیزم، لە ١٦ی فێبریوەری تا دێسەمبەری ١٨٥١ دەرئەچوو.

**پەی بگرێ:** رستە شوێن بگرێ. ⇦ پەی گرتن: شوێن کەوتن و لەسەر کۆڵینەوە.

**پەی پێبردن:❶** perception چاوگی تێنەپەڕ تێگەیشتن، پەی بەبێهەست، پێزانین، چۆنیەتی تێگەیشتن یان پەی پێبردن. ع الادراک N oppfatning د ادراک.

**پەی پێبردن:❷** perception زنجیرە زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠١٢ـ٢٠١٥ لە سێ وەرزدا، ئافراندنی کنێس بیلەر، هونەرمەندی ئێریک مەککۆرمەک. پزیشکێکی سەمەرەی نۆرۆسایکیاتریست بە دیدگای ناوازەی خۆیەوە پەروەندە تاوانکارییە ئاڵۆزەکان شیکار ئەکات.




**پەیترۆنایزینگ:** patronising ئاوەڵناو هەڵخراندن، دواندن بە سۆزەوە بۆ چەسپاندنی مەزنایەتی یان بۆ فریودان و خۆ بە گەورە پیشاندان.

⇦ نموونە: لە دوای ١٦ ئۆکتۆبەر و خیانەتی بنماڵەی جەنگی تالەبانی لە کوردستان و فرۆشتنی کەرکوک، بەرهەم ساڵح ئەو کات سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی، هێرشی دەکردە سەر گرووپی خەیانەت و لە گرتەیەکی ڤیدیۆدا دەڵێ: **خۆ من بێ حورمەت نیم بڕۆم دەنگ بۆ یەکیتی کۆبکەمەوە.** شایەنی باسە، تەنها مانگێک لە دوای ئەو وتانەی خۆی، کە لەکەناڵەکەی خۆی، بڵاوکرایەوە، ناوبراو دووبارە گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، چونکە وتیان ئەتکەین بە سەرەککۆمار! ناوبراو، وا پێئەچێ لە لای گووگڵ ناسناوی {بێ حورمەت}

ی هەڵگرتبێ، چونکە کاتێک لە گووگڵ سێرچ دەنووسیت {بێ حورمەت} تەنها وێنەی دکتۆر بەرهەم دێت [ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە ٢٠١٨ــ ١٢ــ٣١ / ١٨:١٩:٠١ کاناڵی خەندان ، بەشی (ڕامیاری) ئامادەکردنی (بەرهەم ڕەوەند عوسمان}]. Xendan

لینکی یووتوب:

12s=4CwiyHiwDko& t=https://www.youtube.com/watch?v





**پەیجۆ:❶** researcher ناو پەیجوور، لێکۆڵەر، توێژەر، تۆژەرەوە. [ع] الباحث [N] forsker [د] محقّق.

**پەیجۆ:❷** With perseverance ئاوەڵناو شوێنگر، شێلگیر، ئیستەرەم، پێداگر. [ع] مستمر [N] kontinuerlige [د] با پشتکار [E] continuous.

**پەیجوور:** search ناوی فەرمان بەدواداگەڕان، پەیدۆزی، تۆژانەوە، کنە، دانەپەی، شارۆکردن، فەکۆلین، کرکاش، گردیسەر، لێگەڕان، ملۆمۆ، نانەشوێن. [د] جستجو [N] søke [ع] بحث.

**پەی دەرەکی:** perception external فەلسەفە ناوی لێکدراو [ع] تصور خارجي [N] ytre oppfatning [د] فهم خارجی.

**پەی ناوەکی:** perception internal ناوی لێکدراو [ع] فهم داخلی [N] oppfatning internt [د] فهم داخلی.

**پەیرەو:❶** disciple ئایینناسی ناو یار، پرِوادار، شاگرد، شوێنکەوتوو؛

هەرکام لە شوێنکەوتوانی عیسا لە ماوەی ژیانیدا. ع المريد N disippel د شاگرد، حواری.

**پەیڕەو:❷** follower کۆمەڵایەتی ئایینناسی ناو پابەند یان شوێنکەوتووی کەسێک، بیروباوەڕێک، ئایینێک، یان چالاکییەکی دیاریکراو. ع تابع، المريد N følger د دنبالە رو.

**پەیڕەوی ناوخۆ:** statute ڕێکخراوەیی ڕامیاری ڕێسای بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەیی و دیاریکردنی ئەرک و دەسەڵاتی ئەندام و شانە و پۆل و دەزگاکان لە بەر ڕۆشنایی بەرنامەدا، کە لە لایەن گۆنگرەوە بە زۆرایەتی دەنگ پەسەند ئەکرێت و تا کۆنگرەی داهاتوو پەیڕەوی لێ ئەکرێت. ع النظام الأساسي N vedtekter د اساسنامە.

**وێنە:** پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ئەندازەی زۆر بچووکی ١ لەسەر ٨ بۆ ڕێکخراوەکانی ناوشار لە سەردەمی خەباتی نهێنیدا، دەرهێنانی سیامەند شاسواری. ١٩٨١ـ ١٩٨٣

**وێنە:** پرنسیپەکانی ڕێکخستنی حیزب، پەسەندکراوی کۆمینتەرن، ١٩٢١، وەرگێڕانی سیامەند شاسواری، وەشانی ڕێکخراوی ٦ی کۆڕەک، ١٩٨١.



**پەیژەی یاقووب:** Jacob's Ladder ئایینناسی ئەفسانە پەرتووک ☜ (دە پەرجووی تەورات ـ یەکەم) چیرۆکی پەیژەکەی یاقووب ڕاڤەی زۆری بۆ کراوە، ئەمەش کاتێک بووە کە یاقووب ئەچوو بۆ هەران Harran و کە بینی خۆر لە داچوون دایە، بڕیاری دا لابدا و شەو لەو شوێنە بخەوێ.

کە خەوی لێکەوت، خەوی بینی «فریشتەکانی خوا» کە «لە دابەزین و سەرکەوتندا بوون» «پلیکانەیەکیان بۆ ڕاخست کە ئەمسەری لە زەوی و ئەو سەری لە بەهەشت بوو.»

خوا، فەرمانی بە یاقووب دا سەردانی «ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکوور و باشوور»ی کرد. کە یاقووب لە خەو ڕابوو و، پرسیاری لە خۆی کرد بیری کردەوە ئەو خەوە ڕاستی بووە: «چونکە پەروەردگار بە مسۆگەری لەم شوێنەیە و، ئەوە من بووم کە پێم نەزانیوە.»

ئەمە ئەتوانرێ وا لێک بدرێتەوە کە فریشتەکان و خوا هێی جیهانێکی دەرەکی بوون، کە ویستوویانە بە یاقووب بڵێن هەوڵ بدا لە ژیانی داهاتووی خۆیدا ناوی «خوا» بڵاوی بکاتەوە و بانگەشەی بۆ بکات. بۆ نموونە گریمان و پەژێرەکردنی ئەوەی کە چیرۆکەکەی یاقووب ڕاست بووبێ، ئایە ئەتوانین بە ڕاستی ئەوە بزانین کاتێک کە یاقووب خەوتبوو، چی ڕووی داوە؟!

بۆ پەرجووەکانی تر ☜ <u>دە پەرجووی تەورات</u>



**پەیسەر :** follower ناو شوێنگر، گراوی، پەیڕەو، شوێنکەوتووی کەسێک یان، بڕوایەک یان، هۆکارێک. ع تابع N følger د پیرو.

**پەیکانی کات :** Arrow of Time زانست ئەستێرەناسی یان Time's Arrow چەمکێکە کە ساڵی ١٩٢٧ لە لایەن ئەستێرەناسی بەریتانی، ئارسر ئێدینگتۆن Arthur Eddington هێنرایە ئاراوە. ئەم چەمکە لەسەر بناغەی ناهاوتابوونی کات دانراوە، کە ئەڵێ کات ئاراستەیەکی هەڵبژاردەی لەپێشی هەیە. ئەم ئاراستەیە لە ڕێگەی تۆژینەوە لە تەلاری ئەتۆم و مۆلوکول و تەنەکان بەدەست ئەهێنرێ N Tidens pil ع سهم الزمن د پیکان زمان.

لە سیستەمی میکرۆسکۆپی کات ئاراستەی هاوتایی هەیە، لەکاتێکدا لە سیستەمی ماکرۆسکۆپی ئاراستەی هاوتایی وەلانراوە و کات ئاراستەی هەڵبژاردەی هەیە. ⇦ **لەپێشی:** preferred بەباشتردانراو، هەڵبژێردراو N foretrukket ع مفضل د مرجح.




**پەی :** پەیبردن، لێ تێگەیشتن.

**پەیکردن :❶** بڕین و داهێنانی شتێک. ن: فیسارە کەس ڕەزەکەی پەی کرد.

**پەیکردن :❷** cut چاوگی تێنەپەڕ بڕین، بە قەڵت بڕین، پەڕاندن، پەڕاندن بە تیغ، پەلبڕین. ع قطع N kutte opp د بریدن، قطع کردن.

**پەیکوڵ :** tribulus terrestris ڕووەک ناو دەنکی گیایەکی خۆڕسکە، گوڵێکی تاکی زەردی هەیە، بەقەد دەنکە گەنمێک ئەبێ و دڕکاوییە، ئەلکی بە

تووکی وڵسات و پاتاڵەوە، زۆر زبر و بەئازارە.



**پەیکەرتاشی خزنی مێدیچی:** نازناو پەیکەرتاشر هەمان مێکل ئانژ یان مایکڵ ئانجێللۆیە کە پاپا لیۆنی دەهەم ساڵی ١٥١٨ داوای لێکرد، خزنی مێدیچی Medici Tombs بە مەڕمەڕی پیێتراسانتا Pietrasanta ساز بکات ☜ مێدیچی.



**پەیکەرەداوڵ:** effigy توانج ناو ئەفەجی، کۆتەڵ، پەیکەر، بووکەپەڕۆ، بووکەڵە، پەڕۆیینە، داوڵ. ع دمیة، شخصیة مکروهة N avbilding د تجسم، پیکرک.



**پەیکەری زەردەشت:** Zoroaster statue دادوەری پەیکەر پەیکەری زەردەشت، پەیامبەری کوردان، بە نیشانەی دادگەری کوردان، لە ساڵی ١٨٩٦ەوە لە سەر دیواری لقی یەکەمی دادگای بەرپێکی هانای نیۆیۆرک Appellate Division of the Supreme Court, First Judicial Department لە شەقامی مەدیسۆن دانراوە. ئەم پەیکەرە لە لایەن هونەرمەندی پەیکەرتاش ئێدوارد کلارک پاتر Edward Clarke Potter دروست کردوە. [ع] تمثال زرادشت [N] Zoroaster statue [د] مجسمە زرتشت.








**پەیکەری ستراسبۆرگ:** Strasbourg statue یادەوەری پەیکەری هێمایی شاری ستراسبۆرگ لە گۆڕەپانی کۆنکۆردی پاریس، بەرهەمی پرادیە پەیکەرتاشی فەرانسەیی لە سەدەی نۆزدە. لە پاش داگیرکردنی ستراسبۆرگ ١٨٧١ لە لایەن ئاڵمانەوە، نیشتمانپەروەران لە بەردەم ئە پەیکەرە خۆپیشاندانیان ئەکرد.





**پەیکەری ناوەندی :** central monument جوگرافیا یادەوەری ناوی جێگا پەیکەری یادەوەری لە گۆڕەپانی کۆماری لە پاریس.

**پەیلوای :** viewpoint ناوی لێکدراو ڕوانگە، دیدگا. ع وجهة نظر N synspunkt د دیدگاه.

**پەیمان :** treaty ڕامیاری بەڵگە ناو کۆنڤانسیۆن، ڕێککەوتننامە، ڕێککەوتنێکی نووسراوی فەرمی و ڕێسایی نیوان دوو لایەنی نێونەتەوەییە. بە زۆری لە نێوان دەسەڵاتی وڵاتانی سەربەخۆ و دامەزراوی نێونەتەوەییدا ئەبەستری. ع معاهدة N traktat د معاهده.

**بەڵێن :** covenant ناو گفت، سۆز، ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەیان چەند خاڵێکی دیاریکراو. ع عهد N pakt د میثاق.

**پرواناەی پەیمان :** protocol پێشنووسی سەرەکی پەیمانێکی ڕامیارییە کە لە نێوان دوو لایەندا واژۆ کرابێ. ع نظام المعاهدة N protokoll د معاهده.

تێبینی: پەیمان treaty بەهێزتر و فەرمی ترە لە ڕێککەوتننامە convention.

**پەیمان بەستن :** sign treaty ناو ڕێککەوتن، واژۆکردنی پەیماننامە. ع ابرام معاهدة N undertegne traktat د امضای معاهده.

**پەیمانداری :** commitment ناوی چاوگ ناوی لێکدراو ئەمەگداری، پابەندی بە بنەمای کاری و ڕاپەڕاندنی ئەرک. ع تعهد، التزام N forpliktelse د تعهد، سرسپردگی.

ن: پەیمانداری و بوێری و ڕاستگۆیی لە بنەماکانی پێشکەوتنە لە بواری کار و لە کۆمەڵگەدا.

**پەیمانگا :** institute ناوی لێکدراو دامەزراو یان ڕێکخراوێک کە ئامانجێکی تایبەت یان بەرنامەیەکی هاوبەشی زانستی یان پەروەردە یان کۆمەڵایەتی هەیە N institutt ع معهد د انستیتو.

**پەیمانشکێن :** warlock شێوەزانست خورافات ناوی لێکدراو ووڕلاک، جادووگەری

پەیمانشکێن، جادووگەری لە پەیمانی عیسا لادەر و فریودەری هاوکاری ئەهریمەن، زیاتر بۆ پیاو و هەروەها بۆ ژنیش بەکار هاتووە.
ڕیشەناسی سکاتلەندی ١٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستە، ئەویش لە میسۆلۆژی نووردی varð_lokkur بانگەرانی دوخمان و ڕووخێنەری بیری عیسا، بە هەزارانیان لە لایەن کلێسەوە لە ئاگردا سووتێنراون. ع مشعوذ N trollmann د جادوگر. ☜ وۆرلاک











**پەیمانشکێنی:** perfidy ڕامیاری ناوی لێکدراو ناپاکی، دوخمانی، بەڵێنی درۆ. ع خیانة N perfidighet د خیانت.











**پەیمانگەی ئاشپەزی:** Culinary Institute پەروەردە ئاشپەزی پەیمانگەی کولین. ع معهد الطهي N Kulinarisk institutt د مؤسسه آشپزی.
⇦ **فێرگەی ئاشپەزی:** Culinary School.



THE CULINARY INSTITUTE OF AMERICA
THE WORLD'S PREMIER CULINARY COLLEGE

**پەیمانگەی باڵا:** École normale supérieure پەروەردە زانکۆ یان École normale لە کۆلانی ئۆلم لە فەراگەردی پانتیۆنی پاریس، ساڵی ١٧٩٤ دامەزراوە، تا پێش جەنگی جیهانی دووەم لە بڕواپێکراوترین دامەزراوە فەرهەنگییەکانی فەڕانسە بوو کە تەنانەت وەرگیران و چوونە ژوورەوە خۆی بە شانازییەکی مەزن دائەنرا. زۆر لە بیرمەندان و مەزنانی زانست و وێژەی فەڕانسە لەم زانکۆیە خوێندوویانە. ئەم فێرگەیە لە گەڕەکەکانی سیقەر و سەنت کڵەود و فۆنتێنەی پاریس لقی هەبوو.





**پەیمانگەی باڵای تۆژینەوەی سینەمایی:** {IDHEC} واتە Institut des Hautes: etudes Cinematographiques پەروەردە پەیمانگەی فێرکاری سینەمایی بوو لە هەموو بوارەکانی دەرهێنان و وێنە و دەنگ و... ساڵی ١٩٤٤ لە فەڕانسە دامەزرا.









**پەیمانگای توێژینەوەی ئابووری نێودەوڵەتی:** {IIES} پەروەردە زانکۆ یان The Institute for International Economic Studies لە زانکۆی

ستۆکهۆڵم لە سوید، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دامەزراوە. ئامانجی سەرەکی بەرهەمهێنانی توێژینەوەی ناوازەیە بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤارە نێودەوڵەتییە پێشەنگەکاندا. زانکۆی IIES لە ١٨ توێژەری پیشەیی تەواوکات پێکدێت و، ساڵانە نزیکەی ٤ توێژینەوە لە پێنج گۆڤاری سەرەکی ئابووریدا بڵاو ئەکاتەوە.

زانایانی IIES کۆمەڵێک خەڵاتی نێودەوڵەتییان وەرگرتووە، وەک خەڵاتی یادەوەری نۆبڵ لە زانستە ئابوورییەکان و خەڵاتی یریۆ یانسۆن Yrjö Jahnsson، لەگەڵ زۆرێک ڕێزلێنانی دیکەدا؛ دوو زانای IIES بە سەرۆکی کۆمەڵەی ئابووری ئەورووپا، یەکێکیان بە سەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆمەڵەی ئابووریزانان، سێ ئەندامی ڕوومەتی بیانی هەڵبژێردراوی ئەکادیمیای هونەر و زانستی ئەمریکا و، شەش ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەکادیمیای شاهانەی زانستی سوید. ژمارەیەک لە زانایانی IIES پلەیان لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارە نێودەوڵەتییە باڵاکاندا هەیە.




**پەیمانگەی ڤیەنا بۆ توێژینەوە ئابووری نێودەوڵەتی:** (wiiw)

پەروەردە زانکۆ تۆژینەوە یان The Vienna Institute for International Economic Studies دامەزراوەیەکی توێژینەوەی ئابووری نەمسایییە کە وەک ناوەندێکی تایبەت بە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیێکهاتووە. ٤ معهد فيينا للدراسات الاقتصادية الدولية N Wien-instituttet for internasjonale økonomiske studier د موسسه مطالعات اقتصادی بین المللی وین.






**پەیمانگەی سەنترال:** Ecole Centrale پەروەردە زانکۆ توێژینەوە له بەناوبانگترین زانکۆکانی باڵای هەموو لقەکانی ئەندازیاریی لە پاریس، ساڵی ١٨٢٠ دامەزراوە.





**پەیمان لەگەڵ ئەهریمەن:** Il Patto col diavolo فیلم فیلمی ئیتالیایی ١٩٥٠، دەرهێنانی لویجی چیارینۆ.









**پەیماننامەی شێر:** leonine agreement رامیاری بەڵگە بەگوێرەی یەکێک لە چیرۆکەکانی ئیزۆپ Aesop، چیرۆکبێژی یۆنانی کەونارا، هیی سەدەی

شەشەم تا پێنجەمی پ.ز، پەیماننامەیەک ئەنووسرێ بە ناوی پەیماننامەی شێر کە لایەنێک هەموو قازانجەکانی بەرئەکەوێ و لایەنەکی تریش هەموو زیانەکان.






**پەیمانی ڕادەستکردنەوەی تاوانباران:** Extradition treaty داده‌وەری
ڕێککەوتنی نێوان دەسەڵاتەکان بۆ ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی داواکراو.
ع اتفاقیة (معاهدة) تسلیم المجرمین N Utleveringsavtale د معاهده استرداد مجرمین. G قانوونی

**پەیمانی شێنگن:** Schengen Agreement رامیاری بەڵگە لە ١٤ی جوونی ١٩٨٥ لە لایەن پێنج وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئابووری ئورووپا لە شاری شێنگن کە شارۆچکەیەکی شەرابسازە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی لۆگزەمبۆرگ، لە بەری چەپی ڕووباری مۆزێل Moselle لەسەر سنووری ئاڵمان و فەڕانسە واژۆ کرا. بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە ناوچەیەکی ئورووپایی بەدی هات کە کونترۆڵی سنوورەکان لەو ناوچەیەدا هەڵگیراوە و هەماهەنگی لە ڤیزەی ئەم ناوچەیەدا بەدی هاتووە. ژمارەی وڵاتانی ناوچەی شێنگن ئەمڕۆکە گەیشتوەتە ٣٦ وڵاتی ئورووپایی و هەموو ئەوانەی کە ڤیزای شێنگن وەرئەگرن، بە ئازادی ئەتوانن هاتووچۆی هەر ٣٦ وڵاتەکە بکەن. ئەندامانی ناوچەی پەیمانی شێنگن بریتین لەمانە: ئاڵمانیا، ئایسلەند، ئۆتریش، ئیتالیا، ئیسپانیا، ئێستۆنیا، بەلجیک، پورتوگال، پۆلۆنیا، دانمارک، سلۆڤاکیا، سلۆڤانیا، سوید، سویس، فەڕانسە، فینلاند، کۆماری چێک، لاتڤیا، لۆگزامبۆرگ،

لیتوانیا، لیختنشتەین، ماڵتا، نورویژ، هۆڵەند، هەنگاریا، یۆنان.




**پەی ناوەکی:** perception internal فەلسەفە ناوی لێکدراو تێگەیشتنی ناوەکی، سەبارەت بەو شتانەیە لە جەستەکانی ئێمەدا ڕوو ئەدەن؛ ئەندامان و دەزگاکانی لەشی ئێمە لە کوێن؟ ئایە دائەنیشین یان ئەوەستین؟ ئایە دۆش داماوین؟ برسین؟ ماندووین؟ و تا دوایی. ع تصور داخلي N oppfatning internt د ادراک داخلی. ⇦ **پەی دەرەکی:** perception external تێگەیشتنی دەرەکی یان هەستی، سەبارەت بە جیهانی دەرەوەی جەستەی ئێمەیە. ئێمە بە یارمەتی هەستەکانمان وەکوو بینین و بیستن و دەستلێدان و بۆن و چەشتن وەرئەگیرێن. ع تصور خارجي N ytre oppfatning د ادراک خارجی. ⇦ **پەی:** پەیبردن، لێ تێگەیشتن. ☜ فەلسەفەی تێگەیشتن ☜ هەستیناسی

**پەیۆتی:** peyote ڕووەک ناو جۆرێک کاکتۆسی بێ گرێیە ڕەنگی کەسک و شینی کاڵە، بوومی مێکزیک و باشووری ئەمریکایە، لە تیرەی بەنگە و سرکەرە. ع بیوت N peyote د پیوت.














**پەیوەند:** connect فەرمان پەیوەستێ و ئاشنایی دوو شت بەیەکەوە، تێکەڵی و دۆستی. ع اتصال N koble د علاقە، اتصال.

**پەیوەنددار:** correlate ناوی‌لێکدراو هەبوونی پەیوەندییەکی هاوبەش، کە تێیدا شتێک کاریگەری لەسەر شتێک هەیە یان پشت بە شتێکی دیکە دەبەستێت. ع ترابط N korrelere د همبستگی.

**پەیوەندی:** correlation ناوی‌چاوگ هەبوونی نێوان و گرێدراوی هاوبەش، کە تێیدا شتێک کاریگەری لەسەر شتێک هەیە یان پشت بە شتێکی دیکە دەبەستێت. ع ارتباط N sammenheng د ارتباط.

**پەیوەندیدار:** germane ئاوەڵناو گونجاو، سەربە، بەستراو؛ گونجاوە و پەیوەندی بە بابەتێکەوە هەیە کە لەبەرچاو گیراوە. ع وثیقة الصلة N nært beslektet د مربوط E pertinent.

ن: بۆچوونی ئەو بەڵگە نییە.His opinion is not germane ⟵ چونکە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە.

**پێ ئەنێیتە سەر شێرێک و سەر مارێک:** Inculcabis super leonem et aspidem ئاپیناسر نزا گەران-٧ بەشێکە لە نزایەکی فەلەکان بۆ عیسا بە زمانی لاتین، بەشی ٩١ ئەڵێ: «ئەو کە لە بالاترین شوێنی نهێنیدا نیشتەجێیە» لە پەرتووکی سالم psalm یان مەزامیری داوود کە کەشکۆڵی سروود و نزاکانی داوودی پەیامبەرە و، جوولەکە و کاسۆلیک و ئەنگلیکەن باوەڕیان پێی هەیە و پێی هەڵئەسن. هەندێ لە تۆژەران وەکوو میدراش تەحلیم Midrash Tehillim و زۆهار Zohar لایان وایە مووسا ئەم تەلەسمەی کێشاوە لەو کاتەدا کە لەسەر هەورەکانی سەر کێوی سینادا بووە، بۆ پاراستن لەو فریشتانەی بۆ تیابردن هاتبوون.





**پێ برین:** disruption ناوی فەرمان پچڕان، بڕین، ڕێ پێ لادان، هۆکار و ئاریشەیەک کە ڕەوت یان چالاکییەک تووشی کێشە و پەرێشانی ئەکات.
ع خلل N forstyrrelse د قطع.








**پێبەند:** guarantor ناو کەفیل، کەسێک کە ئەبێ بە دەستەبەری کەسێکی تر. ع الضامن الکفیل N garantist د ضامن، کفیل.

ن: بووە بە پێبەندی باوکی: واتە بووە بە کەفیلی باوکی.

ن: لە سەربازی پەڕییەوە لەبەر ئەوەی پێبەندی باوکە پیرەکەیەتی: واتە کەفیلی باوکیەتی.

**پێبەند:** guarantor ناو گەرەنتیکار، کەفیل، کەسێک، دامەزراو، یان ناوەندێک کە گەرەنتی و بەرپرسایەتی کەس یان شتێک دەکات. ع الضامن، الکفیل N garantist د ضامن، کفیل.

**پێبەندی:** obligation ناووانا پێبەندی، بەست، پەیمان، بەڵێنی، سۆز، گفت، ئەرک، پەیور، خۆبەستەیی، پەیگرتن، دەربەستی. ع التزام N forpliktelse د تعهد، وضیفە.

**پێپرژە:**❶ ناوی فەرمان بە قاچ و دەنووک بڵاوکردنەوەی خۆڵ و خەوش و بۆ دانگەڕانی مریشک.

**پێپرژە:**❷ ئاوەڵناوی فرمان قاچ لێکئالان.

**پێپلۆس:** peplos ناو جلێکی هێڵ و هەروای بەژنەبالایە لە یۆنان و ڕۆمای کۆندا باو بووە، شالێکی لەگەڵ بووە کە لە ملیان ئالاندووە یان داویانە بەسەردا.




**پێپەڵکە:** slippage ناو پاکوتان لە شوێنی خۆدا، هەنگاوانی بێ ڕۆیشتن، سووڕانەوەی تەگەری ماشین لە شوێنی خۆی لەبەر لووسی زەوی N glidning ع انزلاق د بوکسوات.







**پێترارک:** Francesco Petrarca هۆنەر سکۆلار {١٣٠٤ـ١٣٧٤} هۆنەر و مرۆڤپەروەر و سکوولاری ئیتالیایی ڕێنسانس.






**پێتۆنیا :** petunia ڕووەک ناو گیایەکە لە بنەماڵەی شەوەر، گوڵی شەیپووری ڕەنگ ڕوونی هەیە. بوومی ئەمریکای گەرمەسێرە و وەک گوڵی دووڕەگە بو جوانی بەکار دێ. ع البطونیة N petunia د گل اطلسی.




**پێتی پووسە :** Hop_o'_My_Thumb وێژە ئەفسانە یان Little Poucet یان وردیلەکان یەکێکە لە هەشت ئەفسانەی پەریان کە شارڵ پێرۆ لە ١٦٩٧ بلاوی کردووەتەوە.




**پێچاڵ :** پیشە دەزگا ناو قووڵکەی ژێر پای جوڵا، چاڵێکە لە کاتی کارکردندا جوڵا قاچی تێدا شۆڕ ئەکاتەوە و ئاسنگەر تێیدا ئەوەستێ؛ ئەو قووڵکەیە کە لە یاری چاڵێنی منالان بادامەکەی تێئەهاوێژن. ع حفرة الحائك والخیاط والحداد د پاچال.





**پێچ و پەرچ:** Screw and anchor ناو پێچ و ئەو پلاستیکە ناوبۆشەی ئەخرێتە ناو دیوار و وەکوو لەنگەر پێچەکە ڕائەگرێ یان پەرچ ئەخواتەوە. ع برغي و قابس N Skrue og anker د پیچ و رولپلاک F Rouleau de .plaque

**چەوی و برغوو:** Bolts and nuts ناو مۆرە و پێچ. ع البراغي والصواميل N Bolter og muttere د پیچ و مهره.



**پێچووکە:** forelock ئاراییشت گودیلە، کاکۆڵ، فیس، قژی پێش سەر. ع ناصية N fortoppen د کاکل، زلف بر پیشانی.



**پێچەڵەپلووچ:** intricate ئاوەڵناوی لێکدراو فیشاردە، زۆر ئاڵۆسکاو و دژوار. ع معضلة N innviklet د بغرنج.

**پێچەوانە:** contrarian ئاوەڵناوی لێکدراو بەراوەژوو، هەڵاوەگێڕ، دژایەتیکردن یان ڕەتکردنەوەی بۆچوونی جەماوەری؛ بە پێچەوانەی پراکتیکەکانی ئێستا. ع مناقض N kontrarisk د برعکس.

**بەرایی:** ١} بەراهی، ڕەوادیتن. ن: دڵم بەرایی نادا ئازاری بدەن. ٢} ئۆقرە. ن: دڵم بەرایی نایە.

**پێچی ڕووبار:** Bend of the River فیلم فیلمی وێستێرنی ئەمریکایی ١٩٥٢، دەرهێنانی ئانتۆنی مان.








**پێخۆشبوون:** gratification چاوگی ئێنەیەر قایلی، ڕازیبوون، خۆشی، چێژ. ع مسرة، مسرة N tilfredsstillelse د خوشنوودی.

**پێدا:** supply ئابووری کاڵا ناو کاڵای ناو بازاڕ. ئەو کاڵای بۆ کڕین و فرۆش لە بازاڕدا هەیە. ع عرض N forsyning د عرضه ☜ کاڵا و داخواز.

**پێداگری:** insistence سینەسختی، لەسەرڕۆیشتن، پاڕانەوە، کڕووزانەوە. ع الحاح N insistering د الحاح.

**پێداویست:** indispensable ئاوەڵناو پێویست، پێوەژیاو، بێهەڵنەکردوو، زۆرگرنگ، گرنگی مسۆگەر، کەس یان شتێک کە لەبەر گرنگی ناتوانرێ پشت گوێ بخرێ یان چاوپۆشی لێبکرێ، کارێکە بە مسۆگەری ئەبێ ئەنجام بدرێ. ع لازم لا مفر منه N uunnværlig د بسیار ضروری

[E] exigencies.

**پێداویستی:** exigency [ناو] ویست و نیازی دەسبەجێ. [ع] الضرورة [N] nødvendighet [د] ضرورت.

**پێداویستییەکان:** exigencies [ناو] پێدایستییەکان، ویست و نیازی دەسبەجێ. [ع] مقتضیات [N] krav [د] مقتضیات، ضروریات.

**پێدراو:** data [ئای تی] [ناو] داتا، زانیاری، گریمانە، ڕاستی و زانیاری هەژماری پێکەوە کۆکراوە بۆ ئامارەدان یان شیکاری. [ع] بیانات، معطیات [N] data [د] دادە، داتا. ☜ بنکەدراو.










**پێدکوور:** pedicure [ئارایشت] [ناو] ڕازاندنەوە و جوانکاریی نینۆکی پا وەک ڕێککردن و ڕەنگکردنی نینۆک. [ع] بادیکیر [N] pedikyr [د] پدیکور.

⇠ **مانیکوور:** manicure [ئارایشت] [ناو] ڕازاندنەوە و جوانکاریی نینۆکی دەست وەک ڕێککردن و ڕەنگکردنی نینۆک. [ع] صباغة الاظافر [N] manikyr [د] مانیکور.





**پێرسۆنا:** persona ئاوەڵناو کەس، کەسایەتی، کاراکتر، کە هەوڵ درابێ گرنگی و چۆنێتی و پلە و ڕەووشتی پیشان بدرێ. ع دور (تمثیل) N persona د پرسونا.




**پێرسینی:** Jean Gilbert Victor Fialin, duc de Persigny ڕامیار پیلانگێر (١٨٠٨ـ ١٨٧٢) بۆناپارتیست، نوێنەری ئەنجوومەنی ڕێسادانان، لە ڕێکخەرانی کودێتای ٢ی دێسەمبەری ١٨٥١، دوو جار وەزیری ناوخۆ بووە.





**پێرم:** sullen ئاوەڵناو ڕەزاگران، خوێنتاڵ، دزێو لای خەڵکی. ع متجهم N mutt د کج خلق.

**پێرۆ:**❶ Charles Perrault نووسەر وێژەوان (١٦٢٨ـ ١٧٠٣) شارڵ پێرۆ، نووسەری فەڕانسەیی، ئەندامی کۆڕی زانیاریی، داهێنەری شێوازی چیرۆکی پەریان.

بەناوبانگترین کارەکانی پێرۆ ئەمانەن: سیندرێللا، پشیلەی چەکمەپۆش، چارۆکەسوور و جوانی خەوتوو. زۆربەی بەرهەمەکانی پێرۆ لەدوای مردنیشی هەر لە چاپ دران و بوونە بابەتی شانۆ، ئۆپێرا، بالێت و فیلم. پێرۆ یەکێک بوو لە کاریگەرترین کەسایەتییە وێژەییەکانی فەرانسە لە سەدەی ١٧دا و یەکێک بوو لە بەرێوەبەرانی شۆڕشی وێژەیی دژ بە وێژەی کلاسیک.











**پێرۆ:**❷ Charles Perrault نووسەر (١٦٢٨ـ١٧٠٣) نووسەری فەرانسەیی، ئەندامی کۆڕی زانیاریی، داهێنەری شێوازی چیرۆکی پەریان.

**پێرۆن:** Peronne جوگرافیا لە شارەکانی پارێزگای سۆم Somme لە باکووری فەرانسە، کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دەراندەر خاپوور کرا.





**پێروو:** Pleiades ئەستێرەناسی ناو یان کۆ، هێشوویەک ئەستێرەیە لە کەلووی گا بە حەوخوشکانیش ناسراوە، چونکە بە چاوی ئاسایی ئەبینرێ

و بەرامبەر بە حەوتەوانە ئەوەستێ. کۆی حەوت خوشکان لە میسۆلۆژی یۆنانیدا کچانی ئەتڵەسی خاوەنشکۆن کە ئۆریۆن لە شێوازی کەلووی ڕاوچی بە دوایانەوە بوو و ئەوانیش بۆ ڕزگاری خۆیان بوون بە حەوت کۆتر و لە شەقەی باڵیان دا.

بەو {حەوتەوانە}ی ڕوو لە {کۆ} ئەکا
دڵەکەم کەڵکەڵەی باڵای تۆ ئەکا







**پێرێتۆلا:** Peretola ئاوەڵناو شارۆچکەیەکی نەواقەی فلۆرانسە، ئەکەوێتە لای باکوورەوە و نزیکەی حەوت کیلۆمەتر لێی دوورە.






**پێریە:** Casimir Pierre Périer ئابووریزان ڕامیار {١٧٧٧ـ١٨٣٢} بانکداری بەرچاوی فەڕانسەیی، خودانی کان، سەرکردەی ڕامیاری و سەرۆکوەزیران لە ١٨٣١ تا ١٨٣٢.





**پێر:❶** Pair نازناو ئاوەڵناو هاوتا، ناسناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران بوو لە سەردەمی پاشایەتیی لویی فیلیپدا.

**پێر:❷** order ئایدیۆلۆجی ڕێکخراو ناو ڕێکەوتن یان پێکهاتنێکی نیمچە ڕێکخراوەییە لە نێوان دەستەیەک لەسەر بناغەی شتی پراکتیک و وێکچوو، لە ڕێکخراو ڕەنگە هەندێ لایەنی کەمتر بێ و لەولاشەوە هەندێ شتی زیاتر بێ، وەک پێدانی بڕیار و دەسەڵات. تراست و کارتل تا ڕادەیەک شێوەی تازەی پێرن لە بواری ئابووری ئەمڕۆدا. ع منظمة النبلاء N peerage د تشکیلات اشرافی F pairie.



**پێراگەیاندن:** communication دادوەری ڕاگەیاندنی بڕیار یان بەڵگەی دادگا. ع ابلاغ N kommunikasjon د ابلاغ. G قانوونی

**پێر دو فرانس:** Pairie de France ڕێکخراو خانەدان هاوتا، لە نازناوە بەرجەستە خانەدانەکانی فەڕانسە E Peerage of France.



**پێرک:❶** tribune ناو دوانگه، تریبوون، کورسیی وتارتان. ع منصة، منبر N tribune د تریبون.






**پێرک:❷** ناو بەرزایی خۆڵ و بەردی کەوشەنی دوو زەوی بۆ لەسەر دانیشتن، ستێر.




**پێرۆ:** Benjamin Pierre Perrot ژنراڵ {١٧٩١ـ ١٨٦٥} ژنراڵی سپا، ساڵی ١٨٤٠ فەرماندەی گاردی نەتەوەیی پاریس بوو. ساڵی ١٨٤٨ لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی جولایدا بەشدار بوو.



**پێڕۆک:** roller_bladers ناو ڕۆلەر_بلەیدەر، جۆرێک پێڵاوە لەسەر چەرخی بچووک ئەسووڕێ و ئەڕوات. ع الدوارة N rulleskøyter د بلدرهای غلتکی.



**پێڕەوکەر:** toddler ناو کۆرپەی یەک تا سێ ساڵە کە ساوایشی پێ ئەوترێ. ع طفل صغير N småbarn د کودک نوپا. ☜ پێگر ☜ گاوڵکێ



**پێڕی تیۆتۆن:** Teutonic Order کۆمەڵناسی ئاییناسی پێڕی برایانی یانەی جێرمانی سەنت ماری لە ئورشەلیم، پێڕێکی کاسۆلیکە ساڵی ١١٩٠ لە ئاکرێ دەسەڵاتداریی ئورشەلیم دامەزرا، بۆ دانانی دەرمانگە و نەخۆشخانە و یارمەتیدانی ئەوانەی کە ئەچن بۆ سەردانی خاکی پیرۆز N Teutonisk orden.



**پێڕی سەنت ژان:** Order of Saint John of Jerusalem کۆمەڵناسی ئایینناسی
ان پێڕی میوانداران، ساڵی ١١١٣ بۆ پەزێرایی و پاراستنی زیارەتکەرانی ئورشەلیم پێک هات و ساڵی ١١٤٠ بوو بە دامەزراوێکی سەربازیی بۆ بەشداری لە جەنگی خاچپەرستان، ئەم پێڕە ساڵانی ١٣٠٩ تا ١٥٢٢ دوورگەی ڕوودسیان بە دەستەوە بوو، ناوی پێڕی سەنت ژان یان یووحەننای ڕەببانی قودس، پاشتر گۆڕا بە پێڕی ماڵتا.



**پێڕی سەن فرانسیس:** order of St. Francis کۆمەڵناسی ئایینناسی یان Francis of Assisi فرانسیسکەن، دەستەیەکن سەر بە فرانسوا داسیز ئایینزانی بەناوبانگی فەلە لە سەدەی سیانزەدا، کە بڕوایان بە هەژاری و خۆتەمێکردن هەبوو.



**پێڕی شاسوارانی پەرستگەیی:** Knights Templar کۆمەڵناسی ئایینناسی
ساڵی ١١١٩ بۆ بەرگری لە زیارەتکەرانی ئورشەلیم بەدی هات، لە ماوەیەکی کورتدا سامانێکی زۆری پێکەوە نا و تەنانەت دوورگەی قوبرسی کڕی، پاشان بەدوای ڕاپەڕینی دانیشتوانی دوورگەکە فرۆشتیان بە گی دو لوزینان. ئەم پێڕە ساڵی ١٣١٢ هەڵوەشایەوە و سامان و داراییەکەی درا بە پێڕی میوانداران N Knights Templar.






**پێڕی ماڵتا:** Order of Malta کۆمەڵناسی ئایینناسی لە سەرەتای جەنگی خاچپەرستاندا پێک هات. شارڵی پێنجەم، ساڵی ١٥٣٠ دوورگەی ماڵتا لە زەریای مەدیتەرانەی دا بەم پێڕە.



**پێز:** ❶ stretch ناو کەش و هێز، کەشی هەویر، چ: هەویرێکی بەپێزە.
ع تمتد N strekke د کش آمدن.

**پێز:** ❷ original ناو ئاوەڵناو ئەستوو، ماک و ڕەگەز و بنەڕەت. ع أصلي
N opprinnelig د ماده و اصل.

**پێڕان:** چاوگی تێپەڕ کاری پێڕ، هەڵشێلان و تێکەڵکردن. ← خشت پێڕان، تەپاڵە پێڕان.

**پێژن:** ❶ دەنگەوشە سەدا، دەنگدانەوە، زایەڵە، دەنگی پێ.

**پێژن:** ❷ کار بزووتن، جووڵە، تەکان.

**پێژن:** ❸ conscious ئاوەڵناو ژیر، تێگەیشتوو، هەستیار، سۆزدار، بەهەست.
ع واعي N bevisst د باشعور.

**پێژن:** ❹ دەنگەوشە دەنگی شتی پێوار، هەست.

**پێژە:** category ناو دروشە، سەردە، کاتێگۆری، گۆتە، شەقڵ، پۆل یان دابەشکراوی کەسان یان ئەو شتانەی تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە.
ع الفئة N Kategori د دەستەبندی.

**پێژەن:** plectrum ئامێر ناو دەنووکە، ئەو بزمارەی تاری پێ لێئەدەن د مضراب، زخمه N plektrum ع ریشة العازف.



**پێست:** Pest جوگرافیا ناوی جێگا بەشێک لە شاری بوداپێست، لە کەناری چەپی چەمی دانۆب، کە لەگەڵ بەشەکەی تری بە ناوی بودا Buda لە کەناری

ڕاستی چەمەکە، لە ساڵی ١٨٧٣ شاری بوداپێستیان Budapest پێکهێنا.








**پێسترک:** ناو پلیکان.

**پێسوە:** entrance ناو بە واتای شوێنی چوونەژوورەوە، ئەو شوێنەی پێیەکانی ڕێدەخەی یان لێی پاک دەکەیەوە پێش چونە ژوور. ع مدخل N inngang د مدخل.





**پێشئاسایی:** preternatural دیاردە ناوی لێکدراو یان پێشسروشتی و ناوێزە ئەوەیە کە لە دەرەوە یان لە تەنیشت {لاتینی: præter} سروشتییەوە دەردەکەوێت. «لە نێوان شتە ئاسایی و پەرجووەکاندا هەڵواسراوە». ع خارق للطبیعة N overnaturlig د ماقبل طبیعی. ☜ نائاسایی









**پێشئاگایی :** precognition پاراسایکۆلۆژی شێوەزانست ناوی چاوگ زانیاری لەپێشینە، سرووشی هەستپێکردن بەر لە ڕووداني کارێک N forkjennelse ع استبصار د پیش شناخت.

**پێشاوایی :** mentor ناو پێشەوایی و ڕابەری و ڕاهێنەری. ع الناصح N mentor د مربی.

**پێشباز :** greeter ناو کەس یان کەسانێک کە ئەچن بە بەرەوپیری کەس یان کەسانێکەوە. ع مرحب N hilser د خوشامدگو.




**پێشبڕکێ :** competition ناوی چاوگ دابڕانێ، چالاکیی یان بارودۆخی کێبڕکێ. ع منافسة N konkurranse د رقابت، مسابقه.

**ئاهەنگی شاژن :** pageant ناوی چاوگ سەرگەرمییەکی گشتییە کە پێکهاتووە لە کاروانێکی خەڵک بە جلوبەرگی ورد و ڕەنگاوڕەنگەوە، یان نمایشێکی دەرەوەی دیمەنێکی مێژوویی و یان بەرنامەی هەڵبژاردنی کیژۆڵەی جوانی. ع مسابقة ملكة N konkurranse د انتخاب ملكه.

کێبڕکێ=کێبەرکێ



**پێشبڕکێکار:** contestant ناویکارا کەسێک کە بەشداری لە کێبەرکێ یان پێشبڕکێیەکدا دەکات. ع المتسابق، متنافس N deltaker د شرکت کننده.









**پێشبڕکێی لیپین:** concours Lepine پیشانگا پیشانگەی ساڵانەی پێشبڕکێی داهێنان بوو کە خەڵاتی پیشەساز و داهێنەرانی فەرەنسەیی ئەکرد بۆ هاندانیان. ئەم پیشانگەیە لە لایەن ئەنجومەنی داهێنەران و بەدیهێنەران ساڵی ١٩٠٣ بە پەیڕەوی لە پیشانگەیەک کە پێشتر لویی لیپین بەپای کردبوو، دامەزرا. تێبینی: هیو گرەی













**پێشبینی:** ❶ premonition شێوەزانست چاوگی ئێیەر دڵخەبەردان، تەگەرەکردن، پێشبینی پێشوەخت، پێشبینی ڕووداوی ناخۆش کردن. هەست و دارەتێکی دەروونییە کە زیاتر بە هۆی ترس و بڕوا بە هێزی بانسروشتییەوە، لە کاتی تەنگانە و تەنهاییدا، لای هەندێ کەس بەدی دێ. ع هاجس N forutanelse د فکر قبلی.









**پێشبینی:**❷ premonition فیلم شێوەزانست فیلمی سینەمایی ٢٠٠٧، ژنێکی خەمۆک دێ بە دڵیدا هاوسەرەکەی ڕۆژی پێشوو مردووە، بەیانیەکەی لە خەو هەڵدەستێت و لە ماڵەوە بە زیندووی و بە باشی دەی بینێت؛ ئینجا ڕۆژی دواتر لە خەو هەڵدەستێت دەبینێ مردووە؛ نووسینی بیڵ کێلی، دەرهێنانی مێنان یاپۆ، هونەرمەندی ساندرا باڵک.







**پێشداوەری:** prejudice ناوی فەرمان پێشداوەری لایەنگرانە، لایەنگری. ع حکم مسبق N fordommer د پێش داوری. ⇠ پێشبینی و پێشداوەری زانستییە و لەسەر بناغەی زانیارییە، بەڵام پێشگوویی شێوەزانستی و غەیبزانی و گوتەی پێوارە. ن: فیلم لە فیلمی «نەبەز Invictus» کە سەرەتای چوونە سەرکاری نێلسۆن ماندێلا پیشان ئەدا، لە دەرهێنانی کلینت ئیستوود و بەشداری ناوازەی دوو کەڵە هونەرپیشەی سەردەم مۆرگەن فریمەن و مەت دەیمەن، ئەو ڕۆژەی کە ماندێلا ئەچێتە سەرکار لە کۆشکی سەرککۆماری، هەموو فەرمانبەرە سپییەکان، کە بۆ ڕژیمی ئاپارتاید کاریان کردووە، خۆیان کۆ کردوەتەوە

بۆ ئەوەی بڕۆن، چونکە دڵنیابوون لەوەی دەرکراون و چی تر ناتوانن لەو شوێنە کار بکەن. کاتێکیش کە ماندێلا بانگیان ئەکا وا ئەزانن بانگی کردوون کە خودی خۆی ئەمەیان پێبڵێ. بەڵام ئەمە **پێشداوەری**یەی هەموو فەرمانبەران هەڵە بوو و، کاتێک ماندێلا قسەی بۆ کردن وتی: «ئێوە پسپۆڕان و ڕاوێژکارانی ڕامیاری ئەم وڵاتەن و، ئەگەر سپین ئەگەر ڕەشن، وڵات پێویستی پێتانە و بە مانەوەتان خزمەتی گەورە بە گەل و نیشتمانەکەتان ئەکەن.» واتە نەک دەری نەکردن، بەڵکو بە ڕێزەوە داوای لێکردن درێژە بە کارەکەیان بدەن، تەنانەت ئەو ڕەشانەش کە لەگەڵ ڕژێمی داگیرکەری پێشوو هاوکارییان کردبوو! N fordommer ☜ نەبەز Invictus.









**پێشدەم:** ناوی فەرمان پێشەنگ، ڕچەشکێن، پەیامهێنەر، دەم پێشخەر، کات پێشخەر E forerunner, forward, groundbreaking, harbinger, pioneer د پیشرو N forløper ع منادی. ⇐ پیاوی زێڕین Gold Man پەیکەری پەکەمە کۆچەری پێشڕەوە کە ساڵی ١٨٤١ پێی نایە خاکی هەرێمی ئۆریگۆن Oregon لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ پێشدەم پەیکەرێکی برۆنزی ٧ مەترییە کە کێشەکەی هەشت تۆن و نیوە و ئاوی زێڕ دراوە. هونەرمەند ئۆلریک ئێلرهوسن Ulric Ellerhusen لە ساڵی ١٩٣٨دا دروستی کردووە.







**پێش ڕافایلی:** pre_Raphaelite هونەر شێواز شێوەکاری گرووپێک لە شێوەکارانی ئینگلیزی لە سەر بناغەی تیۆرییەکانی جان ڕاسکین لە ١٨٤٨ کۆ بوونەوە و ئەیانویست لە شێوەکاریدا بگەڕێنەوە بۆ سادەیی و ناوەرۆکی ڕەوشتی پێش ڕافایل N pre_Raphaelite.







**پێشڕەو:** سەربازی پۆلێن ناو پلەکانی ئەفسەری سپایی: {جێدار، جێداری یەکەم، پێشەنگ، پێشڕەو، پێشکار، سەرهەنگ، سەرتیپ، سەردار، سالار، پایەدار}. ع مقدّم N magor د سرگرد E magor.

**پێشسروشتی:** preternatural دیاردە ناوی لێکدراو یان پێشئاسایی و ناوێزە ئەوەیە کە لە دەرەوە یان لە تەنیشت {لاتینی: præter} سروشتییەوە دەردەکەوێت. «لە نێوان شتە ئاسایی و پەرجووەکاندا هەڵواسراوە». ع خارق للطبیعة N overnaturlig د ماقبل طبیعی. ☜ نائاسایی










**پێشکۆ:** ناو کەپک، کەڵپەشاخی دەریەڕیو لە کێودا، کەپکەی پێشی کەشتی د دماغە N kappe ع رأس E cape.





**پێشکەوتن:** progressing چاوگی ئێنەیەر لە گەشەکردندا. ع في تقدم N utvikler د در حال رشد.

**پاشکەوتن:** regressing چاوگی ئێنەیەر لە پاشەکشەدا، لە دارەتی بۆ دواوەچووندا. ع في تراجع N regresserende د در حال پسرفت.

**پێشگا ❶:** بوون، وجوود، پلە، هاونشینی.

**پێشگا ❷:** sanctuary ئاییناسی پەرستگە ناو شوێنی پیرۆز، خەڵوەتگە، نهێنگەی ناوەوەی پەرستگە N sanctuary.





**پێشگر :** prefix ڕێزمان ناوی لێکدراو زارێکی ڕێزمانییە لە چەند پیت پێکهاتووە لە پێش وشە یان چاوگەوە دێ و واتاکەی ئەگۆڕێ. ع سابقة N prefiks د پیشوند درێژە لە پەرتووکی: ▮ وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی: «بەپیارمەتی پاشگر و پێشگر [شەکر+دان=شەکردان] زمان دەوڵەمەندتر ئەبێ. زمانی کوردی ناوگریشی هەیە، بەڵام کەمتر چالاکە تا پاشگر و پێشگر، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا چالاکە. پێشگرەکانی زمانی کوردی زۆرن[ڕا، ڕێ، ڕۆ، تێ، هەڵ، نە، وەر، پێ، دا، لێ، بە، بێ، هاو] هەندێجار دوو پێشگر، یان پێشگر و پاشگریش بەشداری دەکەن[هاوڕێیەتی، هەڵگەڕانەوە.] سەبارەت بە پاشگرەکان: زۆر بە فراوانی بەشداری زاراوەسازی دەکەن، بۆ نموونە چەندین پاشگرمان هەیە بەشداری ناوی واتایی دەکەن [ی، ێتی، ایەتی، ایی، ار، ندە، ست...] یان ئەو پاشگرانەی ناوی پیشەساز پێکدێنن [ەوان، گەر، وەر،یار، ەوار، ساز، دار، مەند، چی...] ئەوانەی ناوی شوێن سازدەکەن [گە، گا، دان، ستان، زار، ەڵان] یان پاشگرەکانی بچووککردنەوە [کە، ۆکە، چە، چکە، ۆچکە، ۆڵە، ۆک، ەک، یلە.] هەروەها زاراوەسازی بە هۆی لێکدان و فرێزی چەسپاو، وەرگێڕانی زاراوەی بیانی و وەرگرتن یان قەرزکردن، هاوکات گەورەکردنی کەرەسەی خۆماڵی بە هۆی

فراوانکردنی واتا و بردنی بۆ ئاست و پنتە جیاوازەکان [تاک: تاکبێژی، تاکایەتی، تاکەکەس...].»

**پێشگریمانە:** preconception سینەما ناو پێش تیۆری، بیردۆز یان گریمانەیەکی لە پێشەوە دیاریکراو. [ع] التصور المسبق [N] forforståelse [د] پیش فرض.

**پێشگۆ:** clairvoyant ناوی فەرمان ڕەوشەنبین، ڕووناکبین، کەسێک کە بانگەشە دەکات توانایەکی سەروو سروشتی هەیە بۆ هەستکردن بە ڕووداوەکان لە داهاتوودا یان لە دەرەوەی کەوشەنی هەستیاری ئاسایی. [ع] مستبصر [N] klarsynt [د] پیشگو، طالع بین.









**پێشمەرج:** premise ناو گریمانە، لێدوانێک یان گەلاڵەیەکی پێشوو کە کەسێکی دیکە لێیەوە دەرئەنجام دەدرێت یان وەک دەرەنجامێک بەدوایدا دێت. [ع] فرضیة [N] premiss [د] فرضیه.

**پێشنووسی قانوونی:** legislative proposals شێوەڕستە گەلاڵەی پێشنیاز بە ئەنجومەنی ڕێسادانان لە لایەن نوێنەرانەوە. [ع] مقترحات تشریعیة [N] lovforslag [د] لایحه قانونی.

**پێشوازی:** reception ناو بەپیرەوەچوون. [ع] استقبال [N] resepsjon [د] استقبال.

**پێشە:** bone ناو ئێسک، ئێسقان، وەرسەل، هەست، هێستک، پڵان. [ع] عظم [N] Bein [د] استخوان ⭘: پێشە و پڵان ⭘:

قەیاسـەی قایش پۆسـەکەی جەسـتەم
ئاڵقـەی چەڵمـە پێشـەی شکەسـەم
مەولەوی تاوەگۆزی
ورشەی پرشەی تاو کوورەکەی جەستەم
شـەرارەی لوولەی پێشـەی شکەستەم
مەولەوی تاوەگۆزی



**پێشەکی:** prologue ناو بەشێکی ناساندنی جیاوازی بەرهەمێکی وێژەیی یان موزیکایی. ◀ پێشەکی بریتییە لە کرانەوە بۆ چیرۆکێک کە زەمینە دادەمەزرێنێت و وردەکارییەکانی پاشزەمینە دەدات بەدەستەوە، هەروەها هەندێک چیرۆکی پێشووتر کە بەستراوە بە چیرۆکی سەرەکییەوە و زانیاری هەمەجۆری دیکە. ◀ پێشەکی پارچە نووسراوێکی تەواوکەری بەشێک کورتترە، لە سەرەتای پەرتووکدا دێت وەک کە چاوخشاندنێک بەو جیهانە نوێیەی کە خەریکە دەچینە ناویەوە. مەرج نییە لەگەڵ هێڵی کاتیدا هاوئاهەنگ بێت، بەڵام پێویستە کنجکاوی دروست بکات و هانمان بدات بۆ بەشداریکردن. ع مقدمة N prolog د مقدمة.

**پێشەنگ:** ❶ pioneer ناو ناوی فەرمان پێشڕەو، پێشەنگاو، ڕچەشکێن، کەس یان شتێک لە پێش هاوچەشنی خۆی دەربکەوێ. ع طليعي N

pioner د پیشگام E precursor.

**پێشەنگ:❷** magor سەربازی پۆلیس ناو سەرهەنگ، سەردار، ئەفسەری تاج و ئەستێرە. ⇦ پلەکانی ئەفسەری سپایی: {جێدار، جێداری دووەم، جێداری یەکەم، پێشەنگ، پێشڕەو، پێشکار، سەردار، سەرتیپ، سالار، سالاری یەکە، شکۆدار}. ع نقیب N magor د سرگرد.

**پێشەوا:** Qazi Muhammad ڕامیار ناوی تایبەت {١٨٩٣ـ١٩٤٧} پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری کۆماری کوردستان کوری قازی عەلی هاوکاری سمکۆ شکاک، لە بنەماڵەیەکی ناسراو و گەورەی کۆمەڵایەتی و ئایینی لە مەهاباد لەدایک بووە. قازی محەممەد لە منداڵی و لاویدا زۆر خولیای زانست و فێربوونی زمانە بیانییەکان بووە و جگە لە عەرەبی و فارسی، لەگەڵ زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و تا ڕادەیەکیش ڕووسی ئاشنایەتی هەبووە. قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاوی لەگەڵ زانایان، کەسایەتییە گەورەکان، کوردە نیشتمانپەروەرەکان و سەرۆک هۆزەکان هەبووە.

**دەستپێکی خەبات:** دوای کۆچیدوایی باوکی، بوو بە دادوەر {قازی}ی شاری مەهاباد. لەبەر ئارەزووی خۆی بۆ کاری فەرهەنگی و بردنەسەرەوەی زانیاریی خەڵک، لە ساڵەکانی بەر لە ١٩٤١ و دوای ئەوەش بەرپرسایەتی بەڕێوەبەرێتی فەرهەنگ و ئەوقافی شاری مەهابادی بە ئەستۆوە گرتووە و، خزمەتی بەرچاوی فەرهەنگی کردووە و لە کاتی بەرپرسایەتی ئەودا، یەکەم قوتابخانەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە. هەر لەبەر ئەوە لەگەڵ زۆرێک لە خوێندکاران، ڕۆشنبیران و مامۆستایان پەیوەندییەکی نزیکی هەبووە. ◄ ساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥ کە کۆماری کوردستان پێک هاتووە، بەڕێوبەرێتی پێشەوا لە پێشبردنی کاروبارەکان و بەتایبەتی لە چارەسەری کێشەی خێڵەکیدا دەورێکی بەرچاوی هەبووە. زۆر لە گرفتەکان و کاری ڕۆژانەی خەڵک لە دادگای ئەودا کە مەحکەمەیان پێدەوت، چارەسەر بووە. ◄ پێشەوا قازی محەممەد ڕێزی تایبەتی بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی

ژیانەوەی کورد {ژ.ک} هەبووە. زۆر لە دامەزرێنەرانی ژ.ک ڕاوێژیان لەگەڵ کردووە و زۆریان خۆش ویستووە و گەلێکیان هەوڵ لەگەڵ داوە تا ببێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵە. ◄ قازی لە ڕوانگەی نوێنەرانی بیانیشەوە کە ئەوکات ئێرانیان لەنێو خۆیاندا دابەش کردبوو، ڕێزی تایبەتی هەبووە. هەر کەس چووەتە مەهاباد تێکۆشاوە بەر لە هەموو کەس چاوی بە ئەو بکەوێت. بانگکرانی بۆ سۆڤیەت هەر لەم پەیوەندییەدا بووە، کە لەگەڵ شاندێکی گەورە سەردانی باکۆیان کرد.

**کەسایەتی پێشەوا:** قازی محەمەد مرۆڤێکی فەرهەنگدۆست، ڕەوانبێژ، وێژە و هونەردۆست، لایەنگری ڕاوێژ و لە هەمانکاتدا خەباتگێڕێکی نیشتمانپەروەر و گەل خۆشەویست بووە. لەگەڵ هەموو چین و توێژێک هەڵسوکەوتی هەبوو و، لە کاتی پێویستدا لە هەست و هێزیان کەڵکی وەردەگرت. ◄ وەک ئەوەی لە ڕاسپاردەکەیدا هاتووە، قازی محەمەد برایەتی و یەکگرتوویی کوردی پێ گەورەترین هۆی سەرکەوتن بوو. هەربۆیە لە زۆربەی وتارەکانی کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ئەوکات چاپ کراون، لەسەر بابەتی یەکیەتی و برایەتی دواوە و مەرجی سەرکەوتن و کۆڵەکەی ڕاگرتنی کۆمار و هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی زانیوە. ◄ هەرچەند دەیزانی دوژمنەکانی کورد ڕاست ناکەن بەڵام لە وتووێژدا زۆر بە ڕاشکاوی ڕای دەگەیاند کورد حەز دەکات لە ڕێگای ئاشتییەوە بە مافی خۆی بگات، بەڵام ئەگەر وا نەبێ ئەوەی بۆی بکرێت دەیکات. ◄ لە پێش کۆماردا جارجارە لە ڕۆژنامەی کوردستان بە ناوی پێشەوا باسی لێ دەکرا، لە دوای دامەزرانی کۆمار بە شێوەی فەرمی نازناوی {پێشەوا}ی پێ بەخشراوە و ئەو ناوە تا ئێستاش لەنێو کوردستانیاندا هەر باوە و بووەتە بەرژەنگ و سەمبولی خەباتی نەتەوایەتی کورد.

**ژیانی ڕامیاری و سەردەمی کۆمار:** قازی محەمەد کە بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک و ناوی نهێنیی {بینایی} بۆ دانرا، هیوایەکی زیاتری بۆ بەرپرسان و خەڵک پێک هێنا. لە ئاکامی تێگەیشتنی بە وەخت و ئازایەتی ڕامیاری ئەو



و بە قەناعەت گەیشتنی بەرپرسانی کۆمەڵەدا بوو کە ژ.ک بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و وەک حیزبێکی دیموکرات و پێشکەوتوو دەستی کرد بە تێکۆشان و خەباتی رامیاری. قازی لەبەر رێزی تایبەتی کە بۆ ژ.کی هەبوو، بناغەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتیشی هەر بە ٢٥ی گەلاوێژ، رۆژی دامەزرانی ژ.ک دانا و هەر بۆیەش سەرنجی زۆربەی نزیک بە تەواوی بەرپرسانی بۆ تێکۆشان لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا راکێشا. حیزب زۆر بەخێرایی پەلوپۆی سەند و تێکۆشان لە هەموو ناوچەی ئازادی کوردستان دا پەرەی سەند. قەیرانی بە زۆر لکاندنی کوردستانی بە ئازەربایجانەوە چارەسەر کرد و ناچاری کردن هەژماری جیاواز بۆ کوردستان بکەن. لە یەکەم کۆنگرەدا، لە ٢٢ی جانیڤەری ١٩٤٦ (٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ی کۆچی هەتاوی) بە بەشداری نوێنەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی و سەرۆک هۆز و نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستان راگەیەنرا. ◄ لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان ئەوەی پێویست بوو زۆر بە راشکاوی بە شای ئێران و قەوام (سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی ئێران) راگەیاندوە، قامکی لەسەر لاوازییەکانیان بەرامبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێی گوتون، ئێوە لە قسەکانی خۆتاندا دوودڵن و ناتانەوێ کێشەی کوردستان چارەسەر بکەن. ◄ کاتێک پێشەوا لەلایەن قەوام السەڵتەنەوە بۆ تاران بانگهێشت دەکرێ و لە رێکەوتی ٢٨ی جوولای ١٩٤٦ دەچێتە تاران، لە لایەن ژمارەیەک لە وەزیران، نوێنەرانی پارلمان و نوێنەری کوردەکانی تاران و نوێنەری حیزبەکان و یەکیەتی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازی لێ دەکرێ. رۆژنامەی «ایران ما» هەر

ئەوکات دەنووسێ: «ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانە و ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتووە، دەردەکەوێ کە بیروڕای ئەو جێگیرکردنی ئازادی و دێموکراسی لە تەواوی ئێران دایە و مافی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێ دایە. هەر کارێک بە سوودی دێموکراسی بێت لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیواداریـن جەنابی قەوام لەو سەردانە مێژووییە کەڵک وەرگرێت.»

**ڕووخاندنی کۆمار:** دوای وتووێژی زۆر، تاران و کۆماری کوردستان بە خاڵێکی هاوبەش نەگەشتن و گرفتەکان چارەسەر نەکران. هەر بۆیە بەشوێن ماوەیەک هەڕەشە، و بە دوای وەر گرتنی هێندێ بەڵێن بۆ یارمەتیدان لە ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد لەلایەن برێک سەرۆک هۆزەکان، تەنانەت چەن کەس لەوانەی لەگەڵ قازی گەشتی باکۆیان کردبوو، تاران لە پێشدا هێرش دەکاتە تەورێز بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئازەربایجان و پاشان هێرش دەکاتە سەر کوردستان. ◀ ئەرتەشی ئێران کە قوورسترین ئامێری شەریان چەن تانکی کۆن و قۆڕازە بوو، ڕۆژی ٢٠ سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) گەیشتە دەروەوەی شاری تەورێز و ڕۆژی ٢١ بە هەڵاتنی سەرۆکانی کۆمار بۆ سۆڤیەت کۆماری ئازەربایجان ڕووخا و ئەرتەش شاری تەورێزی داگیر کرد. دوای ئەوە ئەرتەش لەوێرا بەرەو مەهاباد ڕێ کەوت. لە ئەو ناوچانەی دیکە لە باشووری مەهاباددا کە خۆیان بە بەشی کۆمار دەزانی و دەسەڵاتی تارانیان بە حکوومەتی ناوەندی نەدەزانی، واتە لە شارەکانی سنە، دیواندەرە، مەریوان هەتا نزیکی سەقز، لە چەن مانگ پێش ئەوە، هێزیان ئامادە کردبوو؛ بەڵام دوای تەورێز ئەرتەش هێزی نوێی لە ڕێگای قەزوێن بۆ سەقز نارد کە لە ٢٠ی سەرماوەز گەیشتنە سەقز و لە ڕێگەی بۆکان بە یارمەتی هێندێ لە کوردەکانی سەربە حکوومەتی شا، ڕێگەی مەهابادیان گرتە بەر. قازی وەک سەرۆک کۆمار

دەستوور دەدات هەتا دەکرێ لە شەڕ خۆ بپارێزن چونکە ماڵوێرانی پێوەیە. ئەگەرچی لە پێناوی وڵات هەمووان تێدەکۆشن بەڵام بە هۆی جووڵانەوەی سەرنجڕاکێشی هێزەکانی سۆڤیەت، زۆر بەخێرایی، لە ماوەی چەن ڕۆژ کوردستان داگیر دەکرێ. ئەگەر چی ئەو ڕەخنە لە قازی، وەک سەرۆک کۆمار و جێی متمانەی جەماوەر دەگیرێت کە بۆ ئەوندە پشتی بە یارمەتی سۆڤیەت بەستبوو کە بە دەستکێشانی لە پاڵپشتی کۆمار ئاوەها بەخێرایی کۆمار تێدا چوو؛ بەڵام لەوە دەچێ گەورەترین هۆی ڕووخانی کۆمار یەکنەبوونی هەوموو دەستەکان بێت، تا ئەو ڕادەیە کە هێندێ هەتا سۆڤیەت کوردستانی چۆڵ کرد، نامەیان نارد بۆ تاران کە وەرن، ئێستە کاتی هێرشە. بە ئاگادار بوون لە داهاتووی کۆمار مەلا مستەفا هەوڵی دا کە قازی لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوە، بۆ پاراستنی گیانی، بەڵام قازی بەوە ڕازی نەبوو، پێی وا بوو دەبێ لەسەر بەڵێنی خۆی بمێنێتەوە. قازی دەزانێ کە بەزوویی کۆمار دەڕووخێت؛ لە نێوان شەڕ یان خۆبەدەستەوە دان، وەک بەرپرسیارێکی گیانی خەڵک، بۆ بەرگری لە کوشتن و وێران کردن، وەک قارەمانێکی نەتەوەیی خۆ بەدەستەوە دەدات. هەڵبەت سەبارەت بەوە، ڕەخنەدەگرن کە ئایا ئەگەر قازی لەگەڵ مەلا مستەفا بڕۆشتایە، دواتر نەیدەتوانی قازانجی زیاتر بێت بۆ گەلەکەی؟ بەڵام لە کاتی ماڵاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا، قازی ئاڵای کوردستان دەسپێرێ بە مەلا مستەفا و وەک وەڵامی ئەو پرسیارە دەڵێ: «من خۆم سەرگەردی خەڵکی دەکەم و هیچ کات وەک پێشەوەری و سەرانی ئازەربایجان ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەلاڵ ببێت و هەزاران کەس بە کوشت بچن.» ◀ ئەرتەش ڕۆژی ٢٩ی سەرماوەز دەگاتە مەهاباد وەک پایەتەختی کۆمار و وەک ئەو شارەی دەسەڵاتی کۆماری تێدایە، کاتێ زیاتری بۆ دادەنێن. ئەگەرچی هەر لە پێشدا هەمە قازی بۆخۆی و هەموان دەیانزانی سزای قازی و هەڵسووکەوتی حکوومەت لەگەڵ وی چۆن دەبێ، بەڵام دادگایەک

ڕێ دەخرێت و تێیدا قازی و ئەندامانی کۆمار بە چەن تاوانی سەرەکی دادگایی دەکرێن. ◀ ئەگەرچی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەسەر پاڵپشتی سۆڤیەت دامەزرێندران، بەڵام کۆماری کوردستان ڕاستەقینە ئارەزووی جەماوەری کورد بوو. سۆڤیەت بۆ سوودی خۆی دەستی لەپاڵپشتی کێشاوە و دەسەڵاتی تاران هەردوو کۆماری لاوازی مەهاباد و ئازەربایجانی خنکاند. درێژەی کۆماری مەهاباد ١١ مانگ بوو.

**دادگاییکردنی پێشەوا قازی:** ٦ی ڕێبەندانی هەمان ساڵ (١٣٢٥هەتاوی-١٩٤٧زایینی) لێژنەی تایبەت کە لە تارانەوە هاتبوون بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ ڕەزا دەگەنە مەهاباد و دادگا ڕێکدەخەن. پرسیارەکانی دادگا ڕوون نەبوون. لەلایەن قازیەکانەوە (قازی محەمەد، سەدر قازی، سەیف قازی) هەموو تاوانەکان ڕەد کرایەوە و داوای بەڵگەیان دەکرد. ئاشکرا بوو کە ئەو دادگا هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبوو.

تاوانەکانی قازی ئەمانە بوون:

- گۆڕین و دەستکاری کردنی نەخشەی وڵاتی ئێران،
- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و داگیرکردنی بەشێک لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان،
- بازرگانیکردنی نەوت لەگەڵ سۆڤیەت بە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی دەوڵەتی ناوەندی،
- ساز کردنی نەخشەی کوردستانی گەورە بە لکاندنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێراق، تورکیا و سووریا،
- هێنانە ناوەی بێگانە و بەشێک لە خاکی ئێران خستنە ژێر دەستی (مەبەست مەلا مستەفا بارزانی)،
- دانانی ئاڵای جیاواز بۆ کوردستان بە نیشانی چەکوچ و داس بە شێوەی ئاڵای سۆڤیەت،
- لێدانی سکەی پووڵ بۆ کۆردستان بە وێنەی ڕووپیەی ڕووسی.

قازی هەموو ڕەت دەکاتەوە و لە وەڵام دا دەڵێ: «ئاڵام داناوە بەڵام نە وەک ئەوەی ئەوان دەڵێن وەک ئاڵای سۆڤیەت. سەبارەت بە مستەفا بارزانی، ئەو بۆ خۆی هاتووەتە مەهاباد و کەس نەیهێناوە، ئەو کوردە و کوردستانماڵی هەموو کوردێکە و هەر کوردێک بە ئارەزووی خۆی لەسەر هەر بستە خاکی کوردستاندا دەتوانێ بژی.»

- یەکێک لە تاوانەکانی سەرەکی سەدر قازی، جێگری سەرۆک کۆمار و برای قازی محەممەد، نووسینی شیعرێکی گەرم بۆ بەخێرهێنانی مەلا مستەفا بارزانی بوو.
- دادگاکە بە دانی بڕیاری لەسێدارە دانی هەر سێکیان کۆتایی هات. بەڵام ئەمە کۆتایی کارەکە نەبوو. قازییەکان لە بەندیخانە کران بۆ ماوەی سێ مانگ. دیسان بە هەمان شێوە دادگای پێداچوونەوە بەڕێوەچوو، ئەگەر چی هەموان لەسەر ئەو بڕوا بوون کە بە تاوانبار ناسینی قازی هەر لە پێشدا وەک ئامانجی دادگاکان لە تارانەوە نیشان کرابوو.
- پێشەوا و هاوڕێیانی ئەوەندەی لە ماوەی یازدە مانگی کۆماردا هەوڵیان دا، هەر ئەوەندەش لەو دادگا بوو، لە خۆبردوویی و ئازایەتییان لە خۆیان نیشان داوە. ◀ لەگەڵ هەموو ئازاری دەروونی و ئەو ژیانە تاڵەی کە لە بەندیخانەی پادگانی مەهاباددا بۆیان پێک هاتبوو، نە تەنیا بڕوایان بە ئامانجەکانیان، لاواز نەببوو بەڵکوو زۆر ئەرخەیانترو بە ورەتر ببوون.
- لە چاوپێکەوتنێکی نهێنیدا کە لەگەڵ یەک دوو مرۆڤی جێی باوەڕی خۆیان بوویانە، گوتوویانە: «ئێمەیان فریودا، با نەتەوەی کورد فریو نەخوا و خەباتی خۆی بۆ ڕزگاری و سەربەستی درێژە بدات و چەک دانەنێ.»
- هەروەها گوتبوویان: «کە زۆریان زەخت خستووینەتە سەر تا نامەیەک بۆ مەلا مستەفا بنووسین کە دەست هەڵبگرێ. بەڵام ئێمە نەتەنیا شتی وا نانووسین بەڵکوو پێمانوایە ئەوەی بۆی دەکرێ دەبێ لەگەڵ ئەو ناپیاوانە بیکا.»

◀ ئازایەتییان لە دادگاکاندا بە رادەیەک بووە کە ئەفسەرەکان سەریان سوڕماوە. لە ڕاستیدا ئەو دادگایە ئەمەریکا و ئینگلیزیشی لە پشت بوو. هەرچەند جگە لە کاربەدەستانی خۆیان کەسی نامۆی لێ نەبووە، بەڵام هەر لە ڕێگای ئەوانەوە زۆر شت بڵاو بۆتەوە کە پێویستە بیزانین. ◀ پێشەوا هەر جارێک لەو دوو جارە کە بە ناو دادگایی کراوە زیاتر لە چوار کاتژمێر قسەی کردووە و بە وتەی سەروان شەریفی کە پارێزەری بووە: ئەوە قازی محەمەد بووە کە حکوومەتی دادگایی کردووە و لە هەموو بوارێکەوە هێناویەتە ژێر پرسیار. ◀ ڕۆژنامەی ئازادی کە لەو سەردەمدا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو، سەبارەت بە پشتگیریی ئەمریکا و ئینگلیز لەو دادگاییە نووسیبووی: «کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز و ئەمریکا لە وجوودی قازی محەمەد و هاوڕێکانیدا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان دەدی. هیوایان هەبوو بتوانن بە چۆکیان دابێنن لە بەندیخانەش نوێنەرەکانیان چوون لەگەڵیان دوان تا بتوانن بۆ لای خۆیانیان ڕابکێشن، بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوون.»

◀ دواتر ڕۆژنامەی ئازەربایجان لە باکۆ نووسیبووی قازی محەمەد بە نوێنەری ئەمەریکا {جورج ئالێن} ی گوتبوو: «گەلی کورد چاوەڕوانی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتانی کۆلۆنیالیست نییە.»

◀ نەجەفقولی پسیان وتەکانی پێشەوا لە دادگادا لە چەند ڕستەدا کوورت دەکاتەوە و دەنووسێ: «لە کاتی دادگاییدا قازی محەمەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و دەیگوت: ‹من لە قوژبنی گرتووخانەوە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیر کردووین.›»

◀ ڕۆژنامەنووسێکی دیکە بە نێوی سلیمان.خ لە نووسراوەکانیدا دەڵێ: قازی وتی: «تەواوی ئەم بەسەرهات و ڕووداوانە ئاکامی ڕامیاری داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بە خائین دەزانێ

با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ، ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست.»

◀ لە بەڵگە و ڕۆژنامەکانی یەکیەتی سۆڤیەت زۆر شت لەم بابەتانە نووسراون. لە زمان ئەفسەرە ئێرانییکانەوە دەگێڕنەوە کە قازی لە وەڵامی ئەوەی کۆماری مەهاباد دەسکەلای سۆڤیەت بووە گوتویە: «ئەو ڕووداوانە لە ئاکامی ئەوەی دابوون کە ئێوە خۆتان دەستوورتان ژێر پێ ناوە. ئێستاش من تەنیا خۆم دامەزرێنەری دێمۆکراسیەت لە کوردستانم و هیچ هێزێکی بێگانە منی هان نەداوە. بێبەشی کورد منی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانە هان داوە.»

◀ کاتێک سەرۆکی دادگا بە دوخمانی تاوانباریان دەکات لە وەڵام دا دەڵێ: «ئێرەماڵی منە، خاکی کوردستان خاکی باب و باپیر و ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم.»

◀ دادگایی یەکەم لە ١٩ی مانگی جانیڤەرەی دەستی پێکرد و چەند ڕۆژی خایاند و حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکانی دا. دادگایی دووهەم لە ٢٨ی مارسی ١٩٤٧ (واتە ٧ی خاکەلێوە) دەستی پێکرد و ڕۆژی ٣٠ی مارس کۆتایی پێهات.

**لەسێدارە دان:** لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) پێشەوا قازی، حەمەحسێن خانی سەیف قازی (ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدر قازی (برای پێشەوا) بە دوای حوکمدران لە دوو دادگای نایاسایی و فەرمایشیدا بەدەستی دوژمنانی گەلی کورد لە چوارچرای شاری مەهاباد، واتە هەر لەو شوێنەی کە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤هەتاوی (٢٢ مانگی جانیڤەرەی ١٩٤٦) کۆماری کوردستان لێی ڕاگەیەنرابوو، لەسێدارە دران و شەهید کران. ◀ تەرمی ئەو شەهیدانە هەر ئەو ڕۆژە لەسەر شان و پیلی خەڵک و جەماوەری مەهاباد لە گۆڕستانی مەلا جامی بە خاکی نیشتمانەکەیان سپێردران. شوێنی گڵکۆکەیان ئێستاش لە ژێر چاودێری دایە.















**پێشین:** antecedent ناو شتێک یان ڕووداوێک کە پێش شتێکی تر هەبووە یان لە ڕووی لۆژیکییەوە پێشی کەوتووە. ع سابق N forutgående د سابق.

**پێشینە ❶:** record بەڵگە ناو criminal record یان rap sheet هەموویان بە واتای تۆماری پێشینەی کەس لە لای دادگا و ئاسایشە، تۆمار. ع سجل جنائي N kriminelt rulleblad د سابقە کیفری.

**پێشینە ❷:** loan ناو واو، دەین، قەرز. ع قرض N låne د واو.

**پێڤاژۆی بازرگانی:** business terms ناوی لێکدراو بازاڕوانی، ناسینی هەلومەرجی بازاڕوانی. ع الشروط التجارية N forretningsvilkår د شرایط تجاری. ⇦ **بازاڕڤانی:** ژیاری، شارستانی، شارەڤانی.

**پێک:** wineglass ناو پیاڵەی شەراب. ع كأس N vinglass د ساغر.









**پێکرا :** totally ئاوەڵکار دارماڵ، دەراندەر، سەرپاک، بەرهەڤ، بەجارەکی، بەیەکجاری، بێکەماسی، بەتەڤایی، خشت، سەرلەبەر. ع تماما N fullt د کاملا.

**پێکهاتن :** sign contract ناو رێککەوتن، واژۆکردنی گرێبەست. ع ابرام عقد N signere kontrakt د امضای قرارداد.

**پێکهاتە :** structure ناو لێکئالآن و پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکان یان تۆخمەکانی شتێکی ئاڵۆز. ع بنية N struktur د ساختار.

**پێکهاتەبەرز :** structural quality سینەما ئەو فیلمانەی تایبەتمەندی پێکهاتەیی بەشی بناغەییانە. ع الجودة الهيكلية N strukturell kvalitet د خوش ساخت.

**پێکهاتەی رستە :** syntax رستەنووسی، سینتاکس، رێکخستنی وشە و دەستەواژەکان بۆ دروستکردنی رستەی باش و تۆکمە لە زمانێکدا. ع بناء الجملة N syntaks د نحو.

**پێکهاتەی وشە لە کوردی سۆرانیدا :** The Morphological Description Of Sorani Kurdish زمانەوانی پەرتووکێکی زمانەوانییە بە زمانی فارسی، محەممەد ڕەحیمی لەبارەی پێکهاتەی وشەکانی زمانی کوردی سۆرانییەوە نووسیویەتی. ئەم پەرتووکە لە پێنج بەش پێکهاتووە و ١٦٠ لاپەڕەیە. ٢١٠٠ وشەی کوردی کە بە گۆترە و هەڕەمەکی لە دەقی کوردی هەڵبژێردراون لەم پەرتووکەدا شی کراونەتەوە و لە باری پێکهاتەناسییەوە لێک دراونەتەوە. ئەم پەرتووکە ساڵی ٢٠١٢ی زایینی چاپ کراوە و مەنسوور ڕەحمانی پێیدا چووەتەوە. ع الوصف المورفولوجي للكردي السوراني د توصیف ساختواژەی گویش سورانی زبان کردی.

محەممەد ڕەحیمی، نووسەری ئەم پەرتووکە خاوەنی بڕوانامەی کارناسیی باڵا و مامۆستای فێرگەی دواناوەندییە لە شاری سنە.







**پێکەنین:** laugh چاوگی تێنەپەڕ قاقا، دیلکە، جوولآنی دەم و جەستە وەکوو دەربڕینی ڕێژارەیی سەرگەرمی و هەندێ جار جۆش و خرۆش یان گاڵتە و سووکایەتی؛ خەنین بە شێوەیەکی سووکەڵە و ڕەها. ع ضحک N le ǻ د خندیدن E chuckle.

**بسکە:** smile ناو بسکەخەنە، زەردەخەنە، دزەخەنە، زەردەکەنی، گرژینەوە. ع ابتسامة N smil د لبخند.

**تریقانەوە:** giggle چاوگی تێنەپەڕ پێکەنین بە دەنگی بەرز، قاقا و خەنین بە شێوەیەکی سووکەڵە و ڕەها. ع قهقهة N latter د خندیدن.

**خنینەوە:** softly laugh چاوگی تێنەپەڕ نەرمەخەنە، پێکەنینی لەسەرخۆ، بەدەم کەسێکەوە پێکەنین. ع ضحك ناعمة N myk latter د خنده آرام.

**خەنینەوە:** cackle, chuckle چاوگی دوولۆ تریقانەوە، پێکەنینی بەقەوە. پێکەنین بە کوڵ کە بە دەنگی بەرز. ع قهقهة N latter, klukkle د قهقهه زدن.

**دەمبەپێکەنین:** شێوەڕستە ئاوەڵناو ڕووخۆش، دەقکەنۆک.

**دەمخەندە:** titter ناوی لێکدراو خەندە و پێکەنینی زۆر کورت. ع ضحكة قصيرة N kort latter د خندە کوتاه E flourish.

**ریچە:** snarl ئاوەڵناو پێکەنینی دەستکرد کە ددانەکان لێک ئەساوێ.
ع زمجر N narre د دندان قروچە کردن.

**زەردەخەنە:** smile داڕەت ئاوەڵناو زردە، دزەخەنە، لچخەنە، بزە، پێکەنینی بێ دەنگ. ع بش، کشر N smil د لبخند.

**زەردەخەنەی دووشەن:** duchenne smile داڕەت زەردەخەنەیەکە ئەگاتە چاوەکان و، سیلەی چاو چرچ ئەکات. زەردەخەنەیەکە چێژی ڕاستەقینە ئەبەخشێ و زۆربە وەک ڕەسەنترین دەربڕینی بەختەوەری ئەیناسین. ☜ دووشەن

**گرژینەوە:** chortle چاوگی دوولۆ زەردە گرتن، بزە، نەرمە پێکەنین. ع ضحکة N smil د لبخند زدن.



**پێکهێنەر:** constituent ناو پێکهێنەری سەرەکی، بەشێک لە گشت.
ع المقوم، مکون، جزء من N bestanddel د تشکیل دهندە.

**پێگاسۆس:** Pegasus میسۆلۆجی لە ئەفسانەی گریکدا ئەسپێکی باڵداری مەندۆخە و یاری ئەمەگداری بێلێرفۆنیە. کاتێک پێرسیۆس سەری مێدۆسای بڕی، ئەو بە منداڵی پۆسیدۆن Poseidon دووگیان بوو و لە گەردنی بڕیاگیەوە پێگاسۆس لەدایک بوو. بێلێرفۆن ڕامی کرد و لە سەربردەکانی ئەم باڵەوانەدا ئەسپی ئەو بوو و لە کوشتنی کایمێرادا یارمەتی دا.

☜ بێلێرفۆن ☜ کایمێرا ☜ مێدۆسا








**پێگر:**❶ crawl, crawling کاری تێپەڕ گاوڵکێ، فێرە ڕۆیشتن بوونی منداڵی مرۆڤ و گیاندار [ع] زحف، تنمل [N] krype [د] لوکیدن بچە.

⇦ **پێرەوکەر:** toddler ناو کۆرپەی یەک تا سێ ساڵە کە ساوایشی پێ ئەوترێ. [ع] طفل صغیر [N] småbarn [د] کودک نوپا.



**پێگر:**❷ annoying کاری تێپەڕ ئاوەڵناو ملۆزم، پەلپگر، بیانووگر، گڕووگر، کەسێک کە بیانوو لە کارێک ئەدۆزێتەوە. [ع] مزعج [N] irriterende [د] بهانه گیر.

**پێگر:**❸ کاری تێپەڕ پێشگرتن.

**پێگر:**❹ Comparison کاری تێپەڕ ئەندازەی شتێک بە شتێک گرتن. [ع] مقارنة [N] Sammenligning [د] مقایسە.

**پێگر:**❺ measure کار پێوان، پێگرتن. [ع] قیاس [N] Måle [د] اندازە گرفتن.

**پێگەیشتن :** perfection, maturity, completeness [کاری تێپەڕ] گەیشتن بە پلەی دارماڵ و بێکەماسی. [N] perfeksjon, modenhet, fullstendighet [د] کمال

← **پێگەیشتوو :** بێکەماسی، دارماڵ، سەربەخۆ. [ع] کامل [N] perfeksjon, modenhet, fullstendighet [د] کامل.

**پێگی :** Charles Péguy [هونەر] [ئاشتیخواز] (١٨٧٣ـ١٩١٤) چارلز پێگی، هونەر و وتارنووس و ئاشتیخوازی سۆسیالیستی فەرانسەیی.












**پێلشکێن :** breakwaves [پارێزگاری] [چاوگی تێپەڕ] شەپۆلڕەوێن؛ دیواری کەنارینی زەریا بۆ بەرگری لە تەوژمی شەپۆل [د] موج شکن [N] breakwaves, [ع] molo حائل الأمواج، مكسر الأمواج. ← دیوارەچن







**پێشینیان واتەنی:** proverbial ئاوەڵناوی لێکدراو بەشێوەیەکی باو. [ع] ضرب به المثل [N] ordspråklig [د] ضرب المثلی.

**پێگۆرگە:** platform stair ناو ئالین، جێ سووڕانەوە و وچان لە دوای ڕیزێک پلیکان. [ع] درج فقِي [N] trappetrinn [د] پاگرد [E] stair with a platform.






**پێگی:** Charles Péguy هۆنەر نووسەر (١٨٧٣ـ١٩١٤) هۆنەر و وتارنووسی دیاری فەڕانسەیی.










**پێل:**❶ time, interval کات ئاوەڵکار نێوان، ماوە، تاو، ماوەیەکی کەم. [ع] فاصلة [N] intervall [د] فاصله، مسافت.

**پێل:**❷ wave ناو شەپۆلی ئاو. [ع] موج [N] bølge [د] موج.

**پێل:**❸ kind, type ناو جۆر، شێوە، تەشک، بیچم، چەشن. [ع] نوع [N] type [د] نوع.

**پێل:**❹ bulging eyes ئاوەڵکار چاوزەق، چاودەرپەڕیو. [ع] العین منتفخ [N] [د] چشم برآمده.







**پێلەقە:** ناو لەقە وەشاندن بەیەک پێ، بە یا بە شتێکا کوتان.

**پێلێ:** Pelé وەرزشکار ناوی تایبەت یان Edson Arantes do Nascimento یان مراوری ڕەش، بەناوبانگترین فووتبالیستی مێژووی وەرزشە، فیفا بە «بەرزترین» فووتناڵیستی داناوە و، ناوی لە لیستی ١٠٠ کەسایەتی ناوازەی سەدەی بیستەمدا تۆمار کراوە. سێ جامی جیهانی بەناویەتی و لە یاری فەرمیدا ١٢٧٩ گوڵی وەشاندووە.










**پێلێ:** Mount Pelée لوتکە ناوی تایبەت کێوێکی گڕکانییە لە باکووری دورگەی مارتنیکی فەرانسە، لە ڕۆژهەڵاتی زەریای کاریبیەن. ساڵی ١٩٠٢ تەقییەوە و شاری سەن پیەر Saint_Pierreی کاول کرد.



**پێلیاس و مێلیزاند:** Pelléas and Mélisande ئۆپێرا مۆزیک ئۆپێرای دێبووسی لەسەر بەرهەمی مێتەرلینک. ئارکل، شای پیری ئەلەمۆند دوو نەوەی هەیە بە ناوی گۆلۆ و پێلیاس. ڕۆژێک لە ڕاو، گۆلۆ کچێکی جوان بە ناوی مێلیزاند ئەبینێ، شەیدای ئەبێ و ئەیخوازێ. ئەیباتەوە بۆ کۆشک کە برا بچکۆلەکەشی لەوێ ئەژی، کە ئەویش شەیدای مێلیزاند ئەبێ. گۆلۆ کاتێک بەمە ئەزانێ، پێلیاس ئەکوژێ و پاش ماوەیەک مێلیزاندیش ئەمرێ.







**پێڵاو:** shoe پایۆتر ناو پاپۆش، پۆششێک بۆ قاچ کە بە زۆری لە چەرم ساز ئەکرێ، بنێکی تۆکمەی هەیە و تا بن قولاپە دائەپۆشێ تێبینی: sneaker پێڵاوی کەتانی و sneakers واتە پێڵاوی وەرزشی. چەند جۆرێکی پێڵاوی زۆرباو:

١. کاڵەی بەسکێتباڵ، کاڵەی ملدرێژ: High top converse sneakers

٢. کاڵەی وەرزشی: Minimalistic white sneakers

٣. کاڵەی ڕاکردن، ڕاهێنان: Trainers, running shoes

٤. کاڵە، کاڵەی کەتانی: Espadrilles

٥. پۆتینی بیابان: Chukka boots

٦. کەوشی گوڵینگەدار: Tassel loafers

٧. پۆتینی چِلسی Chelsea boots

٨. پۆتینی سەربازی: Combat shoes







**پێڵوو:** eyelid ناو پەلکی چاو، گرتۆکا چاڤ، هەردوو پێستی سەرەوە و خوارەوە کە کاتی داخران، چاو دائەپۆشن. ع جفن N øyelokk د پلک چشم.





**پێمجیلکە:** ڕووەک خۆراک پڕمریشکە، گیایەکی بەهاری خۆراکییە لە قاچی مریشک ئەچێت و وەک گێلاخە بە زەویدا پان دەبێتەوە.






**پێ مینبەر :** ناوی لێکدراو ڕەوزەخوێنی دووەم کە بۆ ڕەوزەخوێنی یەکەمی ئەسێنێتەوە، خەڵفە، شاگرد وەستا [د] یا منبری.

**پێناسە :** definition [ناو] بابەتێکی هەمەلایەنە و وردبینانە و پەسەندکراوە کە بە تەنها سەبارەت بەو بابەتە بێت، ڕێگە نەدات بابەتەکانی تر وەکوو ئەو بن، هەمەلایەنە بێت و وردبینییەکی تایبەتی تێدا ڕەچاو کرابێ و لە هەموو گرنگتر لایەنی پەیوەندیدار پەسەندی کردبێ. [ع] تعريف [N] definisjon [د] تعريف.

**پێناودار :** definition [ناو] شایستە، دارابوون یان نیشاندانی ئەو ئەدگار یان توانایانەی کە شایەنی ناساندنن بە شێوەیەکی دیاریکراو. [ع] ذو قيمة [N] verdig [د] شایستە.

**پێنجی مارس :** Cinq_Mars [ڕۆمان] [موزیک] [ئۆپێرا] ڕۆمانێکی مێژووییە سەبارەت کوڕی لویی سیانزە پادشای فەرانسە و پیلانی ڕیشلیۆ ، نووسینی ئالفرێد دو ڤینی Alfred de Vigny. ئەم ڕۆمانە لەلایەن مایسترۆ چارلز گۆنۆ Charles Gounod وە کراوە بە ئۆپێرا. [ع] خمسة مارس [N] Cinq_Mars [د] پێنجە مارس.









**پێنواندن :** چاوگی تێپەڕ بەسەرهاتنی ڕەهاتێک بەسەر یەکێکدا لە تۆڵەی کردەوەیەکی خراپدا، بریتییە لە تۆڵەکردنەوە.

**پێنووسی ئینگر :** Ingres penn کینایە هێماپیر دەستەواژە گەڕان-٥ شێوەکاری بەتوانای فەڕانسەیی، هەمانیشی ژەندووە و باشیشی ژەندووە، بۆیە هەمانی ئینگر بەناوبانگە بۆ کەسێک کە لە کارێکی دووەمدا زۆر لێهاتوو بێ. لێرەدا پرووست پێنووسی لەگەڵ هەمان گۆڕیوە.




**پێنەگەیشتوو :** unripe ئاوەڵناو نارەس، پاندرووس، هەڵەزار، شتێکە بە تەواوەتی بەرهەم نەهاتبێ و پێنەگەیشتبێ. ع غیر ناضج N umoden د نرسیدە ن:

**تەقلە :** ئاوەڵناو کەڵبە، هەنجیری پێنەگەیشتوو ، سەوز و ڕەقە.

**کۆڵنجە :** ئاوەڵناو تووی پێنەگەیشتوو، سەوز و بۆر و بێ تامە.

**زرک :** ئاوەڵناو کاڵەکی پێنەگەیشتوو، کرچ و سەوزباو و رەقە.

**فەریکە :** ناو ئاوەڵناو بۆ گوێز و نۆک و سێوی پێنەگەیشتوو بەکار دەهێندرێت، ئەم سیانە پێش ئەوەی پێبگەن بە فەریکەیی دەخورێن، زۆر بەتام و چێژن.

**بەرووڵە :** ناو ئاوەڵناو خەیار و ترۆزی کۆریە و گوڵ بەدەم، پێیان دەوترێت بەرووله خەیار و بەرووله ترۆزی.

⇦ **کاڵ:** ناو ئاوەڵناو کرکە، تەماتەی پێنەگەیشتوو، ڕەنگیان سەوز و سپییە بۆ خواردن ناشێن، بەڵام ئەکرێتە ناو ترشی.

⇦ **هاڵە:** ناو ئاوەڵناو بەرسیلە؛ ترێی پێنەگەیشتوو، سەوز و ڕەق و ترشە.

عەلی کەلۆشی



**پێوار:** unknown نەزانراو، بەنام، نادیار، نەدیار، شێنە، غەیبی. ع مجهول، غیر معروف N ukjent د ناشناختە، پنهان.

⇦ وازا و پێوار د آشکار و پنهان E overt and hidden.

⇦ دیار و نادیار د معلوم و مجهول E known and unknown

⇦ وزەی پێوار: potential energy وزەی شاراوە، شیان.

**پێواژۆ:** process ناوی فەرمان پێڤاژۆ، ڕەوت، ڕەوەند، ڕێباز، پێڤاژۆ، قۆناغە لەدوای یەکەکانی جێبەجێ بوونی کار و ڕووداوێک، بەئەنجامگەیاندن. ع عملية N prosess د روند.

**پێوان:** quantify لۆجیک فەرمان پێوانەکردن، هەژمارکردنی بڕی. ع تحدید الكمية N kvantifisere د تحديد کمیت. ن: دژوارە بزانین تێچووەکەی چەندە.



**پێوانەزانی:** Prosody زانست زمانەوانی وێژە دەروونناسی هەڵبەستناسی، زانستی خوێندن و ناسینی شێوازەکانی هۆنینەوە و مێژووی بەدیهاتنیان، نموونەکانی ڕازاو و دەراو و سەدا لە هۆنراوەدا ❗: وەرگێڕ بەرپرس نییە لە وەرگێڕانی دەقاودوقی کێش و سەروا. ع دراسة أوزان الشعر N Prosodi د علم عروض.




**پێوانەی کێبڵ:** Cable length جوگرافیا پێوانە یەکەیەکی زەریایی پێوانەیە یەکسانە بە یەک لەسەر دەی میلی زەریایی یان نزیکەی ١٠٠ فاتۆم.

⇦ **فاتۆم:** fathom جوگرافیا پێوانە یەکەیەکی درێژییە، یەکسانە بە شەش پێ، نزیکەی ١٨٣ سەنتیمەتر، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئاماژەدان بە قووڵی ئاو بەکاردێت.




**پێوانەیی:** standard ناوی چاوگ پێوەری، ستاندارد، ڕادە و ڕێژەی باشی و چۆنایەتی. ع قیاسي، معیار N standard د استاندارد E normative.




**پێوانی لۆجیکی:** syllogism بیرسا مشتومڕ سیلۆجیزم چەشنێکی سەلماندنە کە لە دوو پێشەکی دراو یان گریمانەیی وەربگیرێ. چەمکێکی ئاسایی یان مامناونجی لە هەردوو هەلومەرجەکەدا هەیە، بەڵام لە بەرەنجامدا نابینرێ، کە ڕەنگە بەهای نەبێ: بۆ نموونە هەموو سەگەکان گیانەوەرن؛ هەموو گیانەوەران چوار پایان هەیە؛ کەواتە هەموو سەگەکان چوار پایان هەیە. ☜ سیلۆجیزم ☜ لۆجیکیێوەری




**پێودان:** Regulations کارگێڕی ناو ئادینـنامە، شێوازی کار و ئەو فێرکارییانەی لە لایەن دەزگایەکی فەرمی دەسەڵات یان دامەزراوێکی شارستانییەوە بۆ بەڕێوەبردنی یەکەیەکی ڕامیاری یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان... N Forskrift ع القواعد د آئین نامە.

**پێوەر:**[1] criteria کارگێڕی ناو بنچینە، بنەمای نرخاندن، پێوەر و ستانداردی هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر شتێک. ع ضابطة N kriterier د ضابطە، ضوابط، معیار.

**پێوەر :**❷ [ئەندازە] [ناو] ئەندازە، پێوانە، ئامێری پێوانەی گشتی [N] måle [ع]
[د] شاخص، ضریب [E] modulus, measure.






**پێویست :** indispensable [ئاوەڵناو] پێداویست، پێوەژیاو، بێهەڵنەکردوو، زۆرگرنگ، گرنگی مسۆگەر، کەس یان شتێک کە لەبەر گرنگی ناتوانرێ پشت گوێ بخرێ یان چاوپۆشی لێبکرێ، کارێکە بە مسۆگەری ئەبێ ئەنجام بدرێ. [ع] لازم لا مفر منه [N] uunnværlig [د] بسیار ضروری [E] exigencies.

**پی :** fat, suet, tallow [خواردن] [ناو] [ئاوەڵناو] بەز، پیو، چەوری هەناوی ئاژەڵ [زانست] [خۆراکی] چەوری کرەکی سپی و بێ بۆن و چێژە لە جەستەی مرۆڤ و لە هۆنەی ئاژەڵی وەکوو مەڕ یان مانگا بەدی دێ و برێکی زۆر ئەسیدی چەور و چەوری تێرنەبووی تێدایە. [ع] شحم [N] fett [د] پیە.

⇦ **دووگ :** sauens hale [ناو] دۆڤ، چەورییەکی نەرم و شلی سپییە بە پاشەڵی مەڕەوە. [ع] الیة، لیة [N] sauens hale [د] دنبە.





**پیاتزێتا:** Piazzetta کۆشک لە ئیتالیاییدا بە واتای مەیدانۆچکەیە، بەڵام لە ڤێنیزیا، پیاتزێتا بە واتای مەیدانی بچووکی بەر کۆشکی دۆج بەکار ئەهێنرێ و پیاتزا Piazza مەیدانە گەورەکەی تەنیشتیەتی کە بەرامبەر کڵێسای مەزنی سەن مارکۆیە N Piazzetta.



**پیاچوونەوە:** audit چاوگی دووڵۆ پیاچووەوەی فەرمی هەژماری دامەزراوێکی بازرگانی و پیشەسازی و تاد N revidere ع تدقيق د ممیزی.



**پیادەڕەو:** boardwalk ئاوەڵناو ڕێڕەوی تەختە، پیادەڕەوی کەنار زەریا. ع الممر N strandpromenade د پیادەرو.

**ئیمپراتۆری پیادەڕەو:** Boardwalk Empire زنجیرەوترقر زنجیرەی ٢٠١٠ـ٢٠١٤، پێنج وەرز و ٥٦ ئاڵقەیە و ٦٤ خەڵاتی بردەوە و ١٨٤ جار ناودێر کراوە. ئافراندنی ترەنس وینتەر و، هونەرمەندی ستیڤ

بۆسێمی و کێلی مەکدۆناڵد.




**پیارە:** alternative ئاوەڵناو خرش، متە، زڕ، نەبەڕاستی، بەدەڵ، ئاڵترناتیڤ، مت، نارەسەن، ناسۆلان، جێگرەوە. N alternativ ع البدیل د بدل.

ئ: باوەپیارە: زڕباب. ئ: دایەپیارە: زڕداک.

**پیازەخووگانە:** Wild blue raspberry ڕووەک ناو پیازەخوانە، پیازەخۆیانە، پیوازەخیوانە، سێڤیسێقۆک. ع التوت الأزرق البري N Villblå د bringebær تمشک آبی وحشی.




**پیانۆلا:** pianola مۆزیک ئامێر پیانۆیەکە کۆک ئەکرێ و بە سوودوەرگرتن لە لوولەی کاغەزی پیانۆ، بە شێوەی خودکار موزیک لێ ئەدا. N pianola.



**پیانیسیمۆ:** pianissimo موزیک ئیتالیایی، دەنگی زۆر نەرم، ئەپەڕی نەرم، ئەوپەڕی پلی نەرمی.

**پیاوان چەند بێویژدانن:** Gli uomini che mascalzoni فیلم فیلمی ئیتالیایی ١٩٥٣ دەرهێنانی گلاوکۆ پێلەگرینی Glauco Pellegrini.









**پیاوسالار:** chauvinist رێباز ناوی لێکدراو شۆڤێنیست، نیشاندانی پشتگیری زۆر یان دەمارگیرانە بۆ دۆز یان دەستەیەک، بە تایبەتی نیشاندانی باڵادەستی پیاوان بەرامبەر بە ژنان. ع شوفيني، الأبوي N sjåvinist د شوونیست، مردسالار. ☞ شۆڤێنیزم

**پیاوسالاری:** patriarchy کۆمەڵناسی رێباز ناوی لێکدراو یان باوکسالاری، بریتیە لە کۆمەڵێکی بەربڵاوی بەها و ڕەوشت و ڕەفتار و دامودەزگای ڕێسایی و حکوومەتی کە لەسەر بنەمای باڵادەستی پیاوان دامەزراوە و، بە کۆنترین سیستمی جیهان دادەنرێت. پەروەردەی بنەماڵە و کۆنتڕۆڵکردنی جەستەی ژن و ڕێساکانی هاوسەرگیری و ئایین و کۆمەڵگە لە ژێر کاریگەری ئەم بۆچوونە دان؛ پیاوسالاری ناوێکە بۆ سیستەم و پێکهاتەیەک کە لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوورییەکانی خۆیەوە زاڵ بەسەر هەموو بوارەکانی ژنانی کۆمەڵگەدا. ع النظام الأبوي N patriarkatet د مردسالاری.










**پیاوێکی بێ ئەستێرە:** Man Without a Star **فیلم** فیلمی وێستێرنی ئەمریکایی ١٩٥٥، دەرهێنانی کینگ ڤیدۆر، هونەرمەندی کرک داگلاس.










**پیاوی بەکرێ:** **پیشە** **پێرسۆنا** گراوی پیاو، پیاوی سۆزانی، ئەو پیاوەی لەبری سەرجێیی لەگەڵ ژنێک پارەی لێ وەرەگرێ. ئەلکساندر دۆمای کوڕ لە شانۆگەری جەنابی ئاڵفۆنس Monsieur Alphonse ئەم پێرسۆنایە لە کاراکتەری ئاڵفۆنسدا پیشان ئەدا. ئەم کەسایەتییە لە زنجیرەی کۆمیدی ئینگلیزی «Alo Alo»یشدا پیشان دراوە، بەڵام ئەمەیان زیاتر زاوا ڕێوی یان زاقابەندی ئەگرێتەوە، تا پیاوی سۆزانی.







**پیاوی پەنام:** The Invisible Man **فیلم** فیلمی زانستی ١٩٣٣ دەرهێنانی جەیمز واڵ.






**پیاویژگە :** ناوی بچووککراوە پیاوەکە، وشەی خۆشەویستی ئافرەت بەرامبەر بە پیاو، بچووککردنەوەیە لە ڕووی خۆشەویستییەوە.

**پیتاک :** taxation سیستەم ئابووری کارگێری باج و خەراجی دەوڵەت N Skatt ع تحصيل الضرائب د ماليات.

**پیتاگۆرس :** Pythagoras بیرکار فەیلەسووف پیتاگۆرس (٥٧٠ تا ٤٩٥ی پێش زایین) پیتاگۆرس نزیکی ٧٥ ساڵ ژیاوە. ناوبراو فەیلەسووف و بیرکاری یۆنانییە، داهێنانێکی مەزنی لە بیرکاریدا کردووە، ئەویش دۆزینەوەی بیردۆزی پیتاگۆرسە. زۆربەی زانیارییەکان سەبارەت بە بیردۆزەکەی، چەند سەدەیەک دوای مردنی نووسراونەتەوە. جگە لەو بابەتانەی کە خۆی ئەزموونی تێیاندا هەبوو کاری لە گەردووناسی و بیردۆزی میوزیکدا کردووە.









**پیتاندن :** impregnate چاوگی تێپەڕ پیتێن، ئاوسکردنی ژن یان ئاژەڵی مێ، یان هەر تۆوێکی تر، وەکوو هێلکە، گوڵ N impregnere ع تلقيح د بارور كردن، غنى سازی.







**پیتریم سۆرۆکین:** Pitirim Sorokin **مێژوونووس** (١٨٨٩ـ١٩٦٨)
مێژوونووسی ڕووسی ئەمریکایی. مامۆستای زانکۆی پێترۆگراد، ساڵی ١٩٢٢ تەرەکرا و چوو بۆ ئەمریکا. سۆرۆکین لە بواری کۆمەڵناسییدا لە سێ بیردۆزی گرنگ دواوە: جیاکاری کۆمەڵایەتی، چینبەندی کۆمەڵایەتی، ململانێی کۆمەڵایەتی. بەرتووکی بەیوەندیدار وەک:

- تیۆرییە هاوچەرخەکانی کۆمەڵناسی Contemporary Sociological Theories
- داینامیکی کۆمەڵایەتی و کولتووری Social and Cultural Dynamics
- تەڤگەری کۆمەڵایەتی و کولتووری Social and Cultural Dynamics
- قەیرانی سەردەمی ئێمە The Crisis of Our Age
- برسێتی وەک فاکتەری کاروباری مرۆڤایەتی Hunger As a Factor in Human Affairs




**پیتۆن:** Python **گیاندار** **ناو** یان پایتۆن حەفیانێکی گەورەیە وەک ئاناکۆندا، لە ئاسیا و ئەفریقا هەیە.



**پیتەر برۆیگڵ:** Pieter Bruegel the Elder شێوەکار {١٥٢٥ـ١٥٦٩} یان برۆخۆڵ، شێوەکاری هولەندی خولی ڕێنسانس ناسراوە بە شێوەکاری گوندی بە هۆی کێشانی دیمەن و بەرجەوەنەکانییەوە.

**پیتەر دەهۆخ:** Pieter de Hooch شێوەکار {١٦٢٩ـ١٦٨٤} شێوەکاری ناوداری هولەندی، هاوچەرخی ڤێرمیەر.








**پیتەر شلەمیل:** Peter Schlemihl پێرسۆنا پاڵەوانی چیرۆکی «ئەو پیاوەی سێبەری خۆی فرۆشت»، نووسینی ئادلبێرت ڤۆن شامیسۆی ئاڵمانی. پیتر شلەمیل سێبەرەکەی خۆی بە جزدانێکی جادوویی پارە ئەفرۆشت. ⇦ **شلەمیل:** دابونەریت ئارکیتایپ وشەیەکی یەدیش یان جوولەکەیە بە واتای ناکارامە و، کەسێکی حۆل و گەمژە. لە نوکتەی جوولەکاندا ئارکیتایپێکی باوە و «نوکتەی شلەمیل» وێناکردنی شلەمیلە کە ئەکەوێتە دۆخێکی بەدبەختییەوە ☜ شامیسۆ.






**پیتەگۆڕکێ:** metathesis زمانناسی مێتاتێسیس، هەرچەند ئاڵۆز خۆیا ئەکات بەڵام لایەنێکی زۆر باوی کۆمەڵێک لە زمانەکانە. بریتییە لە گواستنەوە و جێگۆڕکێی پیت، دەنگ یان بزوێن لەناو وشەیەکدا، یان وشە لە ڕستەدا. بە زۆری ئاماژەیە بۆ ئاڵوگۆڕی دوو یان زیاتر لە بەش یان بزوێنە یەک لە دوای یەکەکان، کە بە میتاتێزی تەنیشت یەکتر، یان میتاتێزی ناوخۆیی ناسراوە. ڕیشەناسی وشەی metathesis لە یۆنانی وەرگیراوە و بە واتای گواستنەوە، گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ دێت. ع التقلیب N permutasjon د جایگشت.




**پیتەنیشانە:** glyph فۆنتۆگرافی ناو پیتێکی هیرۆگلیف یان هێما یان پیکتۆ گرافێکە لە تایپۆگرافیدا بۆ پیتی تێکەڵ بە «کاراکتەر» سوودی لێ وەرئەگیرێ. پیتەنیشانە یەکەیەکی گرافیکییە.




**پیتەوا:** commodity ئابووری کاڵا ناو کاڵای بنەڕەتی، پیتەوا لە ئابووریزانیدا بابەتێکی شیاوی نواندنە لە بازاڕدا کە بۆ وەڵامدانەوە بە خواست یا ویستێکی تایبەت بەرهەم هێنراوە و، بە دوو شێوە بەرچاو ئەکەوێ:

شتومەک و ڕاژە ع سلعة N handelsvare د کالا. ⇐ **chattel:**
ڕاوەن. ع د مایملک.

**درێژە** پێناسەی ڕێکوڕاستتری زاراوەی پیتەوا بۆ وەسپی چینێ لە شتومەک بەکار دێ کە داخواز (demand)یان لە سەرە، بەڵام خستنەڕوو (supply) یان لە سەرانسەری بازاڕدا بەبێ جیاوازیی کواڵیتییە. پیتەوا ئەوەیە کە نموونەکانی دارماڵ یان تا ڕادەیەک هاوشێوە و ئاڵوگۆڕکردەنی (fungible) بن، واتە بازاڕ وا لەگەڵیان هەڵسوکەوت ئەکا کە گوایا هاوسەنگن و ئەوەی کە کێ بەرهەمی هێناون و لە کوێ بەرهەم هاتوون جێی سەرنج نییە. مارکس ئەڵێ: «لە تامی گەنمەکەوە ناکرێ بوترێ کێ بەرهەمی هێناوە، جووتیارێکی ڕووس، لادێییەکی فەرەنسی، یا سەرمایەدارێکی ئینگلیزی.» نەوت و مس نموونەکانی تری وەها پیتەواگەلێکن. لە بەرامبەر ئەمانەدا، بابەتگەلێ وەک سیستەممەکانی ستێریۆ لە زۆر بارەوە جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە برەندەکەیان، ئینتەرفەیس و، کوالیتییەکەیان. لەوانەیە داوا بۆ جۆرێک لە ستێریۆ زۆر زیاتر بێ لە داوا بۆ جۆرێکی تر. نموونەکانی ستێریۆ لە بازاڕدا جیاوازییان زۆرە و هاوشێوەش نین، بۆیە بە پیتەوا ناژمێردرێن.

◁ بەگشتی، پیتەواکان سەرچاوەگەلی بنەڕەتی و بەرهەمگەلی کشتوکاڵن، بۆ نموونە: بەردی ئاسن، پەترۆڵ و بەرهەمە پەترۆڵییەکان، کۆمر، نمەک، شەکەر، چا، دەنکی قاوە، دەنکی سۆیا، ئەلەمنیوم، مس، برنج، گەنم، زێڕ، زیو، پالادیۆم و، پلاتینۆم.









**پیتێن:❶** spelling ناو لەسەر کێشی پۆلێن، گۆکردن، گۆکردنی پیتە، پیتەگۆکردنە، پیت لێکدانەوەیە. ع هجاء N staving د هجی.

**پیتێن:❷** impregnate ☜ پیتاندن، ئاوسکردنی ژن یان ئاژەڵی مێ، یان هەر تۆوێکی تر، وەکوو هێلکە و گوڵ N impregnere ع تلقیح د بارور کردن، غنی سازی.




**پیتی:** خۆراک ناو دیزی، دیزەڵە، کیتەڵەیەکی گڵی بچکۆلانەیە ئاوگۆشتی یەک کەسی تیا ئەکوڵێنن، یان باشتر وایە بگوترێ بە ئاگری زۆر کەم تیایدا ئەپیشێنن.



**پی تی ئێس دی:** PTSD دەروونناسی ناسازی کورتکراو ناسازی فشاری پاش کارەسات. دارەتێکی ناسازی دەروونییە کە بە هۆی ئەزموونکردن یان بینینی ڕووداوێکی ترسناکەوە سەر هەڵئەدات. لەوانەیە نیشانەکانی بریتی بن لە فلاشباک و کابووس و دڵەڕاوکێی توند، هەروەها یادەوەری و بیرکردنەوەیەکی کۆنترۆڵنەکراو سەبارەت بە ڕووداوەکە.
















**پیتیان:❶** Pythian میسۆلۆجی ناوی ژنێکی موغ بوو لە پەرستگەی ئاپۆلۆن، لە زمانی سرووشی پێوارەوە وەڵامی پرسیاری زیارەتکەرانی ئەدایەوە. لە سەر سێپایە دانیشتبوو و بەر لە وەڵامدانەوە ئەدارایەوە و گەشکە ئەیبردەوە N Pythian.



**پیتیان:❷** Pythian میسۆلۆجی مەبەست ئاپۆلۆنی پیتیان و ئۆلۆمپیکی چوارساڵ یەکجارە. ئەژدیهای پەرستگەی دێلفی، بە هۆی قوڕ و لیتەی لافاوی مەزنی دیۆکالیۆن لە سەر زەوی بەدی هاتبوو و ئەرکی پاراستنی پەرستگەی دێلفی لە کوێستانی پارناسۆس بوو.

پیتیان بە فەرمانی هێرا، کەوتە ئازاری لێتۆ کە بە ئاپۆلۆن و ئارتیمس دووگیان بوو. کەس بە ئەژدیهای نئەوێرا تا ئاپۆلۆن پێگەیشت و داوای یارمەتییان لێکرد. ئاپۆلۆن بە تەنها تیرێک ئەژدیهای کوشت و

بە شانازی ئەم سەرکەوتنەوە یارییەکانی ئولیمپیکی پیتیانی دەستی پێکرد و بڕیاردرا هەموو چوار ساڵ جارێک بەڕێوە بچێ.






**پیتی نیشانە :** Pythian ڕێزمان ئەو پیتانەن بۆ دیاریکردنی نەخشی وشە لە ڕستەدا دێن.

پیتی نیشانە سێ پۆلن:

پیتی بانگهێشتن: کاکە، کوڕم، براکەم، دڵەکەم، گیانەکەم.

نیشانەی بەرکار: جاکەتەکەم دانا، جانتاکەی ئەوم هێنا.

نیشانەی ئاوەڵناو و پەسندراو: ی کۆتایی پەسندراو: نووسەری چاک، کاری مەزن.

**نیشانە :** زمانەوانی ئاخافتن بۆ لە یەکتر گەیشتنە و بریتییە لە نیشانە. ئەو نیشانانە لە ئاخافتندا دەنگی کۆنسۆنانت بن یان بزوێن، لە نووسیندا پیت پێکئەهێنن، بەڵام وەک د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف پێناسەکەی ئەریستۆی هەڵبژاردووە، مەبەست ئەو دەنگەیە کە دارماڵ ماکە و، دەنگێک لە وشەیەکی لە هۆش هەڵێنجراو دروست ئەکات. {د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف: زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، ١٩٧٦ ل ٢٤}.

**پیر :** senile ئاوەڵناو بەتەمەن، هەبوون یان نیشاندانی لاوازی یان نەخۆشییەکانی پیری، بەتایبەتی لەدەستدانی توانای دەروونی و بڕیاردان، هێمایر خەڵەفاو. ع شیخوخي، خرف N senil د سالخوردە.








**پیرانێزی:** Giovanni Battista Piranesi (Giambattista) نژیارقان (١٧٢٠ـ١٧٧٨) هونەرمەندی دیزاینەر و میهرازی گەورەی ئیتالیایی، لە نەخشەکانیدا جیهانی ڕاستەقینە و قەبارەی ئاڵۆزی جیهانی ئەندێشە لەگەڵ یەک تێکەڵ ئەکا.







**پیرانی سەهۆڵبەندان:** (St. Mamertus, St. Pancras, and St. Servatius) ئاوەڵناو سێ لە پیر یان سەینتی فەلەن، کە ڕۆژانی ١١ و ١٢ و ١٣ی مەی «Lent» یان ڕۆژانی بەڕۆژووی ئەوانە. لە هەندێ ئایینزای فەلەدا بەڕۆژوو پێنجە لە ١١ تا ١٥ی مەی.







Mamertus 11. Mai | Pankratius 12. Mai | Servatius 13. Mai | Bonifatius 14. Mai | Sophie 15. Mai

**پیر پۆڵ:** Apostle Paul ئاپینناسر پیریار ناوی تایبەت لە یارانی عیسا و لە یەکەمین دامەزرێنەرانی نەریتی کڵێسایی و ئایینی فەلەگەری. ساڵی ٦٧ی زایینی لە سەردەمی نێرۆدا لە خاچ درا. ⇦ **پۆڵ، پیریاری عیسا:** Paul, Apostle of Christ فیلم فیلمی سینەمایی ئەمریکایی ٢٠١٨، دەرهێنانی ئاندروو هایات Andrew Hyatt.






**پیرسن:** Alexandre Percin ژنراڵ {١٨٤٦ـ١٩٢٨} ژنراڵ، لە ١٩٠٠ تا ١٩٠٤ بەرپرسی سکرتاریەتی ژنراڵ لویی ئاندرە، وەزیری جەنگی فەرانسە بوو.






**پیرۆک:** Old tree ڕووەک ناو پیرەلۆک، بە درەختێک ئەوترێ کە قەد و لقی لەچاو گەڵاکانی بەتەمەنتر خۆیا بکات، داری زۆر کۆنی گەندەڵ N Gammelt tre د درخت کهنسال.

 

**پیرنە :** Pyrenees جوگرافیا ناوی جێگا کوێستانێکە لە نێوان فەڕانسە و ئیسپانیا، نزیکەی ٥٠٠ کیلۆمەتر درێژە N Pyreneene.



**پیرۆز :** auspicious ئاوەڵناو پڕشکۆ، بەڕێز، شتی بەپیت و فەڕ، بەڕوومەت. ع میمون N gunstig د فرخندە.

**پیرۆزکراو :** sanctified ناوی‌بەرکار جیاکردنەوە و پیرۆزکردن، سڕینەوەی تاوان و بردنەسەرەوەی نرخ و ڕێزی پیرۆزکراو. ع قدس N helliget د تقدیس شدە E sanctuary.












**پیرۆزگە :** sanctuary ئایینناسر ناوی جێگا ١) خزن و شوێنی پیرۆز ٢)نوێژگە و کەبارگەی ڕازونیاز بە واتای shrine ٣)ژینگە کەوشەنی پاوانکراو بۆ پاراستنی ئاژەڵی کێوی ٤) ئەولەهر پاراستن لە بەرامبەر مەترسی یان دارەتی دژواردا بە تایبەتی ئەگەر لە ڕێگەی پەناگەیەکەوە بەدی بێت.
N helligdom ع الملاذ الآمن د جایگاه مقدس.







**پیرۆزگەی پیرۆز :** Holy of Holies ئایینناسر پەرستگە ناوی جێگا مەبەست نوێژگەی ناوەوەی پەرستگەی ئورشەلیمە کە هەمیشە داخراوە و تەنها ڕەبیبانی مەزن لە ڕۆژی کیپووردا ئەتوانن بچنە ژوورەوە.



**پیرۆزی:** prevail, sanctimony جەنگ کێبەرکێ ناو چاوگی نێبەر سەرکەوتن، شکست پێهێنانی دوژمن یان خەنیم لە جەنگ، یاری، یان کێبڕکێیەکیدا.
ع ساد، غلب N seire د غالب شدن.

ئەمجارەیان تۆ سەرکەوتیت، بەڵام...

سەرکەوتن تەنها یەک دانەیە: دواین دانە!

گەورەترین سەرکەوتن ئەوەیە کە پێویستی بە هیچ سواژ و چەنگێک نییە. «سان سوو»






**پیرۆزەی شین:** Turquoise خشڵ ناو بەردێکی نیوەبەهاداری شینی سەوزباوی هیدرۆکسیلی هیدراتی مس و ئالۆمینیۆمە. ⇐ **جاسپەر:** jasper خشڵ ناو بەردێکی بە زۆری پیرۆزەی سەوزی ڕەشباوە.



**پیرۆزیی:** Self-ین دەروونناسی ناوی چاوگ ڕوومەت، بڕوای مرۆڤ بە بایەخ و گرنگی خۆی، مەزناهیی هاوسەنگ، ڕێزی بەرامبەری دوولایەنە. ع حرمت N helliget د حرمت. ⇐ بەندی ا ی مافنامەی مرۆڤ: هەموو

مرۆڤەکان بە ئازادی و لە ڕوانگەی پیرۆزیی و مافەوە هاوبایەخ دێنە ئەم جیهانە. مرۆڤ خاوەن ئاوەز و ویژدانن و ئەبێ بە گیانی برایانە پێکەوە هەڵسوکەوت بکەن.




**پیرێکس:** Apostle ئاشپەزی کەرەستە ناو بەرزەنگ یان مارکەیەکی بازرگانی کەلوپەلی شووشەیە ساڵی ١٩١٥ لە لایەن کۆمپانیای کرنینگ Corning ئەمریکاییەوە ناسێندرا، توانای بەرگەگرتنی لە بەرمبەر گەرمادا تا پلەیەکی یەکجار زۆر هەیە. ⇦ **پیرێکس:** قابلەمەی پیرێکس، دەفری پیرێکس، کەلوپەلی شووشەی ئاشپەزخانە، لە بێوەیترین کەرەستەکانی ئاشپەزخانەیە بۆ لێنانی چێشتی تەندروست و بێ مەترسی.




**پیریار:** Apostle پیریار ناوی ئیکدراو یارانی عیسا، پاکیزە. ٤ حواری N Apostel ٤ حواری.

**پیری گۆشەگیر:** Old Man of the Mountain ئایینناسی مێژوو دیکامێرۆن بەرگرا یان پیری چیا، وەک لە بەسەرهاتی مارکۆپۆلۆدا هاتووە ئەبێ ئەمازە بێ

به حەسەنی سەباح و به دانیشتوانی قەڵاتی ئەلەمووت له ساڵانی ١٠٩٠ تا ١٢٥٦ و **کۆمەڵەی برایانی بەنگخۆر** بێ، که به سەرەتایترین ڕێکخراوە ترۆریستی و بکوژان ئەژمێردرێ. ☜ سەباح

{Cf. Marco Polo, ed. Yule, I. cap. xxiii}














**پیزا :** Pisa جوگرافیا له شارەکانی تۆسکانی Tuscany ئیتالیا، سەدەی پانزه له دەسەڵاتە گەورەکانی زەریایی و بازرگانی بوو. ساڵی ١٣٨٤ له جێنۆڤا شکستی خوارد و ئیتر هەرگیز بەو دەسەڵاتەی پێشووی نەگەیشتەوە.







**پیزانێلوو :** Pisanello **شێوەکار** یان ڤیتۆرە پیزانۆ Vittore Pisano (١٣٩٥ـ ١٤٥٥) شێوەکاری ئیتالیایی سەرەتای ڕێنسانس.



**پیزڵ :** datura Stramonium **ڕووەک** **ناو** گیاگۆیاڵە، لە تیرەی داتۆرە، گیایەکی ئاویی گەڵا کەوەرییە، دەوەنی بەتۆیڵە و گوڵی سوورە، بەژنەبالآیەک بەرز ئەبێ و بۆ باقەبێنی بەکار دێت. ڕەگوڕیشەکەی ئەکوترێت و گەرم ئەکرێت و وەک هەتوان لەبەر مووسڵدان ئەدرێت، بۆ میزگیران باشە.
☜ تاتۆرە ☜ داتۆرە



**پیسکاتۆر :** Erwin Piscator **شانۆ** **دەرهێنەر** (١٨٩٣ـ١٩٦٦) دەرهێنەری ئاڵمانی شانۆ. ئەو لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم کە لە سۆڤیەت تەرە بوو، شانۆی کرێکاری دامەزراند. برێشت Brecht لە سەردەمی گەنجێتی هاوکاری لەگەڵ پیسکاتۆر کرد و کاریگەری زۆری لەسەر برێشت هەبوو.




**پیشاندان:** presentation چاوگی تێپەڕ دەرخستن. ع ابراز N presentasjon د ارائه.

⇤ **پیشاندانی بەڵگەنامە:** presentatio of a document

⇤ **نیشاندان:** presentation چاوگی تێپەڕ شاندان، پیشاندان. ع ابراز N presentasjon د ارائه.

تێبینی: لە بەکارهێنانی ڕەگی چاوگی نیشاندان بۆ دروستکردنی وشەی تر، وەکوو وشەی پیشانگە وا پێ ئەچێ هەمان ڕەگی چاوگی پیشاندان بەکار هاتووە.

**پیشاندن:** steam ئاشیەزی چاوگی تێپەڕ پیشان، بە تین کوڵاندن و گەیاندن؛ پوختە کردنی خواردن لە ناو فرنی هەڵم، لە بن ئاگر یان خوڵەمێش.
◀ هێمایر پیشان: تەنگبوونی هەناسەی گیاندارە لە ژێر قورساییدا. ع تبخر N damp د پختن در جوار آتش.



**پیشە:** profession پیشە ناو کار، پیشەگەری. ع مهنة، احتراف N yrke

د شغل، حرفه.

**پیشەسازی:** industry بەرهەمهێنان ناوی چاوگ چالاکی ئابووری پەیوەندیدار بە کەرەستەی خاو و بەدیهێنانی کالاّ لە کارگەکان هێمایەر سەبارەت بە لایەنی داهێنرانەی هونەری حەوتەم بە پیشەسازی فیلم یان سینەما دائەنرێ. ع صناعة N industri د صنعت.








**پیشەکان:** spade ئامێر ناو بێڵەکان، لایتە، پێمەرەی هەڵکەندنی پیشۆک و کنگر و شنگ و ڕێواس، دارێکە ئاسنێکی وەکوو دەماڕچ لە سەرەکەی گیراوە بۆ هەڵکەندنی کەنگر و گیا و کاردی ❗: کیژ هەر کیژی میرەکانی، دەستیان دایتە پیشەقانی. ع مسحاة N dibber د بیلچە گیاە کنی.



**پیشەی مشە:** sinecure ناوی لێکدراو لە دوو وشەی لاتینی sine بە واتای (بێ) و cura واتە (کار، ئەرک)، پیشە و شوێنی بە مووچەوە بەبێ ئەوەی فەرمانبەر هیچ کارێکی بۆ کردن هەبێ. ع الوظیفة العاطلة

N sinecure د حقوق بگیر بیکاره.

**پیفۆک :** ڕووەک ناو پیشۆک، ڕووەکێکی گوڵوردی چوارپەرەی تاکە، لاسک نەرم و بۆنخۆشە، سەلکی هەیە و ئەخورێ. ☜ پفەک ☜ پفەلۆک




**پیق :** ناو زمانەی سەری زوڕنا د نر مادە سرنا.

**پیقل :** fish poison tree ناو درەختی ژارەماسی ع شجرة سم السمک N fiskegifttre د زهر ماهی {درخت}.




**پیک :** sledgehammer ئامێر ناو ئاوەڵناو زۆمپ، کوتکی ئاسن، چەکوشی قورسی ئاسن، بە زۆری بەردی پێ ئەشکێنرێ. ع مطرقة ثقيلة N slegge د چکس سنگین.



**پیكارد:** Picard نشینگە شێوەزار هەم بە خەڵكی بوومی ناوچەی پیكاردی Picardy یان Picardie لە باكووری فەڕانسە ئەوترێ، هەم بە شێوەزاری ئاخاوتنی ئەو مەڵبەندە. ع بیكارد N Picard د پیكارد.





**پیكاردی:** Picardy جوگرافیا هەرێم مەڵبەندێكی مێژوویە لە باكووری فەڕانسە و یەكێكە لە ٢٦ مەڵبەند و ناوەندەكەی شاری ئەمیان Amiensـە.






**پیكاسۆ:** Pablo Picasso شێوەكار (١٨٨١ـ ١٩٧٥) شێوەكار، پەیكەرتاش و داهێنەری شێوازی كوبیسم و خاوەنی تابلۆی گێڕنیكا بە یەكێك لە مەزنترین هونەرمەندانی سەدەی بیستەم دائەنرێ.






**پیک ـ بێور :** Hammer ـ Axe ئامێر ناوی لێکدراو تەوری قورسی پێکئاسا.





**پیکتۆگرافی :** pictography فۆنتۆگرافی ناو وێنەنیگاری، هێمانیگاری.
جۆرێکە لە نووسین کە وێنەی نیگاری، هاوشێوەی نووسینی میخی و تا ڕادەیەک نووسینی هیرۆگلیفی بەکار ئەهێنێت. هەروەها شێوەکاری وەک پیتی فۆنێتیک یان سەرواى دیاریکەر بەکار ئەهێنێت. هەندێک لە پیکتۆگرامەکان، وەک پیکتۆگرامەکانی ئاسایش و مەترسی، تۆخمی زمانە فەرمیەکانن. ☜ تایپۆگرافی






**پیلادێس :** Pylades میسۆلۆجی لە ئەفسانەی یۆنانیدا کوڕی سترۆفیۆس و ئاناکسیبیایە. لەگەڵ کوڕی خاڵی ئۆرستێس Orestes پێکەوە گەورەبوون و ئەمگدار بوون بەرامبەر بە یەک و لە تۆڵەسەندنەوەدا یارمەتی هاوڕێکەی دا. پیلادێس لەگەڵ ئەلەکترا خوشکی ئۆرستێس هاوسەرگیری کرد. ⇦ ئۆرستێس.



**پیلان:**❶ plot وێژە هۆنراوە چامەی سیامەند شاسواری بۆ فەرماندە و شاسواری سەربەخۆیی کوردستان هاوڕێ سدیقی فەڕۆخیان ناسراو بە فایەق، کە کۆمەڵێک تفەنگی چەواشە ناجوامێرانە لە چلچەمەی سەربەهەوردا گیانی پاکیان کرد بە سوتووی سەرفرازی گەل و نیشتمان و تاهەتایە بوو بە چرای هەمیشە داگیرساوی سەر چلچەمە.

بەڵام هاوڕێم، خەفەت مەخۆ، باخی ئاوات
بە خوێنی تۆ و زۆری تری لەو ڕێگەدا مەرگیان بەزاند
تێراو بووە.

کەپرۆچکەمان، ئەمڕۆ ئیتر ساباتێکی پەڕپووت نییە
قەڵایەکی پڕ شکۆیە،
سووچاوسووچی کوردستانی گرتوەتەوە
دەنگمان ئیتر نە نووزەیەک،
هاوارێکی بە هەیبەتی ملیۆنەها دەنگی گەشە

ئەوەی ئێمە لە کووڵەکەی ترس و خۆفا بە دزیکەوە بانگمان ئەدا:

سەربەخۆیی!

ئەمڕۆ ئیتر دیاردەیەکی سەلمێنراوی دۆست و دژە،

دیاردەیەکی سەلمێنراوی

دۆست و دژە.

دیاردەیەکی ...



**پیلان:❷** plot ئەولەهەر نەخشەی نهێنی، لەلایەن کۆمەڵێک کەسەوە دارێژراوە بۆ ئەنجامدانی کارێکی نارێسایی یان زیانبەخش. ع مؤامرة N plott د توطئە، دسیسە.

**پیلان:❸** conspiracy ئەولەهەر نەخشەی نهێنی لە لایەن دەستەیەکەوە بە مەبەستێکی دژی ڕێسا یان زیانبار N sammensvergelse ع مؤامرة د توطئە. ⇦ **پلان:** intrigue دامودەزگا نەخشەی کار، هێمایی کەین و بەین بۆ فێڵبازی N intrige ع دسیسة د دسیسە E ruse.












**پیلانی پەنام:** conspiracy theory ئایدیۆلۆجی تیۆری پەراوێز ناوی لێکدراو بیردۆزی پیلانگێڕان، بیردۆزێکە لای وایە کۆمەڵگەی پزیشکی بە گشتی و کۆمپانیاکانی دەرمانسازی گەورە بە تایبەتی دژی بەرژەوەندی مرۆڤایەتین، دەرمانی باش ئەشارنەوە و بۆ پارەپەرستی خۆیان نەخۆشی دژوار بڵاو ئەکەنەوە. ع نظرية المؤامرة N konspirasjonsteori د تئوری توطئە.










**پیمۆنت :** Piedmont گەشتوگوزار ناوچەیەکی کوێستانییە لە باکووری ڕۆژئاوای ئیتالیا، کارگە مەزنەکانی فیات لەو مەڵبەندەیە.





**پین ئاپ :** pin_up میدیا بە پۆستەری کەسێکی نازدار یان بەناوبانگ ئەوترێ. ⟵ **پین ئاپ گێرڵ:[١]** pin_up girl بە کیژێک ئەوترێ بەڕن زراڤ و ڕێکەڵانە. ⟵ **پین ئاپ گێرڵ:[٢]** فیلم ناوی فیلمێکی ئەمریکاییە ساڵی ١٩٤٤ نمایش کرا.







**پینچۆ :** Pincio ناوی جێگا گردێکە لە باکووری «ناوەندی مێژوویی ڕۆما»، ئەڕوانێ بەسەر پیاتزا دێل پۆپۆلۆدا.





**پینسە :** Pentecost **بۆنەی ئایینی** {پەنتە ← پەنجا} حەوتەمین یەکشەممەی پاش جەژنی ڕابوونەوەی عیسا، عیسا پاش ئەوەی لە خاچ ئەدرێ، تەرمەکەی لە ئەشکەوتێکدا دائەنێن و دەرگاکەی دائەخەن. پاشان ئەبینن عیسا لە ئەشکەوتەکە نەماوە و چووە بۆ ئاسمان، **پینسە**، جەژنی پیرۆزکردنی گەڕانەوەی عیسایە لە ڕۆژی پەنجای پاش چوونی بۆ ئاسمان
N Pinse ع عيد العنصرة د عید پنجاهه ☜ پەنتیکاستالیزم.



**پینۆک :** **ناو** وێژنگ، خەو بردنەوە.

**پینەکردن :** mend **ناو** جێگای چاکەوەکراو، پاتک، پاتەتە؛ نۆژەنکردنەوە.
ع رتق N reparere د تعمیر، مرمت.

**پیۆپا:** larve زیندەوەرزانی ناو گەرای تازەدەرهاتوو، هەورێشمی خۆڕسکی لە قۆزاخە دەرهاتوو. ع دود N larve د تخم حشره تاز درآمده.

**قۆزاخە:**[2] cocoon زیندەوەرزانی ناو ماشۆت، کلاّفە هەورێشمی دەستلێنەدراوی خۆڕسک و سروشتی کە **پیۆپا**ی لەناودایە. ع شرنقة N cokong د پیله.






**پیۆتی:** peyote رووەکی ناو کاکتوسێکی بچووک و بێ بڕبڕەی ڕەسەنی مەکسیک و باشووری ڕۆژئاوای تەکساسە، مێسکالینی دەروونگەردانی هۆشبەری هەیە. ◄ پیۆتی وشەیەکی ئیسپانییە بە واتای درەوشاوە. ع البیوت N peyote د پیوت.











**پیۆریتەن:** Puritans ئاپیینناسی ئاپیینزا ناو پڕۆتستانتی ئینگلیزی بوون لە سەدەی ١٦ و ١٧دا هەوڵیان ئەدا کڵێسەی ئینگلتەرا لە ڕۆمانی کاسۆلیکی پاک بکەنەوە. پێیان وا بوو کڵێسەی ئینگلتەرا بە تەواوی چاکسازی نەکراوە و پێویستە زیاتر ببێتە پڕۆتستانت. زۆربەی دانیشتوانی

سەرەتایی کیشوەری ئەمریکا پیۆریتەن بوون.

**پیەتا:** Pietà هونەر یان بەزەیی، بەرهەمی هونەرمەندی مەزن مایکڵ ئانجێلۆ بۆنارۆتییە. پەیکەر یان وێنەی ماتەمینیی مریەمی پاکیزە کە عیسا لە سەر ئەژنۆیەتی پاش ئەوەی لە خاچ دای ئەگرنە خوارەوە، پیەتا لە بەردی مەڕمەڕی کارارا تاشراوە و وا لە کلیسای سەن پیەترۆی ڤاتیکان.



**پیەر ئاگۆست ڕێنوار:** Pierre_Auguste Renoir شێوەکار (١٨٤١ـ١٩١٩) شێوەکاری فەڕانسەیی، لە پێشڕەوانی ئیمپرێشنیزم.








**پیەر براسۆر :** Pierre Brasseur هونەرپیشە سینەما (١٩٠٥ـ ١٩٧٢) ئەکتەری فەڕانسەیی.

**پیەر بنوای :** Pierre Benoit ڕۆماننووس (١٨٨٦ـ ١٩٦٢) ڕۆماننووس و سکریپتنووس و ئەندامی کۆڕی زانیاری فەڕانسە.











**پیەر دایی :** Pierre d'Ailly قەشە (١٣٥١ـ ١٤٢٠) ئەستێرەناس، قەشەی بەناوبانگی کاسۆلیک کە ڕۆڵێکی بەرجەستەی لە ئەنجومەنی کۆنستانس دا هەبوو. ☜ ئەنجومەنی کۆنستانس





**پیەر ڤێری :** Pierre Very نووسەر (١٩٠٠ـ ١٩٦٠) ڕۆماننووس و فیلمنامەنووسی فەڕانسەیی.

**پیەر کارلیە :** Pierre Carlier کەسایەتی کاربەدەست (١٧٩٩ـ ١٨٥٨) سەرۆکی

پۆلیسی پاریس لە ساڵانی ١٨٤٩ تا ١٨٥١.

**پیەر کاس :** Pierre Kast دەرهێنەر {١٩٢٠ـ ١٩٨٤} دەرهێنەری فەڕانسەیی.

**پیەر کیار :** Pierre Quillard ڕۆژنامەوان {١٨٦٤ـ ١٩١٢} ڕۆژنامەوان و هۆنەر، ساڵی ١٨٩٨ لە دادگا داکۆکیی لە ئیمیل زۆلا کرد، کە لەسەر وتاری «من تاوانبار ئەکەم» گیرابوو.




**پیەر مۆنات :** Pierre Monatte ڕۆژنامەوان چالاکڤان {١٨٨١ـ ١٩٦} ئانارشیستی فەڕانسەیی و لە ئەندامان چالاکی کۆنفیدراسیۆنی گشتی کرێکاران و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی «ژیانی کرێکاری» «Vie Ouuriere».




**پیەرۆ :** Pierrot شانۆیکۆمیدی پانتۆمیم کاراکتەری لێبووکئاسای پانتۆمیمی ئیتالیا و فەڕانسە، لە سەدەی حەڤدەوە، بە ڕوخساری پەڕارەمەند و ڕەنگنامە، جلوبەرگی دەلبێ و کلاوی نووکدارەوە.





دواوشەی بەرگی یەکەم ...